**مارتن ڤان بروونەسن**
پرۆفیسۆری موتەمەڕیس لە زانکۆی ئوتریخت

# مەولانا خالید و دەسەڵاتی میراتی ئایینی لە کوردستان و ئەندۆنیسیا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: **محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

لێکۆڵینەوە (٣)

مارتن ڤان بروونەسن
پرۆفیسۆری موتەمەڕیس لە زانکۆی ئوتریخت

# مەولانا خالید و دەسەڵاتی میراتی ئایینی لە کوردستان و ئیندۆنیسیا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

**محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

له بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی
دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ
زنجیرەی کتێب (٣)

ناوەندی ڕۆشنبیریی
دکتۆر عیزەدین

ناوی کتێب: مەولانا خالید و دەسەڵاتی میراتی ئایینی
له کوردستان و ئیندۆنیسیا
ناوی نووسەر: مارتن ڤان بروونەسن
وەرگێڕانی له ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەسالح تۆفیق

| بابەت: لێکۆڵینەوە

- دیزاین: سیروان خەلیل
- زنجیرەی کتێب: ٣
- تیراژ: ٥٠٠ دانه

| چاپی یەکەم: ٢٠٢٣
| چاپخانەی: پیرەمێرد

له بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانه گشتییەکانەوە
ژماره سپاردنی (    )ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێسپێردراوه.

## ناوەندی ڕۆشنبیریی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

پڕۆژەیەکـی ڕونـاکبیریی خزمەتگـوزاریی قـازانج نەویسـتە، هەوڵـی پەرەپێـدان و پێشخسـتنی بوارەکـانی ڕوونـاکبیری و ئەکـادیمی و هـونەریی و وەرگێـڕان ئەدات، لە ڕێـگەی چـاپ کردنەوەی بەرهەمی نوسەران و لەناویشیاندا د. عیزەدین مستەفا ڕەسـوڵ، کە لە خـزمەت هۆشـیار کـردنەوە و بیـری پێشکەوتنخوازی و مرۆڤ دۆستی دا بێت.

ئەم دەزگـایە لە ڕێـگەی تـۆژینەوەی زانسـتی و وەرگێـڕان و سـازدانی کـۆڕ و چـالاکیی ڕونـاکبیرییەوە خـزمەت بە هـزری زانستی و بوژانەوەی کەلتور و مێژووی کورد و گەلان دەکات.

ئەم دەزگایە بە فەرمانی وەزاریی ژمارە (١٧٢٥) لە ٢٠٢٢/٤/٧ مۆڵەتی کارکردنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە.

## کۆنگرەی نێودەوڵەتیی مەولانا خالید

دەمێکە بیرۆکەی ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی شایستە بۆ کەسایەتیی درەوشاوەی ئاسمانی عیرفان و ئەدەب، مەولانا خالید یەکێک بووە لە پرۆژە هەرە گرنگەکانی ژیانم، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی خۆم لە نەوەی ئەم زاتە هێژایەم و خوێنی هەقپەرستی و نیشتیمانپەروەری و ئینساندۆستی مەولانا لە دەمارەکانمدا دەگەڕێت، بەڵکو لەو سونگەیەشەوە کە بەرز ڕاگرتنی یاد و ئاکار و هەڵوێست و کاریگەرییەکانی زانایەکی یەکجار شکۆداری دنیای تەصەوف و تازەکەرەوەی ڕێبازی نەقشبەندی.

مەولانا خالید خاوەنی فیکری ئینسانی و نەتەوەییش بووە بە شێوەیەکی دیار.

ئێمە، بە هیمەت و هاوکاریی کەسانی دڵسۆز و شارەزا، لەم کۆنگرە نێودەوڵەتییەدا گەلێک زانیاری و بابەتی نوێ دەربارەی مەولانا خالید لە دوتوێی چەندین کتێب و هەروەها لە کۆڕ و بەرهەمە دۆکیومێنتارییەکانیدا پێشکەش دەکەین کە یەکەم جارە پەردەیان لەسەر هەڵدەدرێتەوە و هیوادارین لە ئاست بایەخ و مەزنیی ئەم پیاوە هەڵکەوتووەی سلێمانی و کوردستاندا بێ، پیاوێک کە هەم مێژووی میللەتەکەمان بەبێ ڕۆشنایی ئەو تاریک و نوتەکە، هەم جیهانی مەعنەویی ناوچەکەش کەم و کوڕ و ناتەواو ئەبێت. پیاوێک کە سەر مەشقی پیاو چاکان و ئوستاد و

ڕێنمای نالی و سالم و مەحوی، ڕەنگە زۆر خوێندەوار و ڕۆشنبیری نەوەی تازەی گەلەکەشمان نەزانن کە بێجگە لەو شاعیرە لوتکانەی ناوم بردوون کە ژمارەیەکی دیار لە شۆڕشگێڕانی کورد و سەرکردەکانی شۆڕشەکان پابەندی ڕێبازی نوێی مەولانا بوون وەکو:

- سەید تەهای نەهری و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە گەورەترین شۆڕشی سەرفرازیی کوردیان بەرپاکرد.

- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا لە پێناویشیدا هەزاران کەس شەهید بوون.

- شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دژی داگیرکەران کە لە پێناویدا چووە سەر پەتی سێدارەو شەهیدکرا.

- دەیان زانا و ناوداری ئەو ڕۆژانەی ژیانی خۆی و دوای خۆی لەم وڵات و ناوچانەی جیهاندا وەکو: (هەتا سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و خودی ئیمپراتۆرییەتەکەی، ئاسیای ناوەڕاست، هیندستان، ئەندەنوسیا، ئێران، وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسلامییەکان.

ئاواتەخوازم کۆنگرەکە ئەو ئامانجە بەدی بهێنێت کە ڕەنجێکی زۆری بۆ دراوە و چاوەڕوانین شایستەی مەولاناکەمان و مایەی ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویستیش بێت.

پەیامێکیش بێت بۆ گەلانی جیهان کە ئێمەی کوردیش سوارچاک و بیرمەند و زانای گەورەمان هەبووە.

**فاروق مەلا مستەفا**

# ناوەرۆک


پێشەکی ........................................ ٧
ساداتی نەهری یان گەیلانیزادە لە کوردستانی ناوەڕاستدا ...... ٣٩
ئیسلامی میللی و ناسیۆنالیزمی کوردی و شۆڕشی دێهات:
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) ........................................ ٧١
تەریقەتی نەقشبەندی وەک ئامرازێکی پرۆتێستی سیاسی لە
ناو کوردەکاندا (بە هەندێ تێبینیی بەراوردەوە لەگەڵ ئیندۆنیسیادا) ١٠٩
عولەما کوردەکان و قوتابی و موریدە ئیندۆنیسییەکانیان .......... ١٨٣
بنەما و پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیا .......... ٢٤١
مەولانا خالید لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ............................ ٣٢٧
لە پاش ڕۆژگاری ئەبو قوبەیس: گۆڕانکاریی تەریقەتی
نەقشبەندی - خالیدی لە ئیندۆنیسیادا ........................................ ٣٥١
ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا:
لە پەرستشی تایبەتەوە بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی و کاری دامەزراوەیی ٤١٩

# پێشەکی

کتێبەکە هەندێ وتاری تێدایە کە من لە ماوەی چل سـالّی ڕابوردوودا نووسـیومن لەسـەر مەولانا خالید و تەریقەتی سۆفیگەریی نەقشبەندیی خالیدی و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لە کوردستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا. پێموایە کارێکی باشە کەوا کۆکراوەی ئەم وتار و بابەتانە بە هەندێ سەرنج و تێبینیی گشتی و ڕوونکردنەوەیەکی کورت بخەمەڕوو لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەکانم لەگەڵ ئەم ڕێبازە سۆفیگەرییەدا.

لە سالانی ١٩٧٤ تا ١٩٧٦ من توێژینەوەیەکی مەیدانیی ئەنسرۆپۆلۆجیم ئەنجامدا لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا بۆ ئامادەکردنی تێزێکی دکتۆرا کە لە ساڵی ١٩٧٨دا پێشکەشی زانکۆی ئوتریختم کرد لە هۆڵەندا[١]. من پێشتر گەشتی ناوچەکەم کردبوو، لە واقیعیشدا ئاشنا بووم بە شارەکانی وەک دیاربەکر و

---

[١] ناوی توێژینەوەکەم "ئاغا و شێخ و دەوڵەت. لەبارەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا" (ئوتریخت، ١٩٧٨)، پاشان ساڵی ١٩٩٢ لە شێوەی کتێبێکدا بڵاو کرایەوە. مارتن ڤان بروونەسن، *"ئاغا و شێخ و دەوڵەت: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان"*. لەندەن: زەد بووکس. هەردوو ڤێرژنەکە وەرگێڕدراون بۆ زمانی کوردی.

مهـابـاد و کەرکووک و هەولێر و زانیـارییەکی بنەڕەتیم هەبوو لەســەر مێژووی کوردەکان. کاتێکیش کە توێژینەوە مەیدانییەکەم ئامادە دەکرد، زۆربەی ئەو نووسینانەم خوێندەوە کە تا ئەو دەمە لەبەردەستدا بوو - کە هێشتا زۆر نەبوو.

لەبارەی مێژووی ناســـیۆنالیزمی کوردییەوە، من کتێبەکانی حەسەن ئەرفەع و لویس ڕامبۆت و دێرێک کینان و عەبدولڕەحمان قاسملووم خوێندەوە، لەگەڵ تێزە نایابە هێشـتا چاپ نەکراوەکەی وەدیع جوەیدەدا[٢]. لە ڕێگەی ئەو نوســـینانەوە گەیشـــتمە ئەو ئەنجـامەی کەوا لە نێوان ســـاڵانی ١٨٨٠ و ١٩٢٥دا شـــێخە ســـۆفییەکان وەک ســـەرکردەی ســـیاســـی کاریان کردووە و توانیویــانە خێڵە کوردەکــان یەکبخەن لەپێنــاو بەرژەوەنــدیی هاوبەشـــی کورددا. زۆرێک لە چاودێران وایدادەنێن کەوا ئەو ڕاپەڕینانەی شـێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شـێخ ســەعیدی پالوو (پیران - و) سـەرکردایەتییان کردووە سـەرەتاکانی ناسیۆنالیزمی

---

[٢] حەسـەن ئەرفەع، "کوردەکان: توێژینەوەیەکی مێژوویی و سیاسـی"، چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٦٦؛ لوسیان ڕامبۆت [ناوێکی خوازراوی تۆما بوایە]، "کورد و یاسا، دەق و ڕاستییەکان'، پاریس: چاپی دو سێرف، ١٩٤٧؛ دێرێک کینان، *"کورد و کوردسـتان"*. ئۆکسـفۆرد: چاپی زانکۆی ئۆکسـفۆرد، ١٩٧٠؛ عەبدولڕەحمان قاسـملوو، *"کوردسـتان و کورد"*، پراگ: ئەکادیمیای زانسـتی چیکۆســـلۆڤاکی، ١٩٦٥؛ وەدیع جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: بناغە و پەرەسەندنی"، تێزی دکتۆرا، سکووڵی گراجوەیت، زانکۆی سیراکۆز، ١٩٦٠.

مۆدێرنی کوردی بووبێت. ئەم دوو شـێخە هەردوکیان سـەر بە تەریقەتی نەقشـبەندیی - خالیدی بوون. ئەمە هۆکاری سـەرەکیی بایەخدانم بوو بە نەقشـبەندی. من پێشـتر بایەخێکی تایبەتیم بە ئیسـلام و سـۆفیزم نەدەدا بە شـێوەیەکی گشـتی و دواتر بوو بە هۆکاری گرنگیدانی سـەرەکیم بە تەریقەتە سـۆفییەکان وەک هێزگەلێکی سـیاسـی و ئەگەری پەیوەندیی نێوان تەریقەتی نەقشبەندیی - خالیدی و ناسیۆنالیزمی کوردی.

هەروەها هەندێ کتێبی ئەو گەڕیدانەم خوێندەوە کە لە ڕابوردوودا سـەردانی کوردسـتانیان کردبوو. پێموایە یەکێک لە یەکەمین کتێبەکان یاداشـتەکانی سـێسـیل جەی. ئەدمۆنز بوو سـەبارەت بەو سـالانەی کە وەک ئەفسـەرێکی سـیاسـی لە کوردستاندا بووە لە ١٩٢٠کاندا، کە تا ڕادەیەک ئینسکلۆپیدیایەک بووە بۆ کوردسـتان لەو ڕۆژگارەدا[٣]. ئەدمۆنز لەبارەی بنەماڵە سـۆفییە کاریگەرە جۆراوجۆرەکانەوە نووسـیویێتی کەوا کاریگەر بوون لە کوردسـتانی باشـووردا، وەک بەرزنجییەکـان و تاڵەبانییەکان کە بەزۆری سـەر بە تەریقەتی قادری بوون، هەروەها لەبارەی شـێخە نەقشـبەندییەکانی هەورامان و کەرکووکیشـەوە. بە هەمان شـێوە گەڕامەوە سـەر گەڕیدەیەکی

---

[٣] سـی. جەی. ئەدمۆنز، "کورد و تورک و عەرەب. *سـیاسـەت و گەشـت توێژینەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقدا، ١٩١٩- ١٩٢٥*". لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٥٧.

تری بەریتـانی و ئەویش کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ بوو، کە سـەدەیەک لەوەوپێش لە سـلێمانی بووە و ڕێکەوت وا بووە کە لەو کاتەدا مەولانا خالید ناچار کراوە لەو شـارە هەڵبێت[٤]. ڕیچ بریکاری کۆمپانیای بەریتانیی هندی ڕۆژهەڵات بووە لە بەغدا و سـەردانەکەی بۆ سـلێمانی لە سـاڵی ١٨٢٠دا ڕەنگە یەکەم ئامادەگیی بەرجەسـتەی ئیمپریالیزمی بەریتانی بووبێت لە کوردستانی باشووردا. ئەو باس لە ڕێز و شکۆدانانێکی بەرزی هەموو کورد دەکات بۆ مەولانا خالید و ئەو قەدرزانی و نەوازشە گەورەیەی بنەماڵەی پاشای بابان نواندوویانە بۆ شێخ، هەروەها ئاماژە بەو سەرسوڕمانە گەورەیەی دەکات کاتێ کە شێخ لەپڕ نێوانخۆشی و دۆستایەتیی پاشـای لەدەسـتداوە و ناچاری جێهێشتنی سلێمانی بووە بۆ بەغدا.

من هەمیشە گرنگیم بەوە دەدا کەوا ڕیچ یەکێکە لە شایەتحاڵە سـەرەتاییەکانی کاریگەرییە بەراییەکانی مەولانا خالید لە ناو کورددا. پابەندبوونی مەولانا خالید بە ڕێنمایی و تەعالیمی نەقشبەندییەوە کەوا لە هندستانەوە هێنابوویەوە بۆ کوردستان و هاتنی ئیمپریالیزمی بەریتانی بۆ ناوچەکە نزیکەی هەمان کات بووە. من وایبۆدەچم کە بڵاوبوونەوە و تەشـەنەکردنی خێرای

[٤] کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ، *"گێڕانەوەی نیشتەجێیەک لە کوردستان..."*، ٢ بەرگ، لەندەن: دونکان، ١٨٣٦.

نەقشـبەندییەی شـێخ خالید لە سـەرانسـەری کوردسـتاندا دەکرێ وەک فۆرمێکی بەرگری لێکبدرێتەوە دژ بە زیادبوونی کاریگەریی ئەوروپییەکـان، چەشـــنی ئەو حـاڵەتەی لە کـاتێکی دواتری ئەو سـەدەیەدا کەوا نەقشـبەندییەکان لە قەوقازدا بەشـداری بەرگری بوون دژ بە داگیرکردنی ڕووسیا بۆ خاک و وڵاتەکەیان. بێگومان سروشتی پەیوەندیی نێوان سۆفیگەریی نەقشبەندی و هەست و هۆشـــیاریی بەرهەڵســـتی کردنی ئیمپریالیزم و ناســـیۆنالیزمی کوردی پرسیارێکە تا ئێستاش وەڵامی تەواوی دەستنەکەوتووە و مەســـەلەیەکە کەوا نەمتوانی هیچ وەڵامێکی لە کتێبدا بدۆزمەوە. ئەوجا دەبوو من خۆم چاوم بە شـێخانی نەقشـبەندی و مورید و شوێنکەوتووانیان بکەوێت، ئەگەر بمەوێ زیاتر تێبگەم لە کاریگەریی ئەم ڕێبازە سۆفیگەرییە بەسەر کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردەکانەوە.

لە ســـالانی کارە مەیدانییەکەمدا کەوتمە خوێندنەوەی زیاتر لەبارەی تەریقەتی نەقشـبەندییەوە، چەشـنی کتێبەکەی تریمینگهام لەسەر تەریقەتە سۆفییەکان و ژمارەیەکی تری کەم لەو کتێبانەی پێشـــوو کە بوونی پەیوەندییەکی بەهێزیـان دەگەیانـد لە نێوان نەقشـبەندییە و نەریت و تـرادیسـیۆنە ڕۆحییە هندسـتانییەکاندا[5].

---

[5] جۆن پ. براون، *"دەروێشـــەکان یان ڕۆحانییەتی ڕۆژهەلاتی"*، لەندەن: تروبنەر، ١٨٦٨؛ جۆن ئە. ســـوبحـان، *"ســـۆفیزم: پیاوە پیرۆزەکـانی و مەزارەکانی. پێشەکییەک بۆ توێژینەوەی سۆفیزم، لەگەڵ ئیشارەت کردنێکی*

ئەوەی لەوێدا خوێندمەوە لەسەر ڕاهێنان و باوەڕە جیاکار و تایبەتمەندەکانی ئەم ڕێبازە سۆفیگەرییە دیسان پەلکێشی کردم بۆ ئاستێکی تر. من دەمێک بوو گرنگیم دەدا بە تەسەووفی بوودایی و کریستیان و ئەوانەش کە بە بزووتنەوەی ئاینیی نوێ ناوزەد دەکران. لە پێش خۆئامادەکردنیشمدا بۆ توێژینەوەکەم نزیکەی نیو ساڵێکم لە هندستان و نیپاڵدا بەسەربرد و وەک خولیا و مەراقیش کۆرسم لە دوو شێوازی تێڕامانی بووداییدا وەرگرت. من لەو باوەڕەدا بووم کەوا لە هەندێ ڕاهێنان و پەرستشی نەقشبەندیدا توانیومە پەی بە هەندێ بواری ببەم کە بە توندوتۆڵی تێڕامانی بوودابیم بیردێنێتەوە. لە *ڕابیتەدا*، کە مەولانا خالید کردبوویە بەشێکی بنەڕەتیی ڕێوڕەسمی نەقشبەندی، دەبێ مورید مامۆستا و ڕابەرەکەی وێنا بکات و لە دڵەوە بیهێنێتە بەرچاوی خۆی *(تەسەووری شێخ)*. ئەمە وێناکردن و هێنانە بەرچاوی خواوەندەکان یان هێزە ڕۆحییەکانی بوودایی بیرهێنامەوە لە بوودابیزمی تیبتیدا. چەندین پرەنسیپی نەقشبەندییە چەشنی *"هووش دەر دەم، نەزەر بەر قەدەم، خەڵوەت دەر ئەنجومەن"* تا ئاستیکی زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو مێتۆدانەی ڕامان و تێفکرین کەوا لە مامۆستایەکی بوودایی تێراقادا وە

---

*تایبەت هندستان"*. نیویۆرک سەمۆیڵ ویزەر، ١٩٧٠؛ جەی. سپێنسەر تریمینگهام، *"تەریقەتە سۆفییەکان لە ئیسلامدا"*، ئۆکسفۆرد: چاپی کلارێندۆن، ١٩٧١.

فێریبووم لە بۆدگایای هندســـتان. مەســـەلەکە ماوەیەکی زۆری خایاند بۆ تێگەیشـــتنم لەوەی کەوا هەرچەندە هەندێک لە تەکنیکی نەقشبەندی ڕەنگە هاوشێوەی ئەوانە بن کە تایبەتن بەو قوتابخانە سۆفیگەرانەی لە ئاینەکانی تردا هەن، بەڵام بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە سیستەمێکی بەرفراوانتری مانا و دەلالەت لەوەی کە بەتەواوی ئیسـلامی بێت. دەکرێ نەقشـبەندییەکانیش مشـتومڕ لەسـەر ئەوە بکەن کەوا ئەم تەکنیکانە لە ژیانی پێغەمبەریشدا بدۆزرێنەوە.

**یەکەم دیدارەکانم لەگەڵ شێخانی نەقشبەندیدا: شێخ عوسمان سیراجوددین**

من بەباشـــی خۆم ئامادە نەکردبوو بۆ دیدارەکانی یەکەمجارم لەگەڵ شـێخە نەقشـبەندییەکاندا، چونکە هێشـتا زانیاریم زۆر کەم بوو لە سـەر ئیسـلام و تەنها زانیارییی ڕووکەشـم هەبوو لەبارەی سـۆفیزم و تەریقەتەکانی سـۆفیگەرییەوە. لە سـاڵی ١٩٧٤دا، کە یەکەم ســـاڵی توێژینەوە مەیدانییەکەم بوو، لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵات و شـوێنانی تری ئێران بردمەســەر، زۆرێکم لەســەر شێخ عوسمان سیراجەدین بیستبوو، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی بیارە بوو لە هەورامـانی بەشـــی عێراقـدا، بەڵام لە پـاش کوودەتـا چەپڕەوەکەی قاسـم (لە سـاڵی ١٩٥٨دا)، شـێخ عوسـمان عێراقی بەجێهێشـت و وا ئێسـتا لە گوندی دووڕوو دەژی لە بەری ئێرانی سـنوورەوە. دۆسـتە چەپەکان پێیانڕاگەیاندم کە حەزیان لێ نییە لەسـۆنگەی ئەوەوە کە خاوەنی زەویوزارێکی زۆرە و جووتیاران

دەچەوسـێنێتەوە و پاڵپشـتی ڕژێمی شـای کردووە. بەڵام خەڵکی ئاسـایی پێیاندەوتم کەوا پیاوێکی پیرۆز بووە و زۆرێک لە چیرۆکی پەرجووی (موعجیزە) هەبووە کە ئەنجامیدابوو. ئەو بە دیاریکراوی گرنگترین شـێخی نەقشـبەندی بوو لە ئێراندا و بۆم دەرکەوت کەوا پێویسـتم بە بینینیەتی ئەگەر بمەوێت شـتێک لەبارەیەوە تێبگەم. لەبەر ئەوە سـەفەری مەریوانم کرد و لەوێوە پاسێکی بچووک بردمی بۆ گوندی دوورڕ و لە دەرگای شێخم دا و بێگومان من تاقە کەس نەبووم کە لەو دەرگایە بدات، بەڵکوو ڕۆژانە لێشـاوێک سـەردانیکەر هەبوون، کە لە هەردوو بەری سنوورەوە دەهاتن و ئارەزووی بینینی شـێخیان دەکرد. هەندێک بۆ هیچ مەبەسـتێکی تر نەدەهـاتن لەوە بەولاوە کە پیرۆزی (بەرەکەت)یان بەربکەوێت لە حوزووری شـێخدا، هەندێکی تر بە مەبەسـتی دیاریکراو دەهاتن، کە بەدوای چارەسـەرێکدا دەگەڕان بۆ نەخۆشی یان کێشە و بەدبەختییەک کە بەرۆکی گرتوون، یان پارێزگاریی ڕۆحی کاتێ کە بۆ سەفەرێکی دوور دەڕۆیشتن، یان بۆ ئامۆژگاری کردنیان لە بڕیاردانی گرنگی ژیانیاندا. هەر هەموو ئەمـانە لەو کۆمەڵگـایەدا وەردەگیران و شـوێنی خەوتن و حەوانەوەیان بۆ دابین دەکرا، بەڵام ڕەنگە کاتێکی زۆر دوور و درێژی بویسـتایە پێش ئەوەی ڕێگەیان پێبدرێت بچنە حوزووری شێخ. هەندێک دەبوو دوو یان سێ شەو چاوەڕێ بن تا دواجار دەیانتوانی شـێخ ببینن. منیش دەبوو ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ

بکەم، بەڵام ئەمە دەرفەتی پێدام بۆ قســـەکردن لەگەڵ زۆرێک لە سەردانیکەرانی تردا. هەندێ لە زیارەتکەران ماوەی چەند مانگێک لەوێ دەمانەوە دەرســـیان دەخوێند و بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێک ڕاهێنانی زیکر و *ویردیان* دەکرد (*ئەزکار* و *ئەوراد*) لەگەڵ *خەتمی خواجەگانی* تەریقەتی نەقشـــبەندی و هەروەها ئەداکردنی *زیکری* تەریقەتی قـادرییش، چونکە شـــێخ هەردوو تەریقەتەکەی کۆکردبووەوە. کۆمەڵێک سوننەی لوبنان و چەند تورکمانێکی کەم لە خۆراســـانەوە و هەروەها کەســـێکی ئەمریکیش کە بووبووە ئیسـلام و لە لایەن مامۆسـتایەکەوە لە مەککە ڕەوانەی لای شـێخ عوسمان کرابوو. هەر هەموو ئەمانە لەو باوەڕەدا بوون کە شێخ یەکێکە لە گەورەترینی ئەولیا سۆفییە زیندووەکان.

کاتێ نۆرەی من هاتەپێشـــەوە بۆ چاوپێکەوتنی شـێخ ڕێگەیان دام لەگەڵ گرووپێـک لەوانیتردا بچمە ژوورەوە و یەک لە دوای یەک هۆکـاری ســـــەردانەکەیـان پێڕادەگەیـانـد و من توانیم لە هۆدەکەدا بمێنمەوە لەکـاتێکـدا کە زیـارەتکەرانی تر دەهـاتن و دەڕۆیشـتن. هەندێک لەوانەی خزمێکی نەخۆشـیان پێبوو دەرمانی گژوگیایان وەردەگرت، بۆ ئەوانیتر کە وا دیاربوو پێویســـتیان بە دەرمـانی کیمیـاییە ئەوە شـــێخ نـامەیەکی بۆ دەنووســـین بۆ دەرمانخانەی شـارۆچکەکە. خێزانێک کوڕێکی گەورەیان پێبوو وا دیاربوو بە ســـەختی شـێت بووە و لەناکاو کە شـــێخی بینی لە بەردەمیـدا پـاڵکەوت و بەتەواوی ئـارام و هـێور بـووەوە.

پێشمەرگەیەک کە لە کوردستانی عێراقەوە هاتبوو داوای پارێزگاریی دەکرد لە فیشـــەک و پارچەی تۆپ و بۆمب و شـــێخم بینی "*گولەبەندێکی*" gûlebend بۆ کرد و ئەمە چەشنە دۆعا و نووشتەیەک بوو لەو جۆرەی کە من لە کتێبەکەی ئەدمۆنســـدا خوێندبوومەوە[٦]. من حەزم دەکرد تاقیکردنەوەیەک لەســـەر بەکارهێنانی ئەو نووشـــتەیە ئەنجام بدەم بەڵام زۆر شـــەرمم دەکرد پێشـــنیازی بکەم بۆ پێشمەرگەکە. دواتر بیستم لە شوێنێکی تر خەڵک بەڕاستی گولەبەندی لەو جۆرەیان تاقیکردووەتەوە و لە ســـەر مریشـــکێک دایاننـاوە و تەقەیان لێکردووە - بەڵام ئەنجامی تێکەڵ و پێکەڵی بووە.

لە ســـەردەمی شـــۆڕشـــی ئێرانیدا من چەندین جار ســـەردانی کوردســـتانی ئێرانم کردووە و لە ســـاڵی ١٩٨٠دا بیســـتم کەوا شـــوێنکەوتووانی شـــێخ عوســـمان، میلیشـــیایەکی چەکداریان دروســـتکردووە، بە فەرماندەیی مادیحی کوڕی شـــێخ و ناویان لێناوە ســـوپای ڕزگاری. واش باســـدەکرێت کە شـــێخ جیهادی ڕاگەیاندووە دژ بە هێزە شـــیعەکانی شـــۆڕش و شـــوێنکەوتە و لایەنگرانی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن هەندێ شـــوێنی هەورامانیان کۆنترۆڵ کردبوو. من چیتر هەوڵم نەدا جـارێکیتر ســـەردانی بکەمەوە. هێنـدەی پێنەچوو، بیســـتم کەوا گونـدەکەی خۆی

---

[٦] ئەدمۆنز دەنووســێت کەوا *گولەبەند* لە بنەڕەتدا تایبەت بوو بە تەریقەتی قادریی کاک ئەحمەدی شـێخ و نەوەکانی (لە سـلێمانی، بەرزنجەیین) و ئەوی شـێخانی هەورامی تەریقەتەکانیان لەگەڵ کاک ئەحمەدی شێخدا "ئاڵوگۆڕ" پێکردووە.

بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠دا بیستم کەوا لە ئەستەمبووڵ نیشتەجێ بووە و لەوێش جارێکیتر کەوتەوە میوانداری کردنی زیارەتکەران لە هەموو شـــوێنێکی جیهانەوە و لە ساڵی ١٩٩٧دا لەوێ کۆچی دوایی کرد.

### شێخ نووروڵڵا سەیدە

لە ساڵی ١٩٨٥دا، زۆربەی کاتی خۆمم لە کوردستانی تورکیادا بردەسەر. من زۆرم لەسەر شێخێکی بەناوبانگ بیستبوو لە جزیرە کە ئەویش شێخ سەیدە بوو و بەم دواییە کۆچی دوای کرد و هەروەها لەبارەی کوڕە گەنجەکەیەوە کە جێی گرتەوە و ئەویش شـــێخ نووروڵڵا بوو. بەم جۆرە کاتێ کە بە جزیرەدا تێپەڕ بووم، داوام لە خەڵک کرد ماڵی شێخ سەیدەم پێشان بدەن و لە دەرگام دا.

شـێخ نووروڵڵا پیاوێک بوو لە تەمەنی خۆمدا و پێیدا دیاربوو بە ئەندازەی بایەخپێدانی من ئەویش بایەخم پێدەدا. شـــێخ داوای لێکردم کە لە ماڵەکەیدا بمێنمەوە و چەندین ڕۆژمان پێکەوە بەسەربرد و قسە و باسمان لە گەلێ شتی جۆراوجۆر کرد، بەڵام بەحەتمی زۆرێک لە گفتوگۆکانمان لەبارەی ڕاســـپاردە و ڕێنماییەکانی ئیســـلام و پەرســـتشـــە فەرزەکان و نەریت و ڕێوڕەســـمەکانی ســـۆفیگەرییەوە بوو. ماڵەکەی بەشـێک بوو لە کۆمەڵگەیەکی گەورە کە مزگەوتێک و حەوشـــەیەکی گەورەی کراوەشـــی لەخۆگرتبوو. پێدەچوو خەڵکێکی زۆری بەهەمیشـــەیی

تێدا بژی و هەروەها لێشـاوێکی بەردەوامیش لە سـەردانیکەران. چەند پیاوێکی پیریش هاتبوون بۆ بەجێهێنانی *چلە* (یان *خەڵوەت*) لێرە و پۆشاکی سپییان لەبەرکردبوو.

لێرە تەماشام دەکرد هەندێ لە پیاوان و کوڕانی تەمەن گەورە کتێب دەخوێننەوە و - من زۆر درەنگ زانیم کەوا لە ڕاسـتیدا شـایەتحاڵی بینینی *حوجرەیەکم*، واتە مەدرەسـەیەکی کوردی. من وایبۆدەچووم کە هەموو مەدرەسـەکان لە تورکیادا زۆر لەمێژە داخراون، بەڵام تەنها دواتر تێگەیشـتم کە ئەوە لە ڕاسـتیدا نەریتێکی بەردەوامە، ئەگەرچی لەسـەر ئاسـتێکی بچووکتر لە ڕابوردوو. کاتێ کە پرسیارم لێکردن کە چی دەخوێنن، هەندێکیان وتیان کتێبەکانی *فیقە* دەخوێنن، هەندێکی تریان باسـی ئەحمەدی خانییان دەکرد و یەکێکی تریان کتێبی گولستانی شاعیری فارسی پیشاندام. زۆرێک لە سەردانیکەران پڕ ستایش بوون بۆ سەعیدی نوورسـی و "*ڕیسـالەی نوور*"ەکەی. من هێشـتا زۆرم لەسـەر سـەعیدی نوورسی نەدەزانی بەڵام بیستبووم کەوا بەرهەڵستیی تەریقەتی کردووە. شـێخ نوورولڵا ئیددیعای ئەوەی دەکرد گوایە ئەوە لە بەدحاڵیبوونەوە هاتووە بۆ بیر و ئایدیای ڕاسـتەقینەی سـەعیدی نوورسی. ئەو پێیوابووە کە دەتوانێت کە دەکرێ بیر و ئایدیا هزری و ڕۆحییەکانی "ڕیسـالەی نوور" بگونجێنرێت لەگەڵ ڕاهێنان و پراکتیزەکانی سـۆفیگەریی تەریقەتی نەقشـبەندیدا و سـالانێکی کەمی دواتر کتێبێکی بچووکی بۆ ناردم کە تێیدا

تێکەڵکردنی تـایبەتیی خۆی گەڵاڵە کردبوو بۆ ئەم دوو تەوژمە سەرەکییەی بیر و ڕاهێنانە ئیسلامییە کوردییە.

هەروەهـا من بە ســـــڵ و ئـاگـاییەوە پرســــیـارم لەبـارەی ســـەعیدەکەی تری کوردەوە لێکرد، واتە شــێخ ســـەعیدی پاڵووی (پیران – و) ڕابەر و سەرکردەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥. ئاخۆ شــــێخ نووروڵڵا پەیوەندییەک دەبینێت لە نێوان ســــۆفیگەریی نەقشبەندی و شوناسی کورددا؟ ئایا ئەویش، وەک شێخ سەعید، باوەڕی بە گەڕانەوەی خەلافەت هەیە؟ من بیسـتوومە کەوا شـێخ ســـەیدەی باوکی هەمیشـــە خۆی دوورگرتووە لە ناسـیۆنالیزمی کوردی و نەمویســـت هیچ شـــتێک بڵێم کە لەوانەیە کێشـــەی بۆ بخولقێنێت لەگەڵ دەسـەڵاتداراندا، لەبەر ئەوە خۆم لەو پرسیارانە پاراسـت کە لەبارەی کێشـــە و ململانێی کولتووری و سـیاسـیی کـوردەوە بـوون. نـووروڵـڵا پـێـیـوتـم کە ئەو بەرهەڵســــتـیی سـێکولاریزمی توندڕەوانەی کەمالییەکانی کردووە و ئەو یاسـا و پێوەرە مۆراڵییانەی ویســـتووە کە لەگەڵ ڕاســـپاردە و ڕێنماییە ئیســـلامییەکاندا کۆک و تەبان، بەڵام بانگەشـــەی گەڕانەوە بۆ خەلافەت پەسەند نەبوو لە لای. هەروەها خۆیشی بەدوور دەگرت لە پاڵپشـــتی کردنی ڕوون و ئاشـــکرای داواکارییە کولتووری و سـیاسـییەکانی کورد، بەڵام بایەخی بە ئەدەبی کوردی دەدا و بە شـــانازییەوە پێیوتم کەوا شـــیعری بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیش نووسیوە.

## شێخ محەممەد عیسا و نەقشبەندییەکانی تر لە سووریا

لە کاتێکی دواتری ئەو ساڵەدا، کاتێ کە من نزیکەی شەش هەفتەم لە جەزیرە و دیمەشقی سووریادا بردەسەر، شێخێکی نەقشبەندیم ناسی کە لە ڕاستیدا نەتەوەپەروەرێکی کورد بوو. شێخ محەممەد عیسای خەڵکی شارۆچکەی دەرباسییە، کوڕی شێخێکی نەقشبەندی بوو کە لە ڕاستیدا بەشدار بووبوو لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیددا و کاتێ کە سوپای تورکیا ڕاپەڕینەکەی دامرکاندبووەوە و کەوتبووە گرتنی لایەنگرانی، ئەو هەڵاتبوو بۆ سووریا. باوکی ئەم لە شێخە "گەورەکان" نەبووە بەراورد بە شێخ سەعید یان شێخ سەیدە و شوێنکەوتەیەکی کەمی هەبووە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە *موریدەکانی* عەشیرەتەکەی خۆی پێکدەهاتن. شێخ محەممەد عیسا ئەم موریدانەی بە میرات بۆ مابووەوە و وەک ڕابەرێکی ڕۆحی و سیاسییان ڕەفتاری دەکرد، بەڵام بە باوەڕی من ئەو چالاکانە ڕێنمایی و ڕابەریی نەقشبەندییەی نەکردووە و پێشەوایی ڕەسم و سرووتی *خەتمەشی* نەکردووە. ئەو هەمیشە بەرگی شێخی دەپۆشی، کە جبەیەکی درێژی سپی و مێزەرێکی سپی بوو، بەڵام بە پلەی یەکەم وەک ناسیۆنالیستێک ناسرابوو و خەڵکی بە ئاشکرا مەزەندەی ئەوەیان دەکرد کە ئاخۆ هێشتا کەسێکی باوەڕدارە یان نە. چونکە وادیاربوو کە هەندێ بیر و ئایدیای هەیە نائاسایی بوون بۆ پیاوێکی ئاینیی موسڵمانی نەریتی.

شـێخ محەممەد عیسـا، پێکەوە لەگەڵ چەند دۆسـتیکی کەمیدا، یەکێک لەو حیزبە کوردییە بچووکە زۆرانەیان دامەزراندووە لە سـووریادا. ئەم کەسـە هاوپەیمان بوو لەگەڵ (پ د ک) بە سـەرۆکایەتیی مەلا مسـتەفا بارزانی و لە سـاڵانی ڕابردوودا چەندین جار سـەردانی بارزانیی کردووە و کاتی زۆری بەسـەربردووە لە *دیوانخانەکەیدا dîwanxane*. ئەو لەوێ گەلێ کریسـتیان و جووی بینیوە، ناوخۆیی و بیانی و بە پێی بیر و باوەڕیان هەڵینەدەسـەنگاندن بەڵکوو بەوەی ئاخۆ پیاوی ئازا و بوێرن (مێر بە کرمانجی) یان نە. ئەو لە نەریت و ترادیسـیۆنی سۆفیگەری هەڵوێستێکی ئەرێنی وەرگرتووە لەبەرانبەر ئاینەکانی تردا. ئەویش وەک گەلێ کوردی تر حەزی بەوە بوو شـیعر وەک پەند و ئامۆژگاری تێکەڵ بە قسـەکانی بکات و ئەو قەسـیدە شـیعرییەی دیوانەکەی شـاعیری گەورەی کورد مەلای جزیری مایەی سەرسامی و دڵبەندیی ئەو بوون، کە تێیدا شاعیر وا دیارە کەنیسـە و سـیناگۆگ (کەنیس یان کنێشـتی جوو - و) و تەنانەت پەرسـتگەی یەزیدی لە لالش دەخاتە هەمان ئاسـت لەگەڵ مزگەوتدا. بەپێچەوانەی بیر و بۆچوونی نەقشـبەندییەوە، شـێخ تێڕوانینێکی زۆر ئەرێنیشـی هەبوو بۆ ئیسـلامی شـیعە. لەم ڕووانەوە، ئەو کوردێکی نەقشـبەندیی نموونەیی نەبوو، چونکە خودی مەولانا خالید خۆی بەتوندی نەیاری شیعە بوو و هەمیشە هەوڵیداوە خۆی دوور بگرێت لە ئاینەکانی تر.

شـێخ محەممەد عیسـا بایەخێکی باشـی دەدا بەوەی کە لەگەڵ مندا باس لە ئەزموونە شـەخسـییەکانی بکات و لە ڕاپەڕینەکەی شـێخ سـەعید بدوێت و بەگشـتی باس لە نەریت و ترادیسـیۆنی سـۆفیگەریی کوردی بکات. ئەو یارمەتیدام لە وێنەکێشـانی نەخشەی پەیوەندییەکانی نێوان هەموو ڕابەرە نەقشبەندییەکان لە کوردستانی باکووردا و ئاڕاستەی سیاسییان لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا. هەروەها داوای لێکردم کە سەرسامیی ئەم بە شاعیرە دڵبەندەکەی تێبگـات و بە مەزنی لێی بڕوانێـت. هەر بۆیە وەک دیـارییەکی ماڵئاوایی دوو بەرگی لە *دیوانی* مەلایێ جزیریی پێبەخشیم لەگەڵ *"شـەرحێکی"* عەرەبیی ئەحمەد زڤنگیی موفتیی قامیشـلییەوە[٧]. هەڵبەت ئەمە وەک یەکێک بە نرخ و بەهاترین سـامان لە لای من ماوەتەوە. لەو ڕۆژگارەدا، دید و بۆچوونی فەرمی لە تورکیا ئەوە بوو کەوا کوردی زمـانێکی گونجـاو نەبوو و بە دیـاریکراویش زمانێک نەبوو شـانازیی بە نەریتێکی ئەدەبیی پەرەسـەندووەوە بکات. بەڵام بە سـانایی بوونی *دیوانی جزیری* بە چاپکراوی ڕەتکردنەوەیەکی قەناعەتبەخشە بۆ نکووڵی کردنی تورکیا.

ئەو دەمە زۆرێکی تر لە نەقشـبەنـدییەکـان لە نـاوچە کوردییەکەی سـووریادا هەبوون و کاریگەرترین کەس لە ناویاندا

---

[٧] أحمد بن ملا محمد البهتانی الزڤنگی، *"العقد الجوهری فی شـرح دیوان الشیخ الجزری"*. قامیشلی"، مطبعة الرافدین، ١٩٥٨.

شـــێخ ئەحمەد خەزنەوی بوو لە گوندی تەل مەعروف، کە مورید و شوێنکەوتوویەکی هێجگار زۆری کورد و عەرەبی هەبوو. شێخ ئەحمەدیش لە بنەچەدا خەڵکی کوردســــتانی تورکیا بوو و پاش ئەوەی تورکیا تەریقەتە ســــۆفییەکانی قەدەغە کرد ئەم لە بەری ســــوورییای ســــنوورەوە نیشــــتەجێ بوو. من هەرگیز چاوم پێنەکەوتووە بەڵام زۆرێک لە باس و چیرۆکەکانیم بیســــتووە ســــەبارەت بە میللیبوونی لە نێو خەڵکانی موحافزەکاردا و هەڵوێستی توندی ناسیاسییانەی. (دواتر مەعسوومی کوڕی تا ڕادەیەک کراوەتر بوو بەرانبەر بە چالاکوانە گەنجە کوردەکان). من شــــتێکم بیردێتەوە کە ئەویش بینینی کاروانێکی دوور و درێژی ئۆتۆمبیلی بچووکی بارهەڵگری پیکاب ژمارەیەکی زۆر پیاوی ڕیش سپییان هەڵگرتبوو بە جبە و مێزەری سپییەوە کە بە ســــەر شــــارۆچکەکانی جزیرەدا بەرەو گوندی تەل مەعروف دەڕۆیشتن. ئەمانە موریدەکانی شێخ ڕەشید بوون لە مەنزیل (لە ئەدیامانی تورکیا)، کەوا باوکی خەلیفەیەکی شــێخ ئەحمەد بووە. ئەم چەشــــنە ســــەردانە بەکۆمەڵانە بۆ پاراســــتنی پەیوەندیی توندوتۆڵ بوون لە نێوان کۆمەڵگە نەقشــــبەندییەکاندا لە هەردوو بەری ســــنوورەوە کەوا نەریتێکی چەســــپاو بوون. دواتر بۆم دەرکەوت کەوا شــــێخ ڕەشــــید لەو ســــەروبەندەدا پێدەچێت کاریگەرترین شێخی نەقشبەندی بووبێت لە تورکیادا. هەرچەندە تەریقەتە ســــۆفییەکان لە ڕووی یاســــاییەوە قەدەغە بوون، بەڵام

ئەو پەیوەندییەکی باشــی هەبوو لەگەڵ بەشـێک لە دەسـتەبژێری ســــیاســــیدا، بەتایبەتی بەتایبەتی لە ناو بەرەی موحافزەکار و نەتەوەپەرستی تەیفی سیاسیدا. هەردوک شـێخ ئەحمەد و شـێخ ڕەشـــــید تا دەیانتوانی و بۆیان دەکرا مەودایەکی زۆر دووریان هێشتبووەوە لەگەڵ جووڵانەوەی کوردیدا.

**ڕێبازی نەقشبەندیی - خالیدی لە تورکیادا**

لە ســــاڵانی ١٩٧٠کاندا، کاتێ من یەکەم توێژینەوەی مەیدانیی خۆمم جێبەجی دەکرد، قەدەغەی ســــەر تەریقەتە ســــۆفییەکان هێشتا هەر بەتوندی سەپێنرابوو. بنەماڵەکانی شێخانی نەقشبەندی هێشــــتــا هەر ۆر کــاریگەر بوون لە کۆمەڵگەدا و زۆرێکیــان پەیوەندیی سیاسیی بەهێزیان هەبوو، یان خەڵکانێکیان هەبوو کە بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرابوون چونکە دەیانتوانی ژمارەیەکی زۆر دەنــگ کۆبکەنەوە لە کــاتی هەڵبژاردنەکــانــدا، بەڵام کۆڕ و کۆبوونەوەکانی زیکرکردن و نمایشــی *خەتمە* ڕێگەیان پێنەدەدرا، وەک من لە عێراق و ئێران و ســـووریادا دەمبینی. یان ئەگەر مەجلیسی لەو جۆرە هەبوایە ئەوە بەوپەڕی نهێنی ڕێکدەخرا.

لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا، سەرباری کەشێکی بەربڵاوی داپڵۆسین و سـەرکوتکردنی دوابەدوای کوودەتای سـەربازیی سـاڵی ١٩٨٠، لێبووردەییەک هەبوو لەگەڵ ئیســــلامی موحافزەکاردا و ناوەندە نەقشبەندییەکان بوێریی ئەوەیان هەبوو کە زیاتر چالاکیی ئاشکرا

بنوێنن. لە کتێبفرۆشییە ئیسلامییەکانی ئەستەمبوولدا دەکرا کتێبی جۆراوجۆر پەیدا بکەیت کە زانیارییان تێدابوو لەسەر سۆفیگەری و تەریقەتە سـۆفییەکان. ئەمانەش کارەکانی شـێخە گەورە نەقشـبەندییە هندییەکان، ژیاننامەی شـێخەکانیان تێدابوو، لەگەڵ دووبـارە چـاپکردنەوەی گەلێ لە کتێبە کۆنەکـانی تورکیی عوسمانی. من تا ئەو دەمە خۆم فێری زمانی تورکیی عوسمانیی کۆن کردبوو و ڕوانیم کە لێکۆڵینەوە کردن لە کتێبەکـانی سـەردەمی عوسـمانیدا سـەبارەت بە ئاین و مێژوو هێجگار سـوودبەخش بوون بۆ باشـتر تێگەیشـتن لە تێبینییەکانم وەک کەسێکی پسپۆڕ لە ئەنسرۆپۆلۆجیادا.

لە لێکۆڵینەوەکەمدا بە ڕاسـتی کەوتمە بەکارهێنانی هەندێ سـەرچاوەی عوسـمانی، بەڵام هەر بەردەوام بووم لە سـەر توێژینەوە کردن لە دەقە عوسـمانییەکاندا. من بەتایبەتی خووم دایە ئەولیا چەلەبی، کە زۆر بە باشـی گەشـتی کوردسـتانی کردووە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا و لەسەر هەموو شتێکی نووسـیوە کە بینیوێتی و بیسـتوویەتی وەک: مزگەوتەکان و بیناکانی تر، بازاڕ و پیشـەگەرەکان، مەدرەسـەکان و تاقم و تایفە ئاینییەکان، ڕابەرە سـۆفییەکان و مورید و شـوێنکەوتووەکانیان، زمانەکانی کە خەڵک قسـەیان پێکردووە و چیرۆکە پەرجوو ئامێزەکانی کە گێڕاویانەتەوە. من کتێبێک و چەندین وتارم لەسەر بنەمای *سـیاحەتنامەکەی* ئەولیا چەلەبی نووسـیوە. کاتێ کە

تێزەکەم لە کۆتاییدا وەک کتێبێک چاپ و بڵاوکردەوە لە ساڵی ١٩٩٢دا، من ئەو زانیارییە نوێیانەشم خستەسەری کە لە مێژوونووسە عوسمانییەکان کۆمکردبوونەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە کردنمدا لەسەریان و هەروەها لە کتێبەکانی سۆفیگەری و ڕێبازی نەقشبەندی کەوا لە پاش ساڵی ١٩٨٠ بۆم ڕەخسان و کەوتنە بەردەستم.

من گەلێ شت فێربووم لەبارەی ئەو تۆڕەوە یان نێتوۆرکەوە کەوا شێخ ئەحمەدی خەزنەوی و شێخە بەناوبانگەکانی نۆرشین و شێخ تەهای نەهری پێکەوە دەبەستێ لە کتێبێکدا کەوا بە زمانی تورکی لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە و پێشتریش پێموایە بەنهێنی و بە زمانی عەرەبی دەستاودەستی کردووە و ناوی بنەڕتیی بە عەرەبی بەم جۆرەیە: *"الكلمات القدسية للسادات النقشبندية"*. کتێبەکە ناوی وەرگێڕەکەی تێدایە بەڵام ناوی نووسەرەکەی نەهێناوە و ئەوەی گەیاندووە کە هێشتا نووسین لەبارەی ئەم شتانەوە جێگەی مەترسییە[٨]. کتێبەکە زۆرێک لە

---

[٨] *"فەرمووده پیرۆزەکانی شێخە نەقشبەندییەکان"*، وەرگێڕانی ساڵح ئورجان، ئەستەمبووڵ: ئاکپنار یاینێڤی، ١٩٨٣. نووسەر یان نووسەرە ڕاستەقینەکانی کتێبەکە هەر بە نادیاریی ماونەتەوە، ڕەنگە بە هۆی ترسەوە بووبێت. بەم دواییە کتێبێکی هاوشێوە لەبارەی هەمان تۆڕەوە، لە لایەن شێخێکەوە نووسراوە کە ڕابەریی مەدرەسەیەکی گرنگی تر دەکات کە پەیوەستە بەم تۆڕەوە، لە لایەن بڵاوکەرەوەی سەرەکیی کورد لە ئەستەمبووڵ چاپکراوە: شێخ محەممەد عاسم ئۆخینی، *"بیرکەتول کەلیمات: مەنکیبلەر حافوزو"*.

حیکایەت و گێڕانەوەی تێدایە لەسەر ژیان و وتەکانی سیبغەتوڵڵا ئەرڤاسی، کەوا گرنگترین خەلیفەی شێخ تەها بووە و بە *"غەوسی ئەعزەم"* ناسراوە و بەرزترین و پیرۆزترین کەسی سەردەمی خۆی بووە و سیلسیلەی ئەو شێخە ئەفسانەییانەی کە جێیان گرتووەتەوە بریتیبوون لە: عەبدولڕەحمان تاغی، فەتحوڵڵا ڤێرکانیسی، زیائوددینی نۆرشین (کە بە حەزرەتێ نۆرشین ناسراوە) و دواجاریش ئەحمەد خەزنەوی. کتێبگەلی لەم چەشنە کە بەعادەت (*مەلفووزات - ملفوظات*)یان پێدەوترێت (واتە وتە و فەرموودەی شێخەکان)، بابەتێکی باوی ئەو ئەدەب و نووسینەیە کە تەریقەتە سۆفییەکان بەرهەمیان هێناوە، لە پاڵ *"مەکتووباتدا"* (واتە کۆکراوەی ئەو نامانەی کە لە لایەن شێخەکانەوە نووسراون). کتێبی *"الكلمات القدسية"* وەک دەسنووسێک یان چاپێکی سنووردار بە عەرەبی لە ناو شێخ و خەلیفەکانی ئەم تۆڕەدا دەستاودەستی کردووە پێش ئەوەی بۆ دواجار وەرگێڕانەکەی چاپ و بڵاو بکرێتەوە. هەڵبەت ئەگەرێکی تەواو هەیە کەوا کاری هاوشێوەی تریش هەن لەسەر تۆڕە نەقشبەندییە کوردییەکانی تر کە تا ئێستا هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە.

زۆربەی شێخە کوردە نەقشبەندیی - خالیدییەکان ئیرشاد و

---

وەرگێڕانی بۆ زمانی تورکی: قەدری یڵدرم. ئەستەمبووڵ: ئاڤێستا، ٢٠١٧.

ڕابەریی خۆیان بۆ ڕاهێنان و پراکتیزە نەقشبەندییەکان گەلێ جار بەستووە بەو پیاوە بەتەمەن و گەورەسالانەی کە زانستە ئیسلامییەکانیان فێری نەوەی گەنج کردووە لە مەدرەسەکانیاندا. هەڵبەت مەدرەسەکانیش دیسان بە فەرمی قەدەغە کراون لە تورکیادا، بەلام لە ویلایەتە کوردییەکاندا خوێندنی مەدرەسە هەمیشە بەردەوام بووە. (ئەم مەدرەسە ئاینییانە لە کوردستانی باشووردا زیاتر بە حوجرە ناسراون - وەرگێڕ). ئەم تۆڕە نەقشبەندییە تایبەتە (ئەرڤاسی - تاغی - ڤێراکانیسی - نۆرشین - ئۆکسین) بە دیاریکراوی بەوە ناسراون کەوا جۆر یان کوالیتیی خوێندنی مەدرەسەیان بەرز بووە. پێدەچێت مەدرەسەی نۆرشین بەناوبانگترینیان بووبێت لە تورکیادا و دوای ئەویش مەدرەسەی ئۆکسین بووە (لە موتکی، بەدلیس)دا کە لە لایەن قوتابییانی شێخ زیائوددینی نۆرشینەوە دروستکراوە.

شێخەکانی ئەم تۆڕە بە خۆدوورگرتن لە شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید مانەوە و هەوڵیشیان دا پەیوەندیی باشی خۆیان بهێڵنەوە لەگەڵ حکوومەتدا، کە بێگومان ئەمە یارمەتیدان بۆ بەردەوامبوون لە ڕۆڵیاندا وەک مامۆستا و ڕابەری ڕۆحیی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە بمێننەوە. هەروەها تۆڕە نەقشبەندییە کوردییەکانی تریش بەردەوام بوون لەسەر کاری نهێنیی خۆیان. تەنانەت خێزان و بنەماڵەی شێخ سەعیدیش تا ڕادەیەک توانییان ڕۆڵە نەریتییەکەی خۆیان بگێڕنەوە وەک سەرکردە و ڕابەری

ســـــیاســـــی و ڕۆحیی خێڵەکانی زازا لەو ناوچەیەدا کە دەکەوتە نێوان دیــاربەکر و ئەرزڕوومەوە، ئەگەرچی بە جێی گومــانی هەمیشــەیی مابوونەوە لە لایەن دەزگاکانی هەواڵگرییەوە. لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥، شێخ سەعید و ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کەســـــوکـاری لەســـــێدارە دران و ئەودوای بنەمــاڵەکەشـــــی دوورخرانەوە بۆ ڕۆژئـاوای تورکیا. لە ســـــالانی ١٩٥٠کـانـدا ڕێگەیان پێدرا لە تاراوگە بگەڕێنەوە و جارێکیتر ڕۆڵی زیاتری گشـتی ببیننەوە، چونکە دەنگێکی زۆر و گرنگیان بەدەسـتهێنا بۆ حیزبە موحافزکارەکان. لە پاش کوودەتا ســەربازییەکەی ســاڵی ١٩٨٠، کــاتێ کە وا دەوڵەت ئیســـــلامی موحــافزەکــاری بە هاوپەیمانێکی بەســـــوودی خۆی دانا دژ بە چەپی ســـــیاســـــی و جووڵانەوەی کورد، مەســـــەلەکە ئاســــان کەوتەوە بۆ ئەوان کەوا ڕۆڵی گشتی ببینن. عەبدولمەلیک فورات و عەبدولئیلاه فورات، کە بە دوای یەکدا بوون بە ســــەرۆک و دەمڕاســـــتی بنەماڵەکە، لە هەڵبژاردندا خۆیان بەربژێر کرد و بوون بە ئەندامی پەرلەمان. لە ســـــالانی ١٩٩٠کاندا، عەبدولمەلیک فورات بەشــــدار بوو لە گەلێ دەســـپێشــخەریی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ دیالۆگی نێوان کورد و تورک و دامەزراندنی حیزبێکی سیاسیی کوردیی موحافزەکار. بەم دواییانەش، عەبدولئیلاه فورات چەندین دەقی بڵاو کردەوە کەوا لەبنەڕەتــدا شـــێخ ســـــەعیـدی بــاپیری نووســـیبووی لە هەوڵدانێکدا بۆ پیشــاندانی ئەوەی کەوا شــێخ

زانایاکی ئیسلامیی قابیل و پایەبڵند بووە[٩].

بەهێزترین تۆڕە نەقشـــبەندییە خالیدییەکان لە تورکیا، یان بەلای کەمەوە ڕوونترینیان، تۆڕە توکییەکان بوون. لە ســـاڵانی ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کاندا ئەمانە وردە وردە هاتنە ئاشـــکرابوون وەک گرووپ و کۆمەڵ "*جەماعەت*" لەگەڵ بڵاوکراوەی تایبەتیی خۆیان و چالاکییە کۆمەڵایەتی و خێرخوازی و خۆشنوودییەکانی خۆیاندا. هەندێ لەم *جەماعەتانە* شوێنکەوتووی زۆر و کاریگەریی سیاسیی بەرچاویان هەبوو. *جەمەعەتی* ئەسکەندەر پاشا، کە بە ناوی ئەو مزگەوتەی ئەســـتەمبووڵەوە ناونرابوون کەوا تێیدا کۆدەبوونەوە، بە شـــێوەیەکی توندوتۆڵ پەیوەســـت بوون بە زنجیرەی ئەو حیزبە ســـیاســـییە ئیســـلامییانەوە کە نەجمەجین ئەربەکان دایمەزراندبوون، هەر لە پارتی ســـەلامەتی میللییەوە Milli Selamet Partisi تا پارتی فەزیلەت Fazilet Partisi. حیزبە حوکمڕانەکەی ئێســـتای تورکیا، واتە پارتی داد و گەشـــەپێدان

---

[٩] دەوڵەت دەستی بەسەر زۆربەی کتێبخانەکەی شێخ سەعید و نووسینەکانی خۆیدا گرت لە ساڵی ١٩٢٥دا و ڕەنگە لەناویشبرابێت. کوڕەزاکەی دواتر دوو نووسـینی شـێخ سـەعیدی بڵاوکردەوە کە دەرباز کرابوون بە ناوی: شـێخ سـەعید ئەفەندی، "*کوتوبهانە ڕیسالەسیٚ*" (نامەی کتێبخانەکەی شێخ سەعید ئەفەندی). تەحریری لە لایەن عەبدولمەلیک فوراتەوە، ئەسـتەمبووڵ: ئاڤێسـتا، ٢٠٢١ و؛ شـێخ سـەعید ئەفەندی، "*مەجمووعەتول فەتاوا (مجموعة الفتاوی) – کۆی فەتواکان*". ئەستەمبووڵ: ئاڤێستا، ٢٠٢٢.

(ئەکەپە)، هەموو ئەم *جەماعەتانەی* خستە ژێر باڵی خۆیەوە. گەلی لە توێژەرانی سۆسیۆلۆجی و سیاسی سەرنج بۆ ڕێبازی نەقشبەندییە ڕادەکێشن وەک فاکتەرێکی سەرەکی لە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیی - سیاسیی تورکیادا[١٠].

## نەقشبەندییە - خالیدییە لە ئیندۆنیسیادا

زۆربەی ساڵانی ١٩٨٠کان، من لە ئیندۆنیسیا دەژیام و لەوێ توێژینەوەم دەکرد و دەرسم دەوتەوە. توێژینەوەکەم بایەخی بە مەسەلەی تر دەدا و بە ڕێکەوت بۆم دەرکەوت کەوا نەقشبەندییە - خالیدییە لە ئیندۆنیسیاش هەیە و لە ڕاستیشدا بەهێزترینی تەریقەتە سۆفیگەرییە جۆراوجۆرەکان بوو، بە گەورەترین ژمارەی شوێنکەوتووانەوە. کاتێ کەوا لە کتێبخانەیەکی ئیسلامیدا دەگەڕام لە شاری باندۆنگ، سەرنجی کتێبێکم دا بە زمانی

---

[١٠] شەریف ماردین، "تەریقەتی نەقشبەندی لە مێژووی تورکیادا"، لە کتێبی، *"ئیسلام لە تورکیای نوێدا. ئاین و سیاسەت و ئەدەب لە دەوڵەتێکی سێکولاردا"*، تەحریری ڕیچارد تاپەر، ل ١٢١ - ١٤٢. لەندەن: ئای. بی. تۆریس، ١٩٩١؛ هاکان یاڤوز، "ڕیزبەبدیبیزووتنەوە ئیسلامییەکانی تورکیای نوێ: تەریقەتی نەقشبەندی". لە کتێبی *"نەقشبەندییەکان لە ڕۆژاوا و ناوەڕاستی ئاسیادا"*، تەحریری ئەلیزابێس ئۆزدالگە، ل ١٢٩ - ١٤٦. ئەستەمبووڵ: ئینستیتیوتی توێژینەوەی سوێدی لە ئەستەمبووڵ، ١٩٩٩؛ ئایشە ساکتانبەر، *"ئیسلامی زیندوو: ئافرەت و ئاین و بەسیاسی کردنی کولتوور لە تورکیادا"*. لەندەن: ئای. بی. تۆریس، ٢٠٠٢.

عەرەبی و بە ناونیشانەکەی ئاشنا بووم کە ئەویش کتێبی: *"تنویر القلوب"* ی محمـد أمین الکوردی بوو. بیرم هـاتەوە کە من ئەم کتێبەم خوێنـدووەتەوە لە کتێبی ئـاربێری بووکـدا Arberry's book لەبارەی سۆفیزمەوە[11]. بە پێی ئاربێری، کە باوەڕی وابوو گوایە سۆفیزم نەریت و تەرادیسیۆنێکە لە سەرەمەرگدایە و ئەمە دوا کتێبی گەورەیە کە شـیکاریی لە لە مەزهەبە سـۆفییەکاندا دەکات. کتێبەکە لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە لایەن کوردێکی نەقشـبەندیی خەڵکی هەولێرەوە نووسـراوە کەوا لە ئەزهەری میسـردا دەرسـی وتووەتە. دۆزینەوەی ئەم کتێبە لە دووکانێکی کتێبفرۆشـیی ئیندۆنیسـیادا تووشـی ڕاچلەکینی کردم و مەراقی ئەوەی پێ پەیداکردم سەبارەت بەوەی کە چۆن دەکری کوردێکی نەقشـبەندی ناسـراو بووبیت و ئاخۆ هیچ پەیوەندییەک بووە لە نێوان ئیسلامی کوردی و سۆفیگەریی نەقشبەندیدا لە ئیندۆنیسیا؟

پاشـان بۆم دەرکەوت کە محمد أمین الکوردی تاقە عالم و سـۆفیی کورد نەبووە کەوا کتێبەکـانی لە ئینـدۆنیسـیادا خوێندرابێتنەوە، بەڵکوو لە واقیعدا زۆر بوون و ڕەنگە ئەمەش وا لێکبدرێتەوە کە موسڵمانە ئیندۆنیسییەکانیش وەک کورد شافیعین. یەکێک لە شـکۆدارترین و ناوازەترین کتێبەکان لەسـەر فیقهی شـافیعی، کە لە ئـاسـتیکی بەرفراوانـدا لە نـاو عولەمـا

[11] ئە. جەی. ئاربێری، "سۆفیگەری". لەندەن: جۆرج ئالەن و ئەنوین، ١٩٥٠.

ئیندۆنیسییەکاندا ناسراوە، لێدوان یان تەعلیقە لەسەر "*مینهاجول قەویم – منهاج القویم*" ی ئیبن حەجەر، کە لە لایەن موحەممەد بن سولەیمان ئەلکوردییەوە نووسراوە (کە ساڵی ١٧٨٠ کۆچی دوایی کردووە و یەکێک بووە لە زانا پێشەنگ و بەرچاوەکانی ئەزهەر لە سەدەی هەژدەدا. زیاد لە سەدەیەک لەمەوپێش، هەندی لە بەناوبانگترین سۆفییەکانی ئیندۆنیسیا لە ساری مەدینە لەسەر دەستی ئیبراهیم ئەلکوورانیی ئەلشەهرەزووری – إبراهیم الکورانی الشهرزوری (کە لە ساڵی ١٦٩٠دا کۆچی دوایی کردووە) خوێندوویانە، یان لەسەر دەستی موحەممەد ئیبن عەبدولڕەسوول ئەلبەرزنجی – محمد بن عبدالرسول البرزنجیی جێگرەوەکەی، کە موفتیی شافیعیی مەدینە بووە.

ئەمە ئەوەش دەردەخات کە چۆن نەقشبەندییە – خالیدییە لە ئیندۆنیسیادا بڵاوبووەتەوە، بەو هۆیەوە بووە کە لە لایەن ئەو ئیندۆنیسییانەوە براوەتەوە کەوا فەریزەی حەجیان بەجێهێناوە و دواتر بۆ خوێندن ماونەتەوە لە مەککە و مەدینە یان قاهیرە. مەولانا خالید لە ژیانی خۆیدا، عەبدوڵڵا ئەرزنجانیی وەک خەلیفەیەکی خۆی لە مەککە داناوە و نازانرێت کە ئاخۆ ئەرزنجانی مورید و شوێنکەوتەی ئیندۆنیسیی هەبووە یان نە، بەڵام بە دڵنیاییەوە جێگرەوەکانی هەیانبووە. لە دوا دەیەکانی سەدەی نۆزدەدا گەلێ لە ئیندۆنیسییەکان هەر یەکەو بە ئیجازەیەکەوە لە مەککە گەڕاونەتەوە بۆ پراکتیزە کردن و ڕاهێنان یان ڕێنمایی

کردنی تەریقەتی نەقشبەندییە و هەر زوو دەستە و گرووپەکانی نەقشبەندی لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئیندۆنیسیا دروستبوون. من سەردانی زۆرترین ویلایەت یان پارێزگاکانی ئیندۆنیسیام کردووە کە دانیشتووانی موسڵمانیان تێدابووە و بە هەمان شێوەش مالیزیا و بوونەی و نزیکەی لە هەموو شوێنێک نەقشبەندییەکانم ددۆزیوەتەوە و بینیومن.

ئەو بابەت و وتارانەی لە کۆکراوەیەدا لەسەر ئیندۆنیسیان ئەوە دەردەخەن کەوا چۆن نەقشبەندییە بەخێرایی بڵاوبووتەوە لەوێ، هەروەها چۆن بە شێوەیەکی ڕوولەزیاد خۆی گونجاندووە لەگەڵ کولتوور و پێداویستییە ناوخۆییەکاندا. ئەو تۆڕە نەقشبەندییانەی کە ئێستا هەن بەزۆری جێگەی ئەوانی پێش خۆیانیان گرتووەتەوە، چونکە مامۆستا و ڕابەرانی نوێ لە ژێر چاودێری و پشتگیریی ئەکتەرە سیاسییە بەهێز و دەسەڵاتدارەکاندان یان لە دەرەوە گەڕاونەتەوە بە ئیجازەیەکی نوێ و شکۆدارەوە. حاجی جەلالەدینی خەڵکی سۆمەترەی ڕۆژاوا توانیویەتی تۆڕێکی نیشتمانی دروست بکات لەو مورید و شوێنکەوتووانەی کەوا بە خولی ئاڵوگۆڕی نامە و نووسراو ڕاهێنانی پێکردبوون و بەم ڕێگەیە زۆرێک لە مامۆستا و ڕابەرانی تری نەقشبەندیی جێگیری سۆمەترەی ڕۆژئاوی گۆڕی بە هیتر، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆریان لە خۆی خوێندەوارتر بوون. دواجار قادرون یەحیای زاواشی جێگەی ئەمی گرتەوە و لە

سەرانسەری سۆمەترە و جاوا و دوورگەکانی تریشدا زاوییەی یان (تەکیی) دروستکرد و زۆرێک لە کەسانی دەسەڵاتدار و کاریگەری سیاسی و بازرگانی و ئەستێرەی سینەما و هونەرمەندانی تر بوون بە بەشێک لە مورید و شوێنکەوتووانی.

دوا نوێترین شەپۆلی کاریگەریی نەقشبەندی کەوا ئیندۆنیسیا ڕامالی، کە باسی نەهاتووە لە وتارەکانی ئەم کۆکراوەیەدا، لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠دا گەیشتووە، کاتێ کە شێخ نازم ئەقوبرسی و هیشام کەببانیی خەلیفەی هەوڵیاندا جێپێیەک بۆ لقە نەقشبەندییەکەیان دابنێن لە وڵاتێکی گەورەی زۆرینە موسڵماندا. شێخ نازم و لقە نەقشبەندییەکەی، کە دواتر ناوی هەققانییەی لێنا و (لە ئێستاشدا ناوی نازمییەی لێنراوە)، لەو نەقشبەندییانەی تر کە باسکراون تەواو جیاوازە. شیخ نازم ئیددیعای ئەوە دەکات کە نەوەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و مەولانا جەلالەددینی ڕوومییە و ئیجازەی نەقشبەندیی لە شێخێکی داغستانییەوە وەرگرتووە، بە ناوی شێخ عەبدوڵڵای داغستانی، کە لە دیمەشق دانیشتووە و وایشی لەقەڵەمدەدا کە *سیلسیلەیان* دەگەڕێتەوە بۆ مەولانا خالید لە ڕێگەی خەتێکی شێخە قەوقازییەکانەوە تا دەگاتە ئیسماعیل ئەلشیروانیی خەلیفەی مەولانا خالید.

شێخ نازم زۆر سەرکەوتوو بوو لە بڵاوکردنەوەی نەقشبەندیدا بەرەو ڕۆژاوا. زۆرێکیش لە مورید و شوێنکەوتووەکانی لەوانە بوون کە تازە هاتبوونە سەر ئاینی ئیسلام. لقی تەریقەتەکەی ئەم

بوو بە ڕێبازێکی بەهێز لە بەریتانیا، کە خودی شـێخ نازم تێدا بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ چـالاک بوو، هەروەهـا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشـــدا کە هیشـــام کەببانیی خەلیفەکەی خۆیی بۆ نارد و لە کیشـوەری ئەورووپاشـدا و بەتایبەتی ئەڵمانیا. شــێخ نازم و موریدەکانی، لە ســۆفییەکانی تر زیاتر ، ســوودی باش و چڕیان لە پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکانی میدیا تەلەفۆنی مۆبایل و ئینتەرنێت وەرگرتووە. تەنانەت شێخ هیشام وایکردووە کە لە ئینتەرنێتەوە *بەیعەتی* بـدرێتێ، لە ڕێگەی تۆمـارکردنی چوونەژوورەوە بۆ وێبسایتی شێخ لەسەر تۆڕی ئیتەرنێت. زۆرێک لە مورید و شوێنکەوتە ڕۆژاواییەکان زیاتر بایەخ بە "ڕۆحانییەتی" گشـــتی دەدەن وەک لەوەی پابەندی توند بن بە شـــەریعەتی ئیســـلامییەوە. بەم جۆرە "هەققـانییە" بووە بە "مۆدێرنترین" و نێودەوڵەتیترین و پێشکەوتووترین لقی تەریقەتی نەقشبەندی.

ئەمە گەیشتووەتە چین و توێژێکی جەماوەری ئیندۆنیسیش. لە سەرەتای سالآنی ٢٠٠٠کاندا، هەققانییە شوێنکەوتوویەکی زۆری لە ئیندۆنیسیا پەیداکرد. شێخ هیشام و دواتر شێخ نازم خۆیشی سەردانی گەلێ کەسایەتیی سیاسەتمەداری ئیندۆنیسی و ڕابەرانی ســـۆفییـان کرد و هەوڵیـاندا هەموویـان ڕابکێشـــنە ژێر باڵی هەققانییەوە و بۆ نزیکەی دەیەیەک سەرکەوتوو بوون. زۆرێک لە کۆمەڵگە یان کۆمیونیتییە سۆفییە ناوخۆییەکانی کەوا هەستیان بە بە مەترســیی پرۆپاگەندەی ســەلەفی دەکرد پارێزگارییان لەوەدا

دەبینییەوە کە بچنە پاڵ تۆڕی نەقشـبەندیی – هەققانی. زۆرێکیش لە شـوێنکەوتووە نوێکانی شـێخ هیشـام و شـێخ نازم پاشـخانێکی بەهێزیان نەبوو لە ڕۆشـنبیریی ئیسـلامیدا بەڵام هەندێ شـتی تەکنیکییان خوێندبوو یان پاشـخانێکی کار و بازرگانییان هەبوو. هەندێکیان پێشتر کەسانی چالاک بوون لە بزووتنەوە ئاینییەکانی تردا و ئەو ئەزموونەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. شـێخ هیشـام ڕێگەی پێدابوون هەندێ مێتۆدی ڕاهێنان و پەرستشـی تر ئیزافە بکەن، وەک زیکرکردنی دەنگی بەرزی تەریقەتەکانی قـادرییە و خەڵوەتییە و سـەما و سـووڕانەوە و لوولخواردنی سـۆفییانی تەریقەتی مەولەوییە، لەسـەر ئاوازێکی تایبەتی مۆسیقا کە یەکێک لە تیمەکانی تەریقەتەکە بیژەنن.

لە ڕێگەی چوونەنـاو ئەم تەریقەتە سـۆفییە دینـامیکی و نێودەڵەتییەوە، زۆرێک لە ئیندۆنیسـییەکان هەسـتیان بەوە دەکرد کەوا بوون بە بەشـێک لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی جیهـانی کە پێشـکەوتووترین تەکنۆلۆجیـای پەیوەنـدیکردن پێکیـانەوە دەبەسـتێت. سـووڕانەوە و لوولخواردنی سـۆفییانە و ئاوازی مۆسیقای سۆفییانە هۆکاری کاریگەر بوون بۆ دەعوە و موريد و شـوێنکەوتووی نوێی بەکێش دەکرد و بەئاسـانی هەققانییەی لە تەریقەتە سـۆفیگەرییە نەریتییەکـانی تر جیـادەکردەوە. ئەم "سـۆفیگەرییە شـارسـتانییە"، وەک لە ڕۆژنامە و هۆکارەکانی ڕاگەیـاندنی ئەو ڕۆژگـارەدا نـاوزەد دەکرا، گەلێ خەڵکی گەنجی

خوێندەواری چینی ناوەڕاستی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، کەوا هەستیان بە پێویستیی هەندێ فۆرم و شێوەی ڕۆحانییەت بوو بەڵام بێزار بوون لە ئیسلامی نەریتی و مەیلیشیان بە لای ئیسلامی سیاسیی ئیندۆنیسییەوە نەبوو، کە خۆی لە ئیخوان موسلیمین و سەلەفییەکاندا دەبینییەوە. وا دیاربوو تەریقەتی نەقشبەندیی - هەققانی لەوەدابوو ببێتە یەکێک لە تەوژمە سەرەکییەکانی ئیسلامی ئیندۆنیسی. بەڵام ئەم خەونە بەوە تێکچوو کاتێ کەوا ناکۆکی و ململانێیەکی توند سەریهەڵدا لە ناو تەریقەتەکەدا، چونکە شێخ نازم نەخۆشکەوت و لە گیانەڵادا بوو و ناکۆکییەکی توند بۆ جێگرتنەوەی بەرپابوو لە نێوان محەممەد عادیلی کوڕی و شێخ هیشامدا. چیرۆک و بەسەرهاتی تەواوی دەرکەوتن و لێژبوونەوەی بەختی هەققانییە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هێشتا ماوەتەوە بۆ نووسین.

## ساداتی نەهری

## یان گەیلانیزادە لە کوردستانی ناوەڕاستدا

بنەماڵەیەکی *عولەما* ئیددیعای ئەوە دەکەن کە نەوەی عەبدولقادری گەیلانین، ڕۆڵێکی سیاسیی گرنگ و بەرچاویان گێڕاوە لە مێژووی کوردستانی ناوەڕاستدا لە دوادوایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا. ئەم بنەماڵەیە بە ساداتی نەهری دەناسرێن بە پێی ئەو گوندەی کە تێیدا نیشتەجێن و ناوی نەهرییە لە ناوچەی شەمدینان. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠دا سەرکردایەتیی شۆڕشێکی کرد کە بە یەکەم شۆڕشی کورد دادەنرێت کەوا مۆرکێکی نەتەوەیی هەبێت. هەروەها کوڕ و نەوەکانی ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە جووڵانەوەی کورددا، لە پاڵ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابووریی خۆیاندا.

ئێمە بۆ ئەو زانیارییە زۆرەی کەوا لەبارەی ڕەچەڵەک و مێژووی ئەم بنەماڵەیە بەدەستمانهێناوە قەرزاری باسیل نیکیتینین، کە لە ساڵانی ١٩١٥ تا ١٩١٨ کونسوڵی ڕووسیا بووە لە ورمێ و لەوێ لە ناو ئاوارەکانی جەنگدا کە لە تورکیاوە گەیشتبوون چاوی کەوتبوو بە مەلایەکی خوێندەواری کوردی خەڵکی نەهری بە ناوی سەعید قازییەوە. مەلا سەعید بووەتە

مامۆســتایەکی تایبەتی نیکیتین و لە ســەر داوای ئەو زنجیرەیەک دەقی نووسـیوە لە سـەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینیی کوردسـتانی نـاوەڕاســـــت، کەوا دواتر نیکیتین وەرگێڕانەکەیـانی بڵاوکردەوە (نیکیتین و ســــۆن ١٩٢٣؛ نیکیتین ١٩٢٥ ئە، ١٩٢٥ بێ). جێی سەرسوڕمان نییە کەوا ساداتی نەهری ڕۆڵی سەرەکی ببینن لەو گێڕانەوانەدا، چونکە مەلا ســەعید لە ڕۆژگاری محەممەد ســدیقی کوڕی عوبەیدوڵلادا بووبووە مامۆستایەکی ئاینی لە نەهریدا.

## ڕەگ و بنەچە

ســـــاداتی نەهری ئیـددیعـای ئەوە دەکەن کە لە نەوەی عەبـدولعەزیزی کوڕی عەبـدولقـادرن (گەیلانی - و)، کە بەپێی نەریت و ترادیســـیۆنی بنەماڵەکە لە ئاکرێ (باکووری ڕۆژهەڵاتی مووســــڵ جێگیر بووە و لەوێ ڕینمـایی و تەعـالیمی بـاوکی بڵاوکردووەتەوە. هەروەهـا لە ئـاکرێیش نێژراوە، کە مەزارەکەی بەپێی قســەی مەلاســەعید، جێگەی ســەردان و زیارەت بووە لە ســەرەتاکانی ســەدەی دووەمدا (کۆچی - و) و ئەبوبەکری کوڕی عەبدولعەزیز لە باکوور نیشـتەجێ بوو، لە ناوچە شـاخاوییەکانی خێڵی هەرکیدا لە شــەمدینان. ســێ چوار پشــتی دواتری، کە مەلا حاجی بووە لە گوندێکی تری شــەمدینان نیشــتەجێ بووە، لە ناو عەشـیرەتی خوماروی دەراوسـێدا. دیسـان چەندین پشـتی دواتر،

مەلا ساڵحی سەرۆکی بنەماڵەکە، لەگەڵ هەردوو کوڕەکەیدا، عەبدوڵڵا و ئەحمەد، گواستوویانەتەوە بۆ گوندی نەهری. بنەماڵەکە ئیددیعای ئەوە دەکەن کەوا بە زنجیرەیەکی بەردەوام لە سەردەمی عەبدولعەزیزەوە ئیرشادی تەریقەتی قادرییان کردووە. بەهەرحاڵ، گواستنەوە بۆ نەهری هاوزەمان بووە لەگەڵ دەسبەردار بوونی ڕێبازی بنەماڵەکە و چوونە سەر تەریقەتی نەقشبەندیی - خالیدی[1]. لێرە سەید عەبدوڵڵا و (هەروەها بەپێی هەندێ سەرچاوە، سەید ئەحمەدی برایشی) بوون بە خەلیفەی مەولانا خالیدی ڕابەر و مژدەدەری گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی، کەوا خودی خۆیشی پێشتر لە سەر دەستی سەید عەبدوڵڵا تەمەسوکی کردووە بە تەریقەتی قادرییەوە. لە پاش کۆچی دوایی عەبدوڵڵا سەید تەهای کوڕەزای جێیگرتەوە، کەوا ئەمیش ئیجازەی لە مەولانا خالید وەرگرتووە (مەکنزی، ١٩٦٢: ١٦٢ - ١٦٣).

چەندین لقی تری تەریقەتی قادری *سیلسیلەی* خۆیان دەبەنەوە سەر عەبدولعەزیز (کە ساڵی ٦٠٢ / ١٢٠٥ - ١٢٠٦ مردووە)، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم پەیوەستبوونە بەباشی لێکگرێنەدراون - چون دۆخی سەرەتاکانی قادری بە شێوەیەکی گشتی. جیلالا لە باکووری ئەفریقا، کە شێخ عەبدولقادر بە شێخی شکۆداری خۆی دەزانێت و وەلای بۆ بنەماڵەیەکی پیرۆز هەیە لە

[1] نیکیتین ١٩٢٥ ب: ل ١٥٦ - ١٥٧؛ ١٩٥٦: ٢١١ - ٢١٤.

فاس، که ئەوانیش شورەفای جیلالان و ئیددیعای ئەوە دەکەن کە نەوەی عەبــدولقــادرن لە عەبــدولعەزیز و ئیبراهیمی برایەوە (مارگۆلیۆس ١٩٧٤: ٣٨٢). لقی قادری کە باڵادەســـتە لە ئەمڕۆی ئیندۆنیسیادا دیسان *سیلسیلەی* خۆی دەباتەوە سەر عەبدولعەزیز و جێگرەوەیەکی بە ناوی موحەممەد ئەلحەتتاک[٢].

لە سـەرچاوە عەرەبییە بەراییەکاندا ئیشـارەت بە عەبدولعەزیز کراوە (لەگەڵ ئەوەشــدا کە دەگەڕێنەوە بۆ زیاد لە ســەدەیەک لە دوای مردنی)، کە باس لە ئەگەری بەردەوامبوونی دەکەن لە سەر ئیرشـادی باوکی – کە سروشـتی هەرچییەک بووبێت. ئەلواسـیتی (٧٤٤ / ١٣٤٣) جەخــت لەوە دەکــاتەوە کەوا عەبــدولڕەزاق و عەبــدولعەزیز تەنهــا کوڕ بوون کە شـــوێن کــار و پیشـــە ســـێکولارەکانیان نەکەوتبوون (تریمینگهام ١٩٧١: ٤٢). هەر لەم ڕووەوە مارگۆلیۆس – هەرچەندە ڕوون نییە کە بەپێی بنەمای چ ســـەرچـاوەیەکە – بـاس لە گوندی جیال دەکـات لە ســـنجـار

[٢] بڕوانە مارتن ڤان بروونەســـن ... زۆربەی ناوەکان لەم ســـیلســـیلەیەدا ناتوانرێت دەســـتنیشـــان بکرێت، لەوانەی کە پشـــتگیریی گومانەکانی ئێمە دەکەن لەبارەی مێژووســـازیی ئەم پێکەوە گرێدانەی یەکەم ســـەدەکان لە دوای ســـەردەمی ژیانی شـــێخ عەبدولقادری (گەیلانییەوە). بەهەرحاڵ، ناوەکانی یەکەم یەکەم حەوت یان هەشت نەوە یان پشت هاوشێوەن لەگەڵ تەواوی ئەو سـیلسـیلە سـەربەخۆیانەی قادری کە لەلایەن بورتۆنەوە باس کراون لە کتێبەکەیدا "*حەج Pilgrimage*".

(ڕۆژئاوای مووســـــڵ) نەک ئاکرێ کە عەبدولعەزیز تێیدا کۆچی دوایی کردووە (مارگۆلیۆس ١٩٧٤: ٣٨٣).

هێڵکاریی هاوپێچی سەجەرەی ڕەچەڵەکی سەرەکیی بنەماڵەکە ئەو خەتە دەردەخات کە ئەندامە ســــەرەکییەکانی بنەماڵەکەی بۆ دەگەڕێنەوە[٣] و من تێیدا هیچ ئیشــــارەتێکم نەبینیوە بۆ ســــاداتی نەهری لە پێش "وەرچەرخانیان" بۆ ســــەر ڕێباز یان تەریقەتی نەقشبەندی. ئەوان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە دەرکەوتن، لە ئەنجامی گۆڕانکاری لە هاوســــەنگیی هێزی هەرێمیدا و هەروەها بە هۆکاری پەیدابوونی ئەو مژدەدەرانەی بە سیفەتی ئەوەیان کە دەســــەڵاتی پێشــــەنگی ئیســــلامین لە ناوچەکەدا بە ئاشــــکرا نوێنەرایەتیی هێزێکیان دەکرد کە حیسابی بۆ دەکرا و بەو پێیەش بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی لەبارەوە دەدرا.

چاکســـازییە کارگێڕییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوســـمانی لە ژێر ســــــایەی ســــوڵتــان مەحموودی دووەم (١٨٠٨ - ١٨٣٩) و عەبدولمەجید (١٨٣٩ - ١٨٧٦) ســــەربەخۆیی بنەماڵە کوردەکانی نەهێشــت کە بۆ چەندین پشــت و نەوە بوو حوکمی ئەو ناوچە و

[٣] چارت یان ڕەچەڵەکنامەی هاوشـێوە هەیە لە کتێبەکەی نیکیتیندا ١٩٢٥ ب: ١٥٦ و دیسـان ١٩٥٦: ٢١٣، کە ئەمیش ژمارەیەک لقی هاوشـێوە پیشـاندەدا. هەروەها بڕوانە چارت یان ڕەچەڵەکنامەکان لەمانەی خوارەوە، بروونەســـن ١٩٩٢: ٣٢١، ٣٢٩ - ٣٣١ و یاڵچین هەکمان ١٩٩١: ٢٩٦.

شوێنانەی کوردستانیان دەکرد کە بە ئاسانی ڕێگەی پێگەیشتنیان نەبوو. ئەمەش بنەماڵەی شەمبۆی هەکاریی دەگرتەوە (کەوا نووروڵڵای دوا حوکمڕانی لە ساڵی ١٨٤٩دا لابرا و دوورخرایەوە بۆ دوورگەی کرێت) و بنەماڵەی عەباسیی بەگزادەی شەمدینان. وەک ئەوەی لە شوێنەکانی تری کوردستان ڕوویاندا، ئەو بەرپرس و کارمەندانەی دایاندەنان نە شەرعییەتیان هەبوو نە بارودۆخی پێویستی ئەو ناوچەیەش تێدەگەیشتن کە تێیدا جێگەی حوکمڕانە "فیوداڵە" لەکارخراوەکانیان گرتبووەوە و ئەمەش وای لە ڕابەرە ئاینییەکان کرد کە ڕۆڵی سیاسی بگێڕن[٤]. بەم پێیە دەسەڵاتی دیفاکتۆ لە ناوچەیەکی گەورە و بەرفراوانی کوردستانی ناوەڕاستدا گوێزرایەوە بۆ شێخ سەید تەها، کە لە واقیعدا لە دوا ساڵەکانی نووروڵڵا بەگدا وەک ناوبژیوان کاری دەکرد لە نێوان ئەم و دەسەڵاتدارانی عوسمانیدا[٥].

سەید تەها زۆر باش ئاگاداری پەرەسەندنە جیۆپۆڵەتیکەکان بوو لەم ناوچە بەرفراوانەدا و بە شێوەیەکی تایبەتی نیگەران بوو لە پەلهاوێشتنی ڕووسیا بەرەو باشوور و زیادبوونی دەسەڵاتی

---

[٤] ئەم پەرەسەندنە لە بروونەسن ١٩٩٢: ٢٢٤ - ٢٣٤ شیکاریی بۆ کراوە.

[٥] بڕوانە یالچین هەکمان ١٩٩١: ٥٧ - ٦١ بۆ باسێکی دوا ساڵەکانی نووروڵڵا، بە زۆری بەو بەڵگەنامە عوسمانییانە دەبەستێ کە لە لایەن نەزمی سەقگەنەوە بڵاوکراونەتەوە.

هێزە ئیمپریالییە سەرەکییەکان (بەریتانیا و ڕووسیا و فەرەنسا) لە سەر ئیپمپراتۆرییەتی عوسمانی. لە ماوەی جەنگی کریمیاشدا (١٨٥٤ – ١٨٥٦) خۆی بەشەخسی بەشداریی *جیهادی* کردووە دژ بە ڕووسیا[٦]. هەروەها نامە و نامەکاریی هەبوو لەگەڵ شێخ شامیلی پاڵەوانی بەرگریی داغستانی دژ بە ڕووسیا (کە لە ساڵی ١٨٧١دا مردووە) و تەنانەت پێدەچێت کە جەنگاوەرانی کوردی ناردبێت بۆ داغستان بۆ بەشداربوون لە بزووتنەوەی بەرگریدا[٧].

## شێخ عوبەیدوڵڵا

شێخ عوبەیدوڵڵاش وەک باوکی لە خەم و دڵەڕاوکێدا بوو و لە جەنگی ڕووس و عوسمانیدا (١٨٧٧ – ١٨٧٨) حکوومەتی عوسمانی کردی بە فەرماندەی هێزی عەشیرەتە کوردەکان و ئەمەش بەرەو چالاکیی سیاسی پاڵی پێوەنا. ساڵێک لە پاش جەنگەکە بۆ ماوەیەکی کورت شۆڕشێکی بەرپا کرد دژ بە ئیدارەی هەرێمیی عوسمانی و سەلماندی کەوا توانای پیادەکردنی دەسەڵاتێکی کارا و کاریگەری هەیە لە کوردستانی ناوەڕاستدا و لە ساڵی ١٨٨٠دا هێزە کوردییە خێڵەکییەکانی سەر بە شێخ

---

[٦] یاڵچین – هەکمان ١٩٩١: ٦٣، لەپاش ئینسکلۆپیدیای یورت.

[٧] گەممەر ١٩٩٤: ٢٥١. شێخ شامیل و و عولەما چالاکەکانی تری باکووری قەوقاز، وەک شێخ سەید تەها، پەیوەست بوون بە ڕێبازی نەقشبەندیی – خالیدییەوە.

عوبەیدوڵلا ناوچە نزیکەکانی دەراوسـێیان گرت لە ئێراندا بەو نیازەی ئیدارەی کارگێڕیی ئیداریی ئێران بگۆڕن کە جەماوەرێتیی نەبوو لە ناوچەکەدا و لەجیاتیدا شـێخ حوکم بکات. هەندێ بەڵگە و ئاماژە هەن کەوا ئەمە بە یەکەم ڕاپەڕینی کورد لەقەڵەم بدەن بە مۆرکێکی نەتەوەیی ڕوون و ئاشـکراوە. شـێخ لە نامە و نووسـراوکاریدا لەگەل بیانییەکان لەبارەی کوردەوە وا قسـەی کردووە کە بە شێوەیەکی بەرچاو خەڵکانیکی جیاوازن لە ئەرمەن کە ڕووسـیا ناسـیۆنالیزمی وروژاندووە لایان و سـکالای دەربڕیوە لە ئیدارەی خراپ و گەندەڵی فارسـی و عوسـمانی. هەروەها بەرپرس و کاربەدەستانی عوسمانی و مسیۆنێرەکان (مژدەدەرەکان) و کونسـوڵە بیانییەکان باوەڕیان وایە کە بەنیازی دامەزراندنی میرنشینێکی سەربەخۆی کورد بووە.

ڕۆڵی سەربازیی شێخ لە جەنگی ڕووسیا - عوسمانیدا پێگە و هەڵوێستی ئەوی دووپات کردەوە و (بە هەمان شێوەش تێگەیشتن لە خۆی) کەوا سەرکردە و ڕابەرێکی کوردی وایە کە لە ئاستێکی بەرفراواندا ڕێزی لێدەگیرێت. زۆربەی ئەو چەک و جبەخانەیەی درابوو بە عەشـیرەتەکان لە ماوەی جەنگدا لە کوردسـتاندا مابووەوە و ئەمەش پێگەی شـێخی بەهێزتر کردبوو. پێدەچێت هۆکاری سەرەکی شۆڕشەکەی شێخ ئەو تێگەیشتن و بۆچوونەی بێت کەوا ئەرمەنەکانی وان، بە یارمەتی و هاوکاریی نێودەوڵەتی، خۆ ئامادە دەکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ و

لەولاشـــەوە نەســـتوورییەکان لە ناوچەکەیدا داوای پارێزگاریی بەریتـانییـان کردبوو[٨]. بەهەرحـاڵ، هۆکـارێکی تریش کە خۆی بەردەوام دووپاتی دەکردەوە، حوکمڕانیی خراپ و ســـتەمکردن بوو لە لایەن ئیدارەی ناوخۆوە و شـــکســـتخواردنی لە ڕێگرتنی تالانی و ڕاووڕووت لە لایەن خێڵە کوردە گەورە و کۆچەرەکانی هەرکی و شـکاکەوە. شـێخ لە سـاڵی ١٨٧٩دا بۆ ماوەیەکی کورت لە دژی دەســـەڵاتی ئیدارەی هەرێمیی ڕاپەڕی بە هۆی ناکۆکی و ململانێیەکەوە لەگەڵ حاکمی گەڤەردا. بەڵام سـەرەڕای هێرشـێکی

[٨] مـادە ٥١ی پەیمـاننـامەی بەرلین، کە لەنێوان زلهێزە ئەوروپییەکـان و ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانیدا مۆرکراوە لە پاش جەنگی ڕووسـیا و عوسـمانی بابی عالی پابەند کردووە بەوەی کە "بێ دواکەوتنی زیاتر ئەو چاکســـازی و ڕیفۆرمـانە جێبەجێ بکـات کە داواکـاریی نـاوخۆییە لەو ویلایەتـانەدا کە ئەرمەن تێیاندا نیشـــتەجێن ە ئاســـایش و ئارامییان مســـۆگەر بکرێت دژ بە چەکەســـــی و کوردەکـان" (جوەیـدە ١٩٦٠: ٢٨٢ن). هـاتنی کونســـوڵە ســـەربازییەکانی بەریتانیا ناوچەکە لە لایەن زۆرێک لە کوردەکانەوە وەک دەســـتێوەردانێکی ڕاســـتەوخۆ لێکدەدرایەوە لێکدەدرایەوە.باس وایە کەوا عەبەیدوڵڵا لە ساڵی ١٨٨٠دا بە ئەفسەرێکی تورکی وتبیت کەوا: " ئەمە چییە من دەیبیســـتم کەوا ئەرمەنەکان بەدەســـتیانەوەیە دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ لە واندا دروســـت بکەن و نەســـتوورییەکان ئاڵای بەریتانیا بەرز دەکەنەوە و خۆیان وەک ڕەعییەتی بەریتانیا ڕاگەیاندووە. من هەرگیز ڕێ بەمە نادەم، تەنانەت ئەگەر ژنانیشم خستووەتە ژێر باری چەک هەڵگرتنەوە" (بەو پێیەی کە ڕاپۆرتێک گوێزراوەتەوە بۆ کتێبەکەی جوەیدە ١٩٦٠: ٢٣٣).

پێچەوانەی کورد بۆ سەر ئەو فەوجە عوسمانییەی نێردرابوو بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی، مەسەلەکە بە شێوەیەکی دۆستانە چارەسەرکرا و کاربەدەستی سەرپێچیکار دەرکرا و شێخیش بە مێدالێک و بڕینەوەی مووچەیەک خەڵاتکرا لەپای خزمەتەکانی لە جەنگی ڕابوردوودا.

سەرباری ناڕەزایی و بەرپەرچدانەوەی شێخ بۆ خولیا و مەرامەکانی ئەرمەن، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەستوورییە کریستیانەکانی دەراوسێی نزیکی باش بوو لە ماوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠دا. لە ڕاستیشدا، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، نەستوورییەکان پشتیوانییان لێکردووە. بە هەمان شێوە پەیوەندیشی هەبوو لەگەل ئەو مسیۆنێرە بیانییانەی لە ناوچەکەدا کاریان دەکرد، کەوا بە شێوەیەکی گشتی لایەنگرییان دەکرد. لە کاتی داگیرکردنی وڵاتی فارسدا (ئێران)، شێخ محەممە سەعیدی زاوا و خەلیفەی بە کونسوڵی گشتیی بەریتانی لە ورمێ و نێردە ئەمریکییەکانی گوتبوو کەوا "ئامانجی عوبەیدوڵڵا سەرکوتکردنی جەردە و ڕێگر و گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامییە لە چوارچێوەی سنووری تورکیا و ئێراندا و بە یەک چاو تەماشا کردنی کریستیان و موسڵمانەکانە و پەسەند کردنی خوێندەوارییە و ڕێگەدانە بە دروستکردنی کەنیسە و قوتابخانە" و داوای پشتگیریی مۆراڵیی ئەوروپییەکانی کرد بۆ ئەم پرۆژەیە (جوەیدە ١٩٦٠: ٢٣٩).

بەو پێیە شۆڕشەکە کوردەکانی بەرەوڕووی کریستیانەکانی ناوخۆ یان گرووپە ئیتنیکییەکانی تر نەکردەوە. هێزەکانی شێخ لە سێ سوپادا ڕێکخران بە فەرماندەیی هەردوو کوڕەکەی محەممەد سدیق و عەبدولقادر و محەممەد سەعیدی زاوای و پێکهاتبوون لە زۆربە خێڵەکانی ناوچەکە و ئەمەش جارێکی تر بەڵگەیە کە دەسەڵاتی شکاوە بەسەر دابەشبوون و ململانێ و ناکۆکیی خێڵەکاندا[9]. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێک لە ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی داگیرکاریی لە وڵاتی فارسدا تەمێکردنی خێڵی گەورەی کوردی شکاک بوو کەوا گەلێ جار جووتیارانی کورد و ئازەری و نەستوورییان تاڵان دەکرد لە دەشتی ورمێدا. کەچی بە هەمان شێوە، پیاوەکانی شێخیش بە ڕۆڵی خۆیان کەوتنە تاڵانکردن، بەڵام لەو شارۆچکانەی ناوچەکەدا کە کورد تێیاندا نیشتەجێ بوو پێشوازییان لێکرا و خێڵە کوردەکانی ناوچەکە چوونە پاڵیان و هەموو کاربەدەستە فارسەکان هەڵاتن.

جووڵانەوەکە مۆرکێکی دژ بە شیعەی وەرگرت پاش ئەوەی دانیشتووانی ئازەرییە شیعەکانی شاری میاندواب بەرهەڵستییان

---

[9] خەمڵی قەبارەی ئەم هێزانە لە لایەن چاودێرانی هاوچەرخەوە (بە ورد و درشتی لە کتێبەکەی جوەیدەدا تۆمار کراوە، جوەیدە ١٩٦٠: ٢٦٠ – ٢٦٥) بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازن. گەورەترین ژمارەیان لە هەندێ شوێن لە نێوان ١٠ – ٤٠ هەزار پیاوە بەڵام لە ماوەی هێرشەکەدا کەمبووەتەوە بۆ ١٥٠٠، چونکە ڕێکوڕەوان پیاوەکان گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانیان.

کرد و ئەو نێردە کوردانەیان کوشــت کە بۆ داواکردنی زەخیرە و پشتیوانی بۆ هێزەکانی شێخ چووبوونە لایان. پێدەچێت *فەتوایەکی* گەورەی مەلاکانی سابڵاخ (مهاباد) کە بانگەشەی جیهادی کردبوو دژ بە شـــیعەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینیبێت[١٠]. ئەوجا هێرش کرایە ســەر میاندواب و چەند هەزار کەســێکی دانیشــتووی ئەو شــارە قەتڵوعام کران. پاشــان هێزە کوردییەکان لەم بەرەیەوە بە فەرماندەیی شـــێخ عەبدولقادر پێشـــرەویی زیاتریان کرد بەرەو خــاک و نــاوچەکــانی ئــازەری و لە تۆڵەکردنەوەدا تــا مەراغە دێهاتەکانیان تالانکرد و سووتاندیان.

دواجــار ســــەرکوت کردنی ڕاپەڕینەکە لە لایەن هێزەکــانی ئێرانەوە بە هەمان ئەندازە توندوتیژ و خوێناوی بوو ئەگەر زیاتر نەبووبێت. لە دەشتی ورمێدا سوپا بە گۆترەکاری نەک هەر تەنها کوردی دەکوشــت بەڵکوو نەســتوورییەکانیش. لەو دەمەدا، ئەوی لە هێزە خێڵەکییەکــانی شـــێخ مــابووەوە هەڵوەشــــایەوە و لە

---

[١٠] تاقە ســـەرچاوە کە باســـی لەم *فەتوایە* کردبێت پێدەچێت ویڵســـن بێت (ویڵســن ١٨٩٥: ١١١). ســبڵاخی کوردنشــین و میاندوابی ئازەرینشــین دوو شــارۆچکەی دەراوســێن و مێژوویەکی ناکۆکی و ململانێیان هەبووە، بۆیە ڕەنگە پاشـــخانی فەتواکە پەیوەندیدار نەبووبێت بە شـــەڕ و داگیرکردنەکە شـێخ عوبەیدوڵلاوە. بەهەرحاڵ، ئەوە شـێخ عەبدولقادر بووە کە فەرماندەی هێزە داگیرکەرە کوردییەکە بووە لە ناوچەی ســـابڵاخدا و ئەو بووە کە بڕیاری هێرش کردنی داوە بۆ سەر میاندواب.

ســنوورەوە گەڕایەوە بۆ شــوێن و ڕێی خۆی و ئەوجا شــێخ و کوڕەکانیشــی گەڕانەوە بۆ شــەمدینان. وا دیارە هەڵوێستی شــێخ عوبەیدوڵڵا لە حکوومەتی عوســـمانی و هەروەها هەڵوێســـتی حکوومەت لە شــێخ، لە کاتی شــۆڕشــەکەدا دژوار بوو. شــێخ هیچ کاتێ ڕانەدەوەســـتا لە ئاشــکرا کردن و ڕاگەیاندنی هەڵوێســـتی ملکەچبوونی بۆ ســولّتان (کە بێگومان وەک خەلیفەی موســلّمانان تەماشـــای دەکرد)، بەڵام هەندێ لە بەرپرســـانی عوســـمانی و مســیۆنێرەکان باوەڕیان وابوو کە شــێخ هەوڵی جیابوونەوە دەدا لە ئەســتەمبوولّیش. حکوومەت بە شــێوەیەکی بەرچاو جڵەوی بۆ شلکردبوو و هەندێ لە چاودێران وایبۆدەچوون کە بە شێوەیەکی زیمنی پاڵپشتیی جۆشدانی کوردەکان دەکات وەک زەمانەتێک دژ بە مەترسییە گەورەترەکەی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی[١١].

---

[١١] بەو پێیە ئابۆتی کونســـوڵی گشـــتیی بەریتانیا لە تەبریز و خریمیانی پاتریارکی پێشـــتری ئەرمەن ، لەو نامە و ڕاپۆرتانەدا کە لە کتێبەکەی جوەیدەدان (جوەیدە ١٩٦٠: ٢٣٩ - ٢٤٧). ئەوان لەبارەی "کۆمەڵەیەکی کوردەوە" نووســـیویانە کە لە لایەن شـــێخەوە دروســـتکراوە بە هاندانی حکوومەت. ترۆتەر، کونسوڵێکی تری گشتی بەریتانیا بووە لە وان، بەتوندی ئایدیای تێوەگلانی عوســـمانی ڕەتکردووەتەوە. هەڵبەت دەبێت ئەوە لەبیر نەکرێت کە شتێک نەبووە وەک حکوومەتی عوسمانی. چونکە خودی ئیدارە و ســـوپاش هەردوکیان گرفتاری ناکۆکی و ململانێ بووبوون و ســـوڵتان بەردەوام هاوســـەنگیی ئەم تاقمی دژ بەویتر ڕادەگرت و دژ بە ســـەرۆک و پیاوماوولە لۆکاڵییەکانیش (بڕوانە دوگوید ١٩٧٣).

دوابەدوای یاخیبوونەکە شـێخ بانگکرا بۆ ئەسـتەمبووڵ، بەڵام ئەو پێشـوازیکردنە گەرمەی کە وەک قارەمانێک لێیدەکرا لە هەموو شـوێنێکی ڕێگا ئاماژەی ئەوەی دەگەیاند کە وەک یاخیبوویەکی ئاسـایی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. ئەوجا لە پاش ساڵێک لە هێشتنەوەی بە دەسبەسەری لە ئەستەمبووڵ گەڕایەوە بۆ شـەمدینان. دەسـەڵاتداران لە ژێر فشـاری بیانیدا جارێکی تر گرتیانەوە و ئەمجارەیان دووریانخسـتەوە بۆ مەککە و لەوێ لە ساڵی ١٨٨٣دا کۆچی دوایی کرد[١٢].

### شێخ محەممەد سدیق (ساڵی ١٩١١ کۆچی دوایی کردووە)

ڕێگە بە محەممەد سـدیقی کوڕە گەورەی عوبەیدوڵڵا درا کە بگەڕێتەوە بۆ نەهری و جێگەی باوکی بگرێتەوە وەک کەسـێکی زۆر کاریگەر لە کوردستانی ناوەڕاستدا و ئەمەش پێگەیەک بوو کە هەرچۆنێک بووە دەبوو بەردەوام بەرگریی لێبکرێت دژ بە شێخە ڕکابەرەکان و سەرۆک خێڵەکان. دیکسۆن (ساڵی ١٩١٠) باس لە گێڕانەوەی گەڕیدەیەک دەکات لەبارەی ئەم ڕکابەرانەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی گەورە جوانترین سەرچاوە لە سەر کاریگەریی

[١٢] باشترین لێکۆڵینەوە لە سەر یاخیبوونەکەی عوبەیدوڵڵا لە دۆخ و سیاقی ناوخۆ و نێودەولەتیدا کارەکەی جوەیدەیە (جوەیدە ١٩٦٠: ٢١٢: ٢٨٩)، کە من لێرەدا بەزۆری پشـتم پێبەسـتووە. بۆ دید و بۆچوونێکی تر، بڕوانە (جۆزیف ١٩٦١: ١٠٧ – ١١٣).

محەممەد ســــدیق ئەو چیرۆکەیە کە مەلا ســــەعیدی ئەمینداری پێشــووی بۆ نیکیتینی نووســیوە (نیکیتین و ســۆن ١٩٢٣). ئەمە گێڕانەوەیەکی دەگمەنی شـــایەتحاڵێکە ســـەبارەت بەو زیرەکی و مانۆڕانەی کە شــێخ تێیدا ڕکابەریی نێوان ســـوتۆ و تاتۆی دوو سەرۆک خێڵی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ملک و ماڵی هەردوکیان بۆ خۆی زەوت بکات.

مســیۆنێر یان مژدەدەر دەبلیو. ئە. ویگرام باسـێکی سـەیر و ســـەمەرە دەگێڕێتەوە لەبــارەی پرۆژە ئــابوورییەکــانیەوە و پەیوەندیی لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی عوسـمانیدا و دەڵێ کەوا "[شـێخ محەممەد ســدیق] لە باوکی وریاتر و لێزانتر بوو و قەناعەتی بە ســامان و دەســـەڵات هەبوو و لە ڕێگەی قاچاخچێتیی گەورە بە تووتنەوە زۆرترین پارە و سامانی پێکەوەنابوو. کاروانەکانی ئەو کە بەرەوخوار دەبوونە بۆ وڵاتی فارس گەلێ جار لە سەد هێستر تێدەپەڕین و بە ئاشـکرا تەحەدای کاربەدەسـتانی ڕێژیی دەکرد و بەشــێکی گەورەی داهاتەکەی بۆ تفەنگ کڕین بەکاردەهێنا، کە بە قاچاخ لە ڕووسـیاوە دەرباز دەکرا بۆ ورمێ"[١٣]. شـێخ بەشـێک لە پارەکانی دەخســـتە ئەژماری ســـوودەوە (توفیر) لە بانکێکی بەریتانیدا و (بۆ ئەمەش ویگرام بۆی دەسنشان کردبوو). هەڵبەت دەبێ ئەم یەکێک بووبێت لەو یەکەم ســـەرۆکە کوردانەی کە لە

---

[١٣] ویگرام & ویگرام ١٩١٤: ١٦٣.

دەرەوە وەبەرهێنانی کردووە لە پارە و سامانەکەیدا. لەو سۆنگەیەوە هەردوک قایمقام و پشکنەری مۆنۆپۆلی دەوڵەت بۆ تووتن (ڕێژی) لەو گەڕەکانە دەژیان کە شێخ دەستبڵاوانە پارەی بۆ خەرج دەکردن و ئەمەش خستبوونیە دۆخێکەوە کەوا بە جیددی دەست وەرنەدەنە کاروبارییەوە[١٤].

**سەید عەبدولقادر** (**ساڵی ١٩٢٥ کۆچی دوایی کردووە**)

عەبدولقادری برا بچووکی محەممەد سدیق، پێکەوە لەگەڵ باوکی دوورخرابووەوە بۆ مەککە و لەوێ مایەوە تا کوودەتاکەی ساڵی ١٩٠٨ی تورکە لاوەکان دەرفەتی بۆ ڕەخساند کەوا لە ئەستەمبووڵ جێگیر ببێت. لێرە ناوبانگی بنەماڵەکەی ڕێز و شکۆیەکی زۆری بۆ دەستەبەر کردبوو لای کوردەکان هەر لە ئەریستۆکراتەکانەوە تا "پرۆلیتاریا" و کۆڵکێشی کورد. پاشان بە *شوورای* دەوڵەت دانرا (واتە ئەنجومەنی پیران یان سەناتی عوسمانی) و دواتر بوو بە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنەش. هەروەها بوو بە سەرۆکی ڕەمزی یان یەکێک لە سیمبۆڵەکانی یەکەم کۆمەڵەی کوردی *"کورد تەعاون وە تەرەقی جەمعییەتی"*، کە لە هەمان ساڵدا لە ئەستەمبووڵ دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە کورتخایەن

[١٤] هەمان سەرچاوە. بەگوێرەی سەرچاوە هەواڵدەرەکانی ئەردۆست، شێخ زۆربەی داهاتەکانی لە کڕینی زەویوزاردا بەکاردەهێنا (ئەردۆست ١٩٧١: ١٨٤ – ١٨٦).

بوو و هەر زوو هەڵوەشـــایەوە کـاتێ کە ڕژێمی نوێ بەرەو تـاکڕەوی وەرچەرخـا، بەڵام پێگەی ســـەیـد عەبـدولقـادر وەک ســەرکردە و ڕابەرێکی مۆراڵیی کۆمەڵگەی کوردی ئەســتەمبووڵ هەر بە پارێزراوی و ڕێزلێگیراوی مایەوە.

لە پاش کۆچی دوایی محەممەد ســـدیقی برای لە ســـاڵی ١٩١١دا، بۆ ماوەیەکی کورت گەڕایەوە بۆ نەهری بۆ فشـار کردن لە ســـەر ئیددیعاکانی وەک جێگرەوەی براکەی بەڵام دواتر ملیدا بۆ تەهـای دووەمی برازای، لە بەرانبەر نـاردنی بەدەلێکی لیبراڵی لەو کاتەوە بە شێوەیەکی خولاو بۆ ئەستەمبووڵ.

دوابەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم، کاتێ کەوا ئایدیای مافی دیاریکردنی چارەنووســـی نەتەوەیی کە ویڵســـنی ســـەرۆکی ئەمریکی ڕایگەیـانـدبوو دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لە نـاو دەســتەبژێری گرووپە ئیتنیکییە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتۆرییەتدا، جـارێکی تر ســـەیـد عەبـدولقـادر دەبینین لە ســـەرکردایەتیی کۆمەڵەیەکی کورددا بە ناوی *"کورد تەعالیی جەمعییەتی"*. ئەمەیان لەوی پێشوو کاراتر بوو و کۆمەڵێکی تەواوی چالاکیی ڕۆشنبیری و خوێندنی جێبەجێ کرد. ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە بیر و ڕای جۆراوجۆری بەرفراوانیان هەبوو لەبارەی ئەو بەرژەوەندییانەی کوردەوە کە پێویســتە داکۆکییان لە ســەر بکرێت. هەندێک بیریان لە دەوڵەتێکی کوردیی ســەربەخۆ دەکردەوە و ســەید عەبدولقادر ســـەرۆکایەتیی دەســـتە و کۆمەڵێکی دەکرد کەوا ئاســـتێک لە

ناســـەنترالّیيان لا پەســـەند بوو بەڵام لە ســـەر بنەمای ئاینی و هەندێکی تر بەرهەڵســـتیی جیابوونەوەیان دەکرد لەوەی کە لە ئیمپراتۆرییەت مابووەوە[15].

دوابەدوای سەرکەوتنی کۆتایی کەمالییەکان، سەید عەبدولقادر هەڵنەهـات بۆ دەرەوە وەک ئەوەی زۆربەی دەســـتە و تـاقمە کوردییە جوداخوازەکان کردیان و بەڵکوو هەر لە ئەســـتەمبووڵ مایەوە، بەڵام ئەم بڕیاری مانەوەیە بوو بە مایەی لەدەســـتدانی ژیانی خۆی و محەممەدی کوڕی. لە پاش یەکەم ڕاپەڕینی کورد لە تورکیای کۆماریدا، کە شـۆڕشـی سـاڵی ١٩٢٥ی شـێخ سـەعید بوو، هەردوک باوک و کوڕ لەسێدارە دران، هەرچەندە لەوەدەچوو کە بەشـــدارییان لە شـــۆڕشـــەکەدا نەکردبێت، بەڵام کاریگەریی گەورەی سەید لە ناو کوردەکاندا بەرپرسیارێتیی خستبووە سەر شـانی. ئەوجا عەبدوڵڵای کوڕەکەی تری گەڕایەوە بۆ شـەمدینان (کەوا ســـەید تەهای دووەمی ســـەرۆکی بنەماڵەکە چیتر لەوێ نیشتەجێ نەبوو) و بە هاوکاریی جەنگاوەرانی عەشیرەتی گەردی بۆ ماوەیەکی کورت گوندی ناوچیای داگیرکرد و شەش ئەفسەری تورکی کوشـت و ئەوجا فرەی نەبرد و بەرەو باشـوور هەڵات بۆ

[15] لەبـارەی ئەم ڕێکخراوە کوردییـانەوە، ئـاڕاســـتە ئـایـدیۆلۆجییە جۆراوجۆرەکان لەبارەیانەوە و لەبارەی ڕۆڵی سەید عەبدولقادرەوە، بڕوانە (برووونەسن ١٩٩٢: ٢٧٥ - ٢٧٩؛ ئۆڵسن ١٩٩٦ [١٩٩١]: ١٣٦: ١٣٩).

ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا[١٦].

لە ساڵی ١٩٢٦دا مەسەلەی سنووری نێوان تورکیا و عێراق بە شـــێوەیەکی کۆتایی چارەســـەر کرا و کەم تا زۆر ویلایەتی مووســـڵی پێشـــووی عوســـمانی کەوا کوردســـتانی باشـــووری دەگرتەوە خرایە سەر عێراق و ناوچەی شەمدینان لە سەر تورکیا مایەوە بەڵام ناوچەکانی تر کە برادۆســـت و بارزان بوون و زۆر نزیک و پەیوەســـت بوون پێیەوە، لەوە بەدوا بوون بە بەشـێک لە عێراق. بەو پێیە نەهری خۆی لە ســـەر ســـنووری ســـێ دەوڵەت بینییەوە و لە هەر یەکێکیاندا ســـاداتی نەهری بەشـــێکی بەرچاو ملك و زەویوزاریان هەبوو[١٧]. لە دەیەکانی دواتردا دەبینین کەوا ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە تێکەڵ بە چالاکییە سیاسییەکان بوون لە عێراقدا و بە هەمان شێوە لە تورکیا و ئێرانیشدا.

---

[١٦] ئەردۆست ١٩٨٧: ٤٦ – ٦١.

[١٧] لیســـت کردنێکی ورد و لەگەڵ ئەوەشـــدا ناتەواو بۆ ملك و زەویوزاری ساداتی نەهری لە لایەن ئەردۆستەوە دراوە (ئەردۆست ١٩٧١: ١٨١ – ١٨٥).

**سەید تەهای دووەم** (ساڵی ١٩٣٩ کۆچی دوایی کردووە)

سەید تەهای دووەم، کوڕی محەممەد سدیق مەراق و خولیای سیاسیی باپیری بۆ مابووەوە و دەیزانی چۆن بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی بپارێزێت و لە هەمان کاتیشدا نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی کورد بکات وەک میللەت. ئەو لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم و لە کاتی جەنگەکەشدا چەندین جار پەیوەندیی بە ڕووسیاوە کرد و هەوڵی دەدا پشتگیرییان دەستەبەر بکات بۆ دەوڵەتێکی کوردی[١٨]. پێدەچێت ماوەیەکی باشی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیادا بەسەربردبێت، چونکە ئەفسەرێکی بەریتانی کە دواتر لە عێراق چاوی پێکەوتبوو سەرنجی دابوو کەوا بە ڕووسییەکی باش قسەی دەکرد و هەروەها هەندێ فەرەنسیشی دەزانی (هەی ١٩٢١: ٣٥٣).

---

[١٨] ئیگڵتن (١٩٦٣) باس لە سەردانێک دەکات بۆ ڕووسیا لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٩دا، بە یاوەریی دوو کوردی ناودار، کە عەبدولڕەزاق بەدرخان و جەعفەر ئاغای خێڵی شکاک. بەهەرحاڵ، ئەمە دەبێت هەڵە بووبیت ، چونکە عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ساڵی ١٨٩٢ یان ئەو دەوروبەرەدا لەدایکبووە و جەعفەر ئاغاش لە ساڵی ١٩٠٥دا کوژراوە و کەواتە مەحاڵە ئەم دووانە پێکەوە سەردانی ڕووسیایان کردبێت. لە دوادوایی ساڵی ١٩١٧دا سەید تەها نامەیەکی ناردووە بۆ باسیل نیکیتینی کونسوڵی ڕووسیا لە ورمێ، کە تێیدا داوای چاوپێکەوتنی کردووە لە گەڵ دەستەی ئەرکانی سەربازیی ڕووسیادا بۆ گفتۆگۆ کردنی کاری هاوبەش دژ بە سوپای تورکیا (نیکیتین ١٩٥٦: ١٩٥).

له پاش جەنگ کەمالییەکان، کە بەنیاز بوون کوردستان لە ژێر دەســەڵاتی بەریتانیا دەربێنن، پەیوەندییان پێوەکرد و پێشــنیازی کورســـییەکیـان بۆ کرد لە ئەنجومەنی نیشـــتمـانیی تورکیـادا (پەرلەمـان)، بەڵام ئەم بـاوەڕی وابوو کە بەرژەوەنـدی زیـاتر لەوەدایە لەپێناوی ســـەربەخۆیی کورددا کار بکات. لە ســـاڵی ١٩١٩دا پەیوەندیی بە بەریتانییەکانەوە کرد لە عێراقدا و داوای پشـتگیریی لێکردن بۆ پرۆژەیەکی لەو چەشـنە و لەگەڵ سـمکۆی ســەرۆک خێڵی شـکاکدا هێزیان یەکخسـت، کەوا سـمکۆ ماوەی چەند ســـاڵێک بوو ناوچەیەکی بەرفراوانی کۆنترۆڵ کردبوو لە بەری ئێرانی سـنوورەوە بە تەحەدایەکی تەواوەوە بۆ حکوومەتی ناوەندیی ئێران. لە پاش شکستخواردنی سمکۆ لە ئابی ١٩٢٢دا لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە، سـەید تەها لە سـنوور پەڕییەوە بەرەو عێراق و پـاڵپشـــتیی خۆی بۆ بەریتـانییەکـان ڕاگەیـاند لەدژی کەمالییەکان (کە تا ئەو دەمەش هێزیکی سەربازییان لە ڕەواندزدا بوو و لە هەوڵی ڕاکێشــانی عەشـیرەتەکانی ناوچەکەدا بوون بە لای خۆیاندا). بەریتانییەکان، کەوا تێڕوانینێکی ئەرێنییان بوو لە ســەری و بۆ ماوەیەک بە هاوپەیمانێکی پەســەند و جێمتمانەیان دادەنا زیاتر لە شێخ مەحموودی بەرزنجیی سلێمانی کە باوەڕ و متمـانەیـان پێنەبوو، بۆیە کردیانە *قایمقامی* قەزای ڕەواندز. لە پـاش کۆتـایی هـاتنی مـاوەی مـانـدێتی بەریتـانیـا لەگەڵ دەســـەڵاتدارانی عێراقدا نێوانیان تێکچوو و لە ســـاڵی ١٩٣٢دا

گەڕایە دواوە بۆ ئێران و لەوێ ڕەزا شا وەک دەستبەسەرێک لە تـاران هێشـــتیەوە و هەر لەوێیش لە ســـــاڵی ١٩٣٩دا بە نەخۆشییەکی تەمومژاوی کۆچی دوایی کرد[١٩].

## شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی و کۆڵۆنێڵ عەبدولعەزیز

لە پاش ماوەیەکی کورتخایەنی یاخیبوونی لە شـــەمدیناندا، عەبـدوڵڵای کوڕی ســـەیـد عەبـدولقـادر لە عێراقـدا ژیـا و عەبـدولعەزیزی کوڕی نـاردە کۆلێجی ســـەربـازی و ئەمەش ئـامـاژەیە بۆ ئەوەی کە بنەمـاڵەکە لەوێ گرفـت و ئـاســـتەنگی سیاسیی بۆ دروست نەبووە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤١دا، باوکەکە لە سنوور پەڕییەوە بۆ ئێران و لە ناوچەی مەرگەوەڕ نیشتەجێ بوو کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ورمێوە و بنەماڵەکە لەوێ ملک و زەوییەکی بەرفراوانیـان هەبوو[٢٠]. دواتر عەبـدولعەزیز بوو بە ئەفســـەرێکی عێراق و لە دوای ســـاڵی ١٩٤٥ پێکەوە لەگەل

---

[١٩] لەبارەی ســـەید تەهای دووەمەوە، بڕوانە: ویگرام & ویگرام ١٩١٤: ١٦٥ – ١٦٧؛ هەی ١٩٢١: ٣٥٢ – ٣٥٤؛ ئەدمۆنز ١٩٥٧: ٣٠٥ – ٣–٨؛ ئیگلتن ١٩٦٣: ٧: ١٨؛ ئەردۆسـت ١٩٨٧: ٤٤ – ٤٨؛ بروونەسـن ١٩٩٢: ٣٣٠ – ٣٣١؛ یالچین – هەکمان ١٩٩١: ٦٥ – ٦٧.

[٢٠] ئیگڵتن ١٩٦٣: ١٨ – ٢٠. لە گێڕانەوە کورتەکەی ئیگڵتندا ڕوون نییە ئاخۆ ئەم گواسـتنەوەیە لە کاردانەوەی کوودەتاکەی ڕەشـید عالیدا بووە لە عێراق و لە ساڵی ١٩٤١دا یان هۆکاری تری هەبووە.

ژمارەیەک ئەفســـەری تری کورددا پەیوەندییان پەیداکرد لەگەڵ بازنە نەتەوەییەکانی کورددا.

هەردوک شێخ عەبدوڵڵا و شێخ عەبدولعەزیز ڕۆڵێکی چالاکیان گێڕا لە کۆماری مهابادی کورتخایەنی کوردیدا (ســـاڵی ١٩٤٦)، هەرچەندە ڕۆڵی ســـەرکردایەتیشـــیان نەبینی. عەشـــیرەتەکانی ناوچەکە شـــێخ عەبدوڵڵایان وەک ســـەرکردەیەک پێباشـــتر و پەســـەندتر بوو، بەڵام نەتەوەییە شـــارســـتانییەکان قازی محەممەدیـان هەڵبژارد وەک ســـەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرکۆمار. (شێخ عەبدوڵڵا بە کەسێکی سەر بە بەریتانیا لەقەڵەم دەدرا، بۆیە نە گەنجە نەتەوەییەکانی مهاباد ئەمەیان پێخۆش بوو نە ڕووسەکانیش کە فاکتەرێکی هەمیشەیی بوون لە پشـــتەوە). شـــوێنکەوتووە چەکدارەکانی شـــێخ تەنها دەســـتە و تاقمێکی بچووکیان پێکدەهێنا لە هێزە چەکدارەکانی کۆمار. ئەم تەریکی و دوورەپەرێزییەی شـــێخ عەبدوڵڵا وایکرد کە پێگە و کاریگەریی خۆی بپارێزێت لە پاش شـکسـتخواردنی کۆمار لە ســـەر دەســـتی ســـوپای ئێران، بەپێچەوانەی قازی محەممەدەوە کە لەســـێدارە درا و مەلا مســـتەفای بارزانیی سەرکردەی سەربازییەوە، کە دەبوو شەڕ بکات لە ڕێگایدا بەرەو تاراوگە لە یەکێتیی ســـۆڤیێتدا. شـــێخ عەبدوڵڵا تەنانەت وەک نێوەندگیریش کاری دەکرد لە دانوستانی نێوان سوپای ئێران و

پیاوانی عەشیرەتی بارزانیدا کە بەرەو سنوور بەڕێوەبوون[٢١].

عەبدولعەزیز، کە سەرباری هەموو شتێکی تر هەلاتوویەکی سوپای عێراق بوو، چووە پاڵ مەلا مستەفا و پیاوەکانی لە ڕێگەیاندا بەرەو یەکێتیی سۆڤییێت و دوو ساڵی نیشتەجێبوونی لە سیبیریادا بەسەربرد بە دەسبەسەری و وەک کرێکار لە کارگەکاندا کاری دەکرد بەڵام لە سەردەمی هێوربوونەوەی ستالیندا توانی لە لینینگراد بخوێنێت. ئەوجا لە پاش کوودەتاکەی قاسم لە ساڵی ١٩٥٨دا لەگەڵ بارزانیدا گەڕایەوە بۆ عێراق و جارێکی تر کەوتەوە چالاکی نواندن لە بواری سیاسیی نەتەوەیی (ناسیۆنالیستیی) کوردیدا. ئەو وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە لایەنگری ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لەو ناکۆکی و ململانێیەدا کە کە سەرەتاکانی ١٩٦٠کان بەملاوە جووڵانەوەکەی لەتکرد. لە ساڵی ١٩٦٤دا بارزانی بەندی کرد و شێخ عەبدوڵڵا تەواوی دەسەڵات و

---

[٢١] تێکڕا هێزەکانی کۆمار لە نزیکەی دوو هەزار جەنگاوەری قاڵبووی عەشیرەتی بارزانی (لە عێراقی دەراوسێوە) و زیاد لە لە دە هەزار جەنگاوەری سوارەی عەشیرەتە کوردەکان پێکهاتبوو. لە نێو ئەم دە هەزارەی دواییاندا تەنها دووسەدیان شوێنکەوتووی بنەماڵەی شێخ عەبدوڵڵا گەیلانی بوون، بە فەرماندەیی سەید فەهیم (ئیگلتن ١٩٦٣: ٩١ – ٩٢). وەک گریمانە عەبدولعەزیز وەک ئەفسەرێک لە سوپای مهابادا خزمەتی کردووە (بڕوان کەهن ١٩٨٠: ١٤١، کە بەهەڵە ناوی عەڤدیلای لێنرابوو).

کاریگەریی خۆی بەکارهێنا لای دەسـەڵاتدارانی ئێران بۆ فشـار کردن لە بارزانی لەپێناوی بەردانی عەبدولعەزیزدا و ئیتر لەو کاتەوە ناوبەناو لە ورمێ (ڕەزائییە) یان لە دوا گوندی بنەماڵەکە لە مەرگەوەڕ نیشتەجی بوو[٢٢].

## گەیلانی لە تورکیا

لە ناو سنووری تورکیادا، هەندێ لە ئەندامانی لقێکی جیاوازی ئەم بنەماڵەیە بەم دواییە لە سـیاسـەتی لۆکالی و نیشـتمانیدا دەرکەوتوون. نەعیم گەیلانی پارێزەرێک بوو لە هەکاری و لە سـەروەختێکی سـالانی ١٩٨٠کاندا لە ڕێگەی پارتی دایکی نیشـتمانەوە (ئەنەپە ANAP) بوو بە ئەندامی پەرلەمان. حەمید گەیلانیی ئامۆزاشـی، کە ئەمیش پارێزەر بوو، چالاک بوو لە حیزبە سیاسییەکانی سەر بە کورددا لە سالانی ١٩٩٠کاندا، کە (هەپHEP و دەپ DEP و هادەپ HADEP) بوون، لە سەرەتادا لە کۆمیتەی ناوچەی شـەمدینانەوە و دواتریش لە سـەر ئاسـتی نیشـتمانی. هەردوک ئەم دوو کەسـە دەچنەوە سـەر لقێکی بنەماڵەکە کە چوار پشـت لە سـەرووی مەلا حاجییەوە لە هێڵی


[٢٢] کەهن ١٩٨٠: ١٤٠ – ١٤٦. ملک و زەویوزاری بنەماڵەکە لە ڕیفۆرمی شادا بۆ زەویوزار لە سەرەتای سالانی ١٩٦٠کاندا دەستیان بەسەردا گیرا بەلام شێخ عەبدوللا توانی بە کڕین گوندێک بەتەواوی بگێڕێتەوە.

"ناوەندیی" جیابووەتەوە، کەوا گەورە باپیری ڕاستەوخۆیانە وەک لە ڕەچەڵەکی هاوپێچی بنەماڵەکەدا دەردەکەوێت و بەو پێیە ئەوان تەنها لە دوورەوە پەیوەست دەبن بەو شێخانەوە کە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتیی بنەماڵەکە و کۆنترۆڵی بناغە ئابوورییەکەیان کردووە[٢٣].

`

[٢٣] پەیوەندیی شەخسی لە لایەن لالە یاڵچین - هەکمانەوە، لە سەر بناغەی سەجەرەیەکی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەوە کە لە لایەن حەمید گەیلانییەوە بۆ کۆپی کراوە. نەعیم و سەید ئیسلام گەیلانیی باپیری حەمید، بە موزەفەر یەردۆستیان وتووە کەوا ئەو وەک وەکیل و سەرکاری (هەندێک) لە زەوییەکانی شێخ موحەممەد سدیق کاری کردووە سەرپەرشتیی تووتن چاندنی قازانجبەخشی کردووە لە بەرانبەر نزیکەی ٨% ی قازانجی بەروبوومەکەدا (ئەردۆست ١٩٧١: ١٨٣).

## هێڵکارییەکی لقی "ناوەندیی" بنەماڵەکە و ڕەچەڵەکی ساداتی نەهری



## بایۆگرافی

– برووونەســــن، مارتن ڤان ١٩٩٢، *"ئاغا و شـــێخ و دەوڵەت: پێکهاتە سیاسییەکان لە کوردستاندا"*. لەندەن: زەد بووکس.

--- ١٩٩٧، "شــەمدینان"، ئینســکلۆپیدیای ئیســلام، چاپی نوێ، بەرگی ٩، ل ٢٨٢ – ٢٨٣.

--- ٢٠٠٠، "شێخ عەبدولقادری گەیلانی و تەریقەتی قادری لە ئیندۆنیسیادا"، *گۆڤاری مێژووی سۆفیزم* (ئیستانبوڵ) بەرگی یەکەم.

– چەڤی، سولەیمان ١٩٨پ. سەرۆکێ کۆمەڵەی تەعالی KTCê ســەید عەبدولقادر [ژمارەیەکی تایبەتی (ژ ٦٥) گۆڤاری مانگانەی کوردی *نوبەهار*، ئیستانبوڵ].

– دیکســن، بێرترام ١٩١٠، "گەشــت لە کوردســتاندا"، *گۆڤاری جوگرافی*، ژ ٣٥، ل ٣٥٧ – ٣٧٩.

دوگوید، س. ١٩٧٣، " سیاسەتی یەکگرتن: سیاسەتی حەمیدی لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵاتــدا"، *گۆڤــاری توێژینەوەکــانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، ژ ٩، ل ١٣٩ – ١٥٦.

– ئیگڵتن، ویلیەم ١٩٦٣، *"کۆمارە کوردییەکەی ســـاڵی ١٩٤٦"*. لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

– ئەدمۆندس، ســـی. جەی. ١٩٥٧، *"کورد و تورک و عەرەب: سیاسەت و گەشت و لێکۆڵینەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقدا، ١٩١٩ – ١٩٢٥"*. لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

- ئەردۆست، موزەفەر [ئیلهان] ١٩٧١، "پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لای خێڵەکانی شـــەمدینلی"، لە کتێبی م. ئیلیشــکیلەری، *"ســەرنج لەسەر تورکیا"*، ئەنقەرە: بڵاوکراوەکانی سۆڵ، ل ١٦٢ – ٢٠٣.

--- ڕیپۆرتاجی شەمدینلی ١٩٨٧، ئیستانبوڵ: بڵاوکراوەی ئۆنوور.

- گەممەر، مۆشێ ١٩٩٤، *"بەرهەڵستیی موسلمانان بۆ تسار: شامیل و داگیرکردنی چێچنیا و داغستان"*. لەندەن: فرانک کاس.

- هەی، دەبلیو. ڕ. ١٩٢١، *"دوو ساڵ لە کوردستاندا: ئەزموونی ئەفسەرێکی سیاسی ١٩١٨ – ١٩٢٠"*. لەندەن: سیجویک & جاکسن.

- جۆزێف، جۆن ١٩٦١، *"نەســتۆرییەکـان و دەراوســێ موسڵمانەکانیان"*. چاپی زانکۆی پرینستۆن.

- جوەیـدە، وەدیـع ١٩٦٠، *"بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: ڕەگوڕیشــە و پەرەســەندنەکانی"*. تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی سیراکۆز.

- خان، مارگرێت ١٩٨٠، "ڕۆڵەکانی جن: گەڕان بە دوای کورد و وڵاتەکەیاندا".

: Seaview Books. p. N.

- مەکنزی، د. ن. ١٩٦٢، "باوەڕێکی کوردی: قاچە کوللەیەک" : توێژینەوە بۆ ڕێزلێنانی

- س. ج. تەقیزادە". لەندەن: پێرســی لوند، هەمفریس & کۆ. ل ١٦٢ – ١٧٠.

- مــارگۆلیۆس، د. س. ١٩٠٧، "بەشـــداری لە ژیــاننــامە

(بایۆگرافیی) عەبدولقادری گەیلانیدا"، *گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیایی شاهانە*، ل ۲٦۷ - ۳۱۰.

--- ۱۹۷٤، "قادرییە"، ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، چاپی نوێ، بەرگی ٤، ل ۳۸۰ - ۳۸۳.

- مۆنسێل، ف. ڕ. ۱۹۰۱، " کوردستانی ناوەڕاست"، گۆڤاری جوگرافی، ژ ۱۸، ل ۱۲۱ - ۱٤٤.

- نیکیتین، باسیل ۱۹۲۵ ئە، "بابەتە ئاینییەکان لە دەقە کوردییەکاندا لە کۆمەڵەکەی ب. نیکیتینی کونسوڵی پێشووی ڕووسیا لە ورمێ"... تۆمارەکانی کۆنگرەی نێودەوڵەتیی مێژووی ئاینەکان، کە لە ئۆکتۆبەری ۱۰۲۳دا لە پاریس بەسترا، بەرگی دووەم، ل ٤۱٥ - ٤۳٤. پاریس: .H. Champion

--- ۱۹۲۵ ب. "کوردەکان خۆیان دەڵێن"، *گۆڤاری ئاسیای فەرەنسی*، ژ ۲۳۱، ل ۱٤۸ - ۱٥۷.

--- ۱۹۲٦ - ۱۹۲۸. "چیرۆکە کوردییەکان لە کۆمەڵەکەمەوە"، *گۆڤاری* خوێندنگەی *لێکۆڵینەوە ڕۆژهەلاتناسییەکان*، ژ ٤، ل ۱۲۱ - ۱۳۸.

--- ۱۹٥٦، *"کوردەکان: لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و مێژوویی"*. پاریس: کلینکسیک.

- نیکیتین، باسیل & ئی. بی. سۆن ۱۹۲۳، " چیرۆکی سوتۆ و تاتۆ: دەقی کوردی لەگەل وەرگێڕان و باری سەرنجدا"، *گۆڤاری خوێندنگەی توێژینەوە ڕۆژهەلاتناسییەکان*، ژ ۳، ل ٦۹ - ۱۰٦.

- ئۆڵسن، ڕۆبەرت ۱۹۹۱، "پێنج قۆناخی ناسیۆنالیزمی کوردی:

١٨٨٠ - ١٩٨٠"، گۆڤاری کاروباری کەمینەی موسڵمان، ١٢، ژ ٢، ل ٣٩١ - ٤٠٩ [سەرلەنوێ جاپکراوەتەوە لە کتێبەکەی ڕ. ئۆڵسن، "لارولوێریی ئیمپراتۆری و بە ڕێگەکانی کۆماردا"، ئیســـتانبول: چاپی ئیسیس، ١٩٩٦، ل ١٢٧ - ١٤٦].

- تالای، ئایدن ١٩٨٨، *"دەستەکانمان: ڤان"*. ئیستانبوڵ (جاپی تایبەت).

- تریمینگهام، جەی. سپێنسەر ١٩٧١، *"ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە ئیسلامدا"*. لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

- ویگرام، دەبلیو. ئە. و ئی. تی. ئە. ویگرام ١٩١٤، *"لانکەی مرۆڤایەتی: ژیان لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵاتدا"*، لەندەن: ئادەم ئەند چارڵس بلاک.

- ویڵســـن، ســـامۆیڵ جی. ١٨٩٥، *"ژیان و دابونەریتی وڵاتی فارس"*، نیویۆرک: فلەمینگ ئێج. ڕێڤەڵ کۆمپانی.

- یـاڵچین - هەکمـان، لالە ١٩٩١، *"خێـڵ و خزمـایەتی لە نـاو کوردەکاندا"*، فرانکفۆرت ئەم ماین : پێتەر لانگ.

## ئیسلامی میللی و ناسیۆنالیزمی کوردی و شۆڕشی دێهات:
## شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)

لە مانگەکانی شـــوبات و ئازاری ١٩٢٥دا، کۆمارە نوێکەی تورکیا کەوتە لەرزین بە هۆی شـۆڕشـێکی جووتیارانی کوردەوە کە بە خێرایی لە بەشـــێکی گەورە و بەربڵاوی ویلایەتەکـانی ڕۆژهەڵاتیدا تەشـــەنەی کرد [برووەنەســـن ١٩٧٨؛ بڕوانە فیرات، ١٩٧٠؛ جەمال، ١٩٥٥؛ تۆکەر، ١٩٦٨؛ ئۆڵسن و تەکەر ١٩٧٨]. تاقم تاقم جووتیاران کە چەکی سـەرەتاییان پێبوو، بە سـەرکردایەتیی ڕابەرە ئاینی و سـەرۆکە خێڵەکییەکانیان، شـار لە دوای شـاریان داگیرکرد و کارگێڕیی ســـەرەتایی خۆیانیان تێیاندا دامەزراند و هەموو کاربەدەستە مەدەنی و سەربازییەکانیان تێدا دەرپەڕاند کە بە دڵســـۆزی مابوونەوە بۆ حکوومەتی ناوەندی. جووڵانەوەی یاخیبووان لەلایەن شـــێخ ســـەعیدەوە ڕێکدەخرا، کە ڕابەرێکی میللیی تەریقەتێکی دەروێشـی بوو، لە کاتێکدا کە شـێخەکانی تری ســـەر بە هەمان ڕێباز یان تەریقەت بە هەمان شـــێوە پێگەی سەرکردایەتییان وەرگرتبوو لە شۆڕشەکەدا. ئامانجی ڕووکەشی شـــۆڕشـــەکە وەســـتاندنی چاکســـازییە ســـێکولارەکان بوو کە حکوومەتی تورکیا دەستپێکردبوو. بەڵام دواتر سەرکردەکانی بە

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ تۆمەتبار کران. دامرکاندنەوەی شـــۆڕشـــەکە بۆ حکوومەت دوو مانگی خـایـانـد لەگەڵ بەکـارهێـنـانی هێزی ئـاســـمـانی و ٣٥ هەزار ســەربازی هێزی پیادە و خوێنڕشــتنێکی زۆر. هەروەها پرۆســەکە بەشێکی گەورەی دیموکراسیی لەرزۆکیشی کردە قوربانی.

شۆڕشەکە هەل و دەرفەتی ڕەخساند بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی دکتاتۆریی مستەفا کەمال (ئەتاتورک) و عیسمەت (ئینۆنو). پاشان حکوومەتی تـا ڕادەیەک لیبراڵی فەتحی بەگ (ئۆکیـار) بە کوودەتایەک لە حیزبی حوکمڕاندا ناچاری دەست لەکارکێشانەوە کرا و عیســـمەت، کە بەتوندی ڕقی لە ئۆپۆزســـیۆنی "لیبراڵ" و موحافزەکار بوو، وەک ســـەرۆک وەزیران گەڕایەوە. دوو هەفتە دوای گەیشـتنی دەنگوباسـی شـۆڕشـەکە بۆ ئەنقەرە ئەم کابینەی حکوومەتەکەی پێکهێنا. بۆ ڕۆژی دواتر ئەنجومەنی نیشـــتمانیی تورکیا یاسایەکی دەرکرد لەبارەی گێڕانەوەی نیزام، کە لە واقیعدا دەســـەڵاتێکی بێســنووری دا بە حکوومەت. ئەو دادگا تایبەتانەی کەوا بە پێی ئەم یاسـایە دامەزران دەبوو دادگایی سـەرکردەکانی شۆڕشە کوردییەکە بکەن و دەسەڵاتی تا ئاستی سەپاندنی سزای مەرگیان هەبوو بەسـەریاندا و بە هەمان شێوە بۆ بەرهەڵستکارە ســـیاســـییەکانی تریش. بە هۆی دەســـەڵاتە دکتاتۆرییەکانی حکوومەتەوە، دەکرا ڕیفۆرمە کەمالییەکان بە شـێوەیەکی ڕوو لە زیاد جێبەجێ بکرێن بە ڕەچاوکردنێکی کەمی ئۆپۆزسیۆن. یەکێک

لەم ئیجرائـاتـانەی ڕیفۆرم، کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدیی بە شۆڕشەکەوە هەبوو، سەرکوتکردنی هەموو ڕێباز و تەریقەتەکانی دەروێشـی بوو، کەوا لانکەی ئیسـلامی میللی بوون. ئەنجام و لێکەوتەکەی تریشـی سـیاسـەتی بە زۆرەملێ تواندنەوەی کورد و بێبەشکردنیان بوو لە مافە کولتوورییەکانیان.

ئەم دواین سیاسەتەی حکوومەت، سەرەڕای پەیڕەویکردنی بۆ ماوەی چەندین دەیە. شـکسـتیهێنا لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕوون و ئاشکراکەیدا سەبارەت بە ڕیشەکێش کردنی جوداخوازیی کوردی. لە ماوەی سـالانی ١٩٧٠کاندا، ناسـیۆنالیزمی کوردیی ڕوو لە هەڵکشـان پێدەچێت بنکەیەکی میللیی فراوانی دەسـتەبەر کردبێت لە شـار و گوندەکانی ڕۆژهەلاتی تورکیادا. هەرچەندە زۆرێک لە براندە ناسـیۆنالیسـتەکانی ئەمڕۆی کورد یاخیبوونەکەی شـێخ سـەعید بە کۆنەپەرسـت لەقەڵەم دەدەن، بەڵام یادەوەرییەکەی هێشـتا هەر زیندووە و زۆرێکی تریان بە شـکۆ و شـانازییەوە باسی دەکەن. هەروەها زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان وتار و بابەتی دوور و درێژی بۆ تەرخان دەکەن و ئەم شۆڕشە بووە بە هێما و سـیمبۆڵ بۆ هەردوک نەتەوەخوازە کوردەکان و نەیارەکانیشیان.

## پاشخان

ڕوونترین هۆکاری شـۆڕشـەکە ئەو بەرنامە سـێکولار کردنە بوو کە حکوومەتی کۆمـاری دەسـتیـدایە جێبەجێ کردنی. هەڵوەشـانەوەی سـەڵتەنەت لە سـاڵی ١٩٢٣دا هەڵوەشـانەوەی خەلافەتی بەداوادا هات لە پاش ساڵێک، کە پەستی و تووڕەییەکی زۆری بەرپاکرد لای ناوەندە موحافزکارەکانی ناوەوە و دەرەوە. بەتایبەتی لە ناو کوردەکاندا خەلافەت ڕێز و پیرۆزییەکی بەرزی هەبوو. لە دەسـپێکی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، کاتێ کەوا سـوڵتان وەک خەلیفە و ڕابەری باڵای تەواوی موسـڵمانە ئوسـووڵییەکان "*جیهاد*" یـان (جەنگی پیرۆزی) ڕاگەیـانـد، زۆربەی کوردەکـان کەوتنە جۆش و خورۆش و چوون بە دەم ئەو بانگەوازەوە. ئەو برە پـارە هێجگـار زۆرەی کە ڕووسـەکـان خەرجیـان کرد لە هەوڵداندا بۆ کڕینی لایەنگری و دڵسـۆزیی هەندێ لە سـەرۆکە کوردەکان هیچ سوودیکی نەبوو، بە هەمان شێوەش بانگەشە پڕ سـۆز و جۆشـەکەی نەتەوەییە کوردەکانیش نەبووە ڕکابەری گوتاری خەلیفە. چونکە بۆ زۆرێک لەوان خەلافەت بەرجەسـتەی تەواوی ئیسلام بوو و هەڵوەشاندەوەشی وا وێناکرا کە لێدان بێت لە خودی ئیسـلام خۆی. بە هەمـان شـێوەش چاکسـازییە یەکەمجـارەکـانی خوێندن وا دیـاربوو کە لێدانە لە ئـاین، چونکە ناوەندە ئاینییەکانی خوێندنی نەریتی (*مەدرەسە*) هەڵوەشێنرانەوە و

قوتابخانەی نوێی شێوازی ڕۆژئاوایی جێیگرتنەوە. ڕاستەوخۆ لە پێش شۆڕشەکەدا شێخ سەعید چەندین وتاری دا و تێیاندا بە وردی ئەم کار و کردەوانەی سەرکۆنە کرد. دواتریش لە دادگایی کردنەکەیدا، شێخ سەعید ئەم کورتەیەی خوارەوەی یەک لە وتارەکانی پێشکەش کرد، کە لە پیران دابووی، ئەو شوینەی کەوا پێشوەخت شۆڕشەکەی تێدا هەڵگیرسا:

"*مەدرەسەکان* داخران، وەزارەتی ئاین و دەزگا و دامەزراوەکانی خواپەرستی هەڵوەشێنرانەوە. لە ڕۆژنامەکاندا لێشاوێک لە نووسەرانی دژەئاین بێشەرمانە و بێپەردە سووکایەتی بە ئاین دەکەن و ناوی پێغەمبەری مەزنمان لەکەدار دەکەن. من ئەگەر بتوانم هەر لە ئەمڕۆوە دەست بە تێکۆسان دەکەم و دەبمە یەکێک لەوانەی بەشداری دەکەن لە ڕزگارکردنی ئایندا [جەمال، ١٩٥٥: ٢٤؛ تۆکەر ١٩٦٨: ٣٨]".

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشدا، ئەو بەردەوام ئەم ئارگومێنتانەی بەکاردەهێنا بۆ دەستەبەر کردنی پاڵپشتیی زیاتر. بەو پێیە بەرهەڵستیکردن و دژایەتی کردنی بەرنامە سیکولارەکەی کەمالییەکان یەکێک بوو لە لایەنە گرنگەکانی شۆڕشەکە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم ئامادەکارییەکان بۆ شۆڕش لە لایەن ڕێکخراوێکی نهێنیی کوردە خوێندەوارەکانەوە ڕاییکرا، کە ئامانجەکانیان بە هیچ شێوەیەک ئاینی نەبوو بەڵکوو بەتەواوی نەتەوەیی بوو. ئەمانە پەیوەندییان بە شێخ سەعید و شێخەکانی ترەوە کرد،

چونکە شـێخ سـەعید دەسـەڵات و کاریگەرییەکی وای هەبوو کە ئەم ناسیۆنالیستانە هێشتا نەیانبوو. پێش ئەوەی لە ڕۆڵی ئەمان قووڵ ببینەوە پێویستە قسەیەکی کورت بکرێت لەبارەی بەشدارانی ڕاستەقینەی شۆڕشەکەوە و بۆچی شێخەکان ئەو کاریگەری و دەسەڵاتە گەورەیەیان هەبوو لەناویاندا.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتیی - ئابووریی ناوچەی شۆڕشەکە

چەقی ناوچەی شۆڕشەکە – واتە ئەو ناوچەیەی تێیدا بەرپاکرا و زۆربەی جووتیارانی لەخۆدەگرت – ناوچە شاخاوییەکانی باکووری دیاربەکر بوو. هەروەها کاری توندوتیژی لە شوێنی جیاجیای دوورتریش بەرپاکرا و لە دەرەوەش خەڵک هاتبوون بۆ ئەوەی بدەنە پاڵ شۆڕش. بەڵام تەنها لەم ناوچەیەدا بەشدارییەکە زۆر زۆر بوو. زۆربەی ئەو کوردانەی لەم ناوچەیەدا دەژین زازا زمانن، کە پەیوەندیداری زمانێکی ئێرانییە و لەگەڵ کوردیی ئاسایی یان *کرمانجیدا* لێکتر تێناگەن. هەندێ لە خێڵەکانی زازایی زمان و بەتایبەتی خێڵەکانی ناوچەی دەرسیم سەر بە تایفەی عەلەویی جیاوازن لەوانیتر و هەندێکی تریان موسڵمانی سوننەی ئوسووڵین و تەنها ئەمانەیان بەشداریی شۆڕشەکەیان کرد.

ئابووریی گوندەکانی زازا و بە ئاستێکی گەورە تا ئێستاش داخراوە و لێرە هەر گوندنشینێک نزیکەی پارچە زەوییەکی بچووک و هەندێ ئاژەڵ و ماڵاتی هەیە کە تەنها بەشی ژیانێکی

هاکەزاییان دەکات. ئەوەشـــی کە خۆی بەرهەمی نەهێنایە زیاتر حەزی بەوە دەکرد کە بە ئاڵوگۆڕ دەسـتیبکەوێت لەجیاتیی کڕین و فرۆشـتن بە پارە. بەڵام تووتن لەم مەسـەلەیەدا ڕیزپەڕ بوو کە لە هەندێک گونددا دەیانچاند و حکوومەت مۆنۆپۆڵی کردبوو و بە نرخێکی هەرزان لێیدەکڕین. هەڵبەت بە هۆی کەمی و بەرتەسکیی زەویوزارەوە بەردەوام گەنجەکـانی زازا گونـدەکـانی خۆیـان بەجێدەهێشـت بۆ شـارەکانی ناوچەکە یان یەکێک لە شـارە گەورەکـان و ژمـارەیەکی زۆری کۆچبەرانی ئەم گونـدانە لە دیاربەکر و ئێلازیغ و ئیسـتانبووڵ گیرسـابوونەوە و ئەمەش سـەلماندی کە فاکتەرێکی گرنگ بوو لە ماوەی شـۆڕشـدا. زۆربەی زازاکان کشـتیاری جێگیر بوون، بێ مێژوویەکی نوێی کۆچەرێتی و گوندەکانیان ڕێکخسـتنێکی خێڵەکیی بەهێزی تێدایە. هەر خێڵ یان عەشـیرەتێک لە عەشـیرەتە بچووکەکانیان لە گوندێک یان چەند گوندێک پێکدێت و کەسێک سەرۆکایەتییان دەکات کە چەردەیەک دەوڵەمەنـدترە لە خەڵکە ئـاسـاییەکە. ئەو بڕیـارانەی دەدرێن سەبارەت بەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە هەموو عەشیرەتەکەوە هەیە، وەک بەرگری کردن لە زەویوزاری خێڵەکە، نـاکۆکی و دوژمنایەتی، یان بڕیاردانیش لەبارەی ئەم شۆڕشەی ئێستاوە، بە گفتوگۆ دەکرێـت لە ئەنجومەنێکـدا کە لە ئـاغـا و کوێخـا (*موختار*) و ڕیشسپییانی گوند پێکدێت و بەعادەت ئەندامانی عەشیرەتەکە بێ هیچ دوودڵی و گومانێک ملکەچی ئەم بڕیارانە دەبن.

بەشــی باکووری ناوچە یاخییەکە، بە چیا بەرزەکانی و پاکژ و پاوانی دەوڵەمەندیەوە، جێنشــینی عەشــیرەتی گەورەی کرمانجی زمانی جبران بوو. ئەمانیش وەک هەردوو خێڵی حەســـەنان و حەیدەرانی دەراوســـێیان چەند بەشـــێکیان دەبوو بەشـــداریی شۆڕشـەکە بکەن. ئەم خێڵە پێشـتر کۆچەر بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٥وە تا ڕادەیەکی باش نیشـــتەجێ بوون. ڕەشـــەخەڵکەکە هەردوک کشـتوکاڵی سـادە و شـوانکارەیی مامناوەندیان پێکەوە دەکرد. بەڵام بنەماڵە گەورەکانی کەوا لقوپۆیـان لە کارلیۆڤا و ڤارتۆ و بولانیک دەژیان و دەسـەڵاتدار بوون تێیاندا خاوەنی ڕانە ئاژەڵی گەورە گەورە بوون. شێخ سەعیدیش هەمان شتی دەکرد، کە لە هیچکـام لەم خێڵانەدا لەدایـک نەبووبوو، بەڵام ژنی لە بنەماڵەیەکی ســەرۆکی خێڵی جبران خواسـت. پاشـان لە پاڵووی زێدی ڕەســەنی خۆی باریکرد و چوو بۆ خنس بۆ بەخێوکردن و تاقەتکردنی مێگەل و ماڵاتەکەی لە پاوان و لەوەڕگای باشــتردا و لە هەمان کاتیشــدا زیاد کردن و تەشــەنە پێکردنی دەســەڵات و کاریگەریی ڕۆحی و سیاسیی خۆی لە ناو کرمانجی زمانەکاندا. شـــێخ و کوڕەکانی خەریکی بازرگانیی ئاژەڵی زیندوو بوون بە کۆ و ئەمەش وایهێنابووە پێشــەوە کە شــێخ بەردەوام بڕوات بۆ شارە گەورەکانی وەک ئیستانبووڵ و حەڵەب. بێجگە لەمەش بازرگانییەکی وا زۆر لە ناوچەکەدا نەبوو، چونکە شـــارە بچووکەکانی ئەو ناوە زیاتر مەڵبەندی ئیداری بوون نەک بازرگانی.

زۆربەی گوندنشـینانی چیاکان جووتیاری سـەربەخۆ بوون و بەرهەمیان تەنها بەشـی خۆیانی دەکرد و نەدەکرد، بەپێچەوانەی ئەوانەی پێدەشـتەکانی دەوروبەری دیاربەکر و فارقین (سـیلڤان)، کە نـاوچەگەلی بەرفراوانی گەنم چـانـدن بوون و کەسـانێک ڕووبەری بەرفراوان زەویوزاریـان بەدەسـتەوە بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆربەی گوندنشـینان جووتیار یان کرێگرتەی هەژار بوون و ڕێکخسـتنی خێڵەکییان تێدا نەبوو، بەڵکوو پشـتیان بە ملکدار و خاوەن زەوییەکان دەبەست کە لەوێش نەبوون. ئەم جۆرە گوندنشینانە پێناچێت ڕۆڵێکی چالاکیان بووبێت لە شۆڕشەکەدا.

## شێخەکان

سەرکردە بالاکانی شۆڕشەکە سەرۆک خێڵ یان عەشیرەتەکان نەبوون بەڵکوو شـێخ و ڕابەرە ئـاینییەکـان بوون. ئەمـانەش سەرۆک تەریقەتی سۆفی یان دەروێشی بوون و لەم حاڵەتەشدا بەتـایبەتی ڕێبـازی نەقشـبەنـدی جەمـاوەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو لە کوردسـتانـدا [بڕوانە ئـاڵگەر، ١٩٧٦؛ حۆرانی، ١٩٧٢؛ بروونەسـن، ١٩٧٨]. هەڵبەت ئەوە تەریقەتەکانی دەروێشـی بوون، نەک ئـاینی فەرمیی مزگەوت، کەوا پێـداویسـتیی سـۆز و خواپەرسـتیی گوندنشـینەکانیان تێر دەکرد. لەگەڵ ئەوەشـدا، بەپێچەوانەی بـارودۆخەکـانی ترەوە، جیـاکردنەوەیەکی ڕوون

نەبوو لە نێوان ئاینی فەرمی و ئاینی میللیدا، چونکە هەر یەکەیان ئەویتری تەواو دەکرد و وا تەماشـــا ناکرێن کە دوو نەریت و ترادیسـیۆنی ڕکابەرن بەڵکوو وا تەماشـا دەکرێن کە بەشـێکن لە هەمان دەزگا و دامەزراوە. نەقشـبەندی لە ڕێباز و تەریقەتەکانی تر زیاتر هانی هاتوچۆی مزگەوت و بەجێهێنانی توندوتۆڵی ئەرکە ئاینییەکانی دەدا. لەولاشـەوە مەلا و تەواوی کارڕانانی مزگەوت ڕێزێکی گەورەیان دەردەبڕی بۆ زۆربەی شێخە نەقشبەندییەکان. لەگەڵ ئەوەشـــدا، بارێکی تەواو ئاڵۆز ئالابوو لە باوەڕی ئاینیی غەیرە نەریتی و پیادەکردنی ڕاهێنان و پەرستشی ئەم ڕێبازە. بۆ گەلێک لە شـــوێنکەوتووانی ئەم ڕێبازە شـــێخەکان تەنها هەر سۆفیی خواپەرست نەبوون بەڵکوو کەسی پیرۆزی ئەوتۆ بوون کەوا کەرامـات و پەرجوویـان لێـدەردەکەوت و ئەو دۆعـا و نووشـتانەی دەسـتخەتی ئەوان مەترسـی و کاریگەریی شـەڕ و بەڵایان دووردەخسـتەوە و تەنانەت تفیشـیان دەرمانی بێوێنەی دەردان بووە. ئەوان بە هۆی کاری ناسرووشتییانەوە دەیانتوانی یـارمەتیی موریـد و شــوێنکەوتووانیـان بـدەن کـاتێ دەکەوتنە تەنگانەوە و بگرە هەندێکیشـیان ئیددیعای ئەوەیان دەکرد کەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دەسـتی شـوێنکەوتووانیان دەگرن و لە پردی سیرات دەیانپەڕێننەوە بۆ ماڵی ئاسوودەیی و بەهەشتی ئەبەدی.

لە بەشـێکی زۆری کوردسـتاندا، باوەڕ وابوو کە پێویسـتە کەسی باوەڕدار خۆی ببەستێ بە شێخێکەوە لای کەمەکەی با بە

ناویش بێت. مرۆڤ هێشتا لە کەسە بەساڵداچووەکان گوێی لەم وتەیە دەبێت "ئەگەر تۆ شێخێکت نەبێت ئەوە شەیتان جێی دەگرێتەوە و دەبێتە شێخت". بەهەرحاڵ، "بوونی شێخێک" مەسەلەی جۆراوجۆر دەگرێتەوە بۆ خەڵکی جیاجیا. زۆربەی شوێنکەوتووانی هەر شێخێک تەنها بە ناو شوێکەوتن بووە و ئەوان ساڵی جارێک یان دووان سەردانیان کردووە و دەستیان ماچ کردووە و دەست و دیارییان بۆ هێناوە و ئەویش دۆعای خێری بۆ کردوون و بەرەکەتی پێبەخشیون و هەندێ جاریش تەوبەی پێکردوون، بەتایبەتی ئەوانەی تازە دەهاتنە ناو تەریقەتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەوان بۆ کێشە و گرفتی جۆراوجۆر دەچوون بۆ لای شێخ وەک نەخۆشی یان نەزۆکیی ژن یان شەڕ و ئاژاوەی خێزانی یان ناکۆکی و دوژمنایەتی یان پرسیارگەلی ئاین و باوەڕ یان بۆ دۆعا و نووشتە یان بۆ پرس و ڕاوێژ پێکردنی لە کاروباری تایبەتی یان گشتیدا. ئەوجا تا ناو و ناوبانگی شێخیش زیاتر بووایە سەبارەت بە موبارەکی و هێز و توانای کەرامات و موعجیزە نواندن یان چەند زیرەکانە و لێزانانە ناکۆکی و کێشەکانی تری خەڵک چارەسەر دەکات ئەوەندە سەر ژمارەی مورید و شوێنکەوتووانی زیادی دەکرد. هەروەها شێخە گەورەکان گەشتی ساڵانەیان دەکرد بە ناو شوێنکەوتووانیاندا بۆ ئەوەی دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنن کەوا گوێ لە وەعز و ئیرشادیان بگرن لە لایەک و بۆ خۆیشیان دیاریی گەورە و بچووک کۆبکەنەوە.

شـــوێنکەوتووانی توندڕەوتر لە کۆڕ و کۆبوونەوەی زیکر و تێڕامـانی هەفتـانە یـان چەنـدبـارەدا بەشـــداریـیـان دەکرد بە سـەرۆکایەتیی شـێخ یان جێگرێکی (*خەلیفەیەکی*). هەر ڕێباز یان تەریقەتێکیش شـــێوازی پەیڕەویکردنی ڕاهێنانی ڕۆحیی تایبەتی خۆی هەیە کە پێویست بێت هانی مورید و شوێنکەوتووی قاڵبوو بدات بۆ دۆخی جەزبە و حاڵ لێهاتن کەوا سـەر دەکێشـێتەوە بۆ پەیوەسـتبوونی ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ زاتی خواوەنددا. ئەم چەشـنە زیکر و ڕاهێنانە بە شـێوەیەکی ئاسـایی بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێت. ئامادەگیی جەسـتەیی یان ڕۆحیی شـێخ پێویسـتە بۆ سـەرکەوتنی ئەم جۆرە کۆڕ و ڕاهێنانە، بەتایبەتی لە تەریقەتی نەقشـــبەندیدا، چونکە لە ڕێگەی نێوەنـدگیریی شـــێخەوە پەیوەســـتبوون بە خواوەندەوە چێ دەبێت. بەو پێیە مورید و شوێنکەوتووە ڕاهێنراو و قاڵبووەکانی شـێخ پەرە بە دڵسـۆزی و پەیوەسـتبوونی هێجگار بەهێز دەدەن بۆی. ئەوان توندترین پاڵپشت و بانگەشەکارن بۆی و کەرامات و کارە ڕۆحییەکانی بە هەموو لایەکدا پەخش و بڵاو دەکەنەوە. بە دەگمەن ڕێکدەکەوێت کە شـــێخێک زیاد لە ســـەد کەس لەو قوتـابی و موریـدانەی ببێـت. بەپێچەوانەی ڕێبـاز و تەریقەتەکـانی ترەوە، کە بەگشـــتی پەیوەنـدییـان لەگەڵ چینە نەریتییەکانی ناوەڕاستدا هەیە، زۆرێک لە مورید و دەروێشـان لە کوردستاندا گوندنشینن و بەزۆریش هەژارن. دوو جۆری تایبەتی مورید و شـــوێنکەوتوو هەن کە بەعادەت پیاوانی گەورەســـاڵ و

بەتەمەنن و وازیان لە ژیانی دنیایی هێناوە بۆ دیسپلینێکی ڕۆحی لە کایە و جوغزی ڕاستەوخۆی شێخدا و لە دۆخ و سیاقی هەنووکەییشیاندا بوون بە خولام و بەردەستەی شێخ و ئەمانەش پیاوانێکی چەکدارن و وەک پاسەوانی شەخسی کاردەکەن و لە هەندێ حاڵەتیشدا وەک جێبەجێکاری یاسا ڕەفتار دەکەن. بوونیشیان بەستراوە بەو ڕۆڵە سیاسی و ئابوورییانەوە کە شێخەکان دەیگێڕن لە گەلێ شوێنی کوردستاندا.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شێخەکان لە ناوچە و شوێنی دایکزادیاندا ناژین و وایشیان بە لاوە باشە کە سەر بە هیچ خێڵێکی ناوخۆیی نەبن. ئەمە بێجگە لە گریمانەی پیرۆزییان، دەیانکاتە نێوەندگیر و ناوبژیوانی نموونەیی لە مەسەلەی شەڕ و ناکۆکیی خێڵەکیدا، کە ئەمەش سامان و کاریگەرییەکی سیاسیی گەورە و بەرچاو دەداتە شێخی دەستپێشخەر و لێزان. هەڵبەت دەسەڵاتدارترینی شێخەکان بەزۆری لەو شوێنانەدا دەژین کە سەرۆک خێڵی هێند گەورە و بەهێزی تێدا نەبێت بۆ چارەسەری کێشە و ململانێکان، چەشنی ناوچەکانی زازا کە لێرەدا مەبەستی ئێمەن و ڕکابەری و ناکۆکیی بەردەوام لە نێوان گەلێ لە سەرۆکە بچووکەکاندا بەرپا دەبوو. لێرە شێخ سەعیدی پاڵوو و شێخ شەریفی گوێکدەرە و ژمارەیەک لە شێخەکانی تر، هەر یەکەیان توانیبووی بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزتر بێت لە هەرکام لە سەرۆک خێڵە ناوخۆییەکانی زازا. ئەم شێخانە تەنها کەسایەتیی

داخراو (إنطوائی) و لەســــەرێکی ترەوە دنیــاییش بوون، وەک هەندێک لە شـێخە نەقشـبەندییەکانی شـوێنانی تر بوون. ئەوان بە هەمان ئەندازەی قامەت دابەســـتن لەســـەر بەرماڵی نوێژ کردن پەڕینە ســەر کۆڵی زین و بە ئەزموون و لێزانی مامەڵەیان لەگەڵ تفەنگدا کرد چون مامەڵە کردن لەگەڵ تەزبیحدا. ناوبانگی ئەوان لە پیرۆزیدا هاوشــان بوو لەگەڵ توانای جەســتەیی و بوێرییاندا. یەک لەوانە کە شــێخ شــەریف بوو، فەرماندەی فەوجێکی غەیرە نیزامی کوردەکانی زازا بوو لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا. هەموو خێڵەکان قایل نەدەبوون بە دەسەڵاتی شێخەکان و لەم ناوچەیەی جێمەبەستی ئێمە ژمارەیەک لە خێڵەکان هەبوون کەوا چووبوونە ســـەر بــاوەڕی شــــیعەی (عەلەویی) تــایبەتی غەیرە نەریتی (هێتەرۆدۆکس). عەلەوییەکان و ســـــوننییەکان ڕقیانە لە باوەڕ و پەیڕەوی و بەجێهێنانی ئاینی و مەزهەبیی یەکترە و ئەم فاکتەرە ئــایـدیۆلۆجییە بووە بە هۆی ئەوەی کەوا ململانێی نێوان خێڵە ســـوننی و شــــیعەکان ئەوپەڕی توند و ســـەخت بێت (هەڵبەت نەقشبەندییەکان موسڵمانی سوننیی و بە شێوەیەکی تایبەت توند و دڵســـۆزن). لە ئیمپراتۆرییەتی عوســـمانیی ســـوننە مەزهەبدا دەوڵەت و خێڵە ســـوننییەکان هـاوکـار و لەســــەرپێ بوون بۆ ســەپاندنی چەوســـاندنەوە و ســەرکوتکردنی ســیاســی بەســەر عەلەوییەکـانـدا. ئەوجـا لێرەوە تێدەگەین کەوا کـاردانەوەیـان بۆ هەوڵی بەسێکولار کردنی مستەفا کەمال بەگشتی ئەرێنی بووە و

هەر لەم سـۆنگەیەشـەوە بووە کەوا زۆرێـک لە خێڵە عەلەوییەکانی ناوخۆ دەبوو دژ بە شـۆڕشـەکەی شـێخ سـەعید بوەسـتنەوە و چالاکانە شـەڕیشـی بکەن، یان بابڵێین شـەڕی دوژمنە نەریتییەکـانی خۆیـان بکەن. بەڵام کە نەچوونە پـاڵ شۆڕشەکە دژایەتیشیان نەدەکرد.

## **نەتەوەییەکان** (**ناسیۆنالیستەکان**)

ئەو شۆڕشەی کە لە واقیعدا شێخ سەعید سەرکردایەتیی کرد لە بنەڕەتدا بیرۆکەی ئەو نەبوو بەڵکوو هی ڕێکخراوی نەتەوەیی ئـازادیی نهێنیی بوو، کە هەوڵی دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆی بۆ کوردسـتان دەدا. هەرچەندە ئازادی یەکەم ڕێکخراوی نەتەوەخوازی کورد نەبوو [بڕوانە جوەیـدە، ١٩٦٠؛ سـلۆپی، ١٩٦٩؛ بروونەسـن، ١٩٧٨]، بەڵام ئەمیان لەوانیتری پێش خۆی تۆکمەتر و ڕێکخراوتر بوو، ئەندامەکانی بەزۆری ئەفسەری سـوپـا بوون و پـاشـخـانێکی خێڵەکییـان هەبوو، لەبریی ئەریستۆکراتە شارستانییەکانی کە بەتەواوی لە ژیانی گوند نامۆ و دابڕابوون کە باوباپیرانیانی تێدابووە. ڕابوونی نەتەوەپەرستیی ئەمان کاردانەوە بوو بۆ نەتەوەپەرستیی تورکی کە لە ناو سوپادا تەشـەنەی کردبوو. هەروەها بە هۆکاری دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی ئەوەشەوە کەوا کورد بەرەوڕووی چارەنووسێکی لەوەی ئەرمەن

دەبێتەوە. ئەگەری دروسـتکردنی دەوڵەتێکی کوردی و بە هەمان شێوەش دەوڵەتێکی ئەرمەنی لە پەیمانی سیڤەری ساڵی ۱۹۲۰دا نووسـرابوو، بە هۆی هەندێ هەوڵی نابەدڵ و سـاردوسـڕی بەریتانیاوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی بچووکی ناوبڕی کوردی لە نێوان عێراقی عەرەبی و تورکیادا. ئەندامەکانی ئازادی، سـەرەڕای دڵگەرمیی نەتەوەییان، ئەوەیان باش دەزانی کەوا هێشـتا پشـتیوانیی تەواوی جەماوەری کوردیان نییە و هێز و دەسەڵات و بانگەشەی پێویستیان نییە بۆ دابینکردنی پشتگیریی جەماوەر. لەبەر ئەوە لە سـەرۆکە نەریتییە کاریگەرەکانی ناوچە و شـوێنە جیاجیاکانی کوردسـتان نزیکبوونەوە. شـێخ سـەعید لەلایەن خالید بەگی زاوایەوە کە لە بنەماڵەی جبرانی دەسـەڵاتدار و حوکمڕان بوو بانگهێشت کرا. ئەم خالید بەگە کۆلۆنێلی سوپا و یەکێک بوو لە بیرمەندانی سـەرەکیی ڕێکخراوی ئازادی. شـێخ سـەعید بە دڵگەرمییەوە بە دەم بانگهێشـتەکەوە چوو و ڕۆڵێکی پێشـەنگی بینی لە پلان دارشـتندا، کە لە سـاڵی ۱۹۲٤وە دەستپێکردبوو. لە بنەڕەتدا مانگی مایسی ۱۹۲٥ دەسنیشان کرا وەک مێژوویەک بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی گەورە کە زۆربەی یان گشت ویلایەتە کوردییەکانی تورکیا بگرێتەوە. ئەفسـەرەکانی ئازادی دەبوو ئۆپەراسـیۆنەکان ڕێکبخەن چونکە ئەزموونی سـەربازییان هەبوو. هەروەها دەبوو فەرماندەیی لۆکاڵی لەلایەن شێخەکان و سـەرۆک خێڵەکانەوە دابین بکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا

شۆڕشەکە پەیڕەویی ئەم نەخشە و پلانەی نەکرد. پاشان بە هۆی بارودۆخی چاوەڕوان نەکراو و بەدحاڵیبوون و ژمارەیەک هەڵەوە دەسەڵاتدارانی تورکیا گومانیان پەیداکرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٤دا، زۆربەی زۆری سەرکردایەتیی باڵای ڕێکخراوی ئازادی گیران و تەنها کەمێکیان توانییان دەرباز ببن و هەڵبێن بۆ عێراق، کە لەوێیش کەوتنە بەر لێکۆڵینەوە لەلایەن ئەفسەرانی هەواڵگریی بەریتانیاوە. هەڵبەت سکاڵایان لە دەست ستەمی حکوومەتی تورکیا هۆشیارییەکی توندی دەردەبڕی بە مامەڵەی پڕ لە جیاکاری و بە سروشتی هۆکار و پاڵنەریان نەتەوەیی بوو نەک ئاینی[١].

---

[١] بڕوانە ئۆفیسی تۆمارە گشتییەکان، لەندەن،

FO 371 ،1924: E 11093/11093/65.

ئەمە یەکێکە لەو سەرچاوە هاوچەرخە زۆر کەمانەی سکاڵا و داواکارییەکانی کورد. زۆربەی سەرچاوە کوردییەکان لەم ماوەیەدا نووسراون لە پاش شۆڕشەکە و لەئەنجامی کاری تۆڵەسەندنەوەی تورکیا کە بەدوای شۆڕشدا هات زیانیان پێگەیشتووە. ئەندامانی ئازادی ئەم سکاڵای ستەمانەی خوارەوەیان داڕشتووە:

١- یاسایەکی نوێ لەبارەی کەمینەکانەوە گومان دەورووژێنێت. ئایا حکوومەت بیر لە سەرلەنوێ نیشتەجێ کردنی کوردەکان دەکاتەوە لە ڕۆژاوای تورکیا و کوردیان لە شوێن دابنێت؟

٢- لەگەڵ هەڵوەشانەوەی خەلافەتدا، یەکێک لەو دوا پەیوەندییانە بچڕا کەوا تورک و کورد یەکدەخات.

٣- بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان و قوتابخانەکاندا قەدەغەی

## شۆڕش

وا ئێستا بە بوونی سەرکردە زۆر گرنگەکانی ئازادی لە زیندان یان تاراوگەدا، دەبوو پلانەکان چاویان پێدا بخشێنرێتەوە. لە مانگی کانوونی یەکەم یان دووەمدا، کۆبوونەوەیەک بەسترا لە نێوان ئازادی و شێخەکان و سەرۆک خێڵەکاندا، کە بە شێوەیەکی

---

خراوەتەسەر. نزیکەی هیچ قوتابخانەیەک نەبووە لە ناو کورددا.
٤- ناوی "کوردستان" لە هەموو کتێبەکانی جوگرافیادا سڕاوەتەوە.
٥- تەواوی کاربەدەست و بەرپرسە گەورەکانی حکوومەت لە پارێزگا یان ویلایەتە کوردییەکاندا تورکن. فەرمانبەرە بچووکەکان کورد بوون، بەڵام زۆر بەئاگاییەوە هەڵیانبژاردوون.
٦- هیچ سوودێک لە حکوومەت نەبینراوە لە بەرانبەر ئەو باجانەدا کە دراون.
٧- حکوومەت دەستی وەرداوەتە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی لە ویلایەتە کوردییەکاندا.
٨- بەردەوام حکوومەت پەیڕەویی سیاسەتی بەگژ یەکتردادانی ئەم عەشیرەتی کردووە دژ بەویتر.
٩- بەردەوام هێرشی سەربازی کراوەتە سەر گوندە کوردنشینەکان و ئاژەڵیان زەوتکراوە و گەندەڵی لە ئاستێکی بەربڵاودا تەشەنەی کردووە پەیوەست بە پسووڵە و پارەدان لەبەرانبەر ناردنی زەخیرە و پێداویستی.
١٠- پلەدارەکانی خوارەوەی کورد لە سوۆادا ستەمیان لێکراوە و بە خراپی مامەڵە کراون و بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵیاندەبژێرن بۆ قورسترین و خراپترین ئەرک و فەرمان.
١١- حکوومەتی تورکی هەوڵی بەکارهێنانی سامانی کانزایی کوردی داوە بە یارمەتیی سەرمایەی ئەڵمانی.

بنەڕەتی لە ناوچەی زازاوە ئامادەی بوون. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری بەردوامبوون درا لەسەر شۆڕشەکە و کاتەکەی پێشخرا بۆ مانگی مارت. لە مانگی کانوونی دووەمدا شێخ سەعید دەستیکرد بە گەشت و گەڕانی ساڵانەی خۆی لە ناوچەکانی زازادا و ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی خۆی بەکارهێنا بۆ چارەسەر کردنی هەر کێشە و ناکۆکییەک کە ڕەنگە ببنە هۆی تێکدانی یەکێتیی شۆڕشەکە و گفتوگۆ کردنی مەسەلە ستراتیجییەکان لەگەڵ سەرۆکە ناوخۆییەکاندا. وتاردانە توند و ئاگراوییەکانی ئیلهامبەخشی گوندنشینان بوون بۆ ئەوەی ڕقیان لە حکوومەتی کۆماری ببێتەوە [بروانە جەمال، ١٩٥١: ٢٤؛ تۆکەر، ١٩٦٨: ٣٨]. لەم گەشتەدا دەستە و دایەرەیەکی گەورە و نائاسایی هاوڕێتیی شێخ سەعیدی دەکرد کە پیاوانی چەکداری لەخۆگرتبوو. شێخ لە کاتی مانەوەیدا لە پیران، ئەو گوندەی کە عەبدولڕەحیمی برای تێیدا دەژیا، ڕووداوێکی بچووکی پێشوەخت بوو بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لە ١٣ی شوباتی ١٩٢٥دا [هەمان سەرچاوە]. جەندرمەی تورکی لە نێو دەستوپێوەندەکەی شێخدا گەلێ کەسی ناسییەوە کە بە هۆی تۆمەتی پیاوکوشتنەوە لە یاسا هەڵاتبوون. لە هەوڵێکدا بۆ دەسگیرکردنی ئەو هەڵاتووانە تەقە کەوتە نێوان پیاوەکانی شێخ و جەندرمەوە و پۆلیسێکی تێدا کوژرا. ئەوجا لەبەر ئەوەی کە ئامادەکارییەکان بۆ شۆڕش هێشتا تەواو نەبووبوو، شێخ ئەوپەڕی هەوڵیدا بۆ ئەوەی مەسەلەکە

کپبکـاتەوە، بەڵام هەوڵەکەی ســـەری نەگرت. هەواڵەکە زۆر بەخێرایی بڵاوبووەوە و لە شـــارۆچکەی خانی خەڵکەکە حاکمی شـــار و هەموو کاربەدەســـتانی تورکیان دەرکرد. لە نزیک شـارۆچکەی لایســەوە عەرەبانەیەکی پۆسـتە گیرا. ئەوجا لەبەر ئەوەی حکوومەت ئێســـتا بەئاگا هاتووە و کەوتووەتەخۆی ئەوە دەبوو ڕاپەڕینی گشتی پێشبخرێت. ئەوجا شێخ خێرا ڕۆیشت بۆ داراخینی، کە شـــارۆچکەیەکی بچووکی دوورەدەســـت بوو و لە ڕێگا چەندســەد کەسێکی لە پیاوانی عەشـیرەتەکان کۆکردەوە و بەئـاســــانی داراخینی گرت و بەو هۆیەوە کەوا زۆربەی جەندرمەکان کورد بوون بە خوایشتی خۆیان چوونە پاڵ شێخ و شـــارەکە بوو بە پایتەختی کاتیی شـــۆڕشـــگێڕەکان. لێرە شـــێخ حوکمڕانێکی ســەر بە خۆی دانا، کە *موفتییەک* بوو (واتە شـارەزا لە بواری شەرع و یاسای ئیسلامیدا) و فەرماندەیەکیشی دانا بۆ هێزەکانی جەندرمە. کاربەدەســـتەکانی خوارەوەش ســـووک و ئاســـان بەردەوام بوون لەســـەر کاری خۆیان لە ژێر ڕکێفی کارگێڕییەکی نوێدا.

شـێخ سـەعید لە داراخینییەوە شـوێنکەوتووە چەکدارەکانی بە هەموو ئـاڕاســـتەیەکـدا نـارد بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی مەڵبەنـدە ئیدارییەکانی ناوچەکە بکەن. زۆربەی ئەم یەکە غەیرە نیزامییانە شـێخەکان فەرماندەییان دکردن. چەپەکچور لەلایەن شـێخەکانی جانەوە دەستی بەسەرداگیرا و لەوێشەوە دایان بە سەر شارۆچکەی

کیغیوادا. شێخ عەبدوڵای ناوچەی سوڵحان نێردرا بۆ ڤارتۆ و ئەو ناوچەیەی کە دەکەوتە باکووری مووشــەوە. شــێخ شــەریف، کە پێشـتر فەرماندەی میلیشـیا بوو چووە پاڵ داگیرکردنی چەپەکچور و بەدوایـدا گرتنی پـاڵوو و پـاشـــــان پێشـــــڕەویی کرد بەرەو شـــارۆچکەی ئێلازیغ و بەســـەر هەر گوندێکدا تێپەڕ دەبوو هێزی پشتیوانیی دەهاتەپاڵ. شێخ سەعید خۆیشی لەگەڵ شوێنکەوتەیەکی هێجگار زۆردا لە داراخینییەوە بەرەو باشوور جووڵەی کرد.

لەو ماوەیەدا، لە دیاربەکری شـــاری ســـەرەکیی ناوچەکەوە فەوجێکی پیادە و ســوارە نێردرایە ســەر شــۆڕشــگێڕان. فەوجە پیـادەکەی تورکیـا لە گونـدی ســـــەردیی نزیکی خـانی لەلایەن جووتیارە ناوخۆییەکانەوە بە فەرماندەیی شــێخ محەممەد مەهدی ڕێگەی پێگیرا و لە پاش چەند ڕۆژێکی کەم لەســەردەســتی هێزە تایبەتییەکەی شێخ سەعید شکستیهێنا. ئەو تۆپانەی کە دەستیان بەسەرداگرتبوو ئیزافەیەکی بەکەڵک بوو بۆ سوودی شۆڕشگێڕان کە بەزۆری چەکەکانیان کۆن بوون. هێزەکەی ســـوارەی تورکیا کەوتنە بۆســـەی شــۆڕشــگێڕانەوە و لە ٢٨ی شــوباتی ١٩٢٥دا خۆیان ڕادەســـتی کوردەکان کرد. لەو ســـەروبەندەدا ســـەرتاپا ناوچەی زازا، لە ئەرگانییەوە تا کوڵپ لە حاڵەتی شـــۆڕشـــێکی کراوە و بەرفراواندا بوو. شـــارۆچکەکانی ئەرگانی، خانی، لایس لەلایەن گوندنشـــینانەوە داگیرکرابوو، هەر تاقمە و لای خۆیەوە. هەرچەنـدە هەنـدێـک لە خەڵکی شـــــارۆچکەکـان وەک متمـانە

بەخۆکردنێک جۆرە بەرگرییەکیان دەکرد، بەڵام وا ئێستا شێخ سەعید هێزەکانی بەچڕی مۆڵداوە و کردوونیە سەر دیاربەکری گەورەترین مەڵبەندی شارستانیی ناوچەکە، لە هەمان کاتدا عەبدولڕەحیمی برای لەگەڵ بەشێک لە هێزەکانی زازا بەرەو ڕۆژئاوا پێشڕەوییان کرد و شارۆچکەکانی مادێن و چەرمک و سیڤەرەکیان داگیرکرد. شێخ سەعید کەوتبووە گەشت و گەڕان بە ناوچەکانی دەوروبەری ئەگیلدا بۆ دەستەبەر کردنی پشتگیریی سەرۆک خێڵەکانی ناوچەکە. ئەو پەیامی ناردبوو بۆ سەرۆکە ناودارەکانی شوێنەکانی تری کوردستان، وەک خێڵی بەهێزی میلان لە دەوروبەری ویرانشار و خێڵەکانی دەوروبەری بەدلیس و هەموو ئەوانەی کە لە پلانی بنەڕەتیی ڕێکخراوی ئازادیدا بەشدارییان کردبوو، بەڵام وەڵام و کاردانەوە نەبوو.

لە سەرەتایمانگی ئازاردا هێزیکی گەورەی شۆڕشگێڕان گەمارۆی دیاربەکری دا و ژمارەیان دە هەزار کەس دەبوو و بەردەوام هێزی تری بۆ زیاد دەکرا. شێخ سەعید خۆی لە گوندێکی ئەو نزیکانەوە کاروباری ئۆپەراسیۆنەکەی ڕێکدەخست و ڕاییدەکرد. شارەکە تا ڕادەیەک قایم و مەحکەم بوو بە شوورە ئەستوورەکەی و ژمارەیەکی زۆری پاسگایەوە مورسیل پاشا فەرماندەیی دەکرد، کە بە بایەخپێدانەوە دانیشتووانە مەدەنییەکەی شاری لە چەک داماڵی و لە کاتی گەمارۆدانەکەشدا قەدەغەیەکی تەواوی هاتوچۆی سەپاند و ئەمەش مەترسیی هەر هاوکارییەکی

کەمکردەوە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا. لە پاش گەمارۆدانی چەندین ڕۆژ و هەوڵی بێسوودی شۆڕشگێڕان بۆ داگیرکردنی شار، تاقمێکی بچووک توانییان بەشەودا بێنە ناو شارەوە، کە پێدەچێت بە پاڵپشتیی دانیشتووانە کوردە زازاکەی ناو شارەکە بووبێت، بەڵام بە شوێنەکەیان زانرا و شەڕێکی خوێناوی بەرپا بوو و پاسگاکە لەناوبردن و تەنها ژمارەیەکی کەمیان توانییان دەرباز ببن و هەڵبێن (لە ٧ – ٨ی ئازاردا). لە پاش ئەم شکستە شێخ سەعید پیاوەکانی لە شوورەی شار کشاندەوە و مۆڵەتی چەند ڕۆژێکی پێدان.

لە بەرەکانی ترەوە، ژمارەیەک سەرکەوتن تۆمارکران و شێخ شەریف ئێلازیغی گرت لەگەڵ ژمارەیەک لە پاسگاکانیدا. لە بەرەی باکووری ڕۆژهەڵاتیشەوە ڤارتۆ گیرا و چەند جارێکیش پەلاماری خنسیان دا. هەرچەندە زۆرێک لە خێڵەکانی جبران و حەسەنان چووبوونە پاڵ هێزەکانی شۆڕش، بەڵام بەرەوڕووی بەرگرییەکی توند بوونەوە لە لایەن دوژمنە نەریتییەکانیانەوە کە خێڵە عەلەوییەکانی هۆرمەک و لۆلان بوون. نەخشە و پلانی گرتنی مووش و بەدلیس لەلایەن خێڵەکانی ناوچەکەوە تێکشکێنرا کە نەچووبوونە پاڵ شۆڕشگێڕەکان. خەڵکی فارقین (سیلڤان) بە تەریکی و دابڕاوی مانەوە تا ٢٥ی مارت کاتێ کە شارۆچکەکە هێرشی کرایەسەر لەلایەن کوردە زازاکانەوە بە سەرکردایەتیی شێخ شەمسەدین. بەڵام لە پاش چەند ڕۆژێکی کەم کەوتەوە

ژێردەســـتی هێزەکانی حکوومەت. پاشـــان گوژم و گەرموگوڕیی پێشتری هێزەکانی شۆڕش خاو بووەوە، بەڵام وا ئێستا بە تەحەدا و متمانەوە ئامادەکارییەکی خێرا دەکەن بۆ بەرگری کردن دژ بە هێرشێکی پێچەوانەی حکوومەتی تورکی کە هاکا دەستیپێکرد.

## گرتن و لەدەستدانی ئێلازیغ

تۆمارەکانی ئێســـتا شـــتێکی کەم نەبێت باس لەو پاڵنەر و ڕەفتـارەی جووتیـارە یـاخییەکـان نـاکەن کەوا بەڕاســـتی ڕاپەڕینەکەیان بەرپاکرد. دەربازبووان ڕاســـتییەکانیان بەردەوام دەهۆنییەوە و دووپاتیان دەکردەوە، بە فۆکەس خســـتنە ســـەر ســـەرکردەکانیان بە شـێوەیەکی تا ئەوپەڕی حەســری لەپێناوی هەر تێگەیشـــتنیکی کارا بۆ تێکڕای شـــۆڕش یان یاخیبوونەکە. ئەمەش ڕاپۆرت و گێڕانەوەی شایەتحاڵە کەمەکانی لەسەر گرتنی شـارۆچکە هەرێمییە ســەرەکییەکەی ئێلازیغی لەلایەن پیاوەکانی شـۆڕشـەوە وا لێکرد کە بە شـێوەیەکی تایبەتی بایەخدار بێت لە پیشـاندانی چۆنێتیی کاردانەوەی کەرتە جیاجیاکانی دانیشـتووان [PRO, FO 371,1925: E 2319/362/61; Cemal, I951: 32 - 4]. پیاوماقووڵانی چینی ناوەڕاست، چەشـنی بەرپرسـان، بازرگانان، پارێزەران، پیشـــەگەرە ســـەرەکییەکان فەرمانبەرانی خوارەوە لە خزمەتی گشـتیدا بە شـێوەیەکی سـەرەکی تورک بوون، بەڵام کار

و فەرمانە ئاســـــت نزمەکان لەلایەن کۆچبەرە نوێکانەوە ڕایی دەکران کە لە گوندە کوردنشینەکانی دەوروبەرەوە هاتبوون.

پاش ماوەیەکی کەم لە گرتنی دارخینی و چەپەکچور لەلایەن پیاوانی شــۆڕشـــەوە، واتەوات گەیشـــتە ئێلازیغ کەوا چەندســـەد جووتیارێکی کورد بەڕێوەن بۆ پشتیوانی کردنی شۆڕشگێڕان لە شـــارەکەدا. ئەمانە کۆمەڵە خەڵکێکی دڵگەرم و ســـەرەڕۆ بوون و ئاڵای ســـەوز و قورئانیان بەرز کردبووەوە و بەردەوام هاواریان دەکرد "ســـــڵاوی خوای گەورە لە محەممەدی پێغەمبەرمان" و بە ناوی خودا و پێغەمبەرەوە بانگەوازیان لە هەموو ئەوانە دەکرد کە دەهاتنە ڕێیان خۆیان ڕادەست بکەن. ئەوجا شارۆچکەی پاڵوو خۆی بەدەســــــتەوەدا و بە هێزێکەوە کە ماندووبوون نازانێت کۆمەڵی شۆڕشگێڕان بەرەو ئێلازیغ ڕۆیشتن و داوایان لە گشت کەسێک دەکرد بداتە پاڵیان. کاتێ کە یەکەم سێسەد کەسی یاخیی کورد لە بەردەمی هێڵەکانی ســــوپادا دەرکەوتن لە دەرەوەی ئێلازیغدا دیمەنێکی ترسناکیان نواند. سەربازەکان کەوتنە هەڵاتن لەجیاتیی ئەوەی تەقە لە شـــــۆڕشـــــگێڕان بکەن کەوا قورئانیان بەستبوو بە نێزەکانیانەوە. زۆربەی دانیشتووانی شار پێشوازییان لە کوردەکـان دەکرد و کەوتنە تـاڵان کردنی بنکە و بـارەگـای جندرمە و دادگا و زیندانیان شکاند و هەرچی فایل و دۆسیێ هەیە ســـــووتاندیان. ئەوجا زیندانییە بەردراوەکان ماڵی ئەفســـــەر و دەوڵەمەندەکانیان پیشانی کوردەکان دا و بەم ڕەنگە "یەکەم دەکرا

بخرێنە زیندانەوە و دووەمیش تالانیان دەکرد". کۆڵکێش و داربڕە کوردەکانی شــارەکە خۆبەخشــانە و بە خوایشــتی خۆیان چوونە پاڵیان. لە کاتێکی دواتری ئەو ڕۆژەدا، شـێخ شـەریفی فەرماندەی شۆڕشگێڕەکان لەم بەرەیەوە هاتە ناو شارەوە و بەڵێنی دا یاسا و نیزام بسەپێنێت. و فەرمانی دا دز و تالانچییەکان لەسێدارە بدرێن، بەلام هەڕەشەکە هەروا بێ جێبەجێ کردن مایەوە. بۆ ڕۆژی دواتر تالانکردن بە شێوەیەکی ئامانجدار زیاتر چڕبووەوە لەسەر کۆگا و گەنجینەکانی سوپا و فەرمانگە و عەمباری مۆنۆپۆلی تووتن.

گەلێ لە خەڵکە مەدەنییەکەی شـــــار بەرهەڵســـــتیی تالان و بڕۆیان نەکرد چونکە شـــۆڕشـــگێڕانیان بە ســـوپایەکی ئیســـلامی دەزانی. ســــــەدان جووتیــار لە دێهــاتی دەوروبەرەوە هــاتنە ناوشـــــارەوە بۆ پیرۆزبایی کردن لە پیاوانی شـــۆڕش و هەندێک لەوانیش هاوڕێتیی ســوپای ســەرەکیی شــۆڕشــگێڕانیان کرد کە بەرەو مەلاتێ دەچوو. بەلام شێخ شەریف شتێکی ئەوتۆی نەکرد بۆ چەســـپاندنی دەســـەلاتی شـــۆڕشـــگێڕان و بەوە داکەوت کە بەرپرســـیارێتیی ئیداری بداتە *موفتی* (پســـپۆڕی فەرمی شـــەرع و یاســــای ئیســــلامی) و پاســــگایەکی بچووکی لە دوای خۆیەوە جێهێشــــــت. کــاتێ ئەم کــاری دزی و تــالانییە بەردەوام بوو، پیاوماقوولان گرووپی بەرگرییان ڕێکخســت بۆ دەرپەڕاندنیان. لە پاش ئێلازیغ، شۆڕشگێڕانی شێخ شەریف شکستیانهێنا و هەرگیز نەگەیشتنە مەلاتیە [تۆکەر، ١٩٦٨: ٨٧].

## دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە

حکوومەت لەسەرخۆ ئامادەکاریی بۆ هێرشی پێچەوانەی خۆی کرد و هێزەکانی نارده ناوچەکە کە پێدەچێت ژمارەیان گەیشتبێتە ٣٥ هەزار سەرباز. سەرۆکە کوردەکانی ناوچەکانی تر هاندران بۆ دەربڕینی دڵسۆزی و ملکەچی بۆ کۆمار لە ڕێگەی ناونووس کردنی پیاوەکانیانەوە بۆ شەڕکردن دژ بە برا کوردە شۆڕشگێڕەکانیان. هەندێک لەو سەرۆکانە چوونە ژێر بار، هەرچەندە پێناچێت شەڕی پیاوەکانی شێخ سەعیدیان کردبێت. لە کۆتایی مانگی ئازاردا سوپای تورکیا لە سێ قۆڵەوە هێرشی کردە سەر ناوچەی شۆڕشگێڕان، بە هاوکارییەکی بەرچاوی هێزی ئاسمانی. بۆردمانی فڕۆکە ترس و تۆقینێکی گەورەی بەرپاکرد لە نێو کوردەکاندا و گەلێ لەوانە هەرگیز پێشتر فڕۆکەیان نەدیبوو. پاشان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا شارۆچکەکانی خانی، سیلڤان، پالۆو، پیران و لایس گیرانەوە و پیاوەکانی شۆڕش ناچاری هەڵاتن کران بۆ ناوچە شاخاوییەکانی چەپەکچور و گەنج (داراخینی) کە سەخت بوون و ڕێگەی هاتوچۆیان ئاسان نەبوو. ئەوجا سەرباری بەفربارینی کۆتایی زستانیش، سوپا لێرە دوایانکەوت و لە هەندێ شەڕی سەخت و کراوەدا هێزەکانی کوردی تێکشکاند. ئەو شۆڕشگێڕانەی مابوونەوە بوون بە یەکەی گەریلایی (پارتیزانیی) بچووک بچووکەوە و بەردەوام بوون لەسەر شەڕکردن بۆ ماوەی چەند ساڵێک. چەند ڕۆژێک لە پاش

دەستپێکردنی هێرشەکە، شێخ سەعید لە نزیک مووش دەسگیر کرا و بەئاشکرا لە ئەنجامی خیانەتی هاوپەیمانێکی پێشترەوە بوو کە ویستبووی سەری خۆی دەربکات. لە پاش دادگاییەکی کورتخایەن، شێخ سەعید و چل و حەوت سەرکردەی تری شۆڕشەکە، کە لانی کەم حەوتیان شێخ بوون، سزای مەرگیان بەسەردا سەپاندن و لە ٤ی سێپتەمبەری ١٩٢٥دا لەسێدارە دران. دواتر یاسایەک دەرکرا بۆ سەرکوتکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێباز و تەریقەتەکانی سۆفیگەری و دەروێشی و تەکیە و خانەقا و مەزارەکانیان [ئەلبەیرەق، ١٩٧٣: ١٨٦ - ٢٠٦].

### نەتەوەخوازی لە بەرانبەر مۆرکی ئاینیی شۆڕشەکە

لە دادگایی کردنەکەدا دەسەڵاتدارانی تورکیا پێداگر بوون لەسەر ئەوەی کەوا یاخیبوونەکە سرووش و ئیلهامبەخشییەکی نەتەوەخوازیی (ناسیۆنالیستیی) تێدابووە و سەرکردەکانی بەنیاز بوون دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دابمەزرێنن. هەمان ئیددیعاش لەلایەن نەتەوەییە کوردەکانەوە دەکرا لەو کاتەدا [بۆ نموونە شێرکۆ، ١٩٣٠]. پەیوەندییەکانی شێخ سەعید لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادی و هەروەها ئەوانی تریش لە نەتەوەخوازە موحافزەکارەکان هیچ گومانی تێدا نییە. ئەو کەسە سەرەکییەی کە من زانیاریی زارەکیم لێ وەرگرتووە و لە شێخەوە نزیک بووە لە کاتی شۆڕشەکەدا، ئیددیعای ئەوە دەکات کەوا بۆ خودی شێخ

خۆی، پاڵنەر و مۆتیڤە ئاینییەکان ڕوون و ئاشـــکرا لاوەکی بووە لە بەرانبەر پـاڵنەرە نەتەوەییەکـانـدا. لە ڕاســـتیدا فەهمی بیلال ئەفەندی، کە یەکێک بووە لە نزیکترین هـاوکـار و یـاریدەدەرانی شـــێخ، کەســـێکی بێدین و بێباوەڕ بووە و تەنها لەبەر بوێری و دڵســـۆزیی بۆ ناســـیۆنالیزم بواری پێدراوە. پێناچێت هیچکام لە شـێخە سـەرکردەکانی تر نەک گوندنشـینە ئاسـاییەکان هەسـتی نەتەوەیی ئاوها ڕوون و بەهێزی هەبووبێت.

شـێخ سـەعید بە شـێوەیەکی سـەرەکی ئارگومێنتە ئاینییەکانی بەکـارهێنـاوە بە مەبەســـتی پرۆپـاگەنـدە لە گونـدەکـانـدا، بەو کاریگەرییەی کەوا "ئیســـلام لە ژێر هەڕەشـــەدایە و پێویســـتە بەرگریی لێبکرێت". هێما و ســـێمبۆڵی شـــۆڕشـــگێڕان مۆرکێکی ئاینیی هەبووە - کە بریتی بووە لە ئالای ســـەوز و قورئان و هاتوهاواری شـــەڕ و کوشـــتاری ئیســـلامی و جەنگی پیرۆز یان زاراوەی "*جیهاد*". شـــۆڕشـــەکە تام و بۆیەکی هەزارەی پێوە دیاربووە هەرچەندە ئاماژەیەکی ئاشـــکرای پێوە دیار نەبووە ســـەبارەت بە بیر و ئایدیای میســـیانی (واتە ئەو کەســـەی گۆڕانکاریی دەکات و پاشـــان ئاشـــتی بەرقەرار دەکات وەک ئاماژەیەک بۆ مەســـیح - وەرگێڕ). ڕەفتاری شـــۆڕشـــگێڕان ئاماژەیەکی بەهێزی تێدایە کەوا ئەوان تەنها بەوەی کە دەیاندا بەسـەر شـارەکاندا و دەیانگرت و چاوەڕێی گێڕانەوەی ئیسـلام و دامەزراندنی حوکمی دادپەروەری بوون. لە نێو ئەو لیســتە دوور

و درێژەی سکاڵای کوردە نەتەوەییەکاندا تەنها کەمێکیان شتێکی دەگەیاند بۆ جووتیارەکان - بەتایبەتی هەڵوەشانەوەی خەلافەت. ستەمەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگدانەوەی نیگەرانیی کوردە خوێندەوارەکان بوو و تا ڕادەیەکیش بەرژەوەندییەکانی چینی حوکمڕانی نەریتی. بیر و ئایدیاکانی حوکمی خۆکردن یان خۆبەڕێوەبردن زۆر تازە بوون تەنانەت لە ناو سەرۆک خێڵەکانیشدا. لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ڕۆشنبیرە گەنجە کوردەکان کەوا پرۆپاگەندەی نەتەوایەتییان دەکرد هێشتا هەر سەرۆکەکانیان دەبینی بەرهەڵستیی داواکارییەکانیان دەکەن. ملکەچی و دڵسۆزیی بۆ سوڵتانی عوسمانی بە سیفەتی ئەوەی کە خەلیفەیە هێشتا هەر باڵادەست بوو [سلۆپی، ١٩٦٩: ٣٨ - ٣٩]. وا دیاربوو هێزە سەرکەوتووەکانی هاوپەیمانان کەمتر بەرهەڵستیی ئایدیای دەوڵەتێکی کوردی دەکەن و سەرۆکەکانیان ئاگادار کردبووەوە لە ئەگەری پرۆژەیەکی لەم جۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا، پاڵپشتیی هاوپەیمانان هەرگیز دەستەبەر نەبوو و مستەفا کەمال توانی دڵسۆزیی سەرۆکە گەورەکانی کورد بە لای خۆیدا ڕابکێشێت بە بەخشینی پێگە و پۆست پێیان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیادا (پەرلەمان). بەڵام پەستی و ناڕەزایی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی تایبەتی خۆی لە ناو سەرۆکەکانی خوارەوەدا دەرخست، کەوا خرانە دەرەوەی سیستەمی سیاسی. گەلێ لەمانە لە ژێر کاریگەریی پرۆپاگەندەی ڕێکخراوی ئازادیدا

بوون. ئەوجا بە هۆکاری ئەوەی کە جووتیاران ئاینی ئیســلامیان زیاتر لەلا پەســەند بوو لە دنەدانی نەتەوەیی کوردی بۆیە ئازادی دەیویســــت خۆی لە پشـــتەوە بهێڵێتەوە وەک دەســـتەیەکی نەخشــەدانان و ڕێکخســتن و ئەرکی جۆشــدانی ڕاســتەوخۆ و ســـەرکردایەتیی مەیدانیی بۆ ســـەرۆک و شــێخە لۆکاڵییەکان جێهێشـــتبوو. بەڵام کاتێ کە ئازادی تێکشـــکا تەنها ڕێکخراوێکی ســەروو عەشــیرەت مایەوە کە بتوانێت ئەو ڕۆڵی ڕێکخســتنە لەئەســتۆ بگرێت و ئەویش تۆڕی شــێخە نەقشــبەندییەکان بوو. بێجگە لەوەش، لە ناو ئەو ســـەرکردە کاریگەرانەدا کە ئازادی لە بنەڕەتدا پەیوەندی پێوەکردبوون، تەنها شـــێخ ســـەعید بڕیاریدا لەگەڵ شۆڕشدا بڕوات و بەردەوام بێت. شێخ سەعیدیش بە ڕۆڵی خۆی لە ناوچەکەی خۆیدا کەسی تری نەدۆزییەوە کە بدەنە پاڵی بێجگە لە سەرۆک خێڵ و شێخە بچووکەکان.

ئەو ڕۆڵە ســیاســییەی کە لە ڕووی نەریتییەوە ئەم شــێخانە گێڕایان جەختی لەســـەر ئەوە کردەوە کە ڕا و قســـەی دیاری خۆیان هەبوو لەوەی بچنە پاڵ شـــۆڕشـــەکە یان نە. لە ناوچەی مووش کە تێیدا ســـەرۆک خێڵەکان بەهێزتر بوون لە ناوچەکانی زازا، شــێخی ســەرەکی لە بنەڕەتدا دەســەڵاتیکی ڕۆحی بوو نەک سیاسی و ڕەتیکردەوە کە بداتە پاڵ شۆڕشەکە. ئەوجا سەرۆک خێڵەکانی مووش و ســـەرۆکەکانی دەرســـیمیش هەر وایانکرد، لەگەڵ ئەوەشـــدا کە زۆرێکیان پەیوەندیی ڕاســتەوخۆیان هەبوو

لەگەڵ ئــازادی. تۆکەر [١٩٦٨: ٨٣] ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕاســتییەی کەوا ئەو ســەرۆکانە خولیای نەتەوەییان زیاتر بوو و ئەو مۆرکە ئاینییە بەهێزەیان پێ پەســەند نەبوو کە شــۆڕشــەکە وەریگرتبوو لە ژێر ســــەرکردایەتیی شـــێخەکانـدا. خێڵەکـانی دەرســــیمیش، بەو پێیەی کە عەلەوی بوون، هۆکارێکی بەجێیان نەبوو کە بچنە ناو ئەم جووڵانەوە ســـوننییە بەهێزەی کە ڕەنگە بەئاسانی دژ بە خۆیشیان ئاڕاستە بکرێت، ئەگەرچی شێخ سەعید نامەی بانگهێشـتی ناردبوو بۆ خێڵی هۆرمێکی عەلەوی بۆ ئەوەی بدەنە پاڵی لە شـۆڕشـەکەدا [فیرات، ١٩٧٠]. دواتر ئەم خێڵانە لای خۆیانەوە دەستیان دایە یاخیبوون.

لەبەر ئەوەی شــەرعییەت پێدانی دەســەڵاتی شـێخ لە بنەڕەتدا ئاینی بوو، بۆیە هاندانی شێخەکان بە شێوەیەکی سروشتی بەند بوو بەو هەڕەشــــە ئاشـــکرایەی کە لە ئیســــلام دەکرێت و پــابەنـدبوونی ئــاینیش بۆ بەرگری لێکردنی. ئەوان هۆکـارێکی بەجێیان هەبوو بۆ ئەوە کە: تەنانەت ئەگەر ڕیفۆرمی کەمالییەکان مەترسـیش نەبێت بۆ ســەر هەموو ئیســلام ئەوە هەڕەشــە کردن لەسەر هەڵوێستی شێخەکان بۆ خۆی ڕاستییەک بوو. گوندنشینە کـوردەکــانی بە هـێز و گوڕی خـۆیــانەوە چـووبـوونە نــاو جووڵانەوەکەی ئیسلامەوە، بەڵام قسەی شێخەکان قورساییەکی لە ڕادە بەدەری لەســـەریان دروســـتکردبوو، بۆیە بەئاســـانی دوورخرانەوە و بەتــایبەتی کــاتێ کە شـــێخەکـان زاراوەی

پەیوەندیداریان بەکاردەهێنا بە جەنگی پیرۆزەوە (*جیهاد*). بەو پێیە شێخ سەعید نازناوی "فەرماندەی باوەڕدارانی" (ئەمیرولموئمنین)ی لەخۆی نابوو و ئەوەشی ڕاگەیاندبوو کەوا هەر جەنگاوەرێکی ئەم شۆڕشە بکوژرێت لای خوا بە شەهید لەقەڵەم دەدرێت و یەکڕاست دەچێتە بەهەشت.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەمارگرژیی ئاینی تاقە هێز نەبوو کەوا جووتیارە یاخیبووەکانی دەجووڵاند. لە ئێلازیغ و شارەکانی تر، دادگاکان و بنکە و بارەگاکانی جەندرمە و عەمبارەکانی فەرمانگەی مۆنۆپۆڵی تووتن تالانکران و زیندانییەکان بەردران و لەجیاتی ئاماژە کردن بە تەنها حەز کردن لە تالانی، شایەتحالان ئیددیعای بوونی جیاوازییەکی توند و هەستەوەر دەکەن لە نێوان نۆرمی نەریتیی خێڵەکی و ئیسلامیدا لە لایەک و سیستەمی دادوەریی دەوڵەتی ئەوروپی بێجگە لە سکالای نادادیی ئابووری لەلایەن جووتیارانی تووتن چێنەوە لە لایەکی ترەوە. هەمان دژواریش ڕوون و ئاشکرا دیارە لە دزی و ڕاوڕووتی کۆمەلایەتیدا کە وەک نەخۆشییەکی درێژخایەنی لێهاتبوو لە ناوچەکەدا. زۆرێک لە جەردە و ڕێگرەکان چوونە ناو دستوپێوەندەکەی شێخ سەعیدەوە. کاتێ کە شێخ شەریف هێرشی کردە سەر ئێلازیغ لە فەرماندەیی هێزەکەدا بوو بە هاوشانی یادۆ، کە جەردەیەکی بەناوبانگ بوو و لە بوێریدا تا ڕادەیەک وەک قارەمانێکی میللی تەماشا دەکرا. کاتێ کە هێزی یاخیبووان شکستیهێنا، یەکەی

بچووک بچووکی گەریلایی (پـارتیزانی) بە چـالاکی مـانەوە و پەیڕەویی شـــێوازی چەتەیی و جەردەیی نەریتیی کۆمەڵایەتییان دەکرد لە ناوچەکەدا. فاکتەری ســـەرەکیی لە ڕەگوڕیشـــەی ئەم یاخیبوونەدا ململانێی نێوان بیر و ئایدیای ســـێکولاری ڕۆژاوایی بوو، کە دەوڵەتی نوێی تورکیا پەیڕەویکرد و ســـەپاندی لەگەڵ سیستەمی بەهای نەریتیی کوردی و فۆرمە میللییەکانی ئیسلامدا. هەڵوەشـاندنەوەی خەلافەت، کە هەتا ئەو نزیکانە خاڵێکی بەهێزی کۆکەرەوەی هاوبەش بوو کەوا خێڵە کوردەکانی لە تێکۆشـانێکی هاوبەشـــدا یەکخســـتبوو، هەســـتێکی وای لای جووتیارەکان دروستکردبوو کە پەلاماردانێکی سیمبۆلیی گەورەیە بۆ سەر ئایین و باوەڕیان. شـــیخە کوردە توندڕەوەکانیش لە ناوچەکانی زازادا ئەم بەها نەریتییانەی ئەوانیان بەرجەســـتە کردبوو. بێگومان ئەم شێخانە سەرکردەی گونجاو بوون بۆ ڕاگرتنی تەوژمی بێباوەڕی و مۆراڵی دەرەکی و بێگانە و ســـەرلەنوێ چەســـپاندنەوەی دادپەروەریی نەریتی. لە بۆنەکانی تردا و لە شـــوێنەکانی تری کوردستاندا، سەرکردەی تر ئەم ڕۆڵەیان لەئەستۆگرت و وایکرد کە مۆرکێکی ئاینی بدرێتە ئەو ڕاپەڕینانە بەڵام بە خەســـڵەتێکی تاڕادەیەک ناڕوونترەوە. مەسەلەکە بۆ خەڵکی ئاسایی گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئەوان هەوڵ و تێکۆشـانیان بۆ ئەوە بوو کە دەســت بە شــوناســی نەریتیی خۆیانەوە بگرن بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ جەخت لەسەر بواری ئاینی یان ئیتنیکی دەکرێتەوە.

## ئەنجام

تەریقەتی نەقشـــبەندی ڕۆڵێکی ڕێکخســـتنی گرنگی بینیوە لە شۆڕشـەکەدا. وا دیارە ئەو ستەمکارییەی لە ناوەڕاستی سالآنی ۱۹۲۰کاندا بەرانبەر بە کورد کراوە هاوشـــێوەییەکی بەرچاوی هەبێت لەگەڵ هێزە گەریلاییە ئیسـلامییەکانی ئەفغانسـتان کرابێت لە سـالآنی ۱۹۸۰کاندا. تەنانەت ئەگەر ڕەچاوی جیاوازیی هەردوو حاڵەتە بکەین ڕوون و ئاشـکرایە کەوا کاروباری شـۆڕشـگێڕە کوردەکان لە سـەرەتاوە ڕێکخسـتن و سـەرکەوتنی زیاتر بوو لە هاوشـێوە ئەفغانییەکانیان و ڕەنگە ئەم جیاوازییە بە هۆی بوونی تۆڕی نەقشبەندییەوە بووبێت لە حاڵەتی کورددا. لە سێ ڕووەوە ڕۆڵی شـــێخە کوردەکـان یەکلاکەرەوە بوو: یەکەمیـان، پێگە و شکۆی ئایینییان کە باوەڕ بوون بە کەرامات و هێزی بانسروشتی لەخۆدەگرت و ئەمەش وایکردبوو کە هاندانیان کاریگەریی زیاتر بێت و بەرپرس بووە لە دڵگەرمیی هەزارەی زۆرێک لە مورید و شـوێنکەوتووان. دووەمیان، شـێخەکان دەسـەڵاتیان لە زیاتر لە خێڵێکدا هەبوو، ئەمەش وایلێکردبوون کە ناوبژی و نێوەندگیریی بکەن لە نـاکۆکی و ململانێکـانـدا و بە ئـاســـانی ڕیزەکـانی شۆڕشگێڕان یەکبخەن. سێهەمیان، تەواوی شێخەکانی شۆڕشەکە دەچنەوە سـەر هەمان خەتی تەریقەتی نەقشـبەندی و پێشـتریش هـاوکاری هەبووە لە نێوانیانـدا و ئەمەش وایکرد کە لە ســـەر ڕووبەرێکی گەورەتر هەماهەنگی بکرێت. ئەرک و کاری گرنگی

شێخەکان ڕێگرتن بوو لە ناکۆکی و دژایەتیی خێڵەکی بە شێوەیەک کە وا بکات شـــۆڕش کردن مەحاڵ بێت. حاڵەتێکی هاوشـــێوە لە جووڵانەوەی سـەنووسـیی لیبیادا ڕوویدا لە پێش سـەربەخۆیی ئەو وڵاتە [ئیڤانز - پریچارد، ١٩٤٩]. ســـەنووســـییەتیش دیســـان تەریقەتێکی ســـۆفیگەریی میللی و بەربڵاو بوو. لێرە (واتە لیبیا) تۆڕێک لە *خەلیفەکانی* (جێگرەکانی) شێخی باڵا خێڵە بەدووەکانیان یەکخســـت لە خەباتێکی هاوبەشـــی دژە کۆلۆنیاڵیدا و بنەمای سەربەخۆیی لیبیایان دارِشت. لە کاتێکدا کە لیبییەکان سەرکەوتن بەڵام کوردەکان شـکسـتیان هێنا. هۆکارە دەرەکییەکان و ژینگەی دەوروبەر لە بەرژەوەندیی لیبییەکان بوو، بەڵام هۆکاری گرنگتر هەبوو بۆ شکستی کورد. بە شێوەیەکی عادەتی لەگەڵ بزووتنەوە هەزارییەکاندا، کاری کوردەکان ســروشــتیکی تەواو ســیمبۆڵیی هەبوو و هیچ پلانێکی ستراتیجی نەبوو وێنای هەنگاوەکانی دواتر بکات بەرەو ئامانجی کۆتایی. کاتێ کە شـــوورەکانی دیاربەکر نەکەوتن چەشـــنی شـــووره تەوراتییەکانی ئەریحا، زۆرێک لە جووتیارە کوردەکان ورەیان ڕووخا و دواتریش هێزی ســـوپای تورکیـا بـاوەڕ و قەنـاعەتی تێکشـــکـانـدن بە ئەرک و پەیـامی خواوەنـدییـان. هەڵبەت بۆ بەرگرییەکی ســـەرکەوتوو دژ بە دەوڵەتێکی مۆدێرن، وا دیـارە ئـایـدیۆلۆجیـا و ڕێکخســـتنێکی "مۆدێرنتر" مەسـەلەیەکی بنەڕەتی بێت و ئەڵتەرناتیڤی تری نەبێت. لە شۆڕشەکانی دواتری کورددا ئەم ڕاستییانە دەرکەوتن.

## ژێدەر و سەرچاوەکان

- ئەلبەیرەک، ســـادیق، ١٩٧٣، *"خەبات و تێکۆشـــان لەپێناوی ئایندا"*، ئیستانبوڵ.

- ئاڵگەر، حامید، ١٩٧٦، " ڕێبازی نەقشـــبەندی: ڕووماڵێکی ســـەرەتـایی بۆ بـایەخ و مێژووی"، *توێژینەوەی ئیســـلامی Studia Islamica*، ژ ٤٤، ل ١٢٣ - ١٥٢.

- ئەرفەع، حەســـەن، ١٩٦٦، *"کوردەکـان: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی"*، لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

- بروونەسن، م. ڤان، ١٩٧٨، *"ئاغا و شێخ و دەوڵەت: لەبارەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە کوردستاندا"*. تێزی دکتۆرا، زانکۆی ئوتریخت.

- جەمـال، بەهجەت، ١٩٥٥، *"یاخیبوونی شـێخ سـەعید"*، ئیستانبول، بڵاوکەرەوەی سێڵ.

- چیرگوە، بلێچ، ١٩٣٠، *"مەسـەلەی کورد، ڕەگوڕیشـە و هۆکارەکانی"*، قاهیرە.

- دەرســـیمی، م. نووری، ١٩٥٢، *"دەرســـیم لە مێژووی کوردستاندا"*، حەڵەب.

- ئیڤانس – پریچارد، ئی. ئی.، ١٩٤٩، *"سنووسی لە بەرقەدا"*، لەندەن.

- فورات، م. شـــەریف، ١٩٧٠ (١٩٤٥)، *"مێژووی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات و ڤارتۆ"*، ئەنکەرە.

- گوڵئۆغڵوو، مەحمـوود، ١٩٧٢، *"ڕیفـۆرم و کـاردانەوە لەبەرانبەریدا (١٩٢٤ – ١٩٣٠)"*، ئەنکەرە.

- هۆبسباوم، ئەریک، ١٩٥٩، *"یاخییە سەرەتاییەکان: لێکۆڵینەوە لە فۆرمە بەسەرچووەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا"*، مانچستەر.
- حۆرانی، ئە. ١٩٧٢، " شێخ خالید و ڕێبازی نەقشبەندی"، لە کتێبی، *"ئیسلام و فەلسەفە و نەریتی کلاسیکی"*، لە لایەن س. م. ستێرن و ئە. حۆرانی و ڤ. براون، *ئۆکسفۆرد*.
- جوەیدە، وەدیع، ١٩٦٠، *"جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد: بنەماکانی و پەرەسەندنی"*، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سیراکۆز.
- کیساکورەک، نەجیب فازڵ، ١٩٧٧، *"ئەو خەڵکەی لەبەر ئاین ستەمیان لێکراوە لەم قۆناخی دواییەدا"*، ئیستانبوڵ.
- *"کوشتنی کوردەکان لە تورکیادا"*، لیس، دەرکردنی کۆمەڵەی نیشتمانی کوردیی خۆیبوون، ١٩٢٨، قاهیرە.
- ئۆڵسن، ڕ. دەبلیو. و وەبلیو. ف. تەکەر، ١٩٧٨، "یاخیبوونی شێخ سەعید لە تورکیا (١٩٢٥)"، *گۆڤاری جیهانی ئیسلام*، ژ ١٨، ل ١٩٥ – ٢١١.
- سلۆپی، زننار، ١٩٦٠، *"دادگایی کردن لە کوردستان، یادەوەریی ٦٠ ساڵ، خەبات کردن بۆ ڕزگارکردنی گەلی کورد لە ژێردەستەیی"*، بەیرووت.
- تۆکەر، مەتین، ١٩٦٨، *"شێخ سەعید و یاخیبوونەکەی"*، ئەنکەرە.
- وۆڵف، ئەریک، ١٩٦٩، *"جەنگەکانی جووتیاران لە سەدەی بیستەمدا"*، نیویۆرک: هارپەر & ڕۆ.

# تەریقەتی نەقشبەندی وەک ئامرازێکی پرۆتێستی سیاسی لە ناو کوردەکاندا

## (بە هەندێ تێبینیی بەراوردەوە لەگەڵ ئیندۆنیسیادا)

*** تێبینی: ئەمە باسێکە (پەیپەرێکە) لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی "مامەڵەیەکی نوێی توێژینەوە ئیسلامییەکان" پێشکەش کراوە، لە ئینستیتیوتی زانستەکانی ئیندۆنیسی (LIPI)، جاکارتا، ١٥ - ١٧ ی ئابی ١٩٨٦.**

لە مانگەکانی هاوینی ساڵی ١٩٨٠دا، لە سەردانێکمدا بۆ کوردستانی ئێران، کەوا لەو دەمەدا کوشتارێکی زۆر پەیدا بووبوو لە نێوان لایەنگران و بەرهەڵستکارانی ڕژێمی ئیسلامیی نوێی ئێراندا، بینیم کەوا *تەریقەتی* نەقشبەندی جارێکیتر ڕۆڵێکی سیاسی دەگێڕێت. شێخ عوسمانی نەقشبەندیی تەوێڵە، کە پیاوێکی بەتەمەن و ڕێزدار بوو (یان لە چاوی خەڵکێکی تری زۆرەوە بەد و خراپەکار بوو) و ڕەنگە کاریگەرترین شێخی نەقشبەندی بووبێت لە باشووری کوردستاندا، وا جارێکیتر تێکەڵی سیاسەت

بووە و ڕێکخراوێکی میلیتاریی بۆ خۆی دروستکردووە[٢].

لە پاش ڕووخانی ڕژێمی شـــا لە شـــوباتی ١٩٧٩دا، چەندین ڕێکخراوی ســـیاســـیی جۆراوجۆر پەیدابوون و هەر هەموویان لانیکەم هەندێ چەک و چۆڵیـان دەســـتکەوت کە پێشـــتر لە خاوەندارێتیی سوپا یان پۆلیس یان جەندرمەدا بوون. بەڵام کاتێ ڕژێمی نوێی ئیســـلامی وردە وردە دەســـەڵاتی خۆی بەســـەر پارێزگا یان ئوستانە ناوەندییەکاندا سەپاند، زۆرێک لە دەستە و تاقمە نەیار و بەرهەڵستکارەکان پەنایان بردە بەر چیا کوردییەکان لە ڕۆژئاوی ئێراندا، کە تا ڕادەیەکی باش لە ژێر دەســـەڵاتی ڕێکخراوە کوردییەکاندا بوو و لەپێناوی ئۆتۆنۆمیدا شـــەڕیان دەکرد. حکوومەتی ناوەندی هێزەکانی خۆی کردە ســـەر ئەو ڕاپەڕیوانە بۆ شـەڕکردنیان، بەڵام ئەم هێزانە نەیانتوانی لە شارە گەورەکان و ڕێگاوبانە ســـەرەکییەکان بەولاوە کۆنترۆڵ بکەن و هەندێ جار تەنانەت ئەوەشـیان پێنەدەکرا. ئاژاوە و پشـێوییەکی هێجگار گەورە باڵی بەســـەر ناوچەکەدا کێشـــابوو و فرەجار

[٢] لەبارەی شـــێخ عوســـمان و کاریگەریی لە کوردســـتانی باشـــووردا لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٧٠کاندا، بڕوانە: مارتن ڤان بروونەسن، "ئاغا و شێخ و دەوڵەت: لەبـارەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ســـیـاســـییەکـانەوە لە کوردســـتاندا"، تێزی دکتۆرا، زانکۆی ئوتریخت، ١٩٧٨. فەســـڵی ٤. [ڤێرژنە چاککراوەکەی بڵاوکراوەتەوە بە ناوی *'ئاغا و شـــێخ و دەوڵەت: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا'* لەندەن: زەد بووکس، ١٩٢١]

کۆنترۆڵی ناوچەکان لەم تاقمەوە دەچووە دەســـت ئەویتر. لەوێ کۆمەڵە دەســـتە و تاقمێکی زۆر و جۆراوجۆری چەکدار دەگەڕان و هەندێکیان هاوپەیمانیی گۆڕاویان دروســـتدەکرد و لە هەمان کاتیشـــدا چالاکانە شـــەڕی ئەوانیتریان دەکرد. هەر لەوێ کوردە نەتەوەییەکانی سەر بە حیزب و گرووپی جۆراوجۆر، شەبەنگێکی بەرفراوانی دەســـتە و تاقمە ســـیاســـییە چەپەکان، پاشـــماوەکانی لەشـکری شـا، تاقم و کۆمەڵانێک لە دەوری سـەرۆک و ڕابەرێکی ئاینیی خێڵەکی یان لۆکاڵ، پاســـەوانانی شـــۆڕش (*پاســـداران*، کە یەکەکانی پارامیلیتاریی ڕژێم بوون)، یەکەکانی ســـــوپای نیزامی، دۆســـتان و لایەنگرانی حکوومەتی ئیســـلامی، تێکڕا ڕژابوونە ئەو ناوە. نوێترین ئیزافە بۆ ئەم مۆزایکە فرە ڕەنگەی تاقم و کۆمەڵانی چەکدار ســوپایەکی ڕاســتەقینەی دەروێش (ڕاســتتر سـۆفی - و) بوو، کە لە دڵسۆزترین مورید و شـوێنکەوتووانی شـێخ عوسـمان پێکهێنرابوو بە فەرماندەیی دکتۆر مادیحی کوڕی شـــێخ. خودی شـــێخی پیرەمێردیش لە ســـنوور پەڕییەوە بۆ عێراق، کە هەموو دوژمنانی شۆڕشی ئێرانی تێیدا پێشوازیی کرابوون.

شـێخ عوسـمان هۆکاری بەجێی هەبوو بۆ ئەوەی ڕقی بێتەوە لە شۆڕشەکان. ئەو لە کوردستانی بەشی عێراق لەدایکبووبوو و مـاوەیەکی دوور و درێژ تێیـدا ژیـابوو، ئەوجـا دەبوو لەو وڵاتە هەڵبێت بە هۆی شـــۆڕشـــێکی ترەوە. هەڵبەت زۆری پێنەچوو لە پاش "شۆڕشی" ١٩٥٨ لە عێراق، جووتیارە بێ زەویوزارەکان، بە

هاندانی ڕێکخەرانی پارتی کۆمۆنیســـتی عێراق و پشـــتگیریی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاســـم، کەوتنە ڕاونان و دەرکردنی ئەو خاوەن زەوییانەی ماوەیەکی زۆر بوو دەیانچەوســـاندنەوە. تەنانەت ناوبانگ و پیرۆزیی شـــێخ عوســـمانیش دادی نەدا و لە تووڕەیی جووتیاران نەیپاراســـت. لەبەر ئەوە بە ناچاری خاک و وڵاتی خۆی بەجێهێشـــت، لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی مورید و شـــوێنکەوتووانی دڵســـۆزیدا و ڕۆیشـــت بە دیوی ئێراندا بۆ ناوچەیەک کەوا بنەماڵەکەی هەمیشـــە کاریگەری و دەســـەڵاتێکی گەورەیان تێدا هەبوو. شا پێشوازیی لە شێخ کرد و باوەشی بۆ کردەوە و شـــێخیش بایەخیدا بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ دەرباری شـــادا کە بەرژەوەندیی هاوبەشـــی هەردوو لای تێدابوو. ئەو پارێزگارییە سیاسییەی کە شیخ لێی بەهرەمەند بوو وایکرد کە دەســـەڵات و کاریگەریی خۆی بچەســـپێنێت. بۆ نموونە، ئەو توانی ســـەرکەوتووانە تێکەڵ بە کاربەدەســـت و بەرپرســـە حکوومییەکان ببێت لەبریی شـوێنکەوتووانی و هەروەها دەسـبەرداری گەلێ شـێوازی تری مەحسـووبییەت و پشـتیوانی لێکردن ببێت. ئەو لە گوندەکەیدا بە شـــێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێک پێشـــوازیی لە میوانان و موریدەکانی دەکرد کە لە دەرەوەی کوردســـتانەوە دەهاتن، لە میللەتە سـونن‌ییەکانی تری ئێران و (بەتایبەتی تورکمانەکان) و بە هەمان شێوە لە وڵاتە عەرەبییەکانیشەوە. بەهەرحاڵ، نزیکترین و

دڵسۆزترین شوێنکەوتووانی ئەو بەزۆری لە هەورامانەوە دەهاتن، کە ناوچەیەکی شاخاویی کوردستانی باشوورە و دەکەوێتە هەردوو لای سنووری نێوان عێراق و ئێران. پیاوانی خێڵەکیی هەورامان شاخەوانی بەهێز و بازوون و وەک جەنگاوەری گەریلایی ترسناک ناسراون. بۆ ماوەی چەندین پشت شێخ عوسمان و باوباپیرانی دەسەڵاتێکی مۆراڵیی گەورەیان هەبووە لە ناو هەورامییەکاندا و لەڕاستید زۆرێکیشیان موریدی تەریقەتی نەقشبەندی بوون و ئەوجا لە نێو ئەم هەورامییانەدا بوو کە شێخ هێزە چەکدارەکەی خۆی پێکەوەنا.

دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەیت کەوا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پشت دروستکردنی شێخ بۆ ئەم هێزە (کە تا ڕادەیەک زیرەکانە ناوی سوپای ڕزگاریی لێنراوە)، بە سروشتی خۆی بۆ بەرگری بووە. هەروەها بە هۆی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ دەرباری شادا، چاوەڕوانییەکی باشەی ئەوتۆی نەبوو لە ڕژێمی نوێ. ئەوجا لەبەر ئەوەی سەرۆکێکی تری کوردی کاریگەر لە هەمان ناوچە، کە ئەویش نزیک بوو لە دەربارەوە، بەخێرایی لە تاران ئیعدام کرا (مەبەست سالاری داود بەگی جافە - وەرگێڕ)، بۆیە شێخ زانی کەوا ڕەنگە هەمان شت لەویش ڕوووبدات. دووەمیش، تەریقەتی نەقشبەندی و بەتایبەتی ئەو لقە کوردییەی کە شێخ عوسمان پێوەی پابەند بوو، هەمیشە دژایەتیی توندی شیعەی دەکرد. گەلێ لە کوردە دیندارەکان وایان لەقەڵەم

دەدا کە ڕژێمی نوێ حکوومەتێکی ئیسلامی نییە بەڵکوو حکوومەتێکی شیعەیە. سێهەمیش، تاقە یەک هێزی سیاسی کۆنترۆڵی تەواوی کوردستانی نەکردبوو. هەڵبەت جۆرێکیش لە میرایەتیی جەنگ زاڵ بوو بەسەر ناوچەکەدا و شێخیش هەستی بەوە کردبوو کە ئەگەر بیەوێت کاریگەری و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت ئەوە پێویستە ئەو کارە بە زەبر و هێزی چەک بکات، وەک زۆرێک لە شێخە کوردەکان کردوویانە لە ڕابردوودا. دواجار، حکوومەتی عێراقیش، کە ئەم لە پاش شۆڕش هەڵاتبوو بۆ لای، تا ڕادەیەک هانی دا کە چەک هەڵبگرێت دژ بە حکوومەتی خومەینی و وایش باسدەکرێت کە زۆربەی چەک و جبەخانەی سوپای ڕزگاری لەلایەن عێراقەوە دابین دەکرا.

لە مانگەکانی یەکەمی دروستبوونیدا، سوپای ڕزگاری لە هەورامان و دەوروپشتی کەوتە هەندێ شەڕ و پێکدادانەوە لەگەڵ پاسداراندا. بەڵام هەر زوو پیاوەکانی شێخ خۆیان لە شەڕدا بینییەوە لەگەڵ ڕێکخراوێکی تری کوردیدا، کە ئەویش *کۆمەڵەی* چەپڕەو بوو، کەوا یەکێک لە بەهێزترین بنکە و بارەگاکانی تێهەڵکێش بوو لەگەڵ ناوچەکەی دەسەڵاتی شێخدا. هەڵبەت شێخ، بێجگە لە شتەکانی تر، خاوەن ملکێکی دەوڵەمەند بوو، کەچی کۆمەڵە دەیاندا بەسەر زەوییەکانیدا و یاخیبوونی جووتیارە بێ زەوی و هەژارەکانیان ڕێکدەخست دژ بە خاوەن ملک و سەرۆک عەشیرەتەکان. ئەوجا کۆمەڵە وەک دوژمنێکی چینایەتی تەماشای

شـــێخیان دەکرد و ڕێگەیان بە بوونی ســـوپاکەی نەدەدا لە هیچ شوێنێک لە نزیک ناوچەی دەسەڵاتیانەوە. مەسەلەکەش ڕوون و ئاشـکرا بوو کەوا کۆمەڵە بە ئاسـتیکی بەرز خەباتی چینایەتیی لا لەپێشترە لە یەکگرتنی هەموو ڕێکخراوە کوردییەکان دژ بە ڕژێم. لە لایەکی ترەوە سوپای ڕزگاری کۆمەڵەیان بە کۆمۆنیستی کافر و خوانەناس دادەنا و پاسـدارانیشـیان کەمتر بە شـەیتان لەقەڵەم دەدا، بەو پێیەی کە بێجگە لە هەر شـتێکی تر موسڵمانی هاودینی خۆیان بوون. یەکێک لە سـەرکردەکانی ئەم سـوپایە، کە محەممەد زیائەدینی *خەلیفەی* شـێخ عوسـمان بوو، ترسـی ئەوەی هەبوو کە لە نێوان کۆمەڵە و پاسـداراندا تێکبشـکێن و بهاڕدرێن و هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە ڕووی لە پاسداران نا و پێشنیازی هەماهەنگیی لەگەڵ کردن[٣]. لە مـانگەکـانی دواتردا، یەکەکـانی تری ســـوپـای ڕزگـاری خۆیـان لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیـددی دەپـاراســـت، بەڵکوو شـــەڕ و پێکدادان لەگەڵ کۆمەڵە و گرووپە کوردییەکانی تردا گەلێ جار زۆرتر بوون وەک لەوەی لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامیدا بەرپا دەبوو.

ســـوپای ڕزگاری لە ســـاڵی یەکەمی دروســـتبوونیدا، بە پێی

---

[٣] ڕۆژنامەی ڕۆژانەی *"ئینقیلابی ئیســلامی"*، ٢٧ی مورداد ١٣٥٧ [١٨ی ئابی ١٩٨٠]؛ هەفتەنـامەی ســـەر بەکورد، *"خەبەرنـامەی کۆمەڵە"*، ژ ٦٩، ٣١ی موردادی ١٣٥٧ [٢٢ی ئابی ١٩٨٠].

ئیددیعای خودی شێخ عوسمان خۆی، ژمارەی گەیشتبووە هەزار پیاوی چەکدار، کە زۆربەیان هەورامی بوون[٤]، بەڵام لە ســـاڵانی دواتـردا ژمـارەکەی بەخـێـرایـی هـاتەخـوارەوە. لە مـیـانەی ڕووبەڕووبوونەوەیـانـدا لەگەڵ حکوومەتی نـاوەنـدیـدا، حیزبی دیموکراتی کوردســـتـانی ئێران (حەدەکـا) و کۆمەڵە توانییـان ڕێکخراوەکانیان بەهێز بکەن و بەشـــی گەورەی کوردســـتان کۆنترۆڵ بکەن. هەردوو لایـان بنکە و بـارەگـای میللی و جەماوەریی خۆیان لە هەورامانیش دامەزراند، کە تا پێش ســاڵی ١٩٨٠ هیچ ڕێکخراوێـک جێپێی خۆیی تێـدا نەکردبووەوە. لە بەشەکەی عێراقی هەوراماندا، پیاوەکانی شێخ کردبوویانە بنکە و بارەگای خۆیان دەورێ و مەفرەزەیان لێوە دەنارده ناو ئێرانەوە، بەڵام کەوتبوونە کێشە و گرفتەوە لەگەڵ ڕێکخراوێکی کوردەکانی عێراقدا و ئەویش یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان (ی ن ک) بوو، کە لە شـــۆڕشــــێکی چەکداریدا بوو دژ بە حکوومەتی بەغدا و نـاڕازی و بێزار بوون لە هـاوکـاریی شــــێخ لەگەڵ هەمـان ئەو ڕژێمەدا و بێجگە لەوەش ســەرکۆنەی ســوپای ڕزگارییان دەکرد بەهۆی شـەڕکردنیانەوە لەدژی برا کوردەکانی خۆیان نەک دژ بە

---

[٤] چاوپێکەوتنی شـــێخ عوســـمان لە لایەن هەڵکەوت حەکیمەوە، لە ماوەی ســەردانی شـێخدا بۆ پاریس، پایزی ١٩٨٢. من سـوپاسـی هەڵکەوت حەکیم دەکەم کەوا خاڵە سەرەکییەکانی چاوپێکەوتنەکەی بۆ ناردم

هێزەکانی خومەینی. یەکێتیی نیشـــتمانی پیاوەکانی شـــێخیان هەراســـــان کرد و تـا ئـاســـتێکی گەورە هێڵەکـانی هـاوکـاری پێگەیشـــتنیانی بڕی (کە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە دەنێردرا – و). دواجار وەک ئەنجامێک بۆ پرۆپاگەندەی ســـیاســـی، دڵگەرمیی خەڵک بۆ شــەڕکردن لە ژێر ئاڵای شـێخ عوسـماندا هاتە کزی و ســارد بووەوە. لە پایزی ١٩٨٢دا شـێخ عێراقی بەجێهێشــت لەو ســـۆنگەیەوە کە حکوومەتەکەی کەمتر لای لێدەکردەوە، بەو پێیە کە چیتر ســوودی نەماوە بۆ ڕژێمی عێراق. شــیخ بە گەشــتێک چوو بۆ ئەوروپای ڕۆژاوا و تورکیا، کە هێشــتا موریدێکی زۆری هەبوو تێیـانـدا و بەنیـاز بوو دواجـار لە مەککە یـان مەدینە بگیرسێتەوە. مادیحی کوڕیشی لە کوردستان مایەوە، بەڵام چیتر هیچ هەواڵێک لەئارادا نەما لەبارەی سوپای ڕزگارییەوە.

وادیارە شــکســتی ســیاســیی شــێخ عوســمان زۆر لەســەر دەســەڵات و کاریگەرییەکانی کەوت لە کوردســتانی باشــووردا، ئەگەرچی دواتر دیاردە و ڕووداوەکان دەریانخســـت کە ئەوە فریودەر بووە، بەڵام تا ئاســـتێکی زۆر پێدەچێت وەک ئەوەی کە ڕێبـازی نەقشـــبەنـدی هەر هێزێکی ڕێکخراوەیی مـابێـت لە کوردســتانی باشــوردا بەتەواوی لە هەوڵ و کۆشــشــی ســوپای ڕزگاریدا خەرجی کردبێت، کە دوا سوپای سۆفیگەریی کورد بوو. هەروەهــا دۆخی درامــاتیکیی جەنــگ و گۆڕانکــاریی خێرای کۆمەڵایەتی کە بوو بە هۆی پەیدابوونی ســـوپـای ڕزگـاری بە

هەمان شێوە بوو بە هۆی خێراکردنی هەڵوەشانەوەی دڵسۆزی و پابەندییە نەریتییەکان.

هەوڵەکانی شـــێخ عوســـمان بۆ دامەزراندنی ســـوپایەک و خـۆکـردن بە مـیـرێـکـی جەنـگ warlord، لەوە بەولاوە کە دوو پاتکردنەوەیەکی لاواز و ڕەنگە دوا هەوڵیش بووبێت هیچیتر نەبوو بۆ ئەو پەرەســەندنانەی کە لە ســەروەختێکی ئەم ســەدەیە (مەبەست سەدەی بیستە کە ئەم باسەی تێدا نووسراوە - و) و ســەدەی ڕابوردوودا ڕوویاندابوو. بۆ نزیکەی نیو ســەدە دەچێت، شــێخە کوردەکانی بەتایبەت ئەوانی *تەریقەتی* نەقشــبەندی، وەک دەســەڵاتدارترین و کاریگەرترین ســەرکردە ســیاســییەکانی کورد دەرکەوتوون. یەکەم شــۆڕشــە نەتەوەییە گەورەکانی کورد، لە ڕاســتیدا، لە لایەن شــێخەکانەوە ســەرکردایەتی دەکرا. بەڵام لە پەنجا ســاڵی ڕابوردوودا، کاریگەریی ســیاســیی ئەم ســەرکردە ئاینییانە بە شــێوەیەکی بەرچاو پاشــەکشــەی کردووە. بەهەرحاڵ، ئەوە ڕێکەوت نییە کەوا دوو ســەرکردەی ڕکابەری بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق لە ســـالانی ١٩٦٠کان و ١٩٧٠کاندا، کە مەلا مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانی بوون، هەردوکیان سەر بە دوو بنەماڵەی ڕەگداکوتاوی شێخن.

## تەریقەت و یاخیبوونی سیاسی، ١٨٨٠ - ١٩٢٥

لە سـالّی ١٨٨٠دا، عوبەیـدوڵڵای نەهری، کە شـێخێکی نەقشـبەندی بوو، شـۆڕشـێکی بەرپاکرد لەو ناوچەیەی کە ئێسـتا ئەوپەڕی باشـووری ڕۆژهەڵاتی تورکیایە و بە سـەرکردایەتیی سـوپایەک کە لە چەندین خێڵ و هۆزی جۆراوجۆر پێکدەهات و هەموو دانیان نابوو بە دەسـەڵاتەکەیدا. شـێخ چووە ناو ئێرانەوە بەشـێکی گەورەی ناوچە کوردنشـینەکانی ئێرانی داگیرکرد و دانیشـتووانی ناوچەکە دڵگەرمانە پشـتگیرییان کرد. بە ڕواڵەت ئەمە کارێکی پرۆتێسـت و نارەزایی دەربڕین بوو لە باجسـێنە فارسە چاوچنۆک و تەماعکارەکان و خراپ بەڕێوەبردنی ناوچەکە لە لایەن بیرۆکراتە ئێرانییە گەنـدەڵ و بەرتیلخۆرەکـانەوە. بەهەرحـاڵ، وەک نـامە و نـامەکـارییەکـانی دەریـدەخـات نیـاز و مەبەسـتی ڕاسـتەقینەی ئەو دامەزراندنی شـێوەیەک بوو لە حکوومەتـداریی کوردی لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانی و ئێراندا و دابڕینی بەشێکی گەورە لە هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکە. لە دواییدا شـێخ لەسـەردەستی لەشـکری ئێراندا شـکستی هێنا و لە پـاش هەڵاتنی بۆ ئەودیوی سـنوور لە لایەن هێزەکـانی عوسمانییەوە دەسگیر کرا و ڕەوانەی تاراوگە کرا[٥].

---

[٥] شـێخ عوبەیدوڵلا و یاخیبوونەکەی، بڕوانە: وەدیع جوەیدە، "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ڕەگوڕیشـە و پەرەسـەندنی"، نـامەی دکتۆرا، زانکۆی

ئەمە یەکەم شۆڕشی کورد بوو کەوا خاسییەتێکی نەتەوەیی ڕوون و ئاشکرای ببێت، بەڵام سەرباری شکستهێنانی ئارەزووی دەوڵەتێکی جیای کوردی هەر مایەوە و لە دەیەکانی دواتردا گەلێکی تر شۆڕش و یاخیبوونی تری کورد بەرپابوون، هەندێکیان تەواو ناوچەیی بوون لە ئاست و قەبارەدا و هەندێکیشیان چەند ناوچە و هەرێمی بەرفراوانی لەخۆگرت و هەمیشە مۆرکی نەتەوەییان هەبوو، کە نزیکەی هەموویان بە سەرکردایەتیی شێخەکانی تەسەووف بوون و زۆربەی زۆریشیان نەقشبەندی بوون. دوا شۆڕشی لەم چەشنەساڵی ١٩٢٥ بەرپابوو، لە تورکیای کۆماریدا. لێرە کورد و تورک لە شەڕکردندا یەکیانگرت بۆ سەربەخۆیی ئەو دوا بەش و هەرێمانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی مابوونەوە، لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا. سەرکەوتنە سەربازییەکانیان دانپیانانی نێودەوڵەتیی لە پەیماننامەی لۆزاندا و لە هەمان ساڵدا (واتە ١٩٢٣) کۆمار ڕاگەیەنرا. پاشان هەر زوو مستەفا کەمال (ئەتاتورک) بوو بە هۆی دوورکەوتنەوەی موسڵمان و کوردەکان لە ئەنجامی ئەو هەنگاوە ڕادیکاڵ و توندڕەوانەوە کە نای. ئەتاتورک کەوتە سەر ڕەوتی بە سێکولارکردنی خێرا و هەڵوەشاندنەوەی زۆرێک لە

---

سیراکۆس، ١٩٦٠ و جۆن جۆزێف، *"نەستورییەکان و دەراوسێی موسڵمانەکانیان"*، چاپی زانکۆی پرینستۆن، ١٩٦١.

دەزگا و دامەزراوە ئیسلامییە نەریتییەکان و لەپێناوی تێکەڵکردن و تواندنەوەی هەموو هاولاتییانی کۆمار لە یەک نەتەوە و میللەتدا، هەروەها کۆمەڵێک ئیجرائاتیشی وەرگرت بۆ تواندنەوەی کوردەکان و تێکشکاندنی شوناسی جودا و تایبەتمەندیان و بەتورککرنیان. گەلێک لە کوردەکان بە حوکمی ئەوەی دیندار و خواناس بوون هەستیان دەکرد بە ئازاری دوولایەنە و جیاکاریی لەدژیان. لە ساڵی ١٩٢٥دا شێخ سەعیدی پاڵووی کورد شۆڕش ڕادەگەیەنێت بە هاوکاریی چەندین شێخی هەمان ناوچە، کە هەر هەموویان نەقشبەندی بوون. دانیشتووانی ناوچەیەکی بەرفراوان تا ڕادەیەک بە یەکدەنگی پشتگیرییان کرد و چالاکانە بەشداربوون لە ڕاپەڕینەکەدا. کۆماری نوێ بەجارێ ڕاچەنی و هەژا و حکوومەت دەیان هەزار هێزی کردە سەریان هاوشان لەگەڵ هێزی ئاسمانیدا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە و ئەو پرۆسەیەش چەندین مانگی برد[٦].

ڕاپەڕینەکە خاڵێکی دارمانی بایەخدار دەگەیەنێت لە مێژووی کۆماردا. هەروەها ئیجرائاتی سەرکوتکردن ولاتی خستە ناو سەدەمێکی دکتاتۆرییەوە، کە وا بکات ئیجرائاتی مۆدێرنکردنی ئەتاتورک تێیدا بە خێراییەکی گەورەتر بڕوات. یەک لە دەرەنجام و لێکەوتە ئاشکراکانی یاخیبوونەکە قەدەغەکردنی هەموو ڕێباز یان تەریقەتەکانی سۆفیگەری بوو، کە تا ئێستاش لە ڕووی

[٦] بروونەسن، سەرچاوەی پێشوو، فەسڵی پێنجەم.

فەرمییەوە هەر لە کاردایە. لە پاش شـۆڕشـەکەی شـێخ سـەعید تەنها ژمارەیەکی کەمی شـۆڕش و یاخیبوونی بچووک بەرپاکران کەوا شێخەکانی تەریقەت ڕۆڵێکی سەرکردایەتییان تێدا بینی. لەمە بەدواوە سـەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی گواسـتیەوە بۆ جۆرێکی تری ڕابەر و سەرکردە. بە هەمان شێوە، لە پێش ساڵی ١٨٨٠دا یاخیبوون و بزووتنەوەی سـیاسـیی بەرفراوانی کەم هەبوون کە شـێخەکان ڕۆڵی سـەرکردایەتی تیدا بگێڕن یان هەر نەبوون و تەنها لە سـاڵانی ١٦٤٠کاندا شـێخێک دەبینین کەوا کاریگەریی سـیاسـیی ڕەنگە بەراورد بکرێت بەوەی شـێخ عوبەیدوڵڵا[٧]. بەم پێیە ماوەی نێوان ١٨٨٠ - ١٩٢٥ وەک سـەردەمی چالاکییەکی سیاسـیی نائاسـایی شـێخە نەقشبەندییە

[٧] ئەم شـێخە، عەزیز مەحموود ئورماوی، لەسـەر فەرمانی سـوڵتان مورادی چوارەم لەسـێدارە دراوە، کە نیگەران بووە لە دەسـەڵات و کاریگەریی گەورەی شێخ (دەگوترێ کەوا چل هەزار شوێنکەوتووی توندڕەوی هەبوو) و ترسا شێخ خۆی بکات بە حاکمێکی سەربەخۆ. سەدەیەک دواتر، شێخیکی تر جاڕی لە خۆی دا کە مەهدییە. ئەویش دیسـان تووشـی کۆتاییەکی خێرا بوو لەسـەر دەسـتی هێزەکانی سـوڵتان. بڕوانە: مارتن ڤان بروونەسـن، "تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان لە سەدەکانی ١٧ و ١٨دا"، بۆ ئەوەی لە وەقایعی "مێزگردی نەقشـبەندیدا Table Ronde sur les Naqshbandi" دەربکەوێت، کە ساڵی ١٩٨٥ لە پاریس بەستراوە. م. گابۆریۆ، ئە. پۆپۆڤیچ و ت. زارکۆن، *"تەریقەتی نەقشـبەندی: ڕەوت و دۆخی ئێسـتای تەریقەتێکی سۆفیی ئیسلامی"*، ئیستانبوول: ئیسیس، ١٩٩٠، ل ٣٣٧ - ٣٦٠ .

کوردەکان دەردەکەوێت. لەم باسەدا من وەڵامی جۆراوجۆر دەخەمەڕوو بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی ئەم شێخانە بوون بە سەرکردەی سیاسی و بۆچی بە دیاریکراوی لەو کات سەردەمەدا.

## هاوتەریبە ئیندۆنیسییەکان

شایانی ئیشارەت پێدانە کەوا لە ئیندۆنیسیاشدا و لەم ماوەیەدا بووە *تەریقەتەکانی* (نەقشبەندی و بە شێوەیەکی میلیتارییانەی زیاتریش 'قادرییە و نەقشبەندییە') زۆر سەرکەوتوو بوون لە جۆشدان و جووڵاندنی جەماوەردا. ڕاپەڕینێکی مەودا فراوان لە بانتێن (جاوای ڕۆژاوا) لە ساڵی ١٨٨٨دا هۆڵەندییەکانی ڕاچڵەکاندووە و لەپڕ بەئاگاهاتوون بە کاریگەریی *تەریقەتەکان* لە ناو دانیشتوواندا. گەلێ لە بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە مورید و شوێنکەوتووانی *تەریقەتی* "قادرییە و نەقشبەندییە' بوون، کە *تەریقەتێکی* تازە دامەزراو بووە و شێخێکی بانتێنیی نیشتەجێی مەککە ڕابەریی کرووە و ناوی شێخ عەبدولکەرم بووە[٨].

لە دەیەکانی دواتردا، کاربەدەستە هۆڵەندییەکان لە سەرتاپا ناوچەکانی ئەرخەبیلدا ڕاپۆرتیان لەسەر زیادبوونی چالاکییەکانی *تەریقەت* داوە لە هەرێم و ناوچەکانیاندا و فرەجار بە تۆنێکی

---

[٨] سارتۆنۆ کارتۆدیریۆ، "شۆڕشی جووتیاران لە بانتێن ساڵی ١٨٨٨"، لاهاي: نیجهۆف، ١٩٦٦.

هۆشداری ئامێزەوە. نەقشبەندی بەخێرایی لە سەرجەمی جاوا و سۆمەترەدا تەشەنەی کردووە و ئیلهامبەخشی ئەوە بووە بۆ دانیشتووانی ڕەسەنی وڵاتەکە کەوا بەرپرسە کۆلۆنیالییەکان بە "دەمارگرژییەکی" مەترسیداریان لەقەڵەمداوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەمە بە سانایی وایگەیاندووە کە خەڵکی بەتوندی پەیوەستی پابەندییە شەرعییەکانی ئیسلامن و کاتی زیاتریان تەرخانکردووە بۆ نوێژ و نوێژی نافیلە و خوێندنی *ویردەکان* و شێوەکانی تری تەقوا و پەرستش. لە هەندێ حاڵەتیشدا، وەک ئەوەی لە ڕیاودا بوو، پێدەچێت *تەریقەتی* نەقشبەندی ڕۆڵێکی گێڕابێت بۆ بەرهەڵستی کردن لە دامەزراندنی حوکمی هۆڵەندیدا. هەروەها یاخیبوونی تری کەم هەبووە کەوا تەریقەتەکان تێیاندا بەشدار بوون. لە گوندی سامێنتارا، کە دوور نییە لە سورابایاوە لە جاوای ڕۆژهەڵات، جووتیاران دژ بە دەستەبژێرانی خۆماڵی و ئیدارەی هۆڵەندی ڕاپەڕیون بە سەرکردایەتیی سەرکردەیەکی کاریزمیی ئاینی پابەندی تەریقەتی "قادرییە و نەقشبەندییە"[٩].

---

[٩] سارتۆنۆ کارتۆدیریۆ،" *بزووتنەوە ناڕەزاییەکان لە دێهاتی جاوادا*"، کوالا لامپوور، ١٩٧٣، ل ٨٠ – ٨٦. سارتۆنۆ (یان سەرچاوەکانی) بە شێوەیەکی ناڕاست ئەو *تەریقەتە* بە نەقشبەندی وەسف دەکات؛ سەرکردەی یاخیبووان قوتابی و موریدێکی نگابدولڕەسولی کرپیاگ بوو، کە ئیرشاد و ڕابەریی تەریقەتی 'قادرییە و نەقشبەندییە'ی کردووە، وەک کوڕەزاکەی پێیڕاگەیاندم لە سەردانێکمدا لە ئابی ١٩٨٥دا

هێزی پاڵنەری پشـــت ڕاپەڕینێکی دژ بە هۆڵەندییەکان لە جامبی (باشووری سۆمەترە) لە ساڵی ١٩١٦دا *تەریقەتێکی* خۆماڵی بوو بە ناوی *تەریقەتی* ئابانگ[١٠]. دوا یاخیبوونی دژە کۆلۆنیاڵی کە تێیدا *تەریقەتەکان* ڕۆڵێکی (بچووکیان) تیدا بینی ڕاپەڕینێکی "کۆمۆنیستی" بوو لە بانتێن و سۆمەترەی ڕۆژاوا لە ساڵی ١٩٢٦دا. ســـەرکردەی ســـەرەکیی ڕاپەڕینەکەی بانتێن پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ پێگە و کاریگەریی شـێخی سـەرەکیی تەرتقەتی 'قادرییە و نەقشـــبەندییە'وە لەوێ[١١] و لە ســـۆمەترەی ڕۆژاواش لانیکەم شێخێکی نەقشبەندی لە ناو سەرکردە "کۆمۆنیستەکاندا" بوو[١٢].

بەو پێیە لە دوو شـوێنی زۆر لێکتر دووری جیهانی ئیســلامی دەرکەوتن و هــاتنە کزییەکی نزیکەی هــاوزەمــان دەبینین بۆ شێوەیەکی دیاریکراوی ئیسلامی سیاسیی پەیوەست بە تەریقەتەوە. بە ســـەلماندنی هەموو جیاوازییەکان تێڕوانینێکی ورد بۆ ئەم

---

[١٠] ئەرشـیفی گشـتیی دەوڵەت (لاهای)، کۆلۆنییەکان، ڤێربال ١٧ – ١ – ١٨ – ١، ڕاپۆرتی دکتۆر هازوی تێدایە، کە ڕاوێژکاری کاروباری خەڵکە ڕەسەنەکە (نەیتیڤ) بووە، لە پاشخانی ئەم یاخیبوونەدا.

[١١] م. سی. ویلیامز، "داس و نیوەمانگ: شۆڕشی کۆمۆنیستیی ساڵی ١٩٢٦ لە بانتێن، ئیثاکا: کۆرنێل، پرۆژەی ئیندۆنیسیای مۆدێرن، ١٩٨٢.

[١٢] ب. جەی. ۆ. شـــرەیکە، "هۆکار و کاریگەریی کۆمۆنیزم لەســـەر کەناری ڕۆژاوای ســـۆمەترە"، لە ئیدیم، توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئیندۆنیســـیا، بەشی یەک، لاهای/ باندۆنگ: دەبلیو. ڤان هۆڤ، ١٩٥٥.

پەرەســـەندنانە ئەگەری ئەوە تێڕوانینێکی پەیوەندیدار بەرهەم بێنێت بۆ تێگەیشتن لە شەپۆلەکانی دواتری ڕادیکالیزمی ئیسلامی.

**یەکەم هەوڵدانێک بۆ لێکدانەوە: هۆکارە سیاسی و ئابوورییە جیهانییەکان**

ئەگەر ئەم دەرکەوتنە هـاوزەمـانەی چـالاکیی *تەریقەت* لە لە کوردســتان و ئیندۆنیســیادا تەنها هەر ڕێکەوت نەبێت، ئەوە دوو میکانیزمی ســـەبەبی هەن کە پێویســـتە بیاندۆزینەوە. لەوانەیە پەرەسـەندنەکان لە هەردوو شـوێنەکە ڕاسـتەوخۆ پەیوەندییان بە یەکترەوە هەبێـت، بۆ نموونە لە ڕێگەی تۆڕە نێودەوڵەتییەکـانی *تەریقەتەوە*، یـان ڕەنگە کـاردانەوە بێـت بۆ بـارودۆخی نوێی هاوشـێوە. بۆ هەردوو ئەگەرەکە هەندێ بەڵگەی پاڵپشـت هەن. لە ئیندۆنیســـیادا، گەشـــەکردنی بەهێزی *تەریقەتەکان* بە ڕوونی پەیوەســـت بوو بە چاکبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ مەککەدا و زیادبوونی ژمارەی ئەو حاجییانەی سەردانی شارە پیرۆزەکانیان دەکرد و لەوێ چەندین ســـاڵ بۆ خوێندن دەمانەوە. ئەمەش بوو بە هۆی زیادبوونی ئاگاداری لە ناو موســڵمانە ئیندۆنیســییەکاندا بە پەرەسـەندنەکانی شـوێن و ناوچەکانی تری جیهانی ئیسـلامی. بێجگە لەوەش، وەک لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە، نەقشــبەندییە ئیندۆنیســـییەکان بەزۆری ســـەر بە لقێکی چالاکی ئەم تەریقەتە بوون کە تازە لە کوردســـتان ســـەریهەڵدابوو و لەوێشـــەوە بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بڵاوبووبوەوە.

گەلێ لە بەرپرسە هۆڵەندییەکان، هەق بووبیت یان ناهەق، بەو لایەدا دایاندەشکاند کە چالاکیی سیاسیی *تەریقەتەکان* بگێڕنەوە بۆ ئەو پرۆپاگەندە پان ئیسلامییەی کەوا دوا سوڵتانی گەورەی عوسمانی، عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ - ١٩٠٩) سەرپەرشتیی دەکرد و برەوی پێدەدا[١٣]. لە ناو هەردوک کورد و موسڵمانە ئیندۆنیسییەکاندا، ئیددیعاکانی ئەم سوڵتانە گوایە خەلیفەی موسڵمانانە بە شێوەیەکی بەربڵاو سەلمێنرابوو. کاربەدەستە هۆڵەندییەکانی بەش و ناوچە جیاجیاکانی ئەرخەبیل ڕاپۆرتیان لەبارەی ئەو حاجییانەوە دەدا کەوا لە خاکی پیرۆزەوە ئالای تورکیایان (مەبەست ئالای دەوڵەتی عوسمانییە - و) لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە. هیچکام لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی لە سەرەوە باسکران دەکرێ بڵێین کەوا لە دەرەوە هان نەدراون، لە لایەن پرۆپاگەندەکارانی سوڵتانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆپاگەندەی پان ئیسلامی ڕۆڵی بووە لە زەمینە خۆشکردندا بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕین لەبەرانبەر دوژمنەکانی ئیسلامدا. هەروەها ئەمە لە کوردستانیشدا ڕاستە و لەوێ ئەو شێخانەی کە دژ بە حکوومەتی عوسمانی ڕاپەڕیون بەعادەت ڕوون و ئاشکرا وتوویانە کە ئەمان بە دڵسۆزی ماونەتەوە بۆ سوڵتان وەک

---

[١٣] بڕوانە ئە. ڕید، "پان ئیسلامیزمیزمی سەدەی نۆزدە لە ئیندۆنیسیا و مالیزیادا"، *گۆڤاری توێژینەوە ئاسیاییەکان*، ژ ٢٦ (١٩٦٧)، ٢٦٧ - ٢٨٣.

خەلیفەی موسـڵمانان و تەنها بەرهەڵسـتیی بیرۆکراتییەتیان کردووە کە بە سـەرەنێزەی کاریگەریی ڕۆژاوایان لەقەڵەم داوە. خودی شـێخ سـەعید باسـی لەوە کردووە کە یەکێک لە هۆکارە سـەرەکییەکانی یاخیبوونەکەی سـاڵی ١٩٢٥ی هەڵوەشـانەوەی خەلافەت بووە لە لایەن ئەتاتورکەوە لە ساڵی پێشتردا.

هەڵبەت دەبوو پرۆپاگەندەی پان ئیسـلامی بەم شـێوەیە قووڵ ببێتەوە و ڕەگ داکوتێت، چونکە هەڕەشـە کردن لە ئیسـلام زۆر ڕوون و ئـاشـکرا بوو. ئەو نیو سـەدەیەی کە لێرەدا جێی لێکۆڵینەوەیە ڕێک و ڕەوان ئەو ماوەیەیە کەوا کێبەرکێی ڕووسیا و بەریتانیا بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاسـت لەوپەڕی توندیدا بوو. لێرە کونسـوڵەکان و گەڕیدەکان و مسـیۆنێرەکان و بازرگانان و هەر زووش سـوپاکانی ئەم دوو هێزە ئیمپریالییە هاتن بۆ کوردسـتان و گۆڕانکاریی بێپێشـینەیان تێدا بەرپاکرد. لە زۆربەی شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورددا ئێمە بەئاسـانی تێبینیی ناڕەزایی و بەرگریی دەکەین دژ بەم پێشڕەوییە کافرانە. کاتێ کە ئەم شـۆڕش و ڕاپەڕینانە دژ بە دەوڵەتی عوسـمانی ئاڕاسـتە کرا لەبەر ئەوە بوو کە وەک ئامرازی کافرەکان تەماشای ڕیفۆرمیستە تورکەکان دەکرا و سـوڵتانیش وەک گەمارۆدراوێکی بێ هێز و دەسەلات سەیر دەکرا.

لە ئیندۆنیسـیا، ئەم ماوەیەی چالاکیی *تەریقەتەکان* بە دیاریکراوی ئەو چەرخ و سـەردەمە بوو کەوا هۆڵەندییەکان

کۆنترۆڵی کاریگەری خۆیان بەسەر تەواوی ئەرخەبیلدا دەسەپاند، کە ماوەیەکی گواستنەوە بوو بۆ چەوساندنەوە لە ڕێگەی بازرگانییەوە بۆ شێوەکانی ڕاستەوخۆی زیاتری بە تالان بردنی سەرچاوەکان. تا ئەو دەمە، تەنها دوورگەی جاوا بەتەواوی کۆنترۆڵ کرابوو و خرابووە بەر سیستەمی جۆراوجۆری کشتوکاڵ کردنی زۆرەملێ.

گومانی تێدا نییە کەوا پەلکوتان و بەرفراوانبوونی *تەریقەتی* نەقشبەندی لە دوادوایی سەدەی نۆزدەدا لانی کەم بەشێکی کاردانەوە بوو دژ بەو دەستدرێژییە ڕوولەزیادانەی هێزە ئەوروپییەکان بوو بۆ سەر جیهانی ئیسلامی. هەروەها لە شوێنانی تریش، وا دیاربوو کە تەریقەتی نەقشبەندی پاڵنەری نوێی هەیە بۆ کاردانەوەی دژ بە هێرشە ڕاستەوخۆکان بۆ سەر خاک و وڵاتی موسڵمانان. کاتێ کە پێش چەند دەیەیەکی کەم ڕووسەکان وردە وردە باکووری قەوقازیان داگیرکرد، لەوێش بەرگریی میللی دژ بە داگیرکەران بە سەرکردایەتیی شێخێکی بەناوبانگی نەقشبەندی بەڕێوەچوو کە ئەویش شێخ شامیل بوو. شیاوی باسە کە ئەم شێخە سەر بە لقی خالیدیی نەقشبەندی بوو، کە لە کوردستانی سەدەی نۆزدەدا سەریهەڵدا[١٤]. لە هندستانیشدا، بانگەشە کردن بۆ جیهاد دژ بە هێزی کۆلۆنیالیی کافر لە ناوەندە

[١٤] پەیوەندی شەخسیی موشی گەممەر، کە تێزێک لەسەر شێخ شامیل دەنووسێت.

نەقشـبەدییەکانەوە سـەرچاوە دەگرێت (هەرچەندە لێرە ناتوانرێت ببەسترێت بە گۆڕانکارییەکەوە لە سیاسەتی کۆلۆنیالیدا)[١٥].

لێکدانەوەک لەسـەر ئەم ئاسـتەی ئەبسـتراکت هەندێک سـەرنج بۆ خۆی ڕادەکێشـێت، بەڵام تەنها لەو حاڵەتەدا کە تێیدا نەچینە ناو وردەکارییەوە. ئێمە ئەگەر ئەو حاڵەتانەی تا ئێستا باسکراون بە وردی و لە نزیکەوە لێیان بکۆڵینەوە و بەتایبەتی ئەگەر باس لە حـاڵەتەکـانی تریش بکەین، ئەوە هـاوشـێوەییەکـان دەکەونە ڕەوینەوە. هەردوک کـاریگەریی ئیمپریـالیزمی ئەورووپی و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکانی کە بەزۆری تەریقەتەکان گێڕاویانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر زەحمەتە لە ناو چەند کاتیگۆرییەکی ئامادە و نەخشـەسـازییەکی سـەبەبیی ئەبستراکتدا جێیان بکەینەوە.

یەکێک لە چالاکییە سـیاسـییە بەرنگەکانی نەقشـبەندییەکان لە ئیندۆنیسـیا، بۆ نموونە، لە ناوچەیەکدا ڕوویدا کە هێشـتا نەبووبووە کۆلۆنیی هۆڵەنـدییەکـان و کـاریگەریشـیـان تێیدا تـا ئەو کـاتە لە پەراوێزدا بوو. دوورگەی لۆمبۆک، کە بەشێکی بەرچاوی سـاسـاکی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی بووبوونە ئیسلام، ماوەیەکی دوور و درێژ

---

[١٥] بڕوانە ئەو فەسڵەی لەسەر جیهادی سەید ئەحمەد شەهیدە لە کتێبی س. ئە. ڕیزڤی، *"شـاە عەبدولعەزیز: وشـکە باوەڕ و مشـتومڕی تائیفی و جیهاد"*، کانبێڕا، ١٩٨٢.

بوو له لایەن ڕاجایەکی (هیندۆسیی) خەڵکی بالییەوە حوکم دەکرا. له ساڵی ١٨٩١دا، ئەریستۆکراتەکانی ساساک، که زۆریکیان پابەندی تەریقەتی نەقشبەندی بووبوون، دژ به حوکمی بالییەکان ڕاپەڕین و وەک باس دەکریت به هاندانی حاجی عەلی ناویک بووە، که ڕابەریکی سەرەکیی ناوخۆیی نەقشبەندی بووە[١٦]. هەرچەندە ئەم یاخیبوونەش دژ به حوکمی کافر ئاڕاسته کراوە (که لەم حاڵەتەدا زیاتر ناڕەزایی دەربڕینەکه له لایەن ئەریستۆکراتەکانی ناوخۆوە بووە وەک له لایەن زۆربەی خەڵکه ئاساییەکەوە بووبێت)، چوونکه باڵادەستیی بالییەکان بەسەر لۆمبۆکدا به هیچ شێوەیەک ناکرێ ببەستریّ به پەلکوتانی ئیمپریالیی ئەوروپییەوە و به دڵنیاییشەوە دژە ئیسلامی نەبووە و ڕاجا تەنانەت شوێن و ڕێی حەوانەوەی ڕەعییەتەکانیشی هەبووە له مەککه بۆ ئەو کەسانەی که ئەرکی حەجکردنیان بەجێدەهێنا[١٧]. بەو پێیه ڕاپەڕینه

---

[١٦] ئەلفۆنس ڤان دەر کران، *"لۆمبۆک: داگیرکاری، کۆڵۆنی کردن و دواکەوتوویی، ١٨٧٠ - ١٩٤٠"، سینگاپورە تاد.:* هاینمان، ١٩٨٠؛ جەی. ڤان گوور، *"بازرگانان و شوانکارەکان و پارێزگارەکان له دەرەوە"*، ئوتریخت ...
Utrecht: HES, 1982, Chapter 2; C. J. Neeb & W.E. Asbeeke, 229. - *Naar Lomhok*, Soerabaja, 1897, p. 227

[١٧] له ساڵی ١٨٧٤دا ئەمه به دوو سەردانیکەری هۆڵەندی وتراوە له لایەن ئەو عەرەبانەوە که له لۆمبۆک ژیاون. دکتۆر ڤان ڕیجکیڤۆرسێل، برەیڤن ئینسولیندی، گراڤێنهاگ، ١٨٧٨، ل ١٢٦.

نەقشــبەندییەکانی ئەم ســەردەمە ناکرێ بە شـێوەیەکی حەســری بگەڕێنرێتەوە بۆ هۆکاری دەرەکیی فراوانخوازیی ئەورووپی.

مـێـژووی فـراوانـخـوازیـی کـۆڵـۆنـیـاڵـی تەنـانەت کەمـتـر قەناعەتبەخشــە وەک ڕاڤەکردنێک بۆ ئەوەی کە بۆچی توندڕەویی ســیاســیی تەریقەت بە خێرایی پاشــەکشــەی کرد لە پاش ســاڵی ١٩٢٥ لە ئیندۆنیسیا و کوردستان و بواری ڕەخساند بۆ کۆمەڵە و ڕێکخراوە نوێکانی کەوا کەم و زۆر ڕوون و ئاشـــکرا مۆرکێکی نەتەوەییـان هەبوو. پێویســـتە لێکـدانەوەی جیـددی کۆمەڵێـک فـاکتەری جۆراوجۆر ڕەچـاو بکـات، کە هەنـدێکیـان جیهـانی و گشتین و ئەوانی تریش زیاتر تایبەتن بە کات و شوێن و سیاقی کۆمەڵایەتییەوە. ئەگەر بۆ ماوەیەک لەسەر ئاستی جیهانی بمێنینەوە، وا ئێســـتا لەوە دەکۆڵینەوە کە ئاخۆ فاکتەری ناوەکی هەن بۆ *تەریقەت* و (بە شـــێوەیەکی دیـاریکراوتر بۆ لقە 'کوردییەکەی' نەقشـــبەندی، کە وا دیارە یەکێکە لە ڕادیکاڵترین هۆکارەکان) و ئەمەش ڕەنگە ڕۆڵ ببینێت لە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەیەکدا.

**مەولانا خالید و لقی خالیدیی نەقشبەندی**

ئەگەری ئەوە نەبوو کەوا *تەریقەتی* نەقشبەندی هەرگیز بگاتە ئەو پێگە و مەقامە دەرکەوتووە لە کوردستان و (ئیندۆنیسیاش) بە بێ شەخسی مەولانا خالیدی کوردی (یان بەغدادی). مەولانا خالید چەندین چاکسازیی لە *تەریقەتەکەدا* کرد و تێکەڵ بە بیری توندڕەویی شەریعەتی کرد. کاریزمای گەورەی ئەو ژمارەیەکی زۆری مورید و شوێنکەوتەی بۆ خۆی کێشکرد و لە سەردەمی ژیانی خۆیدا مەولانا خالید زیاد لە شەست *خەلیفەی* دامەزراند (کە نزیکەی نیوەیان کورد بوون) و ئەمەش ژمارەیەکی نائاساییە. هەڵبەت نزیکەی هەموو نەقشبەندییەکانی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و (هەروەها ئیندۆنیسیاش) ڕەچەڵەکی ڕۆحیی خۆیان *(سیلسیلە)* دەبەنەوە سەر مەولانا خالید. بە هۆکاری ئەو ژمارە زۆرەی *خەلیفەکانیەوە*، کە زۆربەشیان لای خۆیانەوە چەندین *خەلیفەیان* دامەزراندووە، مەولانا خالید بناغەی تۆڕێکی پەیوەندیی دامەزراندووە لە سەرانسەی پانی و درێژیی کوردستاندا و دەگاتە دوورترین قوژبنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی.

مەولانا خالید کوردێکی بە بنەچە ڕەشۆکییە و لە ناوچەی شارەزووری کوردستانی باشوور لەدایکبووە، کە ژمارەیەکی زۆری عولەمای بەخشیوەتە جیهانی ئیسلامی، بەڵام بەوەش ناسراوە کە مەیلی بە لای جەزبە و هەڵچوونی دەروێشی

ecstatic و هەندێ جاریش شـــێوەکانی تەســـەوفی ناباوەوە heterodox [١٨]. مەولانا بە خوێندنی ئاینیی ئاسایی لەسەردەستی عولەماکانی ناوچەکە و بەردەوامیی دا بە خوێندن لەسـەردەسـتی گەورەترین عولەمای کوردســـتانی باشـــوور. حەجکردنی مەککە

---

[١٨] عولەماکانی شـــارەزوور ناوبانگێکی جیهانیی بەربڵاویان هەبووە لەوانە إبراهیم الکورانی، سۆفیی سەدەی حەڤدە بووە کەوا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسـەر ئیسـلامی ئیندۆنیسـی و موریدەکەی عبدالرسـول بەرزنجیی موفتیی مەدینە. ئەم دوانە هەردوکیـان پـابەنـدی چەنـدین تەریقەت بوون و ئەدای میتافیزیکی تێفکرینی ئیبن عەرەبییان کردووە. عبدالرئوف سـینکل کە قوتابیی کورانیی ئیندۆنیسی بوو تەریقەتی شەتتاری برووە بۆ ئاشێی زێدی خۆی و لە هەموو هەرێم و نـاوجەکـانی ئەرخەبیلدا بڵاوبووەتەوە. خودی کوران خۆی چەندین پەیام و نامیلکەی نووســـیوە بۆ مورید و قوتـابییە ئیندۆنیسییەکانی، بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ چەمک و تێگەیشتنی شەتتاری. بنەماڵەی بەرزنجی بنەماڵەیەکی ناوداری سـەیدن لە شـارەزوور. کەسـێکی تری ئەم بنەمـاڵەیە کتێبی "مەولوودی" نووســـیوە کە نـاوبـانگێکی زۆری بەدەسـتهێناوە لە ئیندۆنیسـیا (کە بەرزنجی بووە بە ناوێکی گشـتیی هەموو مەولوودەکان). بەناوبانگترین تایفەی ســـۆفیی تەوفیقی syncretistic و ناباو لە شـــارەزووردا گەشـــەی کردووە تایفەی ئەهلی هەق بووە (بڕوانە ئینســـکلۆپیـدیـای ئیســـلام)؛ نوێترین دیـاردەش تـایفەی هەقەیە، کە بزووتنەوەیەکی ئەنتینۆمیی نەیاری تیۆرییە و لە ناوەندەکانی نەقشبەندییەوە سەریهەڵداوە نیو سەدەیەک لەمەوپێش (بۆ ئاگاداری ئەم باسە ساڵی ١٩٨٦ نووسراوە - وەرگێڕ) (بڕوانە بروونەسن، هەمان سەرچاوە). شێخ عوسمان، کە لە بڕگەکانی پێشەوەی ئەم وتارە باسی هاتووە، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە شـارەزووردا و هەورامان کە بنکەی دەسـەڵاتی سـەرەکیی بووە، لە ڕاستیدا سەر بە دەڤەری شارەزووری بەربڵاوە.

ئاسـۆی ئەوی زیاتر بەرفراوان کرد و لەوێ "سـرووش و ئیلهامێکی" بۆ هات کە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی پێویستە سەفەری هندستان بکات. لەو ساڵانەدا دەلهی یەکێک بوو لە ناوەندە هزرییە سەرەکییەکانی جیهانی ئیسلام و گەلێ لە عولەما ناودارەکانی پەیوەستی تەریقەتی نەقشبەندی بوون. خالید لەسەر دەستی شاه غوڵام عەلی دەستیکرد بە خوێندن (کە لای مورید و شوێنکەوتووانی مەولانا خالید وەک عەبدوڵلای دەهلەوی دەناسرێت)، کەوا ڕەنگە گەورەترین سۆفی بووبێت لە ناو زاناکانی ئەوێدا و هەر زوو خۆی جیاکردەوە وەک دەرکەوتووترین قوتابییەکانی شاه غوڵام عەلی[١٩]. لە پاش تەنها چەند ساڵێکی خوێندن، لە ساڵی ١٨١١دا گەڕایەوە بۆ کوردستان بەو سیفەتەی کە *خەلیفەی* ڕابەر و مامۆستاکەیەتی و ئیجازەی ڕابەرایەتی و ڕێنمایی تەریقەتەکەی پێدراوە. خالید لە سلێمانی جێگیر بوو، کە شارێکی سەرەکیی باشووری کوردستانە، بەڵام زۆربەی کاتیشی لە بەغدا بەسەربرد، کە ناوەندێکی ئیداریی گەورە و سەرەکی بوو. ئەو هەر زوو لە هەردوو شارەکە ژمارەیەکی زۆری موریدا پەیداکرد، لە ناو عەرەب و تورک و

---

[١٩] لەبارەی شاه غولام عەلی و نەقشبەندییەکانی دەلهییەوە بەگشتی، لەگەڵ هەندێ سەرنج و تێبینی لەسەر دەرکەوتنی مەولانا خالید لە دەلهی، بڕوانە ڕیزڤی، سەرچاوەی پێشوو.

هەروەها کوردیشـــــدا. زۆر کەس و لە ناویشـــیاندا ئەوانەی لە بەرزترین دەسـەڵاتی سیاسـیدا بوون و کەسـانێکی تر لە بنەماڵە شـێخەکان (کە سـەر بە *تەریقەتەکانی* تر بوون)، داوایان لە شـێخ خالید کرد کەوا لە *تەریقەتی* نەقشـــبەندی وەریانبگرێت. پاشـــان لەبەر ناکۆکی و ململانێیەکی سـیاســی دەبوو لە ســاڵی ١٨٢٢دا سلێمانی بەجێبێڵێت و گواستیەوە بۆ دیمەشق و لەوێ دوای پێنج ساڵ کۆچی دوای کرد و لە دوای خۆی تۆڕێکی پەیوەندیی تۆکمە و ڕێکخراوی بەجێهێشـــت[٢٠]. ڕەنگە تاقە لاوازیی ئەو تۆڕە ئەوە بووبێت کە بەتوندی سەنترالیزە کرابوو و لە ناو زیاد لە شەست *خەلیفەدا* هیچ کەســـێکیـان نەیتوانیوە ببێتە پێگەی نـاوەنـدی تەریقەتەکە. مەولانا خالید وەک کاراکتەرێکی کاریزمایی ڕۆحێکی نوێی تونـدی لە *تەریقەتەکەدا* چانـدووە. پـابەنـدبوونی تونـد بە شــەریعەتەوە هەمیشــە خاسـییەتێکی تایبەت و جیاکەرەوەی ئەم ڕێبازە بووە، بەڵام لە ژێر سـایەی مەولانا خالیددا جەختکردنێکی بەهێزتری دراوەتێ. هەڵبەت دەبێـت مـانەوەی لە هنـدســـتـان

[٢٠] ئەلبێرت حۆرانی، "شـــێخ خالید و ڕێبازی نەقشـــبەندی"، ل ٨٩ – ١٠٣ لە کتێبی "فەلسەفەی ئیسلام و نەریتی کلاسیکی"، لە لایەن س. م. ستێرن، ئە. حۆرانی و ڤ. براون، ئۆکسـفۆرد، ١٩٧٢؛ بوتروس ئەبومەننە، "نەقشـبەندیی – موجەددیدی لە وڵاتی عوسـمانی لە سـەرەتی سـەدەی نۆزدەدا"، گۆڤاری جیهانی ئسلام، ژ ٢٢ (١٩٨٢– ١٩٨٤) ل ١ – ٣٦.

هۆشــيارييەكی قووڵی دابێتێ بەو هەڕەشــەيەی كە فراوانخوازيی كۆڵۆناڵيزمی ئەوروپی دروســتيكردووە لە ســەر ئيســلام. لەبەر ئەوە وريايی لەدژی شـــلبوونەوە لە پابەندبوونی ئاينی و دژ بە هەموو هەڕەشەكانی تر بۆ ئيسلام بوون بە ڕەگەزی سەرەكی لە ڕێنمايی و ڕاسپاردەكانی نەقشبەندی لە سەردەمی مەولانا خاليد و جێگرەوەكانيدا. تەنانەت دەكرێ بگوترێ كەوا شـــێخ خاليد لە هەندێ بواری دياريكراودا زۆر دەمـاگرژ و توند بووبێت و لە كاتی مانەوەيدا لە هندسـتان هەوڵی جۆشـدان و جووڵاندنی موريدە هاوكارەكانی داوە دژ بە هەندێک ڕاهێنانی ئيســـلاميی "تەوفيقيی" هنـدييـانە و لە گەشـــتی گەڕانەوەی بە نـاو ئێرانـدا كەوتبووە مشـتومڕی توند لەگەڵ شـيعەكاندا كە دواتر سـەريكێشـايەوە بۆ دوژمنايەتييەكی دوولايەنەی هەميشـەيی. نەقشـبەنديی - خاليدی (وەک لقێكی تەريقەتەكە كەوا لەگەڵ مەولانا خاليددا سـەريهەڵدا و ناسرا) بەئاشكرا دژايەتيی خۆی بۆ شيعەگەری ڕاگەياند[21].

هەروەها شـــێخ خاليد هەندێک گۆڕانكاريی كەمی هێنايە ناو

---

[21] هەڵوێستی دژ بە شيعە شتێكی نوێ نەبوو لە نەقشبەنديدا و بەگشتی وا زانراوە كە لە هەموو تەريقەتەكان زياتر دژايەتيی شـــيعە دەكات. لەگەڵ ئەوەشـدا، هەڵوێسـتی شـێخەكانی پێشـتر جياوازييەكی بەرچاوی پيشـاندەدا لەم ڕووەوە. بڕوانە ئەو فەســڵەی لەســەر نەقشـــبەندييە لە كتێبی: س. ئە. ڕيزڤی، "*مێژووی سۆفيزم لە هندستاندا*"، بەرگی ٢، نيودەلهی، ١٩٨٣.

سرووت و ڕێورەسمی نەقشبەندییەوە و گرنگترینی ئەمانە ئەوەیە کە داوای لە موریدەکانی کردووە کە لە کاتی بەجێهێنانی ڕێورەسمی *ڕابیتەدا* (یان وردتر بڵێین *ڕابیتە بیلشەیخ*) ڕاهێنانێکی ڕۆحییە لە پێش زیکرکردن لە ڕێورەسمی نەقشبەندیدا و سۆفی بە خەیاڵ ڕابەرەکەی دەخاتە زەین و بەرچاوی خۆی (بۆ نموونە مەولانا خالید) و بەم ڕێگەیە هەوڵی پەیوەندیگرتنێکی ڕۆحی دەدات لە نێوان خۆی و ڕابەرەکەیدا و لە ڕێگەی ئەمیشەوە لەگەڵ پێغەمبەردا و دواجاریش لەگەڵ خوادا. پراکتیزەکردنی *ڕابیتە* بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕووی سۆزەوە مورید پشت بە ڕابەرەکەی دەبەستێت و بە خوایشتی خۆی ملکەچیی ڕەها بۆ ڕابەرەکەی دەردەبڕێت 'کە داوای لێدەکرێت'، چونکە لە *ڕابیتەدا* مورید لە واقیعدا هەست بەوە دەکات کە چۆن شێخ دەستی دەگرێت وڕابەرێتیی دەکات و ڕاهێنانە ڕۆحییەکانی بەهێز دەکات. ئەوجا بەدەر لەوەی کەوا کەسێکی دەرەکی چۆنی بیر لێدەکاتەوە، ئەوە زۆربەی بەجێهێنەرانی ڕاهێنانی نەقشبەندی وای باس دەکەن کە ئەوان هەست بە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە دەکەن لە کاتی *ڕابیتەدا* و هەستیش بەوە دەکەن کە چۆن شێخ ئاڕاستەیان دەکات لە کاتی زیکرکر*دنی* دواتردا و (سەرزەنشتیان دەکات ئەگەت بەتەواوی پەرۆش و گەرموگوڕ نەبن). مەولانا خالید داوای لە هەموو موریدەکان کردووە کە *ڕابیتە* تەنها لەگەڵ خۆی ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی *تەریقەتەکە* بە ناوەندی بمێنێتەوە سەرەڕای ئەو

ژماره زۆرەی ئەو *خەلیفانەی* کە دایمەزراندبوون. ئەم ڕاهێنان و پراکتیزەکردنە تەنانەت دوای کۆچی دوایی خۆیشی هەر بەردەوام بوو. لە *ڕیسالەیەکدا* لە لایەن سولەیمان زوهدییەوە، کە شێخێکی نەقشبەندی بوو لە مەککە و گەلێ موریدی هەبوو لە سالآنی ١٨٨٠کاندا (زیاد لە نیو سـەدەیەک لە پاش کۆچی دوایی خالید) وەسـفێکی ڕوخساری مەولانا خالید دەبینین بۆ ئاسانکردنی بە خەیاڵ هێنانە بەرچاوی ئەو موریدانەی کە بە زیندوێتی نەیانبینیبوو[٢٢].

بێگومـان کەسـایەتی و ڕێنمـاییەکـانی مەولانـا خـالیـد گۆڕانکارییەکی گەورەی لە *تەریقەتی* نەقشـبەندیدا بەرپاکرد، چونکە بە شـێوەیەکی کاریگەرانە هەموو هێڵەکانی پێشـتری پابەندبوونی گۆڕی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاسـتدا. حاڵی حازر، نزیکەی هەموو نەقشبەندییەکانی کوردستان و شوێنەکانی تری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانی خالیدین، تەنانەت ئەگەر پێشـتر پابەندیی تریان بووبێت. هەروەها نەقشـبەندییەکانی ئیندۆنیسیاش خالیدین، بێجگە لە تەنها یەک خەت. لەگەڵ ئەوەشدا،

[٢٢] ئەم *ڕیسالەیە* بە هۆی حاجییەکی ئیندۆنیسییەوە ساڵی ١٨٨٩ لە مەککە گەڕێنراوەتەوە و دەسـەلاتدارانی هۆڵەندی وەک گومانێک دەسـتیان بەسـەرداگرتووە. نامەکە وا وەسـفی شـێخ خالید دەکات کەوا "بالآبەرزە، تێکسمڕاوە و ڕیشی لە ناوەڕاستەوە سپی بووە و لەملا و لەولاوە ڕەشە و چەناگەیەکی پان و سینگێکی پانی هەیە"

کاریزمای مەولانا خالید و ڕیفۆرمەکانی بەزەحمەت لێکدەدرێتەوە لە پاش نیو ســەدە لە کۆچی دوایی، نەک زۆر لەوە پێشــتر، کاتی کە شێخە نەقشبەندییەکان بوون بە سەرکردەی سیاسیی سەرەکیی کوردەکان. پێموایە، ناکرێ لەمە تێبگەین مەگەر لە دوای شیکاریی کۆمەڵگەی کوردی لەو ماوەیەدا، بەتایبەتی لە ڕووی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە کە تییدا بەرپا بوون.

## ڕۆڵی شێخ لە کۆمەڵگەی کوردیدا

کاتی کەوا یەکەم کاری مەیدانیم ئەنجامدا لە ناو کوردەکاندا، لە ســاڵانی ١٩٧٤ - ١٩٧٦، من بەئاگا بووم لەو ڕۆڵە ســیاســییە گرنگانەی کەوا شێخە نەقشبەندییەکان گێڕاویانە لە ڕابوردوودا و وەختێکی دوور و درێژم لە چاوپێکەوتنی شــێخەکان و مورید و شــوێنکەوتووانیان و ســەرنجدانی کارلێکەکانیان بردەســەر. دوو جار و هەر جارەی ماوەی دوو ڕۆژ لە گوندە هاوینییەکەی شـێخ عوســـمانی نەقشـــبەندی مامەوە کە لە بڕگەکانی یەکەمی ئەم پەیپەرە پێشـــکەشـــم کرد (مەبەســـت گوندی دووڕووەیە لە هەورامانی بەری ئێران - وەرگێڕ). ڕوون و ئاشـــکرا بوو کە ڕۆژانی شـــکۆی شـــێخەکان بەســـەرچووە، بەڵام ئاســـەواری دەسەڵات و کاریگەریی کۆنیان هێشتا هەر هەستپێکراوە. ڕۆژانە تا ســـەد کەس دەهاتن و لە هەندێ وەرزی تایبەتدا دەگەیشـــتنە چەند سەد کەسێک و داوای ئیمتیاز و بەرەکەتی بینینی شێخیان

دەکرد. هەنــدێکیــان لە گونــدەکــانی دەوروبەرەوە دەهــاتن و ئەوانیتریش چەندین رۆژ بە ڕێگەوە بوون بۆ ئەوەی پێی بگەن. ئــامــانجی ئەوان داواکــاریی پیرۆزی و بەرەکەتی شـــێخ بوو، هەندێکیان خزمی نەخۆشـــیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا یان داوای چارەسـەریان دەکرد بۆ منداڵێکی نەخۆش یان باوک و دایکیان لە ماڵەوە بەجێیانهێشتوون. هەندێک تەنها داوای دۆعا و نووشتەیان دەکرد بۆ بەختی باش، وەک پاریزگاری لە هەژاری یان کارەساتی ســـروشـــتی. جەنگاوەرانی گەریلایی یان شـــەڕی پارتیزانی (پێشمەرگە - و) لە کوردستانی عێراقەوە دەهاتن، کە شـەڕ تێیدا بەڕێوەدەچوو، داوای نووشـــتەی گولەنەبڕ و پاراســـتن لە پارچە تۆپ و بۆمبیان دەکرد و (دەیاندرایە). هەندێک بۆ جاری دووەم داوای ڕوخســـەتی شـــێخیان دەکرد بۆ گەشـــتکردن یان گەڕان بەدوای کارێک لە شـاردا. هەندێک باسـیان لە شـەڕ و ناکۆکییەک دەکرد کە تێوەیگلاون و داوای نـاوبژی یـان دەســـتێوەردانی شـــێخیان دەکرد. هەروەها زۆرێکیان داوای یارمەتیی شـــێخ و بۆتێکەوتن و شـــەفاعەتیان دەکرد لە مـامەڵە کردنیـاندا لەگەڵ بەرپرس و کاربەدەسـتانی حکوومەتدا، وەک دواخسـتنی خزمەتی سـەربازی یان بەخشـینیان لەو خزمەتە، یان سـووککردنی سزای تاوانێک کە ئەنجامیان دابێت و .. تاد.

شێخ هەرگیز بە نەخێر وەڵامی کەسی نەدەدایەوە و گژوگیا و شـــیرینیی وەک چارەســـەر و تەبەڕوک دەدانێ یان نامەیەکی

لاوەکی بۆ دەرمانخانەی شـــارۆچکەکە بەوانە دەدا کە دەهاتن بۆ چارەسەری بزیشکی، هەروەها ئەو شێتانەشی چاکدەکردەوە کە بە زۆرەملێ دەیانهێنانە بەردەمی. هەندێ کەس دراوێکی کانزای بچووکیـان لێوەردەگرت کە پیرۆزی و بەرەکەتی خۆیی پێوەبوو و باوەڕیان وابوو کە بەختەوەری و خۆشـــگوزەرانییان بۆ دێنێت و جەنگاوەرانی گەریلا (پێشمەرگە - و) تەحەدای منیان دەکرد بۆ تـاقیکردنەوەی دۆعـا و نووشـــتەی ئەو گولەنەبڕەی کە تـازە بەدەســتیان هێنابوو و دەیانویســت پێم بســەلمێنن کە کاریگەرە. ئەوجا لەبەر ئەوەی کە شــێخ توانا و دەســەڵاتی تەواوی هەبوو ئەوە چارەســەری خۆی دەســەپاند بۆ ئەو شــەڕ و ناکۆکییانەی دەبرایە بەردەمی و لە هەندێ حاڵەتدا بەڵێنی نێوەندگیریی دەدا. وێنە فۆتۆگرافییەکانی شـێخ کاتێ کە شـا پێشـوازیی لێدەکات بە شـێوەیەکی بەرچاو پێشـاندەدران و بەئاشـکرا پێوەی دەنازین و ئەمەش بەڵگە بوو کەوا شـێخ عوسـمان پەیوەندییەکی زۆر باشـی لەگەڵ شـــادا هەیە و ئەوە دەگەیەنێت کە بەڕاســـتی دەتوانێ کاروبـاری مورید و شـــوێنکەوتووانی مەیســـەر بکات لەگەڵ حکوومەتدا. (من هەرگیز بۆم ڕوون نەبووەوە کە تا چ مەودایەک بە کردەوە زاڵە بەســـەر دەســـەڵاتە مەدەنی و ســـەربازییەکانی ناوچەکەدا و زۆرێک لە کاربەدەســتان تا ڕادەیەک لە پاشــملە بە گاڵتەجاڕییەوە باسـیان دەکرد، بەڵام هەمیشـە بە ڕێز و ئەدەبەوە لە حوزووریدا هەڵسوکەوتیان دەکرد).

میوانداریی شێخ و میوان نەوازی هەمیشە جێی باس و لەسەر زاران بوو، هەرچەندە هەندێ جار ئەمە دەبووە بارگرانی بەسەر میوانەکانەوە، چونکە هەرکەس دەهاتە ناو گوندەوە نەیدەتوانی بەجێیبێڵێت تا مۆڵەتی لە شێخ وەرنەگرتایە و گەلێ جاریش ئەو مۆڵەتەی ڕەتدەکردەوە. بەو پێیە گەلێ کەس ناچاری مانەوە دەبوو بۆ ماوەی چوار، پێنج یان هەشت ڕۆژ و هەموو ڕۆژێک گوێدێری ئەو موعجیزانە دەبوون کە شێخ ئەنجامیان دەدا و زۆرێک لەو کەسە دەسەڵاتدار و کاریگەرانەیان دەبینی کە دەهاتن و دەڕۆیشتن. هەڵبەت بەرپرس و کاربەدەستەکانی حکوومەت و سەرۆک عەشیرەتەکان مامەڵەیەکی جیاوازتریان لە خەڵکە ئاساییەکە لەگەڵ دەکرا. ئەوان پێشوازییان لێدەکرا و هە زوو دەبرانە حوزووری شێخ (لە کاتێکدا خەڵکە ئاساییەکە دەبوو زیاد لە ڕۆژێک چاوەڕی بکەن) و مۆڵەتدانی ماڵئاوایی مەسەلەیەکی ڕووکەش بوو بۆ ئەمان (واتە بەرپرسان و میوانە تایبەتەکان - و). لە لایەکی ترەوە شێخ سەرسامی دەکردن بەو ژمارە زۆرەی گوندنشینانی ئاسایی کە بەردەوام دەهاتنە لای. سەرۆک عەشیرەتەکان بەپەرۆشی ئەوەوە بوون کە تووڕەی نەکەن (چونکە دڵنیا نەبوون کە پیاوانی خێڵەکانیان پشتی کاملا دەگرن لە حاڵەتی ناکۆکی و ململانێدا) و کاربەدەستانی حکوومەت پێیان لەوە دەنا کە مامەڵەکردن لەگەڵ گوندنشینان ئاسانتر دەبێت پاش ئەوەی ڕاوێژ بە شێخ دەکەن یان وا باشترە کە لە ڕێگەی

شـــێخەوە مـامەڵەیـان لەگەڵ بکرێـت یـان لێیـان نزیکببێتەوە.

ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمە بەردەوام بوو، لانی کەم بۆ چەندین نەوە و شێخ و باوباپیرانی زۆرێک لە دەسەڵات و کاریگەرییان لە ڕۆلیـان وەرگرتووە وەک نێوەنـدگیری نێوان حکوومەت و کۆمەڵگەی گونـد و نێوەنـدگیر لە نێوان ڕکـابەرە نـاوخۆییەکـان لەســەر دەســەڵات. شـێخ عوسـمان، تەنانەت لە پێش شـکسـتە سیاسییەکەشی لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا، ئەزموونی ئەوەی کردبوو کەوا ڕۆڵە نەریتییە ســیاســییەکەی چیتر لێرە بەدواوە لە ڕووی جیهانییەوە پەســـەند نییە. لە میانەی ئەو ســـاڵانەی دوایی پێش هەڵاتنی لە کوردستانی عێراق، ڕێکخراوێکی سیاسیی مۆدێرن، کە پارتی دیموکراتی کوردستانە (پێویستە لەگەڵ ئەو حیزبەدا تێکەڵ نەکرێت کە هەمان ناوی هەیە لە ئێران) بە ســەرکەوتوویی کەوتە پـاکتـاوکردنی ڕۆڵی دەســـەڵاتی هێزی ســـەروو خێڵەکی وەک نێوەندگیر لە ناوچەکەدا. ئەمەش سـەریکێشـایەوە بۆ ڕکابەرییەکی توند لە نێوان شـێخ و پارتیدا و شـێخ دوو کەسـی چالاکی پارتیی کوشــت و دوژمنایەتییەکی ســەختی بەدوادا هات. مەلا مســتەفا بارزانی، سەرۆکی زۆر بەهێزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە دوو ســـاڵی ١٩٥٨ و ١٩٥٩دا هاوپەیمان بوو لەگەڵ قاســـم و کۆمۆنیستەکاندا و شێخ ناچار کرا لە سنوور بپەڕێتەوە و هەڵبێت بۆ ئێران. لە ســـاڵی ١٩٧٤دا، کاتێ کە بارودۆخی ســـیاســـی بە شـــێوەیەکی بەرچاو گۆڕا و بارزانی هاوپەیمانیی بەســـت لەگەڵ

شـــای ئێراندا، شـــێخ ویســـتی ڕکابەرەکەی جارانی ڕازی بکات و ئەســــــپێکی ڕەســــــەن و گرانبەهای وەک دیاری بۆ نارد، بەڵام بـــارزانی لێی وەرنەگرت و وەک ســــــووکـــایەتی پێکردنێـــک ئەسپەکەی بۆ ناردەوە. بارزانی خۆیشـی لە بنەماڵەیکی شـێخ و پیاوێکی نەریتی بوو، بەڵام هەمیشــــە بەرەنگاری ئەو دەســــەڵاتە نەریتییـانە دەبووەوە و بەزۆری شــــێخەکـــان و ســــــەرۆک عەشـــــیرەتەکـــان، چونکە وایبۆدەچوو کە دەبنە ڕکـــابەری. جەمـــاوەریێتیی بـــارزانی و (پ د ک) چـــاودێرییەکی کـــارای ڕەخساندبوو بە سەر کاریگەریی سیاسیی شێخەوە.

شــێخ عوســـمان هەوڵیدا هەندێک لە دەســــەڵات و کاریگەریی ســیاســیی خۆی بگێڕێتەوە لە ڕێگەی پەیوەندی کردنیەوە لەگەڵ دەربـاری شــــــادا، کە هۆکـاری تـایبەتی خۆی هەبوو بۆ ئەوەی دۆســــــتانە بێت لەگەڵیدا. یەکێک لە کوڕەکانی بوو بە جێگیری هەمیشـــــەیی دەربـار، بەڵام کەس نەیـدەزانی ئـاخۆ لەوێ دەبێ میوانی پایەبەرزی شەرەف بێت یان بارمتە. هەروەها کاربەدەستە ناوخۆییەکانی حکوومەت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێزیان لە شێخ دەگرت، بێگومان بەپێی ڕاســپاردە و ڕێنمایی ســەرەوەی خۆیان، بەڵام لە پشـــــتیەوە فرەجار گاڵتەیان پێدەکرد و بە فێڵباز ناویان دەبرد. زۆربەی کوردە خوێندەوارەکان بەتوندی دوژمنایەتییـان دەکرد و بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە ســـــاویلکەیی گوندنشـــــینە هەژارەکان بەکاردێنێت و دەیانچەوســــێنێتەوە. چەندین باس و

چیرۆک دەگێڕدرایەوە لەبارەی شـــێوازی زیرەکانە و فێڵبازانەی شـێخەوە لە فریودانی جووتیارە سـادە و سـاویلکەکاندا. بێگومان ناتوانرێ قەناعەت بە مورید و شوێنکەوتووە دڵسۆزەکانی بکرێت بەم چەشــنە حیکـایەتـانە، چونکە لە دید و بۆچوونی ئەوانەوە نەیـارانی شــێخ مـاددی بوون و لە ڕۆحـانییەتی ڕاســتەقینە تێنەگەیشــتوون. زۆرێکیشــیان ئیددیعای ئەوەیان دەکرد کە بە چاوی خۆیان بەشــێک لە پەرجوو یان موعجیزەکانی شــێخیان بینیوە، ئەوانیتر خەڵکی متمانەپێکراویان بە شـایەتحاڵ دەهێنایەوە یان خەڵکانێکیان ناسیوە کە بە شـێوەیەکی سـەرسـوڕهێنەرانە لە نەخۆشــی چاکبوونەتەوە. ئەوانەش کە بەشــداریی زیکرەکانیان کردبوو بە کۆدەنگی پەسـن و سـتایشـی هێزە ڕۆحییە مەزنەکانی شــێخیان دەکرد و هەســتی ئەوەیان کردووە کە ڕاهێنان و ئەزموونە ڕۆحییەکانیان ئەو ڕاستی و شایستەییە دەگەیەنن.

ئەم سەرنج و تێبینییانە، بەشێکی کەمیان تایبەتن بە کوردستان یان *تەریقەتی* نەقشــبەندی. چونکە لە گەلێ شــوێنی جیهانی ئیسـلامیدا شـێخانی *تەریقەتە* جۆراوجۆرەکان هێشـتا هەر هەمان ڕۆڵ ئەنجام دەدەن و دەوردراون بە خەڵکی دڵســۆزی خۆیان و قەناعەتیان بە پیرۆزی و هێزی بانســروشــتیان هەیە. ڕەنگە ئەم شـێوازە زۆر ڕوونتر دەرکەوێت لە نیمچە کیشـوەری هندسـتاندا، کە تێیدا زۆربەی عولەما نەریتییەکان ســەر بەم *تەریقەت* یان ئەویتریانن. هەروەها لە ئیندۆنیسـیاشـدا، هێشـتا شـێخانێک هەن

کەوا ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان هاوتەریبی ئەوەی شـێخ عوسـمانە. لە بانتێنی جاوای ڕۆژاوا، بۆ نموونە کی ئارمینی بەتەمەن هەیە، کە سـەر بە *تەریقەتی* قادرییە و ناوبانگێکی گەورەی هەیە وەک ئەنجامدەری پەرجوو (موعجیزە) و تا ئێسـتاش دەسـەڵاتێکی سـەلمێنراوی هەیە لە تەواوی بانتێنی باشـووردا. ئەم پیاوە *پێسـانترێنێکی* (خوێندنگەی ئاینی - و) مامناوەندیی هەیە کە تێیدا مەنهەجێکی بنەڕەتیی ئیسـلامی لە سـەر شـێوازی نەریتی دەخوێنرێت و مانگی جارێک ڕێنمایی و ئیرشـادی نزیکەی سـەد کەسـێکی سـەردانیکەر دەکات، کە بەزۆری لە دوورەوە هاتوون، بۆ *زیکری* قادری. ڕۆژانەش خەڵکانێک سـەردانی دەکەن و داوای نزا و نووشـتە و شـتگەلێکی لێدەکەن کە هێزی جادوویان هەیە، لەبەر ئەوەی کی ئـارمین بەوە بەنـاوبـانـگ و نـاسـراوە کە بەهرەمەنـدە لە زانسـت و هێزی جـادوویی گەورە. زۆربەی ئەوانەی کە سـەردانی دەکەن بریتین لە بـازرگـانی بچووک و جووتیاران، بەڵام کی ئارمین پێشوازییش لە سەردانی زۆرێک لە بەرپرسـانی مامناوەند و تەنانەت ئاسـت بەرزیش دەکات. هەندێ لەم توێژەی دواییان تەنها وەک مەراق و خولیا دێنە لای و بە هیوای بەدەستهێنانی جۆرێک لە یارمەتیی بانسروشتن، هەندێکی تریش بەنیازی کار بۆ ئاسانکردن دێن لەگەڵ کۆمەڵگەی بانتێنیدا. نەک بەتایبەتی لە ناو ئەمانەی دواییدا، بەڵکوو لە ناو ئەو کەسـە "ئاسـاییانەش" کە دێن بۆ بەسـەربردنی شـەوێکی هەینی لە

*پێسانترێنەکەی* کی ئارمین، من تێبینیی تێکەڵەیەکی مەراقدارم دەکرد لە ســـاویلکەیی و گومان. تەنانەت ئەوانەش بەئاشــکرا گومانیان دەردەبڕی لەبارەی ئەو موعجیزانەوە کە دەدرایە پاڵ شــێخ، یان گاڵتەیان دەهات بە هەندێ لەو شـــتانەی وتبووی یان کردبووی، دڵنیا نەبوون لەوەی کەوا هەندێ لەو پەرجووانە مەحاڵ بن.

سەدەیەک لەمەوپێش، گومانێکی زۆر کەمتر هەبوو سەبارەت بەو هێزە موعجیزەئـامێزانەی دەدرایە پـاڵ شــێخەکـان و بە ئەمانەوە گریمانەی ئەوە هەبوو کە هەڵوێستی پەرستشی خەڵکی ئاسـایی کورد لە بەرانبەر شـێخەکانیاندا زۆر توندتر و بەربڵاوتر بوو و لەوە کەمتر ڕەخنەی تێدا بوو کە من لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا ســـەرنجم دەدا. ئەمە بەلای کەمەوە تـاڕادەیەک ئەو کـاریگەرە گەورەیەی دەســـەڵاتی ســـیاســـییە دەگەیەنێت کە زۆرێک لە شــێخەکان پیادەیان کردووە. بەڵام ناتوانێ ئەوە ڕوونبکاتەوە کە بۆچی تەنها لە ســـاڵانی ١٨٨٠کاندا بووە کەوا شــێخەکان وەک بەهێزترین سەرکردەی سیاسی دەرکەوتوون.

## گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکان لە سەدەی نۆزدەدا

دەرکەوتنی لەناکاوی شـێخەکان لەسـەر شـانۆی سـیاسـی و دواتریش پاشـەکشـەی پلە بە پلەیان تەنها بە گەڕانەوە بۆ پەرەسـەندنە سـیاسـی و ئابوورییەکان لێکدەدرێتەوە کەوا کاریان کردووەتە سـەر کۆمەڵگەی کوردی لە نیوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەدا. من وەک لە سـەرەوە باسـمکردووە، ئاماژە ناکەم بە پێشـڕەویی گشـتیی ئیمپریالیزمی ئەوروپی، بەڵکوو ئیشـارەت بەو فۆرمە زۆرتـر کـۆنـکـریـتـیـیـانە دەکەم کەوا ئـاسـەواری کاریگەرییەکانیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەرکەوتووە. یەک لەم پەرەسەندنانە لەو چاکسازییە ئیدارییانە پێکهاتووە کە وردە وردە و لەسـەرخۆ لە ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانیدا جێبەجێ کراوە و بە شـێوەکی گەورە لە لایەن هێزەکانی ڕۆژاواوە سـەپێنراون و هەندێ جاریش وەک کاردانەوە لەدژیان. ئەم ڕیفۆرمانە بوون بە هۆی لەقکردنی هاوسەنگیی سیاسی لە کوردستاندا و زۆرێک لە پێکهاتەی سـیاسـی و کۆمەڵایەتیی گۆڕی. پەرەسـەندنێکی گرنگی تر هاتنی مژدەدەر یان مسیۆنێرە کریستیانەکان بوو لە سەرەتای سـەدەی نۆزدەدا، لە فەرەنسـا و بەریتانیا و ئەلمانیا و ئەمریکاوە و هەر هەموویان هەوڵیان دەدا مەسـیحییەکانی ناوخۆی وڵاتی عوسـمانی بهێننە سـەر کەنیسـە نیشـتمانییەکانی خۆیان (واتە کەنیسـەکانی ئەو مژدەدەرانە - و). ئەم هەوڵ و کۆشـشـە

مسیۆنێرییانە لە ناو کەمینە مەسیحییەکاندا کاریگەریی دراماتیکییان هەبوو لەسەر پەیوەندیی موسڵمان و مەسیحیی ناوچەکە[٢٣].

لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠دا و پێش ئەوەی ئەم پەرەسەندنانە مۆرک و کاریگەریی خۆیان دروست بکەن، کۆمەڵگەی کوردی لە جووتیار و شـــوانکارەی خێڵەکی پێکدەهات و بە ڕەهایی تەواوی ئەم خێڵانە کۆچەر بوون و زۆرێـک لەمـانە لەگەڵ بەخێوکردنی ئاژەڵدا هەندێ کشـتوکاڵیشـیان دەکرد و لە گوندی هەمیشـەییدا نیشـــتەجێ بوون. لە مـانگەکانی هـاویندا ئـاژەڵەکان دەبران بۆ لەوەڕگە و پـاوانی هـاوینە و ئەگەر ئەم لەوەڕگەیـانە لێیـانەوە نزیکبوونایە ئەوە هەموو گوندنشـینانیش دەیاگواسـتەوە ئەوێ و لە دەوار و ڕەشـــماڵدا دەژیان، خۆ ئەگەر مەنزڵیش دوور بوایە ئەوە لە گونددا دەمانەوە و تەنها هەندێ لە شـــوانەکان لەگەڵ مێگەلە ئاژەڵدا دەڕۆیشـــتن. هەندێ لە خێڵەکان کە ئاژەڵیان زۆر کەم بوو یـان هەر نەیـانبوو ئەوە بەتەواوی لە گونـددا جێگیر دەبوون و کشـــتوکاڵیان دەکرد. خێڵە کوردەکان بە زەرووری یەکەی سـیاسـی بوون و (تا ئێسـتاش هەر وان) و دڵسـۆزی و ملکەچی بۆ ســـەرۆکێکی بەهێز کۆیـانـدەکـاتەوە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیایەکی لە بناغەدا هاوبەش و یاســـایەکی مۆراڵیی توند،

[٢٣] (ئی. گۆبی، س. ئادریانس، لە کتێبی "ئامۆژگاری فەرمی ســـنۆک هۆرگرۆنیە (1889-1936)"، بەرگی ٢، لاهای: نیهۆف، 1959، ل 1182.

لەنێویدا چەمک و تێگەیشتنی وەک پیاوەتی و ئازایەتی و شەرەف و پەیوەندییەکانی دەسـەڵات و بنەماکانی هاوسـەرگیریی نەریتی (واتە ناوخۆیی لە ناو خزمان و خێڵدا) و بنەماکانی هاوپەیمانی و دوژمنایەتی لە شـەڕ و ناکۆکییەکاندا. لە تیرە و هۆزی بچووکدا، کە زۆربەی ئەندامانی خزمی نزیکی یەکتر بوون، پەیوەندییەکان تا ئاسـتێک یەکسـان بوون، بەڵام لە خێڵە گەورەکاندا چینێکی ئەریستۆکراتی حوکمڕان هەبوو کە سـەرکردایەتییەکی تاکڕەوانە و ملهوڕانەی دەسـتەبەر دەکرد. پیاوانی خێڵ دەسـتەبژێرێکی سـەربازییان پێکدەهێنا کە هەژموون و دەسـەڵاتی بەسـەر چینی خوارەوەی جووتیاران و پیشـەوەراندا دەڕۆیشـت و ناوێکی گونجاوی لێنرابوو کە ئەویش "ڕەعییەت" بوو (کە ڕێک بە واتای مێگەل دێت). دەکرا ڕەعییەت موسـڵمانی کوردی زمان بن یان مەسـیحی و (کەمێکیش جوو) لە تایفە و زمانی جۆراوجۆر. بۆ ئاڵۆزکردنی زیاتری مەسـەلەکە، مەسـیحییەکانیش لە هەندێ ناوچەی دیاریکراودا وەک تیرە و تاقمی توندڕەوی سـەربازی ڕێکخران و چەکیان هەڵگرت (کە بە شـێوەیەکی فەرمی ئەمە قەدەغە بوو بۆ کریسـتیانەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانیی موسڵمان) و هاوشانی خێڵە کوردەکان بەیەکسانی وەستانەوە[٢٤].

---

[٢٤] شـیکارییەکی وردە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردسـتان لە فەسـڵی دووەمی کتێبەکەی بروونەسندایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بۆ ماوەی چەندین سەدە، دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەم خەڵکە خێڵەکی و جووتیارانەدا ڕاستەوخۆ مامەڵەی نەکردبوو بەڵکوو دەستەبژێرێکی هەرێمیی کوردی وەک نێوەندگیر بەکادەهێنا. ڕاستە هەندێ لەو ناوچانەی کە بایەخی ستراتیجی یان ئابووریی گەورەیان هەبوو بە شێوەیەکی ناوەندی حوکم دەکران و والی و حوکمڕانی سەربازییان بۆ دادەنرا، بەڵام وەک یاسا و ڕێسایەکی گشتی سیستەمێکی حوکمی ناڕاستەوخۆ باو بوو. بەشێکی گەورەی کوردستان لە لایەن بنەماڵە کوردەکانەوە حوکم دەکرا کە ئاستێکی گەورەی سەربەخۆییان پاراستبوو لەبەرانبەر حکوومەتی ناوەندیدا. میرنشینە کوردییەکان پێش یەکگرتنیان لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا هەبوون و پێگەی بنەماڵە حوکمدارەکانیان زیاتر بەهێز بوو بە دانپیانانیان لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە. ئەوان لەبەرانبەر حکوومەتی ناوەندیدا تەنها پابەندییەکی سەربازیی دیاریکراو و تا ڕادەیەک باجدانێکی کەمیش. زۆربەی داهات تەرخان بوو بۆ حوکمڕانە لۆکاڵەکان (*میرەکان*) خۆیان، کەوا بەم ڕێگەیە توانییان ژیانێکی شاهانە بۆ خۆیان دابین بکەن کە هیچ مانایەکی نەبوو. هەر میرنشینێک ژمارەیەک خێڵ یان فیدراسیۆنی خێڵی لەخۆگرتبوو (کە لە هەندێ حاڵەتدا ژمارەیەکی زۆر گەورە بوو)، هەروەها میرەکان لە خەمی ئەوەدا بوون کە ئەم هاوپەیمانییانە بە هاوسەنگی بهێڵنەوە هەر یەکەیان دژ بەویتر، بۆ ئەوەی کەس بەئاسانی تەحەدای حوکمیان

نەکات. ئەم میرانە و دەربار و دەســــت و پێوەندیان تاقە فۆرمی حکوومەت بوون کە زۆربەی خەڵکــانی خێڵەکی و *ڕەعییەت* مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن. حوکمی میر بە شێوەیەکی گشتی زۆر توند و دڵڕەقانە بوو بەڵام وا تەماشـــــای دەکرا کە دادپەروەرە و بەدەگمەن تانە لە شــــەرعییەتی دەدرا. لە پاڵ شــــەرعییەت و دادپەروەریدا پێگە و هەڵوێستیشیان پشتی بە توانایان دەبەست بۆ ڕامکردنی ململانێ و ناکۆکییە خێڵەکییەکان و یاری پێکردنیان.

ململانێ و ناکۆکییەکان (پێشــتر و ئێسـتاش) لایەنێکی بنەڕەتی بوو لە بوونی خێڵێک، چونکە تەنها وەک یەکەیەک ڕەفتار دەکات لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرێکی دەرەکی یان دوژمنێک و گەنجێکی مەراقدار ناتوانێت دەســـەڵات بەدەســـتبێنێت مەگەر بە خۆجیاکردنەوەی بێت لە ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان. یاسا و ڕێسای شەرەف، پێویستی بە تۆڵەکردنەوە و تۆڵەی پێچەوانەیە بۆ کەمترین ســـــووکایەتی پێکردن و حەز و ئارەزووی گەنجان بەوەی بە بوێری و ئازایەتی خۆ جیابکەنەوە، بووبووە مایەی شـــەڕ و ناکۆکیی بەردەوام لە نێوان خێڵەکاندا، چ لە ناو خێڵەکان خۆیاندا و چ لە نێوان خێڵەکان و *ڕەعییەتدا*. (هەندێ جار ڕەعییەت لێرەدا جووتیــاری نیشـــــتەجێ دەگرێتەوە کە خێڵی کۆچەر بە چاوێکی نزمتر تەماشــــای دەکردن و بەمانە دەوترا گۆران یان کرمــانج - وەرگێڕ). لەبەر ئەوە یەکێــک لە کــار و فەرمــانە ســـــەرەکییەکانی میر ئیحتیوا یان ڕامکردنی ئەم ناکۆکییانەیە لە

سنوورێکی بەجێ و پەسەنددا و ئەگەریش پێویستی کرد کۆتایی هێنان بە شەڕ و کوشتار و سەپاندنی چارەسەرێکی بەجێ و پەسەند بۆ هەردوو لا. لە لایەکی تریشەوە پێگە و هەڵوێستی بەندبوو بە هێشتنەوەی ئەندازەیەکی دیاریکراوی ڕکابەری لە نێوان خێڵە گەورەکاندا، بۆ ئەوەی بتوانێت کەرت بکات و حوکم بکات. خۆ ئەگەر بەتەواوی زیرەک نەبوایە لە یاریکردن بە ململانێ و ناکۆکیی خێڵەکیدا ئەوە پێدەچوو ئیمارەتەکە بڕووخایە یان دەسبەرداری پایە و پۆستەکەی بوایە بۆ کەسێکی زیرەکتر کە بەعادەت یەکێک لە خزمەکانی دەبوو، چونکە تەنها ئەوان شەرعییەتی ئە کارەیان هەبوو.

ئاستی سەربەخۆیی لە بەرانبەر دەوڵەتدا کە میرنشینەکان لێی بەهرەمەند بوون هەمیشە بەرز و نزمی دەکرد و لە ژێر سایەی حوکمڕانیی سوڵتانێکی لاوازدا ڕەنگە زیاتر سەربەخۆ بوونایە وەک لە ژێر سایەی سوڵتانێکی بەهێزدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاڕاستەی درێژخایەن بەرەو زیادبوونی کۆنترۆڵی ناوەندی بوو. تەنانەت لەپێش ساڵی ١٨٠٠دا، بە کردەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئیمارەتەکان هەڵوەشانەوە و لەجیاتیدا لە ناوەندەوە والییان بۆ دامەزرا. بەهەرحاڵ، گۆڕانکاریی گەورە و ڕاستەقینە لەگەڵ یەکەم شەپۆلی چاکسازییە ئیدارییە سەرەکییەکانی ساڵانی ١٨٣٠کاندا هات، کە لەو ماوەیەدا زۆربەی کوردستان خرایە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ناوەندەوە. چەندین میری گەورە و بەهێز

قبوولکردنی ئەم پێشێلکردنەی ئیمتیازە نەریتییەکانیان ڕەتکردەوە و یاخیبوون. ئەوان لە تەحەداکردنی دەسەڵاتی ناوەندیدا کەوتنە بەرفراوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و جەختیان لەسەربەخۆیی ڕاستەقینە دەکردەوە. بەڵام لە کۆتاییدا هەموو بەچۆکداهاتن و کوژران یان ڕەوانەی تاراوگە کران.

ئەنجامی ئەوەش هەڵکشانێکی کوتوپڕی بوو بۆ شەڕی ناخۆی نێوان خێڵەکان. لەکاتێکدا کە پێشتر میرەکان دەیانتوانی کۆنترۆڵی ململانێ بکەن و چارەسەری ئاشتییانە یان بەلای کەمەوە ئاگربەس بسەپێنن، چونکە ئەو کاربەدەستانەی حکوومەت کە لەجیاتیی میرەکان دانرابوون شەرعییەت و تێڕوانین و دەسەلاتی پێویستیان نەبوو ئەو کارە بکەن. لە ڕاستیدا، هەندێ لەم بەرپرس و کاربەدەستانە جارێکیتر شێوەیەک لە حوکمی ناڕاستەوخۆیان دامەزراندەوە و دەسەڵاتیان ڕادەستی سەرۆک خێڵەکان کردەوە، بەڵام ئەمە هیچی لێ بەرهەم نەهات و بوو بە هۆی لەگرێژەنە چوونی شەڕ و ناکۆکیی نێوان ئەو سەرۆکە خێڵەکییانە و ئەوانەی دەسەڵاتیان پێنەدرابوو و بەزۆری پاڵی پێوەنان بۆ یاخیبوون و ملنەدان بە دەوڵەت. لەم حاڵەتەدا نەک هەر تەنها شەڕ و ناکۆکیی خێڵەکی بڵاوبووەوە، بەڵکوو دزی و ڕاووڕووت و سووتاندنی بەئەنقەست تەشەنەی کرد و خەڵکی لە سەرانسەری کوردستاندا سکاڵایان بوو ئارامی و ئاسایش بە شێوەیەک کە پێشتر وێنەی نەبوو. ئاشکرایە کەوا کۆمەڵگەی کوردی پێویستی

بەو سـەرکردە سـیاسـییانە بوو کە دەسـەڵاتیان لە سنووری یەک خێڵ تێپەڕی بکردایە و بە باشـــی لە کۆمەڵگە تێبگەیشـــتنایە و بەشـــێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو لایەکەوە ڕێزیـان لێبگیرایە، وەک چۆن لە میرەکان دەگیرا. بەڵام کاربەدەســـتانی حکوومەت توانـای ئەو ڕۆڵگێڕانەیـان نەبوو. هەڵبەت تەنهـا یەک شـــێوە دەســـەڵات هەبوو کەوا کەم تا زۆر وەڵامی ئەو پێداویســـتییانە بداتەوە و ئەویش شـێخەکان بوو. ئەوان بەگشـتی کورد بوون و کۆمەڵگەیان باش دەناســـی بە هەموو ڕەهەند و بەرژەوەندییە دژوارەکـانیەوە. بێجگە لەوە، ئەوان لەبەر ئەوەی دەســـەڵاتی ئاینییش بوون بۆیە شـــەرعییەتێکی بەهێزتریان لە چاوی کوردە دیندارەکانەوە هەبوو بە شـێوەیەکی گشـتی لە هەر دەسـەڵاتێکی دنیایی یان سێکولار.

هەڵبەت هۆکـارێکی تری ئێزافیش هەبوو کە بۆچی کوردەکـان بەتایبەتی بەلای سـەرکردە ئاینییەکاندا ڕۆیشـتوون وەک لە هەر دەسەڵاتیکی تر، چونکە سەردەمەکە سەردەمی وەرچەرخان بووە و ئەمەش بەهۆی زیادبوونی چالاکیی مسـیۆنێرە کریسـتیانەکانی ئەوروپای ڕۆژاوا و ئەمریکاوە بووە لە ناو کەمینە کریستیانەکانی کوردســتاندا. ئەم کۆمەڵگە کەمینانە و کوردەکانیش وا تەماشــای میســیۆنێرەکانیان کردووە کە پێشـــەنگی دەســتێوەردانی زیاتر ڕاســـتەوخۆ و کراوەن لە لایەن دەوڵەتە کریســـتیانەکانەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاســـتدا و ئەگەری ئەوەی هەیە گۆڕانکارییەکی

قووڵ بەرپا بکات لە هاوسەنگیی هێزی هەرێمیی نێوان کریستیان و موسڵمانەکاندا. ڕاستییەکەی هەندێ لە مسیۆنێرەکان کارێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ ڕەواندنەوەی ئەم گومانانە بەڵکوو بە هەڵوێست و ڕەفتاریشیان برەویان پێدەدا و لە ڕێگەی کونسوڵ و باڵوێزەکانیشیانەوە لە قوستەنتینییە (ئیستانبووڵ) فشاریان خستبووە سەر حکوومەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی ئیجرائاتی تایبەتی لەپێناوی پاراستنی کەمینە کریستیانەکان لە دەراوسێ موسڵمانەکانیان. دوو کەس لە مسیۆنێرەکان نەخۆشخانەیەکیان دروستکردبوو کە تا ڕادەیەک لە قەڵایەک دەچوو، لە شوێنێکی ستراتیجیدا کە دەیڕوانییە سەر تەواوی دۆڵێکدا. ئەوانیتر کریستیانەکانی ناوخۆیان هاندابوو کە چیتر باج یان "جزیەی" نەریتیی ساڵانە نەدەنە ئاغا کوردەکانیان. لە ئەنجامی ئەم کارانە و هاوشێوەکانیدا، تا دەهات گرژی و ئاڵۆزی زیادی دەکرد لە نێوان موسڵمان و مەسیحییەکاندا و لە ساڵانی ١٨٤٠کاندا گەیشتە یەکەم لووتکەی توندوتیژی. یەکەم کردەوەی سزائامێز لە لایەن یەکێک لەو میرە کوردانەی کە مابوونەوە دژ بەو ڕەعییەتە مەسیحییانەی ڕەتیانکردبووەوە باجی خۆیان بدەن سەریکێشایەوە بۆ کوشت و کوشتاریکی تەواو. ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی پاڵی بە ئەوروپییەکانەوە نا کە فشاری توند بخەنە سەر سوڵتان بۆ سزادانی ئەم میرە. هەڵوەشانەوەی دوا میرنشینە کوردییەکان لە لایەن حکوومەتی عوسمانییەوە، کە هەر زوو بە

دوای ئەم مەســـەلەیەدا هات، وا تەماشـــا دەکرا کە بە هۆکاری ئەوروپییەکانەوە بووە و واش تەماشــای مەســیحییەکانی ناوخۆ دەکرا کە هاوبەشی ئەو دوژمنە دەرەکییانەن و دەستیان لەگەڵیان تێکەڵ کردووە. لە ماوەکانی دواتردا ئاژاوە و پشــێویی ســیاســی بەجارێ زیادیکرد و موسڵمانەکان ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو کەوا هێزە مەســیحییەکان نەخشــە دادەڕێژن بۆ تێکدان و ڕووخاندنی ڕێســا و نەزمی ئیســـلامی نەریتی. ئەمە هەمووی هۆشـــیاریی ئیسلامیی کوردی زۆر بەهێزکرد و بوو بە هۆکاری ئەوەی کە لە پشتی سەرکردە ئاینییەکانەوە یەکبگرن. ئەوجا شێخە نەقشبەندییەکان، بە جەختکردنی بەهێزیـانەوە لەســـەر بـاوەڕی ئوســـوولیی (ئۆرسـۆدۆکسـیی) ئیسـلامی و ڕەتکردنەوەیان بۆ پراکتیزەکردنی غەیرە ئیســـلامیی نەریتی، زۆر توندتر و ڕاشـــکاوانەتر بوون بە ئیمتیاز پێدان و پاشەکشە لە بەرانبەر مەسیحییەکاندا لە تەریقەتەکەی تری کوردســـتـان کە قادری بوو. بەو پێیە ئەوان بەتـایبەتی لە نیوەی ســـەدەی نۆزدە بەملاوە وردە وردە پەرەیانســـەند بەرەو ڕۆڵی سەرکردەی سیاسیی سرووشتی. ئەمە بەتەواوی ڕوون و دیار بوو لە کوردســـتانی ناوەڕاســـت و باکووردا، کەوا چالاکییە مسیۆنێرییەکان تێیاندا ئەوپەڕی چڕبوون[٢٥].

[٢٥] ئەمە کورتەی ئارگومێنتەکەیە لە فەســڵی ســێهەم و چوارەمی کتێبەکەی بروونەسندایە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

له کوردستانی باشووردا هەندێ کەمینەی بێبایەخی مەسیحی هەبوون و چالاکیی مسیۆنێری نەبوو و ئەگەریش هەبوایە شتێکی ئەوتۆ نەبوو. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵگە کریستیانەکانی کوردستانی ناوەڕاست مسیۆنێرەکانی چەندین کەنیسەی جیاوازی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، لە کوردستانی باکووریش هەروابوو ئەگەرچی بە ئاستێکی کەمتر بوو. پەیوەندییەکی تەواو قەناعەتبەخش هەیە لە نێوان پێگە و شوێنی چالاکیی مسیۆنێری و ئەو شوێنانەش کەوا شێخە نەقشبەندییەکان ژمارەیەکی زۆری مورید و شوێنکەوتوویان تێدا پەیداکردبوو. لە واقیعیشدا، هیچ شۆڕش و ڕاپەڕینێک لە کوردستانی باشووردا بەرپا نەبوو کەوا شێخێکی نەقشبەندی سەرکردایەتیی کردبێت، بەڵکوو ڕاپەڕینێکی لەم چەشنە ڕێک لەو بەشانەی کوردستانی ناوەڕاستدا بەرپابوون کەوا چالاکیی مسیۆنێرەکان بوون بە هۆکاری گەورەترین ئاژاوە و پشێوی، لە نەهری (هەکاری) و لە بارزاندا. ئەم پەیوەندییە ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە لەبنەڕەتدا دژ بە مەسیحییەکان بووە، بەڵکوو لە ڕاستیدا هەدوو شێخانی لێرەدا جێی مەبەستن (شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخانی بارزان) ناوبانگێکی باشیان بووە تەنانەت لە ناو مسیۆنێرەکانیشدا و بە لێبووردەیی و دادپەروەری ناسرابوون.

لە سالانی ١٨٧٠کاندا، شێخ عوبەیدوڵڵا بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرترین کەسایەتیی تەواوی کوردستانی ناوەڕاست و

باکوور بوو. نووســـەرانی هاوچەرخی خۆی ســـەرنجی ئەوەیان داوە کەوا ڕێز و شـــکۆی لای کوردەکان لە خودی ســـوڵتان گەورەتر بووە - ســـەرەڕای دانپیانان و ســـەلماندنی ئەوەی کە سـولتان خەلیفەی موسـلمانانیش بووە! شـێخ تا پەڕی ئەوپەڕ لە مەراق و خولیای سـیاسـیی نەتەوەپەرسـتەکانی ئەرمەن و بە هەمان ئاســتیش ناڕازی و بێزار بووە لە خراپیی حوکمڕانیی تورک و فـارس بۆ تەواوی نـاوچەکە. ئەو لانیکەم ئەمەی بۆ مسـیۆنێرێکی ئینگلیز نووسـیوە کە نامە و نامەکاری لەنێوانیاندا بووە. پێدەچێت سکالاکانی شـێخ ئیشـارەت بووبێت بۆ تێکچوونی دەسـەلاتدرێتی لە نێوان شـێخ و ئەو بیرۆکراتە "ڕیفۆرمیستانەی" لە ناوەندەوە دانرابوون. جەنگی ڕووسـی - تورکی لە سـالانی ١٨٧٧ - ١٨٧٨دا، کە تێیدا سـوپای ڕووسـیا هاتە ناو قوولایی خاکی عوسـمانییەوە (بە چەند بەشـێکی کوردسـتانیشـەوە)، کوێرەوەری و ئـاژاوە و نـائـارامییەکی زۆری هێنـا بۆ ویلایەتە کوردییەکان. شـکسـتخواردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانی لەم جەنگەدا ئەو متمانە کەمەشـی بە حکوومەتی عوسـمانی هەڵتەکاند کەوا کوردەکان تا ئەو کاتە هەیانبوو و مەترسـییانی زیادکرد بە هەژموون و بـالادەسـتیی ئەوروپییەکـان و ئەرمەن. ئەمە ئەو بارودۆخە بوو کە تێیدا شـێخ عوبەیدوڵلا بیری لە دروسـتکردنی دەوڵەتێکی کوردیی جیـا دەکردەوە و وا دیـارە بۆ پەکخسـتنی نەخشـە و پلانە هـاوشـێوەکانی ئەرمەنیش بووبێت. ئەو بە

شێوەیەکی دیبلۆماسییانە نیاز و مەبەستی خۆی لە بەریتانییەکان گەیاندبوو، لە ڕێگەی مسیۆنێرێکی بەریتانیی شارەزا و ئاگادارەوە، بەڵکوو هەوڵی دابینکردنی پشتگیریی ئەوروپیشی دابوو و هەروەها دەشیویست گەمەی بەگژ یەکتردا کردنی بەریتانی و ڕووسەکانیش بکات. پەیوەندیشی لەگەڵ سوڵتاندا بە دژواری مابووەوە و لە هەوڵی ئەوەدا بوو یەکەم تۆوی دەوڵەتە کوردییەکەی لە خاکی ئێراندا بچێنێت و دەسەڵاتی باڵادەستیی بەسەریدا ببەخشێتە سوڵتان، بەو سیفەتەی کە خەلیفەی موسڵمانان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێ تا ڕادەیەک لەوەش دڵنیابین کە نیازی وابووە لە قۆناخیکی دواتردا بەشێکی گەورەی کوردستانی عوسمانیش بخاتە سەر دەوڵەتەکەی. وەک لە سەرەوە باسمانکرد، هەوڵەکانی شێخ شکستیانهێنا و ئەو تەمەنەی کە مابووی لە تاراوگەدا بەسەریبرد. بەڵام لەگەڵ ئەو شکستەشدا، دەسەڵات و کاریگەریی خۆی و نەوەکانیشی لە ناو کورددا کەمی نەکرد و بنەماڵەکەی بەردەوام بوو لەوەی کە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو لە بزووتنەوەی کورددا تا ئەم نزیکانەش[٢٦].

---

[٢٦] لەبارەی سیاسەتی سەید تەها و نەوەکانی تری شێخ عوبەیدوڵلاوە، بڕوانە: بروونەسن، هەمان سەرچاوە، پاشکۆی فەسڵی چوارەم.

## پاشەکشەی کاریگەریی سیاسیی شێخەکانی تەریقەت

بۆ ڕوونکردنەوەی دەرکەوتنی شـــێخەکەنی تەریقەتی نەقشبەندی وەک سەرکردەی سیاسی سەروو عەشایەریی کورد و یەکەم دەمڕاســت و پێشــەنگی خولیا نەتەوەییەکانی، دەبێ پەنا بەرینە بەر زنجیرەیەک هۆکاری ئاســت جیاوازی ئەبســتراکت. هەندێک لەوانە بونیادی و گشتی بوون لە سروشتیاندا، ئەوانیتر لاوەکی بوون بەڵام بایەخ و کاریگەرییان کەمتر نەبووە وەک (کەسایەتیی مەولانا خالید و جەنگی ١٨٧٧ - ١٨٧٨ی ڕووسیا - عوسمانی). تەنانەت پاشەکشەی خێرای پاش ساڵی ١٩٢٥ دەکرێ کەمتر بگێڕدرێتەوە بۆ تەنها یەکێک یان دوو فاکتەری بونیادی. بارودۆدۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە - ئابوورییەکانی تورکیا و ئێران و عێراق بە ئاستیکی گەورە جیاوازییان هەیە و هۆکارەکانی پاشەکشە، لانی کەم لە بەشێکیاندا، جیاوازن لە هەرکام لەم سێ بەشەی کوردستاندا.

لە تورکیادا، قەدەغەکردنی هەموو تەریقەتە ســۆفییەکان و چالاکییەکانیان دەســبەجێ لە دوای ڕاپەڕینەکەی شــێخ ســەعید ڕوونترین و ئاشــکراترین هۆکارە. زۆرێک لە شــێخەکانی نەقشــبەندی لە ڕووی فیزیکییەوە (جەســتەییەوە) لابران، چونکە ژمارەیەکیا لەســێدارە دران و هەندێکیشــیان دوورخرانەوە و زۆرێکیشــیان هەڵاتن بۆ دەرەوە و بەتایبەتی بۆ ســووریا.

ئەوانەشـیان کە لە کوردسـتانی تورکیا مانەوە لێرە بەدواوە چیتر چالاکیی سـیاسـییان لیٚ قدەغەکرا. ئەوان هەموو کاریگەرییەکی خۆیـان لەدەسـت نەدا، بەڵام بەکەمی و دەگمەن دەیـانتوانی دەسـتوەربدەنە هەندی کاروباری خێڵەکی. تەنانەت ڕێنمایی و ئیرشـادی ئاینییان دەبوو بەنهێنی و ژێربەژێر بێت و خۆیان و شـوێنکەوتووانیان بێدەگییان لێکردبوو. بەڵام ئەم پرۆسـەیە سـەلماندا کە بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە. کاتیٚ کە سـیسـتەمی سـیاسـیی تورکیا بوو بە دیموکراتییەکی فرە حیزبی، لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم، گەلیٚ لە شێخە کوردەکان خۆیان خزاندە ناو سـیاسـەتی حیزبایەتییەوە، چونکە هێشـتا هەر دەیانتوانی ژمـارەیەکی گەورە دەنـگ دەسـتەبەر بکەن بۆ ئەو حیزبەی دەچوونە پـاڵی. ئەوجا بە هۆی پەرەسـەندنی خزم خزمێنە و مەحسووبییەتی سیستەمی سیاسییەوە، لە واقیعیشدا هەندیٚ لە شێخەکان توانییان زۆرێک لە کاریگەریی سیاسیی ڕابوردوویان بگێڕنەوە (کەوا یەکێک لە کوڕەکانی شـێخ سـەعیدیش لە نێویاندا بوون). بەهەرحاڵ، بیٚ هیچ هەڵاواردنێک بە خۆگونجاندن مانەوە لەگەڵ حکوومەتدا و هیچکەسێک لەوانە بەئاشکرا بە بزووتنەوەی کورد یان هەر بزووتنەوەیەکی تری جوداخوازەوە.

لە عێراق و ئێراندا هەرگیز *تەریقەتەکان* قەدەغە نەکران. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبوو شێخەکان دەسبەرداری دەرکەوتنی سیاسییان ببن بۆ سەرکردەکانی تر لەویٚ. یەک لە دیاردە سەرنجڕاکێشەکان

ئەوەیە کە لە ســـالانی ١٩٢٠کان بەملاوە زۆرێک لە ســـەرکردە سیاسییە کاریگەرەکانی کورد دەچنەوە سەر بنەماڵە شێخەکان بەڵام خۆیان شـــێخ نەبوون و لە ڕێگەی بەکارهێنانی پایە و کاریگەریی نەریتیی بنەماڵەکانیانەوە وەک سەرمایەیەکی سەرەتا، کەوتنە بنیاتنان و پێکەوەنانی شوێنکەوتووی فراوانتر بە ئامرازی تەنها سیاسی و بەدوای شەرعییەتیاندا دەگەڕان لە ناسیۆنالیزمدا لەجیاتیی ئاین. سـەید تەهای نەوەی شـێخ عوبەدوڵلا یەکێک بوو لەو سەرکردانە و لەمیانەی سالانی ١٩٢٠کاندا چالاکیکی سیاسی بوو لە ئێران و عێراق و تێکەڵ بە کۆمەڵ و ڕێکخراوە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکان بوو. هەڵبەت دەرکەوتووترین ســـەرکردەی لەم چەشنە مەلا مستەفای بارزانیی برا بچووکی شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدی بارزان بوو. شێخ عەبدولسەلامی برا گەورەیان لە لایەن عوسمانییەکانەوە لەسێدارە درا لە سزای ڕاپەڕینێکدا و شـێخ ئەحمەدی جێگرەوەشـی فرەجار کێشـە و سـەرئێشـەی بۆ بەریتانییەکان دەخولقاند لە عێراقدا. مەلا مســـتەفاش لە گەنجیدا ژیـانی خۆی بەوە دەســـتپێکرد کە ســـەرکردایەتیی لایەنگرە دڵســـۆزەکانی بنەماڵەکەی دەکرد لە هێرشـــکردندا دژ بە خێڵە دوژمنەکان و بەریتانییەکان، لە سـەرەتای سـالانی ١٩٢٠کاندا. بە تێپەڕبوونی کـات و ڕۆژگـاریش، ئەو خۆی نەک تەنهـا وەک فەرماندەیەکی گەریلایی (پارتیزانی - و) و ســـەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان خۆی ســـەلماند، بەڵکوو تەنانەت وەک

گەورەترین سەرکردەی نەتەوەیی کوردیش. لە نێو مورید و شوێنکەوتووە نەریتییەکانی بنەماڵەکەشیدا سەرەتا تەنها وەک برا بچووکی شێخ ئەحمەد تەماشا دەکرا، بەڵام لای هەموو کوردەکانی تر شێخ ئەحمەد بە شێوەیەکی سەرەکی وەک برا گەورەی مەلا مستەفا دەناسرا و وا هاتەپێشەوە کە ببێتە شێخێکی نەقشبەندی.

بەو شێوەیە وا دیارە ناسیۆنالیزمی کوردی بوو بە فاکتەرێک کە بایەخێکی لە ئاین گەورەتری هەبوو لە کار و ژیانی ئەم سەرکردانەدا، لەکاتێکدا کە نەدەبوو پێشتر لێکتر جیابکرێنەوە. لە هەموو بەشەکانی کوردستان، دەبینین کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠کاندا کۆمەڵە و حیزبە نەتەوەییەکان لە شێخەکان وەرگیرایەوە[٢٧]. ئەمەش پەیوەندیدارە بە پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە کە لەم سێ وڵاتەدا ڕوویانداوە کەم و زۆر تا ڕادەیەک لە یەک کاتدا و دەرکەوتنی چینێکی ناوەڕاست لە ئەفسەرانی سەربازی و فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنیی وەک دکتۆر و پارێزەر و ئەندازیار و مامۆستا. هەردوک ئیمپراتۆرییەتی

---

[٢٧] مارتن ڤان بروونەسن، "نەتەوایەتی و ململانێی ئاینی: بەرگریی کورد لە ئێراندا"، لە کتێبی "ئایین و سیاسەت لە ئێراندا"، فرانکفۆرت، سەندیکا، ١٩٨١؛ هەمان نووسەر، "لە عوسمانیزمەوە بۆ جیابوونەوە: پاشخانی ئاینی و ئێتنیکیی یاخیبوونی شێخ سەعید"، ل ١٠٩ - ١٦٥، لە کتێبی "ئیسلام و سیاسەت لە تورکیادا"، دەرکردنی لە لایەن یۆخن بلاشکە و مارتن ڤان بروونەسن. بەرلین، چاپی ئێکسپرێس، ١٩٨٥.

عوســمانی و ئێران لە یەکەم دەیەی ســەدەی بیســتدا ئەزموونی شــۆڕشــی دەســتووریيان کردووە. تورکە لاوەکان و هاوشــێوە ئێرانییەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم چینی نوێی ناوەڕاستە کەوا بیر و ئایدیا ئەوروپییەکان کاریتێکردبوون و ئەوە ئەوان بوون کەوا یەکەم حیزبە ســـیاســـییە مۆدێرنەکانیان دامەزراند. هەندێ لەو کوردانەی کە دەچنەوە سەر هەمان چین بەردەوام بوون لە سەر هەماهەنگی دۆســتە ســیاســییە تورک و فارســەکانیاندا، ئەوانیتر وردە وردە وەرچەرخان بەرەوە ســیاســەتی نەتەوەیی کورد و پەیوەســـت بوون بە ئەندامە زیاتر مونەوەرەکانی دەســـتەبژێرە نەریتییە کوردەکانەوە (وەک شێخەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان) و حیزبی سیاسیی کوردییان دامەزراند.

پەرەســـەندنە ســـیاســـییەکانی ئەم ماوەیە - جەنگی جیهانیی یەکەم، جەنگی ســـەربەخۆیی تورکیا، دروســـتکردنی هەردوو دەوڵەتی ماندێتی عێراق و ســووریا، ســپۆنســەر کردنی ئایدیای دەولەتێکی کوردیی سەربەخۆ لەلایەن بەریتانییەکانەوە (لە ماوەی چەند ســـاڵێکی کەمدا)، دروســـتکردنی ڕژێمگەلێکی دکتاتۆریی مەیلەو ڕۆژاوا لە تورکیا و ئێراندا - هەموو ئەمانە کۆک بوون لە ســەر هاندانی بڵاوبوونەوەی ئایدیای نەتەوەیی لە نێو ناوەندیکی بەرفراوانی دانیشتووانی کورددا. حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان خەڵکێکیان دەکەوتە شــوێن تەک تەنها لەبەر ڕێز و شــکۆی نەریتیی ســـەرکردەکانیان بەڵکوو بە هۆی خودی

ئادیۆلۆجیاشیانەوە بوو. لەکاتێکد کەوا هەندێ لە شێخەکان لە ناو ئەو یەکەم کەســـــانەدا بوون کە داواکـاریی نەتەوەییـان گەڵاڵە کـردبـوو (لە پــاڵ داواکــاریـی کـۆمەڵایەتـی و ئــابـووریــدا و داواکارییەکیش کە تەواو ســروشــتی ئاینییان هەبوو)، بەڵام ئەوە بڵاوبوونەوەی گشتیی ناسیۆنالیزم بوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە بــوو بە هــۆکــاری ئەوەی وردە وردە لە لایەن حــیــزبە نەتەوەییەکانەوە جێگەیان بگیرێتەوە.

تا هەندێک ئاســت ئەم پەرەســەندنانە هاوشــێوەیان هەبوو لە ئیندۆنیسیادا. لەوێیش دیسان دەرکەوتنی چینێکی نوێی خوێندەوار و ڕۆشــنبیرانی وەک (مامۆســتایان، پزیشــکان و تا ئاســتێکیش فەرمــانـبەرانـی خـزمەتـی مەدەنـی) خـوێـنـدن و پەروەردەی ڕۆژاواییەوە ســەرکردایەتییەکی نوێی ڕەخســاند بۆ کۆمەڵگە. لە نێو ئەو ڕێکخراوە نەتەوەییانەی کە لە لایەن ئەم دەســـتەبژێرە نوێیەوە دامەزران، بەتایبەتی ئیســلامی ســارەکات Sarekat بوو کەوا توانای خۆی سەلماند بۆ جووڵاندن و جۆشدانی هەمان ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانەی کە تـا ئەو دەمە وا تەمـاشــــای شێخەکانی تەریقەتیان دەکرد وەک ئەوەی سەرکردەی سیاسییان بن[28]. ئەمە ڕێک حاڵەتەکەی کوردســتان بوو کە ســەرکردەکانی

---

[28] ئە. پ. ئی. کۆرڤەر، "ســارەکات ئیســلام، ١٩١٢ - ١٩١٦" نامەی دکتۆرا. زانکۆی ئەمســتردام، ١٩٨٢؛ ج. ت. بلومبێرگەر، "سـارەکات ئیسـلام"، ئینسـکلۆپیدیای

ئەم ڕێکخراوە هیچ کاتێک توێژێکی جیا نەبوون لە شـــێخەکان و ئەو خزمانەیەن کە بوون بە ئەندامی کارای ئیسـلامی سـارەکات. بەڵام سارەکات بەرهەڵستیی هەندێ کار و کردەوەی 'خورافییان' دەکرد کەوا هەندێ لە شـــێخەکان تێیدا نوقم بووبوون و ئەمەش ڕقی زۆرێک لە شـێخەکانی نەقشـبەندیی هەڵسـاندبوو[٢٩]. ڕوون و ئاشکرایە کەوا ناکۆکی و ململانێی نێوان سارەکات و ئەم شێخانە پەیوەندیی بە ڕکابەرییەوە هەبوو بۆ ســـەرکردایەتیی کۆمەڵگەی موسڵمانی ناوخۆیی یان هەرێمی.

بەهەرحـاڵ، هۆکـارێکی تریش کە زۆر ڕۆڵی بینیوە لە پاشـــەکشـــەی کاریگەری و دەســـەڵاتی شـێخەکانی *تەریقەت* لە ئینـدۆنیســـیـادا و ئەمە لە کوردســـتـانـدا هـاوشـــێوەی نییە. بەرفراوانبوونی تەریقەتی نەقشـــبەنـدی لە ســـەدەی نۆزدەدا

---

دووورگەکانی هندی ڕۆژهەلاتی هۆڵەندی؛ سارتۆنۆ کۆرتۆدیردیۆ، "سارەکات ئیسلام لۆکاڵ"، جاکارتا، ئەرشیفی نیشتمانی، ١٩٧٥.

[٢٩] ت. دەبلیو. جوینبۆڵ، "بزووتنەوەی 'سـارەکات ئیسـلام' لە جاوا"' گۆڤاری ئیســـلام، ژ ٥ (١٩١٤)، ل ١٥٤ – ١٥٩. ئاماژە بۆ بەرهەڵســـتییەکی توندی هەندێ لە شـێخەکانی نەقشـبەندی دەکات بۆ سـارەکات ئیسـلام (ل ١٥٧). لە یاخیبوونی جامبیی سـاڵی ١٩١٦ و شـۆڕشـی بانتێنی سـاڵی ١٩٢٦دا (بڕوانە پەراوێزەکانی ٩ و ١٠)، بەهەرحـاڵ، ڕابەرانی تەریقەت هـاوکـارییـان لەگەڵ لقەکانی سـارەکات ئیسـلامی ناوخۆدا دەکرد یان، ڕاسـتتر بڵێین، تا ڕادەیەک خستنیانە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانە.

شـــەپۆلێکی دەگەیاند لە زنجیرەیەکی بەردەوامی کاریگەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە وردە وردە وای لە ئیسلامی ئیندۆنیسی کرد زیاتر ڕووبکاتە شـەریعەت ولە پراکتیزە لۆکاڵییەکاندا لایبرد. *تەریقەتی* نەقشـــبەندی، بەو پێیە کە زیاتر لە تەریقەتەکانی تر پابەندی شەریعەت بوون، جێگەی شەتتاری و *تەریقەتەکانی* تری گرتەوە کە زیـاتر تەوفیقی بوون و تێکەڵ بە گەلێ ڕاهێنـان و پراکتیزەکردنی پێش ئیســـلامی ئیندۆنیســـی (یان هندی) بوون. کاتێکی زۆر تێنەپەڕیبوو بەسـەر ئەوەدا کە تەریقەتی نەقشـبەندی دەسـتی بە هێرشـە سـەرکەوتووەکانی خۆی کردبوو بۆ جاوا و سـۆمەترە، بەڵام بەرەوڕووی بەرهەڵسـتیی سـەپۆلێکی دواتری ڕیفۆرمخوازەکان بووەوە کە زیاتر پابەندی شـــەریعەت بوون و ڕەخنەیان لە گەلێ ڕاهێنان و پراکتیزەی نەقشبەندیی دەگرت و بە *بیدعەیان* دادەنا. بەتایبەتیش دەبێ لەم ڕووەوە باس لە ئەحمەد خەتیبی عالمی گەورەی مینانگکاباو بکرێت، کە لە ماوەی ســاڵانی ١٩٠٦ – ١٩٠٨دا، لە شــوێنی نیشــتەجێبوونی خۆیەوە لە مەککە، ســێ فەتوای دژ بە تەریقەتی نەقشــبەندیی دەرکرد کە یەکێکیان بەم دواییە چاپکرایەوە[٣٠]. بە هۆی پێگە و شکۆی زۆر گەورەیەوە

[٣٠] ئەحمەد ئەلخەتیـب بن عەبـدوللەتیف، "فەتوای تـایبەت بە تەریقەتی نەقشـــبەندی"، مێدان: فیرما ئیســـلامییە، ١٩٧٨ (چاپی چوارەم). ڕوومالێکی باشـی مشـتومڕی لایەنگران و نەیارانی تەریقەتی نەقشـبەندی لەم کتێبەدایە:

ورده ورده کۆســــپ و تەگەرەی خســــتە بەردەمی فراوانبوون و تەشـــەنەکردنی *تەریقەتی* نەقشـــبەندییەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی مینانگکاباودا (ڕۆژاوای ســـۆمەترە) و شـــێخەکان لەوێ بواری خۆیان لەدەستدا لە بەرانبەر عولەما "نوێگەرەکاندا".

لەگەڵ زیـادبوونی ژمـارەی حـاجییە ئینـدۆنیســـییەکـانـدا، کاریگەریی بیری ئیسـلامیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش زیادی کرد. ڕیفۆرمخوازە گەورەکانی وەک محەمەد عەبدە و ڕەشـــید ڕەزا ڕەنگە کـاریگەرییەکی گەورەیـان کردبێتە ســـەر کۆمەڵگەی موسڵمانی ئیندۆنیسی زیاتر لە هەر کەسێکی تر. هەڵوێستی دژە ئیمپریالیستیی ئەوان، کەوا زۆرێک لەو شتە سوودبەخشـانەیان ڕەتنەدەکردەوە کە دەبوو ڕۆژاوا بیانداتە جیهانی ئیســـلامی و ئەمەش زۆر گونجاوتر بوو لە هەڵوێستی تەریقەتی نەقشبەندی و مایەی ســـەرســـامییەکی گەورە و بەهێز بوو بۆ ئیندۆنیســـییە خوێنـدەوارەکـان. ئەوجـا هەرزوو ســـەرکردایەتیی خەبـات و تێکۆشـانی دژە کۆڵۆنیاڵی، لە ناو ئەو ئیندۆنیسـییانەدا کە خۆیان

---

ب. جەی. ئۆ. شـــرەیکە، "بیبلۆگرافیای بزووتنەوەی ئاینی ئێســـتا لە کەناری ڕۆژئاوای سـۆمەترەدا"، *"گۆڤاری زمانی هند و خاک و ئیتنۆلۆجی،* (TBG)، ژمارە ٥٩ (١٩١٩ - ١٩٢١)، ل ٢٤٩ - ٣٢٥.

هەروەها بڕوانە ڤێرنەر کراوس، "لە نێوان جاکسازی و یاخیبووندا، لەبارەی پەرەسەندنی ئیسلامەوە لە مینانگکاباو، ڤیسبادن، ١٩٨٤.

به موسـڵمان دادەنا، گواسـتیەوە بۆ "مۆدێرنیسـتەکان"[31]. ئەمە هەمووی ئەوەی نەدەگەیانـد کەوا *تەریقەتی* نەقشـبەنـدی و *تەریقەتەکانی* تریش کـاریگەریی خۆیـان لە نـاو جەمـاوەری ئیندۆنیسییەکاندا لەدەستداوە. بەڵام ئەرک و فەرمانێکی سیاسیی گرنگیان لەدەستدا کەوا لە ماوەی چەند دەیەیەکی کەمدا بەجێیان دەهێنا، وەک خاڵێکی گەڵاڵەبوونی ستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. ئەوان تێسـرەواندیکی تریان بەرکەوت کاتێ کە لە سـاڵی ١٩٢٤دا شـارە پیرۆزەکانی حیجاز لە لایەن ئیبن سـعوودەوە گیران و باوەڕ و قەناعەتە وەهابییەکەی وایکرد کە چالاکیی نەریتیی تەریقەتەکان قەدەغە بکات. بەم پێیە نەقشبەندییە ئیندۆنیسـییەکان دابڕان لەوەی پێشـتر سـەرچاوەی سـەرەکیی دینـامیکییەتی تەریقەتەکەیـان بوو. بۆیە گەرموگوڕییـان خـاو بووەوە و فراوانبوون و چالاکییان هاتە کزی یان هەر نەما لە لایەنی خۆیانەوە. پاشـان ئەمانیش، وەک برا کوردەکانیان بۆ خۆیان کپ و بێدەنگ بوون و تەنها دەپەرژانە سـەر ڕاهێنان و پەرستشەکانی خۆیان.

[31] دێلیار نویر،"بزووتنەوەی ئیسلامیی نوێ لە ئیندۆنیسیادا، ١٩٠٠ - ١٩٤٢. کوالا لامپوور، تاد.: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٧٣.

## ئەنجام

بۆ دانانی هەندێ خاڵ لە میتۆدۆلۆجیی توێژینەوەی بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا، من بە ئەنقەست دوو حالەتی چالاکیی سیاسیی ئیسلامی یان ئیلهام وەرگری ئیسلامم بەراورد کردووە کە هەر بە ڕێکی هاوزەمان بەڵکوو لە هەندێ ڕووی تریشەوە هاوشێوە بوون. هەڵبەت مەسەلەیەکی گران نەبوو بۆ دابڕکردنی هەندێ لەو هۆکارە بونیادییانەی کە لانی کەم بەشێک لە ڕۆڵیان بینیوە لە دەرکەوتن و پاشەکشەی بزووتنەوەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کە ئەوانیش: ڕووخان و هەرەسهێنانی سیستەمە سیاسییە ناوخۆییەکان لە ژێر کاریگەریی فراوانخوازیی ئەورووپیدا و پەیدابوونی چینێکی نوێی ناوەڕاستی خوێندن ئەورووپی، کە بە دوای یەکدا ڕێکخراوە سیاسییە نوێکانیان دامەزراندووە.

لە سەر ئەم ئاستە ڕووکەشە، هەردوو حاڵەتەکە بەتەواوی لێکدەچن. وەک لێکدانەوەیەک ئەمە ناڕاست نییە بەڵام هێشتا هەر بەتەواوی مایەی قەناعەت نییە، چونکە ناتوانێت هۆکاری ڕوودانی پەرەسەندنەکان لێکبداتەوە بەتەواوی لەو کات و زەمانەدا کە تێیدا ڕوویانداوە و بۆچی بارودۆخی هاوشێوە سەرینەکێشاوەتەوە بۆ پەرەسەندنی هاوشێوە لە شوێنانی تر. بە بیروڕای من، گەلێ لە هەوڵە زانستییەکان بۆ لێکدانەوەی توندڕەویی ئێستای ئیسلامی

له قوژبنه جۆراوجۆره‌کانی جیهانی ئیســـلامیدا له‌م ئاســـته‌دا گیریانخواردووه. ڕاســـته که‌وا جه‌ماوه‌ری کۆچبه‌ران له گوند و شـــارۆچکه بچووکه‌کانه‌وه ڕوو له شـــاره گه‌وره‌کانی جیهانی سـێهه‌مه و بوونی ژماره‌یه‌کی گه‌وره‌ی گه‌نجی نیمچه خوێنده‌وار که نه‌یانتوانیوه کارێکی گونجاو بدۆزنه‌وه و ئه‌و جیاوازییه قووڵ و زه‌قه‌ی گه‌شه‌پێدان که له ئه‌نجامی سیاسه‌ته‌کانی ئیلهام وه‌رگر له ڕۆژاواوه هاتووه‌ته کایه‌وه و ئامانجی پتر زیادکردنی به‌رهه‌می گشـــتیی نیشـــتمانییه (الناتج الوطنی/ القومی الإجمالی) له‌وه‌ی که خۆشـگوزه‌رانیی کۆمه‌ڵایه‌تی دابین بکات و شـکسـتهێنانی ڕێگه ســـۆشـــیالیســـتییه جۆراوجۆره‌کانی گه‌شـــه‌پێدان و فاکته‌ره جیهانییه‌کانی تر که هه‌موو کات دووباره ده‌کرێنه‌وه، به‌دڵنیاییه‌وه به‌شـێکی بنه‌ڕه‌تیی لێکدانه‌وه‌که‌ن، به‌ڵام هه‌رگیز له‌وه تێپه‌ڕ ناکه‌ن که ته‌نها به‌شێک بن له ڕوونکردنه‌وه و لێکدانه‌وه‌که.

ئه‌و نموونـانه‌ی که له‌م وتـاره‌دا خراونه‌ته ڕوو، به‌هیوام بایه‌خی شیکاریی بارودۆخی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و سیاسیی کۆنکریتیی ده‌ربڕیبیـت له‌گه‌ڵ مه‌ودای بـایه‌خی فـاکته‌ره لاوه‌کییه‌کـانیش. پێـده‌چێـت که‌وا هۆکـاره جیـاوازه‌کـانیش ســـه‌ربکێشـــیته‌وه بۆ هه‌مان ئه‌و کاریگه‌رییانه، وه‌ک ئه‌وه‌ی به باشـــی زانراون و جارێکی تر له‌و نموونانددا ڕوونکراونه‌ته‌وه که له‌سه‌ره‌وه باسکراون. له‌پێناوی ڕزگارکردنی ئیددیعا زانستییه‌کانی دیسپلیندا، زانا سۆسیۆلۆجییه‌کانی وه‌زیفی په‌نایان بردووه‌ته به‌ر

چەمکی "هـاوکووفی وەزیفی functional equivalent". لە بیر و بۆچوونێکی لەم چەشـــنەدا، دەبێ چاوەڕێی هەندێ کاریگەریی دیـاریکراو بکەین لە کـاتی بوونی کۆمەڵێکی دیـاریکراوی ئەو فـاکتەرانەی ڕۆڵـی خۆیـان بینـیوە یـان یـان 'هـاوکـووفە وەزیفییەکانیان' ئامادەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەمە چیتر ناگەیەنێت لەئەنجامگیرییەکی بازنەیی بەولاوە، چونکە ناتوانرێ بسـەلمێنرێ بە کاریگەرییەکی بۆ دواوە گەڕانەوە نەبێت بۆ هەر حـاڵەتێـک یـان ڕووداوێـک کە هـاوکووفێکی وەزیفی پێکـدێنێـت بۆ هۆکـارێکی گریمـانەکراو. لێکـدانەوەی ورد وەک حاڵەتی زانســتە ســروشــتییەکان، لەگەڵ پەنابردنە بەر یاســا گشـــتگیرەکان (یونیڤرســـاڵەکان) یان نیمچە گشـــتگیرەکان یەکنـاگرێتەوە لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤـدا. هەوڵـدان بەم ئاڕاســتەیە تەنها ڕاگەیاندنی بێســەروبەری پووچ و پفهەڵدراو و بێزارکەری لێـدەکەوێتەوە. لەبەرئەوە من مێتۆدێکی لێکـدانەوەم هەڵبژاردووە، کەوا وەســـفی حاڵەتەکان بکرێت و لە ســـیاقی کۆمەلایەتی و مێژووییاندا ڕوونبکرێنەوە (یان لانیکەم بە گوێرەی توخمەکـانی ئەو ســـیاقەی کە پێموایە زیـاتر پەیوەنـدیـدارن) و بەئاگابوون لە وێناکردنی بەشـــداران و ئایدیۆلۆجییەکان وەک فاکتەرە بابەتییەکان. من دەبوو هۆکارگەلێکی ئاســـت جیاوازم ڕەچاو بکردایە، هەر لە ئاستی ئابووریی سیاسیی جیهانییەوە بۆ ئاستی سایکۆلۆجیی کۆمەلایەتی و تاک، تا ئەو هۆکارانەی کە وا

دیاره تەنها ڕێکەوتن. دەکرێ سەرکۆنەی مامەڵەکردنێکی لەم چەشنە بکرێت بەو پێیەی کە هەڵبژاردە (ئینتیقائی) و تیۆرییە، بەڵام باوەڕم نییە کە ئەڵتەرناتیڤ هەبێت.

## پەراوێز: کوردستانی ئێران لە پاش شۆڕش

کاتێ کە ئایدیای "هاوکووفە وەزیفییەکانم functional equivalents" ڕەتکردەوە، مەبەستم ئەوە بوو کە ئەمە ناکرێ هیچ سوودێکی بێت لە بنیاتنانی سیستەمێکی سیستەمێکی توندوتۆڵی تیۆریدا بۆ هێزی پێشبینی کردن. من نامەوێ نکووڵی بکەم لەوەی کە لە نێوان دوو گرووپی جیاواز لە بارودۆخدا ئەو پەرەسەندنانەی لێیان بەرهەمدێن ناکرێ هاوشێوەییەکی سەرسوڕهێنەریان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێک لەم هاوشێوەیی و هاوتەرییە بەندن بە درکپێکردنمان و ڕاڤەکردنمان بۆ هەموو بارودۆخ و پەرەسەندنەکان. وەک دوا ڕوونکردنەوە، من دەخوازم بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دەستم پێکردووە ڕاستەوخۆ لە دۆخی هەنووکەیی کوردستانی ئێراندا لەپاش شۆڕشی ئیسلامی. هەڵکشان و دواتر پاشەکشەی شێخ عوسمان و گەلێ لە عولەما کوردەکانی تر وا تەماشا دەکرێت کە هاوشێوەییەک پێشان بدات لەگەڵ شێخەکانی نەقشبەندیدا لەو ماوەیەدا کە بەشی بنەڕەتیی ئەم وتارە مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

له میانەی نیو ســـــەدەی ڕابوردوودا، دوو جار دەســـــەڵاتی حکوومەتی ناوەدی ڕووخاوە و لە کات و ڕاســـــتەوخۆ لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم و جارێکیتر لە پاش ڕووخانی ڕژێمی شـا لە شـــوباتی ١٩٧٩دا. بارودۆخەکە لەو کاتەدا، لە هەندێ ڕووەوە، لە کوردســـتانی عوســـمانیی ناوەڕاســـتی ســـەدەی نۆزدە دەچوو. نـاکۆکی و شـــــەڕوشـــــۆڕی خێڵەکی چیتر کۆنترۆڵ نەدەکرا و ناکۆکیی کۆمەڵایەتی - ئابووری تەشـــــەنەی کردبوو، ســـــەرۆک خێڵەکان و ئەوانیتر کە ئیددیعای لەو چەشـــــنەیان دەکرد خۆیان وەک میرانی نیمچە ســـــەربەخۆی جەنگ لەقەڵەمدەدا و شـــــەڕ و پێکدادانی قورس بەرپابوو. دەســـەڵاتی نەریتیی ڕەســـەنی ســـەروو خێڵ لەئارادا نەمابوو، بۆیە لەم دوو حاڵەتەدا هەرزوو کەسایەتییە ئاینییەکان ئەم ڕۆڵەیان گرتەئەستۆ. لە ســاڵانی ١٩٤٥ - ١٩٤٦دا، عالمێکی پێشـــــەنگی مهاباد، قازیی محەمەد، بوو بە ســـــەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردســـتان و پاشـــانیش ســـەرۆک کۆماری ســـەربەخۆی مهاباد. پایە و مەقامی کەســایەتیی ســەرکردەی ئەو کردی بە کەسێکی سەرکردایەتیی گونجاو بۆ یەکخستنی سەرۆک خێڵەکانی ناوچەکانی دەوروپشـــــت کە لە ناو خۆیاندا ناکۆک و ڕکابەری یەکتر بوون.

ڕووداوەکانی هەردوو ســـاڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ تیشـــکی خســـتە ســـــەر "*عالمێکی*" تر، کە ئەویش عیززەدینی حوســـــەینیی ئیمام جومعەی مهاباد بوو. لە میانەی چەند هەفتەیەکی کەوتنی ڕژێمی

پەهلەویدا، نوێنەرانی هەموو ناوچەکانی کوردســـتان لە مهاباد کۆبوونەوە، کە نوێنەرایەتیی ئاڕاســتە ســیاســی و بەرژەوەندییە ناوخۆییە جۆراوجۆرەکانیان دەکرد، بۆ داڕشـــتنی بەرنامەیەکی سـیاسـیی هاوبەش (لەســەر بنەمای دیموکراسـی و ئۆتۆنۆمی و پشـــکێکی ڕەوای بودجەی دەوڵەت بۆ نـاوچە کوردییەکە). هەر هەموو حوسەینییان دەسنیشـان کرد وەک دەمڕاست و نوێنەری خۆیان لە هەر دانوسـتانێک لەگەڵ دەسـەڵاتی ناوندیی نوێدا. هەر لەســـەر ئـاســـتی نـاوخۆییش لەپڕ ژمـارەیەکی زۆری عولەمـا پەیدابوون وەک سـەرکردەی سیاسـی. شـێخ عوسـمان، بە هۆی تۆڕی تەریقەتەکەیەوە، کە توانی پشـــت بە ژمـارەیەکی زۆری مورید و شـــوێنکەوتووان ببەســـتێت، یەکێک بوو لەوان. هەڵبەت لایەنی ئاینیی شــۆڕش لە لە ســـەرتاپای ئێراندا و داڕشـــتنەوەی مەســـەلە ســـیاســـییەکان بە زاراوەی ئاینی لە لایەن زۆرێک لە میدیاکانی شۆڕشەوە، بێگومان یەک لەو هۆکارانە بوون کە وایکر زۆرێـک لە خەڵـک ڕووبکەنە عولەمـاکـانیـان بۆ ســـەرکردایەتی (هەرچەندە زۆرێک لە کوردەکان ســـوننین و شـــیعە نین وەک زۆربەی ئێرانییەکـانی تر). بەڵام من پێموایە هۆکـارێکی تر هەیە کە بـایەخێکی گەورەتری هەیە و لە یەکەم مـانگەکـانی دوای شـۆڕشـدا، سـەرکردەی تر نەبوون کە بە شـێوەیەکی بەربڵاو دان بە دەســـەڵاتیـاندا بنرێت. هەردوو حیزبە کوردییەکە، حەدکا و کۆمەڵە، تازە لە خۆشـاردنەوە و خەباتی نهێنی هاتبوونە دەرەوە.

کۆمەڵە حیزبێکی بچووک و کـاریگەریی هێشـــتـا نـاوخۆیی و سنووردار بوو و سەرکردەکانی لای خەڵک زۆر ناسراو نەبوون و ســەرکردەکانی دیموکرات یان حەدەکاش زۆر نەبوو لە زیندان هاتبوونە دەرەوە یان لە تاراوگە گەڕابوونەوە. بۆیە ئەم حیزبانە هێشـــتا توانای ئەوەیان نەبوو ئەو جۆرە ســـەرکردانە بهێننە پێشـــەوە کە بارودۆخەکە دەیخواســـت، بێجگە لەوەش دەبوو ڕکـابەری بکەن لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆری حیزبی تونـدرەوی بچووکی ئایدیا و قەناعەت جۆراوجۆر و بەهەمان شێوەش لەگەڵ سـەرۆک خێڵ و خاوەن مڵکەکانی پێشـوو کە بەپەرۆش بوون بۆ گێڕانەوەی دەســـەڵات و زەویوزار یان مڵکە کۆنەکانیان (کە لە ســـەردەمی شـــادا هەندێکیان لەدەســـتدابوو). لە لایەکی ترەوە عولەماکان ناسـراو بوون و جووتیاران و شـارنشـینانی شـاری ناڕێکخراو متمانەیان پێیان هەبوو و کەســـانی بەهێزتری ئەو عولەمایانە توانای چارەســـەری کێشـــە و ناکۆکیی خێڵەکییان هەبوو، هەروەها هاندانی ســـەرۆکە بچووکەکانی ناوچەکەیان بۆ هاوکاری و هەماهەنگی. لە ڕاســـتیدا، زۆرێک لەم عولەمایانە پشتگیرییەکی بەهێزیان دەکرا لە لایەن سەرۆک عەشیرەتەکان و خاوەن مڵکەکانەوە، کە نیگەران بوون لەوەی دەســـەڵات بکەوێتە دەست گرووپە سیاسییە زۆر ڕادیکاڵەکان.

بەم جۆرە شـــێخ عوســـمان توانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێتەوە کە نزیکەی ســـەدەیەک لەوەوپێش هەنـدێـک لە شـــێخە کوردە

گەورەکانی نەقشــــبەندی گێڕابوویان. بەڵام ئەو زۆر لە گەورە شێخەکانی ڕابوردوو نەدەچوو بەڵکوو ئەوە عیززەدینی حوسەینی بوو کە ئەو ڕۆڵەی گێڕا. چونکە ئەو بەتەواوی وەک شــــێخ عوبەیدوڵڵا و نەوەکانی خێڵەکانیان یەکخســـت بە هۆی ئامانجێکی هاوبەش و هاوســـەنگی ڕاگرتنی ئەمیان لە بەرانبەر ئەویتریاندا و لەگەڵ هێزە سیاسییە جیاوازەکاندا تێکەڵ بە بارودۆخی ئەو دەمە بوو لە پێگەیەکی بەهرەمەند لە دەســـەڵاتێکی مۆراڵیی دانپیانراودا. ئەو بەئاگاییەوە ڕۆڵی خۆی لەسەر مۆدێلی قازی محەمەد دارشت و هەســـتی نەتەوەیی و ئاینیی خەڵکی دەبزواند. (قازی محەممەد لە لایەن شـاوە لەسـێدارەدرا و لە لایەن کوردەوە بە شـەهیدێکی نەتەوەیی لەقەڵەمدرا). شـــێخ عیززەدین وەک مەلایەک متمانەی گوندنشـینان و شـارنشـینانی هەژار و بە هەمان شـێوەش توێژە ئاینییە موحافزەکارەکەشـی بۆ خۆی دەسـتەبەر کرد. هەڵوێسـتە نەتەوەییەکەشــی جەماوەرێتیی بۆ پەیداکردبوو لە ناو دووکاندار و بـازرگـانی بچووک و پیشـــەگەرەکـانـدا. ئەوەش کە زۆر ســـەرنجڕاکێش بوو جەمـاوەرێتییەکەی بوو لە نـاو گەنجـانی ڕادیکاڵدا. شـێخ عیززەدین خۆی وا دادەنا کە سـۆشـیالیسـتێکی ئاینییە (ئەو خۆی پێیوتم کە ســەرســامە بە مەحموود تاڵقانی)[٣٢]،

[٣٢] ئایەتوڵڵا مەحموود تاڵقانی (ســـاڵی ١٩٧٩ مردووە) تاقە پیاوی ئاینیی شـیعە بووە و بەوە ناسـرابوو کە لایەنگری چەپە. لە کتێبەکەیدا، *"ئیسـلام و*

پەیوەندیشی لەگەڵ گرووپە چەپە ڕادیکاڵەکاندا باشتر بوو لەگەڵ پەیوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کە میانڕەوتر بوون. ئەم حیزبە، واتە دیموکرات، پەست و نیگەران بوو لە خولیا سیاسییەکانی حوسەینی، بەڵام وایدەبینی کە ناچارە پەیوەندیی دۆستایەتیی لەگەڵ بپارێزێت، هەرچەندە پەیوەندییەکی ساردوسڕ بوو، بە هۆی جەماوەرێتییە گەورەکەیەوە.

کاریگەریی سیاسیی عیززەدینی حوسەینی و ڕاستتر بڵێین کاریگەریی عولەماکانی تریش تەنها ماوەیەکی کورتی خایاند. حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە کاتیان بەفیڕۆ نەدا لە ڕێکخستنی لقەکانیاندا لە سەرتاپای کوردستاندا و میلیشیای چەکدار و کۆمیتەیان دروستکرد بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری ئابووری و کردنەوەی خولی ڕۆشنبیر کردنی سیاسی و .. تاد. لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریشدا لەگەل حکوومەتی ناوەندیدا، کە لە ئابی ١٩٧٩وە دەستیپێکرد، ئەم حیزبانە باشتر توانییان خۆڕاگربن لە هەواداران و شوێنکەوتووانی شەخسیی حوسەینی کە بەخراپی ڕێکخرابوون. پاشان کاریگەریی ڕێکخراوەیی و سەربازیی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە وردە وردە زاڵ بوو بەسەر کاریزمای حوسەینیدا و لە ماوەی دوو

---

*خاوەندارێتی (ئیسلام و مالیکییەت)*، نەخشەی هێڵی پانی سۆسیالیزمێکی ئیسلامی دەکێشێت.

ساڵدا بەتەواوی شکستیهێنا لە لایەن ئەم دوو حیزبەوە. بەڵام هێشتا هەر بە چالاکی مایەوە لەگەڵ گرووپێکی بچووکی جەنگاوەرانی لایەنگریدا و تەنها هەر دەیتوانی وابکات چونکە حیزبەکان بەخشیبوویان و ڕێگەیان بەم ئاستە جموجووڵەی دابوو. شێخ عوسمانیش، وەک پێشتر باسمان کرد، زۆرێک لە کاریگەریی خۆی لەدەستدابوو و لەکۆتاییشدا ناچار بوو هەڵبێت بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەم حیزبانەدا.

ئەو خێراییەی کەوا عولەما کوردەکان پێگەی خۆیانیان لەدەستدا دەریدەخات کەوا دەرکەوتنیان وەک سەرکردە ڕەنگدانەوەی هەستی ئاینیی بەهێز نەبوو لە ناو کوردەکاندا، بەڵکوو ئەوە بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ترەوە بوو. بەرنامەی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕوون و ئاشکرا سیکولار (عەلمانی) بوو و حیزبەکە هەمیشە نەیار و بەرهەڵستی بیر و ئایدیای کۆمارێکی ئیسلامی بوو (تەنها بەم دواییە، وەک هەوڵدانێک بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا، هەڵوێستی خۆی نەرم کرد و بە دۆخی هەنووکەیی 'الوضع الراهن' status quoقایل بوو). کۆمەڵەش، کە هەمیشە ڕادیکاڵتر بوو، کەمتر پێویستی بە خۆگونجاندن بوو لەگەڵ هەستی ئاینیدا و بەڵام بە واقیع سەرلەنوێ ناوی خۆی گۆڕی پاش یەکگرتنی لەگەڵ ڕێکخراوێکی تری بچووکی چەپڕەودا، کە ئەویش پارتی کۆمۆنیستی ئێران بوو. هەڵبەت پێناچێت ئەم ناوە

نائیسـلامییه به شـێوەیەکی ئاشـکرا بوو‌بێتە هۆکاری لەدەسـتدانی جەماوەریێتی[٣٣]. هەرچەندە کوردەکان، به شـــێوەیەکی گشـــتی، موسـڵمانی دیندارن، بەڵام ســەرکردایەتیی ســیاســی لە ناویاندا پێویسـتی بە ڕەوایی پێدانی ئاینی نییە (ئەمەش ڕەنگە تا ڕادەیەک کاردانەوە بێت دژ بەو زاراوە ئیسـلامییانەی حکوومەتی ناوەندی بەکاریـانـدێنێت، کە جەمـاوەرێتییەکی ئەوتۆی نییە لە نـاو کوردە ئێرانییەکاندا). عولەماکـان بـه شـــێوەیەکی کـاتی دەســـەڵاتیان بەدەستهێنابوو کاتێ کەوا بەربژێری تری جێمتمانە نەبوو لەسەر ئاســـتێکی بەربڵاو، بۆیە تەنها بە دەرکەوتنی ڕکابەرانی کارا و کاریگەرتر ئەو کاریگەری و دەســـەڵاتەیان لەدەســـتدا. ئەمەش دیسان بەئاگامان دێنێتەوە لە زیادەڕۆیی کردنی خەملاندنی ڕۆڵی ئایندا لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شێخەکاندا لە دواداویی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا.

---

[٣٣] ئەگەر خوێنەر بایەخ بە پەرەسـەندنە سـیاسـییەکانی کوردسـتان بدات لە ماوەی ســـاڵانی ١٩٧٩ - ١٩٨٥ با بگەڕێتەوە بۆ ئەم باســـە: مارتن ڤان بروونەســـن، "کوردەکان و جەنگی کەنداو"، *گۆڤاری میدڵ ئیســـت ڕیپۆرت*، ئابی ١٩٨٦ *MERIP - Middle East Report*.

# عولەما کوردەکان و قوتابی و موریدە ئیندۆنیسییەکانیان

* تێبینی: ئەم وتارە لە *گۆڤاری حەولییاتی ئیسلامێکی تر* بڵاوکراوەتەوە، ژمارە ٥ (١٩٩٨)، ل ٨٣ - ١٠٦ و جارێکیتر چاپکراوەتەوە لە مارتن ڤان بروونەسن، *"مەلا و سۆفی و بێباوەڕان: ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگەی کوردیدا. وتارە کۆکراوەکان"*. ئیستانبووڵ: ئیسیس، ٢٠٠٠. ڤێرژنێکی پێشتری ئەم کتێبە وەک "عولەما کوردەکان و قوتابییە ئیندۆنیسییەکانیان" بڵاوکراوەتەوە لە کتێبی، "ڕوونکردنەوەی تەرخانکراو بۆ هێنری هۆفمان، زنجیرەی ئوتریختی تورکی، بەرگی ٣، ئوتریخت: ئینستیتیوتی زمان و کولتووری ڕۆژهەڵاتییەکان، ١٩٩٢، لاپەڕە ٢٠٥ - ٢٢٧.

## ئاسەواری کاریگەریی کوردی لە ئیندۆنیسیادا

ئەرخەبیلی ئیندۆنیسی، کە گەورەترین کۆمەڵە دوورگەیە لە جیهاندا و زۆر دەوڵەمەندە بە سەرچاوە سرووشتییەکان، لە لایەن دەریاوانان و بازرگانانی گەلی شوێنی جیهان سەردانیان کردووە بەو هۆیەوە کە هاتوچۆیەکی دەریایی زۆری لەسەرە. شەپۆل لە دوای شەپۆل کۆچبەرانی بۆ هاتووە لە وشکایی سەرەکیی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە و بای وەرزییش

چینییەکانی لە باکوور و هندییەکان و عەرەبی لە ڕۆژئاواوە بۆ هێناوە و ژمارەیەکی کەمتری خەڵکیش لە زۆر وڵات و میللەتی دنیاوە هاتوون. لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کەوا لە ئیسلامی ئیندۆنیسیدا ئاسەواری زۆرێک لە کولتووری خەڵکە بەئیسلامبووەکانی تر ببینین. ئێمە لە پاڵ ئەو وشە و دەستەواژانەی لە زمانی عەرەبییەوە سەرچاوەیان گرتووە و زاراوەی بەکارهاتووش ببینین کە لە فارسی و سانسکریتی و تامیلی و زمانە جۆراوجۆرەکانی تری هندستانەوە هاتوون و هەروەها کاریگەریی چینی بە ڕوونی دیارە بە تەلارسازیی هەندێ مزگەوت و مەزارە ئیسلامییەکانەوە. ئایدیا سۆفییە هندییەکانیش بەئاشکرا تێبینی دەکرێن و لە ماوەی سەدە و نیوی ڕابوردووەوە بەتایبەتی کاریگەرییەکی بەربڵاوی عەرەبی حەزرەمەوت تیبینی دەکرێت، کە بە ژمارەی زۆر گەورە لە ئەرخەبیلدا نیشتەجێ بوون.

من سەرەتا سەرم لەوە سوڕما کەوا کاریگەرییەکی جیاکار و تایبەتمەندم بۆ دەرکەوت، بەتایبەتی لە ناو توێژە هەرە دیندار و خواناسەکەی دانیشتواندا و سەرنج دەدرێت، بۆ نموونە، کەوا لە دوورگەی جاوادا کە چڕترین دانیشتوانی تێدایە لە ئەرخەبیلدا، ژمارەیەک خەڵکی هەبوون ناویان کوردی بوو. ئەم ناوەش زۆر باو بوو، بەتایبەتی لە ناوەندە ئیسلامییە توندەکاندا، بە ڕادەیەک کەوا خەڵکیکی کەمی بێگانە هەستیان بەوە دەکرد کە ئەمە ناوێکی

ڕەسەنی خۆوڵاتی نییە. من هیچ کاتێ کەسێکم نەبینیوە ناوی تورکی یان فارسـی یان هندی بووبێت، لە بەرانبەر ئەو هەموو کوردی ناوانەدا – ئەگەرچی ڕێکەوتی ژمارەیەکی کەمی میسری و مالیباریم کردووە . من لە خوارەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەم ناوە کەسییانە.

دەلالەتێکی تری کاریگەریی کورد هەیە کە زۆر جێی هەڵوەستەیە، چونکە هێجگار دیار و بەرچاوە لە ژیانی ئاینیی جەماوەردا. لێرە میللیترین و جەماوەریترین دەقی ئاینی لە سەرانسەری ئەرخەبیلدا، بە ڕادەیەک کە لە دوای قورئانەوە بە دووەم دێت، بابەتیکە کەوا بە *"بەرزنجی"* ناسراوە. ئەم دەقەش "مەولیدێکە" کە نەک تەنها لە دوانزەی ڕەبیعولئەووەلی لەدایکبوونی پێغەمبەردا دەخوێنرێت، بەلکو لە بۆنەی زۆری تریشدا دەخوێنرێت: لە بۆنە و ئاهەنگی قۆناخەکانی سووڕی ژیاندا وەک یەکەم قژبڕینی منداڵ (*عەقیقە*)، لە بارودۆخی قەیران و ناڕەحەتیدا، وەک بەشێک لە ڕێوڕەسمی دەرکردنی ڕۆحە بەد و شەڕخوازەکان، یان بە شێوەیەکی ڕۆتینی وەک دەربڕینێکی ڕێکوپێکی بەکۆمەڵ بۆ دینداری و خواناسی. لەوانەیە تاقە یەک موسڵمانی ئیندۆنیسی نەبێت بەشدار نەبووبێت لە "بەرزنجی" خوێندنەوەیەکدا و هەر هیچ نەبێت چەند جارێکی کەم لە ژیانیدا. ئەوەی کە جێی سەرسوڕمانیشە، هەرگیز کەس سەرنجی ئەوەی نەداوە و هەر نەیشیزانیوە کەوا بەرزنجی ناوی بنەماڵەیەکی زۆر کاریگەری عولەما و شێخانی *تەریقەتە* لە باشووری کوردستاندا.

له گەلێ لەو ناوچانەی ئەرخەبیلدا کە بە پەیوەستبوونی توندیان بە ئیسلامەوە ناسراون، وەک ئاشێ و سۆمەترەی ڕۆژاوا و بانتێن، پاشماوەی تایفەیەکی ئاینیی پەرستش تۆکمە و توند دەبینرێت کە بە *"دەبوس"* *debus* ناسراون. لە ڕاهێنان و ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بە زەرگی گەورە و شمشێر و شتی تیژی تر لەخۆیان دەدەن لەخۆیان دەدەن بێئەوەی برینـدار ببن. لە ئێستادا دەبوس بووە بە هۆکارێکی خۆشنوودی و کات بەسەربردنی میللی و دەبوس لەو ڕاهێنان و کردەوە باوانەوە کە لای خەڵک ئاشنان و بە عادەت پەیوەستن بە تەریقەتی سۆفیگەریی ڕەفاعییەوە و (لە ڕۆژاوا بە 'دەروێشی لوورەلوور' دەناسرێت). بەهەرحاڵ، لە باکووری بانتێنیش *دەبوس* پەیوەندیی هەیە بە تەریقەتی قادرییەوە[1]. هەرچەندە تەریقەتی قادری هاوبەشە لەگەڵ تەریقەتی ڕەفاعی لە زیکرکر*دن* بە دەنگی بەرز و هەڵچوون و حاڵ لێهاتنەوە، بەڵام بەعادەت شوێنکەوتووەکانی زەرگ و تیغ لەخۆیان نادەن و خۆیان بریندار ناکەن. من دەزانم کەوا تەنها شوێنێکی تر هەیە کەوا قادرییەکان ئەم جۆرە پراکتیز و ڕاهێنانە ئەنجامدەدەن و ئەو شوێنەش کوردستانە[2]. لە ڕاستیدا،

[1] بڕوانە برووەنەسن ١٩٩٥، بەتایبەتی لاپەڕەکانی ١٨٧ - ١٨٩ و Vredenbregt 1973.

[2] کۆڕی زیکر و حاڵ لێهاتنی تەریقەتی قادریی کوردی و ڕاهێنانی پڕ لە

زۆرترینی شـــێخە کاریگەرەکانی کوردســـتان دەچنەوە ســـەر بنەماڵەی بەرزنجی کە پێشـــتر باســـمان لێوەکرد. ئەوەی کە جێی تێبینییە، چاودێرێک ســـەرنجی داوە کە *"بەرزنجی"* لە نمایشـــێکی دەبوسدا خوێنراوە و ئەو بە چاوی خۆی بینیوێتی[٣].

دوا ســەرســوڕمانی ساڵی یەکەمم لە ئیندۆنیسیادا ئەو کاتە بوو کە من بۆ کتێبی نەریتیی ئیســـلامی دەگەڕام لە ناو ئەو کتێبانەی کە بۆ فرۆشـــتن دانرابوون لە بازاڕدا. لە کۆگایەکی کتێبفرۆشیی سەرەکیی ئیسلامیدا لە باندۆنگ، لە جاڤای ڕۆژاوا، کۆمەڵێکی گەورەی کۆپیی کتێبی *"تنویر القلوب"*ی موحەممەد ئەمین ئەلکوردیم دۆزییەوە، کە کورتە نووســـینێکی بەناوبانگی تەریقەتی نەقشـــبەندی بوو و نزیکەی ســـەدەیەک لەمەوپێش نووســـراوە[٤]. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەم کتێبە هەر تەنها

هەڵچوونی لە بروونەسن ١٩٩٢، ل ٢١٦ - ٢٢٢ و ٢٣٤ - ٢٤٠. لەبەر ئەوەی ئەم پراکتیزە و ڕاهێنانانە زۆر جیاوازن لەوانی تەریقەتی قادری لە شوێنانی تر و من وایبۆدەچم کە ئەوە بەرجەستەی لێکدانی هەردوو تەریقەتی قادری و ڕیفاعییە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ *سیلسیلەیەک* کە تێیدا عەبدولقادری گەیلانی و ئەحمەدی ڕیفاعی و هەروەها هەردوو پیاوچاکی میســـری ئەحمەد ئەلبەدەوی و ئبراهیم ئەلدەسوقی ناویان هاتووە. هەمان ئەو چوار پیاوچاکە لە *ڕاتیبی* ڕیفاعییەشـــدا لیســـتکراون کەوا دەبوســـەکانی ***debus*** بانتێن پراکتیزەی دەکەن (بروونەسن ١٩٩٥، ل ١٨٥).

[٣] مۆنتێل ١٩٧٠، ل ١٢١.

[٤] بڕوانە کۆمێنتەکانی ئاربێری لەســـەر ئەم کارە لە کتێبەکەیدا *"ســـۆفیزم:*

نەقشـبەندییە ئیندۆنیسـییەکان نەیانخوێندووە بەڵکوو بە ئاسـتێکی بەربڵاویش وەک کتێبێکی *فیقهی* لە هەرێمی سولاوێسی باشووردا بەکارهاتووە. موحەممەد ئەمین عالمێکی کورد بووە و بە ڕوونی کاریگەرییەکی بەرچاوی بووە لە ئیندۆنیسیادا. هەڵبەت من دەبوو ئەوە بدۆزمەوە کەوا چەندین عولەمای کورد لانی کەم کاریگەر بوون لە ئیندۆنیسیادا.

کوردەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بووە لەسـەر ئیسـلامی ئیندۆنیسـی کە بە لای کەمەوە بەراورد دەکرێت بە کاریگەریی هەندێ لە ئیسـلامییە بەناوبانگەکانی تر. بەڵام خۆ ڕێی تێناچێت کەوا کورد تـا ڕۆژگـاری ئەم دواییەش سـەردانی ئەرخەبیلی ئیندۆنیسـییان کردبێت و هەرچۆنێک بێت وا دەردەکەوێت کە لای کەمەکەی لە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەهەم بەملاوە عولەما کـوردەکـان ڕۆڵـێکی کـاریگەر و بەرچـاویـان گـێڕاوە بـۆ بەئیسلامکردنی ئەو ئەرخەبیلە.

وا دیارە زۆرێک لە مشـتومڕ لەبارەی بنەچەی ئیسـلام لە ئیندۆنیسـیادا لەو گریمانەیەوە سـەرچاوە دەگرێت کە ئەمە ڕووداوێک بووبێت و یەک جار بەرپا بووبێت لەگەڵ تاقە بکەر یان ئەکتەرێکی دیـاریکراودا. بەڵام ئەم گریمـانەیە لەگەڵ هەموو ئەو بەڵگانەی لەبەردەسـتدان یەکناگرێتەوە، چونکە وا باشـتر و

---

*باسێک لەبارەی سۆفیگەریی ئیسلامەوە*"، (١٩٥٠).

گونجـاوتره کە بەئیســـــلامبوون وەک پرۆســـــەیەکی بەردەوام تێبگەین، کە لە کات و سەردەمە جیاوازەکان و ناوچە جیاوازەکانی ئەرخەبیلەوە دەســـــتپێدەکـات و لە ژێر کۆمەڵێـک کـاریگەریی جیاوازدا[٥]. گەلانی موســـڵمانی جۆراوجۆر کە بازرگانییان هەبووە لەگەڵ ئینـدۆنیســــــیادا و ئەمـانیش - عەرەب و فـارس و هنـدی دەگرێتەوە لە هەموو شوێنەکانی کەنار دەریاوە تا دەگاتە شام و چینییەکان - کەوا کاریگەریی خۆیانیان بەجێهێشتووە و لە هەندێ حـاڵەتـدا بەردەوامیی زیـاتر بووە لە حـاڵەتەکـانی تر. بەڵام تەنهـا هەر ئەو ســــــەردانیکەرە بیانییانە نەبوون کە ڕۆڵیان بینیبێت و هاوکار بووبێتن لە ئیسلامکردنی ئەرخەبیلدا.

بە هەڵـهێـنـانـی هەنـگـاوە یەکەمەکـان بەرەو ئـیســــــلام، ئیندۆنیســـییەکان خۆیان ڕۆڵێکی ســـەرەکییان بینی لە پرۆســـەی بەردەوامی ئیسلامبووندا و سەفەری مەککە و شارە پیرۆزەکانی تریـان کرد لە گەڕانیـانـدا بەدوای زانیـاریی ئەفســـــوونـاوی و تێگەیشـــتنی ئیســـلام. ســـەرباری مەودا دوورەکان و ناڕەحەتیی گەشت، زۆرێک لە ئیندۆنیسییەکان فەرزی *حەجیان* بەجێدەهێنا و فرەجاریش چەندین ســاڵ لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا دەمانەوە

---

[٥] نەخشـەی پرۆسـەکە بە شـێوەیەکی قەناعەتبەخش کێشـراوە، سـەبارەت بە حاڵەتی جاوا، لە ڕیکلێفس ١٩٧٩.

بۆ خوێندن. (سەردانی ناوەندە ئەفسووناوییەکان لە گەڕانیاندا بە دوای هێزە ڕۆحییەکاندا، *کاسێکتێن kasektèn*، لایەنێکی سەرەکیی ژیانی ئاینیی بوو لە پێش ئیسلامدا و هەر زووش مەککە بە گەورەترین هێزی هەموو ناوەندە گەردوونییەکان دانرا).

ئیبراهیم ئەلکورانی تەنها زانای کورد نەبوو لە حیجاز کەوا قوتابیی ئیندۆنیسییان هەبێ. ئەو ئاسیاییانەی باشووری ڕۆژهەڵات لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا دەیانخوێند بەزۆری بەدوای عولەما کوردەکاندا دەگەڕان بۆ ئەوەی ببنە مامۆستایان. ڕەنگە ئەمە تاڕادەک وابووبێت چونکە ئیندۆنیسییەکان، لانی کەم لە سەدەی حەڤدەدا، وەک زۆربەی کوردەکان شافیعی بوون. بەڵام ئەمە تەنها هۆکاری کێشکردنیان نەبوو بەرەو مامۆستا کوردەکان. مەسەلەکە وای دەگەیاند کەوا پەیوەندیی خزمایەتیی ڕۆحی هەیە لە نێوان ئیندۆنیسی و کوردەکاندا. هەڵبەت سۆفیگەری و دینداری و تەقوا بووە کە وایکردووە لە ئیسلامی ئیندۆنیسی و کوردەکان ئاوا نزیکی یەکتربن.

## کوردەکان وەک نێوەندگیری کولتوری

ڕووداوە جیۆپۆڵەتیکەکان کوردیان کردووە بە نێوەندگیر لە نێوان سێ نەریتی کولتووریی گەورەی ئیسلامدا. کوردستان دەکەوێتە نێوان ناوەندە کولتوورییەکانی فارسی و عەرەبی و تورکیی عوسمانییەوە و تا ئاستێک جیایان دەکاتەوە. بۆ ماوەی چەندین سەدە، نووسەرە کوردەکان زانیارییان بووە لە سێ زمان بێجگە لە زمانە کوردییەکەی خۆیان (یان گۆرانی یان زازا). ئەوان بە هۆی ئەم توانایەی زمانەوە گەلێ جار وەک نێوەندگیر لە نێوان ئەم کولتوورە جیاوازانەدا کاریان کردووە. زۆرێک لەوان لە بەشێکی جیهانی ئیسلامی خوێندوویانە و دواتریش لە بەشێکی تر.

تا سەدەی نۆزدە، زمانی دایکی ئیسلامی هندستان فارسی بوو. لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کەوا عولەما کوردەکان لە شارە پیرۆزەکاندا تەدریسی ڤێرژنە هندییەکانی ئیسلام بکەن، تا ڕادەیەک بە زمانی عەرەبی. ئەوان بە ئاسانی دەگەیشتنە ترادیسیۆنە ئەدەبییەکانی زمانی فارسیی هندستان و لە ڕاستیدا زۆریک لە عولەما کوردەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بوو بە نیمچە کیشوەری هندستانەوە. ئەگەر هەیە کەوا ئەو حاڵەتەی زیاتر سەرنجڕاکێشە ئەوەی مەولانا خالید بێت، کە لە خوارەوە باسی دەکەین.

شارەزوور، کە ناوچەیەکە لە کوردستانی باشوور، شیاوی باسکردنێکی تایبەتییە لەم ڕووەوە، بەو هۆیەوە کە ژمارەیەکی زۆری عولەمای بەرهەمهێناوە کەوا کاریگەرییان هەبووە بەسەر ئیندۆنیسیاوە. شارەزوو ئەو دەڤەرەیە لە عێراق کەوا کەرکووک و سلێمانیی ئێستا لەخۆدەگرێت. زۆربەی ئەو عولەمایانەی لێرەدا جێی باسن دەچنەوە سەر لقە گرووپێکی ئیتنیکی کە لە ناوچەکەدا دەژین و ئەویش گۆرانە[٦]. گۆران بە جۆرە زمانێکی ئێرانی قسە دەکەن جیاوازە لە زمانی کوردیی ڕەسەن و ڕەنگە بنەچەیەکی ئیتنیکیی جیاوازیان هەبێت، بەڵام زۆر لەمێژە خۆیان بە کورد دەزانن و هەر واش دادەنرێن. ئەوان کولتوورییان تێکەڵ بە سۆفیگەری و خەمڵ و بۆچوونی میتافیزیکی بووە. تایفەی ناباوی (هێترۆدۆکس) *ئەهلی هەق* یەکەمجار لە ناو گۆراندا دەرکەوتووە و زۆریک لە بزووتنەوە سۆفیگەری و هەزارەییە نامۆکان پشتگیرییەکی بەهێزیان بووە لە ناو ئەواندا(یارسان و کاکەییشیان پێدەوترێ - وەرگێڕ). قبووڵ کردنی ئەوان بۆ ئایدیا ئاینییە نوێیەکان تا ڕادەیەک بیرهاوەری تەوفیقییەتی یان ساینکرێتیسمی syncretism نیمچە کیشوەری هندستان و ئیندۆنیسیایە. لەگەڵ ئەوەشدا، نەریتێکی بەهێزی خوێندن و فێربوونی ئوسووڵی (ئۆرسۆدۆکسی) هەیە لە ناو گۆراندا. گەلێ لە عولەماکانی گۆران

---

[٦] بڕوانە بروونەسن ١٩٩٤.

ناوبانگێکی جیهانییان پەیداکردووە وەک دانەر و نووسەری کاری گرنگ بە زمانی عەرەبی و لە لیستەکەی برۆکلماندا سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی عەرەبی *Geschichte der arabischen Litterature* دەیانبینین. ئەوان تەنانەت کاریگەرییەکی گەورەشیان بووە وەک ڕابەر و مامۆستا و گەورەترین و گرنگترین کەس لە ناویاندا، کە ئیبراهیم ئەلکورانی و مەولانا خالید بوون، کاریگەریی قووڵیان بەجێهێشتووە بەسەر چەندین پشت و نەوەی تەواوەوە[٧]. (مەولانا خالید جافی مکایەڵی بووە نەک گۆران - و).

یەک لە عولەما بەرابیەکانی گۆران بە جۆرە پیشە جیهانییەوە مەلا گۆرانیی بەناوبانگ بووە، کەوا دوا هەشت ساڵی تەمەنی (١٤٨٠ - ١٤٨٨) بووە بە *موفتیی* ئەستەمبووڵ. ئەم پیاوە لە شارەزوور لەدایکبووە و خوێندنی بەرایی لەسەر دەستی مامۆستا خۆجێییەکانی ئەوێ بووە. پاشان بەردەوام بووە لەسەر خوێندن لە بەغدا و دیاربەکر و حسن کێفا و دیمەشق و قودس (ئۆرشەلیم) و دواجاریش "لە دۆخێکی زۆر هەژاری و نەداریدا" گەیشتووەتە قاهیرە و لەگەڵ ئەوانیتردا، لەسەر دەستی فەقیهی گەورە ئیبن حەجەر ئەلهەیسەمی خوێندوویەتی. پاشان وردە وردە لە قاهیرەوە ناوبانگی بە دنیادا بڵاوبووەتەوە. لە پاش

[٧] لەبارەی گۆرانەوە، بڕوانە مینۆرسکی ١٩٤٣ و بروونەسن ١٩٩٢، ل ١٠٩ - ١١٥.

ڕوودانی کێشـــه و ناکۆکییەک لە میســـر دوورخراوەتەوە بۆ ســـووریا و چووە بۆ لای عوســـمانییەکان و بە شـــێوەیەکی دیپلۆماتی مەزهەبی خۆی گۆڕیوە لە شافیعییەوە بۆ حەنەفی. بەم جۆرە ناوبانگی زۆر بەرز بووەتەوە و زۆری نەخایاندووە بووە بە دەرس دادەر و مامۆســـتای ئەو ســـوڵتانەی کە دواتر بە موحەممەد ئەلفاتیح شـــۆرەت و ناوبانگی ڕۆیشـــتووە. بێگومان ئەمەش یارمەتیی داوە کە دواجار بگاتە بەرزترین پلە و پایەی ئاینی لە ئیمپراتۆرییەتدا[٨]. چەندین کەســـی تری گۆران وەک مامۆســـتا مۆرکی خۆیان بەجێهێشـــتووە لە قاهیرە یان مەدینەدا. من لەم وتارەدا تەنها باس لەوانە دەکەم کەوا کاریگەرییەکی بەرچاویان بە سەر ئیسلامەوە بووە لە ئیندۆنیسیادا.

[٨] ئەحمەد ئەتەش، "موللا گۆرانی"، *ئیسلام ئینسیکلۆپیدیسی*؛ جەی. ئاڕ والْش، "گۆرانی، شەرەفەدین"، *ئینسکلۆپیدیای ئیسلام*، چاپی دووەم؛ هەروەها یڵدز، بێ مێژوو، نووســـەری دوایی حەز دەکات ئیددیعای ئەوە بکات کە مەلا گۆرانی لە تورکیای ئێستادا کە بەشێوەیەکی نا قەناعەتبەخش کەوا پێدەچێت لە گوندێک لەدایکبووە بە ناوی گۆران لە نزیک دیاربەکرەوە. لە سەرانسەری کوردستاندا بەرەوڕوو دەبیتەوە لەگەڵ گرووپی خێڵەکی و گوندی بچووکدا کە ئەم ناوە و هاوشـــێوەی هەیە، کە پەیوەندییان لەگەڵ گرووپی ئیتنیکیی گۆراندا بەتەواوی ڕوون نییە.

**ڕاگری زانایانی مەدینە، مامۆستای نائاسایی: ئیبراهیم بن حەسەن ئەلکورانی** (١٦١٥ - ١٦٩٠)

لە نووسەرە موسڵمانە ئیندۆنیسییە بەرایییەکان کە زانیاریی زۆرمان لەبارەوە هەیە عەبدولڕەئوف سینگکێلی خەڵکی ئاشێییە (ئەلسینکیلی دیسان بە فەنسورییش دەناسرێت)، کە لە دەوروبەری ساڵانی ١٦٢٠ - ١٦٩٥دا ژیاوە. ئەم پیاوە وەرگێڕانێکی مەلایۆی بۆ *"تەفسیرول جەلالەین - تفسیر الجلالين"* ئەنجامداوە کە هێشتا لە هەندێ ناوچەی ئەرخەبیل دەخوێنرێت. هەروەها بەرهەمێکی لاوەکیشی لەبارەی *فیقهەوە* داناوە کە ئێستا لەبیرچووەتەوە، بەڵام ئەو بە زۆری بەو ڕابەر و مامۆستایە دەناسرێت کەوا تەریقەتی شەتتاریی هێناوەتە ئیندۆنیسیاوە. عەبدولڕەئووف زیاد لە نۆزدە ساڵ لە مەککە و مەدینەدا ماوەتەوە و کارەکەشی *"عومدەتول موحتاجین - عمدة المحتاجين"* ئاماژە بە دۆخی ژیان و گوزەران دەکات لە هەردوو شاری پیرۆزدا و ناوی ئەو مامۆستایانەی گوێی لێگرتوون و ناوی ئەو تەریقەتە سۆفییانەی کە پێیان ئاشنا بووە[٩]. یەکەمجار لە مەدینە شەتتارییەی خوێندووە لەسەر دەستی ئەحمەد ئەلقوشاشیی فەلەستینیی سەرۆکی ناوزەدکراوی تەریقەتەکە و لە ژێر سایەی ئیبراهیم ئەلکورانیی جێگرەوشیدا بەردەوام بووە.

---

[٩] ڕینکس ١٩٠٩.

عەبـدولڕەئووف بەتـايبەتی پەيوەنـدييەكی تونـدوتۆڵی لەگەڵ كورانيدا هەبوو كە چاولەبەری *ئيجازە* پێدانی بوو بۆ ڕێنمايی و ڕابەری كردنی تەريقەتەكە[10].

عەبدولڕەئوف تاقە قوتابيی ئيندۆنيسـيی كورانی نەبوو، بەڵكوو يەكێكی تری ئيندۆنيســـيش هەبوو كە بەناوبانگترين هاوچەرخی عەبدولڕەئووف بوو و ئەويش يوســـفی خەڵكی ماكاســـار بوو. يوسـف كاتێكی زۆرتری لە نيمچە دوورگەی عەرەبيدا بەسـەربرد و ئەو بە پلەی يەكەم لە ئيدۆنيسـيادا بە سـيفەتی بانگەشـەكاری خەڵوەتييە دەنـاســـرێت و هەروەهـا وەک موجـاهيـدێک دژ بە كۆمپـانيـای هنـدی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەنـدی. ئەو لە كتێبەكەيـدا *"سەفينەتول نەجاح - سفينة النجاح"* ناوی ئەو تەريقەتانە دەهێنێت كە تەمەسـوكی پێوە كردوون و لە نێوياندا تەريقەتی شـەتتارييە، كە لە لايەن ئيبراهيم ئەلكورانييەوە *ئيجـازەی* بۆ وەرگرتووە[11].

---

[10] جۆنز ١٩٧٨؛ بڕوانە دەروازەكـانی نووســـەر خۆی "ئەلكورانی" و "ئەلقوشاشی" لە *ئينسكلۆپيديای ئيسلامدا*.

[11] *سيلسيلەی* شەتتارييەی يوسف سەرلەنوێ باسكراوەتەوە لە ئەبو حاميد ١٩٩٤، ل ٣٦٢ - ٣٦٣. تەنها كۆپييەكی دەســـنووســـی *"ســـفينة النجاح"* وا ديـارەمـاوەتەوە، لە مەجمووعەيەكی حەوت نـامە لە لايەن ئەوەوە. ئەو دەسـنووسـەی كە لە دۆخێكی زۆر خراپدايە، وا ديارە شـوێنبزر بووە،بەلام نەک پێش ئەوەی كۆپييەكی لێدەرچێت بە سـەرپەرشـتيی پرۆفيسـۆر تۆگيما لە جاكارتا. مايكرۆفيلمێكی ئەم دەقە ئەســـپەردەی كتێبخانەی ئينســـتيتوتی

هەرچەندە یوســـف لێرەدا باســـی نەکردووە، بەڵام ڕێنماییەکانی کورانی لە فێرکردنی زیکر و تەکنیکەکـانی تری ســـۆفیگەری ئەولاتر ڕۆیشـــتووە و ڕەهەندە هزرییەکانی تری *تەســـەوفیشـــی* گرتووەتەوە. ئەوەش دەزانین کەوا یوســـف بە ســـەرپەرشـــتیی ئیبراهیم دەقێکی قورســـی عەبدولڕەحمان جامیی خوێندووە بە ناوی *"ئەلدوڕە ئەلفاخیرە - الدرة الفاخرة"*، کەوا بەراوردی ڕا و بۆچوونی فەیلەسووفەکان و زانایانی ئاین و سۆفیگەریی دەکات ســـەبارەت بە پرســـەکانی بوونی خودا و یەکێتیی زاتی ئەو و زانستی و .. تاد. دوو کۆپیی ئەم کارە لەســەر دەســتی یوسـف ڕۆشناییان بینیوە و دووەمەکەیان لەسەر فەرمانی ئیبراهیم کۆپی کراوە (لە بەری نووسـراوەتەوە) و لێدوان لەســەر و پەراوێزی خودی ڕابەر خۆیشـــی لەســـەرە[12]. دەبێ یوســـف ئەم کارەی لە ماوەیەکی گونجاودا خوێندبێت.

بەڵگە و ئاماژەی ئەوە هەن کەوا ئیبراهیم ئەلکورانی قوتابیی ئیندۆنیســـیی زیاتری بووبێت لەگەڵ ئەم دوانەدا، ئەگەرچی ئێمە هیچکامێکیان بە ناو نازانین. جۆنز وایدەبینێت کە دەبێ ژمارەیان زۆر بێت و ئیبراهیم و ئیبراهیم کۆشـــشـــێکی زۆری کردووە بۆ فێرکردن و ئاڕاســـتەکردنیان، بەڵام بەڵگە لەســـەر ئەم ئیددیعایە

---

شاهانەی زمان و ئەنسرۆپۆلۆجیا کراوە (KITLV) لە لایدن.

[12] هیر ١٩٧٩، ل ١٣، ١٥.

ناڕاستەوخۆیە. بە لای کەمەوە دوان لە نووسینەکانی ئەلکورانی بەتایبەت بۆ لایەنگر و شوێنکەوتووە ئیندۆنیسییەکان نووسراوە (برۆکلمان ناوی چل ناونیشان دێنێت و جۆنز باس لە سەد ناونیشانێک دەکات)، کە یەکێک لەمانە لە ساڵی ١٦٧٥دا نووسراوە وەک وەڵامدانەوەی پرسیاری زۆرێک لە ئیندۆنیسییەکان و باس لە ناکۆکی و ململانێیەک دەکات کە چوار دەیە لەوەوپێش لە ئاشیدا سەریهەڵداوە. نورەدین ڕانیری، کە ئەو دەمە گەورەترین عالمی کاریگەر بووە لە ئاشیدا، سەرکۆنەی *"وحدة الوجود"* ی سۆفیگەریی کردووە، کە شوێنکەوتووانی شەمسەدینی سۆفی پابەندی بوون و بە کوفر و هەرتەقەی لەقەڵەمداوە و ئەمەش سەریکێشاوەتەوە بۆ بەستنەوەی سۆفییەک بە کۆڵەکەیەکەوە و سووتاندنی. ئەلکورانی لە کتێبی *"فەتواکەیدا"* ئارگومێنت و پاساوەکانی ڕانیری دەداتە دواوە و سەرلەنوێ لێکدانەوەیەکی ئوسووڵی (ئەرسۆدۆکسی) بۆ *"وحدة الوجود* دێنێتەوە"[١٣]. تێبینییەکی کورت لەسەر ئیبراهیم ئەلکورانی لە قاموسی ژیاننامەکەی ئەلمورادیدا باس لە *فەتوایەکی* تر یان ڕەنگە کۆکراوەیەکی *فەتوا* بکات کە لە لایەن خەڵکانێکی جیاواوە و بۆ نموونە لە ئەرخەبیلی مەلایۆوە داواکراوە. هیچ کۆپییەکیش لەم کارە ڕۆشنایی نەبینیوە[١٤].

---

[١٣] ئارگومێنتی ئەلکورانی کورتکراوەتەوە لە ڤوورهۆڤ ١٩٥١، ل ٣٦٥ – ٣٦٨.

[١٤] موراديی ١٨٨٣/١٣٠١، بەرگی یەکەم، ٥ – ٦. تایتڵی کارەکەی ئیبراهیم کە

ئەو دەقەی تر کەوا ئەلکورانی نووســـــیوێتی بە ڕوونی لەبری موســڵمانانی ئیندۆنیســییە و بە ناوی *"ئیتحاف ئەلزەکی - إتحاف الذکی"* ەوەیە و ســــەرنج و لێدوانێکی گرنگە لە ســــەر کتێبەکەی موحەممەد بن فەزلوڵڵا بورهانپووری بە ناوی *"التحفة المرســـلة إلی روح النبی"*، کە نمایشێکی سادەی تیۆریی فەیز یان سەرڕێژکردنی emanation ئیبن عەرەبییە و لە ســاڵی ١٥٩٠دا نووســراوە و لە ماوەی چەند دەیەیەکدا بە شێوەیەکی بەربڵاو برەوی پەیداکردووە لە ئەرخەبیلدا، یەکەمجار بە زمانی عەرەبی و پاشـانیش هەر زوو بە وەرگێڕان و هەموارکردنی مالیزی و جاوایی[١٥]. لە کاتێکدا کە ئیبن عـەرەبی پێنج قۆنـاخی بۆ فەیز (إنبثـاق) دانـاوە، دۆســـتە هندییەکەی حەوتی دەسـنیشـان کردبوو، کە بوو بە مەزهەب یان ڕێبازی "حەوت قۆناخەکە" (*مرتبة التوجه السبعة*) و لەو کاتەوە لە ئیندۆنیســیادا ناســراوە. مەبەســت لە ســەرنج و ڕوونکردنەوەی ئیبراهیم ڕاســــتکردنەوەیەکی ئوســــووڵی بوو بۆ لێکـدانەوە نائوســــووڵییەکان (نائۆرســـۆدۆکســـییەکان) و لایەنگرانی *وحدة الـوجـود* و نـکـووڵـی کـردن لە *شــــەریـعەت* کەوا دەقەکەی

لێرەدا هاتووە وەک *"جوابات الغروية عن المســـائل الجاوية الجهارية"*، کە بەتەواوی ڕوون نییە. وشــەی کۆتایی بەم جۆرە وەرگێڕاوە "لە [مەملەکەتی مەلایۆی] جۆهۆر" ، کە بەعادەت دەنووسرێت جەوهەرییە.

[١٥] لێکۆڵینەوە لە سەر ڤێرژنە جاواییەکە کراوە لە جۆنز ١٩٦٥.

بورهـانپووری بوو بە هۆی ســـەرهەڵدانیـان لە ئەرخەبیلـدا[١٦]. هەرچەندە *"إتحاف الذكی"* لەســـەر داواكاریی مورید و قوتابییە ئیندۆنیســـییەكانی نووســـرابوو، بەڵام لە ســـەرانســـەری وڵاتی ئیســـلامیدا دەخوێنرایەوە و بۆ نموونە گواســـترابوویشـــەوە بۆ دەقێكی سۆفیی سەرەكی لە ڕۆژاوای ئەفریقادا[١٧].

ئیبراهیم ئەلكورانی لەو ســەردەمەدا نوێنەری ســەرەكیی ڕێباز و مەزهەبەكانی ئیبن عەرەبی بوو لە مەدینە و لەوانەیە لە تەواوی جیهانی ئیسلامیشدا. كاتێ ناكۆكیی جیددی لە هندستان هاتە كایەوە بە هۆی ڕەتكردنەوەی ئەحمەد سرهندی بۆ هەندێ بیر و ئایدیای دیاریكراوی ئیبن عەرەبی، عولەما هندییە پێشـــەنگ و ناودارەكان داوای *فەتوایەكیان* لە ئیبراهیم كرد ســەبارەت بەم مەســەلەیە، كە بە هەندێ دوور و درێژییەوە باســـــكراوە لە لایەن فریدمان و ڕیزڤییەوە[١٨]. توێژینەوەكەی ڤۆڵ لەســـــەر نەوەیەكی دواتری عولەماكان تەنانەت پێگەیەكی ســەنترالتر بۆ ئیبراهیم دەســنیشـان دەكات لە ژیانی هزریی ئەو سـەردەمەی و وەك پێشـەنگێكی هزریی بزووتنەوە ڕیفۆرمخوازەكانی سەدەی هەژدە دەیخاتە ڕوو[١٩].

---

[١٦] ڕینكس ١٩٠٩، ل ٥٦ – ٥٧؛ جۆنز ١٩٧٨، ٤٧٦ – ٤٨٢.

[١٧] ڕادتكە ١٩٩٥، ل ٩٠.

[١٨] فریدمان ١٩٧١، ل ٩٨ – ٩٩؛ ^ ڕیزوي ١٩٨٣، ل ٣٣٨ – ٣٤٢.

[١٩] ڤۆل ١٩٧٥.

ئیبراهیم بریکـار یـان نێوەنـدگیرێکی کولتووریی کوردی بەرجەستە دەکات کە ڕۆڵی لە بەشی پێشوودا ڕوونکراوەتەوە. لە پاش زێدە ڕەسەنەکەی خۆی لە شارەزوور لە ئێران و ئەنەدۆڵی عوسـمانی و سـووریا و میسـر خوێندوویەتی پێش ئەوەی لە مەدینە نیشتەجێ ببێت. ژیاننامە هزری و ڕۆشنبیرییەکەی *"ألأمام لإيقاظ الهمام"* [20]، ژمارەیەکی جۆراوجۆر لەو مامۆسـتایانە باس دەکات کە لەسەر دەستیان خوێندوویەتی و کۆمەڵێکی بەرفراوان لەو بابەتانەی تێیاندا قووڵبووەتەوە. ئەو پابەندی گەلێ تەریقەت بووە و مۆڵەتی ڕابەریی ڕێنمـایی و فێرکردنیـانی داوە لە پـاڵ شەتتارییەدا کە باسی لێوەکراوە. لە ڕاستیدا تەریقەتی سەرەکیی ئەو نەقشـبەندی بووە و هەروەها *ئیجازەی* هەردوو تەریقەتی قادری و چیستیشـی پێبووە. هەڵبەت ئەم دوانەی دواییان تەریقەتی نموونەیی هنـدی بوون و پەیوەسـتبوونی ئیبراهیم بە نەقشبەندییەوە (لە ڕێگەی قوشاشییەوە کە مامۆستا و ڕابەریشی بووە لە شـەتتاریدا) کە ئەمیش دیسـان لقێکی تەریقەتەکە بووە. کاتێ کە قوشـاشی لەساڵی ١٦٦١ مردووە، ئیبراهیم وەک شێخی بـاڵای شـەتتـارییە جیگەی گرتووەتەوە، بە گرێـدانی لەگەڵ نەقشبەندی و قادریدا و بە سەرۆکی بیڕکابەری عولەماکانی مەدینە.

لە پاش کۆچی دوایی ئیبراهیم لە سـاڵی ١٩٩٠دا، موحەممەد

---

[20] ساڵی ١٣٢٨ / ١٩١٠ لە هندستان، حەیدەر ئاباد چاپکراوە.

ئەبوتاهیری کوڕی، کە ئەو کاتە تەمەنی بیست ساڵ بوو، وەک شێخی *تەریقەت* جێیگرتەوە و دەبینین ئەبوتاهیر وەک مودەڕیسی زۆرێک لە ئیندۆنیسییەکان ناوی دێت[٢١]. بەهەرحاڵ، پێگەی پێشەنگ و سەرەکی لەناو عولەماکانی مەدینەدا کەوتە دەست قوتابییەکەی ئیبراهیم، موحەممەد بن عەبدولڕەسول بەرزنجی، کە موفتیی شافیعیی مەدینە بوو. قوتابییەکەش، وەک ئیبراهیم خۆی، خەڵکی شارەزوور بوو و سەر بەو بنەماڵەیە بوو کە دواتر ناوبانگێکی گەورەی پەیداکرد.

## بنەماڵەی بەرزنجی لە شارەزوور و مەدینە

لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا، بنەماڵەی بەرزنجی دەرکەوتووترین و ناودارترین بنەماڵە بوو لە کوردستانی باشووردا، بنەماڵەیەکی عولەما و شێخانی قادری بوو کەوا دەسەڵات و کاریگەرییەکی سیاسیی گەورەی هەبوو[٢٢]. شێخ مەحموودی بەرزنجی دژ بە بەریتانییەکان ڕاپەڕی و خۆی بە مەلیکی کوردستان ناساند. هەروەها لە ساڵانی دواتردا بنەماڵەکە بەردەوام بوو لە یاریکردنی ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی سیاسیی

---

[٢١] بروونەسن ١٩٩٠ ، ل ١٥٩ - ١٦٠.

[٢٢] زۆرێک لە گەڕیدە و مێژوونووسان باس لەم بنەماڵەیە دەکەن. سەرچاوە سەرەکییەکان ئەدمۆنز ١٩٥٧، ل ٦٨ - ٧٩ و تەوەکولی ١٩٨٠، ل ١٣٣ - ١٦٨؛ بڕوانە ڤان بروونەسن ١٩٩٢، ل ٢٢٠ - ٢٢١.

عێراقـدا. بەم دواییەش، وەک لە جەنگی ئێران عێراقـدا دەیبینین، یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکە، بە ناوی شـــێخ محەممەد نەجیب بەرزنجی فەرماندەیی گرووپێکی گەریلایی دروســـتکراوی ئێران دەکـات دژ بە حکوومەتی عێراق. هەر لە مـاوەی هەمـان ئەو ساڵانەشدا ئەندامێکی تری ئەو بنەماڵەیە، بە ناوی جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی، پێگەیەکی بەرز لە حکوومەتی عێراقدا وەردەگرێت وەک سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردی. ئەم ڕاســـتییـانە درک پێکردنی هەردوو حکوومەتی ئێران و عێراق دەردەخەن کەوا پێویســـتیان دەبیت بە کاریزمای ئەم بنەماڵەیە ئەگەر بیانەوێت کاریگەری دەســـتەبەر بکەن لە ناو کوردەکاندا. تەنانە کۆمۆنیستەکانی عێراقیش، لە سـاڵانی ١٩٥٠کاندا یەکێک لە شـــێخەکانی بەرزنجییان هێنابووە ناو ڕیزەکانی خۆیانەوە، کە ئەویش لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود بوو.

بنەمـاڵەی بەرزنجی دەڵێن گوایە لە ڕێگەی ئیمام مووســـــای کازمەوە دەچنەوە ســـەر پێغەمبەر و ناوەکەشـــی دەگێڕنەوە بۆ گوندی بەرزنجە لە شارەزوور (لە نزیک شاری ئێستا سلێمانی)، کە باوەڕ وایە ســـەید عیســـای باوکی دامەزرێنەری بنەماڵەکە لە ناوەڕاستی سەدەی سیانزەوە تێیدا نیشتەجێ بووبێت. هەردوک ئەدمۆنز و تەوەکولی نەخشـــەیەکی هێڵکـارییـان کردووە بۆ مێژووی بنەمـاڵەکە، پشـــت بە نەریتی زارەکی و نووســـراوی بنەماڵەکە. ئەوەی جێی بایەخیشـــە کەوا دامەزرێنەری بەناوبانگی

ئاینی ئەهلی هەق دیسان کوڕێکی هەمان ئەم سەید عیسایە[٢٣].

ئەدمۆنز ئەوە دەخاتەڕوو کەوا هەموو ئەو بەرزنجییانەی لە ئێستادا لە عێراق و تورکیا و سووریا و نیمچە دوورگەی عەرەبی و هندستان دەژین نەوەی بابە ڕەسوولێکن، کەوا بە پێی سەجەرەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ حەوتەم پشتی دوای سەید عیسا و دەبێ لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا ژیابێت. بابە ڕەسووڵ هەژدە کوڕی هەبووە و یەکێکیان کە ناوی محەممەد "مەدەنی" بووە و لە مەدینە گیرساوەتەوە و بووە بە باپیرە گەورەی گشت بەرزنجییەکانی دوورگەی عەرەبی و هندستان. ئەم محەممەد مەدەنییە بێگومان هەمان ئەو محەممەد بن عەبدولڕەسوول بەرزنجییەیە کە بەرەوڕووی بووینەتەوە وەک هاوبەشی ئیبراهیم ئەلکورانی.

ژیاننامەی پیشەیی و زانستیی محەممەد بن عەبدولڕەسوول تا ڕادەیەک لەوەی ئیبراهیم دەچێت، کە خوێندنی بەرایی لەسەر دەستی باوکی و عولەماکانی تری شارەزووردا بووە و پاشان بەردەوام بووە لە خوێندن لەسەر دەستی مامۆستایانێکدا لە هەمەدان (ئێران)، بەغدا، ماردین، دیمەشق، قوستەنتینییە، قاهیرە و مەککە و دواجاریش لەسەر دەستی ئەحمەد ئەلقوشاشی و ئیبراهیم ئەلکورانی لە مەدینەدا. ئەم پیاوە پسپۆڕ و شارەزاش

[٢٣] ئەدمۆنز ١٩٥٧، ل ٦٨؛ تەوەکولی ١٩٨٠، ل ١٣٣- ١٣٤.

بووە لە زانستە میتافیزیکەکانی (بانسروشتەکانی) ئیبن عەرەبیدا و کتێبێکیشی لەسەر ئیبن عەرەبی لە فارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی کە لە لایەن یەکێک لە خزمەکانیەوە نووسرواە و نای سەید محەممەد موزەفەر بەرزنجی بووە[٢٤]. کاتێ عولەماکانی هندستان داوای *"فەتوایەکیان"* لە ئیبراهیم ئەلکورانی کردووە سەبارەت بە بیر و ئایدیا دژوار و ناکۆکەکانی ئەحمەد سرهندیی "موجە*ددیدی* هەزارەی دووەم"، کە سەرەکیترین نەیاری میتافیزیکی ئیبن عەرەبی بووە، ئەوە ئەم محەممەد بەرزنجییە بووە کە لەسەر داوای ئیبراهیم دوو نامەی نووسیوە و بەتوندی ڕەخنەی لە سرهندی گرتووە و پاشان دوو نامەکە لە لایەن عولەما بەناوبانگەکانی تری حیجازەوە پەسەند و پشتگیری کراوە[٢٥].

ئەو کەسە بەرزنجییەی کە ناوی بنەماڵەکەی کردووەتە زاراوەیەکی ئاشنا و باو لە ئیندۆنیسیادا کوڕەزازایەکی محەممەد بووە بە ناوی جەعفەر بن حەسەن بن عەبدولکەریم بن محەممەد (١٦٩٠ – ١٧٤٩)، کەوا لە مەدینە لەدایکبووە و هەموو ژیانیشی

[٢٤] ناونیشانی ئەم کارە وەرگێڕدراوە *"الجانب الغربی فی حل مشکلة إبن العربی"*. بۆ وردەکاریی پیشەی زانستیی موحەممەد، لەگەڵ ناوی مامۆستاکانی و ناونیشانی کارەکانیان، بڕوانە ئەلمورادی *"سلک الدرر"*، بەرگی ٤، ل ٦٥ – ٦٦ و مودەڕیس ١٩٨٣، ل ٤٩٣ – ٤٩٥.

[٢٥] فرێدمان ١٩٧١، ل ٧ – ٨، ٩٧ – ١٠١؛ ڕیزوی ١٩٨٣، ل ٣٣٩ – ٣٤١.

هەر لەوێ بەسەربردووە[٢٦]. ئەم پیاوە ژمارەیەک کار و بەرهەمی پەرستشی نووسیوە و بوون بە شتێکی زۆر باو لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا لەو سەردەمەدا و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان وەک خۆیان ماونەتەوە لە ئیندۆنیسیادا. ئەو کارەی کە ئەمڕۆ بە *"بەرزنجیٚ"* ناسراوە ئەو *"مەولیدەیەتیٚ"* کە لە کتێبەکەی *"عیقدولجەوهەر - عقد الجوهر"* یدا هاتووە. ئەمە تا ئاستێکی زۆر میللیترینی هەموو دەقەکانی *"مەولیدە"* و ئەگەری ئەوەشی هەیە کە لە دوای قورئانەوە زۆرترین دەقی ئیسلامییە کە بەردەوام بخوێندرێت (یان تیلاوە - تلاوة بکرێت). بەرزنجی لە بۆنەی زۆر و مەبەستی جۆراوجۆردا دەخوێندرێت، وەک ئاهەنگی ساڵانەی جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر، لە ئاهەنگی *"عەقیقە"* لە یەکەم قژبڕینی منداڵدا دەخوێندرێت، بۆ مەبەستی تەکفیر یان دەرکردنی ڕۆحە بەد و خراپەکان دەخوێندرێت (بۆ ئەوەی شوێنی بەجێهێنانی *وایانگ* بگرێتەوە، کە ئەم ئەرک و فەرمانە لە ژینگە کەمتر ئیسلامییەکاندا دەکرێت) و لە گەلێ ناوچەش خوێندنەوەی هەفتانەی *"بەرزنجیٚ"* هەیە لە کاتی کۆبوونەوەی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکە پێکەوە. ئەم کتێب یان نامیلکەی *"مەولیدە"* بەردەوام

---

[٢٦] تێبینییە بایۆگرافییەکان لە مورادی، *"سلک الدرر"*، بەرگی ٢، ل ٩؛ مودەڕیس ١٩٨٣، ل ١٣٦؛ کتێبەکەی برۆکلمان *"مێژووی ئەدەبی عەرەبی Geschichte der arabischen Litteratur"*، بەند ٢، ل ٣٨٤.

چاپ دەکرێتەوە و چاپی جۆراوجۆری لێدەخرێتە بازاڕەوە و زۆرێک لە عولەما ئیندۆنیسیییەکان سەرنج و تێبینیی لەسەر دەقەکە بڵاو کردووەتەوە یان وەریانگێڕاوەتە سەر زمانە لۆکاڵییەکان[٢٧].

لە نێو کارەکانی تری جەعفەر بەرزنجیدا، ئەو کارەی کە جەماوەرێتییەکی زۆری بەدەستهێناوە لە ئیندۆنیسیادا کتێبەکەیەتی لەسەر ژیاننامەی شێخ عەبدولقادر بە ناوی *"لوجەین ئەلدانی فی مەناقیب عەبدولقادر ئەلجیلانی - لجین الدانی فی مناقب عبدالقادر الجیلانی"*، ئەمەش کارێکە گەیشتووەتە دوورترین قوژبنی ئەرخەبیل[٢٨]. هەڵبەت *"مەناقیب - مناقب"* بۆ مەبەستی پارێزگاری یان مەبەستی تەکفیری یان دەرکردنی ڕۆحە بەد و شەڕخوازەکان و بە سانایی بڵێین وەک کارێکی پەرستش بووە بە پراکتیزەکردنێکی

---

[٢٧] ئەم کار و بەرهەمانە، بە هەردوو زمانی جاوایی و ئیندۆنیسی، لە پاشکۆدا لیستکراون بۆ ڤێرژنێکی پێشتری ئەم باسەی ئێستامان، لە ڤان بروونەسن ١٩٩٥ب، ل ١١١.

[٢٨] دوو کاری تری ناسراوی بەرزنجی هەن، بەڵام هەمان جەماوەرێتییان نەبووە: *قصة المعراج*، گێڕانەوەیەکی گەشتی پێغەمبەر بوو بەشەو و هەڵکشان بۆ ئاسمان، *"مناقب سید الشهداء* حمزة"، ژیاننامەیەکی مێژوویی پیاوچاکێک لە ساڵی ٦٢٤ / ١٢٢٥ (هەڵبەت نابێت تێکەڵ بکرێت لەگەڵ ناوە ناسراوەکەی، کە مامی پێغەمبەرە). ئەم کارانە لە لایەن عولەما ئیندۆنیسییەکانەوە بەڵام پێناچێت بە هیچ شێوەیەک بە ئاشکرا تیلاوەت بکرێت).

بەربڵاو لە ئیندۆنیســـیادا. تا ئێســـتاش یادی ڕۆژی کۆچی دوای پیاوچاکی پیرۆز لە ١١ی مانگی ڕەبیعولئاخیر لە گەلێ شـــوێنی ئەو وڵاتە دەکرێتەوە بە خوێندنی *مەناقیب*، لە چەندین شـــوێنی جاواش ئەمە لە ١١ی ئەو مانگەدا دەکرێت. کتێبی چاپکراوی ئەم ژیاننامەیەش لە سەر ئاستێکی بەربڵاو بەردەستە لە ئیندۆنیسیادا بە زمانە بنەڕەتە عەرەبییەکەی و لە هەمان کاتیشدا بە وەرگێڕان و هەموارکردنی زمانی جاوایی و ســـوندانی و ئیندۆنیســـی. نیو ســـەدە لەمەوپێش، درویس و پۆرباتجاراکا لێکۆڵینەوەیەکیان لەســەر *مەناقیبی* جاوایی بڵاوکردەوە، کەوا دەردەکەوێت پشـتیان بە "*خلاصة المفاخر*"ی یافیعی بەستووە[29]. بەهەرحاڵ، تا ڕادەیەک هەموو "*مەناقیب*"ەکانی شـــێخ عەبدولقادر کە من لەکاردا بینیومن وا دیارە پشتیان بەستووە بە کتێبەکەی "*لجین الدانی*"ی بەرزنجی[30].

---

[29] بڕوانە Drewes and Poerbatjaraka 1938.

[30] چاپە جیاوازەکان و تێبینی و سەرنجەکان لەسەر لوجەین لە لایەن دانەر و نووسەرە ئیندۆنیسییەکان لە ڤان بروونەسن ١٩٩٥ب، ل ١١١ لیستکراون. من تەنها دوو ڤێرژنی چاپکراوم دۆزییەوە کە پشـــت بە یافیعی دەبەســـتن، لەگەڵ دوو ڤێرژنی تر بە هەردوو زمانی سوندانی و ئیندۆنیسی کە پشت بە مەناقیبێکی ســـێهەم دەبەســـتن "*مناقب تفریح الخاطر*". دوا کار کوردێکی تر نووسـیوێتی کە عبدالقادر بن محی الدین الأربیلی یە، یان ڕاسـتتر لەبنەڕەتدا لە زمانی فارســـییەوە وەرگێڕراوە بۆ عەرەبی لەلایەن کەســـێکەوە بەناوی محمد صادق القادری (بڕوانە مودەڕیس ١٩٨٣، ل ٣٠٥).

له ئێســـــتادا، *مەناقیب* به شـــێوەیەکی تـایبەتی، ئەگەرچی حەســـریش نەبێت، له ناو شـــوێنکەوتووانی تەریقەتی قادریدا به شـــێوەیەکی ڕێکوپێک دەخوێندرێت و تیلاوەت دەکرێت (یان بەدیاریکراوی، تەریقەتی 'قادرییه و نەقشبەندییه' که تێکەڵکردنێکی تەریقەتەکـانه). میللیترین و بـاوەڕپێکراوترین ڤێرژن یـان دەقی *مەناقیب* ئەو هەموارکردنەیه کەوا کیـای حـاجی موســـڵیح بن عەبدولڕەحمانی مرانگگێن له جاوای ناوەڕاست کردوویەتی، که تا کۆچی دوایی کرد له ســـاڵی ١٩٨١دا ڕێزدارترین مامۆســـتا و ڕابەری *تەریقەتەکه* بـووە. هەردوو بەرگـی کتـێبەکەی *"النـور البرهانی فی ترجمة اللجین الدانی"*، له پاڵ دەقی تەواوی *مەناقیبدا* ڕێنمایی و ڕاســـپاردەی تێدایه لەســـــەر *تەریقەت*، که ئاماژە به پەیوەندیی توندوتۆڵ دەکات له نێوان ئەم دەقه و تەریقەتدا. بەڵام له سەردەم و ڕۆژگارەکانی پێشتردا، پێدەچێت *مەناقیب* له کۆڕ و کۆمەڵی زۆر گەورەتر و فراوانتر بوون له تەنهـا کۆڕی تەنهـا تەریقەتی قادری. پێش ئەوەی تەریقەتەکه ژمارەیەکی گەورەی و شـوێنکەوتوو بەدەسـتبێنێت ڕاهێنان و پەرستشـێک هەبوو کەوا لەســـەر کاری موعجیزە ئامێزی شـــێخی پیرۆز عەبدولقادری گەیلانی چڕدەبووەوە[٣١].

[٣١] بڕوانه بەڵگه، بۆ نـاوچەی بـانتێن له جـاوای ڕۆژاوا، له کتێبەکەی بروونەسن ١٩٩٥ ئه، ل ١٨٥ – ١٨٧.

تەریقەتی قادری لانی کەم لە دوادوایی سەدەی شانزە بەملاوە لە ئیندۆنیسیادا ناسراوە، بەڵام تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە شوێنکەوتووی بە ژمارەی گەورە بەدەست نەهێنا. شێخ ئەحمەد خەتیبی سەمباس (لە بۆرنیۆی ڕۆژاوا)، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لە مەککە خوێندبووی، ژمارەیەکی هێجگار زۆر خەڵکی هێنایە ناو ئەم تەریقەتە لێکدراوەی 'قادرییە و نەقشبەندییەوە' و خەلیفەیەکی دامەزراند کەوا تەریقەتەکەی لە سەرانسەری ئەرخەبیلدا بڵاوکردەوە. هەڵبەت بەڵگەی تەواو لە بەردەستدا نییە لەبارەی دۆخی تەریقەتەکەوە لە هەردوو سەدەی ڕابوردوودا. ئێمە نازانین کە ئاخۆ خودی شێخ. جەعفەر بەرزنجی خۆی هیچ ڕۆڵێکی بینیوە لە بڵاوکردنەوە و بە میللی کردنی *تەریقەتەکە* یان *مەناقیب* لە ناو ئەو ئیندۆنیسییانەدا کە سەردانی مەدینەیان دەکرد. چونکە پەیوەندیی وردی نێوان ئەم بەرزنجییە زۆر بەناوبانگە و یەکەم خوێندنی ئیندۆنیسییەکاندا هێشتا هەر نادیارە.

ئێمە تەنانەت ئەوەش بەتەواوی نازانین و لێی دڵنیا نین کە ئاخۆ خودی شێخ جەعفەر خۆی قادری بووە یان نە. بنەماڵەی بەرزنجی لە عێراق بەناوبانگترین شێخانی قادری بوون لە کوردستان، بەڵام پابەندبوونی ئەم بنەماڵەیە بەم تەریقەتەوە تا ڕادەیەک نوێیە. چونکە وا باس دەکرێت کە بابە ڕەسووڵی دوا باپیری هاوبەشی بنەماڵەکە پابەندی دوو تەریقەتی تر بووە، کە نەقشبەندییە و 'خەڵوەتییە - عەلەوییە' بوون و یەکێک لە

کوڕەزاکانی بە ناوی ئیســـماعیلی قازانقایە (کە دەبێ هاوچەرخی جەعفەر بووبێت)، وا دەگێڕنەوە گوایە یەکەم کەس بووبێت کەوا چووبێتە سەر تەریقەتی قادری[32]. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوشێوەییەکی سەرسوڕهێنەر هەیە لە نێوان ڕێوڕەسم و ڕاهێنانەکانی قادرییە کە لەلایەن شێخانی بەرزنجیی کوردستانەوە ڕێنمایی و ڕابەریی دەکرێت لە لایەک و تایفەیەکی تۆکمەش کە بە *دەبوس* ***debus*** دەناسرێن لە هەندێ ناوچەی دیاریکراوی ئیندۆنیسیادا لە لایەکی ترەوە. لە پــاش بەجێهێنــانی کۆڕی *زیکری* بەکۆمەڵ، کوردی تەریقەتی قادری بە زەرگ و تیغ خۆیان دەبڕن و ئەم پراکتیزە و ڕاهێنانە لە هیچ شوێنێکی تر پەیوەست نین بە قادرییەوە بەڵکوو تەنها وابەســتەی ڕاهێنانەکانی ڕەفاعین[33]. *دەبوس* لە ئیندۆنیســیا (کە لە وشەی دەبوس 'دەرزیی' عەرەبییەوە هاتووە) بە ڕوونی لە هەمان ڕاهێنان و پراکتیزەکانی ڕەفاعییەوە ســەرچاوە دەگرێت و زەرگەکانیش هەمان ئەو شـــێوەیەیان هەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدایە و ســـەرێکی گۆئاســـای دارینیان هەیە و چەند زنجیرێکی کانزایی بچووکیان پێوەیە. لە بانتێن دەبوســـەکان بوونی پەیوەندیی خۆیان بە شـێخ عەبدولقادرەوە دەسـەلمێنن و

---

[32] تەوەکولی ١٩٨٠، ل ١٣٣.

[33] وەسفێکی کۆڕی *زیکری* قادری و یاریکردن بە کەرەستە و شتە تیژەکان لە کتێبەکەی مارتن ڤان بروونەسندا هاتووە، ساڵی ١٩٩٢، ل ٢٣٤ – ٢٤٠.

هەروەها لەگەڵ شـێخ ئەحمەدی ڕەفاعیشـدا، تەنانەت هەندێ تاقم و کۆمەڵیشـــیـان *"بەرزنجی"* دەخوێنن بۆ خۆپـارێزی لە کـاتی ئەنجامدانی ڕاهێنانەکانیادا[٣٤]. مەســـەلەیەکی ســـەرنجڕاکێشـــە باوەڕهێنان بەوەی ئەم لێکچوونانە دەبێ لە سـۆنگەی پەیوەندیی نێوان ناوچەکانەوە بووبن و جەعفەر بەرزنجی یان قوتابییەکانی ئەم پەیوەندییەیـان ڕەخســـاندووە، بەڵام بەڵگەی پاڵپشـــتیش لەبەردەستدا نییە.

نەوە لەدوای یەکەکانی بنەماڵەی بەرزنجی لە مەدینە هەر بە کاریگەری لەوێ مانەوە وەک مامۆســـتایان و نووســـەران یان دانەران و پۆسـتی *موفتیی* شـافیعیی شـارەکە بەزۆریی بەدەسـت ئەوانەوە بووە (وەک چۆن کاتی خۆی بەدەســـت موحەممەد بن عەبدولڕەسوول و جەعفەر بن حەسەنەوە بووە). لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەسـەر نیمچە دوورگەی عەرەبی لە ژێر حوکمی عوسمانیدا (لە مـاوەی ١٨٤٠ – ١٩٠٧دا) تێبینیی دەکـات کەوا ئەنـدامـانی بنەمـاڵەی بەرزنجی موفتێتی مەدینەیـان گرتووەتە دەســـت بۆ زۆربەی ئەو ٦٧ ســـاڵەی توێژینەوەکە[٣٥]. بەپێی ئەم پلە و پایەیە،

---

[٣٤] ڤان بروونەسن ١٩٩٥ ئە، ل ١٨٧ – ١٨٩.

[٣٥] ئۆخنڤالد ١٩٨٤ ، ل ٥٢. عمر رضا کحالة لە فەرهەنگی نووسەر و دانەرە عەرەبەکـانـدا *"معجم المؤلفین"*، دوانزە کەس نـاونووس دەکـات لە کتێـب دانەرانی ئەم بنەماڵەیە، کە زۆربەیان نیشتەجێی مەدینەن.

ئەگەری ئەوە هەیە کەوا زۆرێـک لەم بەرزنجییـانە قوتـابیی ئیندۆنیسییان بووە، بەڵام بەڵگەنامەی بەردەست کەمن. لە کتێبێکدا کە باس لە ژمارەیەکی زۆری *"ئیســـناد"* دەکات (واتە زنجیرەی گواستنەوەی دەقە ئیسلامییەکان) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا بە لای کەمەوە دوو کەس لە عولەما بەناوبانگەکانی ئیندۆنیسـیا هەر یەکەیان کتێبێکیان لەســـەر دەســـتی ئەحمەد بن ئیســـماعیل بەرزنجیدا خوێندووە (کە ســـاڵی ١٩١٤ مردووە)[٣٦]. دەیەیەک یان دوان دواتر، موســـڵمانێکی ناوداری تری ئیندۆنیســـی بە ناوی موحســـین موســـەووا، کە دامەزرێنەری *"مدرســـة دار العلوم الإسـلامية"* ی ئیندۆنیسی بووە لە مەککە، لە مەدینە خوێندوویەتی لەســـەر دەســـتی زەکی بن ئەحمەد ئەلبەرزنجی[٣٧]. کەمی و دەگمەنیی ڕێژەیی کەرەســـتەکانی ژیاننامە (بایۆگرافی) لەبارەی عولەمـا ئینـدۆنیســـییەکـانەوە ڕێگەی ئەوەمـان پێنـادات هیچ ئەنجامگیرییەک بکەین لەبارەی کاریگەریی ئەم بنەماڵەیەوە بەسەر ئەو ئیندۆنیسییانەی ترەوە کە لە مەککە و مەدینە خوێندوویانە.

[٣٦] فلیمبانی، بێ مێژوو، ل ٥٩ – ٦٠ و ٦٣.

[٣٧] عەبدولجەبار ١٣٨٥ / ١٩٦٥– ١٩٦٦، ل ٣٣١ – ٣٣٣.

**بۆچی زۆرێک لە ئیندۆنیسییەکان ناویان کوردییە؟**

**موحەممەد بن سولەیمان و تێبینی و لێدوانەکانی لەسەر ئیبن حەجەر**

لە پێشـەکییەکەدا، ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کەوا کوردی بووە بە ناوێکی شەخسی لە ئیندۆنیسیادا و بە شێوەیەکی حەسرییش لەو خێزانە موسـڵمانانەدایە کە هۆشـیار و بەئاگان. جارێکی تر دەکرێ ئەمە بگەڕێنرێتەوە بۆ کاریگەریی زانایەکی دیاریکراوی کورد، کەوا نووسین و کارەکانی کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە ئیندۆنیسیادا.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسـەلەیە، پێویسـتە شـتێک بوترێت لەبارەی تایبەتمەندیی پێدانی ناوەوە لە ناوەندە ئیسـلامییە ئیندۆنیسییەکاندا. بە شێوەیەکی هاکەزایی سێ جۆر ناو هەیە کە باوەڕ وایە گونجاو بێت لە منداڵێک بنرێت کە لە باوک و دایکێکی موسـڵمانی دیندار بووبێت. یەکەم لێکدانی باوی عەبد لەگەڵ یەکێک لە ناوەکانی خوادا، دووەم جۆر بریتییە لە ناوەکانی پێغەمبەر و خزم و یاوەرانی، سـێهەم جۆر ناوی ئیندۆنیسـیی نموونەییە و بەزۆری ناوی ئەو کەسـانەیە کە ئەقڵییەتی ئاینییان لە ئەرخەبیلدا و بە تایبەتی ئەوانەی کە لە *پێسانترێندا pesantren* خوێندوو یانە، واتە قوتابخانەی ناوخۆیی نەریتیی ئیسـلامی و ئەوانە ناوی منداڵەکانیان بە ناوی نووسـەران یان دانەرانی دەقە گرنگەکانەوە دەنێن کە دەبێ خوێندبێتیان. بەم ڕەنگە لە

ئینـدۆنیســـــیـادا زۆرێـک لەو خەڵکـانە دەبینین کە نـاوی وەک ســــەنوســــی، ڕەملی، مالیباری، غەزالی و .. تادواییان هەیە. من دۆســــتێکم هەیە ناوی تەواوی محمد بن عطاءالله شــــۆهیبول حیکەمە (واتە م. ب. عطاالله دانەری حیکەم). وا دیارە ئەم ناوانە ئەوە دەگەیەنن کە زیـاتر خـاوەن عیلم و تەقوان وەک لە نـاوە ئیسلامییە ئاساییەکانی دوو شێوازەکەی تر. ئەوجا ناوی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کۆمەڵەیان و ئیشــــارەتە بۆ نووســــەر یان دانەری کـارێـک یـان بەرهەمێکی *فیقـە* کەوا زۆر لەمێژە لە *پێســــانترێنێکی* جاوایدا خوێندراوە. هەردوک دانەر و کار یان بەرهەمەکەی بە شێوەیەکی میللی بە *سلێمان کوردی* دەناسرێن[٣٨].

سـلێمان کوردی یان ڕاسـتتر بڵێین، موحەممەد بن سـولەیمان ئەلکوردی، ســـاڵی ١٧١٥ لە دیمەشــق لەدایکبووە و لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا لە تەک باوکیدا چووە بۆ مەدینە و زۆربەی ژیانی لەوێ بەســـەربردووە و لە ســـاڵی ١٧٨٠دا کۆچی دوایی کردووە. لێرە بووە بە *موفتیی* شــــافیعیی شــــار و زۆر کار و بەرهەمی گرنگی *فیقهیی* نووســــیوە. ئەو کتێبەی کە ناســــراو و باوە لە

[٣٨] بەم ناوەوە ئەو کارە فیقهییە دەبینین کە باسکراوە لە ڕووماڵێکی ئەدەبی پیســانترێندا کە زیاد لە ســەدەیەک لەمەوپێش کراوە. ڤان دێن بێرگ ١٨٨٦. ڕووماڵێکی وردتر و نوێتری لەم چەشنە بۆ ئەدەب لە کتێبەکەی بروونەسندا باسکراوە، بروونەسن ١٩٩٠ ب.

ئیندۆنیسیادا و (هێشتا لەوێ هەر چاپ دەکرێتەوە) ئەم کتێبەیەتی *"ئەلحەواشی ئەلمەدەنییە - الحواشی المدنیة"*، کە تێبینی و لێدوانە لەسەر کتێبەکەی بافضل *"المقدمة الحضرمیة"* - یان شیکردنەوە و تێبینیی گشتگیرتر لەسەر سەرنج و تێبینیی پێشتر لەسەر کتێبی *"منهاج القویم"*ی ئیبن حەجەر. هەروەها کۆپییەکی گەوهەریتر هەیە لە سەرنج و تێبینییەکەی کوردی، کەوا گەلێ ڕوونکردنەوەی ئیزافیی لەخۆگرتووە و ناونیشانەکەی *"المواهب المدنیة"* یە. ئەم کتێبە لەئێستادا بەکارهێنانی گشتیی نییە بەڵام ناوبانگێکی گەورەی هەیە لە ناو زانا و پسپۆڕاندا. پێدەچێت بەتایبەتی دڵبەندی ئەو عولەما ئیندۆنیسییانە بووبێت کە لە مەککە و مەدینەدا خوێندوویانە یان نیشتەجێ بوون، چونکە لەگەڵ بەشدارییەکی سەرەکیی ئیندۆنیسیدا لەسەر ئەم بابەتە پێکەوە چاپکراون، کە ئەویش سەرنج و لێدوانەکانی مەحفووز ئەلتەرماسییە لەسەر *"منهاج القویم"*[39].

---

[39] هێشتا حەواشی (بە *کوردیی سوغراش*، واتە کوردیی بچووک ئاماژەی پێدەکرێت) تا ئێستاش بە ڕێکوپێکی چاپ دەکرێتەوە لە ئیندۆنیسیادا، مەواهیب (کە کوردیی کوبراشی پێدەوترێت 'کوردیی گەورە') بە چوار بەرگ چاپکراوە لە المطبعة العامرة الشرفیة لە مەککە، بەبێ مێژوو. بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی بیبلۆگرافیی لەسەر موحەممەد بن سولەیمان بڕوانە تۆمارەکانی موڕادی *"سلک الدرر"*، بەرگی ٤، ل ١١١ - ١١٢؛ بڕۆکلمان GAL II, 389 and S II, 555؛ هەروەها مەردۆخیی ڕۆحانی ١٣٦٤ / ١٩٨٥،

موحەممەد بن سولەیمان ئەلکوردی و کارەکانی لەسەر *فیقە* بوون بە کار و بەرهەمی ناسراو لە ئیندۆنیسیادا لەبەر ئەوەی ژمارەیەک قوتابیی ئیندۆنیسیی کاریگەری هەبوو. موحەممەد ئەرشەد ئەلبەنجاریی دانەری گرنگترین کاری *فیقهیی* مالیزی *"سبیل المهتدین"*، یەکێک بوو لە قوتابییەکانی. نووسەرانی بایۆگرافی یان ژیاننامەنووسانی ئەرشەد ئەلکوردییان وەک مامۆستایەک خستووەتە ڕوو کەوا گەورەترین کاریگەریی هەبووە لەسەری لە ماوەی خوێندنەکەیدا لە حیجاز. ژیاننامەنووسانی ناوخۆ دەگێڕنەوە کەوا کاتێ ئەرشەدا هێشتا قوتابی بووە داوای *فەتوایەکی* ئەلکوردیی کردووە لەبارەی پراکتیزە و ڕاهێنانێکی ناوخۆییەوە لە زێدی ڕەسەنی خۆی لە بۆرنیۆی باشووردا. لەوێ سوڵتانی ناوخۆیی، کە قوتابیی ئەرشەد بووە، هەوڵیداوە ڕیفۆرمێک لە ئامادەبوونی گشتیدا بکات بۆ نوێژی هەینی لە مزگەوتی دەوڵەتدا لە ڕێگەی پێبژاردنێکەوە بۆ ئەوانەی بەشدار نابن. ئەرشەد لە مامۆستاکەی پرسیوە کە ئاخۆ ئەم ڕەفتارە ڕەوایە. وەڵامی ئەم پرسیارە دواتر کەوتووەتە

---

بەرگی ١، ل ٢٥٢٢ - ٢٥٢٣. بە ئاماژەکردنیش بۆ جەماوەریتیی کوردیی لە ناوەندە دیاریکراوەکاندا، کۆمەڵێک فەتوا بەم دواییە لە لایەن عولەما ئیندۆنیسییەکانی نیشتەجێی مەککە کە سێ جار ئیشارەت بە *"کوردیی سوغرا"* دەدەن و یانزە جاریش *"کوردیی کوبرا"* وەک دەسەڵاتێک

"*فەتوا*" [40] کۆکراوەکانی ئەلکوردییەوە. نەریت و گێڕانەوەی زارەکی لە بۆرنیۆی باشووردا باس لەوە دەکات کە ئەوە بەتەنها ئەرشەد نەبووە بەڵکوو هاوچەرخە ئیندۆنیسییەکانیشی بوون کە لەسەر دەستی موحەممەد بن سولیمان ئەلکوردی خوێندوویانە. یەک لە گێڕانەوەکانی کە وا دیارە لە عەبدولسەمەد فالمبانیی بەناوبانگی نەوەی ئەرشەدەوە سەرچاوەی گرتووە لەگەڵ دوو عولەمای کەمتر ناسراودا، عەبدولواحید ئیدریس و عەبدولڕەحمان ئەلمیسری لە باتاڤیا لەگەڵ ئەرشەددا پێکەوە ئامادەی موحازەرەکانی ئەلکوردی بوون لە مەدینە و پێکەوە لە سالانی ١٧٧٠کاندا گەڕاونەتەوە بۆ ئیندۆنیسیا کاتێ کە ڕابەریان ناردوونی بۆ ئەوێ بۆ ڕێنمایی کردنی هاونیشتمانییەکانیان[41]. بەهەرحاڵ، ئەلکوردی بەردەوام بوو لە پیادەکردنی کاریگەرییەکانی خۆیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ناوەندێکی تایبەتەوە لە مەککە و مەدینەدا کەوا کار و بەرهەمەکانی

---

[40] زەمزەم ١٩٧٩، ل ٥؛ ئەبو داودی ١٩٨٠، ل ٢٥. هیچ دانەر یان نووسەرێک باسی لەوە نەکردووە کە وەڵام چی بووە.

[41] خالیدی ١٩٦٨، ل ١٤ – ١٨. لەگەڵ ئەوەشدا، عەبدولسەمەد ناوی ئەلکوردیی نەهێناوە لە هیچ کار و بەرهەمێکیدا (هەرچەندە باس لە زۆر کاری تر دەکات)، بەتەواویش جێی گومانە کە گەڕابێتەوە بۆ ئەرخەبیل. هەروەها ئەلکوردی لەلایەن گەورە مامۆستا هاوچەرخە مەلایۆکانی تری ئەرشەدیش باس نەکراوە و لەوانەش داود عەبدوڵڵا ئەلفەتانی.

دەگواســـتەوە. ئەم نـاوەنـدەش ئەو عولەمـا ئینـدۆنیســـییە سەرەکییانەی لەخۆدەگرت کە لە مەککە نیشتەجێ بوون ، چەشنی نەوەویی گەورە لە بانتێن[٤٢].

## دوو ڕابەری گەورەی کوردی نەقشـــبەندی: مەولانا خالید و موحەممەد ئەمین ئەلکوردی

تەریقەتی نەقشـــبەندی لە ئیندۆنیســـیادا لانی کەم لە ســـەدەی حەڤدەوە ناســـراوە، بەلام لەڕاســـتیدا جەماوەرێتییەکی گەورەی بەدەســـتنەهێنا تا دوادوایی ســـەدەی نۆزدە. ئەو لقەی تەریقەتەکە کە بەخێرایی لە سـەرانسـەری ئەرخەبیلدا تەشـەنەی کرد خالیدییە بوو کە بە ناوی مامۆســـتا و ڕیفۆرمخوازی کاریزمی مەولانا خـالید زیـائەدین ئەلبەغدادی (یـان ئەلکوردی) هەڵگرتبوو، کە بە

[٤٢] شێخی سۆمەتری یاسین ئەلفەدانی کە تا مردنی لە سەرەتای ١٩٩٠کاندا قوتـابخـانەی ئینـدۆنیســـیی نەریتیی "دار العلوم الدینیـة"ی بەڕێوەدەبرد لە مەککە، لە کتێبەکەیـدا "العقـد الفریـد" (١٩٨١/١٤٠١، ل ٨٣ - ٨٤)، زنجیرەی گواســـتنەوەی (*ئیســـنـاد*) بەوەی کە ڕێنمـایی وەرگرتووە لە کتێبەکەی ئەلکوردی *"الحواشـــی المدنیة"* : یەکەم گوێزەرەوە لە دوای کوردیی خۆیەوە، سـۆفیی ناسـراو محمد بن عبدالکرین السـمان بوو، لە دوای ئەویش سـریف بن عبدالمجید الزیادی و ئەوجا دوو پیاو لە پالیمبانگ (عقیب بن حسن الدین و عبـدالصـــمـد) و نەوەویی بـانتێن.زنجیرەکە بەردەوام دەبێت لە ڕێگەی عبدالحمید قودسـەوە (نووسـەری کاری زۆر بەکارهاتوو لەبارەی ئوسـوولی *فیقهەوە*) و سید علی الحبشی لە کویتانگ (جاکارتا) تا دەگاتە شێخ یاسین.

تەنها ئەندازەی بووژاندنەوەی تەریقەتەکەی لەئەستۆگرت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا.

خالید نێوەندگیرێکی کولتووریی کوردی بوو لە چوارچێوەیەکی نەریتیدا. ئەمیش، وەک زۆرێک لە عولەما کوردە گەورەکان، لە شارەزوور لە ساڵی ١٧٧٦ یان ١٧٧٩ لەدایکبووە. لە بەشە جێگیرەکەی هۆزی جافدا (نەک ئەو بەشەی کە تا ئەو کاتە و دواتریش کۆچەر بوو – وەرگێڕ). خالید لەسەر دەستی عولەما گەورەکانی کوردستان خوێندی و پاشان گەشتی دیمەشق و مەککە و مەدینەی کرد بۆ چاوپێکەوتن و خوێندن لەسەر دەستی عولەما مەزنەکانی زەمانی خۆی. پاشان بەدوای خەوبینینێکدا چوو بۆ هندستان بۆ خوێندن لەسەر دەستی ڕابەرێکی نەقشبەندیی پێشەنگ، کە عەبدوڵڵای دەهلەوی بوو (هەروەها بە شاه غولام عەلیی ئەلئەحمەدیش دەناسرێت)، کە بوو بە بەرچاوترین قوتابیی ئەو مامۆستایە. لە پاش مانەوەی ساڵێک لە دەلهی، گەڕایەوە بۆ ڕۆژاوا بە *ئیجازەیەک* و ڕێنمایی ڕوون و ئاشکرای ڕابەر و مامۆستاکەیەوە بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا. لە ساڵانی نێوان گەڕانەوەی بۆ عێراق لە ١٨١١دا و کۆچی دوایی لە ١٨٢٧دا، بەدوای یەکدا لە سلێمانی و بەغدا و دیمەشقدا ژیاوە و بە لای کەمەوە ٦٧ *خەلیفەی* داناوە، لە کورد و تورک و عەرەب لە ناوچە جیاجیاکانی ئیمپراتۆرییەتدا. لە پاش خۆی نووسینی بە زمانی

فـارســـــی و عەرەبی و زمـانی دایکیی خۆی کوردی و گۆرانی بەجێهێشــتووە، کە لە ڕۆژگاری ئەمدا هێشــتا هەر زمانی ئەدەبی بوو لە باشووری کوردستاندا[٤٣].

یەکێک لەو خەلیفانەی عەبدوڵڵا ئەلئەرزنجانی بوو، کە ڕەوانەی مەککە کرا و لەوێ خۆی و جێگرەوەکـانی ژمـارەیەکی گەورەی قوتابی و موریدیان ڕاکێشا لە ناو ئیندۆنیسییەکاندا، کە زۆرێکیان ماوەی دوور و درێژ لەوێ دەمانەوە پاش بەجێهێنانی فەریزەی حەج. یەکەم کەســی ئیندۆنیســیی ناســراو کە پابەند بووبێت بەم لقەی نەقشــبەندییەوە ئیسـماعیل مینانگکاباوی بوو (لە گرووپی ئیتنیکیی مینانگکاباو لە سـۆمەترەی ڕۆژاوا)، کە قوتابی و جێگری ئەرزنجانی بوو، لەگەڵ سولەیمان ئەلقرمیی جێگرەوەی. لە ساڵانی ١٨٥٠کاندا ئیســـماعیل گەڕایەوە بۆ ئەرخەبیل بۆ ماوەی چەند سـاڵێکی کەم و لەوێ چەندین کەسی هێنایە ناو تەریقەتەکەوە، لە نێویـانـدا بنەمـاڵەی حوکمڕانی مەملەکەتی دوورگەی ڕیـاو - جۆهۆر. ئەو ڕاکێشـانەی کەوا نەقشـبەندیی - خالیدی پراکتیزەیان

---

[٤٣] چەندین لێکۆڵینەوەی ژیاننامە (بایۆگرافی) هەیە لەسـەر مەولانا خالید، کە بەسوودترینیان ئەمانەن: ئەلخانی ١٣٠٦/ ١٨٨٨ - ١٨٨٩ و مودەڕیس ١٩٧٩، بە زمـانی ئینگلیزی حۆرانی ١٩٧٢، بە زمـانی فەرەنســـی حەکیم ١٩٩٠ و چۆدکیڤیچ ١٩٩٧. ئەلخانی لیســـتێکی بە ناوی خەلیفەکانی مەولانا خالید کردووە. باسێکی سۆسیۆلۆجیی لەبارەی خێرا تەشەنەکردنی نەقشبەندییە - خالیدییە لە کتێبەکەی بروونەسندا هاتووە، ١٩٩٢، ل ٢٢٤ - ٢٣٤.

دەکرد بەسەر ئەو ئیندۆنیسییانەی سەردانی شارە پیرۆزەکانیان دەکرد هێجگار بەهێز بوو و زانیارییان بۆ زمانی عەرەبیی تەواو نەبوو، بایەخپێدانی شـــێخەکانیش (دارایی و بواری تریش) بەو مورید و قوتابییانە زۆر گەورە بوو، بە ئاســـتێک کەوا تاقمێکی هەمیشـــەیی مـالایی زمـان لە *زاوییەکەی (تەکێکەی)* عەبـدوڵڵا ئەرزنجانیدا دروســتبوو لەســەر جەبەل ئەبو قوبەیس بۆ ئەوەی ئیندۆنیسییەکان فێری پرەنسیپ و تەکنیکەکانی تەریقەتەکە بکەن[٤٤].

لە کاتێکدا کە *زاوییەی* ســەر جەبەل ئەبو قوبەیس وردە وردە پەرەیدەســـەند، بەتایبەتی لە ژێر ســـایەی ســـولەیمان ئەلقرمیی جێگرەوەی ســـولەیمان ئەلزوهدی، بەرەو مەکینەی بەرهەمهێنانی *ئیجازە* بۆ هەر ئیندۆنیسـییەک کە پەرۆشـی بەدەسـتهێنانی بوو، بەڵام جارێکیتر عالمێکی کورد لێرە ئەو کتێبەی نووســـی کە بوو بە ڕێنومای ســـەرەکی بۆ نەقشـــبەندیی ئیندۆنیســـی. لە ســـاڵانی ١٨٨٠کان و ١٨٩٠کاندا، ئەو ئیندۆنیســـییانەی چووبوونە ناو تەریقەتی نەقشـــبەندییەوە لە مەککە کۆپیی ئەم کتێبانەیان لەگەڵ خۆیان دەبردەوە بۆ وڵاتی خۆیان، وەک "*جامع الأصـــول فی الأولیاء*"ی ئەحمەد گویمویشـــخانەوی یان نامە کۆکراوەکانی ســـولەیمـان ئەلزوهـدیی نـاودارترین و ســـەرکەوتووترین

---

[٤٤] بڵاوبوونەوەی نەقشـــبەندییە - خالیدییە بە وردەکارییەکی زۆرەوە لە کتێبەکەی برووونەسندا هاتووە، ١٩٩٠ئە و ١٩٩٤ ب.

مامۆستاکانی مەککە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کتێبەکەی *"تنویر القلوب"*ی موحەممەد ئەمین ئەلکوردی بەخێرایی جێی ئەم کار و بەرهەمانەی گرتەوە بەو پێیەی بەسوودترین کتێب بوو لەبارەی تەریقەتەکەوە و حاڵی حازریش تا ئاستێکی باش بەرفراوانترین دەقی نەقشبەندییە بۆ بەکارهێنان لە ئیندۆنیسیادا.

موحەممەد ئەمین ئەلکوردی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا لە هەولێر لەدایکبووە و لەسەردەستی عولەماکانی ناوخۆ زانستە ئیسلامییەکانی خوێندووە. لەسەر دەستی شێخ عومەر زیائەدینی ناوداری بیارە (لە شارەزوور) پابەندی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، کە نەوەی دووەمی *خەلیفەکانی* مەولانا خالید بووە. لە بیارەوە ڕاستەوخۆ ڕۆیشتووە بۆ مەدینە و لەوێ بۆ ماوەی دە ساڵ ماوەتەوە و لە یەکێک لە *مەدرەسەکانی* ئەوێدا دەرسی وتووەتەوە. پاشان لەوێوە چووە بۆ ئەزهەر لە قاهیرە و لەوێ پێگەیەکی هاکەزایی وەرگرتووە وەک سەرپەرشتیاری *ڕیواقی* کوردی و لەوێ ماوەتەوە تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩١٤دا. ئەم زانایە نزیکەی دوانزە کتێبی نووسیوە، کە *"تنویر القلوب"*ەکەی بایەخدارترین و ناودارترینیانە[٤٥]. هاوتەریب لەگەڵ نەریتی

---

[٤٥] تاقە کارە چاپکراوەکەی تری *"المواهب السرمدية في مناقب النقشبندية"* (القاهرة ١٩١١/١٣٢٩)، کە بریتییە لە کۆکراوەیەکی بایۆگرافیی شێخە کوردەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی - خالیدی.

کوردیی زانیاریی فرەزماندا، کار و بەرهەمەکانی غەزالیشـــی لە فارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی[٤٦].

من نەمتوانی ئەوە بـدۆزمەوە کە ئـاخۆ موحەممەد ئەمین ئەلکوردی، لە ماوەی ئەو دە ســاڵەدا کە لە مەدینە ماوەتەوە یان ئەو ســـەردەمەی کە بەدوایدا هات لە ئەزهەر، هیچ قوتابییەکی ئیندۆنیسـیی هەبووە. هەڵبەت لە هیچکام لەو *سـیلسـیلە* زۆرانەی نەقشـــبەندیی ئیندۆنیســـی کە من بینیومن ناوی ئەو نەهێنراوە. بەڵام زۆر پێدەچێت هەندێ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بووبێت، چونکە لە هەردوک مەدینە و ئەزهەردا هەمیشە ژمارەیەکی زۆر قوتابیی ئینـدۆنیســـی هەبوون. ئەم پەیوەنـدییـانەش بە زەروورەت لە *سـیلسـیلەدا* ڕەنگ نادەنەوە. ئەوە نەبێت کە لانی کەم حاڵەتێکی پەیوەنـدیی دواتری نـاڕاســـتەوخۆی یەکێک لە نەقشـــبەنـدییە ئیندۆنیســییەکان هەیە بە موحەممەد ئەمین ئەلکوردییەوە. یەکێک لە مامۆستا نەقشبەندییەکانی ئەم سەردەمە لە کەناری باکووری جاوا، بە ناوی کیای حاجی عەبدولوەهاب شـــافیدز لە ڕەمبانگ، پێیوتم کەوا ئەو نەجمەدین ئەلکوردیی کوڕی موحەممەد ئەمینی

[٤٦] وردەکـاریی لەبـارەی ژیـاننـامەی محەممەد ئەمین ئەلکوردییەوە لە پێشـەکیی زۆربەی چاپەکانی "تەنویرولقلووب - تنویر القلوب" دا هەیە. باس و تێبینیی تریش لە مودەڕیس ١٩٨٣، ل ٥٤٥ - ٥٤٧ و مەردۆخیی ڕۆحانی ١٣٦٤ / ١٩٨٥، ل ١٢٥ - ١٢٦.

ناسـیوه کاتێ کە لە سـاڵانی ١٩٦٠کاندا لە ئەزهەر خوێندوویەتی. ئەم پیاوە ڕێزێکی زۆری لە نەجمەدین گرتووە و بە مامۆسـتای خۆیی دانـاوە - بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە شـوێنکەوتنی *سیلسیلەکەی* لە ڕێگەی باوکی خۆیەوە، کە مامۆستای یەکەمی بووە.

**بۆچی عولەما کوردەکان زۆر کاریگەر بوون لە ئیندۆنیسیادا؟**

ڤێرژنێکی پێشـتری ئە باسـەم لە گۆڤارێکی ئیسـلامیی ئیندۆنیسیدا بڵاوکردەوە بە ناونیشانێکی ورووژێن "ئاخۆ ئەگەری ئەوە هەیە کەوا کوردەکان ئیندۆنیسـیان کردبێت بە موسـڵمان؟"، ئەوەی من مەبەسـتم بوو کەوا لەم ڕێگەیەوە گاڵتە بەو تیۆرییە ڕکابەرە هۆکار یەکلایەنە بکەم کەوا لە پرۆسـەی بەئیسـلامکردنی ئیندۆنیسیادا بازرگانە هندی یان عەرەب یان چینییە موسڵمانەکانی پێ لەپێشـترە و جەخت لەسـەر ڕۆڵی حەج دەکات بۆ حیجاز لە پرۆسـەی بەئیسـلامبووندا[٤٧]. ڕوون و ئاشـکرایە کەوا ژمارەیەکی زۆر لە عولەماکانی تر کەوا کاریگەریی گەورەیان هەبوو، لەسـەر ئیسلامی ئیندۆنیسی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. ڕەنگە ئەوانەی بەگومانن باوەڕیان وابێت کە فۆکەسـی حەسـریم لەسـەر عولەما کوردەکان ئەنجامی نواندنی زیادەڕۆییەکە لە کاریگەریی "کوردیدا". ئەو ئیندۆنیسـییانەی کە لە مەککە و مەدینە

[٤٧] ڤان بروونەسن ١٩٨٧.

دەیانخوێند دەبوو مامۆســـتایان هەبێت لە بنەچەی هەرێمی و ئیتنیکیی جۆراوجۆر. لە ڕاســتیدا لە ســەردەمی مانەوەی سـنۆک هۆرخرۆنیە Snouck Hurgronje لە مەککە لە ســـاڵی ١٨٨٥دا، پێدەچێت یەک کورد لە ناو ئەو مامۆســـتایانەدا نەبووبێتن کە جەماوەرێتییان هەبووبێت لای ئیندۆنیسـییەکان[٤٨]. هەمان شـتیش بۆ سەدەی بیست ڕاست بوو. بەهەرحاڵ، ئەگەر چاوێک بۆ دواوە بگێڕینەوە بۆ ســـەردەمەکانی پێشـــوو، زۆرێک لەو عولەمایانەی مەککە و مەدینە نـادۆزینەوە کەوا کـاریگەریـیـان لە نـاو ئیندۆنیسـییەکاندا شـان لە شـانی کاریگەریی ئیبراهیم ئەلکوورانی و جەعفەر ئەلبەرزنجی و محەممەد بن ســـولەیمـان ئەلکوردی بدات، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەولانا خالیدیش. لە واقیعدا، ئەو مـامۆســـتـایـانەی کە گەورەترین ژمـارەی قوتـابییە ئیندۆنیسـییەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشـابوو لە کاتی سـەردانی ســـنۆک هۆرگرۆنیەدا هەردوو جێگرەوە ڕکابەرەکەی عەبدوڵڵا ئەلئەرزنجـانیی جیگرەوەی مەولانـا خـالیـد بوون. ئەوان قوتابییەکانیان فێری پەیوەستبوونێکی ڕۆحیی ڕاستەوخۆ (*ڕابیتە*)

---

[٤٨] بەرگی دووەمی کارەکەی ســـنۆک هۆرخرۆنیە لەســـەر مەککە (١٨٨٩) دەوڵەمەندترین ســـەرچاوەیە لەســـە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی لە مەککە لە دوادوایی سەدەی نۆزدەدا و کورتەیەک پێشکەش دەکات لەسەر تەدریسی عولەما سـەرەکییەکان لەوێ و ئەوجا وەسـفێکی کۆمەڵگەی یان کۆمیونیتییە ئیندۆنیسییەکانی (جاوابیەکان) نیشتەجێی مەککە دەکات.

دەکرد لەگەڵ مەولانا خالیددا لە ڕێگەی ڕاهێنانێکەوە کە بە خەیاڵ ئەوی تێدا بەرجەستە و وێنا بکرێت[٤٩].

ڕەنگە یەکێک لە لێکدانەوەکان بۆ بایەخی مامۆستا کوردەکان لە ناو موسڵمانە ئیندۆنیسییەکاندا ئەو ڕاستییە بووبێت کەوا ئیندۆنیسییەکانیش لانی کەم لە سەدەی شانزەوە پەیوەستی *مەزهەبی* شافیعی بوون، وەک چۆن کوردەکانیش وایان کردووە و (هەروەها عەرەبی حەزرەمەوت و زۆرێک لە میسرییەکان، بەڵام بە پێچەوانەی زۆربەی عەرەب و تورک و هندییەکانەوە). ئەو ئیندۆنیسییانەی کە لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخوێنن دەبینین تا ڕادەیەک پەیوەندی کردنیان بە کوردەوە ئاسانترە بەراورد بە عەرەب بە هۆی ئەم کۆلکەی هاوبەشەوە لە

---

[٤٩] وێناکردنی مامۆستا بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵیدا و وەرگرتنی ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی *(ڕابیتە بیلشەیخ)* یەکێکە لە هونەر و تەکنیکە جیاکار و تایبەتمەندەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، کە بە تایبەتی لە خالیدییەدا گرنگیی پێدەدرا. بڕوانە چۆدکیڤیچ ١٩٠٠. بەعادەت مورید بە خەیاڵ رابەر و مامۆستاکەی خۆی دێنێتە بەرچاوی، بەڵام مەولانا خالید فەرمانی بە خەلیفەکانی کردووە کە دەبێت موریدەکان ڕاستەوخۆ *ڕابیتە* لەگەڵ خۆیدا بەجێبێنن و ئەوانیش بەردەوام بۆ چەندین پشت لە دوای مردنی ئەم کارەیان بەو شێوەیە ئەنجامدەدا. ئەو تێبینییانەی ڕێنماییەکانی پراکتیزە و ڕاهێنانی نەقشبەندی کورتکردووەتەوە ئیندۆنیسییەکان لە مەککەوە لەگەڵ خۆیاندا بردوویانەتەوە وەسفی کورتی ڕوخساری جەستەیی مەولانا خالیدی تێدایە، تاوەکو بزانن چۆنی وێنا دەکەن.

مەزهەبـدا[٥٠]. ڕەنگە ئەم فـاکتەرە تـا ڕادەیەکی دیـاریکراو ڕۆڵێ بینیبێت، هەرچەندە پرسـی مەزهەب تەنها پەیوەندیی بە مەسـەلە فیقهییەکانەوە هەیە نەک بە لایەنەکانی تری بـاوەڕ و پراکتیزەی موسڵماناندا. لە واقیعدا، هەندێ لە کاریگەرترین مامۆستایانی نیمچە دوورگەی عەرەبی کەوا ئیندۆنیسـییەکان لەم سـەدەیەدا لە لایان خوێندوویانە شـافیعی نەبوون بەڵکوو مالیکی بوون. لەو زانایانەی مەزهەبی غەیرە وەهابی کە لە مەککەدا چالاک بوون و ئیندۆنیسییەکان زۆرترین ڕێزیان لێدەنان، سـەید عەلەوی بن عەبباس ئەلمالیکی و کوڕەکەی محەممەد بن عەلەوی ئەلمالیکی بوون. ئیندۆنیسـییەکان هەموو باس و بابەتەکانیان لای ئەوان خوێندووە، بە *فیقهی* شافیعییشەوە! لەبەر ئەوە ناکرێت تەنها مەزهەب هۆکاری کاریگەریی مامۆسـتا کوردەکان بە سەر قوتابییە ئیندۆنیسییەکاندا لێکبداتەوە.

---

[٥٠] بۆ ئەم سـەرنج و تێبینییە من قەرزاری عەبولڕەحمان وەحیدی سـەرۆکی کۆمەڵەی سـەرەکیی موسـڵمانە نەریتییەکانی ئیندۆنیسـیام. چونکە کاتێ بۆ یەکەمجار باسـی تێزەکەی خۆم کردلەبارەی کاریگەریی کورد لەسـەر ئیسـلامی ئیندۆنیسـی ئەو دەسـبەجێ قەناعەتی پێکرد بە هۆی ئەزموونی خۆیەوە وەک خوێندکارێک لە بەغدا، کە زۆربەی دۆسـت و برادەرەکانی کورد بوون و ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕاسـتییەی کەوا، بە حوکمی ئەوەی وەک ئەمان شـافیعی بوون، پەیڕەویی هەمان بنەمایان کردووە لە ڕێوڕەسـمی پاکوخاوێنی وکاتی نوێژ و شـتی لەم چەشـنەیان کردووە و پێکەوە ژیان لەگەڵیاندا ئاسانتر بووە.

لاموایە خـاســـییەتیکی تری هـاوبەش هەیە کەوا قوتـابییە ئیندۆنیســییەکانی کێشـکردووە بۆ مامۆسـتا کوردەکان یان کارە نووسراوەکانیان و وادیارە لێکچوونێک هەیە لە هەڵوێستی ئاینیی نێوان موســـڵمانە ئیندۆنیســـییەکان و کوردەکاندا، کە ئەویش فاکتەری کێشـــکردنی هاوبەشـــە بۆ ســـۆفیگەری و بۆچوونی میتافیزیکی و باوەڕی چەســـپاو بە موعجیزە و پیاوچاکان و پیرۆزی. ئیندۆنیسییەکان کۆک بوون لەسەر باوەڕی میتافیزیکای *"وحدة الوجود"*، چونکە هاوشـــێوە یان تێکەڵە بەو بیر و باوەڕە ســـۆفییانەی پێش هاتنی ئیســـلام. دەکرێ هەمان شـــت بۆ کوردســـتانیش ڕاســـت بێت و بەتایبەتی بۆ گۆران، کە تیایاندا هەمیشە بیدعەکانی یەکێتیی بوون و فەیز و تەجەللی و دۆنایدۆن زەمینەیەکی بەپیت و دەوڵەمەندی بووە بۆ گەشەسەندن.

عولەماکانی وەک ئیبراهیم ئەلکورانی و مەولانا خالید لە پێگەی نێوەنـدگیریـدا بوون لە نێوان بیـدعە و ئوســـوڵییەتـدا (ئۆرسۆدۆکسی) و دژ بەو بیدعانەی کە ڕەگی قووڵیان هەبوو لە زێدی ڕەسەنیاندا ئەوان نوێنەرایەتیی کاردانەوەیەکی ئوسووڵییان دەکرد. بەڵام لەبری ڕەتکردنەوەی تێکڕا مەزهەب و پراکتیزە و ڕاهێنانە ســـۆفیگەرییەکان، کە بەئاســـانی کەوتبوونە نێو بیدعە و هەرتەقەوە، کەچی پابەند بوون پێیەوە و لێکدانەوەیەکی وایان بۆ هێنایەکایەوە کە بیگونجێنن لەگەڵ باوەڕی ئوســـووڵیدا. هەڵبەت ئەمە بوو کە وای لە بیر و بۆچوونیان کرد سەرنجڕاکێش بێت بۆ

زۆرێک لە موسڵمانە ئیندۆنیسییەکان، کە ئەمانیش لای خۆیانەوە ویستیان چارەسەرێکی ناوەڕاست بدۆزنەوە لە نێوان نەزعەی یاسا و ڕێسای وشکوبرینگ و سۆفیگەریی گرێدراوی یەکێتیی بووندا.

لایەنێکی تری ڕۆحانییەتی موسڵمانە ئیندۆنیسییەکان ڕێز و شکۆ دانانە بۆ پیاوچاکان و باوەڕی چەسپاو بە کەرامات و پەرجوویان و ئەو خێر و بەرەکەتەی دەسگیر دەبێت لە کاتی سەردانی گۆڕ و مەزارەکانیاندا. بێگومان ئەم هەڵوێستە لە سەرتاپا جیهانی ئیسلامیدا بوونی هەیە، بەڵام ئەوە دیسانەوە عولەما کوردەکان بوون کە بە وشە گوزارشیان لێوە کردووە و بە شێوەکی وا کە ئیندۆنیسییەکان دڵبەندی بوون. وەک پێشتریش باسکرا، کەوا نووسەرێک نییە لە ئیندۆنیسیادا لە جەعفەر ئەلبەرزنجی بەناوبانگتر بێت بە هۆی *"مەولید"* و *"مەناقیب"*ەکەیەوە بۆ شێخ عەبدولقادر. بەرزنجی تاقە نووسەر یان دانەری کورد نییە کەوا بە هۆی خستنەڕووی پەرجووەکانەوە جەماوەری خەڵکی ئیندۆنیسیی وابەستەی خۆی کردووە. بەلای کەمەوە دانەرێکی تری کورد هەیە بۆ ئەم بوارە و نزیکەی هاوچەرخی بەرزنجییە و لە ڕووی کولتوورییەوە گونجاو و نزیکە لە خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە. لەم ساڵانەی دواییدا، دوو *پێسانترێنی* جاوایی ڕۆژهەڵات، بۆ سوودی قوتابییەکانیان، دەقێکیان سەرلەنوێ چاپکردەوە بۆ بەرگری کردن لە پەرستشی پیاوچاکان و باوەڕهێنان بە کەرامات و پەرجووەکانیان بە ناوی

"*الفجر الصادق فی الرد علی منکر التصوف والکرامات و الخوارق*".
نووسەری ئەم نامیلکە پڕ مشتومڕە دژە وەهابییە، کە لە بنەڕەتدا ســـاڵی ١٩٠٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، جەمیل ئەفەندیی ســـیدقیی زەهاویی کوردی عێراقە (١٨٦٣ - ١٩٤٠). ئەمیش وەک عولەماکانی تری تا ئێستا ناویان هاتووە خەڵکی کوردستانی باشوورە[٥١].

لە کۆتـاییـدا، نووســـەران و دانەرانێکی کورد هەن کەوا کارەکانیان بەدیاریکراوی شـــتێکی کوردی ناگەیەنێت و تەنها بە ڕێکەوت لای ئیندۆنیســـییەکان ناســـراون. بۆ نموونە حاڵەتی جەمالەدین ئیبنولحاجیب (ســـاڵی ١٢٤٩ کۆچی دوایی کردووە)، کەوا کارەکانی لەسەر ڕێزمانی عەرەبی، (*ئەلکافییە و ئەلشافییە* – *الکافیة و الشافیة*)، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەرخەبیلدا ناسراون[٥٢].

---

[٥١] جەمیـل کوڕی محەممەد فەیزیی زەهـاویی موفتیی بەغـدا بووە، کە پەیوەندیی بە بنەماڵەی بابانەوە بووە کە سەردەمێکی دوور و درێژ حوکمی سـلێمانییان کردووە. جەمیل شـاعیرێکی سـەرکەوتوو و نووسـەرێکی "ڕووناکبیر" بووە Bio-bibliography in GAL S III: 483 – 8 . کار و بەرهەمەکانی لە لایەن پێسـانترێنەوە لە لیربۆیۆ، کەدیری چاپکراونەتەوە و هەروەهـا لە لایەن خـانەی بڵاوکردنەوەی دەنـانیـارەوە لە جۆمبـانـگ، کە هەردوکیـان لە جاوای ڕۆژهەڵاتن. دوا تـاقە نووسـەری ئەم بوارە کە لە ئیندۆنیسـیادا ناسـراو بێت یوسـف نەبهانیی بە ڕەچەڵەک لوبنانییە کەوا کارەکانی "*سـعادة الدارین*" و "*جامع کرامات الأولیاء*"، ناوبانگیان لە هندێ ناوەندی دیاریکراودا هەیە. کاری دواییان لە دێنانیاریش چاپکراوەتەوە.

[٥٢] جمـال الدین أبو عمرو عثمـان ... إبن الحـاجب، سـەر بە بنەمـاڵەیەکی

# ئەنجام

لەم باســـەدا گفتوگۆ لەســـەر ژمارەیەک عولەمای کاریگەری کورد کراوە کەوا کاریگەریی گەورەیان هەبووە بەسەر ئیسلامەوە وەک چۆن لە ئیندۆنیســیادا پێشــوازیی لێکراوە، چونکە ئەوان لە مەدینە و مەککەدا لە ســـەردەمێکدا تەدریســـیان کردووە کە تا ڕادەیەک ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی ئیندۆنیسی ماوەی ساڵانێک تێیاندا ماونەتەوە بە مەبەستی خوێندن و بە هۆی ئەوەشـەوە کەا ئەوان ئەو بابەتەیان وتووەتەوە کە دڵبەندی ئیندۆنیســـییەکان بووە. ئەو بابەتە ســـەرەکییانەی کەوا ئەو مامۆســـتا کوردانە و قوتابییە ئیندۆنیسـییەکانیان گواسـتوویانەوە بابەتی میتافیزیکی و سـۆفیگەریی فەلســەفیی "ئاســت بەرز" بوون و - بۆ جەماوەری خەڵکیش - لە جۆرەکانی پەرستشی میللی و سۆفیزم و پەرستنی پیاوچاکان بوون. ئیبراهیم ئەلکورانی و جەعفەر ئەلبەرزنجی لەو عولەما کوردانەن کەوا بە ڕوونی نوێنەرایەتیی ئەم دوو نموونەی ســـۆفیگەریی دەکەن. ڕەنگە ئیندۆنیســـییەکـان لە حیجـاز بە شـێوەیەکی تایبەتی دڵبەندی مامۆسـتا کوردەکان بووبێتن چونکە

---

ئەریســتۆکراتی کوردە لە صــەعیدی میســر و ســاڵی ١١٧٤ لەدایکبووە. لە قاهیرە و دیمەشق خوێندوویەتی و لە ئەسکەندەرییە کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە .GAL I: 303; S I: 531 and Ibrahimi 1366.

ئەوانیش ســـەر بە هەمـان *مەزهەب* بوون (واتە قوتـابخـانەی شەریعەتی ئیسلامی) و جێی سەرسوڕمان نییە کەوا هەندێ کار و بەرهەمی *فیقهیی* زانا کوردەکان بوون بە دەقی ســـەرەکی لە ئینـدۆنیســـیادا. بۆ کەســـانی خوێنـدەوار و ئـاگـادار، ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی کارەکانی موحەممەد بن سولەیمان ئەلکوردی و لەســـەر زیاتر میللی و جەماوەریی *"تنویر القلوب"* ی موحەممەد ئەمین ئەلکوردی. ســـەبارەت بەو ڕاســـتییەی کەوا ئەم زانایانەی *فیقە* لە قۆناخێکی زۆر دواتردا برەویان پەیداکردووە، کەوا ئەو نووسەرە سۆفییانەی باسکران ئیشارەت بە گۆڕانکارییەکی پلە بە پلە دەکەن لە بـایەخ پێـدانی قوتـابییە ئینـدۆنیســـییەکـانـدا لە ســـۆفیگەرییەوە بۆ *شـــەریعەت* - بەڵام ڕەنگە ئەمە لەو ڕووەوە گرنگ بێت کەوا دوا کتێب لە هەمان کاتدا ڕێنومایەکی نەقشبەندی بووبێـت. نزیکبوونەوەی ئیختیـاریی نێوان موســـڵمـانە کورد و ئیندۆنیســـییەکان لە بایەخدانی هەمیشـــەیی بە ســـۆفیگەریدا ڕەنگدەداتەوە - لە هەردوک جۆراوجۆریی بەدەســـتهاتوو یان میللیدا و - سەبارەت بە مامۆستایانی هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەش کۆک و هاوبەشن لەمەدا.

## بیبلۆگرافی

- عبدالجبار، عمر، *"سـیر و تراجم بعض علمائنا فی القرن الرابع عشـر للهجرة"*. مکة: مؤسسة مکة للطباعة والإعلام، ١٣٨٥ / ١٩٦٥ – ١٩٦٦.

- ئەبو داودی، "مەولانا شـێخ موحەممەد ئەلبەنجاری". مارتاپورا، کالیمانتان – سەلاتان، ١٩٨٠.

- ئەبو حامید، *" شێخ یوسف: زانا و سۆفی و خەباتگێڕ"*. جاکارتا: یایەسان ئۆبۆر ئیندۆنیسیا، ١٩٩٤.

- ئاربێرری، ئەی. جەی. ، *"سۆفیزم: باسێک لەسەر سۆفیگەری لە ئیسلامدا"*. لەندەن: ئالەن و ئونرین، ١٩٥٠.

- ئەتەش، ئەحمەد، "موللا گۆرانی"، *ئیسلام ئینسکلۆپیدیەسی*.

- ڤان دێن بێرگ، ل. دەبلیو. سـی.، "خوێندنی ئاینیی موحەممەدی لە جاوا و مادورا و ئەو کتێبە ئاینییانەی تیایاندا بەکاردەهێنرێت". *گۆڤاری زمانی هند و خاک و تەکنۆلۆجیا*
*Tijdschrift voor Indische Taal-, Land- en Volkenkunde* 31 (1886), 518 - 55.

- برۆکڵمـان، کـارڵ، *"مێژووی ئەدەبی عەرەبی"*، بەنـدی ١ و ٢، جاپی دووەم، لایدن: بریڵ، ١٩٤٣ – ١٩٤٩، پاشکۆی ١، ٢ و ٣، ١٩٣٧.

- مـارتن ڤـان بروونەسـن، "ئـاخۆ کورد ئینـدۆنیسـیایـان نەکردووەتە ئیسـلام؟" قوتـابخـانەی نـاوخۆیی *"پێسـانترێن Pesantren"* (جاکارتا) ژمارە ٤ / بەرگی ٤، ١٩٨٧، ل ٤٣ – ٥٣.

--- ، "بنەچە و پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیادا"، *گۆڤاری ئیسلام*، ژمارە ٦٧، ١٩٩٠ ئە، ل ١٥٠ – ١٧٩.

--- ، کتێبی زەرد: کتێب بە خەتی عەرەبیی بەکارهاتوو لە ناوەندی قوتابخانەی ناوخۆیی یان پێسانترێندا"، *گۆڤاری بەشداریی لە زمان و خاک و ئیتنۆلۆجیادا*، ژمارە ١٤٦، ١٩٩٠ ب، ل ٢٢٦ – ٢٦٩.

--- ، *"ئاغا و شێخ و دەوڵەت: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان"*. لەندەن: زەد بووکس، ١٩٩٢.

--- ، "پێسانترێن و کتێبی زەرد: بەردەوامی و گۆڕانکاری لە نەریتی ئاینیی خوێندن و فێربووندا"، لە کتێبی وۆڵفگانگ مارشاڵ، "دەقەکان لە دوورگەکانەوە. نەریت و ترادیسیۆنی زارەکی و نووسراو لە ئیندۆنیسیا و جیهانی مالایی (مەلایۆ) دا. بێرنە: زانکۆی بێرنە، ١٩٩٤ ئە، ل ١٢١ – ١٤٥.

--- ، *"تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیادا"*. چاپی دووەمی هەموارکراو، باندۆنگ: میزان، ١٩٩٤ ب.

--- ، "یاسا و ڕێسای شەریعەت و تەریقەت و پێسانترێن: دەزگا و دامەزراوە ئاینییەکان لە سەتەنەتی بانتیندا"، *گۆڤاری ئەرخەبیل Archipel*، ژ ٥٠، ل ١٦٥ – ٢٠٠.

--- ، *"کتێبی زەرد و پێسانترێن و تەرەیقەت"*. باندۆنگ: میزان، ١٩٩٥ ب.

– چۆدکیویچ، سیریل، "مەولانا خالید (١١٩٣/ ١٧٧٩ – ١٢٤٩/

١٨٢٧)، *"عەینولحەیات، کتێبی خویندنی تەریقەتی نەقشـــبەندی"*، ژمارە ٣، ١٩٩٧، ل ٧٥ – ٩٦.

– چۆدکیویچ، مایکڵ، "هەندێ لایەنی تەکنیک و هونەری ڕۆحی لە تەریقەتی نەقشـــبەندیدا"، لە کتێبی م. گابۆریۆ، ئە. پۆپۆڤیچ، ت. زارکۆن، *"نەقشـــبەنـدییە: ڕێڕەوت و دۆخی ئێســـتـای تەریقەتێکی سـۆفیی ئیسـلامی"*. ئیسـتانبوڵ – پاریس: ئیزیس، ١٩٩٠، ل ٦٩ – ٨٢.

– درەوەس، ج. دەبـلـیـو. جەی. و پـۆیـربـاتـجـاراکـا، ڕ. *"موعجیزەکانی عەبدولقادری گەیلانی"*، (Bandung: A.C. Nix & Co, 1938).

– سی. جەی. ئەدمۆنز، *"کورد و تورک و عەرەب: سیاسەت و گەشـت و لێکۆڵینەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقدا"*. لەندەن: جاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ٩٥٧.

– الفادانی، م. یاسـین بن م. عیسـا، *"العقد الفرید"*. سـورابایا: دار السقاف، ١٤٠١ / ١٩٨١.

– الفـالیمبـانی، محمـد مختـارالـدین، "بلوغ الأمـانی فی التعریف بشـیوخ و أسـانید مسـند العصـر الشـیخ محمد یاسـین بن محمد عیسی الفادانی المکی". مکة: دار القتیبة، بدون تأریخ.

– فرێدمان، یۆهانان، "شـــێخ ئەحمەد ســـرهندی". مۆنتریاڵ: زانکۆی مکگیل، ١٩٧١.

– حەکیم، هەڵکەوت، "مەولانا خالید و دەســەڵاتەکان"، لە کتێبی

م. گابۆریۆ، ئه. پۆپۆڤیچ، ت. زارکۆن، *"نەقشبەندییە: ڕێڕەوت و دۆخی ئێستای تەریقەتێکی سۆفیی ئیسلامی"*. ئیستانبوڵ - پاریس: ئیزیس، ۱۹۹۰، ل ۳٦۱ - ۳۷۰.
- هیر، نیکۆلاس، *"گەوهەری گرانبەها: ئەلدورەلفاخیرەی - الدرة الفاخرة ى جامی پێکەوە لەگەڵ لێدوان و تێبینیی عەبدولقادر ئەللاری"*، ئەلبانی، ویلایەتی نیویۆرک: چاپی سەنی، ۱۹۷۹.
- حۆرانی، ئەلبێرت ئێچ. "مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی"، لە کتێبی: س. م. ستێم، ئە. ئێچ. حۆرانی و ڤ. براون، *"فەلسەفەی ئیسلامی و نەریتی کلاسیکی"*. ئۆکسفۆرد: برونۆ کاسیێر، ۱۹۷۲.
- ئیبراهیمی، مەلا سەعید، "زانایانی بەناوبانگی کورد .... ئیبنولحاجیب"، گۆڤاری *سروە* (ئورومیە) ژمارە ۲۰ (۱۳٦٦/ ۱۹۸۸)، ل ۳۷ - ۳۸.
- جۆنز، ئەنتۆنی ئێچ. *"دیاریی بۆ گیانی پێغەمبەر"*، کانبێرا: زانکۆی نیشتمانیی ئوسترالی، ۱۹٦۵.
--- ، "دۆستانی نیعمەت: ئیبراهیم ئەلکورانی و عەبدولڕەئووف ئەلسینکێلی"، لە کتێبیئودین، س. *"شەبەنگ: ئەو وتارانەی پێشکەشی سوتان تەکدیر ئەلیسجاهبانا کراون"*. جاکارتا: دیان ڕاکیات، ۱۹۷۸، ل ٤٦۹ - ٤۸۵.
- کحالة، عمر رضا، *"مجمع الموئلفين: تراجم مصنفين الكتب العربية"*. ۱۵ بەرگ، دیمەشق، ۱۹۵۷ - ۱۹٦۱.

- خالید، یوسف، *"عولەمای گەورەی کەلیمەنتان شێخ موحەممەد ئەرسیاد ئەلبەنجاری ١١٢٢ - ١٢٢٧ هیجری / ١٧١٠ - ١٨١٢ زاینی"*. سورابایا: ئەلئیحسان، ١٩٦٨.

- الخانی، عبدالمجید، *"الحدائق الوردیة فی حقائق أجلاء النقشبندیة"*. القاهرة، ١٣٠٦ / ١٨٨٨ - ١٨٨٩.

- مەردوخی ڕوحانی، بابا، *"تاریخی مەشاهیری کورد"*، ٢ بەرگ. تەهران: سورووش، ١٣٦٤ / ١٩٨٥.

- مینۆرسکی، ڤ. "گۆران"، *بڵاوکراوەی خوێندنگەی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا*، ژمارە ١١ (١٩٤٣)، ل ٧٥ - ١٠٣.

- مۆنتێل، ڤینسەنت، "ئیندۆنیسیا". پاریس، ١٩٧٠.

- ئەلمودەڕیس،عەبدولکەریم موحەممەد، *"یادی مەردان: مەولانا خالیدی نەقشبەندی"*. بەغدا، ١٩٧٩.

---، *"علماءونا فی خدمة العلم والدین"*. بەغدا، ١٩٨٣.

- المورادی، م. خلیل، *"سلک الدرر فی أعیان القرن الثانی عشر"*. ٤ مجلد، بولاق، ١٣٠١/ ١٨٨٣.

- ئۆخنسڤالد، دەبلیو. ، "ئاین و کۆمەڵگە و دەوڵەت لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا: حیجاز لە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانیدا، ١٨٤٠ - ١٩٠٨". کۆڵۆمبس: چاپی زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ، ١٩٨٤.

- ڕاتکە، بێرند، "لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی کیتاب ڕیماح حیزی ئەلڕەحیمی حاجی عومەر"، *گۆڤاری سودانیکا ئەفریکا*، ژمارە ٦ (١٩٩٥)، ل ٧٣.

- ڕیکلێفس، مێرلە، "شەش سەدە لە بەئیسلامبوون لە جاوادا"، لە کتێبی نەهێمیا لیڤتزیۆن، *"وەرگەڕان بۆ ئیسلام"*. نیویۆرک: هۆڵمز ئەند مایێر، ١٩٧٩.

- ڕینکس، د. ئە. ، *"عەبدولڕەئووف سینگکێڵ: بەشداری لە زانستی تەسەوف لە سۆمەترە و جاوادا"*. نامەی دکتۆرا، لایدن، ١٩٩٠.

- ڕیزوی، سەید ئەتهەر عەبباس، *"مێژووی سۆفیگەری لە هندستاندا"*، بەرگی ٢، نیودلهی: مونشیرام مانۆهارلال، ١٩٨٣.

- سنۆک هۆرخرۆنیە، سی. ، مەککە، بەرگی دووەم: "ژیانی هاوچەرخ". لاهای (دەنهاخ): مارتینۆف نیجهۆف، ١٨٨٩.

- تەوەکولی، موحەممەد، *"تاریخی تەسەووف دەر کوردستان"*. تەهران: ئینتیشاراتی ئیشراقی، ١٩٨٠.

- ڤۆڵ، جۆن ئۆ. ، "موحەممەد هەییا ئەلسیندی و موحەممەد ئیبن عەبدولوەهاب: شیکارییەک بۆ گرووپێکی ڕووناکبیری لە سەدەی هەژدەهەمی مەدینەدا"، *بڵاوکراوەی خوێندنگەی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا*، ژمارە ٣٨ (١٩٧٥)، ل ٣٢ - ٣٩.

- ڤوورهۆف، پ. "لەبارەی نورەدی ڕانیری و دەوروبەری"، *گۆڤاری بەشداری لە زمان و جوگرافیا و ئیتنۆلۆجی*، ژمارە ١٠٧ (١٩٥١)، ل ٣٥٣ - ٣٦٨.

- ڤرێدێنبرێگت، جاکۆب، "دەبوس لە جاوای ڕۆژاوادا"، *گۆڤاری بەشداری لە زمان و جوگرافیا و ئیتنۆلۆجی*، ژمارە ١٢٩ (١٩٧٣)، ل ٣٠٢ - ٣٢٠.

- والْش. جەی. ئارِ. "گورانی، شـــەرەفەدین"، *ئینســـکلۆپێدیای ئیسلام*، چاپی نوێ.
- یڵدز، شـــەکیب، *"مەلا گۆرانیی مامۆســـتای فاتیح و تەفســـیر کردنیّ"*. ئیستانبوڵ: کۆشکی کتێبی سەححاف، بێ مێژوو.
- زەمزەم، زافری، *" شێخ موحەممەد ئەرسیاد ئەلبانجەری: عالم و خەتیبێکی گەورەیە"*. چاپی دووەم، بەنجامارسین: کاریا، ١٩٧٩.

# بنەما و پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیا*[1]

لە ناوەڕاستی سالآنی ١٨٨٠کان بەملاوە، ڕاپۆرتە کارگێڕییەکانی دوورگەکانی هندی هۆڵەندی کوتوپڕ دەکەونە ئاماژە پێکردنی نەقشبەندی، یەکەمجار لە جاوای ناوەڕاست و ڕۆژاوا و زۆری نەخایاند دیسانەوە لە ڕۆژاوا و باکووری سۆمەترەوە. ئاگاداربوونەوەی کوتوپڕی فەرمی لە بوونی

---

* ئەمە یەکێکە لە دوو باسی یەکتر تەواوکردوو نەقشبەندیی ئیندۆنیسییەوە. ئەم باسەیان تەریقەتەکە دەخاتە سیاقی نێودەوڵەتیی خۆیەوە و تەنها مشتومڕ لە پەرەسەندنە سەرەکییەکانی دەکات لە ئیندۆنیسیادا. باسە بەراوردەکەش زیاتر مامەڵە لەگەڵ گەشەکردنەکانی سەدەی بیستەمی دەکات لە ناوچە جیاجیاکانی ئیندۆنیسیادا و خۆگونجاندنی ڕێبازەکە و سرووت و ڕێوڕەسمەکانی لە *گۆڤاری خاک و زمان و ئیتنۆلۆجی* *Volkenkunde (BKJ) Bijdmgen tot de Land-, Taal- en* دەردەکەوێت.

من سوپاسی ڤان گوور ج. نووردیون و کارڵ ستینبینک دەکەم بۆ سەرنجیان لە سەر ڕەشنووسی پێشتری ئەم باسە.

[1] لەم باسەدا زاراوەی ئیندۆنیسیا بە مانا فراوانەکەی بەکاردەهێنرێت و لەپاڵ (ناوچە موسڵمان نشینەکانی) دەوڵەتی ئێستای ئیندۆنیسیادا مالیزیا و سینگاپورە و مەلایۆ زمانەکانی باشووری تایلاندیش دەگرێتەوە.

ڕێبازەکە بەزەرووردەت ئەوە ناگەیەنێت کەوا ڕێبازەکە بەم دواییە شوێنکەوتوویەکی زۆری بەدەستهێنابێت. لە ڕاستیدا، هەمان ئەو ڕاپۆرتانە مێژووی یەکەم دەرکەوتنی ڕێباز یان تەریقەتەکە دەگێڕنەوە بۆ سالانی ١٨٥٠کان. بەهەرحاڵ، ئەوان ئیشارەت بە زیادبوونێکی دراماتیکیی کاریگەریی نەقشبەندی دەکەن لە سەرەتاکانی سالانی ١٨٨٠کاندا، لە هەندێ ناوچەدا و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هاوڕێ بووە لەگەڵ چاوەڕوانیی "دەرکەوتنی ڕزگارکەردا".

نەقشبەندیی ئیندۆنیسیی نوێ دەچێتەوە سەر لقە جۆراوجۆرەکانی ڕێبازەکە، بەڵام هەمووان پابەندی و دڵسۆزیی خۆیان بۆ ئەو شێخانە دەردەبڕی کە نیشتەجێی مەککە بوون. خالیدی، کە دوو شێخی هێجگار مەراقدار و بەمشوور بوون نوێنەرایەتییان دەکرد لە مەککەدا و ڕکابەرییان لە سەر گەورەترین ژمارەی *موریدی* ئیندۆنیسی دەکرد، بەرچاوترین گەشەسەندنی تۆمار کردبوو لە ژمارەدا. مەزهەری[٢] کەمترین گەشەی هەبوو لە ژمارەدا بەڵام بەهێز بوو. دواجار "قادری و نەقشبەندی" هەبوون، کە دەبوو بە ڕێبازی جیا دابنرێت و لێکدانی

[٢] ئەم ناوە لە پاش میرزا مەزهەر جانی جانانەوە هاتووە. مەزهەرییەکانی ئیندۆنیسیا سیلسیلەی خۆیان دەبەنەوە سەر عەبدوڵلای دەهلەوی و ئەبوسەعید ئەلئەحمەدی؛ بڕوانە خوارەوە.

تەکنیکی هەردوک قادری (بەتایبەتی زیکر کردن بە دەنگی بەرز) و نەقشـــبەندی (کە بە ڕاهێنانی هەناســـەدان زیکر دەکات، یان زیکری *لەتایف*). بەعـادەت ســـەرچاوە هۆڵەندییەکان ناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان ئەم سیانەدا. بەگشتی، یەکەم دوو لقیان بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی مورید و شـــوێنکەوتووەکانیان لە ناو دەســـتەبژێری خەڵکە ڕەســـەنەکەی وڵاتەکەدا بوون، واتە لە ســـەرەوە بۆ خوارەوە دابەزیونەتە ناو کۆمەڵگەوە، لە کاتێکدا کە سێهەم، واتە نەقشبەندی، جەماوەریتر بوو لە ئاڕاستەیدا.

گەشـەکردنی خێرای ئەم لقانەی نەقشـبەندی لە ئیندۆنیسـیادا بەشـــێک بوو لە وروژانێکی کۆمەڵایەتیی فراوانتر و گشـــتیتر لەگەڵ هەردوک هۆکارەکانی ناوەکی و دەرەکیدا. ئەمە سەردەمێک بوو بۆ زیادبوونی چەوســـاندنەوەی کۆلۆنیالیزم. قۆرخکردنی حکوومەت بۆ هەناردەکردن لە ســـاڵی ١٨٧٧دا هەڵوەشـــایەوە و دوورگەکانی هندی هۆڵەندی لە بەردەم ســـەرمایەی تایبەتدا کردەوە. لە دوورگەی جاوادا، ســـیســـتەمی بەتۆبزی چاندنی بەروبووم بۆ پارەی کاش دەســـبەجێ هەڵنەوەشـــێنرایەوە، بەڵام ئەو نرخانەی پێیاندەدرا لە ســـەرەتاکانی ســـاڵانی ١٨٨٠کانەوە دابەزی و بێجگە لەوەش، زۆرێک لە باجی نوێیان بەســـەردا سەپێنرا و ناڕەزایی و تووڕەبوونی زۆریان بەرپاکرد. لە زۆربەی دوورگە دەرەکییەکـانـدا، هۆڵەنـدییەکـان تـازە کەوتبوونە داگیرکردنێکی کاریگەرانە و پشـــێوی و ڕاپەڕینی خۆڕســـک

بەرپابوون و لە حاڵەتێکیشـــدا، کە ئاچێ بوو، بەرەنگاربوونەوەی درێژخایەنی چەکداری بەرپابوو. کەشـــتییە هەڵمەکان و نۆکەندی سـوێس (کە ڕێگەکانی هاتوچۆی کەشـتیی گۆڕی)، بە شـێوەیەکی زیاتر و بەرچاو پەیوەندیی لەگەڵ ئەودوای جیهانی ئیســـلامیی چاککرد. ژمارەی ئەو ئیندۆنیسییانەی ئەرکی حەجیان بەجێدەهێنا زیـادیکرد و گەلێکیـان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی مـانەوە بۆ خوێندنی بابەتە ئیسـلامییەکان و لەنێویاندا سـۆفیگەری شـوێنێکی دیـاری گرتبوو. هەروەهـا زانیـاریشـــیـان پەیـداکرد لەبـارەی پەرەســەندنەکانی بەشــەکانی تری جیهانی ئیســلامی و گرنگترین فاکتەریش بەرفراوانبوونی ئیمپریالیزمی ئەوروپی و لەئەنجامیشدا کاردانەوەی ســـیاســـی و ڕۆشـــنبیریی لێکەوتەوە، کە جیهاد و مەهدیزم و دواجاریش ڕیفۆرمیزم بوو. هەندێک لەو حاجییانەی دەگەڕانەوە بەتوندی بەرهەڵستیی حوکمی هۆڵەندییەکانیان دەکرد و بانگەشـەی یاخیبوونیان دەکرد، هەندێکیشـیان ڕێنمایی ڕاهێنانی ســـۆفیگەرییان دەکرد کە فێری بووبوون و هەردوو بوارەکە تا ڕادەیەک تێهەڵکێشی یەکتر بووبوون.

دەســـەڵاتدارانی هیندی هۆڵەندی بە دیاریکراوی حەزیان بە حاجییەکان نەدەکرد و لە گەلێ شـــوێن ئەوانەی کە ڕاهێنان و ڕێنمایی *تەریقەتێکیان* دەکرد گومان و دوودڵییان بەرپا دەکرد (بە زۆری هەرسێ لقەکەی نەقشبەندی بوو کە لە سەرەوە باسکران). ئەم گومانانە بەوە ســـەلمێنران کاتێ کەوا لە ســـاڵی ١٨٨٨دا

ڕاپەڕینێکی گەورەی جووتیاران لە بانتێن بەرپابوو (لەوپەڕی ڕۆژاوای جاوەوە و دەرکەوت کەوا قادری و نەقشبەندی بە شێوەیەک لە پشتیەوە بوون و دەستیان تێدابووە. بەڵام وا نەبووە کە ڕابەرانی ئەم ڕێبازە ڕۆڵی سەرەکییان بووبێت لە ڕاپەڕینەکەدا، بەڵکوو تەنها بەو بارەدا کەوتووەتەوە کە بەشداربووانی مورید و شوێنکەوتووی ڕێباز یان تەریقەتەکە بوون و بەو پێیە ئاڵوگۆڕی پابەندیی خۆیان کردووە لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەوە کە لە ڕێبازەکەدا وەک برا پێکیەوە دەبەستن[3]. لە پاش پانزە ساڵ، ڕابەرێکی ئاینیی سەر بە "قادری و نەقشبەندی"، سەرکردایەتیی ڕاپەڕینێکی جووتیارانی هەژاری کرد دژ بە دەستەبژێری ناوخۆیی و ئیدارەی هۆڵەندییەکان لە ناوچەی سیدۆهاریۆی نزیک سورابایا لە جاوای ڕۆژهەڵاتدا[4].

---

[3] بڕوانە ئەو لێکۆڵینەوە نایابەی لەبارەی ئەم یاخیبوونەوە کراوە لە لایەن سارتۆنۆ کارتۆدیردیۆ، *"ڕاپەڕینی جووتیارینی بانتێن لە ساڵی ١٨٨٨دا"*، لاهای (دەنهاخ): نیهۆف، ١٩٦٦.

[4] سارتۆنۆ کارتۆدیردیۆ، "*بزووتنەوە ناڕازییەکان لە دێهاتی جاوادا: توێژینەوەیەک لەبارەی پشێوییەکانی دێهاتە کشتوکاڵییەکان لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا*"، کوالا لامپوور: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٧٣، ل ٨٠ – ٨٦؛ هەمان کتێب، ڕاپۆرتگەلێک لەسەر بزووتنەوە ناڕازییەکان لە جاوای سەدەی بیستدا"، جاکارتا: Anup ی نیشتمانیی کۆماری ئیندۆنیسیا، ١٩٨١، ل ٢٢٢ – ٢٩٣.

هەڵبەت هەڵەیە ئەگەر ئەم چـالاكییە وەک كـاردانەوەیەكی ڕاســـتەوخۆ لێكبـدەینەوە بۆ كۆلۆنیـاڵیزم و تەنـانەت وای دەردەخســـت كەوا كۆلۆنیالیزمی نوێ نەگەیشـــتووە. لە ســـاڵی ١٨٩١دا، گەلی موســـلمانی ســـاســـاک لە لۆمبۆک ڕاپەڕینێكی بەرپـاكرد دژ بە بـالینیزەكـان كە مـاوەیەكی دوور و درێژ دوورگەكەیان داگیركردبوو. ســـەركردەی ســـەرەكیی ڕاپەڕینەكە ڕابەر و مامۆستایەكی نەقشبەندی بوو، هەروەها گەلێ لە خەڵكی ناوداری ساساكیش *موریدی* بوون. ئەم ڕاپەڕینە كە ماوەی زیاد لە ســێ ســـاڵی خایاند، دەرفەتی بۆ هۆڵەندییەكان ڕەخســـاندكە دەستوەردان بكەن و دوورگەی بالی بۆ خۆیان كۆنترۆڵ بكەن.

هەروەهـا كـاردانەوەی نـاڕاســـتەوخۆ بۆ كۆلۆنیـالیزم لە شـــوێنەكـانی تری ئەرخەبیـل تێبینیی دەكرا. لە نـاو خەڵكی مینانگكاباودا لە سۆمەترەی ڕۆژاوا، شـوێنكەوتووانی نەقشـبەندی (كە لەم حاڵەتەدا خالیدییەكانن) لە ماوەی دوادوایی ســـەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، كەوتنە مشتومڕێكی توندەوە لەگەڵ تەریقەتی شـەتتارییەی خاوەن كاریگەری و دەسـەڵاتدا، كە زیاتر نەریتی و هاوســـەنگ بوو. ململانێكە، كە هەندێ ســـەرنجی هۆڵەندییەكانی بۆ خۆی ڕاكێشـــا، قۆناخێكی دەردەخســـت لە پرۆســـەیەكی بەردەوامی ڕیفۆرمی ئـاینی، كە بە ڕۆڵی خۆی وەرچەرخـانی كۆمەڵایەتی و ئـابووری پـاڵی پێوەنـابوو. ئەم وەرچەرخانانە سـەریانكێشـایەوە بۆ ڕاپەڕینێكی "كۆمۆنیسـتی" لە

ســـــاڵی ١٩٢٦دا، کە دەبینین ژمارەیەکی کەمی نەقشـــبەندی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێیدا بەشدار بوون، هەرچەندە لەو کاتەدا زۆربەی نەقشـــبەندییەکان بۆ بەرەی موحافزەکاری پاڵنرابوون لە لایەن ڕیفۆرمیستە ڕادیکاڵە ئاینییەکانەوە.

لە ســەرەتای ســاڵی ١٨٨٥ەوە، بۆ ماوەی نزیکەی سـێ دەیە، مەســەلەی نەقشـــبەندییە ئیندۆنیســـییەکان تا ڕادەیەک بەباشـــی دۆکیومێنــت کرابوو. هەڵبەت تێوەگلانی ئـاشـــکرای لەو دۆخی ناجێگیری و پشـــێوییەی لە ســـەرەوە باســـکرا بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێک سەرنجی فەرمیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێک لە بەرپرسانی دوورگەکانی هندی هۆڵەندی قەناعەتیان بە بێگوناهی و بێلایەنیی سیاسیی نەقشبەندی هەبوو، بەتایبەتی کە ئەم تەریقەتە لە نـاو چینی ئەریســـتۆکراتیەتی نـاوخۆییدا ڕەگی داکوتابوو و هیچ هەڕەشـــەیەکی پێکنەدەهێنا بۆ ســـیســـتەمی کۆلۆنیالی. لە دەیەی دووەمی ئەم ســـەدەیەدا، یەکەم ڕێکخراوە ســیاســییە مۆدیرنەکانی شــەبەنگە جۆراوجۆرەکانی ناســیۆنالیزم دەرکەوتن و بەو پێیە تەریقەت ڕۆڵی خۆی لەدەستدا وەک کەناڵی نارەزایی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی - کە پێشـــتر ئەو ڕۆڵەی بە گونجاوترین شـێوە دەگێڕا، لە بەرانبەریشـدا بایەخپێدانی ڕەسـمی پێی کەمبووەوە. مەحاڵە حوکمدان لەســـەر ئەوەی کەوا کەمترین ناوهێنانی نەقشـــبەندی لە ســـاڵانی دواتردا ئەوە بگەیەنێت کە لە ڕاســـتیدا ئەندامێتیی تێدا هاتووەتە خوارەوە. بەهەرحاڵ، گرتنی

مەککە لە لایەن ئیبن سـعوودەوە لە سـاڵی ١٩٢٤دا زەبر وەشـاندنێکی قورس بوو بۆ تەریقەتەکە، چونکە مەککە بووبووە مەڵبەندێکی ڕاسـتەقینەی نەقشـبەندییە ئیندۆنیسـییەکان. هەر نەوەیەکی نوێ کە بە دوای پابەندبوونی تەریقەتەکەدا دەگەڕا لە مەککەدا و شێخێک بە ئیجازەیەکەوە لە لایەن ڕابەرێکی نیشتەجێی مەککەوە ڕێز و شـکۆی زیاتر بوو لە کەسـێک کە هەڵگری بڕوانامەیەکی ئیندۆنیسـی بوایە. ئیبن سـعوود تەریقەتەکانی قەدەغە کرد و ئەم مەڵبەندەشـی نەهێشـت و نەقشـبەندییە ئیندۆنیسییەکانی ناچارکرد پشت بەخۆ ببەستن و خۆبەخۆ بەردەوامبن، ئەمەش گۆڕانکاری لێکەوتەوە لە بنیات و پێکهاتەی ڕێکخسـتندا و تا ڕادەیەکیش خۆگونجاندنی پلە بە پلەی ڕێبازەکە و ڕاهێنانەکانی.

مێژووی نەقشبەندیی ئیندۆنیسی بەوردی دابەش دەبێتە سەر سـێ ماوەی جیاواز، کە تێیدا ئەو ڕووداوانەی لە سـەرەوە باسکران دەکەونە ماوە یان قۆناخی ناوەڕاستەوە. لە دەمی یەکەم گەیشـتنی یەکەم کاریگەریی خالیدییەوە لە سـاڵانی ١٨٥٠کاندا، نەقشـبەندی بۆ ماوەی نزیکەی دوو سـەدە لە بازنەی بچووک بچووکدا دەناسرا و ڕاهێنانی لە سەر دەکرا. ئەم یەکەم قۆناخە بە باشـی تۆمار نەکراوە و دەبێ پشـت بە ژمارەیەکی کەمی سـەرچاوە ڕەسـەنەکان ببەسـتین، بۆ ئەوەی لە خوراەوە شـیبکرێنەوە. داگیرکردنی سـعوودی بۆ مەککە و لێکەوتەی سـەرکوتکردنی *تەریقەت* لەوێ بوو بە مۆرکی سـەرەتای سێهەم

قۆناخ. پەیوەندی بەســـــتن لەگەڵ مەڵبەندێکی بیانیدا پاش ئەوەی مەڵبەندی ســەرەکی بڕا، پرۆســەیەکی پلە بە پلەی بە ئیندۆنیســی کردنی نەقشبەندی هاتە ئاراوە. تا ڕادەیەک لە کاتێکی زووترەوە و بەملاوە، دەرکەوتنی ڕوونتری ڕێکخراوە سیاسییەکانی کاریگەریی تەریقەتەکانی کەمکردووەتەوە تا ئاســـتی ناکارایی. بەگشـــتی، ئەم ماوە یان قۆناخی ســـێهەمە قۆناخێکە لە داڕووخانی پلە بە پلە، ئەگەرچی ئەم پاشگەزبوونەوە بە دڵنیاییەوە چونیەک نەبوو. ڕێبازی نەقشــبەندی بە چەند شــەپۆلێکی بەرفراوانبووندا تێپەڕیوە لەســەر دەستی شـێخە بەتوانا و کارامەکانی بێ ئەملا و ئەولا، کە بەدوایدا جارێکی تر تووشـــی جوونەوەیەک دەبوو. لەم ســـاڵانەی دواییدا، پێدەچێت جارێکی تر گەشـــەکردن بەخۆوە ببینێت، وەک زۆربەی تەریقەتەکانی تر کە پەیوەندییان نییە بە سـیاسـەتی سـەرکەوتووی حکوومەتی ئیندۆنیسییەوە سەبارەت بە سیاسی نەکردنی ئیسلام[٥].

---

[٥] لە بارەی ئەم شـــۆڕشـــە و ڕۆڵی تەریقەت تێیدا بڕوانە: ئەلفۆن ڤان دەر کران *"١٨٧٠ - ١٩٤٠"، ســـینگاپوورە: هاینمان، ن ن کتێبە پەروەردەییەکان، ١٩٨٠، بەتایبەتی لاپەڕەکانی ١٧، ٢٧ - ٢٩، ٢٣١. لۆمبۆک: داگیرکردن و کۆڵۆنی کردن و دواکەوتوویی* زیاتر پێدەچێت تەریقەتی "قادرییە و نەقشـبەندییە" دەسـتی لەم شـۆڕشـەدا بووبێت، وەک لەوەی خالیدییە یان مەزهەرییە بووبێت، چونکە گێڕانەوەیەکی ساساک دەبینین لە ڕاسـپاردە و ڕێنمایی کردنی ئەم ڕێبازەدا لە مەککە لە پێش شـۆڕشـەکەدا. لە کتێبی، ئی. گۆبی & سی. ئەدریانی، *"ئامۆژگاریی ڕەسمیی سنۆک هۆرگرۆنیە، ١٨٨٩ - ١٩٣٦"*، بەشی سێهەم، لاهای: نیهۆف، ١٩٦٥، ١٨٦٣ - ١٨٦٤.

## ڕەگە عەرەبییەکانی نەقشبەندیی ئیندۆنیسی

سەرچاوەکانی پەیدابوونی ڕێبازی نەقشبەندیی ئیندۆنیسی پێش دەرکەوتنی لقی خالیدی زۆر دەگمەنن. ئێمە چەردەیەک *ڕیسالەمان* لەبەردەستدایە کە ڕێنمایی و فێرکردنی نەقشبەندییان کورتکردووەتەوە و تەریقەتەکە وا باس دەکرێت چەند دەقێکی کاراکتەری نائایینیی ئیندۆنیسیی تێپەڕاندووە. قامووسە بایۆگرافییەکان، نامە کۆکراوەکان، ژیاننامەی پیاوچاکان یان مێژووەکانی تەریقەتەکە، کە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئێمە پێکدێنن لە شوێنی تر، بەردەست نین. زانیاریی ئێمە لەبارەی دوو سەدەی تەریقەتەکەوە لە ئیندۆنیسیا، بەتەواوی بە بچڕبچڕ دەمێنێتەوە.

یەکەم کەسی ئیندۆنیسی کە هەندێ تێبینیی بۆ بەجێهێشتووین لەسەر تەریقەتەکە، شێخ یوسفی ماکاسارە (دەوروبەری ١٦٢٦ - ١٦٩٩)، کەوا لە یەمەن تەمەسوکی کردووە بە نەقشبەندییەوە لە دوادوایی سالانی ١٦٤٠کاندا، کاتێ کە بە ڕێگەی مەککەوە بووە. دەستنووسە بەراییەکانی تریش دەگەڕێنەوە بۆ ڕابەرانی نەقشبەندی لە مەککە و مەدینە. لە کاتێکدا شەتتارییە، کە لە دەوروبەری هەمان کاتدا و لە ڕێگەی هەمان کەناڵی گەڕانەوەی حاجییانەوە چووەتە ئیندۆنیسیاوە، هەر زووبەزوو لە سۆمەترە و جاوادا خۆی چەسپاندووە و بەردەوام بووە لەسەر پەرەسەندن لە مەڵبەندە لاوەکییەکانی ئەم دوورگانەوە، بەڵام وا دیارە نەقشبەندی بە پشتبەستنی زیاتر لە سەر مەڵبەندەکانی نیمچە

دوورگەی عەرەبی ماوەتەوە. بەتەنها یەک *ڕیسالە* باس لە *خەلیفەیەک* دەکات کە لە لایەن شێخێکی نەقشبەندی ئیندۆنیسییەوە دەسنیشانکراوە. پێدەچێت زۆربەی نەقشبەندییە ئیندۆنیسییەکان لە ماوەی مانەوەیان لە شارە پیرۆزەکاندا هاتبێتنە ناو تەریقەتەکەوە و بەردەوام بوون لە سەر پەیڕەویکردنی بە شێوەیەکی تایبەتی لە پاش گەڕانەوەیان و ڕەنگە ڕێنمایی و ئیرشادی ژمارەی کەم کەمی مورید و شوێنکەوتووانیان کردبێت بەڵام هیچ هێڵێکی هەمیشەییان دانەمەزراندووە. تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، نەقشبەندییە ئیندۆنیسییەکان مەگەر بەدەگمەن دەنا لە درێژبوونەوەی لقە عەرەبییە هاوچەرخەکان بەولاوە نەترازاون[٦].

لە هەردوو سەدەی ١٧ و ١٨دا، سێ لقی سەرەکیی نەقشبەندی هەبوو لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا. یەکێک لەمانە لەلایەن خەلیفەیەکی باقی بیللاوە دامەزراوە کە ناوی تاجەدین زەکەریا بووە (١٠٥٢ / ١٦٤٢ کۆچی دوایی کردووە) و ئەو کاتە هندستانی جێهێشتووە کە ئەحمەد سرهندیی ڕکابەری جێگەی ڕابەرەکەیانی گرتووەتەوە لە تەکیَ ناوەندەکەی دەلهیدا[٧]. لە مەککە سۆفییەکی

[٦] ب. جەی. ئۆ. شریکە، "بەشداری کردن لە بیبلۆگرافیای بزووتنەوەی ئاینیی ئێستای کەناری ڕۆژاوای سۆمەترەدا"، *گۆڤاری زمانی دوورگەکانی هندی، وڵاتان و گەلان TBG*، ژ ٥٩ (١٩٢١)، ل ٢٤٩ – ٣٢٥.

[٧] محمد المحبی،" *خلاصة الآثار فی أعیان القرن الحادی عشر*". بولاق، ١٢٨٤ /

تا ڕادەیەک شـــۆرەتدار بە ناوی ئەحمەد بن ئیبراهیم بن عەللان، بوو بە موریدی و پاشـــانیش خەلیفەی. تاجەدین دوو خەلیفەی تری لە یەمەن دانـا[8]، کە ئەحمەد بن عوجەیـل و موحەممەد عەبـدولبـاقی بوون[9]. بەپێچەوانەی ئەحمەد ســـرهندی و خەتی

---

١٨٦٧، ١، ل ٤٦٤ – ٤٧٠. هەروەها بڕوانە س. ئە. ئە. ڕیزوی، *"مێژووی سۆفیزم لە هندستاندا"*، نیودەلهی: مونشیرام مانۆهەرلال، ١٩٨٣، ل ١٩٥ – ١٩٦، ل ٣٣٦ – ٣٣٨. بۆ شـوێنی باقی بیللا، تاجەدین و ئەحمەد سـرهندی لە پەرەسـەندنی نەقشـبەندیدا، بڕوانە حـامیـد ئـاڵگەر، "تەریقەتی نەقشـــبەنـدی: ڕوومـاڵێکی ســـەرەتـایی مێژووەکەی و بایەخی"، *گۆڤاری دیراسـاتی ئیسـلامی Studia Islamica*، ژ ٤٤ (١٩٧٦)، ل ١٢٣– ١٥٢.

[8] سەرنجە بیبلۆگرافییەکان لە موحیببی ١، ل ١٥٧ – ١٥٨، ١، ٣٤٦ – ٣٤٧؛ ئوو ، ٢٣٨.

[9] *ڕیسالەیەکی* سەدەی نۆزدە لە لایەن شێخی خالیدی ئیسماعیل مینانکاباوی بەکورتی وەرگێڕدراوە لە کتێبی ک. ف. هۆهە، *"ڕاگەیـانـدن لەبـارەی خۆبەختکردنی نەقشـــبەندی لە ئەرخەبیلی دوورگەکانی هندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندی"*، TBG ٣١ (١٨٨٦)، ل ٦٧ – ٨١.

ئەم ئەحمەد ناوە زۆر جار دووبارە دەبێتەوە لە ئەدەبی سانەویدا وەک لەوەی پاساوی هەبێت و پسپۆڕی زمانەوانیی حکوومەتی دوورگەی هندیی هۆڵەندی ف. س. ڤان ڕۆنکێل بە نادروستی ڕابەرەکانی نەقشبەندیی پێناسە کردووە لە تێزێکی تردا لەگەڵ ئەحمەد بن ئیبراهیم بم عەللان، کە بە باوەڕی ئەو مامۆستا و ڕابەرێکی کـاریگەری مەککی بووە، ( بۆ نموونە، لە پـاڵپشـــتیی دۆخی کۆمەڵایەتیی باتاڤیا و لە بەشـــداریی گۆڤاری زمان و خاک و ئیتنۆلۆجیادا، ژ ٧٥ (١٩١٩)، ل ٣٦٦). ڕوونیش نییە ئاخۆ ڤان ڕۆنکێل بەڵگە و ئاماژەی تری بووە لەبارەی کاریگەریی ئەحمەدەوە لە پاڵ سەرچاوەکانی پێشتردا.

نەقشبەندیی - موجەددیدییەوە کە ئەو دایمەزراندبوو، تاجەدین و جێگرەوەکانی بەتوندی لە سەر پابەندبوون بە وەحدەتول وجوود (*وحدة الوجود*) مانەوە، کە ئەم باوەڕ و ڕێبازە سەلماندی کەوا بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ ئینندۆنیسییەکاندا. هەڵبەت موجەددیدییەش، لە ناوەڕاستی سەدە بەملاوە، بوون و نوێنەرایەتیی هەبوو لە مەککەدا. یەکێک لە خەلیفەکانی سرهندی، بە ناوی ئادەم بانووری - لەبەر هۆکاری سیاسی - ناچار کرا کە لە ساڵی ١٦٤٣دا هندستان بەجێبێڵێت و بڕوات بۆ مەککە و لەوێ پەیامی ڕابەرێتی خۆی بڵاوبکاتەوە[١٠]. لە ساڵی ١٦٥٦دا، موحەممەد مەعسوومی کوڕ و جێگرەوەی سرهندی، حەجی مەککەی کرد و دوو خەلیفەی لەوێ دامەزراند، کە ئەحمەد جارولڵا جوریانیی (یەکدەست) و عەبدولحەی بوون و هەروەها میانی کوڕەکەی خۆیشی لەوێ بەجێهێشت[١١]. کوڕەکەشی لای خۆیەوە دوو خەلیفەی لە یەمەن دانا، بە ناوەکانی عەلی ئەلیەمانی و عومەر ئەلیەمانی ئەلشەفیعی[١٢].

---

[١٠] ڕیزوی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٨ - ٣٣٩.

[١١] لە پاش *ڕیسالەی* لالیزادە کەوا کورتکراوەتەوە لە VOHD XhI/3, p. 56. بڕوانە موحەممەد خەلیل موڕادی *"سلک الدرر فی أعیان القرن الحادی عشر"*. بولاق ١٣٠١ / ١٨٨٣، ١، ١٠٧ - ١٠٨.

[١٢] عەبدولمەجید خانی، *"الحدائق الوردیة فی حقائق أجلاء النقشبندیة"*، القاهرة ١٣٠٦ / ١٨٨٨ - ١٨٨٩، ١٩٧.

هێڵی سـێهەمی تەریقەتی نەقشـبەندی لە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤـدەهەمەوە دەرکەوت، لە لایەن ئـیبراهـیم بـن حەسـەن ئەلکورانییەوە (کە لە ساڵی ١١٠١ / ١٦٨٩دا کۆچی دوایی کردووە)[١٣]، کە دەمڕاسـت و عەمیدی عولەماکان بوو لە شـاری مەدینە. پێدەچێت ئەمە کۆنترین هێڵی نەقشبەندی بێت لە نیمچە دوورگەی

[١٣] ئیبراهیم بە بنەچە خەڵکی شـارەزوورە لە کوردسـتانی باشـوور و دەچیتەوە سـەر گرووپی ئیتنیکیی گۆران، کە زۆر بـاش نـاسـراوە بە تایبەتمەندییە ئاینییەکەی (بڕوانە گۆران و ئەهلی هەق -Guran and "Ahl" i Haq"، E/2). ئەمە تا ڕادەیەک کێشکردنی بۆ سۆفیزمی هندی ڕاڤە دەکات. لە ئیندۆنیسـیا، ئەو زیاتر بە سـەرۆکی شـەتتارییە و ڕابەر و مامۆسـتا عەبدولڕەوف سـینگکیلی ناسـراوە، کە یەکەم بانگەشـەکاری ئەم تەریقەتە بووە لەوێ. ئەو بووە بە بابەتی باس و لێکۆڵینەوەی گرنگی ئەنتۆنی ئێچ. جۆنز، کە بەرچـاوترینیـان "دۆسـتـانی ڕێزدار: ئیبراهیم ئەلکورانی و عەبدولڕەوف ئەلسـینگکیلی"، لە کتێبی *"ئەو وتارانەی پێشـکەشـی سـوڵتان تەقدیر ئەلیسجەهبانا کراون لە یادی لەدایکبوونی حەفتا ساڵەیدا"*، جاکارتا: دیان ڕاکیات، ١٩٧٨، ل ٤٦٩ – ٤٨٥؛ هەروەها "ئەلکورانی".
لە هەندێ شـوێنی تر ئیبراهیم وەک نەقشـبەندییەک یادی دەکرێتەوە، بۆ نموونە بروانە مورادی و تێبینییەکان. برۆکلمان وەک زانایەکی سـەرەکیی حەدیس مامەڵەی لەگەڵ دەکات و گەلێ کار و بەرهەمی ئەو لیسـت دەکات I. - GAL II, 385 - 6; S U, 520
لە بارەی کاریگەریی ڕۆشنبیریی ئەوەوە، بڕوانە: جەی ڤۆە، "شیکارییەک بۆ گرووپێکی ڕۆشنبیری لە شاری مەدینەی سەدەی هەژدەدا"، BSOAS 38 (1975), 32 - 39.

عەرەبیدا، کە ئەحمەد ئەلشـــیناویی هندیی هێنابووی (لە ســـاڵی ١٦١٩ مردووە)[١٤] ، کە مامۆستای سەلەفی ئیبراهیم و مورشیدی ئەحمەد قوشاشـی بوو. تەریقەتەکانی تر، لە نێویاندا شـەتتاری و چیستی، زۆر بەتوندی پابەندی ڕێنماییەکانی ئیبن عەرەبیی بوون. ئەوان بەئاشــکرا لقێکی نەقشـبەندیی تەواو هندی بوون. ئیبراهیم ئەلکورانی کە تا ڕادەیەک پابەندی زیکری دەنگ بەرز بوو بە

---

[١٤] لە بارەی ئەلشـــنناوی و شـــێخەکانی پێشـــووەوە، بڕوانە ڕیزڤی، هەمان سەرچاوە، ٣٢٩ - ٣٣١.

لە ژیاننامەکەیدا *"الإمام لأیقاظ الهمام"* (کە لە ١٣٢٨ / ١٩١٠ لە حەیدەرئاباد، دەککان چاپکراوە) ، ئەلکورانی *ســیلســیلەکەی* خۆی دەباتەوە ســەر گەلێ تەریقەت. هەرچەندە شـێخەکانی پێشـتری شـەتتاریی خەتەکەی ئەو ڕێنمایی و تەدریسی نەقشبەندیشیان کردووە، ئەو شوێن *سیلسیلە* نەقشبەندییەکەی خۆی کەوتووە نەک لە ڕێگەی ئەوانەوە بەڵکوو لە ڕێگەی دوو خەتی جیاوازەوە. یەکێک شـــیناوی لە ڕێگەی غەزەنفەر بن جەعفەر ئەلنەهرەوالی (نەهرەڤــالا لە گوجــاراتە)، تــاجەدین عەبــدولڕەحمــان بن مەســـــعوود ئەلکازەرووني و نوورەدین ئەحمەد ئەلتووســـــی بۆ عەلائەدین عەتتار کە قوتابی و موریدی بەهائەدین نەقشـــبەند خۆی بووە. خەتێکی تر تێدەپەڕێت بە موحەممەد بن موحەممەد بن عەبدولڕەحمان ئەلبەهەنســی، غەیاســەدین ئەحمەد و عەلائەدین موحەممەد بۆ شاعیری گەورە عەبدولڕەعمان جامی و لەویشـــەوە لە ڕێگەی ســـەعدەدین ئەکەشـــغەری و نیزامەدین ناوێکەوە بۆ عەتتار *(الأمام لأیقاظ الهمام، ١٠٨ - ١٠٩). بڕوانە ئەو خشـــتەیەی لە:* جەی. سـپێنسـەر تریمینگغام، "ڕێبازە سـۆفیگەرییەکان لە ئیسـلامدا"، لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٧٣، ٩٣.

گرێـدان لەگەڵ موزیکی (*ســـەمـا*)[١٥]، پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەو سکهەڵگوشینە باوەی پەیوەست بوو بە تەریقەتەکەوە. بەهەرحاڵ، سکهەڵگوشینی نەقشبەندی لە زۆربەی کاتەکانی ئێستادا پێدەچێت بە فراوانی بەرهەمێکی کاریگەریی ســـرهندی بێت و بێگومـان هەڵەیە ئەگەر بە خاســـییەتێکی باوی نەقشـــبەندی دابنێین بە دیـاریکراوی. ئەو گرووپەی دەوری ئیـبراهـیم ئەلـکورانـی بەدڵنیاییەوە تەنها نەقشـــبەندی نین کە ڕاهێنانی ســـەما و زیکری جەهری بکەن[١٦]. لە ســـاڵانی دواتردا ئێمە نەقشـــبەندی دەبینین بە پـــابەنـــدبوونی جۆراوجۆرەوە پەیوەســـــتن بە قوتـــابخـــانەی ئەلکورانییەوە هەیە. لێکۆڵینەوەکەی ڤۆڵ تەنـــانەت ئیبراهیم ئەلکورانی دەخاتە ناوجەرگەی ئۆرسـۆدۆکسـییەتی هاوچەرخەوە و ئەوە پیشـــاندەدات کە پێشـــەنگانی ڕابوونی ســـەدەی هەژدە، چەشـــنی موحەممەد عەبدولوەهاب و شـــاە وەلییوڵڵا لە ناو نەوە ڕۆشـنبیرە ڕاستەوخۆکانیدان. بەهەرحاڵ، من بەگومانم کەوا ڤۆڵ ئاماژەی بە ڕیفۆرمیزمی زیاتر کردبێت لە توێژینەوەکەیدا وەک لەوەی لەڕاســـتیدا وابن بە دانانی دوادوایی ســـــەدەی هەژدە و

---

[١٥] ئەو ناچار کرا کە داکۆکی لەم ڕاهێنانە بکات لە مشـتومڕێکدا لەگەڵ فەقیهێکی حەنەفیی تورکدا، بڕوانە: ڕیزوی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣١ – ٣٣٢.

[١٦] هەمان ئەو ڕاهێنانە بۆ نموونە ڕادەگەیەنرێت کە نەقشـبەندی لە دیاربەکر پەیوەندیی هاوچەرخی نییە لەگەڵ ئەلکورانی. بڕوانە مارتن ڤان بروونەسـن، "تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانی سەدەی حەڤدەهەمدا"، پاریس، مایسی ١٩٨٥.

سەرەتای سەدەی نۆزدەی هەڵوێستی موجەددیدی بە شێوەیەکی گەورە لە سەر دەستوپێوەندی ناموجەددیدیی ئەلکورانی. ئەحمەد ئەلقوشاشی و ئیبراهیم ئەلکورانی چوونە مشتومڕێکی بەناوبانگەوە و (ڕکابەریی سیاسییەوە؟) سەبارەت بە موجەددیدی و بیر و بۆچوونە تایبەتەکانی ئیبن عەرەبی[17]. بەڵام لە ژێر سایەی کوڕەکەی ئیبراهیم و ئەبوتاهیر موحەممەدی جێگرەوەیدا، ململانێکە تیژیی دەمەتیغی خۆی لەدەستدا و خاوبووەوە. هەروەها ئەبوتاهیریش بوو بە ڕابەر و ڕێنماییکاری شێخێک کە لە بنەڕەتدا پابەند بووە بە خەتی تاجەدینەوە و زەینی کوڕی موحەممەد عەبدولباقی بوو[18]. بەڵام لەگەل ئەوەشدا هەرسێ لقەکە وا دیارە هەرسێ لقەکە بوونی جیاوازی خۆیان گێڕاوەتەوە، یەک بە تەنیشتی ئەویترەوە، تا ئەو کاتەی کە لە ناو دینامیکییەتی خالیدی و مەزهەریدا تێکەڵ بوون.

---

[17] لە کتێبی ی. فریمان، "شێخ ئەحمەد سرهندی" باسی لەسەر کراوە. مۆنتریاڵ / لەندەن، ١٩٧١، ل ٩٨ – ٩٩؛ ڕیزڤی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٨ – ٣٤٢.

[18] زەین و کوڕەکەی و جێگرەوەی عەبدولخالیق ڕۆڵی بنەڕەتییان بینی لە بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە چیندا، بڕوانە جۆزێف فلێچەر، "تەریقەتە سۆفیگەرییەکان لە چیندا"، لە کتێبی *"تەریقەتە سۆفییەکان لە ئیسلامدا*، لە کتێبەکەی ئە. پۆپۆڤیچ و ج. ڤێنشتاین. پاریس: ١٩٨٥، ل ١٩ – ٢٠.

## نەقشبەندیی ئیندۆنیسی لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا

شتێکی ئاسایی بوو بۆ ئیندۆنیسییەکان کە حەجی مەککە بکەن و بگرە چەندین ساڵیش لە دوورگەی عەرەبیدا بمێننەوە و زانستە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی بخوێنن لەسەردەستی *عولەماکانی* مەککە و مەدینە یان تەنانەت دیمەشقیش. بەهەرحاڵ، حەج پێویستی بە گەشتێکی قورس و پڕ زەحمەت بوو و ئەوانەی کە پاڵنەری تەواویان هەبوو بۆ ئەم ئەرکە بەعادەت ئارەزوویان لە بەدەستهێنانی هەندێک زانیاریی هەبوو "لە سەرچاوەوە"، ئەگەر تەنها بۆ شکۆی *ئیجازەیەکی* عەرەبیش بوایە کە لەگەڵ خۆیاندا بیانبردایەتەوە بۆ وڵات. ئێمە بەڵگە و دەلالەتی ڕوونمان نییە لەسەر ژمارەی ئەو حاجییە ئیندۆنیسییانەی سەدەی حەڤدەهەم بەڵام سەرچاوە خۆوڵاتی و هۆڵەندییەکان فرەجار ئاماژە بەوە دەکەن کە ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاویان لێ ڕۆیشتووە بۆ حەج. سەڵتەنەتەکانی ئاچێ (باکووری سۆمەترە) و بانتێن (ڕۆژاوای جاوا) مەڵبەندی بازرگانیی گەشەکردوویان هەبوو، کەوا گەلە کەشتییەکانیان بە ڕێگەی دەریاوە بوون بەرەو ڕۆژاوا و تا سوورات دەگەیشتن لە گوجارات و هەندێ جار لەوێش دوورتر و بازرگانە عەرەبەکانیش لە حەزرەمەوتەوە بە ڕێکوپێکی سەردانیان دەکردن. لەبەر ئەوە زەمینە و ژێرخانێکی جێمتمانە پاڵپشتیی حەجی دەکرد. هەروەها هەڵوێستە میللییەکانیش

پشتیوان بوون و کاتێ کە میری جێنشینی تاجی سەڵتەنەتی بانتێن لە ساڵی ١٦٧٤دا سەفەری حەجی کرد، بە شێوەیەکی بەرفراوان بوو بە مایەی ڕەزامەندی و دەستخۆشیی هەموو لایەک.

هاوتەریب لەگەڵ مەیل و لایەنداریی بەهێزی ئیسلامی ئیندۆنیسی کەوا هەموو زانستە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا دەخوێنرێن، قوتابییە ئیندۆنیسییەکانی ئەم سەردەمە مەیلێکی بەهێزیان دەنواند بۆ *تەسەووف*. بایەخدان بە *فیقە* و شەریعەت لە سەدەی هەژدە بەملاوە زیادی کرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخدان بە میتافیزیکی *تەسەووف و وەحدەتولوجوود (وحدة الوجود)* بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەر بە باڵادەست مایەوە[19]. ئەوەی جێی سەرنجە کەوا هەموو پەیڕەوانی نەقشبەندی (لە پێش خالیدییەوە) لەگەڵ دوو لقی غەیرە موجەددیدیی دوورگەی عەرەبی بوون. پێدەچێت ڕەتکردنەوەی *وحدة الوجود* لە لایەن موجەددیدییەوە هۆکاری ئەوە بووبێت کەوا قوتابییە ئیندۆنیسییەکان ئەو ڕێبازەیان پێ خۆش نەبووبێت

[19] تا ڕادەیەک هەموو عولەماکانی ئیندۆنیسیا لەم سەردەمەدا کەوا لە بارەی فیقهەوە نووسیویانە (کە بە شێوەیەکی ئاسایی کتێبی سەرەتایین لە سەر ڕێوڕەسم و یاسا) و هەروەها لەسەر *تەسەووف* نووسیویانە. ڕووماڵێکی سوودبەخش لەسەر ئەم نووسەرانە و کارەکانیان: ئێج. دەبلیو. موهد. شاغیر عەبدوڵلا، *"پەرەسەندنی فیقە و نوێنەرە دەرکەوتووەکانیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا"*. سۆلۆ: ڕەمەزانی، ١٩٨٥.

لەو سەردەمەدا. جەماوەریێتیی دواتری خالیدی سەری نەکێشایەوە بۆ بایەخێکی درەنگوەخت بە ئەحمەد سـرهندیش، کەوا کەمێک زیاترە لە ناوێک لە *سیلسیلەکەدا* و *مەکتووباتەکانیشی* نەناسراوە. ئەو ڕابەر و مامۆستایەی کە زۆر ناسراو بوو لای ئیندۆنیسییەکان و پێی ئاشـنا بوون ئیبراهیم ئەلکورانی بوو، بەڵام زۆربەیان لەسـەر دەسـتی ئەو تەمەسـوکیان بە شـەتتارییەوە کردووە نەک نەقشـبەندی[٢٠]. وا دیارە ئەوی پێشـوویان لە ڕووی ڕۆحییەوە گونجاوتر بووە بۆ ئیندۆنیسـییەکان و زۆربەی نەقشـبەندییە بەراییە ئینـدۆنیسـییەکـان لە ڕاسـتیـدا پێـدەچێـت پەیڕەویی شەتتارییەشیان کردبێت.

یوسـف مەکاسـار، کە وەک یەکەم کەسـی نەقشـبەندیی ئیندۆنیسی ناسـراوە، خەڵکی مەملەکەتە بچووکەکەی گوا بووە لە

---

[٢٠] نـاودارترین موریـد و قوتـابیی ئینـدۆنیسـیی ئیبراهیم عەبـدولڕەوف ئەلسـینگکیلیی سـۆمەترەیی بوو، کە بەعادەت وا لەقەلەم دەدرێت کە یەکەم کەسـە تەریقەتی شـەتتاریی لە ئەرخەبیلدا بڵاوکردووەتەوە و لە بەشـەکانی ژیاننامەی کاری مەلایۆیدا نووسـیویێتی کەوا پەیڕەویی دەرس و ڕێنمایی ڕابەرانی نەقشـبەندیی کردووە لە نێو ئەوانەی کە لەسـەرەوە باسـکراون ئەحمەد بن عوجەیل و موحەممەد ئەلبـاقی (کە خەلیفەی تـاجەدین بوو) و تەنانە ت موحەممەد مەعسوومی کوڕی سرهندیش. بەم پێیە ئەو لەگەڵ سێ خەتی نەقشـبەندیدا ئاشـنا بووە کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا ئامادەگییان هەبووە. بڕوانە دی. ئە. ڕینکس "عەبدولڕەوف سـینگکیل و هەولدان بۆ ناساندنی تەسەوف لە سۆمەترە و جاوادا"، لایدن، ١٩٠٩، ل ٢٨ – ٣١.

باشـووری سـێلێبس و پەیوەسـت بووە بە بنەماڵەی حوکمڕانەوە لەوێ. لە سـاڵی ١٦٦٤ و لە تەمەنێکی زوودا، بەرەو ڕۆژاوا ڕۆیشتووە بۆ خوێندن و بەجێهێنانی ئەرکی حەجکردن. لە ئاشێ، کە دواتر بوو بە مەڵبەندی سـەرەکیی خوێندنی ئیسـلامی لە ئەرخەبیـل، یەکەمجـار تەمەسـوکی کرد بە *تەریقەتێکەوە*، کە تەریقەتی قادری بوو[٢١]. پاش ئەوەی کە گەیشـتە یەمەن، ڕێبازی نەقشـبەندیی لە سـەر دەسـتی سـەید موحەممەد عەبدولباقیی *خەلیفەی* تاجەدین خوێند. دواتر لە مەدینەش لە سـەر دەسـتی ئیبراهیم ئەلکورانی خوێندی، بەڵام ئەو تەنها وەک شـەتتارییەک ناوی دێنێت. هەروەها گەشـتی خۆی درێژە پێدا و تا دیمەشـقیش ڕۆیشـت و لەوێ پابەند بوو بە تەریقەتی خەڵوەتییەوە. ئەو تێکڕا چارەکە سەدەیەکی لە دوورگەی عەرەبیدا بەسەربرد و ئیددیعای ئەوە دەکات کە تەریقەتە جۆراوجۆرەکانی تریشی خوێندووە.

لە ساڵی ١٦٧٢دا دەبینین کەوا گەڕاوەتەوە بۆ ئیندۆنیسیا، نەک بۆ گوای زێدی ڕەسـەنی خۆی کە لە سـاڵی ١٦٦٩وە لە لایەن هۆڵەندییەکانەوە داگیر کرابوو بە هاوپەیمانی لەگەڵ مەملەکەتی بوگیای بۆنی ڕکابەردا[٢٢]، بەڵکوو چووە بانتێن، کە هێشتا شانازیی

[٢١] یوسـف سـیلسـیلەی خۆی دەباتەوە بۆ گەلێ تەریقەتی جۆراوجۆر کە پابەندیان بووە لە کتێبی "رسالة سفینة النجاة . (in *ms.* E, see note 25 below)

[٢٢] بووگی و مەکاسییەکان دوو ئیتنیکی سەرەکیی سێلێبسی باشوورن. گوا

بە سـەربەخۆیی خۆیەوە دەکرد لە ژێر سـایەی سـوڵتان ئاگینگی بەهێزدا. هەر زوو یوسـف بوو بە یەکێک لە بەهێزترین پیاوە دەسـەڵاتدارەکان لە بانتێندا و بوو بە زاوای سـوڵتان و یەکێک لە نزیکترین کەسەکانی و "ڕێزێکی ئەفسانەیی" لێدەنرا (وەک ئەوەی کە ڕاپۆرتێکی هۆڵەندی باسـی لێوە دەکات) لە لایەن خەڵکەوە و بەهرەمەند بوو لە دڵسـۆزییەکی بێخەوش لە لایەن ژمارەیەکی زۆری ماکاساری و بووگییەکانەوە، کە وەک دەریاوان و سەرباز لە خزمەتی بـانتێندا بوون. میری جێنشـینی سـوڵتان، کە لە سـەرەتاوە قوتابیی یوسف بوو، دواتر ڕقی لێهەڵگرت لەسۆنگەی زیادبوونی هێز و دەسـەڵاتەکەیەوە. بوونی یوسـف هاوکارێکی بەهێز بوو بۆ نـاوبـانگی بـانتێن وەک مەڵبەنـدێکی خوێنـدنی ئیسـلامی، خوێنـدکارانی نـاوچەکانی تری ئەرخەبیلی بۆ خۆی ڕادەکێشـا. هەروەها پێدەچێت ڕۆڵیشـی بینیبێت لە هەڵوێسـتی بەهێزی سـوڵتاندا دژ بە هۆڵەندییەکان، هەرچەندە بە عادەت و لە پلەی یەکەمدا کاردانەوە بوو بۆ دەسـتێوەردانی سـەربازی و بازرگانیی کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات (VOC) کە بنکە و بارەگای

---

و مەملەکەتە دوانەکەی، تێهۆ تەنهـا هی مەکـاسـییەکـان بوو و بۆنیش بەهێزترینی چەنـدین مەملەکەتی بووگی بوو، هەروەهـا مەکـاسـار نـاوی بەندەری سـەرەکیی گواشـە (کە ئێسـتا ئونجونگ پاندانگە). لەبارەی پەرەندنی سـیاسـیی سـێلێبسـی باشـوورەوە لەم سـەردەمەدا بڕوانە: "میراتی ئارونگ پالاکا". لاهای: نیهۆف، ١٩٨١.

له نزیکی باتاڤیاوه بوو (که ئێستا جاکارتایه) و هەروەها بانتێن زۆر گرنگ بوو له ڕکابەری بازرگانی و سیاسیدا بۆ ئاسانکاری. ململانێیەکی نێوان شازادەی جێنشین و باوکی، که له ساڵی ١٦٨٢دا سەریهەڵدا، پاساوی دڵخوازی دا به کۆمپانیاکه بۆ ئەوەی له ڕووی سەربازییەوه دەستوەردان بکات و پشتگیریی میری جێنشین بکات. ئەوجا بۆ نزیکەی دوو ساڵ، شێخ بەشەخسی سەرکردایەتیی کۆمەڵێکی کرد که له هەزاران شوێنکەوتوو پێکهاتبوون له ناوچەکانی ڕۆژئاوای جاوادا و کەوتبوونه شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزه زەبەلاح و باڵادەستە هۆڵەندییەکەدا که ڕاوەدووی هێزەکانی شێخیان دەنا. دواجار شێخ به دیل گیرا و دوورخرایەوه بۆ سەیلان و دواتریش بۆ لووتکەی ئومێدی باش (رأس الرجاء الصالح) و لەوێ له ساڵی ١٦٩٩دا کۆچی دوایی کرد. پاشان ڕێگه به شوێنکەوتووانی درا بگەڕێنەوه بۆ دوورگەکانی سێلێبسی باشوور و چەند ساڵێکی دواتریش ئێسکوپرووسکی یوسف له لووتکەی ئومێدییەوه گەڕێنرایەوه بۆ سێلێبسی باشوور و سەرلەنوێ له لاکیونگ بەخاکسپێردرایەوه و تا ئێستاش هەردوو مەزاکەی لای خەڵکی ئەو ناوچانه پیرۆزن و سەردان دەکرێن[٢٣].

[٢٣] سەرچاوەی هاوچەرخی سەرەکیی ئیندۆنیسی لەسەر ژیانی شێخ یوسف کتێبێکی مێژووی ڕووداوەکانی ماکاسارە: ئە. لیگتفۆێت، "هەواڵی ڕۆژانەی

هەڵبەت کردەوە و ڕەفتاری یوسـف جارێکیتر سـەلماندی کە خواپەرستیی سۆفیگەری ڕێگە لە توندوتیژیی سیاسی ناگرێت. بەهەرحاڵ، جەماوەرێتییەکەی شێخ لە باشووری سیلێبس و بانتێن و هەروەها لە کۆمەڵگە مەلایۆکانی خاکی تاراوگەدا لەسۆنگەی پیرۆزییەوە بوو وەک سۆفییەک نەک وەک جەنگاوەرێک. ئەو بە شێوەیەکی سەرەکی ڕابەری و ڕێنمایی ڕێبازی خەڵوەتیی دەکرد (کە شکۆ و شانازیی نازناوی تاجولخەڵوەتی - تاج الخلوتی) پێ وەرگرتبوو، بەڵام شێوەیەکی جیاوازی ئەم تەریقەتەی لە تەکنیک و سرووتی تەریقەتەکانی ترەوە وەرگرتبوو کە پێشتر خوێندبوونی و ڕاهێنانی لەسەر کردبوون، چەشنی زیکری *قەلبیی* نەقشبەندی و ڕاهێنانە تایبەتەکەی بە "ڕاکێشانی" زیکری تەوحید بە ڕێڕەوی هەناسەدانی

---

حوکمڕانانی توا و تێلۆ،١٨٨٠، ١ - ٢٥٩ *BKI*. بۆ سەردەمی بانتێنییەکان، تۆمارە هۆڵەندییەکان هەندێک زنیارییان تێدایە کەوا کورتکراوەتە لە
57; - 1912, I, 36 - via., 1910 F. de Haan, *Priangan.* **4** vols. Bat II, 275 - 83.

سەرنج و تێبینییە بایۆگرافییەکان پشت بەم سەرچاوانە دەبەستن: "شێخ یوسف ماکاسار"، جاوا ٦ (١٩٢٦)، ل ٨٣ – ٨٨؛ ئە. ئە. ج. درەوەس، "پەرستنی شێخ یوسف لە دوورگەکانی سیلێبسی باشوور"، لە کتێبی فێستشریفت ف. س. ڤان ڕۆنکڵ، "دیاریی بودی لە گەنجینەی کۆنەوە"، لایدن، ١٩٥٠، ل ٥٠ - ٥٧؛ هامکا لە گەنجینەی کۆنەوە، جاکارتا: پانجیما، ١٩٨٢ (١٩٦٣)، ل ٣٧ - ٥٧؛ ئەندایا، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٣ - ٢٧٨.

ناو جەستەدا. خەڵوەتییەی یوسف (بەو شێوەیە ناوی لێنراوە بۆ جیاکردنەوەی لە لقێکی دواتری ڕێبازەکە، کە ناوی خەڵوەتییەی سـامان بوو) هاتە دامەزراندن و تا ئێستاش مورید و شوێنکەوتووی خۆی هەیە بەتایبەتی لە ناو دەمڕاست و ناودارانی بووگی و ماکارسییەکانی سیلێبسی باشووردا[٢٤]. بەڵام پێدەچێت ئەم ڕێبازە پێگەیەکی بەردەوام و چەسپاوی نەبێت لە شوێنانی تری ئەرخەبیلدا Archipelago (ئەرخەبیل واتە کۆمەڵە دوورگەیەکی نزیک بە یەکتر - وەرگێڕ). چەندین نامە و کورتە تێز و ناميلکە، کەوا یوسف ڕێنمایی و ڕاهێنانەکانی خۆیی تێدا ڕوونکردووتەوە تا ئێستاس بەردەستن[٢٥]. ئەو لە گەڵێکیاندا

[٢٤] تەریقەتی خەڵوەتییە - سەممان (لە پاش ڕابەری مەککی عەبدولکەریم بن موحەممەد سەممان ناونراوە، کە لە ١٧٧١دا مردووە) مورید و شوێنکەوتوویەکی زۆری هەیە لە سیلێبسی باشووریش و چوار جاران بەئەندازەی لقەکانی ترە و بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناو چینەکانی خوارەوەدا. زیکرەکەی بە دەنگی بەرزە و لەگەڵ هەڵچوون و شەتەحاتدایە، بەپێچەوانەی زیکری بێدەنگ لەگەڵ تێڕامانی خەڵوەتییەی یوسفدا.

[٢٥] نزیکەی بیست دەقی ناسراوی کورت بە عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ شێخ یوسف، کەوا گرنگترینیان ئەم دەسنووسانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت (کە هەموویان لە سیلێبسی باشوورەوە سەرچاوە دەگرن)، ئە: مۆزەخانەی جاکارتا، ئە ١٠١؛ بیٚ: مۆزەخانەی جاکارتا، ئە ١٠٨؛ ج: مۆزەخانەی جاکارتا، ئە ٤٥؛ د: لایدن Un. Lib. Cod. Or. 7026؛ ها: *مەجموعەی* نووسینەکانی یوسف دەگەڕێتەوە بۆ حەمکای عالمی بەناوبانگ و بە شێوەیەکی

دەگەڕێتەوە بۆ تەریقەتی نەقشــــبەندی بە گێڕانەوەی حیکایەت و بەســەرهاتەکان یان گواســتنەوەی فەرموودەی شــێخە مەزنەکانی تەریقەتەکە یان وەسفکردنی زیکر*ەکەی* و شێوازەکانی هەناسەدان لە کـاتی زیکر*کردنـدا*. *ڕیســــالەیەک* کە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە بە حەسری مامەڵە لەگەڵ نەقشبەندیدا دەکات و باسی ئەوە دەکات کە شــێخ لە ڕاســـتیدا ڕابەری و ڕێنمایی ئەم تەریقەتەشــــی کردووە[٢٦]. ئەگەر ئاماژەی بوونێکی نەقشــبەندی لاواز بووبێت لە باشووری سێلێبسدا، ئەوە نیو سەدەیەک دوای مردنی یوسف، دەسنووسێک لەو ناوچەیەدا کەوتووەتە بەردەست کەوا تێز یان نامیلکیەیەکی نەقشـــبەندی لەخۆدەگرێت هاوشـــان لەگەڵ ڕێبازە سۆفیگەرییە تەمومژەکانی تردا[٢٧]. ئەم دەسـنووسـە ڕێنماییەکانی

---

تەمومژاوی دیارنەمان، بەڵام کۆپیی دەســـنووســـیان لەبەر گیراوەتەوە. مـایکرۆفیلمێکی ئەم کۆپییە لە کتێبخـانەی KITLV ە لە لایـدن؛ ف: *مەجمووعەیەک* نووسینەکانی یوسف لە کۆکراوەیەکی تایبەتدا و نووسینەکان تێکڕا ئە – د لەخۆدەگرن و لە کتێبی تودجیما، "شێخ یوسف مەکاسـار: مێژووی ژیانی ، کار و بەرهەمەکانی و ڕاســـپاردە و ڕێنماییەکانی"، جاکارتا: وەزارەتی پەروەردە و خوێندن و ڕۆشنبیری، ١٩٨٧.

[٢٦] *"الرســـالة النقشـــبندیة"*، کۆکراوەی تایبەت. وەســـفکراوە و تا ڕادەیەک کورتکراوەتەوە لە هەواش عەبدوڵڵا، *"پەرەســـەندنیســـۆفیزم و نوێنەرە دەرکەوتووەکانی لە ئەرخەبیلدا"*، سورابایا: ئەلئیخلاس، ١٩٨٣، ٧٥ – ٨٠.

[٢٧] مۆزەخانەی جاکارتا، م س. ئە ٦٥٥. لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا کۆپی کراوە و دیارە لە مەککە بووە (یەک ڕیســـالە ناوی کۆپیکارەکە دەهێنێت وەک

زیکر و تەوججوە و موراقەبە و ڕابیتە بە شـــێخ لەخۆدەگرێت، لەگەڵ هەشـــت ســـەرەتا و پرەنســـیپی عەبدولخالیق غوجدەوانی (بەڵام نەک سێ ئیزافییەکەی بەهائەدین). ئەمەش بەو *سیلسیلەیە* کۆتایی دێت لە تاجەدین زەکەریا بەملاوە، کە ئاماژەیە بەوەی لە شـــوێنکەوتووانی ئەمی دوایی بازنەی مەککەوە ســـەرچاوەی گرتووە. هەروەهـا هەمـان دەســـنووس تێز یـان نـامیلکەیەکی شـەتتاریی تێدایە و جارێکی تر دەیسـەلمێنێت کەوا نەقشبەندی بە شێوەیەکی باو پەیڕەوی کراوە بە هاوبەشی لەگەڵ شەتتارییەدا.

بەڵگەیەکی ســـەربەخۆ هەیە کەوا لە دەوروبەری ســـەردەمی یوســـفدا تەریقەتی نەقشـــبەندی ناســـراو بووە و لە بانتێندا ڕێزی زۆری لێگیراوە. لە حیکایەتی حەســـەنوددیندا، ژیاننامەیەکی تەواو ئەفســـــانەیی حەســـــەنوددینی دامەزرێنەری ناوداری بنەماڵەی موســـڵمانی بانتێنی تێدایە (کە ســـاڵی ١٥٧٠ مردووە) و بە چەند وەختێک لە پێش ١٧٢٥دا نووســـراوە، پاڵەوانی ئەم چیرۆکەی کە هاوڕێتیی باوکی کردووە، زانایەکی بەناوبانگ و حاکمی سیریبۆن، ســونان گونۆنگ جاتی، چووە بۆ مەککە و مەدینە و لەم شـارەی دواییان ڕێنمایی زیکر و ویرد و تەکنیکەکانی تری نەقشـــبەندیی

---

ئەبولفەتح ... ئەلمەککی. fly - leaf نەخشێکی تێدایە کە بە زمانی بووگی یان ماکاسـاری نووسـراون، ئەوەش ئاماژەیەبۆ ئەوە کە بۆ ئەوە قەرزاری کەسـێکە لە سـێلێبسـی باشـوور. *ڕیسـالە* نەقشـبەندییە بێ ناونیشـانەکە لە فۆڵدەری ژمارە ١٦٢ئە - ١٦٤ بێ لە ساڵی ١١٥٧ / ١٧٤٤ نووسراوە یان کۆپیکراوە.

کردووه. وا دیاره حیکایەتەکان تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە مێژووی تۆماری ڕووداوەکان دەبەستن، کە ئەویش *شەجەرەی بانتێنە*، کە لە ساڵی ١٦٦٢ - ١٦٦٣ تەواوکراوە و ئەمەش لە گەشتی دەریایی دەکات بۆ مەککە بەڵام باس لە پابەندبوون بە نەقشبەندییەوە ناکات[٢٨]. لە نێوان سالانی ١٦٦٢ - ١٧٢٥دا تەریقەتی نەقشبەندی ڕێزێکی زۆر گەورەی لێدەگیرا لە بانتێندا، کەوا حەسەنوددین تێیدا مایەی شکۆ و شانازییەکی گەورە بوو، کە لە پاش مەرگی پەیوەست کرابوو بەوەوە. هەڵبەت هۆکارگەلێکی بەهێز نەبوو وایدابنێت کە ئەمە تەنها بە هۆی شێخ یوسفەوە بووە و لە ماوەی دوا چارەکی سەدەی حەڤدەهەمدا خەڵکێکی زۆر کەمی بانتێن دەیانتوانی بچن بۆ حەج. *حیکایەتەکان* وای دەگێڕنەوە کە ڕەنگە پابەندبوون بە تەریقەتەوە ڕێکەوت نەبووبێت کە لە شاری مەدینەدا چێبووبێت، ئەو شارەی کە ئیبراهیم ئەلکورانی و موحەممەد ئەبوتاهیری کوڕی تێیدا خوێندوویانە و تەمەسوکیان کردووە. دوو دەسنووسی مەلایۆیی بوون و ئامادەگیی نەقشبەندییان لە بانتێندا زیاتر سەلماندووە لەم ماوەیەدا. ئەوا ئاماژە بە شێخ عەبدوڵلای بن عەبدولقەهار دەکەن کەوا هەردوک نەقشبەندی و شەتتاریی خوێندووە و

---

[٢٨] جەی. ئێدەڵ، "*حیکایەتی حەسەنوددین، پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ مێژووی بانتێن*"، ١٩٣٨، ل ٣٦ - ٣٧ (لایدن).

ڕابەریی کردوون و بە *خەلیفەی* نەقشـــبەنـدییش دانراوە بۆ ناوچەکانی بۆگۆر و ســـیانجوردا (کە هەردوکیان لە جاوای ڕۆژئاوان)[٢٩]. شێخ عەبدوڵڵا لەسەردەستی موحەممەد ئەبوتاهیر تەمەســوکی بە نەقشــبەندییەوە کردووە (کە لە ســاڵی ١١٠١ / ١٦٨٩دا جێی باوکی گرتووەتەوە و لە ســـاڵ ١١٤٥ / ١٧٣٣دا کۆچی دوایی کردووە و هەروەها شەتتارییەش لە ڕێگەی خەتێکی تری ســێ جێگرەوەی ئەلقوشـــاشـــییەوە. ئەو تاقە کەســـی نەقشبەندیی ئیندۆنیسیی (پێش خالیدی بوو) بە پێی زانیاریی ئێمە کەوا بە خەلیفە دانراوە و بەو پێیە بەردەوامیی داوە بە *تەریقەت*.

ئاماژەکان کەمن بۆ بوونێکی نەقشبەندی، بە شێوەیەکی ئاسایی بە گرێدراوی لەگەڵ شـــەتتارییەدا، لە دەرەوەی بانتێن. دەقی

[٢٩] تەریقەتی خەڵوەتی و نەقشبەندی (Leiden Cod. Or. 7337) باسی شێخ عەبدوڵڵا دەکات لەگەل *خەلیفە* نەقشـــبەندییەکەی مەولانا قازیی موحەممەد تاهیری بۆگۆر، حاجی موحەممەد عەلی ســـیانجور و حاجی موحەممەد ئیبراهیم هاروون ئەلجەلیسی جیانجور. نووسەری ئەم ڕیسالەیە موریدێکی یەکەم خەلیفەیە. دووەم دەسنووس، *سیلسیلەی شەتتارییە*، (Leiden Cod. Or. 7327) باس لە هەمان شێخ دەکات وەک شەتتارییەک و *سیلسیلەکەی* دەدات. هەردوو دەسنووسەکە لە سەرەتای سەدەدا (بیستەم - و) بۆ سنۆک هۆرگرۆنیە کۆکراوەتەوە، بەڵام ســـەردەمەکەیان دیاری نەکراوە. بەشـــی خەڵوەتییە یەکەم دەســـنووســـە ئیشـــارەت دەکات بۆ موحەممەد بن عەبدولکەریم ئەلســـەممان، کە لە ســـاڵی ١٧٧١دا مردووە و مورید و شوێنکەوتە ئیندۆنیسییەکانی لە سەرەتای ١٧٧٠کاندا گەڕانەوە بۆ ئەرخەبیل.

جاوایی فەرمی *"سیرات سێنتینی"* (کە لە فۆرمی ئێستایدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم) پاڵەوانی گێڕانەوەی خۆی هەیە، کە ئامۆنگڕاگایە و لە پاش ئەداکردنی نوێژ و نزا و پاڕانەوەی نەقشبەندی و شەتتاری دەخوێنێت[30]. بەو پێیە دانەر (یان ڕاستتر ئامادەکاری) *سێنتینیی* جاوای ناوەڕاست ئاگاداری ئەوە بووە کەوا ڕێوڕەسمی ئەم دوو تەریقەتە پێکەوە ئەدا کراون بە ئەڵقە و کۆڕبەستنی تایبەتی (لە کەناری باکووری جاوای ناوەڕاستدا؟).

دەسنووسە کۆکراوەکانی KITLV لە لایدن دەقێکی کورتی مالایی لەخۆدەگرێت کەوا مامەڵە لەگەڵ *"طریق السادات الشطاریة والنقشبندیة"* دەکات و باس لە کاریگەرییە پەرجووئاساکانی شێوە جۆراوجۆرەکانی زیکر دەکات و بیر و ئایدیا سادە و گەردوونییەکانی نەریتی *وەحدەتول وجوود (وحدة الوجود)* لێکدەداتەوە. ناوی گەلێ لەم مامۆستا و ڕابەرانەی کە لە لایەن دانەرەوە هاتووە ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئەم دەسنووسە لە ئاچێوە سەرچاوە دەگرێت و پێدەچێت مێژووەکەی جێی دڵنیایی

---

30 *"wirid isbandianipoen satariah djalalah bardjah"*. Quoted in R. J. Zoetmulder,
*Pantheisme en Monisme in de Javaanache Soeloek - Literatuur.* Nijmegen 1935, *یەکێتیی بوون "وحدة الوجود" لە ئەدەبی جاواییدا*
.131 - 130 لەم سیاقەدا زۆیتموڵدەر وایدادەنێت کە ناوی ئیسبەندیا شێواندنی ناوی نەقشبەندییە و وادیارە مشتومڕ هەڵناگرێت.

نەبێت بەڵام بە پێی کەتەلۆگ یان پێڕستەکەی بە کۆتایی سەدەی نۆزدە مەزەندە دەکرێت[٣١]. ئەمەش بەتەواوی وا دەگەیەنێت کە لێکگرێدانی هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و شەتتاری لە سەروەختێکدا لە باکووری سۆمەترەش پیادە کراوە. بەڵام وادیارە کۆتایی سەدەی ١٩ مێژوویەکی درەنگ بێت و لە شوێنانی تری ئەرخەبیلدا لقە کۆنەکانی نەقشبەندیی خالیدییە بە هێز و گوڕەوە جێیگرتبێتنەوە و (لە چەند شوێنێکی کەمیش مەزهەرییە).

دەقێکی تریش هەیە لە سۆمەترە بە زمانی مالیزی کە وا دیارە دەچێتەوە سەر لقێکی کۆنی نەقشبەندی بە ناوی *"لوباب ئەلخەفایا - لباب الخفایا"* لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی جەمالەدینی پاسی (لە ئاشی). ئەم کۆپییە کە تا ئێستاش هەیە لە ساڵی ١٨٥٩دا نووسراوەتەوە، بەڵام پێدەچێت تێکستەکە بنەچەیەکی زۆر زووتری هەبێت و تەنانەت ڤان ڕۆنکێڵ، بە پێی بنەمایەکی لاواز دەیگێڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم[٣٢]. بەشێکی گەورەی ئەم دەقە مامەڵە لەگەڵ فیقهدا دەکات، بەڵام ناوبەناو تۆوی دنەدانی بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی پەرستشی نەقشبەندیی پێوەکراوە، لە نوێژ و پاڕانەوەی نافیلەی *ویرد* و

[31] Untitled *risala* in Ms. Or. 112, KITLV, Leiden, pp. 21- 44.

[32] *Lubab al-kifaya,لوباب الكفاية* Leiden Cod. Or. 12.202. See: Ph. S. van Ronkel, "Een Maleisch getuigenis over den weg des Islams in Sumatra", BKI 75 ( 1919), 363 - 378. شەهادەتی مەلایۆ لە ڕێگەی ئیسلامدا لە سۆمەترە.

زیکر. لێرەدا ناوی تەنها دوو پیاوچاک و پیرۆزی نەقشـــبەندی هـاتووە و ئەمـانەش زۆر یـارمەتیمـان نـادات کەوا ئەم دەقە لە مێژووی تەریقەتدا جێبکەینەوە: کە ئەحمەد خواجەکانی و حافیز کاشـــگاریی ناســـراو بە شـــێخ موحەممەد فارس. ئەم ناوانە، کە بەئـاشـــکرا تەحریفکراون، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ نـاوی دوو لە خواجەگانی، کە ڕابەرانی ئاسیای ناوەڕاستی تەریقەتەکە بوون[٣٣].

ئەمە ئەو بەڵگانەی بەردەســـتیش لاواز دەکات کە لەســـەر تەریقەتی نەقشبەندین لە ئیندۆنیسیای پێش ناوەڕاستی سـەدەی نۆزدەدا. وا دیارە تەریقەتەکە بە چەسپاوتر دامەزراوە لە بانتێندا، لە دوادوایی ســـەدەی حەڤدەوە یان بەلای کەمەوە لە ســـەرەتای سـەدەی هەژدە بەملاوە لەوێشـەوە لقی لێبووەتەوە بەرەو بۆگۆر و ســـیانجور و ئەگەریش هەیە بەرەو جاوای ناوەڕاســـتیش. لە باشووری سیلێبس، لە سـەدەی هەژدەدا بووە و لە ئاشێ ڕەنگە تا ڕادەیەک درەنگتر بووبێت، کە لانی کەم هەندێ کەس ڕاهێنان و پەیڕەویی ڕێبازی نەقشـــبەندییان کردبێت بە شـــێوەیەکی شـــەخســـی و تـایبەتی. لە هەموو ئەم حـاڵەتـانەدا، وا دیـارە نەقشبەندی گرێدراوی شەتتاری بووە.

---

[٣٣] من وای پێشـــنیاز دەکەم کە ئەوەی پێشـــوو لەگەڵ ئەحمەد ئەمکاناگیی ڕابەری پێشـــتری باقی بیللادا پێناســـە بکرێت (کە ئەمیش وەک موحەممەد ئەلخواجەگی ئەلئەکانەگیی ئاماژەی پێبکرێت. ناودارترین ڕابەری نەقشبەندی لە کاشغەردا سەعدەدینی ڕابەری خواجە عوبەیدوڵڵای ئەحرار بووە.

## یەکەم هاتنەناووەی ڕێبازی خالیدی بۆ ئەرخەبیل

لەگەڵ گەڕانەوەی شێخ ئیسماعیل مینانگکاباوی لە مەککەوە لە سەرەتای سالانی ١٨٥٠کاندا بۆ یەکەمجار نەقشبەندی بوو بە هێزێکی کۆمەڵایەتی - ئاینی لە ئەرخەبیلدا. ئیسماعیل لە بنەچەدا خەڵکی سیمابورە لە ڕۆژاوای سۆمەترە و بەشێکی باشی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بەسەربردووە بە دەرس وتنەوە و ڕێنمایی کردن لە مەککەدا. خوێندن و ڕێنمایی و تەدریس کردنی تەنها هەر سۆفیگەریی نەگرتەوە بەڵکوو هەموو زانستە ئیسلامییەکانی گرتەوە و بە شێوەیەکی نموونەیی کارە زۆر بەناوبانگەکەی "کیفایەتول غولام - كفاية الغلام (بە مالیزی)، کە هێشتا هەر بە ڕێکوپێکی چاپ دەکرێتەوە و بریتییە لە کتێبێکی سادەی قوتابخانە لەبارەی خاڵە بنەڕەتییەکانی باوەڕ و پابەندییە یاساییەکانەوە[٣٤]. شێخ ئیسماعیل ناوبانگێکی باسی ڕێنمایی و

---

[٣٤] کارەکەی تری کە بە چاپکراوی هەیە کتێبی *"موقارەنە"* یە، کە دەقێکی کورتی مەلایۆییە لە سەر نوێژ *(صلاة)*. هەردوک ئەمانە هێشتا لە ناوچەکانی مەلایی زمانی ئەرخەبیلدا بەکاردەهێنرێن. دوو *ڕیسالەی* نەقشبەندیی بێ ناونیشان لە لایەن ئیسماعیلەوە، کە دیارە هەرهیز جاپ نەکران بە کوردی وەرگێڕدراون لە کتێبی ک. ف. هۆهە، "جاڕدان لە پەرستشی تەکێکانی نەقشبەندی لە نێد و ئەرخەبیلی هندی"

K. F. Hohe, "Mededeelingen over de devotie der Naqsjibendijah in den Ned. Indischen Archipel", *TBG* 31 (1886), 69 - 76.

دەرس وتنەوەی پەیداکردبوو لە ناو ئیندۆنیسییەکانی نیشتەجێی مەککەدا. لەو سەردەمەدا کە سنۆک هۆرگرۆنیە لە مەککەدا مابووەوە (١٨٨٥) و لەو کاتەدا بە چاکی یادی دەکرایەوە وەک کەسایەتییەکی ئاڵۆزی "زانا و ئەوپەڕی ئوسووڵی و دەمارگرژ" (سنۆک هۆرگرۆنیە ١٨٨٩، ٣٥٥). ڕوون نییە کە چۆن وشەی 'ئوسووڵی و دەمارگرژ fanatic' لێرەدا لێکبدەینەوە، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئیشارەت بێت بۆ پابەندبوونی توند بە *شەریعەتەوە* و دژە کریستیان بێت، بۆ نموونە هەڵوێستی دژە ئەوروپی و بەتایبەتیش دژە کۆڵۆنی بێت. عەبدوڵلا پێماندەڵێ کەوا لە ماوەی مانەوەی دواتری ئیسماعیل لە ڕیاو ئەوە ژنان پابەند کرابوون کە حیجاب بکەن[٣٥]. هەروەها ئەمە قۆناخێک بوو کەوا حوکمڕانانی ڕیاو نائومێدانە شەڕیان بۆ هێشتنەوەی ئەندازەیەک لە سەربەخۆیی دەکرد لە بەرانبەر هۆڵەندییەکاندا.

ئیسماعیل لە سەر دەستی عەبدوڵلای ئەرزنجانیی *خەلیفەی* مەولانا خالید لە مەککە پابەندی ڕێبازی نەقشبەندی بوو، هەر زوو ئەمیش لای خۆیەوە بوو بە خەلیفە، ئەگەر ئیددیعای عەبدوڵلا ڕاست بێت کەوا یەکێک لە شاگرد و شوێنکەوتووانی لە

---

[٣٥] H. W. Muhd. Shaghir Abduhah, *Syeikh Ismail Minangkabawi,* *شێخ ئیسماعیل مینانگکاباوی،* *penyiar thariqat Naqsyabandiyah Khalidiyah.* *بانگەشەکاری تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی* Solo: Ramadhani, 1985, 107.

ساڵی ١٢٤٢/ ١٨٢٦ – ١٨٢٧دا مردووه. ئەم شاگردەش حوسەین بن ئەحمەد ئەلدەوسەری ئەلبەسری بوو، کە بە بنەچە عەرەبێکی خەڵکی بەسرەی باشووری عێراق بوو و *ڕیسالەیەکی* نووسیوە کە ڕێنماییەکانی ڕابەرەکەی لەخۆگرتووە، کە یەکێکە لە سەرچاوە ڕاستەوخۆ دەگمەنەکان لەسەر ئیسماعیل[٣٦]. کەم کەس لە شاگرد و شوێنکەوتووەکانی تری هیچ ئاسەوارێکی نووسراویان بەجێهێشتووە یان تەنانەت بە ناویش ناسراون، بەڵام بە حوکمی ناوبانگی بەرزی ئیسماعیل، گەلێ لە ئیندۆنیسییەکان ئەگەر زۆربەشیان نەبووبێت کەوا سەردانی مەککەیان دەکرد دەبوو لەسەر دەستی ئەو بخوێنن و تەمەسوک بکەن.

ئەو کاتەی ئیسماعیل بەرەو ڕۆژهەڵات گەشتی کرد، دەبوو ڕێنمایی و ڕابەریی تەریقەتی نەقشبەندیی – خالیدی بکات لە مەککە بۆ چەندین ساڵ و ئەندازەیەک لە ناوبانگی بەدەستهێناوە. لە کاتی گەیشتنیدا بە سینگاپورە، کە یەکەم بەندەر بوو بۆ بانگەوازی گەڕانەوەی حاجییان بانگهێشتی میوانداریی تەمەنگانگ ئیبراهیم کرا، کە باڵاترین دەسەڵاتی خۆوڵاتی بوو لەوێ. ئەمە

---

[٣٦] حوسەین بن ئەحمەد ئەلدەوسەری ئەلبەسری *"الرحمة الهابطة فی ذکر إسم الذات والرابطة"*، کە لە لایەن ئەبوبەکر ئەلبەسریی مورید و خەلیفەیەوە تەواوکردا. پێکەوە لەگەڵ وەرگێڕانێکی مالاییدا (مەلایۆ) لە مەککە ١٣٠٦ / ١٨٨٩؛ ١٣٢٥ / ١٩٠٧. کورتەیەکی ناوەرۆکەکەی لە کتێبی عەبدوڵڵا، *"پەرەسەندنی زانستی تەسەوف"*، ل ١٥٨ – ١٧١.

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاســتەوخۆی ئیســماعیل بوو لەگەڵ پێشڕەویی خێرای کۆلۆنیالیزم و گلۆربوونەوەی سیاسیی ئیسلام. لە ســـاڵی ١٨٢٤دا، کاتێ ئیســـماعیل لە مەککە بوو، بەریتانی و هۆڵەندییەکان ڕێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد کە ویلایەتی مالیزی و بۆگیســـییەکانی دابەش دەکرد لە جۆهۆر. بەو پێیە بەشـــی خاکی ســـەرەکی و ســـینگاپورە دەچوونە ژێر ســـایە و کاریگەریی بەریتانییەکانەوە و بەشـــی دوورگەکەش (کە ئەرخەبیلی ڕیاو بوو بووە نیشـــتەجێیەکی ئۆتۆنۆمیداری هندییە هۆڵەندییەکان. ڕیاو لە لایەن دوو بنەمـــاڵەوە حوکم دەکرا، ســـوڵتـانە مـالاییەکـان (مـالیزییەکـان) و بووگییەکـان "پـاشـــا یان مەلیکە بچووکەکـان" (*Yang Dipertuan Muda*)، کە دەسـەڵات بەدەسـتی ڕاسـتەقینە بوون. ئەمی دواییـان بەتـایبەتی هەوڵی دەدا کە قەرەبووی لەدەســـتدانی ســـەربەخۆیی لە ڕێگەی چاودێری کردنی خوێندنی ئیسلامی و بە هۆی "کۆششی دیراسە کراوەوە" ... بۆ کێشکردنی ئەو مامۆستایانەی خاوەنی هەڵوێستی چەسپاون لە جیهانی ئیسلامیدا[٣٧].

ئیســـماعیل ســـینگاپوورەی کردە بارەگایەکی کاتیی خۆی و لەوێوە دەســـتی کرد بە ڕێنمـایی و بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە، بەڵام ئارەزووشـــی دەربڕی بۆ ســـەردانی ڕیاو. بۆ ئەم مەبەســـتە

[٣٧] ڤیرجینیا ماثێســـۆن و باربارا واتســـۆن ئەندایا "پێشـــەکی" لە کتێبی ڕاجا عەلی حـاجی ئیبن ئەحمەد، "دیـاریی بەنرخ - تحفـة النفیس" (لە لایەن مـاتیســـۆن و ئەنداياوە وەرگێڕدراوە). کوالا لامپور، تاد... : چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٨٢، ٤.

ڕاجا عەلیی یانگ دیپێرتوان مودا بەلەمە تایبەتییەکەی خۆی نارد بۆ ئەوەی شێخ بگوێزێتەوە بۆ دوورگە بچووکەکەی پێنیانگات کە شوێنی نیشتەجێی دووەم بنەماڵەی ڕیاو بوو. لێرە خودی ڕاجا عەلی و هەموو خزمەکانی بوون بە موریدی شێخ ئیسماعیل و لەوە بەدوا هەفتەی دوو جار سروووت و ڕێوڕەسمی زیکری نەقشبەندییان لە دوورگەکەدا ئەنجامدەدا. دواتر ڕاجا عەبدوڵڵای برا بچووکی ڕاجا عەلی کرا بە خەلیفەی شێخ ئیسماعیل لە دوورگەکەدا. پاشان شێخ ئەسماعیل گەڕایەوە بۆ سینگاپورە بەڵام چەندین جار سەردانی ڕیاوی کردەوە و لەوێ کچی پیاوێکی ناوداری خواست و کوڕێکی لێ بوو[٣٨]. ئیسماعیل لە سینگاپورەشەوە چەند گەشتێکی بەرەو باکوور کرد و تا ویلایەتی کێدای مەلایۆ ڕۆیشت. لەوێش دیسان کاریگەریی بڵاوبووەوە و یەکێک لە تەنها دوو *ڕیسالە* دەسنووسەکەی لە ساڵانی ١٨٨٠کاندا لە پێنانگ بەدەستهاتووە[٣٩]. ئاشکرایە کەوا شێخ هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ سۆمەترەی ڕۆژئاوا کە زێدی ڕەسەنی خۆی بوو، بەڵکوو وای پێباشتر بوو خۆی بە دوور بگرێت لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی هۆڵەندییەکاندا بوون. لە پاش چەند ساڵێکی کەم گەڕایەوە بۆ مەککە و تا کۆتایی ژیانی لەوێ مایەوە.

---

[٣٨] ڕاجا عەلی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٥ – ٢٨٧.

[٣٩] هۆهە، هەمان سەرچاوە، ل ٦٧، ٦٩ – ٧٦.

ئیرشـاد و ڕێنماییەکانی شـێخ لە ماوەی سـاڵانی سـینگاپورەیدا بێ تەحەدا و ڕکـابەر نەبوون. لێرە زانـایەکی عەرەبی حەزرەمی (واتە خەڵکی حەزرەمەوت – و)، بە ناوی سـالم بن سـامیر[٤٠]، کە ئەو دەمە ئەمیش لە سـینگاپورە دەژیا، زۆر بە توندی ڕەخنەی لە ئیسـماعیل گرت و تیژ یـان نـامیلکەیەکی نووسـی کە تێیدا ئـارگومێنتی ئەوەی دەکرد کە تەریقەتەکە وەک ئەوەی لە لایەن ئیسماعیلەوە ڕێنمایی بۆ دەکرێت پێچەوانەی باوەڕی ئیسلامە. بە پێی مشـتومڕێکی دواتری دژ بە نەقشـبەندی ئەم بەرهەڵسـتییە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی گەڕانەوەی ئیسـماعیل بۆ مەککە[٤١]. بەڵام ڕۆیشتنی ئیسماعیل بە واتای کۆتایی نەقشبەندی نەهات لە

---

[٤٠] لە ئیندۆنیسیادا بەوە ناوی دەرکردووە کە دانەری کتێبی *"سفينة النجاح"*ە، کەوا کورتەیەکی باوەڕی بنەڕەتیی فیقهی تێدایە.

[٤١] سـەید عوسـمان بن عەبدوڵلا بن عەقیل بن یەحیا ئەم یەکەم مشـتومڕە ی دژە نەقشـبەندیی پاراسـتووە لە کتێبەکەیدا *"مانای تەریقەت بە قسـە و باسـێکی کورت"*، باتاڤیا، ١٨٨٩، ٩. سـەید عوسـمان ئەوەش دەگێڕێتەوە کە ئیسـماعیل پارەیەکی زۆری لەگەڵ خۆی بردووە لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ مەککە کە دژوار و پێچەوانەیە لەگەڵ ئینتیباعی شـکسـتی تەواودا کە ئەو دەخوازێت بیگەیەنێت. لەبارەی سـەید عوسـمان و هەوڵەکانی دژە نەقشـبەندی، بڕوانە : س. سـنۆک هۆرگرۆنیە، "هاوپەیمانیی عەرەب لەگەڵ حکوومەتی هندی هۆڵەندی "، لە کتێبی "جاڕنامەی کۆمەڵەی نێردەی هۆڵەندی"
*Mededeelingen van wege het Nederlandsche, Zenddinggenootschap* 31 (1887), 41 - 63.

ڕیـاو، چونکە ڕاجـا عەبـدوڵڵای برا بچووکی ڕاجـا عەلی، کە خەلیفەی شـــیخ ئیســـماعیل بوو، وەک *یانگ دیپێرتوان مودا* جێیگرتەوە. لە دوای مردنی ئەمیش لە ســـــالی ١٨٥٨دا، ڕاجـا موحەممەد یوســـف جێیگرتەوە، کە ســـەردانی مەککەی کرد و لە ســـەر دەســـتی شـــێخی مەزهەری موحەممەد ســـاڵح ئەلزواوی تەمەسـوکی بە تەریقەتی نەقشـبەندییەوە کرد. ئەم شـێخە پاشـتر دوا سـاڵەکانی ژیانی لە ڕیاو بەسـەربرد). عەبدوڵڵا و موحەممەد یوسـف دوا کەس بوون کە پۆسـت و پێگەی *یانگ دیپێرتوان مود* لەئەستۆ بگرن و ئاستێک لە سەربەخۆیی سیاسی بپارێزن. ئەوان سەرکردایەتیی سیاسییان گرێدابوو بە تەریقەتەوە و هەفتەی دوو جار چینی ئەریستۆکراسییان وە لە دەهێنایە کۆڕ و کۆبوونەوەی زیکرەوە لە کۆشـــکدا. لە پاش مردنی موحەممەد یوســـف ئەم پۆســـتە لە لایەن هۆڵەندییەکانەوە هەڵوەشـــێنرایەوە و ڕیـاو بەتەواوی چووە ژێر ڕکێفی دوورگەکانی هندی هۆڵەندییەوە. لە ڕاســـتیدا لەبەر ئەوەی تەریقەتەکە پارێزەری باڵای لەدەســـتدا بەتەواوی دیارنەما لە دوورگەی دابڕاوی ڕیاودا.

کەم و زۆر هاوزەمان لەگەڵ چالاکییەکانی شـێخ ئیسـماعیل لە ســـینگـاپورەدا، تەریقەتی نەقشـــبەنـدی (کە ئەگەر هەیە لقە خـالیدییەکەی بووبێت) کەوتە بڵاوبوونەوە و تەشـــەنەکردن لە جاوای ناوەڕاســـت و ڕۆژئاوادا. بەهەرحاڵ، داتا و زانیاریی ورد زۆر دەگمەنن، بەڵام ڤان دێن بێرگ لە سـاڵی ١٨٨٣دا دەنووسـێت

کەوا دەسەلاتدارانی یۆگیاکارتا دەگێڕنەوە کەوا "هەمان ڕاهێنان و پەرستشی [نەقشبەندی] لە سالآنی ١٨٥٥ و ١٨٥٨ و ١٨٦١ و ١٨٦٦دا بانگەشەی بۆ کراوە و هەموو کاتێک دەرفەتی بەدەستەوە داوە بۆ سەرپێچی کردن..."[٤٢]. لە ناوچەکانی سیانجور و جاوای ڕۆژئاواش، نەقشبەندی لە سالآنی ١٨٥٠کان بەدواوە چالاک بووە، وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٨٨٥دا هاتووە[٤٣]. ئەمە ئەو لقەی پێشتری نەقشبەندی نەبووە کە لەوێ دامەزراوە لە لایەن *خەلیفەی* شێخ عەبدوڵلا بن عەبدولقەهاری بانتێنەوە، بەڵکوو لقی خالیدی بووە و وەک باس دەکرێت سەر بە ئسماعیلی مینانگکاباوی بووە[٤٤].

تاقە شوێنێکی تر لە ئەرخەبیلدا کە پێدەچێت نەقشبەندیی –

[٤٢] ل. دەبلیو. س. ڤان دێن بێرگ، "لەبارەی خۆ تەرخانکردنی نەقشبەندییەوە لە ئەرخەبیلی هندیدا"، *TBG* ٢٨ (١٨٨٣)، ١٥٨ – ١٧٥.

[٤٣] زانیاری لە لایەن دەسەڵاتە ناوخۆییەکانەوە، لە لایەن دانیشتوویەکی هۆڵەندیی پریانگانەوە ڕاپۆرتی لەسەر دراوە بۆ حاکمی گشتی،ئەرشیفی نیشتمانیی جاکارتا Arsip Nasional, Jakarta: *Mailropport no. 642a.*

[٤٤] هەمان کەسی دانیشتوو یان نیشتەجێ، لە نامەیەکی دواتردا، نەقشبەندییەکانی سیانجوری بە "شوێنکەوتووانی باوەڕ و ڕێبازی ئیسماعیل مینانگکاباوی" ناوبردووە (ئەرشیفی نیشتمانی، جاکارتا: MGS ١٢ – ٤، ١٨٨٦، ژ ٥٨/ س). بەهەرحاڵ ئەمە دۆخ و سیاقی مشتومڕی بانگەشەیەکە لە لایەن سەید عوسمانەوە کە هێرش دەکاتە سەر تەریقەتینەقشبەندی و بەتایبەتی شێخ ئیسماعیل و ئەم کەسە موقیم یان نیشتەجێیە ناوی ئیسماعیلی تەنها لەو بانگەشەوە وەرگرتووە لەجیاتی ئەوەی لە خەڵکی پەیوەندیداری وەربگرێت.

خالیدی تێیدا لەم سەرەتایەدا جێپێی خۆی کردبێتەوە سۆمەترەی ڕۆژئـاوا بوو. مێژوویەکی ورد بۆ یەکەم دەرکەوتنی لەوێ نـاتوانرێـت جێگیر بکرێـت، بەڵام زیـاتر پێـدەچێـت کەوا پێگە و کاریگەریی شێخ ئیسماعیل بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگیداوەتەوە. زۆرێک لە خەڵکی مینانگکاباو سـەردانی مەککەیان کردووە و دیارە لەسـەر دەسـتی عالم و زانای گەورە و هاووڵاتیی خۆیان ڕێنمـاییـان وەرگرتووە و پـابەنـدی تەریقەتەکەی بوون. یەکەم شیخی نەقشبەندی لە سۆمەترەی ڕۆژاوا خۆیدا بەتەواوی ناوی دەزانین کە شـێخ جەلالەدینی کانگکینگە، کە لە سـاڵانی ١٨٦٠کاندا برەوی هەبووە و دەبێت مژدەدەر و بانگەشـەکارێکی ڕیزپەڕی چالاک و سـەرکەوتوو بووبێت. لە سـاڵی ١٨٦٩دا، چاودێرێکی نیشـتەجێی هۆڵەندی مەزەندەی ئەوە دەکات کەوا یەک لەسـەر هەشـتی تێکڕا دانیشـتووانی بەرزاییەکانی سـۆمەترەی ڕۆژاوا پەیوەستی تەریقەتی نەقشبەندی بوون[٤٥].

ئەوە لە سەروەختی شێخ جەلالەدیندا بوو کە ڕکابەریی لەگەڵ مەڵبەندی سـەرەکیی شـەتتاریدا لە ئولکان کەوتە دابەشـکردنی توێژگەلێکی گەورەی کۆمەڵگەی مینانگکاباو بۆ ئەو موحافزەکارانەی

---

[٤٥] ئە. دەبلیو. پ. ڤێرکەک پیسـتۆریۆس، "پیاوی ئاینی و کاریگەریی لەسـەر کۆمەڵگە"، *گۆڤاری دوورگەکانی هندی هۆڵەندی*، ژ ٣ (١٨٦٩)، ٢، ل ٤٢٣ – ٥٥٥، بەتایبەتی ل ٤٥٠ – ٤٥١.

پـابەنـدبوون بە "ئـاینی ئولکـانەوە" و زۆرترین شـــوێنکەوتووانی ئوســــوولّیی "ئاینی کانگکینگ". زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لەســــەر مێژووی ڕۆژاوای ســــۆمەترە دەگەڕێنەوە بۆ نـاکۆکی و ململانێی نێوان ڕێبـازەکانی نەقشــــبەندی و شـــــەتتاری، بەڵام زۆرێک لە نووسەران و دانەران زیاتر بۆ دواوەی دەگێڕنەوە بۆ ئەو مێژووەی کە پاســـاوی هەبێت[٤٦]. تەریقەتی نەقشـــبەندی کە دەســـتە و تاقمی حاجییەکان بوو، کە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا نوێنەرایەتیی لایەنی ڕیفۆرمخوازانی دەکرد، هێرشـــــی دەکردە ســـــەر ئەو ڕاهێنـان و ڕێوڕەســـمە تەوفیقییانەی پەیوەســـت بوون بە ڕێبازە ڕکابەرەکەوە. هەر زووش لە لایەن ڕیفۆرمیســــــتە لەڕادەبەدەر ڕادیکـاڵەکـانەوە ئەولاتر ڕۆیشـتن و سـەرکۆنەی پراکتیزەی نەقشـبەندییەکانیان دەکرد کەوا *بیدعەیە* و نەقشبەندییەکانیان دەخستە ڕیزبەندی "موحافزەکارانەوە".

---

[٤٦] "ئاو هایە حیکمەتی باوکم"، جاکارتا: "ئوممیندا"، ١٩٨٢ [١٩٥٠]، ل ١١ – ١٢؛ کریســــتین دوبین، "*بووژانەوەی ئیســــلامی لە ئابوورییەکی گۆڕاوی جووتیاریدا، ســــۆمەترەی ناوەند، ١٧٨٤ – ١٨٧٤*". لەندەن / ماڵمۆ: چاپی کوێزن، ١٩٨٣، ل ١٢٣ – ١٢٤.

هەردوکیان ڕکابەریی نێوان عولەمای گرووپە کاریگەرەکان ڕاڤە دەکەن لە ســــەدەی ١٨دا لە هەل و مەرجی ڕکابەریی نەقشــــبەندیی – شــــەتتاریدا، هەرچەندە بەڵگەی بوونی نەقشـبەندی نیە لە پێش نیوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدەوە. ناکۆکی و ململانێکە لەوپەڕی توندیی خۆیدابوو لە کۆتایی ســــەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا. بڕوانە .Schrieke, "Bijdrage", 262-5

**بووژانەوە لە ساڵانی ١٨٨٠کاندا: پەیوەندییەکانی مەککە**

بە هۆی ئاسانکاری و چاکسازی لە لەنگەرگرتنی کەشتیدا و هەروەها ڕەنگە بە هۆی کرانەوەی کۆمەڵگە نەریتییەکانیشەوە بووبێت لە لایەن کۆلۆنیالیزمەوە، ژمارەی ئەو حاجییە ئیندۆنیسییانەی سەردانی مەککە و مەدینەیان دەکرد تا دەهات ڕوو لە زیادی بوو، هەروەها ئیندۆنیسییە نیشتەجێکان (کە تێکڕا بە زمانی عەرەبی پێیاندەوتن "*جاوی*")، بەشێکی گرنگ و بەرچاوی دانیشتووانی مەککەیان پێکدەهێنا. ئەمەش بە ڕێکی هۆکارێکی سەرەتای بڵاوبوونەوەی خێرا و ڕوونتری نەقشبەندی بوو لە ئیندۆنیسیا، لە ساڵی ١٨٨٥دا، کەوا سنۆک هۆرگرۆنیە تێیدا نیشتەجێی مەککە بووە، بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتانەی هۆڵەندییەکان و چالاکییان لەوێ. دووەم بەرگی کتێبەکەی لەبارەی مەککەوە زانیاریی زۆر لەخۆدەگرێت سەبارەت بە *تەریقەتە* جۆراوجۆرەکان و مامۆستا و ڕابەرەکانیان و کاریگەرییان. تا ڕادەیەکی زۆر، بەناوبانگترین شێخەکانی ئەو سەردەمە ئەم کەسانە بوون: سولەیمان ئەفەندی، کە *زاوییەکەی* (تەکیەکەی) دەکەوتە سەر جەبەل ئەبوقوبەیس و بە سانایی جاوییەکان فرەجار بە شێخی جەبەل ئەبوقوبەیس ناویان دەهێنا و ڕکابەرەکەشی خەلیل پاشا بوو[٤٧]. ئەوان هەردوو لایان سەر بە

---

[٤٧] س. سنۆک هۆرگرۆنیە ...... ئەم بابەتە وەرگێڕدراوە بۆ ئینگلیزی وەک

ڕێبازی خالیدی بوون و هەردوو لاشـــیان بەئاشـــکرا زۆریی ژمارەی *موریدەکانیان* پێ خۆش بوو وەک لە جۆریان (کە بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی ئینـدۆنیســـی بوون) و ئەمەش ســـەریدەکێشـــایەوە بۆ ناکۆکی و ململانێی نێوانیان ســـنۆک هۆرگرۆنیە تێڕوانینێکی باشـــی نەبوو بۆ هەردوو لایان و لەگەڵ شێخێکی نەقشبەندیی سێهەمدا بەراوردی دەکردن کە زۆر ڕێزی لێدەگرت، ئەویش موحەممەد ســـاڵح ئەلزەواوی بوو. ئەلزواوی ســـەر بە بنەمـاڵەیەکی گەورەی خوێنـدەواری عەرەب بوو و "پیاوێکی دانا و زانا و ســـۆفییەک بوو کە بە قووڵی ڕۆچووبووە نهێدنییەکـانی تەریقەتی تەســـەوفەوە[48]. بەپێچەوانەی دوو شـــێخەکەی ترەوە، ئەم هەموو کەســـێکی پابەند نەدەکرد بە تەریقەتەوە تا ئاســـتیکی باشـــی خویندن و فێربوونی نەبوایە.

---

*"مەککە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا"، لایدن: بریە، ١٩٣١...*

Snouck Hurgronje, *MeJdca.* U: *Aus dem heutigen Leben.* HMg: Nijhoff, 5, 328. Translated into English as *Mekka* - 3, 284 - 1889, 240 مەککە لە *in the latter part of the19th century.* Leiden: Brih, 1931. کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ..

[48] هەمان ســەرچاوە، ل ٢٥٣. دیارە ســنۆک هۆرگرۆنیە زۆر دۆســت بووە لەگەڵ ئەو خێزانەدا و دواتر لێبڕاوانە یارمەتیی عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەد ســـاڵحی دا کاتێ کە هەڵهات بۆ مەککە لەبەر هۆکاری ســـیاســـی و بە شـــێوەیەکی کاتی پەنای بردە بەر مورید و شـــوێنکەوتووانی لە بۆرنیۆ. سنۆک هۆرگرۆنیە، ئامۆژگاری II *Adviezen* ١٦٠٠ - ١٦٠٨.

هەروەها سنۆک ناوی شێخێکی چوارەمی نەقشبەندی دێنێت، کە ئەویش خەلیل ئەفەندییە، بەڵام پێدەچێت بێجگە لە ناوەکەی لای ئەو زۆر ناسراو نەبووبێت[٤٩].

بێگومان کارێکی هێندە زەحمەت نییە کە شـــوێن ئینتیما و پابەندیی ئەم چوار شـــێخە نەقشـــبەندییە بکەوین، لە ڕێگەی پەنابردنە بەر *ســـیلســـیلە* ئیندۆنیســـییەکان کە لەم خشـــتەیەی خوارەوەدا کورتکراوەتەوە.

دواهەم کەســـیان کە خەلیلە دەبێت خەلیل حیلمی بێت، کەوا خەلیفەی موحەممەد جام ئەلمەککی بووە، کەوا لەســـەردەســـتی شێخ ئەبوسەعید ئەلئەحمەدیی هندیی خوێندوویەتی و تەمەسوکی کردووە (کە خەلیفەی عەبدوڵڵای دەهلەوەی) و ئەحمەد سـەعیدی کوڕیشـــی بووە. موحەممەد حەققیی ئەنزلیی خەلیفەی ئەمیش چەندین قوتابی و شوێنکەوتووی مالیزیی هەبووە[٥٠] و بەرهەمێکی

[٤٩] مەککە، ٢، ل ٣٢٨.

[٥٠] یەکێـک لەوانە أحمـد بن محمـد زين الفطـانی بوو (کە خەڵکی پەتـانیی ئەمڕۆی باشـووری تایلاند بوو و دامەزرێنەری یەکەم دەزگای چاپی مالایی بوو لە مەککە و بڵاوکەرەوەی گەلێ کتێـب بوو کە لەلایەن عولەمـا ئیندۆنیسـییەکانەوە نووسـرابوون؛ کەسـێکی مەلایۆی تر کە سـیلسـیلەکەی دەباتەوە سەر سەید نەجیب ئەلعەتتاس لە کتێبی، "هەندێ بواری سۆفیگەری وەک تێگەیشـــتن و پەیڕەوی کردنی لە نـاو مەلایۆکـانـدا". ســـینگـاپورە: ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجی، ١٩٦٣، ٤١.

سـۆفیگەریی – ئەفسـانەیی نووسـیوە کە هێشـتا هەر لە بەشـە مەلایۆ یان مالیزی زمانەکەی ئەرخەبیلدا دەخوێنرێت[51].

بنەماڵەی زەواوی مۆرکێکی قووڵی بە سـەر ئیندۆنیسـیاوە جێهێشـتووە. ئەو هێڵانەی کە لە لایەن ئەمانەوە دامەزراون بە نەقشـبەندییە – مەزهەرییە یان ئەحمەدییە ناودەبرێن[52]. دوا *یانگ دیپێرتوان مودای* ڕیاو قوتابی و موریدی موحەممەد سـاڵح و سـوڵتانی پۆنتیاناک بوو لە بۆرنیۆی ڕۆژاوا (کە ئەم خۆیشـی بە ڕەچەڵەک عەرەب بوو) گشـت ڕەعییەتەکانی خۆی خسـتە ژێر سـایە و چـاودێریی زەواوییەوە. عەبـدولعەزیمی خەلیفەی موحەممەد سـاڵح ئەلمەندوری، کە زۆر لەمێژ بوو نیشـتەجێی مەککە بووبوو لەگەڵ گەلێ قوتابیی تری مەندوریدا، بە دڵگەرمی و لێبڕاوییەوە *تەریقەتەکەی* لە مادورای زێد و نیشـتمانی خۆی دامەزراند. لە سـاڵانی ١٩٧٠کاندا ئەم تەریقەتە لە مادوراوە تەشـەنەی کرد بۆ دوورگە جۆراوجۆرەکانی تر. قوتابییەکی تری ئیندۆنیسـی بە هەندێک کاریگەرییەوە بە ناوی ئیسـماعیل جەبەل

---

[51] "*خزینة الأسـرار، جلیلة الأذکار*"، (Cf. GAL U, 490; S U, 746)، بەم دواییە لە سورابایا چاپکراوەتەوە.

[52] ئەوی پێشـوو لە دوای میرزا مەزهەر جانی جانان، یان بەپێی هەندێ بۆچوونی تر، دوای موحممەد مەزهەر ئەلئەحمەدی هـاتووە؛ دواتر ئەبو سەعید ئەلئەحمەدی، کە ئەم نیسبەتە بەکاردێنێت بۆ ئاماژە کردن بەوەی لە بنەچەدا دەچیتەوە سەر ئەحمەد سرهندی.

(له بەر نیشـــتەجێبوونی لە جەبەل هندی لە مەککە ئەم ناوەی بەســـەردا بڕابوو)، کە بە بنەچە خەڵکی پۆنتیاناک بوو، ڕێنمایی گەلێ لە هاونیشـــتمانییە ئیندۆنیســـییەکانی فێرکرد و ڕێنمایی دەکردن. موحەممەد ساڵح دوا ساڵەکانی ژیانی لە ڕیاو بەسەربرد، وەک میوانی موحەممەد یوسفی *یانگ دیپێرتوان مودا*[٦٥]. لە ساڵی ١٨٩٥دا عەبدوڵڵا ئەلزەواویش سەردانی سینگاپورە و پۆنتیاناک و کوتای (ڕۆژهەڵاتی بۆرنیۆ)[٥٣] و ڕیاوی کرد و پێشـــوازییەکی گەرم و گەورەی لێکرا. ئەو دەزگا چاپەمەنییە نوێیەی کە لە ڕیاو دامەزرابوو لە هەمان ســـاڵدا وەرگێڕانی مالیزیی *ڕیســـالەیەکی* عەبدوڵڵای کرد و دواتریش *ڕیسالەیەکی* موحەممەد ساڵح[٥٤].

مەولانـا خـالیـد دوو خەلیفەی بۆ حیجـاز دانـا: عەبـدوڵڵا ئەلئەرزنجانی بۆ مەککە و خالید ئەلکوردی ئەلمەدەنی ناوێک بۆ مەدینە[٥٥]. هیچ ئـامـاژەیەکیش نییە کەوا ئەمی دواییـان یـان نەوە ڕۆحییەکانی قوتابی و موریدی ئیندۆنیســـییان هەبووبێت، بەڵکوو ڕەنگە ئەمە تێکەڵکردنێک بێت لەگەڵ مەولانا خالید خۆیدا. شـــێخ

---

[٥٣] Snouck Hurgronje, *Adviezen* I I, 1602. سنۆک هۆرگرۆنیە، "ئامۆژگاری..

[٥٤] عبدالله الزواوی، *"رســـالة الفوائد الوافية فی شـــرح معانی التحية"*، پواو پێنیانگات: مطبعة الأحمدية، ١٣١٢؛ محمد صـــالح الزواوی، *"كفاية الذكر علی طريقة النقشبندية"*، مطبعة الأحمدية، ١٣١٣.

[٥٥] عبدالمجيد الخانی، *"الحدائق الوردية فی حقائق أجلاء النقشـــبندية"*. القاهرة ١٣٠٩ / ١٨٨٩، ٢٥٩.

عەبدوڵڵا و جێگرەوەکەی سولەیمان ئەلقرمی (کە بە بنەچە خەڵکی کریمیایە) مورید و شوێنکەوتووی ئیندۆنیسییان هەبوو، بەڵام بە هیچ شتێک بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی کە لەسەر دەستی سولەیمان زوهدیی شێخی جەبەل ئەبوقوبەیس پابەند بووبوون. هەندێ *سیلسیلەی* ئیندۆنیسی دوو سولەیمان تێکەڵ دەکەن، کە یەکێکیان ناوێکی دیاریکراوە بە ناوی ئیسماعیل ئەلبارۆسی، کە ڕەنگە خەلیفەیەکی ئیندۆنیسیی سولەیمان ئەلقرمی بووبێت[٥٦] و یارمەتیی هەردوو سولەیمانی داوە لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ ئیندۆنیسییەکاندا.

خەلیل حەمدی پاشا یەکەمجار لە زاوییەکەی یەحیا ئەلداغستانیی باوکیدا خوێندی و فێری تەریقەت بوو، ئەوجا لە پاش مەرگی باوکی لە مەککە بەردەوام بوو لەسەر خوێندن لەسەر دەستی عەبدوڵڵا ئەفەندی مامۆستاکەی یەحیادا، کە دواجار کردی بە خەلیفە[٥٧]. خەلیل بە بنەچە دەچێتەوە سەر *ئەمیری* داغستان و نازناوی پاشاش دەگەڕێتەوە بۆ کار و پیشەی پێشتری لە خزمەتی حکوومەتی عوسمانیدا. ئەم پێگەیە

[٥٦] بارۆس شارۆچکەیەکە لە کەناری ڕۆژاوای سۆمەترەی باکوور، ڕۆژگارێک بەندەرێکی ئاوەدان و و پڕ جموجووڵ بووە بەڵام لە سەدەی حەڤدەهەمەوە دۆخی داکشاوە و لاواز بووە.

[٥٧] بڕوانە تێبینیی ژیاننامەکەی لە سەر خەلیل حەمدی، *"إرشاد الراغبين"* (بە زمانی تورکی). دێری سەعادەت، ١٣٠٧ / ١٨٨٩ - ١٨٩٠، ٢ - ٣.

یارمەتیی دامەزراندنی پەیوەندییەکی نایابی دا لەگەڵ عوسمان پاشای والیی حیجازدا (بە ئاراستەیەکی حکوومیی بەهێزەوە) و ئەحمەد بن زەینی دەحلانی *موفتیی* شافیعیی مەککە و سوود و قازانجی خۆیی سەلماند لە ململانێیدا لەگەڵ سولەیمان زوهدیدا.

سولەیمان وەک *پۆستنشینی* عەبدوڵڵا ئەفەندی، بێگومان نیگەران بوو لە بوونی شێخێکی خالیدیی ڕکابەر لە هەمان شاردا. ئەوان هەردوکیان یەکتریان تۆمەتبار دەکرد بە لادان لە ڕێنمایی و تەعالیمی ڕاستەقینەی تەریقەتەکە. ناکۆکییەکە لەسۆنگەی ئەو کتێبۆڵکەیەوە سەریهەڵدا کە لە لایەن سولەیمانەوە چاپ و بڵاو کرایەوە و سەرکۆنەی خەلیل و یەحیای باوکی دەکرد وەک لادەر لە *تەریقەت*، کەوا هانی سەما و جووڵەی توندی جەستەیان داوە و لادانی هاوشێوە وەک هۆکارێک بۆ ڕاهێنانی ڕۆحیی باڵا یان وەک دەربڕینی ئەزموونی سۆفیگەرییانە[٥٨].

خەلیل پاشا دۆستەکانی کۆکردەوە و جۆشیدان، *موفتی فەتوایەکی* دەرکرد و سەرزەنشتی کتێبۆڵکەکەی کرد و بە بوختان لەقەڵەمی دا و هەژدە *مودەریسی* تر لە *حەرەمدا* مۆریان کرد. پاشان والی فەرمانی دەرکرد کە هەموو کۆپییەکانی کتێبۆڵکەکە لەناوببرێت و سولەیمان دەسبەسەر بکرێت تا ئەو کاتەی ئامادە

---

(58 Snouck Hurgronje, *Mekka* II, 240 - 243 (quotation on p. 242)[٥٨]
.سنۆک هۆرگرۆنیە، "مەککە"....

دەبێت بە سەرشۆڕی مل بۆ فەرمانەکە کەچ بکات و نامە بنێرێت بۆ موریدە ئیندۆنیسییەکانی کەوا پاشگەز بووەتەوە لە تۆمەتەکانی و ڕایبگەیەنێت کە خەلیل وەک خۆی وایە و هەردوکیان جارێکیتر بوونەتەوە بە برا. ئەوجا چوار *خەلیفەی* ئیندۆنیسیی خەلیل پاشا نامەکانیان نووسی و تێیاندا باسیان لە ئاشتبوونەوەی سولەیمان و خەلیل کردبوو، پاسان ناردیان بۆ حوکمڕانە مالاییەکانی (مەلایۆکانی) دێلی و لانگکات لە کەناری ڕۆژهەڵاتی سۆمەترە، کەوا موریدەکان پابەندی سولەیمان زوهدی بووبوون[59]. ئامانجی ئاشکرای ئەوان خولْقاندنی کەشوبارێکی زیاتر گونجاو بوو بۆ ڕێنمایی و بڵاوکردنەوەی تەریقەت لە لایەن *خەلیفەی* خەلیل حەمدییەوە، بەڵام ڕوون و ئاشکرا سەرکەوتنێکی کەمیان بەدەستهێنا یان هەر سەرنەکەوتن. تەواوی خالیدییەکانی ئێستا کە من بیانناسم *سیلسیلەکەی* خۆیان دەبەنەوە سەر سولەیمان ئەلزوهدی و پێدەچێت کەوا هەموو ئەو هێڵانەی لە لایەن خەلیل حەمدییەوە دامەزران لەناوچوون و نەماون. بەتەنیشت کەناری ڕۆژهەڵاتی سۆمەترەوە، سولەیمان

[59] ئەم نامانە لە لایەن هۆڵەندییەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە؛ وەرگێڕانێک و هەندێ نامە و نامەکاریی لەبارەی ناکۆکی و ململانێوە لە ئەرشیفی نیشتمانیدا پارێزراوە، جاکارتا، فایلی.. MGS 23 – 5 – 1886, no. 91/ c من. قەرزاری کارڵ ستینبرینکم، کەوا ئەم کەرەستانەی دەستخستووە و کۆپییەکانی خستووەتە بەردەستم.

خەلیفەیەکی زۆری هەبوو لە سـوـمەترەی ڕۆژاوا و ناوەنددا و هەروەهـا لە نـاوەڕاسـت و ڕۆژاوای جـاوادا. زۆرێـک لەو حاجییانەیەی لە سـالانی ١٨٨٠کان و ١٨٩٠کاندا دەگەڕانەوە کۆپیی کۆکراوێکی *ڕیسـالەی* سـولەیمانیان لەگەڵ خۆ دەهێنایەوە، کە هێشتا هەر بەکاردەهێنرێت لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەرخەبیلدا[٦٠].

شـێخێکی تری کاریگەری نەقشـبەندی کەوا لە دوادوایی سـەدەی نۆزدەدا، دەیەیەکی لە شـاری مەدینەدا بردەسـەر، پێش ئەوەی لە قـاهیرە جێگیر ببێـت و ئەویش موحەممەد ئەمین ئەلکوردی بوو (کە سـاڵی ١٩١٤ کۆچی دوایی کردبوو). پابەندبوونی ئەم بە لقێکی کوردیی ڕێبازەکەوە بوو (کە هەورامان بوو) و نەوەی سێهەم بوو لە پاش مەولانا خالید[٦١]. لە دەوروبەری وەرچەرخـانی سـەدەدا زۆربەی زۆری نەقشـبەندییەکـانی مینانگکاباو شـوێنکەوتە و موریدی سـولەیمان زوهدی یان

---

[٦٠] سليمان الزهدى الخالدى المجددى، "*مجموعة الرسائل على أصول الخالدية المجددية النقشبندية*". ئەستەمبووڵ، ١٢٩٨ / ١٨٨١.

[٦١] ڕابەر و مامۆسـتاکەی عومەر زیائەدین بوو، کوڕ و جێگرەوەشـی عوسـمان سـیراجەدینی تەوێڵە بوو. سـەرنجە بایۆگرافییەکانی موحەممەد ئەمین ئەلکوردی لە پێشـەکیی کتێبەکەیدایە، "*تنوير القلوب*" و کتێبەکەی مەلا عەبجولکەریمی مودەڕیسـدایە، "*یادی مەردان ٢: شـێخە نەقشـبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسـووبە دیارەکانیان* (بە زمانی کوردی). بەغدا ١٩٨٣، ل ٥٦٥ – ٥٦٧.

موحەممەد ئەمین یـان هەردوکیـان بوون[٦٢]. تەنویرولقلووب – تنویر القلوبی موحەممەد ئەمین (کە ڕاســـپاردە و ڕێنماییەکانی ڕاهێنانی نەقشبەندی لەخۆدەگرێت) و کتێبەکەشی کیتابولمەواهیب – کتاب المواهب (ژیاننامەی شێخە نەقشبەندییەکان) کاتی خۆی و ئێستاش باش ناسراوە لای ئیندۆنیسییەکان و ئەوی پێشوویان بەردەوام لەویَ چاپدەکرێتەوە. ئەو کتێبەی نەقشـــبەندی کەوا بەزۆری لە لایەن ئیندۆنیســـییەکانەوە دەخوێنرا تا دەوەروبەری وەرچەرخانی ســەدە (مەبەستی سـەدەی بیسـتەمە – و)، لە پاڵ *"مەجمووعەی"* سولەیمان زوهدیدا، کتێبەکەی *"جامیعول ئوسووڵ فیلئەولیاء – جامع الأصــول فی الأولیاء"* لە لایەن تورکی خالیدیی ئەحمەد زیائودین گویمویشخانەوییەوە[٦٣].

لە پاش مردنی ســولەیمان، عەلی ڕەزای کوڕی جێیگرتەوە، کە

---

[٦٢] (62) Schrieke, "Bijdrage", 267 n. ڕۆڵ بینین ...

[٦٣] ئەم کارە بەئاشــکرا لە لایەن ســـولەیمان ئەلزوهدییەوە بەکارهاتووە لە تەدریس و ڕێنمـاییەکـانیـدا. هەروەهـا کۆپییەکی زۆری لێهێنراوە بۆ ئیندۆنیسیا، لە گەڕانەوەی حاجییاندا. شێخ ئەحمەد (کە ساڵی ١٣١١ / ١٨٩٣ مردووە) خەلیفەیەکی ئەحمەد بن ســـولەیمان ئوروادی بووە و عەبا یان خەرقەی لە خودی مەولانا خالید خۆی وەرگرتووە. بڕوانە عیرفان گوندوز، *"گویمویشخانەڤی ئەحمەد زیائەدین (قوددیسە سیڕوهو): خەیاڵ و شوێنی و تێگەیشتنی بۆ مەزهەب و تەریقەتی خالیدی"*، ئەستەمبووڵ، سەها، ١٩٨٤.
Gtinduz, *Gumuhanevi Ahmed Ziyduddin* (KS): *Hayali, uerleri, tarikat anlaysi ve Halidiyye tarikati.* Istanbul: Seha, 1984.

ئەمیش ژمارەیەکی زۆری *خەلیفەی* ئیندۆنیسیی دامەزراند، بەتایبەتی لە سۆمەترەی ڕۆژاوا و سەرانسەری جاوادا. لە هەمان *زاوییەی (تەکێی)* سەر جەبەل ئەبوقوبەیس لانی کەم *خەلیفەیەکی* سولەیمان ئەلزوهدی هەبوو، کە شێخ عوسمان فەوزی بوو، کە لە گەلێ *سیلسیلەی* سۆمەتریدا ناوی هاتووە. ڕاپۆرتێکی هۆڵەندیی نادیاری ساڵی ١٩١٥ ناوی سێ شێخی نەقشبەندی دێنێت کە دواتر ژمارەیەکی بەرچاوی مورید و شوێنکەوتوویان هەبوو لە نێو ئیندۆنیسییەکاندا: ئەمانیش عوسمان ئەفەندی و عەلی ئەفەندی و خالید ئەفەندی بوون[٦٤]. دوو کەسی یەکەمیان بەئاشکرا پیاوانی ئەبوقوبەیس بوون، بەڵام ناتوانم سێهەمیان دەسنیشان بکەم.

لە پاڵ ئەو سێ لقە باسکراوەی نەقشبەندی تەریقەتێکی تر هەیە کە موریدێکی زۆری ئیندۆنیسیی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و ئەویش "قادرییە و نەقشبەندییەیە". دامەزرێنەی ئاشکرای ئەم تەریقەتە ئەحمەد خەتیبی سەمباس بوو[٦٥] (کە سەڵتەنەتێکی مەلایۆ بوو لە ڕۆژئاوای بۆرنیۆ)، کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٨دا لە مەککە کۆچی دوایی کردووە. "قادرییە و نەقشبەندییە" لە ڕاستیدا

---

[٦٤] *"کۆلۆنیی جاوا و تەریقەتە سۆفییەکان لە مەککە"، گۆڤاری ڕێنومای دوورگەی هندی ئیندۆنیسی* Indische Gids 37 (1915), 538 – 540

[٦٥] سەرنجی بایۆگرافی لە سەر عەبدوڵلا، *"پەرەپێدانی عیلمی تەسەوف"*، ١٧٧ – ١٨٢؛ تێبینییەکی کورت لە سەر کتێبەکەی سنۆک هۆرگرۆنیە ، *"مەککە ٢"*، ٣٧٢ – ٣٧٣.

تەریقەتێکی جودایە و هەندێ توخمی قـادری خراوەتە سـەر نەقشـبەنـدی. کتێبی بنەڕەتیی ئەم تەریقەتە (لە مەلایۆ) "فەتحولعـاریفین - فتح العـارفین"ە کە ڕێنمـایی و ڕاسـپـاردە بنەڕەتییەکانی ئەحمەد خەتیبی تێدایە، وەک لە لایەن قوتابییەکی موریدەوە نووسـراوە[٦٦]. ئەمە بە کورتی بـاس لە *بەیعەت* و ڕاهێنانەکان و زیکر دەکات (لەنێویاندا زیکری *لەتایف*) و تەکنیکە ڕۆحییەکانی تری هەردوو تەریقەتەکە و بیسـت تێڕامانی ئیزافی (*موراقەبە*). ئەو تەنها باس لە یەک *سـیلسـیلە* دەکات، کە بە دیـاریکراوی قـادرییە، هەرچەنـدە هیچکـام لە نـاوەکـانی نێوان عەبدولقادر و ئەحمەد خەتیب نەناسـراون. لەبەر ئەوە ڕوون نییە کەوا ئەحمەد خەتیب سـەر بە کام لقی نەقشبەندییە و ئاخۆ ڕابەر و مامۆستایەکی جیای نەقشبەندیی بووە یان هەردوو تەریقەتەکە لەسـەر دەسـتی هەمان ڕابەر فێربووە کە ئەویش شـەمسـەدین ناوێک بووە.

شێخ ئەحمەد خەتیب ژمارەیەکی زۆر *مورید* و شوێنکەوتووی هەبووە و خەلیفەی بۆ بەشـە جۆراوجۆرەکانی ئەرخەبیل داناوە،

---

[٦٦] یەکەم چـاپی کتێبی مەککە ١٣٢٣ / ١٩٠٥ - ١٩٠٦؛ چەنـدین جـار چاپکراوەتەوە و وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی: ویلیەم ج. شـێللابیر، "تێز یان نووسراوێکی مالایی لە سەر ڕاهێنانە میللییەکانی سۆفی" لە کتێبی
*The Macdonald Presentation Volume.* Princeton: University Presa, 1933, 351- 370.

له سـوّمه‌تره‌وه تا لۆمبۆک. یه‌كێک له‌مانه عه‌بدولكه‌ریمی بانتێن بووه[٦٧]، كه خوێنـده‌وارترین و ڕێزلێگیراوترین كه‌س بووه و عوله‌ما جاوییه‌كانی نیشـته‌جێی مه‌ككه وه‌ک به‌ناو سـه‌رۆكی ته‌ریقه‌ته‌كه جێگه‌یان ده‌گرته‌وه. ته‌ریقه‌ته‌كه له سـایه‌ی كاریگه‌ریی عه‌بدولكه‌ریمدا جه‌ماوه‌رێتییه‌كی هێجگار نائاسـایی ده‌سـته‌به‌ر كردبوو له بانتێن، به‌تایبه‌تی له ناو خه‌ڵكه گوندنشینه هه‌ژاره‌كاندا. ئه‌و پاڵی پێوه‌نا كه ڕۆڵی تۆڕی په‌یوه‌ندی و ڕێكخسـتن ببینێت كاتێ كه ساڵی ١٨٨٨ یاخیبوونێكی به‌ربڵاوی جووتیاران به‌رپابوو له بانتێندا. له شـوێنانی تری ئیندۆنیسـیاشـدا "قادرییه و نه‌قشـبه‌ندییه" پێده‌چێت شـوێنكه‌وتووانی خۆی له ناو چینه میللییه‌كاندا په‌یداكردبێت (یان به‌ئاشـكرا هه‌وڵی بۆ دابێت)، به‌پێچه‌وانه‌ی نه‌قشـبه‌ندییه‌وه كه مه‌یلی به لای بانگه‌شـه‌كردنه‌وه بوو به پله‌ی یه‌كه‌ن له ناو چینی ده‌سته‌بژێردا.

تا ئه‌و كاته‌ی شێخ عه‌بدولكه‌ریم له ژیاندا مابوو ته‌ریقه‌ته‌كه به ناوه‌ندی مایه‌وه و ئه‌و به شـێوه‌یه‌كی گشـتی وه‌ک سـه‌رۆكێكی فه‌خری ده‌ناسـرا. هیچكام له جێگره‌وه‌كانی هه‌مان ئاسـتی دانپیانانیان ده‌سته‌به‌ر نه‌كرد و ته‌ریقه‌ته‌كه دابه‌ش بووبوو به‌سه‌ر لقی جیاجیادا. *خه‌لیفه* گرنگه‌كانی تری ئه‌حمه‌د خه‌تیب شێخ ته‌ڵحه

---

[٦٧] Snouck Hurgronje, *Mekka* II, 372 - 6; Kartodirdjo, *Peasant's Revolt,* 163 - 165. شۆڕشی جووتیاران

لە سـیریبۆن و لە مادوریسـە کیای ئەحمەد حەسـبوڵڵا بن موحەممەدی نیشـتەجێی مەککە بوون. مەڵبەندە سـەرەکییەکانی ئێسـتـای تەریقەتەکە لە هەر سـێ خەلیفە نـاوبراوەکەوە سـەرچاوەیان گرتووە و لە پاڵ ئەمانەشـدا گەلێ لقی ناوخۆیی هەن کەوا بایەخیان کەمترە.

## فراوانبوون لە ئیندۆنیسیادا: لە ڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە

شێخانی وەک سولەیمان زوهدی ئەحمەد خەتیبی سەمباس و عەبدولکەریمی بانتێن بێگومان کەسـایەتیی بەهێز بوون کەوا کاریزمایان هاوکار بوو بۆ دەسـتەبەر کردنی جەماوەرێتیی تەریقەتەکە و دڵسۆزیی بەهێزی مورید و شوێنکەوتووانیان. بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی ئەم ئەندازە کاریگەرییە پیادە بکەن ئەگەر ژمارەی حاجییان بەو شـێوە دراماتیکییە زیادی نەکردایە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا. لە دەوروبەری ١٨٥٠دا نزیکەی دوو هەزار ئیندۆنیسی ساڵانە بە فەرمی تۆمار کراون بۆ حەج و لە دەوروبەری ١٨٨٠دا، کونسولییەتی هۆڵەندی لە جەددە ساڵانە تێکڕا سەروو شەش هەزار حاجیی تۆمار کردووە[٦٨]. زۆرێک لەم

[٦٨] لە پاش جەی. ڤێردێنبرێکت، "حەج: هەندێ لە خاسییەت و فەرمانەکانی لە ئیندۆنیسیادا" .154 - 91 ,(1962) 118 *B.KI*

دەبێت ئەو ژمارەیەش بخرێتە سەر ئەوانەی کە بە نیمچە یاسایی حەجیان کردووە، بە خۆلادان لە دەسەڵاتدارە هۆڵەندییەکان.

حاجییانه (سەدانیان یان بە لای کەمەوە دەیانیان ساڵانە دەهاتن) و وەک ڕابوردوو، بە هەر شێوەیەک بووە لە مەککە دەمانەوە بۆ ماوەیەک و بە جیددییەتی کەم و زۆر بە مەبەستی خوێندنی ئاینی. لە نێو ئەو بابەتانەدا کە دەخوێنرا تەریقەت بوو (بەتایبەتی نەقشبەندی و 'قادرییە و نەقشبەندییە') شوێنیکی دیار و دەرکەوتووی هەبوو. ڕەنگە ئەمە تا ڕادەیەک، وەک سنۆک هۆرگرۆنیە بە بێزلێکردنەوە باسی دەکات، بە هۆی ئەوەوە بووە کەوا گەلێکیان خوێندنی ویرد و زیکری بە لاوە باشتر و پەسەندتر بووبێت لە خوێندن و فێربوونی دەقە قورسەکان. هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتیش لەو سۆنگەیەوە بووە کە ڕاهێنان و پەرستشی تەریقەت بە باشی یەکیگرتووەتەوە لەگەڵ مەیل و ئارەزووە ڕۆحییەکانی زۆرێک لە ئیندۆنیسییەکاندا. هەروەها بەهای ڕەمزیی چوونە ناو تەریقەتەوە نەدەبوو بە کەمبایەخ وەربگیرێت.

هەڵبەت حەج بۆ ئەو ئیندۆنیسییانەی بەجێیاندەهێنا ڕێورەسمی پەڕینەوە بوو لە دۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دۆخێکی باشتر و باڵاتر لە کۆمەڵگەدا و لەبەرانبەریشدا کۆمەڵگە چاوەڕێی گۆڕینی گەورە و گرنگی ڕەفتاری لێدەکردن. هەردوک ئەم دوانە بە هێما و سیمبۆڵی جۆراوجۆر دەردەبڕا کە دەیبەستن بە نیمچە دوورگەی

عەرەبییەوە وەک: ئەوانەی کە نـاوەکـانیـان عەرەبی نەبوو دەیانگۆڕی بە ناوی ئیسلامی و زۆرێکیان ڕیشیان دەهێشتەوە و هەر هەموو کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پۆشینی جلوبەرگی سپیی "عەرەبی" و مێزەرەوە. لە گەڵێ شـــوێنیش، حاجییەکان و ئەوانە کەوتبوونە ژێر کـاریگەرییـانەوە پەیڕەویی هەنـدێ گۆڕانکـاریی کەمیان دەکرد کە بگونجێت لەگەڵ داب و نەریتی عەرەبیدا (بە گریمانەی ئەوەی کە ڕەفتاری زیاتر ئیســـلامییە). بۆ نموونە، لە دیاریکردنی چۆنێتیی ڕۆژوو شـــکاندندا و ئەمە دەبوو بە مایەی جیاوازیی گەورە لەگەڵ "نەریتخوازەکاندا". هەروەها بۆ ماوەی چەندین دەیە، تەریقەت و بەتایبەتی نەقشبەندی بووبوو بە یەکێک لەم سیمبۆڵە مەککییانە. تەریقەتەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا و ئەمە زۆر ڕوون و ئاشـــکرا بوو لە مەککەدا. تا ئەو کاتەی زۆرێک لە تەوژمە ڕیفۆرمخوازەکان کاریگەری و دەســەڵاتیان لە مەککەدا پەیداکرد، ئەندامێتی لە نەقشبەندیدا، لەگەڵ ئیجازەیەک لە ڕابەرێکی مەککییەوە، مۆرکی ئیسلامەتیی ڕاستەقینە و جێمتمانەی دەدا بە کەسی هەڵگری. بێجگە لەمەش چوونە ناو تەریقەتەوە، بە ڕاگەیاندنی فەرمیی پەشیمان بوونەوە لە گوناە (*تەوبە*) و سوێندی (*بەیعەت*) و پەرســـتشـــە نوێکان ڕێوڕەســـمی پەڕینەوەی کایەی حەجی بەهێز دەکرد.

ئەو بەشـــانەی ئەرخەبیل کەوا گەورەترین ژمارەی حاجی دەنـارد بۆ مەککە جـاوای ڕۆژاوا (کە لە ڕووی ئیتنیکییەوە

ســـــوندانین، جاوای ناوەند و ڕۆژهەڵات (کە ئیتنیکی جاوایی و مادوورین)، ســـۆمەترەی ڕۆژاوا (کە بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی ئیتنیکی مینـانگکـابـاوین) و بـاشـــووری ڕۆژهەڵاتی بۆرنیۆ (کە ئیتنیکی بانجارین). هەروەها جێی سەرسوڕمانیش نییە، کەوا ئەم ناوچانە نەقشبەندی تێیاندا بەرچاوترین گەشەی کردووە - بێجگە لە دوایین ناوچەیان. سۆمەترەی ڕۆژاواکە لە سـەرەوە باسـکرا وەک ناوچەیەک کە چڕترین خەڵکی سەر بە نەقشبەندیی تێدابوو، هاوزەمان ســـــەرچاوە هۆڵەندییەکان بەردەوام باس لە چالاکیی نەقشـــــبەنـدی دەکەن لە جـاوای ڕۆژاوا و بە درێژایی کەنـاری باکووری جاوای ناوەڕاست.[٦٩]

عەبدولقادر ناوێکی خەڵکی ســـــەمارانگ (لە کەناری باکوور)، کەوا لە ســـــاڵی ١٨٧٨ - ١٨٧٩دا کراوە بە خەلیفە لە لایەن ســولەیمان ئەلزوهدییەوە، بەخێرایی مورید و شــوێنکەوتوویەکی بەرفراوانی پێکەوەنـا لە نـاوچە و زێدی ڕەســـــەنی خۆیدا و بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێو چینەکانی خوارەوەدا. تا ساڵی ١٨٨٣، ئەم پیاوە بیســـت و هەشـــت بریکاری (وەکیل)ی دامەزراندبوو لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کەناری باکووردا. هەروەها نێردەیەکیشی نارد بۆ شـــــاری یۆگیاکارتای دەرباری حوکمڕانی (لە ناوەوەی جـاوای نـاوەڕاســـــتـدا)، کە مـاوەیەکی زۆر نەبوو لە لایەن

[69] Thus Snouck Hurgronje, *Mekka* II, 339.

ئەریســـتۆکراتەکانەوە دەرکرابوو، بە پشـــتیوانیی هۆڵەندییەکان. نەقشـبەندییەکان بە هیچ شـێوەیەک جێگەی متمانە نەبوون لەوێ بە هۆی گوتار و ڕینمایی بانگەشـەکارانی پێشـتری تەریقەتەکەوە، لە سـاڵانی ١٨٥٠کان و ١٨٦٠کاندا و بەدەمەوەچوونێکی گەورەی هەبوو لە نێو ڕیزەکـانی هەژارانـدا و بـاس لەوەش دەکرێـت کە سەریکێشاوەتەوە بۆ ئاژاوە و پشیوی[٧٠]. ژمارەی شوێنکەوتووانی عەبدولقادر بەخێرایی زیادیکرد و (ڕەنگە بە هۆی سـکاڵاکردنەوە بووبێت لە دەست ستەمی ئەریستۆکراسیی یۆگیاکارتا) و بەمەش دەســـەڵاتـدارانی داگیرکەری هۆڵەنـدی نیگەران کردبوو، بۆیە شـــێخیان گرت و ناردیان بۆ یەکێک لە دوورگەکانی دەرەوە[٧١] و پێـدەچێـت لە ئێســـتـادا هێڵەکەی عەبـدولقـادر لەنـاوچووبێـت. *خەلیفەیەکی* تری سـولەیمان ئەلزوهدی لە هەمان ناوچەدا بەختی

---

[٧٠] ڤان دێن بێرگ، "ئامادەبوونی لە ســـنووربەدەر..."، ل ١٦٢ – ١٦٣. یۆگیاکارتا یەکێک بوو لە مەڵبەندە جاوابییەکەی ترادیســـیۆنی باڵا، بە دۆخ و حاڵەتی زنجیرەبەندی هەرەمی و ســـیســـتیەمی باوەڕی باتینیی باڵا؛ هەردوک ئەوانە ڕەنگە بەر هێرشـی زارەکیی نەقشـبەندییەکانمان کەوتبێتن، کەوا وەعز و ئامۆژگارییان کاردانەوەی جۆراوجۆر لێکدەداتەوە لە ناو خەڵکدا. زۆری نەبرد لە دوای ئەو باسـی دەرکردنە، قادرییە و نەقشـبەندییە جێپێیەکی خۆیان لە یۆگیاکارتادا کردەوە کاتێ کەوا *خەلیفەیەکی* عەبدولکەریم بانتێن خۆی چەســـپاندبوو لە گوندی کراپیاک لۆر کەوا لە شارۆچکەکەوە زۆر دوور نەبوو.

[٧١] ل. دەبلیو. س. ڤان دێن بێرگ، "خوێندنی ئیســـلامی لە جاوا و مادورا و ئەو کتێبە عەرەبییانەی بەکارهاتوون بۆی"، *TBG* 554 554 ,555 – 518 (1886) 31.

باشتر بوو لەم. موحەممەد هادیی خەڵکی گریکوسومۆ (لە نزیکی سەمەرانگ)، کەمتر بە ئاشکرا دەردەکەوت، بەڵام ئەمیش ژمارەیەکی زۆری خەلیفەی دانابوو. مەنسوور یەکێک بوو لە کوڕەکانی و زانستی فیقهی دەخوێند لە *پێسانترێن* (واتە قوتابخانەی ئاینی)، بە چاودێری و پاڵپشتی کردنی دەرباری جامسەرێن لە سۆلۆ، کەوا مەڵبەندێکی تری ئیدارە و حوکمڕانی بوو لە جاوای ناوەڕاستدا و ئەم متمانانەش پردێکی پەیوەستبوونی ڕەخساندبوو بۆ تەریقەتەکە لەوێ. مەنسوور *پێسانترێنی* خۆی دروستکرد لە نزیک سۆلۆ و تێیدا ڕێنمایی و وانەی تەریقەتەکەی دەدا بە هەزاران کەس و چەندین خەلیفەی گرنگی دامەزراند. نەوە ڕۆحییەکانی موحەممەد هادی تۆڕێکیان دروستکرد لە سەرانسەری ناوەڕاستی جاوادا و تێکڕا ژمارەی موریدەکانی لە سەد هەزار تێپەڕی دەکرد[٧٢]. تۆڕێکی هاوشێوەی تریش لە ناوچەی بانیوماسەوە تەشەنەی کرد، کە دەکەوتە باشووری ڕۆژاوای ناوەڕاستی جاواوە (کە موحەممەد ئیلیاسی خەڵکی ناوچەی سوکەراجا تێیدا بانگەشەکاری سەرەکی بوو) و هەروەها چەندین تۆڕی تری ناوخۆیی هاوشێوە هەن لە سەرانسەری جاوادا. زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆین، لە دوورگەی

[٧٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوەکان و *خەلیفەکان* لە گیرکوسومۆ، ڕامبانگ، کودوس و پوپۆنگان (سۆلۆ)، ١٩٨٦ – ١٩٨٧.

مادوورا، ئەوە تەریقەتی نەقشـــبەندیی مەزهەریی لێیە، کەوا لە ســـاڵی ١٨٩٠کان بەملاوە شـــوێنکەوتوویەکی هێجگار زۆری بۆ خۆی دەســـتەبەر کردووە بە هۆی عەبدولعەزیم ئەلماندوریی خەلیفەی موحەممەد ســـاڵح ئەلزەواوی، کەوا لە مەککە زۆرێک لە هاووڵاتییە مادوورییەکانی تەمەســـوکیان کردووە و چەندین خەلیفەی بۆ دوورگەکە داناوە.

ســـنۆک هۆرگرۆنیە Snouck Hurgronje تێبینیی ئەوەی کردووە کە لە ڕاســـتیدا هەموو ئەو ســـۆمەترەییانەی لە مەککە ماونەتەوە لە ساڵانی ١٨٨٠کاندا سەر بە تەریقەتێک بوون کە یان نەقشـــبەندی بووە یان قادری و ئەمی دواییان (بە واتای 'قادرییە و نەقشـــبەندییە'ی ســـەر بە خەتی عەبدولکەریم بانتێن)[٧٣]. بڵاوبوونەوەی خێرای تەریقەتی نەقشـــبەندی لە ناو مینانگکاباوەکانی سۆمەترەی ڕۆژاوادا پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە. ئەم گەشەکردنە بەردەوام بوو لە سەردەمی سولەیمان زوهدی و عەلی ڕەزای کوڕیدا و هەردوکیان خەلیفەی زۆریان هەبووە لەم ناوچەیەدا[٧٤]. بەهەرحاڵ، *خەلیفە* هەرە ناودار و بەرچاوەکەی

---

٧٣ (73 Snouck Hurgronje, *Mekka* II, 389. سنۆک هۆرگرۆنیە *"مەککە ٢"* ...

٧٤ شێریکە، "بیژدراگە ... ڕۆڵبینیین"، ل ٢٦٣ – ٢٧٢؛ وێنەر کراوس، *"لە نێوان چاکســـازی و یاخیبووندا : لە پەرەســـەندنی ئیســـلام لە مینانگکاباودا (سۆمەترەی ڕۆژاوا)* ... ڤیسبادن: شتاینەر، ١٩٨٤، ٨٠ – ٩١.

ســـــولەیمـان لە ســـــۆمەترەدا، کە عەبـدولوەهـاب ڕۆکـان بوو، مینانگکاباو نەبوو بەڵکوو مەلایۆیەکی خەڵکی کەناری ڕۆژهەڵات بوو. دەبێت شـــــێخ عەبدولوەهـاب یەکێک بێت لە پڕپیتترین و خاوەنی زۆرترین مورید و ماوەی نزیکەی سـەدەیەک ژیاوە (یان تەنانەت ١١٥ ســـــاڵ بەپێی ئەفســـــانەیەکی خێزانەکە) و بە لای کەمەوە بیســـت و حەوت ژنی هێناوە و چل و ســـێ منداڵی لێیان بووە و سەد و بیست خەلیفەی دامەزراندووە، کە زۆربەیان خەڵی سۆمەترە بوون بەڵام هەشـتیان خەڵکی مەلایۆی خاکی وشـکایی سەرەکی بوون[٧٥]. یەکێک لەم خەلیفانە سوڵتانی لانگکات بووە (لە نزیکی مێدان)، کە لە قەڵەمڕەوی حوکمیدا شێخ *پێسانترێنی* خۆی (قوتابخانەی ئاینی) و گوندێکی دامەزراندووە بە ناوی بابولسەلام، کە نەوەکانی خۆیی تێدا نیشـــــتەجێ کردووە. ئەمە تا ئێســـــتاش یەکێکە لە مەڵبەندە سـەرەکییەکان و ڕەنگە گەورەترینیشـیان بێت، بۆ نەقشبەندییە ئیندۆنیسییەکان.

ســـــوڵتـانی لانگکـات تەنهـا حوکمڕانی خەڵکە ڕەســـــەن و خۆولاتییەکە نەبوو کە چووبێتە پاڵ تەریقەتی نەقشبەندی. بەڵکوو

---

[٧٥] ئێچ. ئە. فوئاد سەعید، "*شێخ عەبدولوەهاب توان گورو بابوسسەلام Syekh Abdul Wahab, Tuan Guru Balnuiaalam"*, Medan: pustaka. Babussalam, 1983 [1960].

ناوی ئەو ژن و مندالانەی کە (لەیادبن)، ل ١٧٠ - ١٧٢؛ لەبارەی *خەلیفەوە* ل ١٣٤ - ١٣٩. نووسەر خۆی یەکێکە لەو ٢٠٧ نەوەیەی شێخ (کوڕەزا و کچەزا).

سـولّتانی دێلی (لە هەمان ناوچە نزیک لە مێدان)، ئەویش دیســان لە ڕێگەی خەلیفەیەکەوە بووبوو بە *موریـد.* ســـولّتانی پۆنتیاناک (ڕۆژاوای بۆرنیۆ) و *یـانـگ دیپێرتوان مودای* ڕیـاو موریـدی موحەممەد ســــالّح ئەلزەواوی بوون و عەبـدوللّای کوڕی ئەلزەواویش ســـولّتانی کوتای (ڕۆژهەلاّتی بۆرنیۆ)ی هێناوەتە ســـەر تەریقەتی نەقشـــبەندی. هەروەها لە شـــوێنانی تریش، بانگەشـەکارانی نەقشـبەندی بە ئاشـکرا پێیان پەسـەندتر بووە کە خەلّکی چینی دەســـتەبژێر بهێننە ناو تەریقەرتەکەوە. شـــێخی مینانگکاباو، توانکو شێخ لێبو، لە بنەمالّەی سازادەکانی مینانگکاباو ژنی خواستووە و لە ناو چینی بالاّدەستدا زۆرێکی هێناوەتە سەر تەریقەت[٧٦]. لە ســـیانجور (ڕۆژئاوای جاوا)، تا ڕادەیەک تەواوی ئەریستۆکراتەکان چوونەتە پالّ تەریقەتی نەقشبەندی[٧٧]. لە شوێنی تری جاوا، مامۆستا و ڕابەرەکان هەمان سیاسەتیان گرتووەتەبەر

[٧٦] شـێریکە، "بیژدراگە ... ڕۆلّبینیین"، ل ٢٦٧ن. نموونەکانی تری نەقشـبەندی پەیوەســـت بە دەســـتەبژێری نەریتییەوە لە ســـۆمەترەی ڕۆژاوا لە کتێبی کراوس، "لە نێوان چاکسازی و شۆڕشدا"، ل ٩٢ – ٩٧.

[٧٧] یەکێک لە ڕابەرانی نەقشبەندی لەوێ، ڕادێن حاجی عەبدولسەلام، خودی خۆی سەر بە چینی ئەریستۆکراسییە. شوێنکەوتووان بە وەسی یان جێنشینی حوکمیشەوە (بالاّترین دەسەلاّتی خەلّکی ڕەسەن یان خۆولاتی) و پێنغولوی سـەرەکی *penghulu* (کەسـێکی پایەبەرزی ئاینی کە لە لایەن هۆلّەندییەکانەوە دادەمەزرا. کارتۆدیردیۆ، *"شۆڕشی جووتیاران"*، ل ١٦١ – ١٦٢.

بۆ خۆ دوورگرتن لە هۆڵەندییەکان و یەکەمجار ژمارەیەکی زۆری دەستەبژێری نەریتی و دەستەبژێری نوێی فەرمانبەرانی حکوومەت تا بتوانرێت هێنراونەتە ناو تەریقەتەکەوە، پێکەوە لەگەڵ ژنەکانیان(!) و خزم و کەسوکاری تریاندا. هەڵبەت بە هاتنی ئەمانە، ڕێبازەکەش دەکەوتە ئەمانەوە و دەبووە هۆی کێشکردنی خەڵکیش لە چینەکانی خوارەوە. بەشداری کردنی خەڵکی دەستەبژێر بە شێوەیەکی کاریگەرانە چالاکییەکانی تەریقەتەکەی لە تێڕوانینی نەرێنیی هۆڵەندییەکان دەپاراست، چونکە هۆڵەندییەکان بەتەواوی پشتیان بەم دەستەبژێرە دەبەست بۆ بەدەستهێنانی زانیاری[٧٨].

ئەم بەشدارییی دەستەبژێرەش کاریگەرانە نەیهێشت تەریقەتی نەقشبەندی پەرەبسێنێت بۆ هێزێکی دژە کۆلۆنیاڵی وەک چۆن لە هەندێ بەشی جیهاندا وایلێهات. تاقە شێخی نەقشبەندی کە وەک باس دەکرێت خەڵکێکی کەمی شوێنکەوتووی هەبووە عەبدولقادر سەمارانگ بوو، کەوا هۆڵەندییەکان کاریگەرانە ڕێگەکەیان کورتکردەوە.

---

[٧٨] بە گوێرەی دوو ڕاپۆرتی هەواڵگریی هۆڵەندییەکان لە ناوچەیەکی جاوانیی ناونەبراوەوە، کە لە ساڵی ١٨٧١دا نووسرابوو، وەرگیراوە لە: ن. د. شوورمانس، "تەریقەتی نەقشبەندیی لە جاوادا"، *گۆڤاری نێردەی هۆڵەندی* *Nederlandsch Zendfingstijdschrift* 2 (1890), 265 - 277

**مشتومڕ**

ئەو تەریقەتی نەقشـبەندییەی کەوا لە مەڵبەندەکەی خۆیەوە لە مەککە بە ئەرخەبیلـدا بڵاوبووەوە ڕەنگە تـا ڕادەیەک وەک بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمی ئاینی تەماشـا بکرێت. خالیدییە و بەتایبەتیش مەزهەرییە وەک لە لایەن ئەلزەواوییەوە ڕێنمایی و فێرکراوە هەردوکیان زیاتر پابەندی شـەریعەت بوون وەک لە تەریقەتەکانی پێشـتر کە لە ئیندۆنیسـیادا بڵاوبووبوونەوە و بەرهەڵسـتیی ڕێبازی *وەحدەتول وجوود - وحدة الوجودیان* دەکرد، کە لە ناو ئەوانیتردا ڕێبازەکانی شـەتتارییە و خەڵوەتییە هاوبەش بوون لە جەماوەری بووندا و کەوا لە ئیندۆنیسـیادابە ئاسانی تێکەڵ بە باوەڕە سۆفیگەرییە یەکتاپەرستییەکانی پێش ئیسـلام بوو. ئەم بواری ڕیفۆرمیزمە لە سـۆمەترەی ڕۆژئاوادا باشـتری دۆکۆمێنت کراوە کە تێیدا نەقشـبەندی لە ململانێیەکی بەرفراواندا بوو لەگەڵ شـەتتارییە و لایەنەکانی داب و نەریتی ناوخۆیی (*عادات*). هەلبەت بەڵگەی کەمتری هەمان ململانێ هەیە لە جاوادا، بەڵام ئەوە ڕوونە کەوا پەرەسـەندنی *تەریقەت* لەوێش هـاوڕێ بوو لەگەڵ خۆبەسـتنەوەیەکی توندا بە پـابەندییە بنەڕەتییەکانەوە، کە لە لایەن هۆڵەندییەکانە وەک ئامادەبوونی زیاد لە مزگەوتەکاندا تێبینی دەکرا و بە "دەمارگرژی" ناوزەدیان دەکرد.

بەهەرحـاڵ، بە وەرچەرخـانی کـۆتـایی سـەدە، تەوژمە

ڕیفۆرمیســـــته ڕادیکاڵەکان دەســـــەڵات و کاریگەریی زیاتریان دەســـتەبەرکرد لە مەککەدا و دواتریش لە ئیندۆنیســیادا و خودی نەقشبەندیی خۆی بوو بە بابەتی ڕەخنەی چاکسازی. ڕەخنەگرانی پێشـتری وەک سـال بن سـامیر و سـەید عوسـمان، بەو چەشـنە هێرشـــیان نەکردە ســـەر تەریقەت بەڵکوو ســـەرکۆنەی شـــێخە کاریگەرەکانیان دەکرد و بە "ڕابەر و مامۆســـــتایانی درۆزنیان" لەقەڵەم دەدان. ڕیفۆرمیستە نوێکان سەرزەنشتی ڕێباز و ڕاهێنانە ســـەنتراڵەکانی نەقشـــبەندییان دەکرد و بە "*بیدعە*" و "*شـــیرکیان*" دادەنـا. هێرشـــــی ســـــەرەکی لە لایەن یەکێک لە عولەمـاکـانی مینانگکاباوی نیشتەجێی مەککەوە بوو، کە ئەویش ئەحمەد خەتیب بوو، کە بەتایبەتی بە هێرش کردنی خراپ و ژەهراوی ناسـرابوو بۆ ســـــەر "*عاداتی*" وڵاتی دایک و گرووپە ئیتنیکییەکەی خۆی. لە سـالانی ١٩٠٦ – ١٩٠٨دا سێ وتاری دژ بە نەقشـبەندی نووسـی کە بوون بە کەرەســـــتەی ســـــەرچـاوە بۆ هەموو ململانێ و مشـــتومڕەکانی دواتری دژ بە نەقشـــبەندی[٧٩]. ئەو یەک لە دوای

[٧٩] "*إظهار زغل الكاذبين في تشـبههم بالصـادقين ؛ الآيات البينات للمنصـفين في إزالة خرافات بعض المتعصبين؛ السيف البتار في محق كلمات بعض أهل الإغترار*" (ئەمانە هەرسێکیان بە زمانی مەلایۆن). پێکەوە لە قاهیرە چاپکراون لە ســـــاڵی ١٣٢٦ / ١٩٠٨؛ چەندین جاریش چـاپکراونەتەوە. لە کتێبەکەی شـــــیریکێ ، "بیژدراگ – ڕۆڵبینین ..."، ل ٢٦٨ – ٢٧٠. یەکەمی ئەم تێز و نووســــینانە ســــەرلەنوێ (بە زمـانێکی ئینـدۆنیســــیی مۆدێرن) چاپ و

یەک مشـــتومڕی دەکرد لە ســـەر زیکری *لەتایف*، *ســلووک یان خەڵوەت*، *خەتمی خواجەگان و ڕابیتە بیلشـەیخ (رابطة بالشـیخ)* و وای پیشـــــان دەدان کە لە لایەن ســـۆفییەکـانی دواترەوە بەکارهێنراون و بەو پێیە هیچ بنەمایەکیان نیە لە پیادەکردن و ڕاهێنـانی پێغەمبەر و هـاوەڵانیـدا. ئەوجـا بە ئیزافەکردنی ئەم ڕاهێنان و پەرستشـە بۆ سـەر ئەستۆی کەسێک ئەوە ڕادەیەکی زۆری نکووڵی کردن لە فەرمانی خواوەندی دەکەوێتە سـەر شـان و ئەمەش شێوەیەکی نابەجێی *"بیدعەیە"*.

هێرشـــەکانی ئەحمەد خەتیب دەســـبەجێ وەڵامدرانەوە بە زنجیرەیەک وتاری بەرگری لە لایەن شـــێخە نەقشـــبەندییەکانی مینانگکاباوەوە کە بیتی بوون لە: موحەممەد ســـەعید بن تەنتای خەڵکی مونگکـا و موریـد و خەلیفەکەی خودی ئەحمەد خەتیـب خۆی کە ناوی خەتیب عەلی (موحەممەد عەلی بن عەبدولموتتەلیب) بوو[80]. چەنـدوچوون و مشـــتومڕ بەردەوام بوو، بە تونـدترین شـــێوەی لە ناو مینانگکاباودا و کاریگەریشـــی ســـەرانســـەری ئەرخەبیلی گرتبووەوە. لە دەوروبەری هەمـان کـاتـدا کـاریگەریی ڕیفۆرمخوازانی ئەزهەر کەوتبووە بڵاوبوونەوە لە ئیندۆنیسیادا و

---

بڵاوکرانەوە ، وەک ئەم دواییە لە ســاڵی ١٩٧٨دا لە کتێبی ئە. م. عارف، *"لە بارەی فەتواوە : تەریقەتی نەقشبەندی"*، مێدان: ئیسلامییە (چاپی چوارەم).

[80] لە شریکە، "ڕۆڵ بینین.... Bijdrege "، گفتوگۆی لەسەر کراوە، ل ٢٧٠ – ٢٧٢.

لەگەڵ ئەمەشدا تەنانەت ڕەتکردنەوەی گشتیی زیاتری تەریقەت و بیر و ئایدیای *"وەسیلە"*. بەمە تەریقەت ناچار کرا بەرگری لەخۆی بکات و لە زۆر حاڵەتیشـــدا بکەوێتە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێزە نەریتییانەدا کە یەکەمجار بەرهەڵســـتییان دەکرد. دیســـان ئەم پرۆسـەیەش بە باشـی دۆکۆمێنت کراوە لە ڕۆژاوای سـۆمەترەدا، کە تەریقەتی نەقشـبەندی لەمێژە و تا ئێسـتاش زۆر بەهێز ڕەگی داکوتـاوە تێیـدا. لە جـاواش ڕێکخراوە ڕیفۆرمخوازەکـان وەک *ئەلئیرشـاد* (کە سـاڵی ١٩١٣ دامەزراوە) و *موحەممەدییە* (سـاڵی ١٩١٢)، کە بەقووڵی لە ژێر کـاریگەریی بیر و ئـایـدیـاکـانی موحەممەد عەبدەدا بوو، بەتوندی بەرهەڵســـتیی تەریقەتەکانیان دەکرد[81]. بەو پێیەش ڕابەرانی تەریقەتەکان کۆششیان کردە یەک و بوون بە بەشێکی چالاک لە ڕێکخراوە ئیسلامییە "نەریتییەکاندا" کە لە کاردانەوەی ڕیفۆرمخوازیدا دامەزران، چەشـــنی *نەهزەتول عولەما - نهضـــة العلماء* کە بنکە و بارەگای لە جاوا بوو (١٩٢٦) و بەتـایبەتیش پێرتی *PERTI* (١٩٢٨) کە بنکە و بـارەگـای لە

[81] کارێکی سـەرەکی کە لەسـەر ڕیفۆرمیزمی ئیندۆنیسـی، کتێبەکەی دێلیار نۆیر، "بزووتنەوەی ئیســـلامیی مۆدێرن لە ئیندۆنیســـیادا، ١٩٠٠ - ١٩٤٢" (کوالا لامپور، تاد.: چاپی زنکۆی ئۆکسـفۆرد، ١٩٧٣)، بەهەرحاڵ، باسکردنی حاڵەتەکانی ململانێ تەنها لە ناوچەی مینانکاباودا، بەڵام ڕەنگە ئەمە بە هۆی ئەوەوە بێت کە خودی نووســـەرەکە خۆی خەڵکی مینـانگکـابـاو بووە و بەتوندی جەخت لەسەر پەرەپێدانی ئەم ناوچەیە دەکاتەوە.

مینانگکاباو بوو. ئیسلامی ئیندۆنیسی زۆر بەتوندی جەمسەربەند بوو لە نێوان هەردوو بلۆکی "نوێخواز" و "نەریتخواز"دا و تەریقەتەکان بە "پەڕگری" ئەمی دواییان دادەنران.

ڕێبازی نەقشبەندی کەوتە لەدەستدانی کاریگەریی خۆی لە سەرەتای سەدە (بیستەم - و) بەملاوە، بە هۆکاری هەڵکشانی ڕیفۆرمخوازیی مۆدێرنەوە. هەروەها فاکتەرەکانی تریش ڕۆڵی خۆیان بینی لە کشانەوەی تەریقەتەکان. لە کاتێکدا کەوا تەریقەت بۆ زەمان و سەردەمێک هۆکارێک بوو بۆ نارەزایی دەربڕین لە حوکمی کۆلۆنیالیی هۆڵەندی و یەکەم کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی نەتەوەیی لە سالانی ۱۹۱۰کاندا دامەزران و فۆرمی گونجاوتری ڕێکخراوەیی خستە بەردەمی خەڵکانی توورە و نارازی. لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەرخەبیلدا، ناکۆکی و ململانێیەکی توند لە سەر کاریگەری و دەسەڵات کەوتە نێوان هەردوو ڕێبازی سۆفیگەریی قادری و نەقشبەندییەوە و یەکەم ڕێکخراوی جەماوەریی "شەراکەت ئیسلام" لەگەڵ تێهەڵکێش بوونی ئەندامێتییەکان و لە هەموو حاڵەتەکاندا شێخەکانی تەریقەت لە دواجاردا زۆر ڕێکخەری پرۆفێشنالی سیاسییان لەدەستدا[٨٢]. هۆکارێکی

[٨٢] ی. ج. شێریکە، "بیژددرێگە ..."، ل ٣٠٦ - ٣٠٩ (مینانگکاباو)؛ سارتۆنۆ کەرتۆدیردیۆ (کتێبی):(ed.), *Sarekat Islam lokal.* Jakarta: ئەرشیفی نیشتمانی- .326 (Madura) Arsip Nasional, 1975, 308

دەرەکیش کە بـــایەخێکی گەورەی هەبوو گرتنی مەککە بوو لە لایەن ئیبن ســـعوودەوە لە ســـــاڵی ١٩٢٤دا و داگیرکەران تەریقەتەکانیان قەدەغەکرد لەوێ. زاوییە یان تەکێ ســەنتراڵەکەی جەبەل ئەبوقوبەیس ڕووخێنرا و تەواوی شـــێخ و ڕابەرانی نەقشبەندی شارەکەیان بەجێهێشت. نەقشبەندییە ئیندۆنیسییەکانیش لەو مێژووە بەدواوە کاری خۆیان بکەن بێ پاڵپشتیی دەرەوە.

## تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدیی ئیندۆنیسی لە پاش ساڵی ١٩٢٥

داکشانی تەریقەتی نەقشبەندی کە لە یەکەم دەیەکانی سەدەی بیســـتەمدا دەســـتیپێکرد بە ڕەهایی پرۆســـەیەکی چونیەک و بەردەوام نەبوو. زۆرێک لە نووچدان و پاشـــەکشـــە لە هەندێ بەرەدا ڕوویاندا لەبەرانبەردا بە پێشـــڕەوی قەرەبوو کرانەوە لە هەندێ شـوێنی تردا بەتوندی پشـتی بە دۆخ و حاڵەتی سـیاسـی دەبەست. لە ماوەی شـەست سـاڵی ڕابردوودا (بە ڕەچاو کردنی ئەوەی ئەم باسە لە ساڵی ١٩٩٠دا نووسراوە - وەرگێڕ) تەریقەتەکە لە گەلێ ناوچەی (ئیندۆنیســیادا - و) بڵاوبووەوە، کە ڕاســتییەکەی لەپێشـدا هیچ باسـێکی نەبوو تێیدا. سـەرسـوڕهێنترین بڵاوبوونەوە پەیوەســـتە بە چالاکییەکانی تاقە کەســـێکەوە، کە ئەویش ڕابەر و مامۆستای مینانگکاباو شێخ جەلالەدینی بوکیتینگی بوو.

شێخ جەلالەدین، کە خەلیفەیەکی شێخ عەلی ڕەزای جەبەل ئەبو

قوبەیس بوو، لە ساڵی ١٩٥٠دا ناوبانگێکی نیشتمانی پەیداکردبوو، وەک سەرکردەی حیزبێکی سیاسیی بچووک. لە دوا کتێب و نامیلکەکانیدا، وای ئیددیعا دەکرد کە *Partai politik Thariqat Islam (PPTI)*.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا دامەزراوە. کورتەی پیتەکانی ئەو کاتەی بووە بۆ (واتە یەکیتیی داکۆکیکاران لە تەریقەتی ئیسلام) *Persatuan pembela Thariqat* پێدەچێت مێژووەکەی نادیارییەکی تێدابێت. شێخ بە شێوەیەکی سەرەتایی ئەندامی *Islam (PPTI)* PERTI (Peraatuan Tarbiyah عولەماکانی سۆمەترەی ڕۆژاوا لە ساڵی ١٩٢٨دا یەکیانگرتووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەریی ڕیفۆرمخوازان (*موحەممەدییە*). ناوی PPTI بۆ یەکەمجار بیستراوە لە دوای ئەوەی شێخ جەلالەدین و هەندێ لە شوێنکەوتووانی PERTI بەجێهێشتووە بەهۆی شەڕ و ململانێوە. زۆرێک لە نەقشبەندییەکانی تر، بە شێوەیەکی عەرەزی، لە PERTI مانەوە. پاشان شێخ PPTI کردە حیزبێکی سیاسی و لە یەکەم ساڵەکاندا لەپێناوی سەربەخۆییدا خەباتی دەکرد (لە ساڵی ١٩٤٥دابەپێی ئیددیعاکەی). لە ساڵانی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کاندا ژمارەیەکی ڕوو لە زیادی شێخە نەقشبەندییەکان چوونە ڕیزی حیزبی PPTI ؛ هەندێکیان دواتر ئیددیعای ئەوەیان کردبوو کە هەستیان وابووە بە ناچاری ئەوەیان کردووە بە هۆکاری پەیوەندیی بەتینی شێخ جەلالەدین بە سەرۆک سوکارنۆوە کەوا زیرەکانە بەکاریهێناوە. حیزبی

PPTI له پاش ڕووخانی سوکارنۆ مایەوە و له ساڵی ١٩٦٨دا بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی "گرووپی فەرمان" ، بە سپۆنسەریی سەربازیی کۆمەڵەی گۆڵکار و بەردەوام بوو له بووژانەوە و گەشەکردن له ژێر چاودێرییەکی بەهێزدا. له ساڵی ١٩٧٣دا، واتە سێ ساڵ پێش مەرگی، شێخ ئیددیعای ئەوەی کردبوو کەوا له سێ ملیۆن کەمتر ئەندامی نییە.

شێخ جەلالەدین بەتەنها له ڕێکخەر و سیاسییەکی زیرەک زیاتر بوو. ئەو نووسەرێکی پڕ بەرهەم بووە و زیاد له سەد کتێب و کتێبۆڵکەی بڵاوکردووەتەوە[٨٣]، کە تا ڕادەیەکی زۆر گرنگترین گرووپی ئەدەبیاتی نەقشبەندییە کە له ئیندۆنیسیادا بەرهەم هاتبێت. کتێبەکەی ئەو *Rahasia Mutiara* ڕەنگە تەواوترین و ڕوونترین وەسفی تێدایە بۆ زیکری نەقشبەندی و سرووت و ڕێوڕەسمەکانی بە هەر زمانێک[٨٤]، هەروەها کتێبەکەی

---

[٨٣] دواین نامیلکە کە من دەستمکەوتووە "کتێب لەگەڵ تەمەندایە *Buku, Prnutup Umur,* vol. 9 ( 1975).

[٨٤] دکتۆر شێخ حاجی جەلالەدین، *"نهێنیی گەوهەر: تەریقەتی نەقشبەندی لە مەلایۆ"*، ٩ بەرگ، بوکیتینگی، چەندین چاپ. وا دیارە پشت بە کتێبەکەی موحەممەد ئەمین ئەلکوردی *"تنویر القلوب"* و ئەحمەد زیائەدین گویمویشخانەوی *"جامع الأصول فی الأولیاء"* دەبەستێ، بەڵام بە وردەکارییەکی زیاتر و بە وێنەی ڕوونکردنەوە باسی فیزیکیی زیکری *لەتایف* و زیکری نەفی و ئیسپات (النفی والإثبات) دەکات.

(بەرگریی لە تەریقەتی نەقشــبەندی *Pertahanan at - Thariqat an - Naqssybandiyah* یەکێکە لە بەرگرینــامە بەهێزەکــان لە تەریقەت دژ بە هێرشـــــەکانی ئەحمەد خەتیب و ڕیفۆرمخوازانی تر[٨٥]. شـــێخ جەلالەدین نەک هەر شـــێخەکانی تری لە ژێر ئاڵای ڕێکخراوەکەی خۆیدا ڕێکخســـتووە، بەڵکوو چەندین خەلیفەشـــی دامەزراندووە و ناردوونی بۆ ناوچەکانی تری ئەرخەبیل. ئەوان نەقشــبەندییان لە ســولاوێســی باشــوور (ســێلێبس)، باشــووری کەلیمــانتــان (بۆرنیۆ) و نــاوچەکــانی جــاوا و ســـــۆمەترە بڵاوکردووەتەوە، کە پێشـــــتر تێیدا نەبوو. هەروەهـا کـاریگەریی شــێخ لە ســنوورەکانی ئیندۆنیســیا ترازاوە بۆ مالیزیا[٨٦]. هەڵبەت ناوبانگی ئەم نەقشـــــبەندیی بەکێشـــــکردووە لە هەموو قوژبنێکی وڵاتەوە، لەنێویاندا شـــــێخەکانی ڕێبازەکانی تریش، بۆ بارەگای نیشـــتەجێبوونی خۆی بۆ بەجێهێنانی خەڵوەت بە ســـەرپەرشـــتی و پێشەوایەتیی خۆی. نووسینەکانی کەرەستەی سەرچاوەی سەرەکی پێکدێنن بۆ چەندین کاری جیددیی دواتری لە بارەی تەریقەتەوە[٨٧].

---

[٨٥] دکتۆر شــێخ حاجی جەلالەدین، *"بەرگری کردن لە تەریقەتی نەقشــبەندی لە مەلایۆ"*، ٤ بەرگ، بوکیتینگی، بێ مێژوو

[٨٦] ئەلعەتتاس، "هەندێ بواری سۆفیزم"، ل ٦٤.

[٨٧] پرۆفیســۆر ئەبوبەکر ئاتجێ، "پێشــەکی عیلمی تەریقەت"، جاکارتا، ١٩٦٦؛ ئیمرۆن ئابا، *"لە بارەی مەسەلەی تەریقەتی نەقشبەندییەوە"*. قودس: مەنارە، ١٩٨٠؛ مســتەفا زەهری، "کلیلی تێگەیشــتنی عیلمی تەســەوف"، سورابایا: بینا

بەهەرحاڵ، هەموو کەس ڕێنماییەکانی شێخ جەلالەدینی قبووڵ نەکردووە وەک نوێنەرایەتییەکی تەریقەتی نەقشبەندی. لێکدانەوە نەگونجاوەکانی بۆ هەندێ ئایەتی قورئانیی دیاریکراو بەتەواوی خستیە پێگەیەکی پێچەوانە و دژەوە لەگەڵ هەندێ لە هاوکار و هاوپیشەکانیدا. دانانی نازناوی دکتۆر بۆ خۆی و بگرە دواتر پرۆفیسۆریش و بە شێوەیەکی لیبراڵانە بەخشیینی *ئیجازە* بە خۆی و هەمان نازناوی *خەلیفەی* نیمچە ڕاهێنراو بووە بە مایەی ڕەخنەیەکی زۆر. لە ساڵی ١٩٥٤دا، سی و چوار شێخ و *خەلیفەی* نەقشبەندی لە سومەترەی ڕۆژاوا، بە چاودێریی PERTI، فەتوایەکیان دەرکرد دژ بە نووسینەکانی جەلالەدین، کە بە دید و تێڕوانینی ئەوان زۆرێک لە هەڵە و شێواندن و لادان و *حەدیسی* درۆ و *بیدعەی* هونەر و تەکنیکی تەریقەتی تێدایە[88]. زیاتر پێدەچێت کەوا فەتواکە نەک هەر تەنها ئیلهامی نیگەرانی بێت لە شێخ جەلالەدینی ڕەفتار نەشاز کە نکوولّی لێناکرێت بەڵکوو بە هەمان ئەندازە ڕکابەریی دنیاییشی تێدایە، کە پێشتر پاڵی بە شێخەوە نابوو بۆ ئەوەی لە PERTI جیابێتەوە[89]. ئەستێرەی

---

عیلمو (بنیاتی زانیاری)، ١٩٨٠.

[88] دەقی ئەم فەتوایە لە کتێبەکەی ئە. مم. عارف *"فەتوا"*دایە، ل ١٤٢ – ١٥٢

[89] ڕەخنەیەکی ورد لە "هەڵەکان" لە کارەکەی جەلالەدیندا لە لایەن سەرۆکی عولەماکانی نەقشبەندیی PERTI ، سولەیمان ئەلڕەسوولییەوە نووسراوە، *"تبلیغ الأمانات"*، بوکیتینگی، ١٩٥٤.

شـــێخ جەلالەدین بەخێرایی گەشـــایەوە و فەتواکە بەتەواوی ناکاریگەر بوو لە ڕێگەی بەرزبوونەوەیدا. دواجاریش گەلێ لەو *خەلیفانەی* کە سەرزەنشتیان کردبوو پاشگەز بوونەوە و چوونە ناو حیزبەکەشیەوە PPTI.

یەکێک لەو داهێنانانەی شـــێخ کە بەر ڕەخنە کەوتووە و بە *بیدعە* تۆمەتبار کراوە و پەرەیســەند بۆ ســرووتی پابەندبوون بە تەریقەتەوە. لە پاش ڕێوڕەسمی شـەوانەی دەسنوێژ هەڵگرتن و *تەوبە*، ڕاگەیاندنی پەشـــیمانبوونەوە لە گوناهەکانی ڕابردوو، *مورید* دەخرێتە کفنێکەوە و بە لای ڕاســـتدا پاڵدەخرێت و ڕووی دەکرێتە *قیبلە*. ئەوجا لە کاتی خەوتنیدا پێویســـتە بیســـت و یەک جۆر خەون ببینێت وەک (چاوپێکەوتنی پێغەمبەر و تاد..)، بەمەش پەردە لە سەر نهێنییەک لادەدرێت. جا ئەگەر نەیتوانی خەونەکەی بیربێتەوە، بۆ شـــەوی ئایندە دووبارە دەکرێتەوە و ئەگەر هەیە چەند جاری تریش، تا ئەو کاتەی خەونەکە بەرجەســـتە دەبێت. خۆ ئەگەر مورید توانی ئەو خەونەی لە پاش نوێژی بەیانی بینیوی بە باشی بگێڕێتەوە، ئەوە یەکەم *تەوەججوهی* لەگەڵ شێخدا دەبێت. پاشان *مورید* سەری پەتێک یان کفنەکە دەگرێت و شێخیش ئەوســـەرەکەی و نزا و پاڕانەوەی ملکەچیی فەرمی بۆ شـــێخ دەخوێنێت و ئەوجا یەکەم ڕێنمایی و ڕاســپاردەی فەرمی (*تەلقین*)

وەردەگرێت و بۆ یەکەمجاریش زیکری *قەلبی* بەجێدەهێنێت[٩٠].

ئەم ڕێوڕەسمی پابەندبوون بە تەریقەتەوە، کە لەگەڵ مردن و ناشتنی سیمبۆلیدا تەواو دەبێت و حاڵەتی نێوەندگیری (خەونەکە) و سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی تێدەکەوێت، پێدەچێت یەکەم ئاماژەی بە ئیندۆنیسی کردنێکی نەقشبەندی - خالیدی بێت. هەڵبەت هیچکام لە توخمەکانی ئیندۆنیسی نین بە دیاریکراوی و لەواقیعدا هەر هەمووی ڕەنگە لە نەریت و ترادیسیۆنی نەقشبەندیدا هەبێت، بەڵام بە هەمان مێتۆد و ڕێگە کۆنەبوونەتەوە. *بەیعەت* بەم فۆرمەی ئێستایەوە زیاتر ڕێوڕەسمی تەمەسوک و پابەندبوونی پێش ئیسلاممان بیردەخاتەوە بە سادەترین شێوەی وەک لە هەر شوێنێکی تر. سەرکەوتنی شێخ جەلالەدین توانی تا ڕادەیەک تەریقەتەکە لە ناوچە و هەرێمی نوێدا بڵاو بکاتەوە بە هۆی کێشکردنەی ئەنجامدان و نمایشکردنی ئەم ڕێوڕەسمە سیمبۆلییە دەوڵەمەندەوە.

[٩٠] شێخ جەلالەدین لە کتێبی "*نهنینی گەوهەرددا*" ١، ٥ - ١٢ باس لە کار و کردەوەکان دەکات. لە "*تبليغ الأمانات*" دا، ل ١٨ - ٢٠ ڕەخنە دەگرێت. سەرنج و تێبینیی ورد لە سەر *بەیعەتی* نەقشبەندی لە سۆمەترەی ڕۆژاوادا لە کتێبی نور ئەنەس جەمیل، "*کاریگەریی تەریقەت و سلووک لە سۆمەترەی ڕۆژاوادا*"، "*پرۆژەی بڵاوکردنەوەی پرۆژەی ئاینی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی*" (LEKNAS - LIPI), no. 2 (1976), 19 - 52, esp. 30 - 36.

## ڕێبازی مەزهەرییە لە پاش ساڵی ١٩٢٥

شێخێکی تری نەقشبەندی کە سەرکەوتووانە توانی تەریقەتەکە لە دەڤەر و ناوچەی نوێدا بڵاو بکاتەوە سەید موحسین عەلی هیندوان بوو (ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە) و یەکێکە لەو ئەندامە کەمانەی کۆمەڵگەی عەرەبیی ئیندۆنیسی کە پابەندی تەریقەتێکی ناوخۆیی بووە[٩١]. سەید موحسین بە بنەچە خەڵکی دوورگەی مادورایە و لە لایەن شێخ شەمسەدینی مادورییەوە پابەندی تەریقەتی نەقشبەندیی مەزهەری بووە.

هەرچەندە موحەممەد ساڵح و عەبدوڵڵا زەواوی مورید و شوێنکەوتوویان بووە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەرخەبیلدا، بەڵام ئەوە تەنها مادورا بوو کەوا ڕێبازی مەزهەری تێیدا بە هێز و گوڕەوە دامەزرا. لە مادورا و هەروەها لە ناو کۆمیونیتییە گەورەکانی تری مادوری لە ئیندۆنیسیادا (جاوای ڕۆژهەڵات، جاکارتا و ڕۆژاوای کەلیمەنتان 'بۆرنیۆ')، ئەمە بوو بە کاریگەرترین *تەریقەت* و شێخەکانی پێگەیەکی کاریزمیی وایان

---

[٩١] زۆربەی عەرەبە نیشتەجێکانی ئیندۆنیسیا بە بنەچە خەڵکی حەزرەمەوتن و تاقە تەریقەتی قبووڵکراو لای ئەوان **بەعلەوییە**، کە دەگەڕێتەوە بۆ پەرستش و ڕاهێنانی سەیدەکانی حەزرەمەوت، بە شێوەیەکی تایبەتی و بەرچاویش *ڕابیتە* کە لە لایەن توێژەر و سەیدی سۆفیی حەزرەمەوتییەوە عەبدوڵڵا بن عەلاوی ئەلحەددادەوە (کە ساڵی ١٧٢٠ مردووە) دانراوە و ڕێکخراوە.

هەبوو کە بارتەقای لە هیچ شـــوێنێکی تردا نەبوو. لە دەیەکانی ڕابوردوودا جۆرێـک لە ســـەرکردایەتیی بەکۆمەڵی تەریقەتەکە هەبوو لە لایەن چوار شـــێخەوە و لە پاش مەرگی هەر یەکێکیان ســـیانەکەی تر ئەندامی چوارەمیان هەڵدەبژارد لە ناو *خەلیفەکانی* تردا. ئەم چوار کەســـە بە نۆرە ســـەردانی کۆمەڵگە مادوورییە گەورەکانی ڕۆژاوای کالیمەنتانیان دەکرد و مورید لەوێ ڕێز و شکۆی یەکسانیان بۆ هەر چواریان دەردەبڕی، بەدەر لەوەی کە بەیعەتیان بە هەرکامێکیان دابێت.

سەید موحسین عەلی لە سەر دەستی سێ شێخی مادوری خوێنـدوویەتی و تەمەســـوکی کردووە بە تەریقەتەوە و پـاش ئەوەی لە لایەن ســـێهەمیـانەوە بوو بە خەلیفە هەر زوو وەک یەکێک لە شێخە سەرکردەکان ددانی پێدانرا و بەخێراییش مورید و شوێنکەوتووی شەخسیی خۆی زۆربوون لە ناو مادوورییەکاندا (کە بێگومـان لە نەوەی پێغەمبەربوونی ئەو ڕۆڵێکی کـاریگەری هەبوو). بەپێچەوانەی شـێخەکانی تر ئەو بەتەنها کۆشـشـی خۆی چڕ نەکردبووەوە لە ئیتنیکی مـادوریـدا بەڵکوو بەدوای موریـددا دەگەڕا لە نـاو گرووپە ئیتنیکییەکـانی تردا. لە کۆتـایی ســـاڵانی ١٩٦٠کاندا، یەکەم تاقمی شـوێنکەوتووان لە سـولاوێسـی باشـوور (ســـێلێبس) پێکهات، کە وردە وردە زیادیکرد بۆ چەند لقێک بە نزیکەی هەزار ئەندامی چالاکەوە لەو ویلایەتەدا. فرەشی پێنەچوو، چەند لقێکی تریش لە باشووری کەلیمەنتان دروستبوو.

مەراق و هەڵپەی سەید موحسین بوو بە مایەی ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ شێخەکانی تردا بە هۆی هەندێ خەسڵەتی جیاکەرەوە لە ئیرشاد و ڕێنماییەکانیدا. ئەو ڕەتیکردەوە کەوا زیکری *لەتایف* فێری هەموو موریدان بکات، مەگەر موریدێکی زۆر زۆر پێشکەوتوو بێت و جوابی کردن کە بچن بۆ لای ڕابەر و مامۆستای تر، چونکە وایدەبینی کە هیچ شێخێکی تر عیلم و زانیاریی تەواوی پێنییە. ململانێکان لە ژیانیدا ئازاریان نەدا و کاریزمایی ئەو شێخەکانی تری خستبووە پەناوە. هەروەها بە کەم تەماشاکردنی ئەو بۆ خەڵکی تر نەیهێشت هیچ *خەلیفەیەک* دابنێت و فەرمانی دابوو بە قوتابی و موریدەکانی کە لە بەجێهێنانی *ڕابیتەدا* تەنها بەمەوە پەیوەست بن، تەنانەت لەدوای مردنیشی. تا ئێستاش هەندێک لە قوتابی و موریدەکانی کۆمەڵگەیەکی جیاواز پێکدەهێنن و ئیددیعای ئەوە دەکەن کە لە ڕێگەی خەونەوە پەیوەست دەبن بە شێخەکەیانەوە، بەڵام زۆربەیان یەکێک لە شێخەکانی مادورییان هەڵبژاردووە وەک ڕابەر و مامۆستای ڕۆحیی نوێیان. سەید موحسین عەلی میراتی نووسینی زۆری بەجێنەهێشت و تەنها چەند *ڕیسالەیەکی* ڕۆحیی کورت و کەمی نووسی، بەڵام ئەمانە بایەخێکی تایبەتییان نییە[٩٢].

---

[٩٢] گرنگترین *ڕیسالەی* ئەو ناوی *"گەوهەری تەتیقەتی نەقشبەندیی مەزهەری لە ئیندۆنیسیادا"*؛ ئەمە وەسفێکی کورتی زیکری نەقشبەندییە و بەرگرییەکە

## بڵاوبوونەوەی کاریگەرییەکانی نەقشبەندی

لە پاڵ فراوانبوونی تەریقەتی نەقشـــبەندی وەک تەریقەتێک، لە هەردوو ڕووی ژمـارە و جوگرافییەوە، دەبێت ســـەرنجی ئەو ڕێنمایی و ڕاهێنانە بدەین کە لە نەقشـــبەندییەوە یان ڕابەر و مامۆســـتاکانیەوە ســـەرچاوەی گرتووە بەڵام پەیوەســـت نین بە تەریقەتێکی ڕێکخراوەوە. ئـامـاژەیەک هەیە بە بەکـارهێنـانی بەربڵاوی کتێبی *"تەنویرول قلووب - تنویر القلوب"ی* موحەممەد ئەمین ئەلکوردی کە لە هەموو لایەکی ئەرخەبیلدا هەیە و لە گەلێ *مەدرەســـەشـــدا* دەخوێنرێت، لەوانەی کە *زیکریان* تێدا ناکرێت و ناخوێنرێت. ئەوە تەنها یەکەم بەشـــی ئەم کارە نییە کە لەگەڵ *فیقهدا* مامەڵە دەکات و دەخوێنرێت، دووەم بەشـــیش وەک کتێبی خوێندنی *تەسەووف* بەکاردەهێنرێت و وەک سەرچاوەیەکیش بۆ زانیاریی گشـــتی لەســـەر *تەریقەت*. ئەم کتێبە تەنانەت لە لایەن موریـد و شـــوێنکەوتووانی تەریـقەتەکـانی تریشـــەوە بەکاردەهێنرێت[93]. لە ناوچە جیاجیاکانی ســولاوێســی باشـووردا *عولەما* نەریتییەکان قوتابییەکانیان فێری ئەو *ویردانە* دەکەن کە

---

لە تەریقەت و لە سـاڵی ١٩٥٨دا نووسـراوە وسـاڵی ١٩٧٦ لە لایەن لقەکانی سولاوێسیی باشوورەوە سەرلەنوێ چاپکراوەتەوە.

[93] بۆ نموونە کیای ئەکبەری تەریقەتی ئیدریسییەی بچووک مەڵبەندەکەی لە پێســـانترێنە. ئەلفەتحییە، لە پاکێنگدینگانە، تاســـیکمالایا، ژاوای ڕۆژاوا بە ڕێکوپێکی لە *"تنویر القلوب"* دەگوێزنەوە لە وتار و ئامۆژگارییەکانیاندا.

پەیوەســـتن بە نەقشـــبەندییەوە و هەندێ جار زیکری *قەلبیش*. ئەمانە بوون بە بەشـــێکی دانەبڕاو لە پەرســـتش یان عیبادەتی ئوســـوولی، کە بە تەنها و بەتایبەتی بەجێدەهێنرێت بێ هیچ ڕێکخراو یان سەرکردایەتییەک[٩٤].

لە ئیندۆنیســـیا و بەتایبەتی لە جاوادا، ژمارەیەکی زۆری تائیفەی سۆفیی غەیرە ئیسلامی هەن کە بە ناوی گشتیی ئەلیران کێباتینان *Aliran kebatinan* یان ئەلیران کێپێرکایان *Aliran kepercayaan* [٩٥] دەناسرێن.

ئەمانە هەرچەندە بە موســـڵمان دانانرێن، بەڵام زۆرێکیان کاریگەریی بەهێزی ئیســـلام لە زاراوەســـازی و بیروباوەڕ و

---

[٩٤] باســـی گوندێک دەکات لە گوادا: نورهایەتیی دجاماس، "جۆراوجۆریی ژیانی ئاینی لە ناو بوگی و ماگاســـاییەکاندا"، لە "ئایین و واقیعی کۆمەڵایەتیدا"، کە لە لایەن (موخلیس و کاترین ڕۆبنســـنەوە بڵاوکراوەتە). کۆتایی دید و بۆچوون: پەیمانگەی بڵاوکردنەوە لە زانکۆی حەســـەنەدین، ١٩٨٥، ٢٧٣ - ٣٩٧، بەتایبەتی ٣٤٩ - ٣٦٤. هەمان ڕاهێنان لە ماجێنادا باڵادەست بوو لە پێش گەیشتنی خەلیفەی شێخ جەلالەدیندا، بە پێی مستەفا زەهری (چاوپێکەوتن، ئونجون پاندانگ ، ٧ی سێپتەمبەری ١٩٨٧).

[٩٥] ئەدەبێکی چڕ هەیە لە ســەر ئەم تائیفانە؛ دوو گێڕانەوەی هەواڵی هەیە لە ســەر ئەم بابەتە کە بریتین لە: ڕاهنیپ م. بی ئە. *"لێشاوی باوەڕ لە بازنەی ڕووناکیدا"* ، ســـورابایا: پوســـتۆکا پرۆگرێســـیف، ١٩٨٤؛ پۆڵ ســـتێنج، "ســـۆفیگەریی شـــەرعی لە ئیندۆنیســـیادا"، *گۆڤاری پێداچوونەوە توێژینەوە ئیندۆنیسی و مالیزییەکان،* ٢٠ / ٢ (١٩٨٦)، ل ٧٦- ١١٧

هەروەها سـرووت و ئەداکردنیاندا ڕەنگدەداتەوە. پێدەچێت ئەمە بە پلەی یەکەم بە هۆی ڕێنماییە سۆفیگەرییەکانەوە بێت کە دزەی کردبێتە کولتووری میللی و دەستەبژێری جاوازییەکانەوە. لە سەدەکانی پێشوودا بەتایبەتی شەتتارییە مۆرکی خۆی بە سەر کولتووری جاوازییەکانەوە جێهێشتووە و سەرلەنوێ دایڕشتووەتەوە. لە کات و سەردەمی ئێستادا تەریقەتی نەقشبەندی بە زیکری بێدەنگ و ڕاهێنانەکانی هاوشێوەی تێڕامان، وا دیارە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە بە ئێستاشەوە. دامەزرێنەری گەورەترینی ئەم تائیفانە، کە بە شێوەیەکی جیهانی بە *سوبود* ناسراوە، لە گەنجیدا پەیوەندییەکی تەمومژاویی هەبووە بە مامۆستا و ڕابەرێکی نەقشبەندییەوە[٩٦]. بەهەرحاڵ، کاریگەرییەکان بەتەنها یەک ئاڕاستە نەبوون. چونکە چەندین شێخی ئیندۆنیسی هەن هەر بە ناو نەقشبەندین، بەڵام ڕێنمایی و ڕاسپاردە و ڕاهێنانە "جادوویيەکانیان" لە ڕاستیدا ئەوپەڕی تەوفیقی و باتینی و ساینکریتیکن syncretistic (واتە لە ڕووکەشدا شتێکە و ژێربەژێر شتێکی ترە - وەرگێڕ).

ڕێباز یان تەریقەتی نەقشبەندی بەتەواوی ڕەگی خۆی لە ئیندۆنیسیادا داکوتاوە و بووە بە بەشێک لەو هێزانەی کاردەکەن

---

[٩٦] کیای عەبدولڕەحمان ناوێک، بڕوانە جەی. جی. بێنێت، "لە بارەی سوبودەوە". لەندەن: هۆدەر و ستۆفتۆن، ١٩٥٨، ٥١ ٥٣.

بۆ بەئیســـــلامکردنی پێشـــکەوتووی کولتوور و کۆمەڵگەی ئیندۆنیســـی. ئەم ڕێبازە کاریگەرییەکی وای هەبووە و هەیە کەوا کۆڕ و کۆمەڵی مورید و شوێنکەوتووانی ڕێکخراوی تێپەڕاندووە، بەڵام لە بەرانبەردا و لە هەندێ شـــوێن و ناوچەی دیاریکراودا تەریقەتەکە بە شێوەیەک "بە ئیندۆنیسی کراوە"، کە هەندێ جار تا ڕادەیەک ناناسرێتەوە[٩٧].

[٩٧] ئەم حاڵەتانەی دوایی بە چڕی گفتوگۆیان لەســـەر دەکرێت لە وتارێکی هاوتەریبدا بۆ بڵاوبوونەوە لە *BKI*.

عبدالله دهلوى [شاه غوڵام عەلى]
(١٢٤٠/ ١٨٢٤- ١٨٢٥ له دەلهى مردووه)

أبو سعيد الأحمدى
(١٢٥٠/ ١٨٣٥ له تۆنک مردووه)

أحمد سعيد
(١٢٧٧/ ١٨٦٠- ١٨٦١ له مدينه مردووه)

ضياءالدين خالد البغدادى (مولانا خالد)
(١٢٤٢/ ١٨٢٦ له ديمەشق مردووه)

محمد صالح الزواوى (١٣٠١/ ١٨٨٤ له مەككه مردووه)
محمد مراد القازانى – عبدالله الزواوى – عبدالحميد الداغستانى
محمد جان المكى ( ... له مەككه مردووه)
عبدالله الأرزنجانى (١٢٦٦/ ١٨٥٠ له مككه مردووه) ا
محمد مزهر الأحمدى (١٣٠١/ ١٨٨٤ له مەدينه مردووه)
يحيى الداغستانى
سليمان القرمى
خليل حمدى
(خليل پاشا)
إسماعيل الباروسى
خليل حلمى
سليمان الزهدى
عثمان فرج
على رضا
عبدالحميد شيروانى
محمد حقى النازلى

## مەولانا خالید لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا

لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٨٨٠کاندا، دەسەڵاتدارانی دوورگە هندییەکانی هۆڵەندی، بە گومانی چالاکییە چالاکییە پان ئیسلامییەکان، دەستیان بەسەر پارچە کاغەزێکدا گرتبوو کە بە زمانێکی عەرەبیی کرچ و خراپ نووسرابوو لە پیاوێکی لە حەج گەڕاوە بە ناوی حاجی محەممەد ئەرسات یان [حاجی محەممەد ئەرشەد] و ناردبوویان بۆ سنۆک هورخرۆنیەی کریستیانی عەرەبی زانی ڕاوێژکاری کاروباری ئیسلامی بۆ ئەوەی بزانن کە چی تێدا نووسراوە. دەقەکە هەندێ ڕێنمایی بنەڕەتیی نزا و پاڕانەوەی نەقشبەندیی تێدا بووە. ئەمانە بە خوێندنی دۆعا و پاڕانەوەی *ئیستیغفاری* ٣ و ٥ و ١٥ یان ٢٥ جاران دەستپێدەکەن و ٣ جاران خوێندنەوەی *سوورەتی* ئیخلاص و یەک جاریش خوێندنەوەی سوورەتەکانی ئەلفەلەق و ئەلناس و ئەلفاتیحە و خێر و چاکەی ئەم خوێندنەوانە بۆ ڕۆحیانەتی شێخ بەهادینی نەقشبەند نێردراوە. پاشان دەکرێ مرۆ وێنەی" *شیخنا ومولانا*" شێخمان و مەولامان خالیدی نەقشبەندیمان وێنا بکات، کەوا شێخ سولەیمان ئەفەندی لە مەککە باپیرانی ڕۆحیی خۆی دەگێڕێتەوە بۆیان. بەژن و باڵای ئەمیش (واتە خالید) بەرز و گەورەیە و

ڕیشی لە هەردوو لای ڕاست و چەپەوە ڕەش و لە ناوەڕاستەوە سپییە، چەناکە و سینگی پانن. ئەوجا لەوەوە دەبێت داخوازیی بەهێزبوونی ڕۆحی و بەردەوامیی پەیوەستبوون بە خودای تەعالاوە بکەیت و پاش ئەمەش شێوازی نکوولی کردن و جەختکردنەوە بێنیتەوە یادی خۆت و ئیتر *ئیسمی زات* بەدوای یەکدا دووبارە دەکەیتەوە لە *لەتائیفە* جۆراوجۆرەکاندا و ... دواجار نامەکە بە ئیددیعا کردنی ئەوە کۆتایی دێت کە نووسەرەکەی ڕوخسەتی پیادەکردن و ڕێنمایی کردنی ئەم سرووت و ڕێوڕەسمی ڕێنمایی کردنی پەرستنەی داوە[1].

لەم بڕگانەوە کە لە دوادوایی سەدەی نۆزدەوە بۆمان کۆبووەتەوە دەردەکەوێ کەوا لە دوای زیاد لە سەدە ونیوێک لە کۆچی دوایی مەولانا خالید، خەڵکی لە شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیادا هێشتا هەر پەیڕەوی *ڕابیتە* دەکەن، کە بریتییە لە وێناکردن و یدکردنەوەی شێخ لە پێش زیکردا، لەگەڵ مەولانا خالید خۆیدا نەک لەگەڵ جێگرەوەکانی. ئەو وەسفە سادەیەی پیاوێکی تێکسمڕاوی باڵابەرزی ڕیشنی سینگ و چەناگە پان باری سەرنجی نوێژخوێنە

---

[1] سی. سنۆک هۆرگرۆنیە، *"ئامۆژگاریی فەرمیی سی. سنۆک هۆرگرۆنیە"*، بەرگی ٢، بلاوکردنەوەی ئی. گۆبی و سی. ئادریانس، لاهای (دەنهاخ): نیهۆف، ١٩٥٧، ل ١١٨٢ – ١١٨٣.

ئیندۆنیسییەکانی بە لای ئەم گەورە و ڕابەرە کوردەدا ڕاکێشاوە. چڕبوونەوەی ڕۆحی لەسەر خالید تەریقەتەکەی پەیوەست کردووە بە ناوەندێکەوە، کەوا شوێنکەوتە و دڵسۆزان لە مەککەدا وێنایان کردووە، لە سەر شاخی ئەبوقوبەیس، کە تێیدا زۆرێک لە ئیندۆنیسییەکان پابەندی تەریقەت یان ڕێبازی نەقشبەندیی خالیدیی بوون. لە سەدەکانی ڕابردوودا زۆرێک لە ڕێبازە سۆفیگەرییەکان و بەتایبەتی سەممانی و قادری و نەقشبەندی هەر یەکە و جەماوەرێکی شوێنکەوتەی خۆیان هەبووە، بەڵام هیچکامێکیان وەک نەقشبەندیی خالیدی گەشە کردنی خێرای بەخۆوە نەبینی. مەسەلەکە وەک ئەوە وابوو کەوا لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا مەولانا خالید ڕێبازەکەی بە ڕۆحێکی دینامیکی و تەبشیریی نوێ چاندبێت کە هاوشێوەی نەبووبێت لە لایەن هیچ یەکێک لە ڕێباز و تەریقەتەکانی ترەوە.

**یەکەمین ڕابەر و مامۆستای خالیدییە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا**

چەشنی کاریگەرییەکانی پێشتر، خالیدییەش لە ڕێگەی حیجازەوە گەیشتووەتە ئیندۆنیسیا. لەم حاڵەتەدا، بەتایبەتی ئەو *زاوییەی* ( تەکیەی – و) لەسەر شاخی ئەبو قوبەیس دامەزرابوو، بوو بە تەوەر و لانکەی بەستنەوەی ئیندۆنیسییەکان بە خالیدییەوە. مەولانا خالید عەبدوڵڵای ئەرزنجانیی بە خەلیفەی خۆی دامەزراند لە مەککە و ئەگەریش زۆرە کەوا لە ڕێگەی

ئەرزنجانییەوە ئیندۆنیسییەکانی یەکەمجار، کە بە شێوەیەکی کاتی یان هەمیشـەیی لە مەککە نیشـتەجێ بوون، هاتبێتنە سـەر ڕێبازی خالیدی. ئەرزنجانیش سولەیمانی قرملیی لە شوێنی خۆی دانا کە خەڵکی قرم (کریمیا) بوو کە ئەویش بە ڕۆڵی خۆی سـولەیمان ئەلزوهدیی لە شـوێنی خۆی دانا، کە بە زۆری بە سـولەیمان ئەفەندی یان "شـێخی جەبەل قوبەیس" ناسـرابوو. ئەوجا لەسـەر دەستی ئەم سولەیمانە بوو بەتایبەتی کەوا ئەم تەریقەتە لە دواین چواریەکی سەدەی نۆزدەدا گەشەی کرد و بەرفراوانییەکی خێرای بەخۆیەوە بینی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیندۆنیسیادا.

لە خالیدییە بەراییەکانی ئیندۆنیسیا کە ئێمە بە ناو دەیانناسـین ئیسـماعیل ئەلمینانکاباوی یان ئەلبەروسـی بووە، کە ناوەکانیان ئاماژەیە بەوەی کە دەچنەوە سـەر ناوچەی کەناراوی بارۆس، لە باکووری ڕۆژئاوای ناوجەرگەی ئیتنیکی مینانکاباوی ڕۆژئاوای سـۆمەترە. ئەم ناوەش لە یەکێک لە دەقە بەراییەکانی خالیدییەدا هاتووە بە ناوی *"الرحمة الهابطة فی ذکر إسم الذات والرابطة"*، کە لە لایەن حوسەین ئەلدەوسەرییەوە نووسراوە، کەوا خودی خۆی خەلیفەی مەولانا خالید بووە لە ئەحسـا و وەک ڕابەر و مامۆستایەکیش لەبارەی ئیسماعیلەوە دەدوێت[٢]. ناوی ئیسـماعیل

[٢] ئەم دەقە یەکەم چاپکراوە لە پەراوێزی وەرگێڕانە عەرەبییەکەی ئەلمەنزیلاوی بۆ *مەکتووباتی* سـرهندی (مەککە ١٣٠٦ / ١٨٨٩. من لە

لە چەندین *سیلسیلەی* خالیدیدا دێت و بەعادەت لە نێوان هەردوو سـولەیماندا بەڵام هەندێ جار ئەم پێشـی هەردوکیان دەکەوێت. تێبینییەک هەیە لە نامەکەی سولەیمان زوهدیدا ئاماژەیەکی تێدایە بۆ لێکدانەوەیەک: عەبدوڵڵا ئەلئەرزنجانی ئیددیعای ئەوە دەکات کەوا ئەو سـولەیمان ئەلقرملی کردووە بە خەلیفە و جێگرەوەی خۆی بەڵام ئیسـماعیلی کردووە بە یاریدەدەری سـولەیمان. هەرچەندە زوهدی بە ئاشـکرا ئەوە ناڵێت، بەڵام دەکرێت بگەیتە ئەو ئەنجامەی کە دامەزراندنی یاریدەدەرێک بۆ کارکردن وەک وەرگێڕێک و ڕاوێژکارێک بۆ ئەو ئیندۆنیسـییانەی هاتوون بۆ وەرگرتنی تەکنیکی مەشـق و ڕاهێنانی ڕۆحیی تەریقەتی خالیدی و *خەڵوەت* (یان *سلووک*) وەربگرن لە ژێر ڕێنمایی شێخدا[٣].

بەڵام دەبێ ئیسـماعیل لەوە زیاتر بووبێت کە تەنها یاریدەدەر یـان وەرگێڕێـک بووبێـت و ئەو لای خۆیەوە مـامۆسـتـا و ڕێنماییکاریش بووە، بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو ئیندۆنیسـییانەی نیشـتەجێی مەککە بوون و ئەو تەنها هەر ئیندۆنیسـییەکان شـوێنکەوتەی نەبوون بەڵکوو پیـاوانی گەلێ نەتەوەی

ئیندۆنیسـیا کۆپییەکم لە دوا چاپێکی دەسـتکەوت. *الرحمة الهابطة* ... سـاڵی ١٨٢١ تەواوکراوە، کاتێ کە شێخ خالید هێشتا لە ژیاندا بووە.

[٣] سلیمان الزهدی الخالدی "*مجموعة الرسائل*"، إسطنبول، ١٢٩٨ / ١٨٨١، ص ١٩ – ٢٠.

جۆراوجۆریش بوون. سنۆک هۆرخرۆنجەی ڕۆژهەڵاتناس، کە لە ساڵی ١٨٨٥دا پێنج مانگی لە مەککەدا بەسەربردووە و لەوێ پەیوەندیی هەبووە بە گەلێ لە *عولەماکانەوە*، تێبینیی کردووە کەوا ئیسماعیل هێشتا هەر بە ڕێز و چاکە باسکراوە و "تا ڕادەیەک خوێندەوار و دەمارگرژ بووە" - کە ئەمەی دوایی هەرچییەکی بگەیاندایە. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠دا، پاش ئەوەی بۆ ماوەی سێ دەیە ڕابەر و مامۆستای تەریقەتی نەقشبەندی بوو، بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ئەو لە وڵات و نیشتمانی خۆی، نەگیرساوە کە ئەو دەمە لە لایەن هۆڵەندییەکانەوە داگیرکرابوو، بەڵکوو سینگاپوری ژێر دەسەڵاتی بەریتانیای هەڵبژارد، کەوا شوێنێکی گونجاو بوو کە لێیەوە بگاتە سۆمەترە و جاوا (یان جاڤا). (بەعادەت حاجییانی ئەو دوورگانە لە ڕێگەی سینگاپورەوە گەشتی مەککەیان دەکرد، کە بەندەری سەرەکیی ناوچەکە بوو).

## شێخ ئیسماعیل گەشتی ڕۆژهەڵات دەکات و خالیدییە بڵاو دەکاتەوە

دەبێ ناوبانگی ئیسماعیل پێش خۆی کەوتبێت و هەر بە گەیشتنی بۆ سینگاپورە لە گەڕانەوەی حاجییاندا، بانگهێشت کرا کە میوانی شەخسیی *تەمەنگۆنگ Temenggong* ئیبراهیم بێت، کە بەرزترین دەسەڵاتی لۆکاڵی بوو لەوێ[٤]. ئەمە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئیسماعیل بوو لە چوونەپێشەوەی خێرای کۆلۆنیالیزم و لێژبوونەوەی سیاسیی ئیسلامدا. ئەو کاتەی کە دەوڵەتی جۆهۆری بەهێزی مەلای، کەوا زۆرترین بەشی نیمچە دوورگەی لینگا - ڕیاو و چەند بەشێکی کەناری ڕۆژهەڵاتی سۆمەترەی لەخۆدەگرت، لە نێوان ناوچەکانی بندەسەڵاتی بەریتانی و هۆڵەندیدا، ئەوە هەردوو بەشەکە لە نێوان کایەی دەسەڵات و کاریگەریی بەریتانی و هۆڵەندییەکاندا دابەشکرابوو و هەردوو بەشەکە لە لایەن سوڵتانە لاوازەکانەوە حوکم دەکران کە بۆ

---

[٤] لە مەملەکەتی مەلایۆدا تەمەنگۆنگ بەرپرسیارێتییەکی ڕەسمی بووە بۆ ئاسایشی ناوخۆ و یەکێک بووە لە پۆستە باڵاکان و هێزەکانی پۆلیس و هێزی تریش دەکەوتنە ژێر فەرمانـدەیی ئەمەوە. تەمەنگۆنگ ئیبراهیمی جۆهۆر تەنانەت پێگە و پۆستێکی لەمەش کاریگەرتری هەبوو کە لەم ناونیشانەدا ئاماژەی پێکراوە؛ لە ساڵی ١٨٣٩ (کاتێ ئەو بە ڕەسمی وەک *تەمەنگۆنگ* دامەزراوەتاوەکو مردنی لە ساڵی ١٨٦٢دا. ئەو دەسەڵاتدارێکی ڕاستەقینە بوو لەبری ئەوەی سوڵتانێکی لاواز بێت، (ترومبوڵ ١٩٧٢: ل ٢٧١ ٢٨٧؛ عادیل ١٩٨٠: ل ٢١١ - ٢٤٥).

پێگەکانیان چاولەبەری هێزە کۆلۆنیالییەکان بوون.

دوا سـولتان، کە سـولتان مەحموود بوو و هەدێک دەسـەلاتی بەدەسـتەوە مابوو، سـالی ١٨١٢ کۆچی دوایی کرد بێئەوەی هیچ نەوەیەکی نێرینەی لە پاش بەجێبمێنیت، لە ژنە پاشـاییەکانی و دەسـتە و تاقمی جۆراوجۆری سـەلتەنەت هەر یەکە و کوڕێکی پێباش بوو لە کوڕانی أنە ئاسـاییەکانی سـولتان. هۆلەندییەکان کە سـالی ١٨١٨ ڕیاویان داگیرکرد، دانیان بە یەکێک لەم کوڕانەدا نا، کە نـاوی عەبـدولڕەحمـان بوو، وەک حوکمڕان و چـالاکـانە لە بەرژەوەندیی ئەو دەسـتوەردانیان کرد و مافی پاشـایەتیی بۆ بەرژەوەندیی ئەو سـەندەوە. کۆمپانیای هندسـتانی ڕۆژهەلاتی بەریتـانی لە ڕیـاو بـالادەسـتیی دەسـتەبەر کرد لە لایەن هۆلەنـدییەکـانەوە بە ئومێـدی دابینکردنی ڕاڕەوێکی ئـارام لە تەنگەکانی مەلەکادا و کۆششی خۆی لەو دوورگانەی سینگاپورەدا چڕکردبووەوە کە دانیشتووانی کەمیان تێدابوو و عەبدولڕەحمانی *تەمەنگۆنگی* جۆهۆر دەسـەلاتیکی ڕاسـتەقینە و سـەربەخۆی پەیداکردبوو. جێگری حاکمی کۆمپانیاکە لە بەنککولو متمانەی بە کوڕێکی تری سـولتان مەحموودی کۆچکردووی بەخشـی بە ناوی حوسەین، وەک دەسەلاتداری جۆهۆر و لەگەلیدا و لەگەل *تەمێنگۆنگـدا* گەیشـتنە ڕێککەوتننـامەیەک کە بوار بـدات بە کۆمپـانیـای هنـدی ڕۆژهـەلات کەوا کـارگەیەک لە سـینگـاپور دابمەزرێنێت.

کەرت یان ناوچەی جۆهۆر بوو بە هەمیشەیی بەگوێرەی پەیماننامەی ئەنگلۆ - هۆڵەندیی ساڵی ١٨٢٤ کەوا کایەی دەسەڵاتی هێزە ئیمپریالییەکانی دەسنیشان کردبوو. بەم پێیە نیمچە دوورگەی مەلایۆ و سینگاپورە لە ئێستا بەدواوە چوونە بازنەی دەسەڵاتی بەریتانییەوە و دوورگەکانی لە پاڵ لە ڕۆژهەلاتی سۆمەترە بوون بە ناوچەیەکی نیشتەجێی خۆڕێوەبەریی هندی هۆڵەندی. هەردوو بەشەکە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن لقەکانی بنەماڵەی ڕەسەنی حوکمڕانی جۆهۆرەوە حوکم دەکران، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو پێگە و شکۆیان ڕووی لە کزیی کردبوو.

ئیسماعیل سینگاپورەی کردە بناغەیەکی کاتی بۆ خۆی و کەوتە راهێنان و فێرکردنی تەریقەت لەوێ و ڕوون و ئاشکرا بە دەسپێشخەریی خانەخوێکەی ئیبراهیمی *تەمەنگۆنگ*، لە ساڵی ١٨٥٣دا پەیامەکەی ئەلدەوسەری وەرگێڕدرایە سەر زمانی مەلایۆیی[٥]. لە پاش تێپەڕینی ماوەیەک، ئیسماعیل ئارەزووی ئەوەی کرد کە سەردانی ڕیاو بکات. بۆ ئەو مەبەستەش یانگ

---

[٥] لەبەر نووسینەوەی دوا ڤێرژنی *الرحمة الهابطة* ... (لاپەڕە ٧٢ - ٧٣) مێژووەکەی ١٢٦٩/ ١٨٥٣ و باس لە پشتگیریی أمیر إبراهیم إبن المرحوم أمیر عبدالرحمن دەکات، تەمەنگۆنگی (ئەلتەمەنقومی) سەری مەهاراجا. هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ شێخ ئیسماعیل دانیشتووی کامپونگ تەلۆک بلانگاه، ئەو شوێنەی کە *تەمەنگۆنگ* تێیدا نیشتەجێ بووبوو.

دیپێرتوان مودا [ســـــولتـان وەکیلیی] ڕیـاو، ڕاجـا عەلی، بەلەمە تایبەتەکەی خۆی بۆ ئەوەی شـــێخ ببات بۆ دوورگە بچووکەکەی پێنینگات کە ماڵ و نیشــــتەجێی لەوێ بوو. ڕاجا عەلی و تەواوی خزمەکانی بوون بە موریدی شـێخ ئیسـماعیل و ئیتر لەو کاتەوە پێکەوە هەفتەی دوو جار زیکری نەقشــــبەندییان پیادە دەکرد. عەبدوڵلای برا بچووکی ڕاجا عەلی لە کاتێکی دواتردا بە خەلیفەی ئیسـماعیل دامەزرا بۆ دوورگەکە. شـێخ ئیسـماعیل گەڕایەوە بۆ سـینگاپورە بەڵام چەندین جار سـەردانی ڕیاوی کردەوە و لەوێ کچی پیاوێکی ناوداری مارەکرد و کوڕێکی لێی بوو (عەلی حاجی ١٩٨٢ ب: ٢٨٥ – ٢٨٧).

هەروەها ئیسماعیل لە سینگاپورەوە کەوتە گەشتی دۆزینەوە (ئیســـتیکشـــافی) بەرەو باکوور و جارێکیان تا ویلایەتی کیدا ڕۆیشــت لە باکووری مەلایۆ و لەوێ کاریگەرییەکی هەمیشــەیی بەجێهێشـت. لەگەڵ ئەوەشـدا هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە ئیســـماعیل گەڕابێتەوە بۆ زێدی ڕەســــەنی خۆی لە ڕۆژئاوای ســــۆمەترە، بەڵام پێدەچێت وا باشـــتر بووبێت بەلایەوە کە دووربکەوێتەوە لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەســـتی ڕاســـتەوخۆی هۆڵەندییەکاندا بوون. لە پاش چەند ساڵێکیش گەڕایەوە بۆ مەککە و تا کۆتایی تەمەن لەوێ مایەوە.

ڕابەری و ڕێنماییەکانی ئیســـماعیل بێ بەرپەرچدانەوە تێنەپەڕین لە سـالانی سـینگاپورەیدا. سـەلیم بن سـومەیری زانای

عەرەبی حەزرەمەوتی کە ئەویش لەو دەمەدا لە سینگاپورە دەژیا زۆر بەتوندی کەوتە ڕەخنە گرتن لە ئیســـماعیل و وتارێکی نووسی و تێیدا باسی لەوە دەکرد کە ئەو *تەریقەتەی* ئیسماعیل ڕینمایی و ڕاهێنانی پێدەکات نامۆ و پێچەوانەیە بە باوەڕی ئوسوولیی ئیسلام. دواتر ئەم وتارە لە لایەن سەید عوسمانەوە، کە ئەویش زانایەکی عەرەب بوو و لە باتاڤیا دەژیا، کرا بە بنەمای مشـــتومڕێکی تایبەتی خۆی دژ بە تەریقەتی نەقشـــبەندی. ئەم "هاوپەیمانە عەرەبەی حکوومەتی دوورگەکانی هندی هۆڵەندی" (ســـنۆک هۆرگرۆنجە ١٨٨٧ ئە) وای پیشـــاندەدا کە گەڕانەوەی شێخ ئیسماعیل بۆ مەککە هەڵاتنی فێڵبازێکە و سەلیم بن سومەیر پەردەی لە ڕوو هەڵماڵیوە. ئێمە درک بە هەندێک لەو نیگەرانییانە دەکەین کەوا هاتنی ئەم ڕابەرە کاریزمییەی مەلایۆ بەرپای کردبوو لە ناو دەستەبژێری چەسپاوی ئاینیی عەرەبدا.

## خالیدییە لە جاوا لە ساڵانی ١٨٥٠کان و ١٨٦٠کاندا

لە دەوروبەری ئەو ماوەیەدا کە شێخ ئیسماعیل لە سینگاپورە مابووەوە، تەریقەتی نەقشـبەندی کەوتە گەشـتی پەلهاوێشـتن لە ناوەڕاســـت و ڕۆژئاوای جاوادا. هەڵبەت زۆر کەم دازانرێت لەبارەی بڵاوبوونەوەی ئەم *تەریقەتە* لەم ماوەیەدا. تەنها ئاماژەیەک کە من تا ئێســـتا دۆزیبێتمەوە ئەوانی چاودێرە هۆڵەندییەکانە کە لە ســـاڵانی ١٨٨٠کاندا نووســـیویانە و وا دیارە

پشـــتیان بە ســـەرچاوە زارەکییەکان بەســـتووە، بەڵام ئەرشـــیفی نیشتمانیی ئیندۆنیسی ڕەنگە زانیاریی باشتر و تۆکمەتری تێدابێت.

یەکەم سـەرچاوە بانگەشـەکارانی نەقشـبەندییە لە ناوەڕاسـتی جاوادا "ڤۆرستێنلاندن"، کە شازادە نیمچە سەربەخۆکان بوون لە یۆگیاکارتا و سـوراکارتا. لە وتارێکی سـاڵی ١٨٨٣یدا، کە باس لە چالاکییەکانی ئەم دواییەی نەقشـــبەندی دەکات، ڤان دێن بێرگ باس لە چالاکیی بانگەشـەکارانی نەقشـبەندییە بەراییەکان دەکات کە سـی سـاڵێک لەوەپێش گەیشـتبوون. دەسـەڵاتدارانی یاگیارتا هێشتا دەگێڕنەوە کەوا هەمان پەرستشی [نەقشبەندی] لە ساڵانی ١٨٥٥، ١٨٥٨، ١٨٦١ و ١٨٦٦ بانگەشـەی بو کراوە و هەموو کات دەرفەتێکیان ڕەخساندووە بۆ سەرپێچی و کارە نەشازەکانی ..."[٦]. ئەمەش زۆر پێدەچێت کە ئەم بانگەشەکارانە قوتابیی ئیسماعیل مینانکاباوی بووبێتن و لەســـەر دەســـتی ئەو لە مەککە یان سینگاپورە پابەندی یان تەمەسوکیان کردبێت. بەهەرحاڵ، ئێمە ناومان لە بەردەستدا نیە و بێجگە لە مەزەندە کردنی سروشتی "نەشـــاز و ســـەرپێچییەکان" کە ڕێنمایی و بانگەشـــەکانیان خولقاندبووی شتی ترمان لە بەردەستدا نییە. ئەوان بە هۆکاری

---

[٦] ڤان دێن بێرگ، "لەبارەی خواپەرســـتیی نەقشـــبەندییەوە لە ئەرخەبیلدا"، *گۆڤاری زمانی هندی و خاک و زانسـتی ڕەگەز و ئیتنیک*، ژمارە ٢٨، سـاڵی ١٨٨٣، ل ١٧٥ – ٢٥٨.

ئەوەی کە شێخ ئیسماعیل ناوبانگی بە "دەمارگرژی" ڕۆیشتبوو پێدەچێت تەحەدای ملنەدانی سازشیان کردبێت لە نێوان باوەڕی باو و ڕەوایی ڕێبازە چەسپاوەکەدا، بەڵام زیاتر پێدەچێت کە تەنها جەماوەرێتییان بووبێتە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە لای کاربەدەستان.

لە ناوچەی سیانجوریشدا لە ڕۆژئاوای جاڤاوە تەریقەتی نەقشبەندی لە ساڵانی ١٨٥٠کان بەملاوە چالاک بوو و ئێمە هیچ تۆمارێکی هاوچەرخمان نییە بێجگە لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٨٨٥. لە کاردانەوەی هۆشدارییەکاندا (لەلایەن 'ڕاوێژکاری هۆڵەندی بۆ کاروباری خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکە'، هۆڵێت)، لەبارەی بووژانەوەی نەقشبەندییەوە. نیشتەجێیەکی پریانگان دەنووسێت کەوا، بە پێی هەواڵدەرانی ناوخۆیی، ئەم تەریقەتە لە سی و شەش ساڵ لەمەوبەرەوە لە سیانجوردا بوونی هەیە[٧]. دیسانەوە لێرەش پێدەچێت کە ڕابەران و ڕێنماییکارانی شوێنکەوتووی شێخ ئیسماعیلی مینانکاباوی بووبێتن[٨].

---

[٧] نووسراوی کۆمیسیاری باڵای پریانگان بۆ حاکمی گشتی، لە ٢٩ / ٩ / ١٨٨٥ (ئەرشیفی نیشتمانی، جاکارتا)، پەیوەندیی پۆستە ٦٤٢ ئە.

[٨] هەمان کۆمیسیاری باڵاله نامەیەکی دواتردا، بە نەقشبەندییەکانی جیانجوری وتووە "شوێنکەوتووانی ڕێبازی ئیسماعیلی مینانکاباو"، ئەرشیفی نیشتمانی، جاکارتا، .(MGS 12 - 4 - 1886, no. 58/c, Arsip Nasional, Jakarta) . بەهەرحاڵ، ئەمە لە سیاقی چەند و چوونێکدا لە سەر نووسراوێک لە لایەن

## خالیدییە لە مینانکاباو لە ساڵانی ١٨٦٠کاندا

تاقە شـــوێنی تر لە ئەرخەبیلدا (ئەرخیپێلاگۆ) کە پێدەچێت تەریقەتی نەقشـــبەندیی خالیدی لە کاتێکی زوودا جێپێی خۆی کردبێتەوە ڕۆژئـاوای ســـۆمەترە بوو. هەڵبەت نـاتوانرێـت مێژوویەکی ورد و تەواو دیـاری بکرێـت بۆ یەکەمجـاری دەرکەوتنی لەوێ، بەڵام ئەگەری کـاریگەریی تـایبەتی شـــێخ ئیســـماعیلی بەئاشـــکرا پێوە دیارە. زۆرێک لە خەڵکی مینانکاباو ســـەردانی مەککەیان کردووە و دەبێ لەســـەردەســـتی ئەم *عالمە* (زانـا) گەورەیەی خۆیـان خوێنـدبێتیـان لەوێ. یەکەم شـــێخی نەقشـــبەندیی کە لە ڕۆژئاوای ســـۆمەترە خۆیدا جێگیر بووبیت و بەدڵنیاییەوە ناوی دەزانین، شـــێخ جەلادینی کانکینگ بوو، کە لە ســـاڵانی ١٨٦٠کاندا لەوێ ناوی دەرکردبوو و بێ ئەملا و ئەولا مژدەدەرێکی چالاک و سەرکەوتوو بوو بە شێوەیەکی نائاسـایی. لە ســـاڵی ١٨٦٩دا، چاودێریکی هۆڵەنـدیی نیشـــتەجێی ئەوێ مەزەندەی ئەوەی کردووە کەوا هەشـــتیەکی خەڵکی بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای ســـۆمەترە چوونەتە ناو تەریقەتی نەقشـــبەندییەوە[٩].

---

سـەید عوسـمانەوەیە کە هێرش دەکاتە سـەر تەریقەتی نەقشـبەندی و بە دیاریکراوی شـێخ ئیسـماعیل و ئەم کۆمیسـیارە ڕەنگە ناوی ئیسـماعیلی تەنها لەو نامە و نووســـراوەوە بیســـتبێت، لەبری ئەوەی لە کەســـانی پەیوەندیدارەوە بیستبێتی.

[٩] پیـاوی ئـاینی یـان کـاهین و کـاریگەریی لەســـەر کۆمەڵگە"، *گۆڤـاری*

ئەمەش ئەو ڕاســـتییە دەردەخات کەوا نەقشـــبەندی بەئاشـــکرا ئامادەگییەکی وای نەبووە لە میننانگکاباو لە پێش ساڵی ١٨٥٠دا و لە واقیعیشـدا ئەم گەشـەکردنەی لە ڕاسـتیدا جێی سـەرسـوڕمان بووە. (بڕوانە شرەیکە ١٩٢١: ٢٦٣).

لە ســـەردەمی شـــیخ جەلادیندا ململانی و ڕکابەرییەکی توند دەســـتی پێکرد لە نێوان مەڵبەندە ئاینییەکانی کانکینگ و ئولاکاندا و ئەم حاڵەتەش جەمســـەربەندییەکی بەرپاکرد لە ناو کۆمەڵگەی مینانکاباودا و (ئەمی دواییان پەیوەســـتە بە شـــەتتارییەتەوە)، بە ڕادەیەک کەوا تەنانەت خەڵکەکە باســـیان لە "ئاینی نوێی ئولاکان) دەکرد، کەوا موحافزەکار و بە لای ســـاینکرێتیزمدا syncretism (واتە هاوسـەنگی کردن یان خۆگونجاندن - وەرگێڕ) دایدەشـکاند و لە عـاداتی لۆکـاڵیـدا ڕەگی داکوتـابوو، بەپێچەوانەی "ئـاینی کانگکینگ"، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا زیاتر پشتی بە *شەریعەت* دەبەست و لەگەڵ نەقشبەندیدا هاوتەریب بوون.

---

*دوورگەکانی هندی هۆڵەندی*، ژمارە ٢/٣، ١٨٦٩، ل ٤٢٣ - ٤٥٥ و بەتایبەتی ل ٤٥٠ - ٤٥١. نووســـەر کە باس لە تەریقەتەکە دەکات ناوی ناهێنێت وبەهەڵە بـاس لە مەزهەبی حەنەفی دەکـات، بەڵام لەبـارەی ســـەرنج و تێبینییەکانیەوە لەسەر پراکتیزە کردنی ڕووندەبێتەوە کە دەبێ مامەڵە لەگەڵ نەقشبەندیدا بکەین و پەیوەندیمان پێیەوە هەبێت.

**شێخەکانی مەککە لە دوادوایی سەدەی نۆزدەدا**

پێدەچێت وەک کاردانەوەیەک بۆ سەردانەکەی ئیسماعیل بۆ ناوچەکە ژمارەی ئەو حاجییانەی کە دەیانویست بچنە سەر تەریقەتی خالیدی لە کاتی مانەوەیاندا لە مەککە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. لێرە *زاویەی* (تەکێی) ساخی ئەبو قوبەیس دەرفەتی بۆ ڕەخساندوون بابەتی سادە و ساکار بخوینن و فێرببن و ئیجازەیەکی نووسراوی پێبەخشیون بۆ ئەوەی لە ماڵەوە پیسانی خەڵکی بدەن. لە دیدی گەلێ لە مەکییەکانەوە شێخی ئەم مەنزڵگە سۆفییە کارێکی پڕ خێر و قازانجی بەڕێوەبردووە.

پاشئەوەی ئەوەی لە سەروەختێکدا سولەیمان ئەلزوهدی بوو بە شێخی تەکێکەی جەبەل ئەبوقوبەیس، شێخێکی تری خالیدیش لە مەککەدا نیشتەجێ بوو. ئەمیش خەلیل حەمدیی داغستانی بوو، کە باوکیشی یەحیا ئەلداغستانی خەلیفەی عەبدوڵڵای ئەرزنجانی بوو. هەڵبەت مەسەلەیەکی نائاسایی بۆ شێخێک کە لە شار یان ناوچەیەکدا زیاد لە خەلیفەیەک دابنێت، چونکە بە بێ قەید و شەرت ئەوە دەبێتە مایەی دژواری و پێکدادان لە دەسەڵاتدا. گەیشتنی خەلیل بۆ مەککە و ئیددیعا کردنی کەوا ئەمیش خەلیفەی عەبدوڵڵای ئەرزنجانییە گرژی و ئاڵۆزییەکی مەترسیدارتری دروستکرد وەک لەوەی کە لە نێوان شێخەکانی لقە جیاوازەکانی ڕێبازەکەدا دروست دەبێت. بەو پێیە جێی سەرسوڕمان نەبوو کە

ئەم دوو هاوپیشــەیە بکەونە ناکۆکی و ململانێیەکی توندەوە و بە هەموو جۆرێک دەنگ و سەدای بگاتە ئیندۆنیسیاش.

ســنۆک هۆرخرۆنجە، کە ســاڵی ١٨٨٥ پێنج مانگی لە مەککەدا بەســـەربردووە، کە تەنهــا دوو ســـــاڵ تێپەڕیبوو بەســـەر دەســـتێوەردانی حکوومەتدا بۆ چارەســـەر کردنی کێشـــەکە، وەسفێکی سەرنجڕاکێشی ململانێکە دەکات هەرچەندە هاوسۆزی هیچکــام لەو دوو لایەنی نەبووە. بێجگە لەوەش، هەرردوو شـــێخەکە وتار و نامەیان دەنووســـی کەوا هەندێ زانیاریی زیاتریان دەدا. سنوک تێبینیی ئەوە دەکات کەوا هەردوو شێخەکە ژمارەیەکی زۆری مورید و شوێنکەوتەی ئیندۆنیسییان هەبووە و لە واقیعدا هەردوکیان دوو ڕابەری خاوەنی زۆرترین ناوبانگ بوون لە مەککەدا و گوایە هەردوکیـان "پســـپۆڕ" بوون لەوەی ئیندۆنیسییە سادە و ساکارە نەخوێندەوارەکان و (هەروەها تورکەکانیش) لە پەیوەســـت کردنیان بە تەریقەتەوە، کە لە پاڵ خاســـییەتەکانی تریدا دەبێ پرۆژەیەکی ئابووریی پڕ قازانج بێت. ســـنۆک وایبۆدەچێت کە هۆکاری ســـەرەکیی ناکۆکی و ڕکابەرییان ململانی بووە ئەم داهاتە گرنگە. ئەوان هەردوکیان دەکرێ ئیددیعای ئەوە بکەن کە جێگرەوەی ڕاســـتەقینەی عەبدوڵلای ئەرزنجانین، هەرچەندە ســـولەیمان، بەو پێیەی کە شـــێخی ئەبوقوبەیســـە، ئیددیعاکەی قەناعەتبەخشتر بووە. خەلیل شانازیی بەخۆوە دەکرد کە نزیکترە لە ڕابەری پایەبەرزیەوە و ئیددیعـای ئەوەی دەکرد کە حەوت

ساڵ خزمەتی خزمەتی خاکی بەرپێی خودی شێخ عەبدوڵڵا خۆی بووە، پاش ئەوەی لەســەر دەســتی باوکی تەمەســوکی کردووە. سەرەڕای ئەوەش بە بنەچە نەوەی حوکمڕانانی داغستان بووە و لە دەزگای بیرۆکراتیی عوســــمانیدا کاری کردووە وەک ئەوەی نازناوی پاشا ئاماژەی پێدەکات (سنۆک بەردەوام بە خەلیل پاشا ناوی دێنێت) و بێجگە لەوەش پەیوەندیی باشـــــی هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکوومەتدا لەمککەی موکەڕەمە.

وەک چۆن شێخە ڕکابەرەکان گەلێ جار دەیکەن، هەر یەکەیان ئەویتری بەوە تۆمەتبــار دەکرد کە لە ڕێڕەوی ڕاســــتەقینەی نەقشبەندی لایداوە. سولەیمان ئەفەندی بابەتێکی نووسی و تێیدا خەلیل پاشای بەوە تۆمەتبار کردبوو کەوا سەماکردن و جوولەی توندی جەســــتە بەکاردێنێت بۆ بەدیهێنانی فڕاندنی ڕۆحی، کە بە عادەت ڕێگەی نابەجێن لە لایەن نەقشبەندییەکانەوە. خەلیل پەنای بردە بەر دۆســــتە ســــیاســــییەکانی و لەنێویاندا والیی حیجاز و ئەحمەد بن زەینی دەحلانی موفتیی شافیعی، بۆ ئەوەی سولەیمان ناچار بکات کەوا لە تۆمەتەکانی پاشگەز بێتەوە. لە ساڵی ١٨٨٣دا وا دەرکەوت کە خەلیل براوەیە. پاشـان چوار لەو کەسایەتییانەی مەککە کە دواتر کردنیە خەلیفە بە نــامەوە نــاردنی بۆ لای نەقشــبەندییە ناودارەکان لە ئیندۆنیســیا و ئاگاداری کردنەوە کە ســــولەیمان ناچاری ئاشــــتەوایی کراوە لەگەڵ خەلیل حەمدی و تۆمەتەکانی کێشــاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشــدا، ســـەرکەوتنی کۆتایی

دەگەڕێتەوە بۆ ســـولەیمــان ئەلزوهــدی، چونکە ژمــارەی ئەو نەقشبەندییانەی کە سیلسیلەکەیان لە ڕێگەی خەلیلەوە بوو شتێکی ئەوتۆ نەبوو بەراورد بەوانەی کە لە سەر خەتی سولەیمان بوون.

ســـنۆک کەمێک هاوســـۆزیی هەبووە لەگەڵ هەردوک ئەم شـــێخانەدا و بە پەســـتی و نیگەرانییەوە لەبارەی ململانێکەیانەوە دەنووسێت. بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕێزێکی گەورە دەردەبڕێت بۆ نەقشبەندییەکی تر، کە شێخ موحەممەد ساڵح ئەلزواوییە، کە بەم شـــێوەیە وەســـفی دەکات "پیاوێکی دانا و ژیرە و زانایەکی خواپەرســـتە و ســـۆفییەکە بەقووڵی ڕۆچووەتە ناو نهێنییەکانی تەریقەتەوە". بەپێچەوانەی سـولەیمان ئەفەندی و خەلیل پاشـاوە، موحەممەد سـاڵح قایل نەدەبوو ئەو کەسـانە بێنە ناو تەریقەتەوە کە ئاشنایی تۆکمە و چەسپاویان نەبوو بە زانستە ئیسلامییەکان.

## پەرەسەندنەکانی ساڵانی ١٨٨٠کان لە سۆمەترەدا

ســنۆک هۆرگرۆنجە، لە ماوەی مانەوەیدا لە مەککە لە ســاڵی ١٨٨٥دا، تێبینیی ئەوەی کردووە کەوا هەموو ئەو سـۆمەترییانەی نیشـــتەجێی ئەوێن ســـەر بە تەریقەتێکن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم تەریقەتە نەقشـــبەندییە یـان قـادری (ئەوەی کە ســـنۆک مەبەسـتێتی قادری و نەقشـبەندیی عەبدولکەریم بەنتینە). تەشـەنە کردنی خێرای نەقشـــبەندی لە ڕۆژئاوای ســـۆمەترە لە ماوەی ١٨٦٠کاندا، کە تازە ئاماژەی پێکراوە لەسەرەوە. ئەو گەشەکردنەی

بەردەوام بوو لە سەردەمی سولەیمان ئەلزوهدی و عەلی ڕەزای کوڕەکەی (یان زاواکەیدا) و هەردوکیان خەلیفەیەکی زۆریان هەبوو لە ناوچەکەدا. دەبوو سۆمەترەی ڕۆژئاوا بە بەشێک بمایەتەوە لە ئەرخەبیل کە نەقشبەندیی خالیدی تێیدا چەسپاوترینە.

کاتێ کەوا مەککە، لە ژێر حوکمی سعوودیدا، پێگەی نێودەوڵەتیی خۆی لەدەستدا وەک سەنتەری تەریقەتەکە، ئەوە سۆمەترەی ڕۆژئاوا بوو بەو سەنتەرەی کەوا نەقشبەندی لێیەوە بەردەوام بوو لە بڵاوبوونەوە و تەشەنە کردن لە ناو ئەرخەبیلدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکەوتووترین خەلیفەی شێخ سولەیمان ئەلزوهدی لە سۆمەترە لە مێنانکاباو نەبوو بەڵکوو کەسێکی مەلایۆ بوو لە کەناری ڕۆژهەڵات و ئەویش عەبدولوەهاب ڕۆکان بوو. شێخ عەبدولوەهاب بێ قەید و شەرت پڕ بەرهەمترین نەقشبەندی بوو بە ڕەهایی. ئەو نزیکەی سەدەیەک ژیا (یان بگرە ١١٥ ساڵیش، بەپێی ئەفسانەیەکی خێزانی) و بە لای کەمەوە بیست و حەوت ژنی هێناوە و سی و چوار منداڵی بووە و سەد و بیست خەلیفەی دامەزراندووە، کە زۆربەیان لە سۆمەترە بوون بەڵام هەشتیشیان لە زەویی وشکایی سەرەکیی مالایا بوون[١٠].

---

[١٠] بڕوانە ها. ئە. فوئاد سەعید، *Syekh Abdul Wahab Tuan Guru Babussalam* *شێخ عەبدولوەهاب ڕابەر و مامۆستای بابوسسەلام*. مێدان: کتێبخانەی بابوسسەلام ١٩٨٣ [١٩٦٠ ]؛ ناوی ئەو ژن و منداڵانەی (لەبیر

یەکێک لەم خەلیفانە حاکمی ســـەڵتەنەتی مەلایۆی لانگکاتی نزیک مێدان بوو، کە شێخ لە سەر خاکەکەی مەزرا و گوندێکی بنیاتنا و کوڕ و نەوەکانی تێیدا نیشتەجی بوون، کە بابوسسەلام بوو (یان بە گۆکردنی لۆکاڵی، پێسیلام). ئەمە تا ئێستا یەکێکە لە سەنتەرە ســـەرەکییەکانی نەقشـــبەندییەکانی ئیندۆنیســـیا بێت و ڕەنگە گەورەترینیشــیان بێت، لەگەڵ تۆڕێکدا کە ئەو شــوێن و ناوچانە دەگرێتەوە کەوا بە زمانی مەلایۆ دەئاخڤن لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سۆمەترە و خاکی سەرەکیی مالیزیاش[11].

## تێبینیی گشتی

لەجیاتیی ئەوەی چیتر لە بەرفراوانبوونی زیاتری نەقشــبەندیی خالیدی بدوێم لە ئیندۆنیســیادا، پێمخۆشــە ئەم پەیپەرە بە هەندێ سەرنج و تێبینیی گشتی کۆتایی بێنم.

(١) گەورەترین کۆمەڵانی تەریقەتی خالیدیی نەقشـــبەندی، لە

ماون) لە لاپەڕە ١٧٠ – ١٧٢، خەلیفەکان لە لاپەڕەی ١٣٤ – ١٣٩. نووســـەر خۆی یەک لە ٢٠٧ کوڕەزا و کچەزاکانی شێخە.

[11] ئەم پرۆســـەیە بە هەندێک وردەکارییەوە باســـکراوە لە لێکۆڵینەوەیەکی مارتن ڤان بروونەســـن، "لە پاش ڕۆژگاری ئەبوقوبەیس: وەرچەرخانی ئیندۆنیسییەکان بۆ سەر نەقشبەندیی – خالیدی"، *گۆڤاری مێژووی سۆفیزم*، ژمارە ٥، ٢٠٠٨، ل ٢٢٥ – ٢٥١، هەروەها *"تەریقەتی نەقشـبەندی لە ئیندۆنیسـیا، ڕووماڵی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی"*، باندۆنگ: میزان، ١٩٩٢.

سەرەتای سەدەی بیستویەکدا، دەکەویتە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیاوە کە ژمارەی خالیدییە نەقشبەندییەکان تێیدا بە سەدان هەزارن. بەم واتایە، دەکرێ بلێین کەوا مەولانا خالید ڕۆلێکی سەرەکیی گێڕاوە لە پێکهێنانی شێوازی گوزارش کردن لە ئیسلام لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیادا.

(۲) لانی کەم لە بوارێکدا، خالیدییە لە ئیندۆنیسیادا شێوازێکی بەرهەمهێنایەوە و فرەجار تێبینی دەکرێت کە نموونەییە بۆ نەقشبەندی: ڕابەر و مامۆستاکان کۆششیکی گەورەیان کردووە بۆ ئەوەی لە لووتکەی هەرەمی کۆمەلایەتییەوە بچنە ناو کۆمەلگەوە لەبری ئەوەی بەدوای شوێنکەوتەی میللیدا بگەڕێن. یەکەم خەلیفەی ئیندۆنیسیی خالیدییە، کە بە ناو دەیناسین و ئیسماعیلی مینانکاباوی بووە، پەیوەندیی توندوتۆلی لەگەڵ حاکمی سەلتەنەتی ڕیاوی مەلایۆ دامەزراندووە، کە بووە بە مورید و شوێنکەوتەی و دواتریش خەلیفەکان نێوان خۆشییەکی باشیان هەبووە لەگەڵ سولتانەکانی لانگکات و دێلی (کە دوو سەلتەنەتی تری مەلایۆن و دەکەونە باکووری سۆمەترەوە) و هەروەها لە حوکمڕانە جیاجیاکاندا لە ڕۆژئاوای جاوادا (ئەمانە حوکمڕانی خەلکە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچانەن و پێیاندەوترێت *بوپاتی bupati*).

(۳) لەگەڵ ئەوەشدا، مورید و شوێنکەوتەش پەیدابوون و وا دیارە بڵاوبوونەوەی خالیدییە لە ئیندۆنیسیادا بە هۆی ئەوەوە بووە کە ئیندۆنیسییەکان بەپەرۆش بوون بۆ بەدەستهێنانی

*ئیجازەی* تەریقەتەکە نەک دڵگەرمی و پەرۆشـــیی تەبشـــیر و مژدەپێدانی. زاوییە یان تەکیەکەی خالیدی لە ئەبوقوبەیسی مەککە لە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەدا بوو بە ئامانجێکی دڵبەندی ئەو حاجییە ئیندۆنیسییانەی بەدوای بەدەستهێنانی عیلم و زانیارییەوە بوون لە خاک و حەرەمی پیرۆزدا. زۆرێک لە ئیندۆنیســـییەکان لەوێ *خەڵوەتیان* دەکێشـــا و فێری بنەما ســـەرەکییەکانی *ئادابی* نەقشبەندی دەبوون و بە *ئیجازەیەکی* شکۆدارەوە دەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیـان، شـــێخ ســـولەیمـانی زوهـدی (کە بەزۆری بە ســـولەیمان ئەفەندی ناوی دەهێنرا) و لە دوا چارەکی ســـەدەی نۆزدەدا نـاوی دەرکرد وەک دووەم جێگرەوەی عەبـدوڵڵای ئەرزنجـانیی خەلیفەی مەولانـا خـالیـد لە مەککە، تۆڕێکی چڕی جێگر و خەلیفەی بۆ خۆی دروتکرد کە زۆربەی شـــوێن و ناوچەکانی ئیندۆنیسیا و مەلایۆی گرتبووەوە.

(٤) بەپێچەوانەی کوردســتان، پێناچێت لێرە تۆڕی خەلیفەکانی خالیدی و شـــوێنکەوتووانیان کارا کرابێتن لەپێناوی جۆشـــدان و جووڵاندنی مەسەلەی نەتەوەییدا (ناسیۆنالیستیدا). لە واقیعدا چەندین ڕێباز و تەریقەتی تر تێکەڵ بە بزووتنەوەکانی ناڕەزایی دەربڕینی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون. لێرە بەزۆری نەقشبەندیی جێی گومان بوو لای دەســـەڵاتەکانی هندی هۆڵەندی گوایە لەبەر "دڵگەرمی و دەمـارگرژییـان" (کە بەزۆری ئەداکردنی تونـدڕەویی ئـاینی دەگرێتەوە)، بەڵام ڕێـک و ڕەوان بەهۆی نزیکییـانەوە بوو لە

دەســەڵاتە ڕەســەن و خۆوڵاتییەکانەوە بوو، دەنا هەرگیز تەحەدای جیددیی نەزم و سیستەمی کۆلۆنیاڵییان نەکردووە، بەڵکوو بەشداری کردنیان لە سیاسەتدا بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی دوای سەربەخۆیی.

(٥) پراکتیزەکردنی خۆڕاهێنــانی چڕ لە مــاوەی خۆدابڕینی *خەڵوەتکێشـــاندا* (یان *ســـلووک*) فاکتەریکی ســـــەرەکی بوو بۆ ســـــەرکەوتنی ئەم تەریقەتە و بە هەمـان شـــێوەش پەیڕەوی کردنیپەیوەستبوون بە شێخەوە (*ڕابیتە بیلشەیخ* - رابطة بالشیخ). ئەم دوانە هەردوکیان بەشێک لە تەکنیک و زەخیرەی خواپەرستیی نەقشــبەندی، بەڵام بە خاســییەتێکی تایبەتی فێرکردن و ڕاهێنانی خـالیـد. لانی کەم تـا کۆتـایی ســـەدەی نۆزدە نەقشـــبەنـدییە ئینـدۆنیســـییەکـان بەردەوام بوون لە وێنـاکردن و خەیـاڵی پەیوەستبوون بە شێخ خالیدەوە لە *ڕابیتەدا*. ڕوونیش نییە کەوا ئەم پەیڕەویکردنە کەی وەستاوە و کەی شێخە بەرابییەکانی ئیندۆنیسیا داوایان لە موریدەکانیان کردووە وێنا و خەیاڵی خۆیان بکەن.

(٦) تا داگیرکردنی ســعوودی، لقە ئیندۆنیســییەکانی تەریقەتی نەقشـــبەندیی خالیدی چاویان خســـتبووە ســـەر مەڵبەندێکی دەرەوەی وڵات، واتە مەڵبەنـدەکەی جەبـال ئەبوقوبەیس. بەڵام کــاتێ ئەم مەڵبەنــدە نەمــا، ئەوە کۆمەڵگە یــان کۆمیونیتییە ئیندۆنیســـــییەکان هاوکۆیی و یەکگرتنیان تێدا نەما و ژمارەیەک مەڵبەند لە ئیندۆنیسیا خۆیدا پەیدابوو و پراکتیزەکانی خواپەرستی وردە وردە ڕەنگ و ڕووی تایبەتی ئیندۆنیسیی لەخۆگرت.

# له پاش ڕۆژگاری ئەبو قوبەیس: گۆڕانکاریی تەریقەتی نەقشبەندی - خالیدی لە ئیندۆنیسیادا

## جەبەل ئەبو قوبەیس و خاک و وڵاتانی بەردەمی با

تەریقەتی نەقشـــبەندی – خالیدی لە دەوروبەری ناوەڕاســـتی ســـــەدەی نۆزدەهەمدا لە مەککەوە گەیشـــتووەتە ئەرخەبیلی (دوورگەکانی) ئیندۆنیســـیا[1] زووتر نەقشـــبەندی بە شـــێوەیەکی عادەتی خۆی کوتاوەتە ئەویٚ، بە تێکەڵبوون لە گەڵ تەریقەتەکانی وەک (شـــەتتارییە، خەڵوەتییە، قادرییە)، بەڵام ئەمانە هەرگیز لە بازنەی بچووک بچووک تێنەپەڕیون، کە بە زۆری خەڵکی خاوەن

[1] مارتن ڤان بروونەســـن "بنەما و پەرەســـەندنی ڕێبازی نەقشـــبەندی لە ئیندۆنیســـیادا"، گۆڤاری ئیســـلام، ژمارە (٦٧)، ســـاڵی ١٩٩٠، ل ١٥٠ – ١٧٩. هەر هەمان کەس، "تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیادا، ڕووپێویی مێژوو، جوگرافیا و باری کۆمەڵایەتی"، (باندۆنگ: میزان، ١٩٩٢)، چاپی پوختکراو ١٩٩٤. ویٚرنەر کراوس، "چەند ســەرنجێک لە ســەر بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشـــبەندی – خالیدی لە ئیندۆنیســـیادا"، لە کتێبەکەی م. گابۆری، ئە. پۆپۆڤیچ، ت. زەرکۆن، "نەقشـــبەندییەکان: پەرەســـەندنە مێژووییەکان و بارودۆخی ئێســـتای ڕێبازێکی باتینیی ئیســـلامی"، (ئەســـتەمبووڵ و پاریس: ئیزیس، ١٩٩٠ )، ل ٦٩١ – ٧٠٦.

کار و پیشـەی تایبەت بوون، یان کارامەی ئەم ئەرکە بوون بەڵام لە پاش یەک دوو پشت هەڵوەشاونەتەوە و کەرت و پەرت بوون. لەم سـەروبەندەدا ڕێبازەکە تەماشـای کرد وا ئاپۆرەیەک شـوێن ڕێبازێکی تری میللی کەوتووە[٢]، کە قادری و نەقشـبەندی بوون. لقی سـێیەمی نەقشـبەندیش لە مەککەوە، لە دوادوایی سـەدەی نۆزدەهەمدا گەیشـتە ئیندۆنیسـیا و ناوی مەزهەری بوو، بەڵام ئەمەیان زۆر سـادە بووە و پەیڕەوانی سـنووردار بوون[٣]. تا ئەو

---

[٢] ئەم ڕێبازە ئاوێتەیە پێدەچێت تایبەت بێت بە ئیندۆنیسیا و لە لایەن شێخی ئیندۆنیسی ئەحمەد خەتیب ئەلسەمباسی یەوە دامەزراوە کە ماوەی پەنجا ساڵێکی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە مەککە دانیشتووە. بڕوانە م. ڤان بروونەسن، "شێخ عەبدولقادری گەیلانی و تەریقەتی قادری لە ئیندۆنیسیادا"، *گۆڤاری مێژووی سۆفیزم*، ژمارە ١ – ٢، ساڵی ٢٠٠٠، ل ٣٦١ – ٣٩٥.

[٣] مەزهەرییە لقی سـەرەکیی تەریقەتی نەقشـبەندیی هندییە و ناوەکەی لە میرزا مەزهەر جانی جانانەوە وەرگرتووە (کە شـێخی عەبدوڵڵا دەهلەوی شـێخەکەی مەولانا خالید بووە). گەڕانەوەکە لێرەدا بە ئاشـکرا بۆ شـێخ محەمەد مەزهەر ئەلئەحمەدیی هندییە (سـێ پشـت دوای شـێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی)، کە لەگەڵ ئەحمەد سـەعیدی باوکیدا کۆچی کردووە بۆ حیجاز و لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەدا لە مەدینە مردووە. حاڵی حازر تەریقەتی مەزهەری تەنها پەیڕەوانی لە دوورگەی مەدورەدا هەیە و لە نێو مەدوورەییە پەرش و بڵاوەکانی دوورگەکانی تریشـدا. ڤان بروونەسـن لە "تەریقەتی نەقشبەندییەدا"، (چاپە پوختکراوەکەی)، ل ٦٩ – ٧٥، ١١٩ – ١٢٣، ١٨٥ – ١٩٨. توێژەری هۆڵەندی سـنۆک هۆرگرۆنجە پەیوەنییەکی گەرمی دروسـتکردبوو لەگەڵ محمد صـالح الزواویی شـێخە مەککییەکەی ڕێبازی

کاتەی کە سعوودیە مەککەی داگیر کرد، ئەو تەکییەی کە لە لایەن عەبدوڵڵای ئەرزنجانیی خەلیفەی مەولانا خالیدەوە، کە زۆر جار بە ئەلمەککیش ناودەبرا، لە سەر جەبەل ئەبو قوبەیس دروستکرابوو، بە سەنتەری بڵاوبوونەوەی خێرای نەقشبەندیی خالیدیی ئیندۆنیسی مابووەوە. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەم (زاویە)دا خەڵوەتیان دەکێشا و فێری بنەما سەرەکییەکانی ڕێبازەکە دەبوون بە سەرپەرشتی و ڕابەریی شێخەکانی ئەبو قوبەیس و یاریدەدەرەکانیان کە مەلایی زمان بوون. دەیان و بگرە سەدانیش دەگەڕانەوە بۆ دوورگەکانیان بە "ئیجازەی" دەسنووسەوە بۆ ڕێنمایی و فێرکردنی تەریقەتەکە و بەڵگەی سەلمێنراوی ئیجازەکانیش مۆرێک بوو بە ناوی جەبەل ئەبو قوبەیسەوە. گەلێ لەو شێخانە ناوی ئەبو قوبەیسیان بۆ بووبووە دەسەڵاتی باڵا لە ژیانی ڕۆحیی تەریقەتی خالیدیدا.

ئەو خەلیفە ئیندۆنیسیانەی لە لایەن ئەبو قوبەیسەوە دادەمەزران دەکرا خەلیفەی خۆیان دابنێن و تۆڕێکی چڕوپڕ بەو دوورگانەدا بڵاوبووبوونەوە چوونکە هەر مامۆستایەکی تازە دوو تا چوار تا دەرزەنێک یان بگرە زیاتر جێگری ڕادەسپارد و

---

مەزهەرییە و عەبدوڵڵای کوڕیشیدا و لە لێکۆڵینەوەیەکی مەککەیدا بەراوردی کردوون لەگەڵ شێخەکانی جەبەل ئەبو قوبەیسدا، کە پێدەچێت زیاتر مەیلیان بە لای ژمارەی خەلیفەکانیانەوە بووبێت نەک جۆریان. کریستیان سنۆک هۆرگرۆنجە، "مەککە لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمدا"، (لیدن: بریل، ١٩٣١).

ئەمانیش بە نۆرەی خۆیان نەوەیەکی تری جێگریان ڕادەسـپارد. بەهەرحاڵ، "ئیجازەی" جەبەل قوبەیس زۆر شکۆدارتر بوو لەوەی کە لە ناوخۆدا وەردەگیرا و گەلێ لە مامۆسـتایان کە یەکەمجار دەچوونە سـەر تەریقەت و ئیجازەی ئیرشـادیان لە شـێخێکی ئیندۆنیسـی وەردەگرت سـەفەرێکی مەککەشـیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ئیجازەیەکی تر لە سەرچاوە و بەو پێیە سیلسیلەیان کورت دەکردەوە و نزیکبوونەوەیان لە پێغەمبەر زیاتر دەبوو بە هەمان شێوەش ڕێز و شکۆیان کاتێ دەگەڕانەوە بۆ وڵات.

لە پێشـترین ڕابەری تەریقەتی خالیدیی ئیندۆنیسـی کە تۆمار کرابێت إسماعیل المینانکاباوی یان الباروسی بووە (ناوی نەتەوەکەی هەڵگرتووە و مینانکاباو دەکەوێتە ڕۆژئاوای سـۆمەترەوە یان بۆ ناوچەی بارۆس دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە ڕۆخی ڕۆژئاوای سـۆمەترەوە)[٤]. ئەمە بە هۆی ئەوەوەیە کە ١) بابەتێک بوو بۆ لەسـەر نووسـینی توند یان داکۆکی لێکردن. ٢) نووسـینەکانی هێشـتا هەر دەخوێنرێتەوە. ٣) ناوی لە هەندێک سـیلسـیلەی ئەم

---

[٤] دوو نامە یان لێکۆڵینەوەی مالّیی لە لایەن ئیسماعیلەوە نووسراون، "کفایة الغلام" کە نامیلکەیەکی سـادەیە لە سـەر خاڵە بنەڕەتییەکانی مەزهەب و پابەند بوونی پیرۆزیی ئاین، لەگەڵ نامیلکەی "مقارنة"دا کە کورتە باسێکە لە سەر دۆعا و نوێژ بە کورتی باسـکراوە لە ک. ف. هۆویڵ، "سـەرنج لە سـەر بزووتنەوەی خواپەرستیی نەقشبەندی لە ئەرخەبیلی هندیی هۆڵەندیدا"، *گۆڤاری زمان و وڵات و خەڵکی ئیندۆنیسیا*، ژمارە (٣١)، ساڵی ١٨٨٦، ل ٦٧ – ٨١.

دواییەدا نووسـراوە. ئیسـماعیل لە سـالانی ١٨٢٠کاندا لە مەککە چووەتە ناو تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدییەوە و ماوەیەکی زۆر لە تەکیەکەی جەبەل ئەبو قوبەیس وەک خەلیفەی چەند شێخێکی یەک لە دوای یەک ماوەتەوە. پاشـان بۆ ماوەیەکی کەم لە سـالانی ١٨٥٠کاندا لە مەککەوە گەڕاوەتەوە بۆ دوورگەکانی ولاتەکەی و لە سـەنگاپوورە نیشـتەجێ بووە نەک لە ولاتەکەی کە داگیرکراوی هۆڵەندییەکان بوو. لەوێ خەلیفە و موریدەکانی لە نێو خەڵکی خۆولاتیی ئەریستوکرات و پاوماقووڵدا هەڵدەبژارد و چووە نێو هـەرا و ڕاپـەڕینی دژە کۆڵۆنیـاڵییـەوە[٥]. ڕەنگـە بـە هۆی ناکۆکی و ململانێوە بێت لە گەڵ دەسـەلاتدارانی ئاینیی ناوخۆدا کە سـالم بن سـومەیری زانای کاریگەری عەرەبی نیشتەجێی سینگاپوورە بە نامیلکەیەک ئیدانەیەکی توندی کرد و ڕەنگە ئەمەش بە هۆی دەسەلاتی دنیاییەوە بووبێت کەوا حەزی بە خولیای دژە کۆلۆنیالیەکەی نەکردبێت لە ماوەیەکی کەمدا کە ئەو لەوێ مابووەوە. بەهەرحاڵ، ئیسماعیل گەڕایەوە بۆ مەککە و

---

[٥] حسـین بن أحمد الدوسـری البصـری، "الرحمة الهابطة فی ذکر إسـم الذات والرابطـة"، (بـە زمـانی عـەرەبی و مەلایۆ )، (مـەککـە: ١٩٠٧). ئـەم دەقـە یەکەمجار سـالی ١٨٨٩/١٣٠٦ بلاوکرایەوە و لە لایەن ئەبوبەکری بەسـریی خەلیفەی ئەلدەوسـەرییەوە ئیزافاتی بۆکراوە و وەسـفی چالاکییەکانی ئیسماعیل دەکات لە سینگاپوورە.

تا کۆتایی تەمەن لەوێ مایەوە[٦].

ئیســـماعیلی مینانکاباوی یەکەم وەســـێتی گرنگ بوو لە نێوان شـــێخەکانی جەبەل ئەبو قوبەیس و خەلیفەکانی باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیاياندا. ئەم شـــێخانە بە دوای یەکدا عەبدوڵڵای ئەرزنجانی (خەڵکی ئەرزنجانی تورکیای ئەمڕۆ بووە)، ســـلێمان القریمی (خەڵکی قرم بووە)، ســـلێمان زوهدی و کوڕەکەی یان زاواکەی عەلی ڕەزا. بەتایبەتی ســلێمان زوهدی (کە بە ســلێمان ئەفەندی ناســرابوو) و لە ســەردەمی ئەمدا لە دوا بیســت و پێنج ساڵی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەبو قوبەیس گەشە کردنی بەرچاوی بەخۆوە بینی و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئیندۆنیسیای هێنایە ناو تەریقەتەکەوە و ئیجازەیەکی بێشـــوماریشـــی دا بە خەلیفە و پەیڕەوانی. بۆ گەلێ لە لقە بەردەوامەکانی نەقشـــبەندی، زوهدی

---

[٦] هێرشـــە ناملیکەیەکی دواتر لە لایەن زانا و ڕابەری عەرەبەوە لە دوورگەکانی هندی هۆڵەندیدا، ســـید عثمان بن عبدالله بن عقیل بن یحیی بڵاوکرایەوە بە ناوی، "مانای تەریقەت لە توێکڵە گوێزێکیدا" (بەتاوی: ١٨٨٣)، هەمان هێرش و قسە پێوتنەکانی سالم بن سومەیر بەرانبەر بە ئیسماعیل دووبارە دەکاتەوە و گەڕانەوەی بۆ مەککە بە هەڵاتن لەقەڵەم دەدا. لە بارەی ســید عثمان و ڕەخنە و توانجەکانی دژ بە نەقشــبەندی بڕوانە کریســتیان ســـنۆک هۆرگرۆنجە "هاوپەیمانێکی عەرەب لەگەڵ حکوومەتی دوورگە هندییەکانی هۆڵەندیدا، کورتە باسکردنی مانای تەریقەت لە پاش مالاییەکانی سەید عوسمانی کوڕی عەبدوڵلا ... ڕاوێژکاری بەڕێزی کاروباری عەرەب". بڵاوکردنەوەی نێردەی هۆڵەندی، ژمارە (٣٥)، ساڵی ١٨٩٢، ل ٢٢٣ – ٢٢٧.

دوا مامۆســـتا و ڕابەری مەککی بوو، ئەوانیتر دەگەڕێنەوە بۆ عەلی ڕەزای جێگرەوەی یان خەلیفەیەکی تری ئەبوقوبەیس، کە ناوی عوســمان فەوزی بوو. لە پاش ســاڵی ١٩٢٤، ســەردەم و ڕۆژگاری ئەبو قوبەیس بەســـەرچوو. هەڵبەت ئەوەی کە ســـاغ بووبێتەوە بۆ من لە پاش ئەو مێژووەوە هیچ ئیندۆنیســـییەک ئیجازەی وەرنەگرتووە. هەندێک باس لەوە دەکەن گوایە مەککەی بەجێهێشتبێت بەرەو هندستان بەڵام هەندێکی تر دەڵێن کەوا پێش ســـاڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی کە ئێمە دەیزانین ئەوەیە کەوا پاش عەلی ڕەزا هیچ مامۆستا یان ڕابەرێکی خالیدی لە مەککە بە بەربڵاوی نەدەناســـرا و تەریقەتی خالیدی لە ئیندۆنیســـیا ســـەنتەری خۆی لەدەســـتدابوو و کەرت و پەرت بووبوو بە سەر ژمارەیەک سەنتەری سەربەخۆی ناوخۆییدا، کە هەر یەکەی تۆڕە خەلیفەی خۆی هەبوو. بۆ ماوەیەک خەتێکی ڕکابەری شێخەکانی خالیدی لە مەککەدا پەیدا بووبوو. لە ساڵانی ١٨٧٠کان و ١٨٨٠کاندا ململانێیەکی ســـەخت لە نێوان ســـلێمان زوهدی و شـــێخی خەتەکەی تردا هەبوو، کە ناوی خەلیل پاشـــا (خەلیل حەمدی) بوو، کەوا سنۆک هۆرگرۆنجە باسێکی سەیری دەکات[٧]. ئەم ڕێبازی دووەمەش بە عەبدوڵڵای ئەرزنجانی دەستی

[٧] ســنۆک هۆرنجە، "مەککە"، ل ١٧٦ – ١٧٩. بە پێی ئەم باســە، ڕکابەرییەکە بە شــێوەیەکی ســەرەکی پەیوەندیی بە حاجییە ســیاســیەکانی باشــووری

پێکرد، کە یحیی الداغســـتانیی باوکی خەلیل حەمدی بە خەلیفەی خۆی دانابوو، بەپێچەوانەی یاسا و ڕێسای عادەتی دانەمەزراندنی خەلیفەیەک زیاتر بۆ هەمان شوێن[٨] سلێمان ئەفەندی ڕکابەرەکەی خۆی بەوە تۆمەتبار دەکرد کەوا کردەوەی هەرتەقە و کفر و لەوانە ســـەماکردن و جووڵاندنی توندی جەســـتە دێنێتە ناو خواپەرستیی نەقشبەندییەوەوە و بە نووسین و بە زارەکی کۆڕ و کۆمەڵی مەلایۆکانی ئاگادار کردەوە کەوا خەلیل پاشا پەیڕەوانی بەرەو چەواشەکاری دەبات. ئەم پیاوە نازناوی پاشای لەوەوە بۆ مـابووەوە کـە پێشـــتر خزمـەتی حکوومەتی کردووە و هاوپەیمانییەکی سیاسیی دەسەڵاتداری ڕێکخستبوو بۆ بەزاندنی سلێمان. ئەو پشتگیریی والیی مەککە و سەرۆکی زانایانی مەککە، ئەحمەد بن زەینی دەهلانی دەستەبەر کردبوو. ئەمیان فەتوایەکی دەرکرد و ســـلێمانی بە هەرتەقە و خوانەناســـی ناوزەد کرد چوونکە بوختانی بۆ خواناســـیی کردووە و ســـلێمانی خســـتە

---

ڕۆژهەڵات و تورکەکانەوە بووە، کە ئەوانە وەک مورید ســـەرچاوەیەکی باشی داهاتیان پێکدەهێنا.

[٨] عەبدوڵڵا ئەلئەرزنجانی بەوە نەناسراوە کە خەلیفەی زۆری دامەزراندبێت، من تەنها بە یەک خەلیفە دەزانم کە ئەویش تەرزی پاشـــا بوو (حەیات ئەفەندی) بە خەلیفەی دامەزرابێت لە ئەرزنجاندا، کە زێدی دایکزادی بوو. بڕوانە محەمەد تاهیر بورســەلی، "عوسمانلی موئەلیفلەری"، (ئەستەمبووڵ: میراڵ، ١، ل ٢١٢

بەندیخانەوە. خەلیل پاشـــا نامە و فەتواکەی بۆ فەرمانڕەوایانی جۆراوجۆری مالای نارد لە ســـۆمەترە. بەهەرحاڵ، ســـلێمان ئەفەندی سـوودی لە کۆنترۆڵ کردنی تەکیە شـکۆمەندەکەی ئەبو قوبەیس وەرگرتبوو و لە ڕادە بەدەر ڕێز و خۆشەویستیی هەبوو لە ناو ئیندۆنیسییەکاندا. "سەرکەوتنەکەی" خەلیل پاشا لە ناکۆکی و ململانێدا بە هۆی هاوپەیمانێتیی سیاسییەوە و ئەو نامانەی کە لە مەککەوە نێردرابوون بۆ فەرمانڕەوا مەلایۆکان لە ڕۆژهەڵاتی سـۆمەترەدا کە تەریقەتی نەقشـبەندییان دەپاراسـت وا دیارە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لە سەر تۆڕەکەی سلێمان ئەفەندی لەوێ[9].

[9] ئەم نامە و نامەکارییە لە کتێبی "مەککە"ی سنۆک هۆرگرۆنجەدا باسکراوە، ل ١٧٨ – ١٧٩. من لە ناو نەقشـــبەندییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆی ناوچەکەدا هیچ یادەوەرییەکم نەبینی و ناوی خەلیل پاشـایان هەر نەبیسـتبوو. سـنۆک هۆرگرۆنجە (لە ل ٢٤١، ٢٨٩)ی هەمان سـەرچاوەدا باس لە سـێیەم شـێخی نەقشـبەندی دەکات لە مەککە کە چەند خەلیفەی مالایی هەبووە و ناویشـی خەلیل (ئەفەندی) بووە، بەڵام من هیچ شـوێنەوارێکم لە کار و چالاکییەکانی بەرچاو نەکەوت.

## پاش بچڕانی پەیوەندیی بەتین لە گەڵ ئەبو قوبەیسدا

ماوەیەکی دوور و درێژ لە دوای عەلی ڕەزا هیچ شەپۆل و شالاوێکی نوێی نەقشبەندی ـ خالیدی ڕووی لە ئیندۆنیسیا نەکرد. هەڵبەت هیچ سەنتەرێک وەک چەقی دەرەکیی شکۆدار جێگەی جەبەل ئەبو قوبەیسی نەگرتەوە. تەنها لە دوادوایی سالانی ۱۹۹۰کاندا گوژمێکی نوێ لە دەرەوە پەیدا بوو کاتێ شێخ هیشام قەببانی ڕابەری ڕێبازی هەققانییە، کە دینامیکیترین و بەرفراوانترین لقی خالیدییە بوو، سەردانی ئیندۆنیسیای کرد و خەلیفەیەکی زۆری دامەزراند[۱۰]. بۆ ماوەی سێ بەشی سەدەیەک لقە ئیندۆنیسیەکانی تەریقەتی خالیدی دەبوو پشت بە خۆیان ببەستن بێ ئەگەری نوێبوونەوەیەکی ڕێکوپێک لە سەرچاوەیەکی

---

[۱۰] لە سالانی ۱۹۸۰کاندا گەلێ لە عولەما ئیندۆنوسییەکان کە سەردانی مەککەیان کردووە "ئیجازەیەکیان" لە زانای نەریتخواز محمد بن علوی المالکی وەرگرتبوو، کە مەودایەکی بەرفراوانی زانستە ئیسلامییە کلاسیکییەکانی دەوتەوە و ناوبەناویش "ئیجازەی" دەبەخشییەوە بە سەر ژمارەیەک لە تەریقەتە جیاوازەکاندا (وردەکارییەکەی لە بروونەسن "تەریقەتی نەقشبەندی"دایە ل ۱۹٦ – ۱۹۷). ئەمە کاریگەرییەکی بەرچاوی بە سەر تۆڕە نەقشبەندییەکانی ئیندۆنیسیاوە نەبوو، لەلایەکی ترەوە، تەریقەتی هەققانییە وادیارە بڕیاری دابوو کاریگەریی خۆیی لە ئیندۆنیسیادا بڵاو بکاتەوە و لق و پۆکانی تەریقەتی نەقشبەندیی بخاتە ژێر چەتری خۆیەوە، سەردانەکانی قەببانی بۆ ئیندۆنیسیا لەم ماڵپەڕەدا تۆمار کراون www.naqshbandi.org.

دەرەکییەوە. هەندێ لە لقە ناوخۆییەکان کپبوونەوە و ئەوانیتر ڕەنگی ناوخۆییان لەخۆگرت و ڕێوڕەسم و ڕاهێنانەکانیان لە گەڵ بارودۆخ و پێداویستیی ناوخۆدا گونجاند. بەرچاوترین پەرەسەندنەکان لە ناوچەکانی ڕێکخستن و پەیوەندی کردندا بوون. هەندێ لە لقەکان زۆر سەرکەوتوو بوون لە خۆگونجاندنیاندا لەگەڵ گۆڕانکاریی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا و هەواداری نوێ بۆ خۆیان بدۆزنەوە لە ڕێگەی گفتوگۆ و پەند دانانی نوێترەوە.

من لەم بابەتە نووسینەدا هەوڵ نادەم بە گشتی چاو بخشێنم بە سەر پەرەسەندنەکاندا بەڵکووو تیشک بخەمە سەر سێ تۆڕی بەربڵاوی سەرکەوتوو کەوا دوورگەی سۆمەترەیان کردووەتە بنکەی خۆیان (بەڵام دوانیان لە هەموو ئەرخەبیلدا بڵاوبوونەتەوە). یەکەمیان، کە کۆنترینیانە لە سەرەتای ساڵانی ١٨٧٠کاندا دامەزراوە لە لایەن زانای مەلایۆ عەبدولوەهاب ڕۆکانەوە و بنکەکەی لە تاقە گوندی نەقشبەندییە لە وڵاتەکەدا کە ناوی بابولسەلامە لە لانگکاتی نزیک مێدان. دووەم تۆڕ لە لایەن جەلالەدینی مامۆستای قوتابخانەوە لە ڕۆژئاوای سۆمەترە دامەزرا، کەوا زنجیرەیەک کتێبی سەرنجڕاکێشی لەسەر ڕێوڕەسم و یاسا و ڕێسای تەریقەتی نەقشبەندی نووسی و لە ساڵانی ١٩٥٠کانیشدا حیزبێکی سیاسیی بنەما نەقشبەندیی دروستکرد. سێیەم تۆڕ وەک لقێک یان ڕکابەرێکی دووەم دروستبوو و لە لایەن قادرون یەحیای زاوای

جەلالەدینەوە بەڕێوەدەبرا، کە مامۆســـتایەکی زانکۆ و خاوەن دەسەڵاتێکی ڕۆحیی بەهێز بووە وەک باسدەکرێت و ئیددیعاکانی بۆ پەرەپێدانی میتافیزیک زانســـتی ئەقڵیی تاقیکاری گەلێ خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشـابوو. هەروەها ئەم سێ تۆڕە پلەی جۆراوجۆری گونجاندن دەنوێنن بۆ نەریتی ڕۆحیی ئیندۆنیسی.

## شێخی بابولسەلام و جێگرەوەکانی

شـــێخ عبدولوەهاب رۆکان (کە ســـاڵی ١٩٢٦ کۆچی دوایی کردووە) پێدەچێت ســـەرکەوتووترین دەرچووانی ئیندۆنیســـیی جەبەل ئەبو قوبەیس بووبێت[١١]. ئەم پیاوە لە بنەماڵەیەکی مەلایۆیی ئاینپەروەر بووە لە ناوچەی ڕۆکانی ناوەڕاســـتی

---

[١١] ئەم سەرنجانەی خوارەوە پشت بەو بایۆگرافی / هاگیۆگرافیایە دەبەستن کە لە لایەن نەوەی عەبدولوەهابەوە نووسراون، ها. ئە. فوئاد سەعید، "شێخ عەبدولوەهاب. توان گور و بابولسەلام"، (مێدان: پوستاکا بابولسەلام ١٩٨٣). کورتەیەکی وردی ئەم کتێبە لە د. لومبارد، "ڕێگە و هەوڵدان لە سۆمەترەدا: نموونەی شـــێخ عەبدولوەهاب رۆکان ١٨٣٠ ـــــ ١٩٢٦"، لە کتێبەکەی م. گابۆری، ئە. پۆپۆڤیچ و ت. زەرکۆن، "نەقشـــبەندییەکان "، ل ٧٠٧ – ٧١٥. دیسان بڕوانە سەرنجە بەراییەکانی لۆمبارد لە سەر بابولسەلام لە، "شێخ عەبدولوەهاب. توان گور و بابولسەلام". هەروەها عەبدوڵڵا سیاە، "تەریقەتی نەقشـبەندیی بابولســەلام، لانگکات" لە بابەتی، "ســۆفیزم لە ئیندۆنیســیادا"، (ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری دیالۆگی سەر بە بەشی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی کاروباری ئاینی)، (جاکارتا: ١٩٧٨)، ل ٥١ – ٦٨.

سـوٚمەترە و لە گەلێ سـووراوی جۆراوجۆردا لە سـوٚمەترەی ناوەڕاست خوێندوویەتی (حوجرە یان مەدرەسە جۆراوجۆرەکانی ئەوێ بە سووراو ناسراون). پاشان کۆچی کردووە بۆ مەککە بۆ بەردەوامی پێدانی خوێندنەکەی و لەوێ پێنج شەش ساڵ ماوەتەوە لە ساڵانی ١٨٦٠کاندا و فیقهی لە مەسجیدی حەرام خوێندووە، لە گەڵ دەستەبژێری زانایانی ئاینیی عەرەبدا چەشنی شێخ حەسەبەڵڵا و موفتیی شافیعیی سەید ئەحمەد بن زەینی دەحلان، بەڵام بەتایبەتیش لە گەڵ زانایانی مالایی دانیشتووی مەککەدا. وەک باس دەکرێت یەک لە مامۆستا مالاییەکان بە ناوی محەمەد یونس بن عەبدولڕەحمان باتووبارا بووە کە ئامۆژگاریی کردووە بچێتە لای سلێمان زوهدی و فێری یاسا و ڕێسا و ڕاهێنانی تەریقەتی نەقشبەندی ببێت. ژیاننامەی هاگیۆگرافیی عەبدولوەهاب ئەوە دەردەخات کە خواناسێکی وابووە کە ڕۆژانە چەندین کاتژمێری بەسەربردووە لە زیکردا و گەشەکردنێکی ڕۆحیی خێرای کردووە، چوونکە ئیجازەیەکی وای پێبەخشراوە کەوا ڕێبازەکە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی سۆمەترەدا بڵاو بکاتەوە، هەر لە ئاسێوە تا پالێمبانگ. بە پێچەوانەی زۆربەی خەلیفەکانی ترەوە، کە ئیجازەکانیان تەنها یەک مۆری پێوە بووە، ئەم ئیجازەیەکی دوو مۆریی پێدراوە و بەڵگە بووە کە خەلیفەیەکی پلە بەرزە[١٢].

---

[١٢] سـەید "شـێخ عەبدولوەهاب "، ل ٢٨ – ٣٦. هەردوو مۆرەکە و ماناکانیان

کاتێ گەڕایەوە بۆ سـۆمەترە یەکەمجار لە کۆبۆ (ڕیاو) نیشـتەجێ بوو و لەوێ دەسـتەبژێری خەڵکەکەی هێنایە ناو تەریقەتی نەقشبەندییەوە. چەند ساڵێک دواتر چوو بەرەو باکوور بۆ هەرێمی دەوروبەری مێدان، کە بارێکی گەشـەکردووی ئابووریی تێیدا لە گەشـەکردندا بوو و پشـتیوانیی سـوڵتانەکانی دێلی و لانگکاتی بۆ خۆی دەستەبەر کرد کە دەسترۆیشتووترین دەسەڵاتداری تەواوی کەناری ڕۆژهەڵات بوون[١٣]. سوڵتان مووسا موعەزەم سـیاهی لانگکات بوو بە موریدێکی دڵسـۆز و پارچە زەوییەکی وەک وەقف بەخشییە شێخ عەبدولوەهاب، کە لە ساڵی

---

لە لاپەڕە ٣٣دا باسکراوە. دەڵێن گوایە سلێمان زوهدی بە یونس باتوبارای وتووە کە چاوەڕوانی بووە عەبدولوەهاب فەرمانڕەوا ئیندۆنوسییەکان بێنێتە ناو تەریقەتەکەیەوە. باسـێکی تری دوو مۆرەکە لە لایەن شـێخ ئەمیر دەمسەر سیاریف عالەمی نەقشبەندییەوە لە مێدان دراوە بە من کەوا یەکەم مۆر ئیجازەی ڕابەریی کۆڕە گشـتییەکانی زیکرە (تەوەججوە)، دووەم ڕوخسـەتی لەپێشـتر بۆڕابەری کردنی (خەڵوەت یان سلوک) . ئیجازەکەی خودی ئەمیر دەمسەر دوو مۆری ئەبو قوبەیسی پێوەیە کە بۆ مامۆستاکەی بووە.ئەو مۆری خۆی بووە بۆ ئیجازەی خەلیفەکانی خۆی. چاوپێکەوتن، مێدان ، ٥ ی نۆڤەمبەری ١٩٩٣.

[١٣] ئەم دوو سوڵتانە دەبێ مەبەستی سەرەکیی نامەکانی خەلیل پاشا بن کە جاری سەرکەوتنی بە سەر سلێمان ئەفەندیدا داوە (بڕوانە پەراوێزی ٩ لە سەرەوە). پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ شێخ عەبدولوەهاب ڕەنگە هۆکاری ئەوە بێت کە بۆچی نامەکان کاریگەریی بەرچاویان نەبووە.

١٨٨٣دا مەدرەسەیەک و گوندێکی تیادا دروستکرد بە ناوی بابولسەلام (یان بە شێوە گۆکردنی مالایی، پێسیلام). گوندەکە خێرا گەورە بوو بە نیشتەجێبوونی خێزان و بنەماڵەی خۆی و پەیڕەوانی کە بڕیاریاندابوو لە گەڵ ئەمدا بمێننەوە و بە ڕابەری و سەرکردایەتیی شێخ، داری بەری و بەروبوومی تریان چاند و لە ڕووی ئابوورییەوە پشتیان بە خۆیان بەست.

لە ساڵی ١٨٨٩ - ١٨٩٠دا وەک باس دەکرێت شێخ تووشی کێشە و گرفت بوو لە گەڵ دەسەڵاتدارانی هۆڵەندیدا و دەبوو بابوسەلام بەجێبێڵێت، چوونکە بە ئاشکرا بە تێوەگلان لە مەسەلەی ساختەکردنی پارەدا تۆمەتبار کرا، بۆیە لە تەنگ و دەربەندەکان پەڕییەوە بۆ پێنانگ و دواجار لە باتو پەهات لە جۆهۆر نیشتەجێ بوو و لەوێوە سەردانی چڕوپڕی دەکرد بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سۆمەترەی ناوەڕاستدا، تا لەدواییدا بانگهێشت کرایەوە بۆ لانگکات و جارێکی تر لە بابوسەلام نیشتەجێ بووەوە و تا مردنی لە ساڵی ١٩٢٦دا لەوێ مایەوە. ئەو بۆ هەرکوێ بچوایە لە دەسەڵاتدارانی ناوخۆوە ڕێزێکی گەورەی لێدەنرا و ژنێکی خۆولاتی لە بنەماڵەیەکی ناودار مارە کرد و پیاوی بەدەسەڵات و کاریگەری وەک خەلیفەی خۆی دادەنا و تا کۆتایی ژیانی نزیکەی ١٢٠ خەلیفەی دانا، کە هەموویان بە درێژیی ڕۆخی ڕۆژهەڵات و شوێنەکانی پشتەوەی سۆمەترە بوون، لە ئاسێوە دادکشێی بەرەو باشوور، لە گەڵ تەرکیزێکی

تەواو لە سەر ڕیاو و هەرێمەکانی تری ناوەڕاستی سۆمەترە و کەمێک لە ڕۆژهەڵاتی سۆمەترە و هەشت کەس لە مەلایۆ[14]. لە پاش مردنی، هەموو ئەم خەلیفانە و جێگرەوەکانیان بەردەوام بوون لەسەر دانپیانان بە دەسەڵاتی بابوسسەلامدا و ڕێزگرتنی جێگرەوەکانی عەبدولوەهاب وەک گەورە و ڕابەریان. گوندی بابوسسەلام تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی تایبەت نیشتەجێی نەوەکانی شێخ عەبدولوەهاب و پەیڕەوانێتی. هەموو کەس نەقشبەندییەکی ڕاهێنراوە و لێرە ڕیتمی ژیان مۆرکی ڕاهێنانی ڕێکوپێکی خواپەرستیی پێوە دیارە و لەوانە خوێندنەوەی "موئەززین"ی دۆعا و پاڕانەوەیەکی دوور و درێژ کە داوای پیرۆزی و بەرەکەتی خوا دەکات لە ڕێگای پیاوچاکانی سیلسیلەی عەبدولوەهابەوە و پێش بانگی نوێژی بەیانی و شێوان[15]. مەرکەزییەتی دەستوور و ڕاهێنانی نەقشبەندی لەم گوندەدا ئیشارەت بە بوونی دوو "روماه سلوک" دەکات، لە گەڵ خانووی تایبەت دروستکراو بۆ دە، بیست، یان سی ڕۆژی خەڵوەتی نەقشبەندی کە لێرە بە "سلوک" ناودەبرێت (بێجگە لە خەڵوەتیش).

[14] ئەم خەلیفانە ناوچە بە ناوچە لیستکراون لە کتێبی سەید "شێخ عەبدولوەهاب"دا ل ١٣٤ – ١٣٩

[15] ئەم "موناجاتە" لە لایەن شێخ عەبدولوەهابەوە دانراوە لە سەر شێوازی شیعری مالایی، کە شێوازێکی ئەدەبی میللییە. تێکستە تەواوەکە لە کتێبی سەید"شێخ عەبدولوەهاب"دایە ، ل ٧٠ – ٧٦.

ئەم "روماه ســـلوکە" وەک خاســـییەتێکی تایبەتی ڕێورەســـمی سۆفیگەریی ئیندۆنیسی بەکاردێت و بە تایبەتی تر لە سۆمەترەدا. هەر کەسێک تەمەسسوکی کردبێت چاوەڕێی ئەوەی لێکراوە کە لانیکەم یەک خەڵوەت بەجێبێنێت (هەڵبەت بارودۆخی مۆدێرنی کارکردن ئەمەی تا دەهات قورســـتر کردبوو بۆ زۆرێک لە پەیڕەوان). هەندێ لە مامۆستا و ڕابەران خەڵوەتیان لە قوژبنێکی مزگەوتی گونددا بە جێدەهێنا کە بە پارچە قوماشـــێک جیا دەکرایەوە، هەندێکی تر کەپرێکیان لە تەنیشـــت ماڵەکانیانەوە دروست دەکرد. مامۆستا و ڕابەرە کاریگەرەکان "روما سلووک" لە کاتە دیاریکراوەکانی ساڵدا نمایش دەکرێت، لە کاتی ڕەمەزاندا و مانگێک یان دوو مانگی تری ڕۆژمێری موســـڵمانان، یان لە دوای وەرزی دروێنە. لە بابوســـــەلامیش بە درێژایی ســـاڵ خەڵوەت هەیە، بەردەوام لێشاوێکی زیارەتکەران لە سەرانسەری ســـۆمەترە و مالیزیادا ئەوە پیشـــاندەدات کە بابوســـــەلام بە سەنتەرێکی ڕۆحیی سەرەکیی ماوەتەوە لە جیهانی مەلایۆ زماندا.

یەکەم جێگرەوەی عەبدولوەهاب وەک گەورە و ڕابەری بابوســـــەلام کوڕە گەورەی یەحیا ئەفەندی بوو (کە ســـاڵی ١٩٢٩کۆچی دوایی کرد) و زۆر لە دوای باوکی نەژیا و ئەمیش عەبدولمەنافی کوڕی جێی گرتەوەو پاش ئەمیش گەورەترین خەلیفەی خۆی بە ناوی محەمەد سەعید جێی گرتەوە. دوای ئەم حاجی عبدولجەباری کوڕە بچووکی عەبدولوەهاب هاتە شـــوێنی

کـه لـه کۆبوونـەوەیـەکی هـەموو خـەلیفـەکانی ئـامـادەبوو لـە بابوسـسـەلامدا سـالّی ١٩٣٦ بە مورشـید هەڵبژێردرا. ئەمە دوا جێگرتنەوە بوو کە بێ ناکۆکی و ململانێ بەڕێوەچوو. بۆ ماوەی نیو سەدەی دواتر ململانێ و ڕکابەریی ناو بنەماڵەکە شانبەشانی ململانێ و ناکۆکییە سـیاسـییەکان بەڕێوەدەچوو لە باکووری سـۆمـەترەدا، چون گرووپـە جیـاوازەکـان هـەوڵی کۆنترۆڵی بابوسسەلامیان دەدا و دەیانویست شکۆ مەزنەکەی بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربێنن.

عەبدولجەبار ساڵی ١٩٤٢ کۆچی دوایی کرد و محەمەد داودی جێگری (کە زڕبرایشـی بوو) خۆی بە جێگرەوەی خاوەن هەق دەزانی. لەو شـۆڕشـە کۆمەڵایەتییەی بە دوای شـکسـتهێنانی ژاپۆنییەکاندا هات، داود لایەنگریی بەرەی دژە سـوڵتانی دەکرد و بەو پێیە لە پاش یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هۆڵەندییەکان لە سـالّی ١٩٤٧دا لـە ئـاسـێ بوو بـە پـەنـابـەر و تـا حکوومەتی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتی سـۆمەترە لە دەسـەڵاتدا بوو ئەو هەر بە ئاوارەیی لەوێ مایەوە و تەنها لە ساڵی ١٩٥١دا توانی بگەڕێتەوە. لەو ماوەیەدا خەلیفەیەکی تر بە ناوی پاکی تەمباە (وەک مورشید و نازر یان بەڕێوەبەر) لە بابوسـسـەلام دامەزرابوو و لە سـاڵی ١٩٤٨دا زۆربەی زۆری خەلیفەکان ئەو ڕابەرییەیان لێسـەلماند و بەم پێیە نەیدەویست واز لە پلە و پایەکەی بێنێ بۆ داود کاتێ کە گەڕایەوە و ئەنجام ناکۆکییەکی درێژخایەنی لێکەوتەوە و داودیش

"روما ســــلوک"ی خۆی لە مەودایەکی نزیکی ئەوی پاکی تەمباوە دامــەزراند. لــە گــەڵ هــەوڵ و تێکــەوتنی خــەڵک و دەزگــای جۆراوجۆری ڕێکخراوی ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی حکوومەت و ئەندامانی بنەماڵەی عەبدولوەهاب بەڵام مەســــەلەکە هەر یەکلا نەبووەوە و تا مردنی داود و پاکی تەمباه بە دوای یەکدا لە ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٧٢دا، هەردوکیان وەک تاقە مورشید و نازری گوندی بابوسسەلام هەڵسوکەوتیان دەکرد.

پرۆســــەیەکی دوور و درێژی ڕاوێژکاری و لۆبیکردن لە ناو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە و خەلیفەکانی تردا ئەنجامی ئەوەی لێکەوتەوە کەوا کوڕێکی تری عەبدولوەهاب هەڵبژێرن بە مورشید کە ناوی موعین بوو. ئەم پیاوە لە ســاڵی ١٩٧٤ تا١٩٨١بۆ ماوەی حەوت ساڵ دەمسپیی بابوسسەلام بوو، دوای ئەمیش دوا کوڕی عەبدولوەهاب کە لە ژیاندا مابوو و ناوی مەدیەن بوو جێی گرتەوە. بە هەر حاڵ، دۆخی دووبەرەکیی هەر لە بابوســـەلامدا مایەوە و "روماســـلوکی" داود دانەخراو بە ڕابەریی تاجەدینی کوڕی داود هەر لەکاردا مایەوە (کە لە ســــاڵی ١٩٨٦دا ئەندامی پەرلەمانی هەرێمایەتیی حیزبی حکوومەت بوو، واتە گۆڵکار).

بە مردنی مەدیەن، لە ســــاڵی ١٩٨٦دا، ناکۆکی و ململانێ ســـەرلەنوێ دەســـتی پێکردەوە، چوونکە تواناو دەســـەڵاتی جێی ڕەزامەندیی گشـــتیی نەبوو بەو پێیە کە زانای ئاینیی نەبوو و خەلیفەکان حەزیان بەوە دەکرد کەسێک جێگر بێت کە زیاتر جێی

ڕێزی ئەوان بێت. هەڵبەت لەو دەمە دوو کاندیدی بەهێز هەبوون و هەردوکیان کوڕەزای دامەزرێنەری بابوسسەلام بوون. فەقێ شۆفی (کە کوڕی حاجی بەکری بوو) لە گەڵ ئەنەس مودەووەری کوڕی داود. یەکەمیان لە لای زۆربەی خەلیفەکان پەسەند بوو چوونکە زانایەکی ڕاستەقینە و سۆفی بوو، بەڵام ئەنەس پشتگیرییەکی سیاسیی بەهێزتری هەبوو. حاکمی (یان بوپاتی) لانگکات بۆ ئەمیان تێکەوت و کردی بە سەرۆکی بابوسسەلام. لە ئەنجامی ئەمەدا ڕۆڵی ڕابەرێتی بوو بە دوو کەرتەوە کەوا ئەنەس وەک "نازر" ڕەفتاری دەکرد بەڵام فەقێ شۆفی کۆنترۆڵی "روما سلوکی" کردبوو و سەرەوکاریی کۆڕی زیکری دەکرد (لە سیاقی ئیندۆنیسیدا پێیدەوترێ "تەوەججوە"، کە لێرە ڕۆژی چوار جار بەڕێوەدەچێت، لە پاش هەموو نوێژێک، نوێژی "مەغریبی" لێدەرچێت). ئەم ناکۆکییە بە ئاشکرا ئەوانەش هەستیان پێدەکرد کە بە بۆنەی زیارەتەوە دەهاتن، چوونکە ئەنەس ڕازی نەدەبوو بەشداریی "تەوەججوە" بکات.

ئەم ناکۆکییانە تا ڕادەیەک بووبوونە خۆرەی دەسەڵاتی بابوسسەلام و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی مۆراڵ، لە ناو خەلیفە و موریدەکانی تردا، پێدەچێت هی ئەو ژمارە کەمەی خەلیفەکانی نەوەی یەکەم بووبێت و بە شێوەیەکی بەرچاو شێخ عەبدولمەنانی پادانگسیدیمپوان لە باشووری تەپەنولی و بڕیارە سەرەکییەکان بێ ڕەزامەندیی ئەم وەرناگیرێن. هەڵبەت دوو خەلیفەی تری

عەبدولوەهاب کە لە ژیاندا ماون بە ناوەکانی شـــێخ حەســـەنی ئایربانگیس لە ڕۆژئاوای ســـۆمەترە و خەلیفە جونێدی لابوهان بیلیک لە پانای، لە کەناری ڕۆژهەڵات، کە فەقێ شـــۆفییان وەک مورشـــیدی نوێ هەڵبژاردووە و ئەم هەڵبژاردنەش لە لایەن پەیڕەوانی تری ڕێبازەکەوە ڕێزی لێگیراوە، بەدەر لە هەڵوێســـتی حکوومەتی ناوخۆییی کەوا کێی پێ پەسەندە[١٦].

یادی ســـالانەی "هەوڵ" یان مردنی شـــێخ عەبدولوەهاب گەورەترین و گرنگترین ڕووداوی ســـاڵە لە بابوســـەلامدا و مەودای دەســـەڵاتی ڕۆحیی پیشـــاندەدا چوونکە خەڵک دەســـتە دەســـتە لە شـــوێنی دوورەوە دێن بۆ زیارەت و دەربڕینی ڕێزی خۆیان. "هەوڵی" ١٩٩٣، کە من خۆم تێیدا بەشـــدار بووم، لە گەڵ سیمینارێکی ئەکادیمیدا گرێدرا کە لە لایەن ئینستیتیوتی دەوڵەت بۆ لێکۆڵینەوەی ئیســـلامی لە مێدان ســـازدرا و هەندێک لە کاربەدەســـت و قســـەکەرانی باڵادەســـتی خۆوڵاتی بوون لە گەڵ ئاهەنگێکی گشـــتیدا لە بابوســـەلام و گەلێ لە کاربەدەســـتانی دەوڵەت و پیاوماقووڵانی تر بانگهێشـــت کرابوون. لەو ماوەیەدا

---

[١٦] ســـەرنج لە ســـەر ململانێی دەســـەڵات لە بابوســـەلامدا لەم کتێبانەوە ســـەرچاوە دەگرێت: ســـەید، "شـــێخ عەبدولوەهاب"، ســـیاە، "تەریقەتی نەقشـبەندی" و چاوپێکەوتنی خۆم لە کاتی ســـەردانمدا بۆ بابوســـەلام و مێدان لە نۆڤەمبەری ١٩٨٦ و نۆڤەمبەری ١٩٩٣دا.

لێشـــاوێک لە پەیڕەوان زیارەتی مەرقەدی شـــێخ عەبدولوەهابیان دەکردو ژمارەیەکی هێجگار زۆری خەڵکی ناوچەکە هاتبوون بۆ ئەم بۆنەیە کە بە زۆری "هەوڵ" تێیدا سـەرنجراکێشـترین بڕگەی بوو. بۆنە ڕەســـمییەکە گرنگی و باڵادەســـتیی دابوو بە ئەنەس مودەوەری "نازر"، بەڵام پێیانوتم کەوا لە چەند هەفتەی پێش "هەوڵ"دا نزیکەی هەشـت سـەد کەس "سـلوک"یان ئەنجامداوە بۆ ماوەی لای کەمەکەی دە ڕۆژ و پێدەچێت بە سـەرپەرشـتیی فەقێ شۆفی بووبێت (بڕوانە نیگارەکانی ٨،٢،١).

هەڵبەت بـە تـەنهـا نـەوەی بـایۆلۆجی و ڕۆحیی شـــێخ عەبدولوەهاب نەهاتوون بۆ ڕێزلێنانی ئەم شوێنە بەڵکووو شێخە نەقشبەندییەکانی خەت و ڕێبازەکانی تریش، لەوانە شێخ قادرون یەحیا (کە لە خوارەوە باســـی دێت) و شـــێخ ئەمیر دەمســـەر ســـیاریف عالەم یەکەم کەســـانن کە ئەم نەریت و دەســـتوورە بەجێدێنن و دووەمیش *PPTI* ە کە یەکەم ڕێکخراوی ڕەسمییە لە باکووری سـۆمەترەدا بۆ پەیڕەوانی تەریقەت. لەوێ سـێ تۆڕی نەقشـــبەندیی ســـەربەخۆ لە باکووری ســـۆمەترە هەن و هەر یەکەیان لق و پۆی خۆی هەیە لە بەشـەکانی تری ئەرخەبیل و لە نێوانیاندا هاوتاییەکی ورد هەیە. شـــێخەکان ڕێز بۆ یەکتر دەردەبڕن بەڵام ئێرەیی بە یەکتر دەبەن و هەر کەســـەو دەیەوێ پارێزگاریی لە دەســـتەو تاقمی خۆی بکات هەر لە مێژەوەو تا ئێســـتاش کارێکی نائاســـایی نەبووە بۆ شـــێخێک هەوڵ بدات

پەیڕەوانی شـــێخێکی تر بۆ لای خۆی ڕابکێشـــێت و بۆ ئەوەی پێگـەیـەکی پتـەو بۆ خۆی دەســـتـەبـەر بکـات و لـەو پێنـاوەدا هاوپەیمانیی ســـیاســـی و هاندان و دەمچەورکردنی ئابووری و میدیا مۆدێرنیش بەکاردێنێت. ڕابەرێکی ئەم گەمەی دەسەڵاتە، کە ناوی حاجی جەلالەدینە، کاتی خۆی مامۆســـتای قوتابخانەو نووسەر بووە و ئێستا بایداوەتەوە و بووە بە شێخ.

## حاجی شێخ جەلالەدین PPTI

میناںگکاباو، کە ئەندامانی ئەو گرووپە ئەتنیکییەن کەوا لە ڕۆژئاوای سۆمەترەوەن، کاریگەرییان هەیە بە سەر پەرەسەندنی ئیســـلامی ئیندۆنیســـییەوەو هەروەها (بە ســـەر فەرهەنگ و سیاسەتی ئیندۆنیسییەوە بە گشتی)، کە زۆر تێپەڕی کردووە لە قەبارە و کەمیی ژمارەیان. میناںگکاباوییەکان لە هێڵی پێشـــەوەی هەر شـەپۆلێکی چاکسـازیی ئیسـلامی و بە هەمان شـێوەش دژە ڕیفۆرم بوون. مشـــتومڕ لـە نێوان ڕیفۆرمیســـت و ترادیســـیۆنالیســـتەکاندا لە هیچ شـــوێنێک بە ئەندازەی ڕۆژئاوای ســـۆمەترە گەرم نەبووە و بە تایبەتی لە ناو میناںگکاباوەکاندا[١٧].

[١٧] ب. ج. و. شریکێ: "بەشداری لە بیبلیۆگرافیای دیاردە ئاینییەکانی ئێستادا لە کەناری ڕۆژئاوای سۆمەترە"، *گۆڤاری زمان و وڵات و خەڵکی ئیندۆنیسیا*، ژمارە (٥٩)، ســـاڵی ١٩٢١، ل ٢٤٩ – ٣٥٢. هەروەها تۆفیق عەبدوڵڵا،

یەکەم خەلیفەی خالیدی لە ئیندۆنیســـیادا، وەک لە ســـەرەوە باســـکراوە، ئیســـماعیل ئەلمینانگکاباوی بوو و شـــێخ ســـولێمان زوهدی و بە هەمان شـێوەش عەلی ڕەزای جێنشـینی ژمارەیەکی زۆری مینانگکاباوییەکانیان وەک خەلیفەی خۆیان دادەمەزراند[18].
لە ســـالانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠کاندا ڕەنگە ڕۆژئاوای ســـۆمەترە گەورەترین ڕێژەی پەیڕەوانی نەقشـــبەندی لە دانیشـــتوانەکەیدا هەبوبێت وەک لە هەر هەرێم و ناوچەیەکی تری ئیندۆنیسـیا. بە هەمان شـــێوەش نەیارانی نەقشـــبەندی یەکەمجار لە ناو مینانگکاباوەکاندا پەیدابوون و بە تایبەتی لە سەر دەستی ئەحمەد خەتیب ئەلمینانگکاباویی ڕیفۆرمیســـتی میانڕەوی نیشـــتەجێی مەککەدا، کە لە سـالانی ١٩٠٦ – ١٩٠٨دا سـێ نامیلکەی هێرشـی نووسـی دژ بە ڕێوڕەسـم و ڕاهێنانەکانی نەقشـبەندیی هاوچەرخ، کەواچەندین جار چاپکرانەوە ، لە دوورگە جۆراوجۆرە کانی

---

"قوتابخانەکان و سیاسەت: بزووتنەوەی کاوم مودە لە ڕۆژئاوای سۆمەترە (١٩٢٧ – ١٩٣٣)"، (ئیساکا، نیویۆرک: پرۆژەی کورنێل مۆدرن ئیندۆنیسیا، ١٩٧١).
[18] ڕاپۆرتێکی نوێنەری هۆڵەندی لە ســـاڵی ١٨٩١دا ناوی ٢٤ مامۆســـتای نەقشبەندی دەبات کە بەشیوەیەکی ستراتیجی بە سەر وڵاتەکەدا دابەشبوو بوون (Mailrapport, No. 760, 1891)، کـە جـارێکی تر لـە کتێبـەکـەی بروونەسندا بڵاوکراوەتەوە، "تەریقەت نەقشبەندییە"، ل ١٢٦– ١٢٨. سولێمان ئەلقرمیی مورشیدی سولێمان زوهدی یەکەم خەلیفەی بەتوانا و کاریگەر لە ڕۆژئاوای سۆمەترە دامەزراند کە ناوی شێخ ئیبراهیم کەمپولان بوو.

ئەرخەبیلەکەدا[19].

بۆ داکۆکی کردن لـه خۆیـان و بیروبـاوەڕ و بـەجێهێنـانی ڕێوڕەســـمی ڕێبازەکەیان و نواندنی کاریگەریی زیاتر دژ بە پرۆپاگەندەی ڕیفۆرمیســتەکان، زانا ئاینییە نەریتییەکانی ســەر بە مەدرەسە (یان حوجرە - و) ساڵی ١٩٣٠ لە ڕۆژئاوای سۆمەترە ڕێکخراوێکی خۆیان دامەزراند بە ناوی پێرتی perti (پێرســاتوان تەربییە ئیسلامییە ـ واتە کۆمەڵەی پەروەردەی ئیسلامی)، چەشنی ئەوەی نەریتییەکانی جاوا کردیان چەند ســاڵێک لەمەوپێش کاتێ کەوا کۆمەڵەی نەهزەتول عولەمایان دروســتکرد. هەموو ئەندامە ڕابەرەکانی پێرتی زانای ئاینی بوون و سـەرۆکایەتیی سـووراوی خۆیانیان دەکرد (تێرمێکی ناوچەییە بۆ مەدرەسـە نەریتییەکان) و ژمارەیەکی کەم لەمانەش مامۆسـتا و ڕابەری نەقشـبەندی بوون. لەڕاستیدا زۆرینە ئەگەر نەڵێین هەموو مامۆستا نەقشبەندییەکانی

---

[19] لە کتێبەکەی "Schieke, bijdrage"دا کورتکراوەتەوە. یەکێک لەم نامیلکە هێرشـــانە لە لایەن ویلیەم ج. شــێلابیرەوە وەرگێردراوەتە ســـەر ئینگلیزی بەناوی "پەردەلادان لەســەر ســاختەچییان"، کە لە گۆڤاری *جیهانی ئیســلام*، ژمارە (٢٠)، سـاڵی ١٩٣٠، ل ٣٥٩ - ٣٧٠) دا بڵاوبووەتەوە. لە بارەی ڕەخنە و توانجەوە بە گشـــتی بڕوانە مارتن ڤان بروونەســـن، "تێوەگلانی ڕێبازە سۆفییەکان بە دژواری و مشتومڕەوە لە ئیندۆنیسیای سەدەی بیستدا"، لە کتێبەکەی ف. دی جۆنگ و ب. ڕاتکێ، "باتینییەتی ئیســـلام لە ڕکابەریدا: سیانزە سەدەی مشتومڕ و ڕەخنەکاری"، (لیدن: بریڵ، ١٩٩٩)، ل ٧٠٥ - ٧٢٨.

مینـانگکـابـاو ئـەنـدامی پێرتی بوون، کـە یـەکـەم ئـەزموونی بۆ ڕەخساندن لە ڕێکخستن یان کۆمەڵەیەکی نوێدا لە هەمان کاتیشدا چالاکیی نیشـــتمانیی میانڕەو بنوێنن. هەر دوابەدوای جاڕدانی ســـەربەخۆیی ئیندۆنیســـیا (لە ١٧ ی ئابی ١٩٤٥دا) پێرتی خۆی گۆڕییە حیزبێکی سیاسی.

حاجی جەلالەدین، کە ئەندامێکی چالاکی پێرتی بوو لە ســالآنی ١٩٣٠کاندا، مامۆسـتا و ڕابەرێکی جیاوازی نەقشـبەندی بوو. ئەم بـەپێچـەوانـەی هـاوکـارەکـانیەوە خوێندنی مـەدرەســـەی تـەواو نەکردبوو و زۆر بە کەمی زمانی عەرەبیشـــی دەزانی، بەڵام بە سیستەمی پەروەردەی هۆڵەندیدا تێپەڕیبوو و بە کۆششی خۆی بووبووە مامۆســـتای قوتابخانە. ئەمە زانیاریی دابوویە لە ســـەر دنیای مۆدێرن و تەواوکەری ئەو زانیارییە نەریتییەی ناو کتێب بێت کە هاوەڵەکانی پێرتیی فێری بووبوون. ئەم پیاوە لە ڕێگەی پەیوەســـتبوون بە زانا نەقشـــبەندییە ڕابەرەکانەوە لە پێرتی زانیارییەکی بەرچاوی بەدەســتهێنا لەبارەی مێژوو، ئەدەب، ڕێباز و ڕاهێنـانـەکـانی تـەریقـەتـەوە و ئیددیعـای ئـەوەی دەکرد کـەوا "ئیجـازەی" لـە شـــێخ عـەلی ڕەزا وەرگرتووە لـە جـەبـەل ئـەبو قوبەیس، کاتێ کە چووە بۆ حەج. ئەم ئیددیعایە لە لایەن خەڵکی جۆراوجۆرەوە مشـتومڕی لەســەرە و لەوانە زاواکەی و قادرون یەحیای ڕکابەری، بەڵام لەڕاســـتیدا ژمارەیەکی هێجگار زۆری نووســـین پێ لەوە دەنێن کە پلەو پایەی زانیاریی بەرز بووە. لە

دەوروبەری ســـاڵی ١٩٤٠دا یەکەم زنجیرەی درێژی ڕەخنە و مشتومڕی نووسی و داکۆکیی لە ڕێبازی نەقشبەندیی دەکرد دژ بەوانەی هەوڵی شـــکاندن و کەمکردنەوەیان دەداو یاســـا و ڕاهێنانەکانی بە وردی شـــیکردووەتەوە[20]. جەلالەدین بوو بە نووســـەرێکی کاریگەر و قەڵەم بە بڕشـــت و شـــێوازی ڕوون و لێکدانەوەی وردی بابەتەکان لە هاوەڵەکانی جیایدەکردەوە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی پەروەردە و پیشـەیی بوو وەک مامۆستایەکی قوتابخانە و ئاماژەشە بۆ هەڵوێستێکی مۆدێرن و واقیعیانە.

گەلێ لە هاوەڵانی جەلالەدین داکۆکیکردنی ئەمیان پێخۆش نەبوو لە ڕێبازەکەیان، چوونکە لە دیدی ئەوانەوە نووســـینەکانی ژمارەیەک هەڵە و هەرتەقەی تێدا بوو. ئەو پێش هەموو شـــتێک وەک زانایەک ئەزموون و ڕاهێنانی نەبوو و هەســـتێکیان لا دروست بووبوو کەوا ئەو بە شێوەیەکی سەرچڵیانە دەستی لە مەســـەلەیەک وەرداوە کە هی خۆی نییە و بە تایبەتی بواری ئەمانە. شـــێخ ســـلێمانی ڕەســـووڵی، کە گەورە و دەمســـپیی مامۆســـتایانی نەقشـــبەندی بوو لە پیرتیدا داوایکردووە کەوا

[20] حاجی جەلالەدین، "داکۆکی لە تەریقەتی نەقشـــبەندی"، پێنج بەرگە و بە زمانی مالایی و بە خەتی عەرەبی نووسـراوە، (بوکیتینگی: ١٩٤٠). تا کۆچی دوایی لە ســـاڵی ١٩٧٦دا تێکڕا بە ســـەر یەکەوە زیاد لە ســـەد نامیلکە و ڕەخنەی نووسیوە.

جەلالەدین ئەو هەڵانەی لە سەر فیقە و مەزهەب کردوویەتی لە کتێبەکانیدا ڕاستی بکاتەوە بەڵام کە پابەند نەبوو بەم داواکارییەوە لە پێرتی دەرکرا. ئەمە بە ئاشکرا لە ساڵی ١٩٤٥دا ڕوویدا، ئەو ساڵەی کە خەباتی سەربەخۆیی دەستی پێکرد و پێرتی وەک حیزبێکی سیاسی جاڕی لە خۆی دا. جەلالەدین بێ سڵەمینەوە ڕێکخستنی سیاسیی خۆی دروستکرد و ناوی نا PPTI (واتە پاراتای پۆڵیتیک تەریقەت ئیسلام) و هێزێکی شێوە سەربازیی دروستکرد لە پەیڕەوانی نەقشبەندی و دواتر لە گەڵ هێزە نەتەوەییەکانی تردا یەکیگرت. ناکۆکی و ململانێ لە گەڵ پێرتی چارەسەر نەبوو و لە ساڵی ١٩٥٤دا سلێمانی رەسووڵی و ژمارەیەک لە عولەما و شێخە نەقشبەندییەکانی سۆمەترەی ڕۆژئاوا فەتوایەکی هاوبەشیان دەرکرد و تێیدا کتێبەکانی حاجی جەلالەدینیان مەحکووم کرد بەوەی کەوا هەڵەی زەقیان تێدایە لە گەڵ چەندین بیدعەی تەریقەت کە جێی سەرزەنشتن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ڕێوڕەسمی هاتنە ناو تەریقەت و مەسەلەی بەیعەت لە نووسینەکانی حاجی جەلالەدیندا[21]. هێرشی نەخشە بۆکێشراوی زانا نەقشبەندییەکانی پێرتی بۆ سەر حاجی

[21] بروونەسن، "دژواری و ڕەخنەکاری"، ل ٧٢٢ - ٧٢٥. کورتە وەسفێکی ئەم ڕێوڕەسمی هاتنە ناو تەریقەتەوە وەک بە وردی لە "ڕەهاسیا موتیارا"ی جەلالەدیندا باس کراوە ، بەرگی ١، ل ٧٢٤.

جەلالەدین ڕەنگە بێ پەیوەندیی نەبێت لە گەڵ کەین و بەینی هەڵبژاردنی نیشتمانیی ساڵی ١٩٥٥دا، کە پێرتی و PPTI دەبوو ببنە ڕکابەری یەکتر لە گەلێ بواری تێهەڵکێشی هەڵبژاردندا. دەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە ئەوەیان خستە ڕوو کە هەوڵ و کۆششەکانی سولێمانی ڕەسووڵی بۆ تەمێکردن و ملکەچ کردنی حاجی جەلالەدین زۆر دوور بوو لەوەوە کە سەرکەوتن بەدەستبێنن و حاجی جەلالەدین توانیبووی پشتیوانیی بەرچاو بەدەستبێنێ و حیزبەکەی (PPTI) لە سێ ویلایەتی سۆمەترەدا چووە هەڵبژاردنەوە، کە لە سۆمەترەی ناوەڕاست (بە ناوجەرگەی مینانگکاباوەوە) ٣٥١٥٦ دەنگی بردەوە لە کۆی ١٥٧١١٣٣ دەنگ یان ٢,٢% و لە باکووری سۆمەترە ٢٧٠٨٤ دەنگ لە کۆی ٢١٣٤٨١٧ دەنگ یان ١,٣%. بە هەر حاڵ، لە هەندێ ناوچەدا هێزێکی باشتری نواند: لە سۆلۆک، کە یەکێکە لە ناوچەکانی مینانگکاباو، PPTI ١١٪ی دەنگەکانی هێنا و هەمان ڕێژەشی لە ناوچەی تەبەنولیی خواروو هێنا لە باکووری سۆمەترە (کەوا گرووپی ئەتنیکی ماندەیلینگی تێدا نیشتەجێیە). ئەم خشتەیەی خوارەوە بەراوردێک لە نێوان حیزبی ڕیفۆرمیستی ئیسلامیی مەیسوومی و حیزبێکی نەریتیی تر بە ناوی نەهزەتول عولەما (کە تەنها لە ناو گرووپی ئەتنیکی ماندایلینگدا پشتگیریی هەیە)[22].

---

[22] داتاکان لە "ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ١٩٥٥ بۆ کۆمەڵەی

| | سۆمەترەی ناوەڕاست | سۆلۆک سۆمەترەی باکوور | تەپەنولیی باشوور | دەنگدەرانی یاسایی |
|---|---|---|---|---|
| | ١٧٩٥٩٥٥ | ١٣٥٣٨٤ | ٢٤٥٨٧٣٢ | ٢٠٠٨٠٠ |
| تیکڕای دەنگەکان | ١٥٧١١٣٣ | ١٢٢٠٨٤ | ٢١٣٤٨١٧ | ١٧٥٩٣٢ |
| مەسیومی | ٧٩٧٦٩٢ | ٧١٠٠٠ | ٧٨٩٩١٠ | ٦٥٣١٩ |
| پێرتی | ٣٥١١٧٦٨ | ٢٤٥٠٧ | ٧٨٣٥٨ | ٦٨٠ |
| نو Nu | ٨٧٧٧٣ | ٤٨١٠٨ | | |
| PPTI | ٣٥١٥٦ | ١٣٣١٣ | ٢٧٠٨٤ | ١٩٥٤٩ |

ژمارەی دەنگەکان بەشی ئەوەی دەکرد لەپەرلەماندا کورسییەک بۆ حیزبی PPTI دابین بکات. حاجی جەلالەدین چوو بۆجاکارتاو ئەم پلاتفۆرمە نیشتمانییە دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساند کاریگەریی خۆی وحیزبەکەی بەرفراوان بکات. ئەو دڵنیابوو لەوەی کە هەموو کەسێک لە کۆڕ و کۆمەڵی نەقشبەندیی سۆمەترەدا زانیویێتی کەوا PPTI دانپیانانێکی ڕەسمیی بەدەستهێناوە و پەیوەندیی هێز و دەسەڵاتی هەیە و لە

---

نوێنەرانی خەڵک" وەرگیراون (جاکارتا: سیستەمی ئابووری ـــ کۆمەڵایەتیی نیشتمانی، ١٩٧١)، ل ١٠٥، ١٢١.

نووسینەکانیدا بەردەوام ئیشارەت بە کۆبوونەوەکانی دەکات لە گەڵ سوکارنۆ، کە لە سەرەتایساڵی ١٩٤٢دا چووبووە پۆستی سەرۆکایەتی. گەلێ لە خەلیفەکان، کە ڕەنگە بە تەواوی قەناعەتیان بە دەستبالایی حاجی جەلالەدین نەبووبێت وەک مامۆستایەک و ڕابەرێک، بەڵام بۆیە چووبوونە حیزبەکەیەوە تاوەکوو هەست بە ئەمانی سیاسی بکەن و ئەویش بە دڵنیاییەوە توانی پارێزگارییان بۆ دابین بکات[٢٣]. ئەو خۆی وا پیشاندەدا کە پشتیوانێکی دڵسۆزی سوکارنۆیە و هەر بەو جۆرەش مایەوە لە کاتێکدا گەلێ کەسی تر لە سەرۆک پەست و نیگەران بوون. ساڵی ١٩٦٠ کاتێ سوکارنۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی هەڵبژێردراوی هەڵوەشاندەوە و بە پەرلەمانێکی نوێی ئەندام دەسنیشانکراو جێیگرتەوە و (گشت ڕەخنەکارانی وەدەرنا) لە گەڵ کۆنگرێسی میللیشدا و بەمە جەلالەدین بوو بە ئەندامی هەردوکیان. لە ماوەی دوا ساڵەکانی سوکارنۆدا حاجی جەلالەدین نەرمییەکی زۆری پیشاندا بۆ گونجاندنی زمانەکەی لە گەڵ کەشوهەوای سیاسەتی ڕۆژدا و ئەوپەڕی ئاشکرا دەکرد کە دڵسۆزییە بۆ

[٢٣] یەک لەو چیرۆکانەی کە نەمتوانی بیسەلمێنم و دڵنیا بم لێی ئەوەیە کەوا ئەو خەلیفانەی خۆیان ناونووس کردبوو وەک ئەندامی PPTI ناسنامەیەکیان دراوەتێ کە وێنەیەکی حاجی جەلالەدینی پێوە بووە و تەخویلی کردوون کەوا هاتوچۆیان بە خۆڕایی بێت بە پاسی دەوڵەت لە سۆمەترە.

تەریقەت کە ببێتە مایەی یەکگرتنی موسـڵمانانی جیهان و خەبات کردن دژ بـە (کۆڵۆنیـالیزمی نوێ و ئیمپریـالیزم)[٢٤]. کـاتێ کـە سوکارنۆ جاڕی لە خۆیدا کە تا مردن بە سەرکۆماری دەمێنێتەوە، جەلالەدینیش وەک سەرۆکی حیزبی PPTI تا مردن خۆی سەپاند و ئەمە نازناوێک بوو ماوەیەک لە پاش سـوکارنۆ وازی لێهێنا و ناچاریش کرا کە دەست لە کار بکێشێتەوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٤)، سـوکارنۆ و جەلالەدین). لەم دەمەدا PPTI چیتر بە تاقە ڕێکخراوی پەیڕەوە سـۆمەترەییەکان نەمایەوە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی - خالیدی. چوونکە حاجی جەلالەدین توانی شێخەکان و شـوێنکەوتووانی ڕێبازەکانی تریش بێنێتە ناو ڕێکخراوەکەی خۆیەوە کە ڕێگەی دا PPTI لق دامەزرێنێت لە سـەرانسـەری وڵاتدا و (دەسـکەوتی) گەورەی شـێخە گەنجەکەی قادری و نەقشـبەندی بوو بە ناوی ئەباە ئەنۆم کە خەڵکی سووریالایا بوو لـە ڕۆژئـاوای جـاوا و نوێنـەرانی هەرێمـەکانی تر تـا ڕادەیـەک نەناسـراو بوون لە مالیزیا و کالیمانتان و سـولاوێسـی و جاکارتا و بەشـی زۆری سـۆمەترەدا. هەندێک لەمانە وەک مامۆسـتا و ڕابەری سـۆفی دامەزراون پێش ئەوەی بچنە ناو حیزبی PPTI

[٢٤] پێشـەکی بۆ نامیلکەی "Tigaserangkai" (واتە سـێ هاوڕێ لە یەکتر دانەبڕاوەکە)، (جاکارتا: ١٩٦٤)، کە داکۆکییەکی ترە لە تەریقەتی نەقشـبەندی دژ بە تۆمەتبار کردن بە بیدعە.

وه، بەڵام گەلێکی تریان ڕاســـتەوخۆ لە لایەن حاجی شـــێخ جەلالـەدین و میتۆدە نوێکـانییەوە بۆ بڵاوکردنەوەی تـەریقـەت کاریان پێســـپێردرابوو و ئاڵوگۆڕی پەیوەندیی چاپکراو وردە وردە جێی پەیوەندیی شەخسیی گرتەوە.

ڕەنگە جەلالەدین یەکەم شـــێخی نەقشـــبەندی بووبێت کەوا ئیرشـــادی بنەماکانی ڕێبازەکەی بە شـــێوازی گۆڕینەوەی نامەو نامەکاریی کردبێت. کەرەستە سەرەتاییەکانی ئیرشاد و فێرکردن پێکهاتبوو لە نووســین و لێکۆڵینەوەیەکی شــەش بەرگی بە ناوی Rahasi amutiaraath-thariqat annaqsy bandiyah واتــە (ڕێبازی نەقشبەندی: نهێنیی گەوهەر)، کە ڕاسپاردەی ڕوون و پڕ وردەکاری دەداتە پەیڕەوان بە شێوەیەکی زیاتر لە هەر تێکستێکی تری نەقشبەندی کە من بینیبێتم[٢٥]. شیکردنەوەی چۆنێتیی نمایش کردنی زیکری جۆراوجۆر هاوکات لە گەڵ وێنەی بیرخەرەوەی ئەوەی کە لە کوێی جەســـتەدا زیکر جێدەگرێت یان چۆن دەبێ سـۆفی یان دەروێش، بە هەناسـەدان لە جەسـتەوە ڕایکێشـێت و بیباتەوە بۆ ناو دڵ. وردەکاریی ڕێوڕەسمی هاتنە ناو ڕێبازەکەوە

---

[٢٥] دکتۆر شـــێخ حاجی جەلالەدین، "ڕێبازی نەقشـــبەندی: نهێنیی گەوهەر"، شـــەش بەرگ، بە زمانی مالّیی و بە پیتی عەرەبی. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا سـالآنی ١٩٤٠کان بڵاوکراوەتەوە و چەندین جار لە لایەن نووسـەرەکەیەوە چاپکراوەتەوە و هەر جارەی کەمێک دەسکاری و گۆڕانکاریی تێدا کردووە.

یان تەمەسسوک کردن کەوا بەر ڕەخنە و ڕەخنەکاری دەکەوێت لە لایەن شـــێخە نەقشـــبەندییە ڕکابەرەکانەوە وەک بیدعەیەکی شیاوی سەرزەنشت دیسان بە وردی وەسفکراوە – کە بێ ئەم وەســـفـە وردە ڕەنگـە زۆر زەحمـەت بێـت کـەموکووڕی لـە جەلالەدیندا بدۆزێتەوە. (بڕوانە وێنەکانی ٥، ٦، ٧).

نامیلکەکان ئاگایی ئەوەت دەدەنێ کە نابێ ڕاهێنان لە ســـەر نـاوەرۆکیـان بکـەیت بێ ڕابەری و بواردانی گونجـاو – کـە لـە ڕاســـتیدا، یەکـەم بـەرگ بـە بڕگـەیـەک دەســـت پێدەکات کـە ئامۆژگارییە چۆن ڕێبەرێکی ڕۆحیی گونجاو بدۆزیتەوە، بەڵام وادیارە شێخ جەلالەدین گەلێ لە پەیرەوانی دڵگەرمی تەمەسسوک پێکردووە بێئەوەی هەرگیز چاویشـی پێیان کەوتبێت. دەرچووانی کۆرسێک نازناوی دکتۆریان دەدرایە (واتە دکتۆری ڕۆحانییان) و بە خەلیفە یان کارمەندی ناوخۆیی حیزبی PPTI دادەمەزران[٢٦].

---

[٢٦] یەک لەو مامۆستا و ڕابەرانەی نەقشبەندی، کە من چاوم پێکەوت مستەفا زەهریی خەڵکی ئوجونگ پاندانگ بوو (کە ئێســـتا ماکاســـاری پێدەڵێن) لە باشووری سولاوێسییەوە. ئەم پیاوە بووبوو بەخەلیفە و دکتۆریش بێئەوەی بەشـــداریی کۆرســـی ڕاهێنان بکات و پیاوێک بوو خۆی پێگەیاندبوو و پەرۆشـەکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ سۆفیزم و گەلێ کتێبی لەسـەر دانابوو ویـەکێکیـانی نـاردبوو بۆ حـاجی جەلالـەدین. لـە وەڵامی ئـەوەدا منیش "ئیجازەیەکی" بە خەلیفە بوونم بۆ ناردبوو لەگەڵ بڕوانامەیەکی دیبلۆم و نازناوی دکتۆردا.

ئـەم میتۆدی کـارکردنـە بـەرفراوانبوونێکی بێوێنـەی تـەریقـەتی نەقشـبەندیی لێکەوتەوە لە سـەرانسـەری ئیندۆنیسـیادا. لە سـاڵی ١٩٧٥دا شـــێخ جەلالەدین ئیددیعای ئەوەی دەکرد کەوا حیزبی PPTI لە سێ ملیۆن کەمتر ئەندام و پەیڕەوی نییە. ڕەنگە ئەمەش ئیشارەتێکی مانادار بێت بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئیندۆنیسی کە دە سـاڵێک پێشـتر ئیددیعای هەمان ژمارەی ئەندامی دەکرد. تەنانەت ئـەگـەر مـەزەندەکـەی PPTI زۆریش زیـادەڕۆیی تێدابێت و دە جارانیش زیادی وتبێت، وەک من بۆی دەچم، بێگومان ئەمە خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی بەرچاوە.

دکتۆر حاجی شـێخ جەلالەدین لە سـاڵی ١٩٧٦دا کۆچی دوایی کرد و لەگەڵ نەمانی ئەویشـــدا حیزبی PPTI دینامیکیەتی خۆی لەدەســـتدا. هەرچەندە ئەم حیزبە ســـەرکەوتووانە لە گەڵ گۆڕانکارییە ســـیاســـییەکانی ســـاڵانی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کاندا مامەڵەی کرد، بەڵام دواجار بە شـــێوەیەکی ڕەســـمی خۆی لە حیزبێکی ســـیاســـییەوە گۆڕی بۆ "گرووپێکی کاروپیشـــە" (کە ئەڵتەرناتیڤێکی سـەندیکاییە بۆ سـیسـتەمی حیزب و لە سـاڵانی شـەستەکاندا سۆکارنۆ پەیڕەویی دەکرد). هەر لەو دەمەشدا بوو بە پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی" سـکرتارییەتی هاوبەشـی گرووپی کار (سێکبەر گۆڵکار)، کە لە سەردەمی سوهارتۆدا بوو بە ئامرازێکی سـیاسـیی بالادەست و حیزبی حکوومەت (گۆڵکار). بەم ڕەنگە لە تەواوی ساڵانی حوکمی سوهارتۆدا ئەم بە تاقە ئامرازی ڕەسمیی

ناســـراو مایەوە بۆ پەیڕەوانی تەماداری ســـیاســـی لە تەریقەتدا. بەھەرحاڵ، دواتر ھیچ ســــەرکردەیەک لە ئاســـــتی پلە و پایەی جەلالـەدیندا لـە نـاو ئـەو ڕێکخراوەدا پـەیدا نـەبوو. ڕکـابـەران دووبەرەکییان خســـتە ناو ڕێکخراوەکەوە و کردیانە دوو باڵی دژ بـە یـەک و ھـەر یـەکـەیان داوای ئـەوەی دەکرد کـە ئـەو حیزبی PPTI "ڕاســـتەقینەیە" و بەڵام ھیچکامێکیان کاریگەریی بەرچاوی نەبوو و ســـەرکردەکانی زیاتر لە ڕووی کار و وەزیفەوە پابەندی سۆفیزم بوون وەک لەوەی ڕابەری ڕۆحیی ڕاستەقینە بن[٢٧].

پرۆفیســـۆر دکتۆر ســـەیدی شـــێخ قادرون یەحیا ئەلخالیدی و ســــۆفیگەرییە "زانســــتییەکەی" لە گەلێ ســــەرەوە، جێگرەوەی ڕاســـتەقینەی شـــێخ جەلالەدین وەک باڵادەســـتترین و میللیترین پەیڕەوی نەقشـــبەندی لە وڵاتدا، شـــێخ قادرون یەحیای زاوای و سـۆمەترەییەکی تر بوو (کە لە باشـووری تەپەنولی لەدایکبووە و بە بنەچە ماندایلینگە). ئەم زاوا و خەزوورە ھەردوکیان خاڵی ھـاوبـەشـــیـان زۆر بوو، چوونکە ھـەردوکیـان لـە قوتـابخـانـە ھۆڵەندییەکاندا خوێندبوویان نەک لە "ســـووراو" (واتە مەدرەســـە

[٢٧] مێژووی PPTI بەھـەنـدێ دوورودرێژی لـە لایەن جۆھـان ئـەفـەنـدییـەوە باسـکراوە، "ڕێکخراوێکی تەریقەت بۆ ململانێ"، لە کتێبەکەی دەبلیو. کراوس دا، "ڕێبازی تەســـەووفی ئیســـلامی لە ئیندۆنیســـیای ئەمڕۆدا"، (ھامبورگ: ئینستیتیوتی لێکۆڵنەوەی ئاسیایی، ١٩٩٠)، ل ٩١ - ١٠٠.

یان حوجره) و هەردوک وەک مامۆستای قوتابخانە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٤٠کاندا لە شاری بیکیتینگی لە ڕۆژئاوای سۆمەترە وانەیان وتووەتەوە. پێدەچێت قادرون سەرەتای زانیارییەکانی و ناسینی ڕێبازی نەقشبەندی لە جەلالەدینی بەتەمەنتر و بەئەزموونتر وەرگرتبێت، کە دواتر لە ساڵی ١٩٤٧دا کچەکەشی خواست. بەڵام ئەم لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لە بایەخی خەزووری کەمدەکردەوە و تەنها ناوی سێ شێخی سۆمەترەی دەهێنا کە ڕابەر و مامۆستای بوون و نکووڵیی لەوە دەکرد کە هیچ کاتێ خەلیفەی جەلالەدین بووبێت[٢٨]. ئەم دوو پیاوە هەردوکیان سەرکەوتووانە بە دوای پارێزگاریی دەسەڵاتی سیاسیدا دەگەڕان و هەردوکیشیان تۆڕی سەرانسەریی وڵاتیان

[٢٨] زۆرێک لەم بڕگانەی خوارەوە بەندە بە چاوپێکەوتنێکی درێژەوە لەگەڵ خودی قادرون یەحیا خۆیدا (لە ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٨٦دا)، بێجگە لە نامە گۆڕینەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسکەندەر زولقەڕنەینی کوڕی کە وتەبێژیشی بوو (٣٠ کانوونی دووەمی ١٩٨٩ و ٧ی نۆڤمبەری ١٩٩٣) و هەروەها لە سەر بابەتەکانی ژیاننامەی لە دوو نامیلکەدا کە لە لایەن پەیڕەوە زۆر نزیکەکانی شێخەوە نووسراون لە بۆنەی لەدایکبوونیدا : خ. ئەحمەد ڕیڤای ڕاکب هیدایەت، *"ئەهلی سیلسیلەی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی"*، (مێدان: پانیتیا پتێرینگاتان هاری گورو، ١٩٧٤). هەروەها ر. حەمدانی هاراهاپ، "یادکردنەوەی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی باوکی شکۆدار پرۆفیسۆر دکتۆر سەیدی شێخ قادرون یەحیا ئەلخالیدی"، (ساوانگان جاکارتا: بەیتولئەمین)، ١٩٩٧.

له پەیڕەوانی دڵسۆز دروستکردبوو، بەڵام قادرون لەم ڕووانەوە لە جەلالەدین سەرکەوتووتر بوو. هەندێک خەڵکی مەدەنیی دەسەڵاتدار و کەسانی سیاسیی (خانەنشینی) سەربازی بووبوونە موریدی دڵسۆزی و بە ئاشکرا پۆستی سیاسی و سەرکەوتنی ئابوورییان بە پشتیوانیی ڕۆحیی ئەو دەزانی. لە ساڵی ١٩٩٢دا سەرۆک سۆهارتۆ بە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی میللی (People's Consultative Assembly - MPR) دامەزراند، کە یەکێک بوو لە تەنها دوو شێخ لەو دامەزراوەیەدا[٢٩]. لە ساڵی ١٩٩٧دا ئیددیعای ئەوەی دەکرد کە ٣٤٧ دەستە و تاقمی شوێنکەوتووی هەیە و هەر یەکەیان خاوەنی حوجرە (سووراو)ی خۆیەتی لە سەرانسەری وڵاتدا هەر لە ئاسێوە Aceh تا ئیریان جایا (پاپوا Papua)[٣٠].

لە کاتێکدا کە شێخ جەلالەدین هۆکاری زۆربەی سەرکەوتنەکانی کتێب و نووسینە بەبڕشتەکانی بوو بەڵام

[٢٩] شێخەکەی تر لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی میللیدا ئەباه ئانۆن (شەهابولوەفا تاجولعاریفین) بوو، کە خەڵکی ڕۆژئاوای جاوا و ڕابەری "قادری و نەقشبەندی" بوو.

[٣٠] هارهاپ، "یادکردنەوەی ١٠ی ویندوو"، ل ١٠. ئەمە ٢٥ سووراو لە ئاسێ، ١٤٩ لە باکووری سۆمەترە، ٣٤ لە شوێنەکانی تری سۆمەترە، ٨٩ لە جاوا، ١٥ لە کەلیمانتان، ١٨ لە سولاوێسی و ٢ لە ئیریان جایا دەگرێتەوە.

سەرکەوتنەکانی شێخ قادرون لە سۆنگەی ئەو ناوبانگەیەوە بوو کە بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی کاری ناسـروشـتیی دەکرد و ئەمەی بە وریاییەوە لای خەڵک چاندبوو. گەلێ کەس کە من چاوم پێیان دەکەوت بە ڕاستی لێی دەترسان و باوەڕیان وابوو کە دەسەڵاتی بە سەر هێزی شەیتانی و ترسناکدا دەشکێت. لە زەینی گەلێ لە پەیڕەوانیدا ئەم شێخە گەیشتووەتە پلەیەکی نزیکی ئەوتۆ لە خواوە کە دەتوانێ هێز و وزەی خواوەند بەکاربێنێ بۆ ئەنجامدانی موعجیزەی زۆر گەورە. لە کۆبوونەوەیەکی دوور و درێژمدا لە گەڵی و تەنانەت لە گفتوگۆشـدا لەگەڵ پەیڕەوە دڵسـۆزەکانی، ئەوەی پێوتم کەوا ئەو نوێنەرێکی نموونەیی شێوازی باتینی ـــ جادوویی ساینکرێتیستی ئیندۆنیسییە. خۆ نواندن و خۆ هەڵکێشـانی لە گەڵ گێڕانەوەی دوور و درێژی توانای جادوویی و هەڵسەنگاندنی بێشەرمانەی خزمەتەکانی بە پارە پێدەچوو بۆ مامۆستایەکی جادووبازی خەڵکی جاوا گونجاو بێت نەک بۆ موسـڵمانێکی باوەڕداری باتینی. من چەند ساڵێکی دواتر بۆم دەرکەوت و بە تایبەتی لە ناو دەسـتە و تاقمە باتینییە ساینکرێتیستەکاندا، کە لە ئیندۆنیسیادا هێند زۆرن لە ژماردن نایەن، کەوا قادرون یەحیا بەوە ناسـراوە کە توانا و دەسـەڵاتی ڕۆحیی گەورەی هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا سـۆفییەکانی تر بە هەندێک گومانەوە تێیدەڕوانن. ئەمە ڕەنگە بەو هۆیەوە بووبێت کە قادرون لە باوەڕ و ڕێنماییەکانیدا جەختی لە پەیوەسـتبوونی

خۆی دەکرد بە جەبەل ئەبو قوبەیسەوە و خۆی لە شێخ جەلالەدین دوور دەخستەوە و خەزووری بە درۆزن و ساختەچی لە قەڵەمدەدا، چوونکە ئیددیعای ئەوەی دەکرد گوایە "ئیجازەی" لە ئەبو قوبەیس وەرگرتووە لە کاتێکدا ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە هەموو زانیارییەکانی تەنها لە کتێبەوە دەسکەوتبوو. بەو پێیە قادرون تەنها باسی پەیوەندیی تاکی خۆی لە گەڵ ئەو ڕابەر و مامۆستا شەرعییانەدا دەکات کە ئیجازەی تەواویان لە ئەبو قوبەیس وەرگرتووە. ئەم پیاوە یەکەم ئیجازەی لە شێخ عەبدولمەجیدی باتوسەنگکار وەرگرتووە (لە ڕۆژئاوای سۆمەترە)، لە ساڵی ١٩٤٩دا و دووەم ئیجازەی، کە ڕێگەی پێدەدا خەلیفە بۆ خۆی دابنێ، ساڵی دواتر لە شێخ محەمەد حاسیمی بوایان وەرگرتووە (کە ئەمیش خەڵکی ڕۆژئاوای سۆمەترەیە) و ئەو شێخەیە کە یەکەمجار لە ماڵی خەزووری چاوی پێکەوت. قادرون ئیددیعای ئەوە دەکات کە محەمەد حاسیم لەپێشترین خەلیفەی ئیندۆنیسیی شێخ عەلی ڕەزا بووە لە مەککە و ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی پەیوەست بووە بە شێخ محەمەد حاسیمەوە، کە ستایشی توانای ئەمی کردووە لە ئەنجامدانی سلووکدا. هەروەها قادرون ئیددیعای ئەوەش دەکات کە لە پاش داگیرکردنی ساڵی ١٩٢٤ی وەهابی، عەلی ڕەزا مەککەی بەجێهێشتووە بۆ هندستان و محەمەد حاسیمی وەک تاقە جێگرەوەی یاسایی ئەبو قوبەیس ناوزەد کردووە لە ئیندۆنیسیادا ــ کە ئەمەش داواکارییەکی بەهێز

دەداتە شێخ قادرون بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بە سەر نەقشبەندییەکانی تردا بشکێت. ئەم ئیددیعایە بە دەستهێنانی میراتێکی گرنگی هێز و گوڕی پێدەبەخشی، کە تاجی (مەهکۆتا)ی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدیی بوو. کۆنترین خەتی چوونە پاڵ جەبەل ئەبو قوبەیس لە ڕۆژئاوای سۆمەترە لقی کەمپوولانی نەقشبەندی بوو، کە دامەزرێنەرەکەی ئیبراهیم کامپولان، بووبوو بە خەلیفەی سلێمانی قرمی. لە ساڵی ١٩٧١دا، شێخێکی ئەو لقە، بە ناوی محەمەد سەعید بۆنجۆل ئەو تاجەی بە دیاریی نارد بۆ شێخ قادرون، کە مامۆستا و ڕابەرەکەی خۆی دابووی، لە گەڵ ئامۆژگاریی ئەوەدا کە بیداتە شیاوترین کەس[٣١]. شێخ قادرون لە بۆنە تایبەتییەکاندا تاجەکەی لە سەر دەکرد وەک سیمبۆلی پەیوەندیی لە گەڵ جەبەل ئەبوقوبەیسدا.

دوو ڕێبازی تری نەقشبەندی کە قادرون ئیددیعای دەکرد

---

[٣١] هارا هاپ، "یادکردنەوەی ١٠ی ویندوو"، ل ٦، چوار بەڵگەی لیست کردووە لە بارەی دانپیانانی شێخ حاسیم بە قادروندا وەک باشترین خەلیفەی: ١) شێخ ستایشی بلیمەتیی دەکات وەک تێڕامان ٢) قادرون تاقە جێگر بووە کە نازناوی سەیدی شێخی پێبەخشراوە لە ئاهەنگێکدا لە سەر مەزاری باپیرە گەورەی ڕابەرەکەی . ٣) شێخ حاسیم پێشبینیی کردووە کە دەبێتە مامۆستا و ڕابەری پیاوانی خوێندنی مۆدێرن و دەبێتە کەسێکی شیفابەخش. ٤) شێخ مۆڵەتی داوە کە ڕێوڕەسمی ڕاهێنانی نەقشبەندی بگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخی هاوچەرخدا.

گوایە پەیوەندیی پێیانەوە هەیە ئەوەی ماندایلینگی شـــێخ شـــەهابوددینی ئایک لیبونگ بوو، کەوا کاریگەریی لە باشـــووری تەپەنولی هەبوو، کە قادرونی تێدا گەورە بووبوو، ئەویتری ئەوەی شـێخ شـەهابی بابوسـسـەلام بوو. ئەو خۆی بە قەرزاری خەلیفەیەکی شـــێخ شـــەهابەدین دەزانێ کە ئاشـــنای تەریقەتی نەقشـبەندیی کردووە و چەند سـاڵێک دواتر شـێخ خۆی زانایی و بلیمەتیی قادرونی ســـــەلماند وەک تێفکرین و تێڕامان و هەموو زانیارییەکی خۆیشـــی بۆ گواســـتەوە[32]. گێڕانەوەیەکی ژیاننامەی قادرون ئیددیعای ئەوە دەکات کە دایکی خەلیفەی شـــێخ عەبدولوەهاب بووە و هەموو جار کە منداڵەکەی نەخۆش بووایە دەیبردە لای شـــێخ و ئەمیش دۆعای خێر و چاکبوونەوەی بۆ دەکرد و هەر شـــێخ عەبدولوەهاب بووە کە ئەم ناوەی لێناوە و ناوەکەی کە باوک و دایکی لێیاندناوە فەرامۆشـــکراوە[33]. من لە

[32] کتێبی ژیاننامەی ساڵی ١٩٧٤ جەخت لە سەر بایەخی ئەم ڕووداوە دەکات و دەیبەســـتێتەوە بە ڕوودانی بوومەلەرزەیەکەوە کاتێ کە شـــێخی بۆنجۆل تاجەکەی داوە بە قادرون یەحیا و بە هەمان شـــێوەش بوومەلەرزەیەکی تر ڕوویداوە کاتی کە ســـولێمان ئەلقرمی ئەم تاجەی بەخشـــیوەتە ئیبراهیم کەمپولان و هەمدیس جاریکیتر کاتێ کە ئەمیش داویەتی بە محەمەد سەعید بۆنجۆل. سەرچاوە: ڕاکوب هیدایەت، "ئەهلی سیلسیلە"، ل ١٤.

[33] هارا هاپ، "Memperingati Sepuluh Windu" زیندوو کردنەوەی یادی دەی ویندوو یان بای دە ڕۆژە"، ل ٥ – ٦ .

خوارەوە دەگەڕێمەوە ســـەر مانابەخشـــینی ئەم ناوە (چوونکە قادرون ناوی خودایە (قادر) و بە ئیزافە دەبێتە عەبدولقادر، واتە کۆیلەی خودا).

بۆ ئەوەی گرنگییەکی ئاشکرای بدەنێ شێخ قادرون و دەستە و دایەرەکەی وایان دەنواند کە شـــێخ میراتگری شـــەرعیی گەلێ خەت و ڕێبازە کە لە جەبەل ئەبو قوبەیسەوە سەرچاوەی گرتووە و جێی سەرسوڕمانە کە نووسینەکانی و وتارە بڵاوکراوەکانی بە زەحمەت ئیشـــارەتی تێدایە بۆ تەریقەتی نەقشـــبەندی. کەچی نووسینەکانی شێخ جەلالەدین بە ڕوونی مامەڵە لە گەڵ تەریقەتی نەقشـــبەندیدا دەکات و یاســـا و ڕاهێنانەکانی بە وردی وەســـف دەکات و پۆزش دەهێنێتەوە بۆ ئەو قسانەی شێخ قادرون لە سەر قورئان و میتافیزیک و زانســـتی پوخت دەیکات[٣٤]. شـــێخ قادرون ئیددیعای ئەوەی دەکرد کە پێکهاتەیەکی نێوان زانســـتی نوێ و تـەکنۆلۆجی و ســـۆفیزمی دۆزیوەتـەوە و کتێبـەکـانی فیزیـا و ماتماتیک و قوتابخانەی ساڵانی ١٩٣٠کانی وک مەجاز بەکاردەهێنا بۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا و بە هەمان شـێوەش بۆ هێزە

---

[٣٤] ڕاکوب هیدایەت، *"ئەهلی سـیلسـیلە"*، ل ٤ – ٥. گۆڕینی ناوی کەسـێک لە بەر زاڵبوون بە سەر ناخۆشییەکدا یان دەسنیشان کردنی گۆڕانێکیی گرنگ لە ژیاندا مەسـەلەیەکی بەربڵاوە لە ئیندۆنیسـیادا. کاتێ کە منداڵێک لاوازە یان نەخۆشـە، ئەمە بە زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوێکی نەشـیاوی لێنراوە و ئامۆژگاریی پیاوێکی ئاقڵ یان شیخێک ڕەنگە گۆڕینی ناوەکەی لێبکەوێتەوە.

بان سروشتەکان کە ئەو دەیزانی چۆن کۆنترۆڵیان دەکات.

چەمکی بێکۆتایی و خاسییەتە ماتماتیکییەکەی ڕێگەی بە شێخ قادرون دەدا بە لێکدانەوەی هەندێ ڕاســـتیی بنەڕەتی لە بارەی خودا و ســـۆفیزمەوە و بێکۆتایی بەپێچەوانەی هەر ژمارەیەکی ترەوەیە و پێدەچێت ڕەنگدانەوەی تاک و تەنهایی خودا بێت. خودا لە ســـەر "عەرشـــی" خۆی دانیشـــتووە، کە دیار و ئاشـــکرایە لە دوورییەکی بیکۆتاییدایە لە ئێمەوە. جا لە بەر ئەوەی کە دووریی یەکسانە بە خێرایی کەڕەتی کات (دووریی = خێرایی × کات ، t s = v .)، کەواتە پەیوەندی کردن بە خواوە یان پێویســـتی بە خێراییەکی بێکۆتاییە یان کاتی بێکۆتایی دەبات (واتە دووریی بێکۆتاییە و بەو پێیە خێرایی یان کات پێویســـتە بێکۆتایی بێت). پێغەمبەران کە لە پەیوەندیی ڕێکوپێکدا بوون لە گەڵ خوادا، بۆیە ئەوەیان پێکراوە چوونکە ڕۆحیانەتیان تیشکدانەوەیەکی تێدا بووە کە فریکانســـەکەی بێکۆتایی بووە و بەو جۆرە گەیشـتووەتە خوا. ئەمە بە "ڕووناکی لە ســـەر ڕووناکی" لە قورئاندا باس کراوە و تیشـکێکە کەوا فریکانســـەکەی بێکۆتاییە و وزەشـی بێکۆتاییە، لە خواوە پەیدا دەبێت و دەڕژێ بە ســـەر پێغەمبەردا. ئەم تیشـــکی فریکانســـی بێکۆتاییە "وەســـیلەیە" (واتە ئامراز یان نێوەندە) کە ڕێگە بە پێغەمبەر دەدات و ئەوانەی پێوەی پەیوەســـتن بە سـیلسـیلەیەکی گونجاو بگەنە حوزووری خوا. زنجیرەی سـی و پێنج مورشـــیدی تەریقەتی نەقشـــبەندی، لەوەی کەوا قادرون

یەحیا تێیاندا دوا کەس بووە، بریتییە لە "پەتێک لە لایەن خوداوە" (حبل من الله) کە لەو ڕێگەیەوە تاکەکەس دەتوانێ پەیوەندیی بە بێکۆتاییەوە بکات.

خوا وزەی بێکۆتایی ناردووەتە خوارەوە لە شێوەی وتەکانی زاتی خۆیدا و دەسەڵاتی بیکۆتایی لە "کەلیماتوڵڵا" ئالاوە، یان لە ئایەتەکانی قورئان کە دەتوانێ هەموو شتێکی نەگەتیڤ تێکبشکێنێ لە نێوان ئەرز و ئاسماندا. ئەوپەڕی ئامانجی هەر بنیادەمێک دەبێ گەیشتن بێت بەم فاکتەرە بێکۆتاییە کە تەنها بەوە دێتەدی کە پەیوەست بیت بە پێغەمبەرەوە، ڕێک وەک ئەوەی تەزوویەکی کارەبا کە چۆن دەبێ بە هۆی کێبلێکەوە لە سەرچاوەکەیەوە بگوێزرێتەوە بۆ گڵۆپێک، ئەم وزە خواوەندییە بێکۆتاییە تەنها بە پەیوەندی کردن لە ڕێگەی پێغەمبەر و زنجیرەی پیاوچاکانەوەیە. ئەم وزە بێکۆتاییەی کەلیماتوڵڵا بەشداری دەکات لە خاسییەتە ماتماتیکییەکانی بێکۆتاییدا. یەک ئەگەر بە بێکۆتایی دابەش بکرێت یەکسانە بە سفر وەک هەر ژمارەیەکی تر کە بە بێکۆتایی لەم تێبینییەوە شێخ قادرون ئەم شێوازە جەبرییەی خوارەوەی، کە خۆی پێیدەڵێت ئیشارەتێکی ڕوونە بۆ "سوننەتوڵڵا" (بۆ نموونە سیستەمی گەردوون)[٣٥]:

---

[٣٥] نووسینەکانی قادرون یەحیا هەروەها هاکەزایین لە ژمارەدا و دووبارە و چەندبارەن لە ناوەرۆکدا، کە بریتین لەمانە: "گەوهەری قورئان لە چەند

ئیبلیس، شـــەیتان، جنۆکە، نەخۆشـــی، شـــێرپەنجە، مادە هۆشـــبەرەکان، ئەتۆم، گەردیلە، جادوو، پەســـتی و تووڕەبوون، هێرش و پەلامـاردان، زینـدووبوونـەوەی جیهـان، تـا دوایی و هەرشتێکی فیزیک و میتافیزیک، باش یان خراپ = سفر.

هێزی بێکۆتایی، بۆ نموونە "کەلیماتوڵڵا" یان ئایەتی تایبەتی قورئان.

ســەرەوکاری کردنی ئەم توانا و دەســەڵاتە بێکۆتاییەی کە لە کەلیماتوڵڵادایە و چڕکردنەوەی و ئاڕاســتەکردنی بۆ مەبەســتی جۆراوجۆر لەم جیهانەدا ئەوەیە کە تەکنۆلۆجیای میتافیزیکیی قادرون کاری لە ســـەر دەکات. چیرۆکەکانی لەبارەی کاری گەورەی ئەم بوارە هێجگار زۆرن و گێڕانەوەیان تام و بۆیەکی خۆی هەیە. لە ســـاڵی ١٩٨٢دا کاتێ کە گڕکانی گالوگانگ لە ڕۆژئـاوای جـاوا ڕوویـدا و زیـانێکی زۆر گـەورەی گـەیـانـدە ویلایەتەکە، ئەفســەرێکی ســوپا هاتە لای قادرون یەحیا و داوای

---

بەشـێکی هەڵبژێردراودا لە بارەی ئاین، میتافیزیک و زانسـتی پوختەوە"، ٣ بەرگ (مێدان: لیمباگا عیلمییە میتافیزیکا تەسەووف ئیسلام، ١٩٨١ ــ ١٩٨٥) و "ڕوخســارە تەکنەلۆجییەکان لە قورئاندا، کۆکراوەیەکی ئەو موحازەرانەی کە لە کۆرســـی ١٩٨٣ – ١٩٨٥ داوتراونەتەوە"، (مێدان: ١٩٨٥). مەحزەری کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسێکی جیهانی لە سەر میتافیزیک کە لە ساڵی ١٩٨٦ لە زانکۆی قادرون ڕێکخراو لە "تـەکنـەلۆجیای قورئان لـە تـەســـەوفی ئیسلامیدا" بڵاوکراوەتەوە، (مێدان: ١٩٨٦).

یارمەتیی لێکرد. شــێخ بە هەلیکۆپتەرێکی ســوپا برایە ڕاســەری گالوگانگ و لە ئاسـمانەوە چەند مشـتێک زیخ و چەوی هاوێشـتە خوارەوە کـە "پڕبوون" لـە "کـەلیمـاتوڵلا". بـە دوای ئـەوەدا هێزە زەبەلاحەکان فشاریان خستە سەر گڕکانەکە و توانییان لە کاری بخەن و کۆتایی بە چالاکییەکەی بێنن. شـێخ قادرون تا ئێســتاش بڕوانامەیەکی لایە کەوا حکوومەتی ویلایەتەکە سـوپاسـی دەکەن لە سەر ئەو خزمەتەی کە بوو بە هۆی وەستانی بوومەلەرزەکە[٣٦].

هەمان "هێزی زەبەلاح"، (کە ئەمە دەســتەواژەیەکە هەموو جار قادرون بەکاریدەهێنا) دەشـــتوانرێ جڵەو بکرێت بۆ کەمکردنەوە مەترسـییەکەی. لە سـەردەمی یاخیبوونی کۆمۆنیسـتدا لە مالیزیا، ئەفســـەرێکی هێزە چەکدارەکانی مالیزیا کە بەتوانا و بلیمەتیی ناســروشــتیی شــێخ قادرونی دەزانی هاتبوو داوای پشــتگیریی لێدەکرد بۆ لەناوبردنی دوا تاقمی کۆمۆنیســتەکان کە ســەنگەری خۆیان لە دارستاندا لێدابوو. هەلیکۆپتەرێکی سوپا شێخی برد بۆ ئەو دارستانەی کۆمۆنیستەکان خۆیانیان تێدا شاردبووەوە، ئەمیش

---

[٣٦] ئەم پەڕەگرافە ئەو مشـــتومڕە ســـەرەکییە کورتدەکاتەوە لە " capita selecta"، بەرگی ٣. "فۆرمۆلەی جەبری" تا توانراوە دەقاودەق تەرجەمە کراوە (ل ١١٥). ئـەم فۆرمۆلـەیـە بـە جیـاوازیی زاراوەســـــازییـەوە کـات دەگێڕێتەوە و لە نووسـینەکانی قادرونیشـدا بە ئاشـکرا وای لەقەڵەم دەدا کە چەقی تیۆرییە زانستییەکەیەتی لەبارەی سۆفیزمەوە.

یەکەمجار ئاوی "کەلیماتوڵڵای" ڕشـــتە بازنەیەک بە چواردەوری ئەو ڕووبەرەی کەوا کۆمۆنیســـتەکانی تێدابوو و هەموو ئەوانەی هـەوڵی دەربـازبوونیـان دا لـەو بـازنـە جـادووییـە کوژران و لەناوچوون. ئەوانەشـــیان کە لە ناو بازنەکەدا مانەوە، قادرون چەند مشـتێک زیخ و چەوی کەلیماتوڵڵای کرد بەسـەریاندا و بوون بە ئامانجی گوللە ڕۆکێت و بەم ڕەنگە سەرلەبەری کۆمۆنیستەکان کوژران. هەروەها قادرون یەحیا پێیوتم کەوا ڕۆڵێکیشی لە جەنگی ئێران - عێراقدا بینیوە ، چوونکە باڵیۆزی عێراق لە جاکارتا شتی لە بارەیەوە بیستووە و دەستبڵاوانە پارەی بۆ هەڵڕشتووە بۆ چەند بوتڵێک ئاوی "کەلیماتوڵڵا" و لە ئەنجامی ئەمەشـــدا هێزەکانی عێراق توانیویانە ئێرانییەکان بگێڕنە دواوە. بەڵام ئەم سـەرکەوتنە سەربازییانەیان نەماوە کاتێ کاری ئەم باڵیۆزە لە جاکارتا کۆتایی پێهاتووە و ئەو کەســەی لە جێی ئەم دامەزراوە بڕوای بە شـێخ قادرون نەبووە و لە ئەنجامی ئەوەشـــدا ئێرانییەکان جڵەوی دەسـپێشـخەرییان گرتووەتە دەست. بە هەمان دەسـتوور بڕوای تەواوی بە خۆی بوو کە مەسـەلەی فەلەسـتین لەئەسـتۆ بگرێت ئەگەر ئەو فەلەســتینیانە بڕوای پێبهێنن و (وەک خۆی دەیوت بە باشـــی خەڵاتی بکەن) ئەوە دەتوانێ یارمەتییان بدات کە تەواوی قودس لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بگێڕنەوە[٣٧].

---

[٣٧] ئەمە یەکێکە لەو چیرۆکانەی قادرون بەردەوام حەز دەکات بیگێڕێتەوە

ئاوی (پڕ) له هێز و توانای کەلیماتوڵلا به شـێوەیەکی ئاسـایی له ناو پەیڕەوانی قادروندا پێیدەوترێت ئاوی "تەوەججوە" (پاش ئـەوەی هـەل و مـەرجی وزەی ڕۆحیی لـه ڕابـەرەوە دەچێت بۆ جێگر له نەریتی نەقشـــبەندیدا) یان ئاوی "کەلیماتوڵلا" بریتییه له یـادکردنـەوەی ئـەو ئـاوە پیرۆزەی لـه لایەن زۆرێـک لـەو پیـاوە ئیندۆنیســـییانەوە بەرهەم دەهێنرێت که وزه و توانای ڕۆحییان هەیە، موســـڵمان بن یان غەیرە موســـڵمان. بوتڵێک ئاو که پیر و پیاوچاکێک دۆعای به ســـــەردا بخوێنێ و ویردێکی له ســـــەر بچرپێنێ وەک دەرمـانێکی کـاریگـەر دەبرێتـه مـاڵـەوە کـه توانـای چاککردنەوەی نەخۆشـــی هەیە یان خێر و خۆشـــی دەخاتە ئەو ماڵەوە، وەک ئاوی زەمزەم که له حەجی مەککەوە دەهێنرێت. زیخ و چەوە وزە بەرزەکان پێیان دەوترێت بەردی "ســـیججیل - ســــجیل" له لایەن خەلیفە و موریدەکانی قادرونەوە، وەک ئەو بەردانەی که تەیری ئەبابیل دەیانکێشـــا به ســـەر ســـوپاکەی ئەبرەهەدا له ســـوورەتی ١٠٥ی قورئاندا و به شـــێوەیەکی موعجیزە ئاســـا هەموو فیلەکانی کوشــــت. هەروەها قادرون دەفڕێکی بووە که وەک ئیددیعای دەکرد توانای خواوەندی تێدا

---

بۆ خەڵکی جۆراوجۆر له کۆبوونەوە و دەرکەوتنی گشـتیدا ئەم کارەی دەدا به گوێی ئاپۆرەی ئامادەبوواندا و هەموو جار یەکێکی دەهێنا گوایە ئەو ئەفسەرەیە که بردوویەتی بۆ گالوگانگ.

چڕبووەتەوە لە گەڵ دارعاســـــایەک (کە وەک خۆی دەیوت لە عاســـــاکەی مووســـــا چووە). ئەو ئەم دارعاســـــایەی بۆ گەلێ مەبەستی تایبەتی بەکاردەهێنا، لەوانە چاککردنەوەی نەخۆشیی چەشنی شێرپەنجە و جارێکیان کەسێکی تازە مردووی زیندوو کردووەتەوە. گەلێ کەس لە پەیڕەوانی قەناعەتیان بەوە بووە کەوا قادرون دەسەڵاتی بە سەر مردن و ژیاندا شکاوە - هەڵبەت قادرونی شێخ یان با بڵێین ڕۆحیانەتەکەی - و قادرونی مامۆستا و ڕابەر نەبووە. بەڵام گەلێ لە ڕەخنەگران بڕوایان بە سەرچاوەی توانا و دەســـــەڵاتەکانی نەبووە بەڵام ســـــڵیان لێکردووە و نەیانویستووە بیورووژێنن و تووڕەی بکەن.

قادرونی مامۆســـتا و قادرونی ئاســـایی، لە بۆنە جیاوازەکاندا باس و گێڕانەوەی جیاواز هەیە لەبارەی سەرەتاکانی خوێندنی و بڕوانامە ئەکادیمیەکانییەوە. ئەم کورتەیەی خوارەوە پێدەچێت کەم تا زۆرێک ڕاســـت بێت. ئەم پیاوە لە باکووری ســـۆمەترە لە دایکبووە و بۆ خوێندن چووەتە جاوا، یەکەمجار بۆ یۆگیا کارتا و پاشـــان بۆ ســـەمارانگ و حەوت ســـاڵی خوێندنی دواناوەندیی (بە زمانی هۆڵەندی) لە ســـاڵانی ١٩٣٠ کاندا لەوێ تەواوکردووە و لە ناوبڕی دوو ساڵی دوای ئەوەدا و لە ساڵانی ١٩٤٠ ـــــ ١٩٤٢ دا ســـــەردانی هۆڵەندای کردووە و لەوێ کیمیای خوێندووە (وەک خۆی پێیوتم) یان ســـــایکۆلۆجیی خوێندووە (وەک ژیاننامە ڕەســـــمییەکەی ئەم دواییەی باســـــی دەکات). لە ماوەی ســـــاڵانی

خوێندنی قوتابخانەی دواناوەندیدا، ئەم لە گەڵ خێزانێکی قەشــەی هۆڵەندیدا دەژیا، کە بە یاریدەدەری خۆی دایناوە و تەنانەت ناوبەناویش ڕێگەی داوە لە کەنیســـەکەیدا وەعز و پەند دابدات[٣٨]. پێدەچێت ئەم قەشـــەیە بچێتەوە ســـەر بیر و بۆچوونی ڕێبازێک کەوا کراوەبێت بۆ ژیانی ڕۆحیی ڕۆژهەڵاتی، چەشـنی کاسـۆلیکە ئازادەکان، کە نزیکبوون لە تیۆسـۆفییەوە[٣٩]. ڕەنگە ئەمە یارمەتیی

---

[٣٨] هەموو ئەم کارو کردەوە موعجیزە ئاسایانە و گەلێ لەوە زیاتریش، شێخ قـادرون خۆی بۆی گێڕاومـەتـەوە لـە یـەکـەم و (دوا) گفتوگۆی چڕوپڕم لەگەڵیدا، لە ماڵی خۆیان لە مێدان و لە ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٨٦دا. هەڵبەت تەماشام دەکرد چیرۆکەکان بەتەواوی ئاشنان بە دەستە و تاقمی پەیڕەوان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیندۆنیســـیادا بەڵام حەزیان نەدەکرد لەگەڵ خەڵکی بێگانەدا باســی بکەن چوونکە بەئاشــکرا دەیکێشـایەوە بۆ تۆمەتبار کردنی شێخ بە ئەنجامدانی سیحر و جادووی نائیسلامی. ئەو خەلیفانەی کە دواتر ئەم چیرۆکە موعجیزە ئامێزانەم لەگەڵیان باس دەکرد لەگەڵ بیر و تێگەیشـــتنی قادرون لە بارەی هێز و توانای ڕۆحییەوە بە تەواوی لەگەڵ ئەوە بوون کە لێکدانەوەیەکی باوەڕدارانەی ئاســـایی بۆ بکەن و پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە هێز و تواناکە هی خوا بووە نەک قادرون، یان وەک یەکێکیان دەیوت قادرونی مامۆســتا و ڕابەری مرۆڤێکی ئاســاییە و هێز و توانای تایبەتی نییە، بەڵکوو کاتێ دەبێتە قادرونی شێخ دەسەڵات و توانای خوا لەودا ڕەنگدەداتەوە و کار دەکات.

[٣٩] ئەســکەندەر زولقەرنەینی کوڕی قادرون و وتەبێژیشــی دواتر قســەکەی باوکی ڕاستکردووەتەوە و باسی ئەوەی کردووە کەوا ئەو کەسە لە یەکەی چاودێریی ورد لە نەخۆشـــخانەی مێدان وەک مردوویەک دەرکراوە و

دابێت لە خوێندنی نەخۆشیی چاککردنەوەدا ("تەبیبان"، بۆ نموونە ڕێوڕەسمی ڕاهێنانی تەبیب یان کەسی شیفابەخش) کە ئەم لە پاش قۆناخی خوێندنی دواناوەندی دەستی پێکرد و قۆناخی خوێندنەکەشی لە هۆڵەندا ترۆپکی ئەو کارەی بوو، بە پێی ژیاننامە ڕەسمییەکەی[٤٠]. پاشان گەڕایەوە بۆ ئیندۆنیسیایەک کە داگیرکراوی ژاپۆنییەکان بوو (١٩٤٢ - ١٩٤٥) و لە جەنگی سەربەخۆییدا (١٩٤٥ - ١٩٤٩) دژ بە هۆڵەندییەکان بەشداری کرد و لە ماوەی ئەو ساڵانەدا لە سۆمەترەی ڕۆژئاوا دەژیا و بە قووڵی چووە ناو تەریقەتی نەقشبەندییەوە. دواتر کچەکەی شێخ جەلالەدینی مارەکرد و بوو بە خەلیفەی جێمتمانەی چەندین شێخی تر. لە پاش جەنگ بڕوانامەیەکی لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا هێنا و لە قوتابخانەدا وانەی زمانی دەوتەوە. لە ساڵی ١٩٦١دا زانکۆیەکی تایبەتی لە شاری مێدان دامەزراند، بە ناوی زانکۆی پانکا بودی، کە وەک ئەم ئیددیعای دەکرد تاقە زانکۆیە لە جیهاندا کە بەشێکی خوێندنی میتافیزیکی تێدابێت. هەڵبەت لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە ئەم سەرۆکی زانکۆکە و بێگومان

---

دەرمان و تیمارکردنیان ڕاگرتووە، بەڵام پاش ئەوەی براوەتە ماڵی قادرون هۆشی هاتووەتەوە بەر و بووژاوەتەوە، (پەیوەندییەکی شەخسی).

[٤٠] لەبارەی ئەم مەسەلە ئەکلیرکییەوە قادرون لە مشتومڕێکدا لە گەڵی لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٨٦دا (کەوا گەلێ لە شوێنکەوتووانی ئامادە بوون) پێی وتم کە لە هیچ گێڕانەوەیەکی تری ژیانیدا باسی نەکراوە.

پرۆفیســـۆریش بوو لەوێ و لە هەمان کاتیشـــدا لە کۆلێجە جۆراوجۆرەکانی زانکۆی باکووری ســـۆمەترەدا موحازەرەی دەوتەوە. لە ســـاڵی ١٩٦٨دا زانکۆکەی خۆی بڕوانامەی دکتۆرای دایە لە فەلسەفەی ڕۆحانییەت و میتافیزیکیدا. لە ئەزموونی کار و فەرمانەکانیدا، ژیاننامەکەی باس لەوە دەکات کە ڕاوێژکارێکی تایبەت بووە بۆ فەرماندە ســـەربازییە جۆراوجۆرەکان و دەسەڵاتدارانی سیاسی بۆ کاروباری "ڕۆحی".

لای گەلێ لە پەیڕەوانی شـــێخ قادرون کارە ئەکادیمیەکانی وایکردووە کە دەســـتی بە ســـەر شـــێخەکانی تردا بشـــکێت و شـــەرعییەت بداتە ســـۆفیزمە نوێخوازییەکەی. بەهەرحاڵ، ئەوەی کە زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوان بەڵگەکانی گەورەیی ڕۆحانییەتی ئەم بوو، کە هەندێکیان لە بایۆگرافێکی زۆر نائاســـاییدا باســـدەکرێن کەوا لە ناو پەیڕەوانیدا دەستاودەست دەکات[٤١]. ئەمانە یادکردنەوەی "مەناقیبی" گەورە پیاوچاکانی سەردەمی خۆیانن بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی بۆن و بەرامی ناوخۆیان هەیە. تەنانەت پێش لەدایکبوونی شـــێخیش گەلێ بەڵگە و ئاماژە ئەوەیان دەگەیاند کە ئەو بۆ شـــتی گـــەورە دەســـــنیشـــــان کراوە. دایکی هـــاتبووە نێو تـــەریقـــەتی نەقشبەندییەوە و لە سەردەستی شێخی گەورە، شێخ عەبدولوەهابی

---

[٤١] گەلێ لە پیاوانی ئاینی ئەم تاقمە، کە من چاوم پێیانکەوتووە یان باســـیانم بیستووە، لە ڕاستیدا فەرمەسۆنیش بوون و لە کۆمەڵەی تیۆسۆفیدا چالاک بوون.

بابوسسەلام تەمەسسوکی کردووە. شەوێکیان لە کاتێکدا کەوا ئەم ئـافرەتــە لــە دوای نوێژی ئێوارە خــەریکی زیکر کردن بووە، ڕووناکییەک لە شـێوەی مانگی چواردە هاتووەتە ژوورەوە و لێی نزیکبووەتەوە و لە ناوچەوانییەوە چووەتە ســـەریەوە و ئەمیش بێهۆش کەوتووە. زۆر بە ســـەر ئەم ڕووداوەدا تێنەپەڕیوە و پێغەمبەر هاتووەتە خەوی مێردەکەی و پێیوتووە کە منداڵێکی نێرینەیان دەبێت زۆر گەورە و نوورانی دەبێت و پێیشـــی وتووە ناوی بنێ محەمەد ئەمین، کە ناوی پێغەمبەر خۆی بووە. باوک و دایکەکە وایانکرد، بەڵام منداڵەکە هەمیشـــە نەخۆش بوو و کاتێ دایکی بردیە خزمەت شێخ عەبدولوەهاب پێشنیازی کرد ناوەکەی بگۆڕن بۆ قادرون یەحیا و تەنها کاتێ کە بوو بە شـــێخ خۆی ناوەکەی یەکەمجاری خستە سەر ئەو ناوەی پێی ناسرابوو[٤٢].

[٤٢] چەشـــنی بایۆگرافییە کورتەکەی لە هارا هاپ،"یادکردنەوەی ١٠ی ویندوو یان بای دە ڕۆژە"، ل ٣ ـــ ٧دا هاتووە، کە دوا گێڕانەوەی ڕێگە پێدراوە. لە هەردوک یۆگیاکارتا و سەمارانگ کۆڕ و کۆمەڵی تێکەڵەی هۆڵەندی و چینی و خۆولاتیی ئیندۆنیسـی ئەندامێتییان هەبوو و پەرۆشـــییەکی توندوتۆڵیان هەبوو لە مەســـەلە "ڕۆحییەکاندا"، وەک گێڕانەوەیەکی پێشـــتر لە لایەن خەلیفەیەکەوە باس دەکات کە قادرون پەیڕەویی کۆرســـێکی نووســـراوی چاککردنەوەی جەســـتەیی کردووە کە لە ئەڵمانیاوە ســـەرچاوەی گرتووە (راکوب هیدایەت، ئەهلی سیلسیلە، ل ٥) و زۆری لەبارەی ئیسۆتێریسیزم و بزووتنەوە باتینییەکانەوە خوێندووەتەوە (هەمان سەرچاوە، ل ٧).

کاتێ کە باوکی شـــکۆدار و مامۆســـتا (یانگ مولیا ئایا هەندەگورو)، وەک قادرون بەردەوام بەم ڕەنگە پەســـنی خۆی دەدا، هێشـتا قوتابی بوو لە یۆگیاکارتا، تووشـی شـێخێکی هندی بوو کەوا موریدێکی شێخی گەورە عەبدولقادری گەیلانی و ناوی شـێخ ڕۆحانی بوو، کە بانگهێشـتی کرد لە ماڵی ئەودا بمێنێتەوە. ئەم شـــێخە پێیوت کە "فیوز" یان "ئامرازێک" لە جەســـتەیدایە و (واتە جەســـتەی قادرون - و) بەوە دەتوانێ پەیوەندیی لە گەڵ خوادا بگرێت. دواتر هەر ئەو شـــەوە فریشـــتە لە ئاســـمانەوە دابەزین بۆ پاکژکردنەوەی (ئەمە دووپاتکردنەوەی حیکایەتی ئەو فریشـــتانەیە کە دڵی محەمەدیان پاک شـــۆردووە پێش ئەوەی ســـرووشـــی پێغەمبەرایەتیی بۆ بێت)[٤٣]. دواتر کە قادرون بۆ یەکەمجار چاوی بە شـێخ حاسـیم کەوت هاواری کرد "ئۆ، ئەمە ئەو کەســـەیە کە من چاوەڕێی دەکەم!"و ڕاســـتەوخۆ کەوتە ئەنجامدانی "تەوەججوە" لە گەڵیدا، بێئەوەی داوا بکات کۆڕی زیکر ببەســـتێت لە گەڵ دەســـنوێژ هەڵگرتن و تەوبەدا. باوک و مامۆســـتای شـــکۆدار لەبەر ئەوەی لە لایەن فریشـــتەکانەوە پاکژکرابووەوە پێویستی بە دەسنوێژی هەڵگرتنی ئیزافی نەبوو.

---

[٤٣] لە کتێبەکەی ڕاکوب هیدایەتدایە بە ناوی "ئەهلی ســـیلســـیلە". پەیڕەوە نزیکەکانی شـــێخ قادرون ئەم نامیلکەیەیان دا بە من بەو هیوایەی کەوا باس و خواســـە دزێوەکانی شـــێخ (هەڵبەت لە دیدی ئەوانەوە) ڕاســـت بکەمەوە کە لە یەکەم چاپی کتێبەکەمدا لە سەر تەریقەتی نەقشبەندیی ئیندۆنیسی باسم لێوەکردبوو.

له ڕوانگەی پەیڕەوانی زۆر دڵسۆزی شێخ قادرونەوە، نەک تەنها "فیوز"ەکەی ناوەوەی ڕێگەی پەیوەندیی دەدا بە خواوە، بەڵکووو پەیوەندییە زۆر گەرم و گوڕەکە ڕەنگە وای لێبکات وەک بڵێی خوا ئەوە دەکات کە شێخ قادرون دەیخوازێت. شێخ گەیشتووەتە پلەی یەکبوون "وەحدەت" (یان مێنیاتو، بوون بە یەک)، کە وای لێکدەدەنەوە گوایە چونیەکە لە گەڵ ئاسنێکی هێند گەرمی سپی هەڵگەڕاودا لە ئاگرێکدا و تا ئاسنەکە لە ناو ئاگردا بێت جیاوازیی نییە لە نێوان ئاسنە تیشکدەرەوەکە و ئاگرەکەدا، بەڵام کاتێ کە لە ئاگرەکە دەردەهێنرێت و سارد دەبێتەوە، ئەو کاتە تەنها پارچەیەک ئاسنە و هیچیتر. قادرونی پرۆفیسۆر حەز لە پارچەیەک ئاسنی سارد دەکات بەڵام ئەو شێخەی ئەوان دەیناسن شمشێرێکی بریقەدارە لە ناو ئاگردا و ئاگرەکە و شمشێرەکە چونیەکن[٤٤]. وادیارە هەندێ لە پەیڕەوان مەسەلەی یەکبوونەکە تەواو دەقاودەق وەردەگرن. "پێتۆتۆیەکی" گەنج (کەسێکە پلەیەک لە خوار خەلیفەوەیە) بۆی باسکردم کە چەند هەوڵیداوە بۆ دەرپەڕاندنی جنۆکەیەک کە ئافرەتێکی گەنجی بێزار

---

[٤٤] واتای تەواوی ناوەکە تا ئێستاش من چەواشە دەکات، چوونکە ئەمین وا نەزانراوە کە ناوی محەمەد بێت بەڵام بۆ قادرون یەحیا وادیارە ئیحایەکە بۆ پلە و پایەی وەک ناوەندیارێک لە نیوان خودا و مرۆڤدا. تەواوی ئەو "سووراوانەی" کە قادرون و پەیڕەوانی دایانمەزراندبوو ناوی وەک: دار الأمین، قطب الأمین، سیف الأمین .. تاد یان هەیە.

کردبوو بەوەی کەوا لە ئافرەتەکە بکات زیکر بکات و ئەمەش جنۆکەکەی تووڕە کردووە، کە تەواوی جەستەی ئافرەتەکەی داگیرکردبوو و لە ناو ئەوەوە دەستیکردبووە قسەکردن. "پێتۆتۆکە" خۆی دەستی کردبوو بە زیکر کردن و زیاتر جنۆکەکەی تووڕە و پەست کردبوو. پاشان وێنەیەکی شێخ قادرونی دەرکردبوو و لە جنۆکەکەی پرسیبوو ئاخۆ دەیناسێت و ئەمیش لەوەڵامدا وتبووی "بێگومان، چوونکە ئەمە ئەو کەسەیە کە منی دروستکردووە!".[٤٥]

کەشوفش و خۆنواندنی شێخ قادرون و پلەوپایەی ڕۆحانیی بەرزی و ئەو موعجیزە جۆراوجۆرانەی دەدرێنە پاڵی، خەلیفە و پەیڕەوانێکی بێشوماری بۆ خۆی کێشکردبوو لە هەموو پیشە و چینێک. لە دیمەن و ڕوخساری گشتیدا بە شێوەیەکی ئاسایی تاقمێک لە "خەڵکی جوان" دەوریان دابوو، لەوانە هونەرمەندانی مێینە، ئەفسەرانی پلە ناوەڕاست و یەک دوو کەسی خەڵکی ئەکادیمی. زۆر جار پەنجە درێژ دەکرا بۆ پشتیوانە بەهێزەکانی

---

[٤٥] قادرون لە هەموو شوێنێک دەڵێ کەوا پێغەمبەر پاکژ کراوەتەوە، بە کردنەوەی سینگی و چوار جار شۆردنی دڵی و پاش ئەوە بۆراقی دراوەتێ (ئەو گیانلەبەرە باڵدارەی بە گەشتێکی شەوانە (إسراء) هەڵیگرتووە و بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە)، کە ئەمە شتێکی تر نییە لە وزەی بێکۆتای "وەسیلە" بترازێت. قادرون یەحیا، "تەکنۆلۆجیای قورئان"، ل ٤١.

وەک ئەنجومەنی وەزیران و جەنەراڵەکان و بیروکراتە بەرزەکان، کە سوپاسگوزاری بوون بۆ ئەو خزمەتانەی پێشکەشی کردبوون. ئەو مورید و پەیڕەوانەی کە من چاوم پێیانکەوت لەو چەند "سووراوەدا" کە سەردانم کرد بەگشتی پیاوانی زیاتر پاشخان هاکەزایی بوون و وا دیاربوو نوێنەری خەڵکە لۆکاڵەکەن. لە سۆمەترەی باکووردا، کە تۆڕی موریدان زۆرترین چڕوپڕیی هەیە، گەلێ لە "سووراوەکان" کەوتبوونە ناوچە دێهاتییەکانەوە و زیاتر جووتیاران و دوکاندارانیان تێدەچوو، کە بۆ ئەوان ڕێوڕەسمی تەریقەتی نەقشبەندی وەک (زیکر و تەوەججوە و سلوک) بە سادەیی بەشێکی تەواوکەری خواپەرستیی ئیسلامییان بوو. لە یۆگیاکارتا، ئەو شارەی بە ژمارەی زۆری زانکۆ بەناوبانگە، ژمارەیەکی زۆری قوتابیان و کارمەندی مەدەنی هاتوچۆی "سووراوەکانیان" دەکرد و گونجاوییەکی تەواویان هەبوو لە تێڕامانی میتافیزیکی و ئەزموون و کردەوەی نائاساییدا. پەیڕەوانی دێهاتنشینی ڕۆژهەڵاتی جاوا کە من چاوم پێیانکەوت وادیاربوو بە تەواویی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی هێز و دەسەڵاتی بان سروشتی و ململانێ ڕۆحییەکانەوە لە گەڵ دیسپلینە ڕۆحییەکان یان ڕابەر و مورشیدەکانی تردا.

لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکە سەرسامەدا بە شێخ قادرون هەڵبەت کەسانێکیش هەبوون ڕەخنەیان لێدەگرت و خەوشیان تێدا دەدۆزییەوە. شێخە نەقشبەندییەکانی لقەکانی تر زۆر حەزیان

بەوە نەبوو ڕەخنەی لێبگرن و تەنها گومانیان لەو ئیددیعایانەی دەردەبڕی کە جێگرەوەی شـــەرعیی جەبەل ئەبو قوبەیســـە. بەهێزترین بەرهەڵستکاری لە کۆڕ و کۆمەڵە ڕیفۆرمیستەکانەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەک بڕوایان بە سۆفیگەری نەبوو، بەڵام لە ناو کارە نەریتییەکانیشـــدا گومانی ئەوە هەبوو کە ئەوەی شـــیخ قادرون دەیکات و دیلێت پێشێلکردنی سنوورەکانی بیر و باوەڕی سۆفیزمە. لە مالیزیادا لقە نەقشبەندییەکەی ئەم بە ئاشکرا قەدەغە کرا وەک تاقمێکی لادەر لە لایەن ئۆفیســـی فیدراڵیی کاروباری ئاینی (کە ڕێگەی بە مەودایەکی دیاریکراوی پێناسەی باوەڕداریی دەدا و گـــەلێ بزووتنـــەوەی ئـــاینیی قـــەدەغـــە کردبوو). لـــە ئیندۆنیسیاشدا ئەو شتە دووبارە بووەوە بەڵام هەوڵەکان (سەری نەگرت) بۆ ئەوەی تەریقەتەکەی بە لادەر لە قەڵەم بدرێت لە لایەن ئـەنجومـەنی عولـەمـای ئینـدۆنیســـیـاوە و بەڵکووو لـە لایەن حکوومەتەوە قەدەغە کرا لە بەر هۆکاری جۆراوجۆر. وەک باس دەکرا کەوا پەیڕەوانی لە کاتی نوێژدا وێنەی شێخیان لە بەردەمی خۆیـانـدا دادەنـاو بـەو جۆرە وا دەردەکـەوتن کـە زیـاتر ئـەو دەپەرستن نەک خوا[٤٦]. کۆڕ و ئاهەنگی چوونە ناو تەریقەتەوە وا

[٤٦] گفتوگۆی هەمەلایەنە لەگەڵ هێندرۆ ســـاپتۆنۆی نوێنەری قادرون لە یۆگیاکارتاو لەگەڵ ئەحمەد موجیبی نوێنەری باشـــووری ســـۆمەترە، حوزێران و تەمووزی ١٩٩٣.

باس دەکرا ڕێورەسمی سەربڕینی مریشکێکی سپی لەگەڵدا بووە و باوەڕ وابووە کە ئەمە نەریتێکی بتپەرستانەیە و شێخیش بەوە تۆمەتبار دەکرا کە بازرگانی لەگەڵ ڕۆحەکاندا دەکات وەک لەوەی خواپەرستیی بکات و فریشتەکان بدوێنێت. سات و سەودای قادرون لە گەڵ کۆڕ و کۆمەڵە خاوەن دەسەڵاتەکاندا ڕێگەی لە قەدەغە کردنی ڕێبازەکەی گرتبوو، بەڵام تۆمەتبار کردنی بە بیدعە و هەرتەقە کاری خۆیان کردبوو. شێخ و خەلیفەکانی بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد قورساییان خستبووە سەر ڕێورەسم و ڕاهێنانی عادەتیی تەریقەتی نەقشبەندی و وایان لێهاتبوو هەندێ لە بیروباوەڕی بنەڕەتییان دەشاردەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤دا قاو داکەوت کەوا شێخ قادرون زیاد لە ١٩٥ خەلیفەی دامەزراندوە و بەو پێیە تەنانەت مەولانا خالیدیشی تێپەڕاندووە . ساڵ بە ساڵ ژمارەیان بەرەو زیادی دەڕۆیشت، بەڵام شێخ گۆڕانکارییەکی لە ناوەکەدا دروستکرد کە بەو پێیە دابەزاندنی پلە و پایەی زۆربەیانی دەگەیاند. زاراوە نوێیەکە (پێتۆتۆ) بوو، کە وشەیەکی تازەی مالایی - جاوایی بوو و واتای (ڕێکخەر یان ڕابەر) بوو و هیچ واتایەکی خەلیفەی نەدەگەیاند و بەو پێیە ڕێگەی لەو تۆمەتانە گرت کە دژ بە شێخ جەلادین قوت دەکرانەوە کە ئەو نازناوەی دەدا بە خەڵک بێ ڕاهێنانی گونجاو. (پێتۆتۆیەک) کە بە مانای بەرپرسی سووراو دێت (هەڵبەت لە هەندێک لەو ٣٥٠ سووراوەی لەو وڵاتەدا هەبوون زیاد لە یەک

پێتۆتۆیان هەبوو) ڕێگەی پێدەدرێت ڕابەریی تەوەججوە بکات (واتە کۆڕی بەکۆمەڵی زیکر کردن) بەڵام تەنها کەمێکیان ڕێگەیان پێدەدرا ڕابەریی "سلوک" بکەن و ئەندامانی نوێ بهێننە ناو تەریقەتەوە. ئەو ئیمتیازە تەنها قۆرخ بوو بۆ چەند کەسێک کەوا کار و کردەوەی تایبەت ئەنجام دەدەن، لەوانە سیحرولمەلیکی زاوای قادرون لە جاکارتا و مۆگا باریتا هاراهاپ لە ڕۆژهەڵاتی جاوا (کە هەردوکیان هاوڵاتیی سۆمەترە بوون: یەکەمیان مینانگکاباو و دووەمیشیان ماندایلینگ بوو وەک قادرون). لەبارەی هاراهاپەوە کە شێوازی دەرکەوتنی زیاتر لە سەرکردەیەکی سەربازی دەچوو وەک لەوەی مامۆستا و ڕابەرێکی سۆفیزم بێت و وەک باس دەکرێ کەوا زۆر لە مورید و خەلیفەکانی لەپێشترە. ئەو هەمیشە نزیک بوو لە بەدیهێنانی یەکبووندا و دەیتوانی بەردی "سیججیل - سجیل" بەرهەم بێنێت، واتە زیخ و چەوی پڕ لە هێزی "کەلیماتوڵڵا"[٤٧]، بەڵام من بۆچوونێکی بەهێزم هەیە کەوا لە ماوەی بیستساڵی ڕابردوودا لقی قادرونی تەریقەتی نەقشبەندی - خالیدی، ئەگەر وەک دەستە و تاقمیکی ساینکرێتیستی باتینیی سیحریی مامەڵە نەکرایە، ئەوە زیاتر نزیک دەبووەوە لە یاسا و دەستووری عادەتیی نەقشبەندییەوە. قادرون یەحیا لە ٩ی مایسی ٢٠٠١دا کۆچی

[٤٧] چاوپێکەوتن، ٢٦ی تەموزی ١٩٩٣.

دوایی کرد و چەند ســـاڵێکی کەم دوای ئەوە یادی لەدایکبوونی هەشـتا سـاڵەی کرایەوە و ئەمە دوا ڕووداوی گەورەی تۆماری ژیانی بوو. دوای خۆی کوڕەکانی ئەســـکەندەر زولقەڕنەین کە چەند ســـاڵێکی کەم دوای باوکی مرد و عەبدولخالیق فەجدوانی جێیان گرتـەوە. ئـەم دوانـە هیچکـامیـان ســـیفـەتی کـاریزمـایی باوکیان و خولیای جیهانی ڕۆحییان تێدا نەبوو و هەردوکیان زیاتر بەڕێوەبەر بوون وەک لەوەی ڕابەری ڕۆحیی بن. فرەی پینەچوو ســیحرولمەلیکی زاوای ڕابەریێتیی تەکێی ســەرەکیی لە جاکارتادا لەئەســتۆگرت و وادیاربوو گەلێ لە ســـەردانیکەرانی عادەتیی خۆی لەدەستدابێت.

## ئەنجام: نوێکردنەوە و خۆماڵی کردن

گەلێ شـێخی تری کاریگەری تەریقەتی نەقشـبەندی - خالیدی هەبوون لە ئیندۆنیسیادا، بەڵام ئەو سیانەی لەم بابەتە نووسینەدا باسـیان هاتووە کاریگەرییەکی بەربڵاوتریان هەبووە لە هاوکارەکانی تریان. بێجگە لەوەش ئەوان بە ڕوونی دوو ئاڕاستە وێنادەکەن کە ڕەنگە لە لقەکانی تری ڕێبازەکەشدا درکی پێبکرێت. یەکێکیان داشـکاندنە بە لای ئۆرگانی فەرمی و بیروکراتییەوە لەگەڵ گۆڕینی شـێوازی پابەند بوون لە پەیوەندییەکی تایبەت بە شـێخەوە بۆ ئەندامیتی لە ڕێکخراوێکدا (کە بە ڕوونی لە حاڵەتی حیزبی PPTI شـێخ جەلالەدیندا دیارە). وەک هەردوو ئاڕاسـتەی PPTI و تۆڕەکەی شـێخ قادرون دەریدەبڕن گواسـتنەوەیەکی تەواو لە کاریزماییەوە بۆ شـەرعیەت پێدانی بیروکراتییەتی دەسـەلات لە ڕێبازێکی سـۆفیدا ئەگەری سـەرکەوتنی دوورە. پێکهاتەی بیروکراتیی PPTI بە چاکی کاری دەکرد کاتێ شـێخ جەلالەدین هێشـتا لە ژیاندا بوو. بە هەمان شـێوە هۆکاری پێکهاتەیی نییە کە بۆچی تۆڕی "سووراوەکان" چوونە ناو ڕێبازی نەقشـبەندیی قادرونەوە دەبوو نەیانتوانیبایە لە کار و وەزیفەی خۆیاندا بەردەوام بن، بەڵام بە ماوەیەکە کەم لە پاش مردنی ڕوونبووەوە کەوا سـیفەتی کاریزمایی ئەو بووە کە تۆڕ یان نێت وۆرکەکەی پێکەوە هێشـتووەتەوە و وای کردووە کۆمیونیتییە

(کۆمەڵگە) ناخۆییەکە هاتووچۆی "سـووراو" بکەن. حیزبی PPTI وەک ڕێکخراوێک بەردەوام بوو (هەرچەندە بە زەحمەت گەشـەی دەکرد) چوونکە حکوومەت وەک تـاقـە کـاروانێـک بۆ پـەیڕەوانی تەریقەت پشـتیوانیی لێدەکرد. جێی سـەرسـوڕمان دەبوو لای من ئەگەر تۆڕە "سـووراوەکانی" قادرون لە کاروباری بەفەرمی ناسـین و سـەلماندندا ماوەیەکی هێند دوور و درێژ بەردەوام بوونـایـە مـەگـەر سـەرکردەیـەکی کـاریزمی پـەیدا ببێتـەوە کـە هەموویان بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە.

زنجیرەی یەک لە دوای یەکی عەبدولوەهاب - جەلالەدین - قادرون دیسـان نموونەیەکی ڕوونی پرۆسـەی خۆماڵی کردنی تەریقەتی نەقشـبەندیی خالیدییە لە کات و سـاتی کۆتایی هاتنی سـەنتەرەکەی جەبەل ئەبوقوبەیسـەوە. شـێخەکانی بابوسـسـەلام لەو دەمەوە کە لە سەر دەستی شێخ عەبدولوەهاب تەمەسسوکیان کردبوو کەم تا زۆر پارێزگارییان لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان دەکرد. شێخ جەلالەدین ڕێکخەر و بەمشوور بوو، کە بە پەرۆشی و دڵگـەرمیی خۆی شـێوازی نوێ و ئـەرگومێنتی نوێی دژ بـە نەیارەکان هێنابووە ئاراوە. هەڵبەت لە ڕێوڕەسـمی وردەکایی تەمەسـسـوکدا کە ئەو بەتۆکمەیی لە کتێبەکانیدا باس لەوە دەکات کـە ڕەخنە و ڕەخنـەکـاری درکی بـە نوێگـەرییـەکی نموونـەیی ئیندۆنیسـی کردووە (بە مەرگ و ناشـتنی نموونەیی و قۆناخی نێوانیـان کـە خـەونی تێدا دەبینرێت، لـە گـەڵ سـەرلـەنوێ

لەدایکبوونەوەدا). بە بۆچوونی من شێخ قادرون نموونەی پەڕگری پرۆسەی خۆماڵی کردنی یاسا و دەستوور و ڕێوڕەسم دەنوێنێ لە تەریقەتی نەقشبەندیدا. سەرەڕای بەرپەرچدانەوە و دژوارییی، ئەو لە گەلێ ڕووەوە زیاتر بە شێخێکی باتینی ساینکرێتستی جاوایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست دەچوو وەک لەوەی ڕابەرێکی قالبووی شەریعەت بێت لە تەریقەتی نەقشبەندیدا. باتینییەت و تەسەووفی ئەو لەبارەی بەدەستهێنانی هێز و توانای بان سروشت و کۆنترۆڵ کردنی کاروباری ئەم جیهانە بووە وەک لەوەی ملکەچی خواستی خوا بووبێت. بەهەرحاڵ، ئەم هێز و توانا بان سروشتانە لە ڕووی مۆراڵەوە سروشتی بوون و دەکرا جڵەو بکرێن و بوەستێنرێن. ئەمە زیاتر کوشتن بوو نەک چارەسەر لە گێڕانەوەکانی قادرون خۆیدا بۆ موعجیزەکانی تواناکانی زۆر نزیک بوون لە تێگەیشتنی جاواییەکانەوە بۆ هێز و توانا (یان کێساکتیان لە ئیندونیسیادا)، کە چەقی ئەدەبی کلاسیکیی جاوایی بوو و ڕۆڵێکی بایەخدار و بەرچاوی لە سیاسەتی نوێدا گێڕا[٤٨].

زیاتر پێدەچێت کەوا گەشە کردنی کاریگەریی بیری ئیسلامیی

---

[٤٨] ڕەنگە ئەم تۆمەتبار کردنە بەند بێت بە تێنەگەیشتن لە "ڕابیتە" بەڵام بەندیشە بە تێگەیشتنی پەیڕەوە سادە و ساکارەکانەوە کەوا شێخ یەکبوونی ئەنجامداوە.

گۆشـــکراو بە چەمک و باوەڕی ســـەلەفی و ئەو ڕێوڕەســـمەی ڕێگەی لە بەردەوامیی خۆماڵی بوونی تەریقەتی نەقشـــبەندی دەگرت. لەوێ فشـاریکی زیاد دەکرا بۆ سـەرکوت کردنی ئەو بیر و باوەڕ و نەریتانەی بە لادەر لەقەڵەم دەدران و لە ئەنجامدا وەک دەردەکەوێت ڕێوڕەســـم و ڕاهێنانەکانی ڕێبازەکە وەک - زیکری هاوبەش، خەڵوەت، گەڕانەوە بۆ قورئان و حەدیس - بە سـەر ئەو مەسـەلانەدا زاڵ بوون کەوا قادرون یەحیایان کردبووە کەسایەتییەکی ئاوها فرەڕەنگ.

### کورتەیەک

## لە پاش ڕۆژگاری ئەبو قوبەیس: گۆڕانکاریی تەریقەتی نەقشبەندی - خالیدی لە ئیندۆنیسیادا

تەریقەتی نەقشـــبەندی - خالیدی بەخێرایی لە دوورگەکانی ئەرخەبیلی ئیندۆنیســـیدا بڵاو بووەوە لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا و باڵی خۆی بە سەر تەواوی وڵاتدا کێشا و کەوتە ڕکابەری کردن لە گەڵ لقە هاوچەرخەکانی ڕێبازەکەدا. ئەم بڵاوبوونەوەیە بە هۆی چالاکیی هێنانە ســـەر ڕێ بوو لە لایەن شـــێخەکانی جەبەل ئەبو قوبەیســـەوە لە مەککە لە ناو ئەو ئیندونیسیانەدا کە دەچوون بۆ حەج. بەڵام پاش ئەوەی سعوودیە مەککەی گرت نەقشبەندییە خالیدییەکانی ئیندۆنیسیا لە سەنتەری

ئەبو قوبەیس دابڕان و ســـەنتەرە ناوخۆییەکان لەجیاتی ئەو برەویان پەیداکرد. ئەم بەشـــە لەبارەی ســـێ ڕابەری کاریزمایی سۆمەترەوە دەدوێ کە بە شێوەیەکی سەرسامکەر سەرکەوتن لە ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی لقەکانی ڕێبازەکەیاندا و بەدەستهێنانی کاریگەریی سیاسیدا[٤٩]. شێخ عەبدولوەهاب ڕۆکان و شێخ حاجی جەلالەدین و شـێخ قادرون یەحیا[٥٠] و تۆڕی مورید و پەیڕەوانیان پلە و ئاستێکی گەورەی جیابوونەوەیان دەنوێنێ لە ئەبو قوبەیس و گونجانیان لە گەڵ باروزرووف و یاســا و ڕێســای ناوخۆدا و شـــێوازی جیـاوازی پـەیوەنـدی کردن و مۆدێلی جیـاجیـای ڕێکخســـتندا. هـەروەهـا ئـەوان نموونـەیش بوون لـە مێژووی ئیندۆنیسـیادا، لە شـێوەی گەشـەکردنیان و ڕەخسـاندنی ڕێبازی "نوێی" سۆفیگەری کە بوو بە هۆی ڕاکێشانی خەڵکێکی زۆر[٥١].

[٤٩] لیسـتێک بە ناوی ئەم خەلیفانەوە، لەگەڵ سـاڵ و شـوێنی "ئیجازە" وەرگرتنیاندا، لە کتێبەکەی ڕاکوب هیدایەتدایە، "ئەهلی سیلسیلە"، لاپەڕە (٢٣ – ٢٩).

[٥٠] من یەکەمجار لە مێدان هارهاپم بینی لە ناو حەرەمی زانکۆی قادرون لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩دا کاتێ بە خۆشی و سوعبەتەوە چیرۆکە بان ســـروشـــتەکانی دەگێڕایەوە کە قادرون یەحیا لە میتافیزیکدا ئەنجامیداون. "پێتۆتۆیـەک" کە لـە ٢٦ی تـەمووزی ١٩٩٣دا چاوپێکەوتنم لـەگـەڵ کرد لـە یۆگیاکارتا باسی ناوبانگی هاراهاپی بۆکردم لە بواری ڕۆحیدا.

[٥١] بێنێدیکت ئەندرسن، "ئایدیای توانا و دەسەڵات لە فەرهەنگی جاوابیدا"، کە لە کتێبەکە س. هۆڵتدایە، "فەرهەنگ و سـیاسـەت لە ئیندۆنیسـیادا، (ئیسـاکا: چاپخانەی زانکۆی کۆرنێل)، ١٩٧٢، ل ١ – ٦٩.

## ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا: لە پەرستشی تایبەتەوە بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی و کاری دامەزراوەیی

"تەریقەتی سـۆفیگەری" زاروەیەکی ئینگلیزیی زۆر باوە بۆ ئەو پێکهاتەیەی کە *تەریقەتی* پێدەوترێت (دەقاودەق 'ڕێباز'؛ کۆی بە عەرەبی طرق؛ ئیندۆنیســـی تەریقەت) و کاتێ بیر لە "ڕێبازەکان" دەکرێتەوە لە باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیای ئیســـلامیدا، ئەوە تەریقەتە کەوا یەکەمجار دێت بە زەین و بیردا. زاراوەی "تەریقەتی ســـۆفیگەری" ڕەنگە فریودەر بێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا، پێشـــنیازی "تەریقەتی" زیاتر وەک لەوەی پاساوی هەبێت. وشەی *"تەریقەت"*، لە کات و شـــوێنی جیاوازدا، ئاماژە بۆ کۆمەڵێکی جۆراوجۆری دیـاردە دەکـات و ئەمەش بە ســـەر تـاک بە تـاکی *تەریقەتە* ســـۆفییەکانی تردا دەســـەپێت. حاڵی حازر، *تەریقەتە* ســـۆفییە ســـەرەکییەکان لە ئیندۆنیســـیادا چالاکن، وەک نەقشـــبەندییە - خالیدییە و 'قادرییە و نەقشبەندییە' دامەزراوەی ئیعتیبارین لەگەڵ ئەندامێتیی بنەڕەتیی بە باشـــی دەســـنیشـــانکراو و گرووپێکی گەورەتر و نەرمتری شـــوێنکەوتووانی ناڕێکخراو کە هەندێ جار بۆ مەبەســتی ســیاســی جووڵێنراون. هەڵبەت ئەوە مەســەلەیەکی

موغرییە بەڵام چەواشـەکارە گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئەمە بووە بە خاســـییەتی تەریقەتەکان لە دەمی هاتنیانەوە بۆ باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیا. ئەم باســـە ئەو ســـەرچاوانەی بەردەســـت پیشـــاندەدات کە زۆرمان پێنالێت لەبارەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی تەریقەتەوە لە ئینـدۆنیســـیـا و ئەمە تەنهـا لە ســـەدەی نۆزدە بەملاوەیە کە ئێمە نموونەی ڕوون دەبینین لە کـاری هـاوبەش. لەوەش زیاتر، من وایدەبینم کە تەریقەتەکان تەنها پێکهاتەکانی هاوشێوەن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا. ئەو کۆمەڵگانەی کە وەک *پوتیهان* دەناســـرێن (ئەو کەســـانەی کە ســـپیپۆشـــن)، لە موســـڵمانە دیندارە توندەکان پێکدێن کەوا بەگشـــتی خۆیان بە پۆشــاک و ڕەفتار جیادەکەنەوە لەودوای خەڵک، کەوا ئەوان (یان هەنـدێـک لەوان) ڕۆڵیــان گێڕاوە وەک پســـپۆڕانی ئـاینی و نموونەکانی مۆراڵ، کە ڕەنگە هێزێکی بەدیسپلینی کاریگەرتر بێت لە ناو موســڵمانانی ئەرخەبیلدا لە ســەردەمەکانی پێشــتردا وەک لەوەی تەریقەتەکان خۆیان بن.

## تەریقەتە سۆفییەکان و بە ئیسلامبوونی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا

نیشتەجێکانی بازرگانە موسڵمانە بیانییەکان بۆ چەندین سەدە بوو لە وڵاتانی بەندەری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، بەڵام تەنها لە سەدەی چواردەدا کۆمەڵگە ڕەسەنەکان کەوتنە سەر ئەوەی ببنە ئیسلام و ماوەی تا سەدەی شانزەهەمی خایاند بۆ بەئیسلامبوونی دوورگەی گرنگی جاوا. ئەم قۆناخی گواستنەوەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هاوزەمان بوو لەگەڵ کاتێکدا، کە تێیدا لە "خاکی ناوجەرگەی" ئیسلامدا، سۆفیگەری لە بزووتنەوەیەکی دەستەبژێری ئاینییەوە پەرەیسەندبوو بۆ پێدەچێت بۆ شێوازێکی باڵادەستی دینداری. ئەو تەریقەتانەی زیاتر میللی بوون لەو سەردەمەدا کەم و زۆر مێتۆدەکانی بەستانداربوونیان دەداییە خەڵکە ئاساییەکە سەبارەت بە چاندنی تەقوای پەرستن و گەیشتن بە لایکەمەکەی ساتەوەختیکی ئەزموونی سۆفیگەری. باوەڕهێنان بە کاریزمای "ئەولیا و دۆستانی خودا کە توانای پەرجوو یان موعجیزە نواندنیان هەبوو (*کەرامات*) تەنانەت لە دوای مردنیشیان و سەردانی (*زیارەتی*) گۆڕی ئەو جۆرە پیاوچاکانە بەشێکی دانەبڕاو بوو لەم شێوازە باڵادەستەی دیندارییە، ئەگەرچی هەندێ *عولەمای* وەک ئیبن تەیمییە (کە ساڵی ١٣٢٨ مردووە) هەبوون کەوا ڕەخنەیان لەم باوەڕ و پەرستشە دەگرت و بەرهەڵستیشیان دەکرد.

بەو پێیە جێی ســـــەرســــوڕمان نییە کە بەرایی ئیســــلامی باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاســـیا بەهێزەوە ڕەنگی فۆرمەکانی ســـــۆفیزمی گرتووە کە باڵادەســــت بووە لە جیهانی بەرفراوانی ئیســــلامیدا لەو کاتەدا. ئەفســـانەکانی وەرچەرخان و وەرگۆڕانی بەشە جیاوازەکان ڕوون و ئاشکرا باس لە کاری پەرجوو ئاسای دەرەکی دەکەن وەک جووڵێنەری سەرەکیی وەرگۆڕانەکان[1]. گەلێ لەو دەقە ئیسـلامییە کۆنانەی لە باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیادان تەژین لە ئییتیکی ســـۆفیگەری یان تێهەڵکێشـــن لەگەڵ چەمک و تێگەیشتنی سۆفیگەریدا[2] و نووسەرە بەراییە موسڵمانەکان کە بە ناو بۆ ئێمە ناســراون وەک - حەمزە فەنســووری، شــەمســەدین پاســـای، نوورەدین ڕانیری، عەبدولڕەئووف ســـینگکێل، یوســـف ماکاسار - ئەمانە سۆفی بوون و شیعر و پەخشانیان نووسیوە وەک گوزارش لە ئایدیا و باوەڕی ئاینیی سۆفیگەری. هەژموونی ئاشکرای سۆفیگەری لە ئیندۆنیسیای بەرایی سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسلام خۆی ناخاتە هەڵوێستێکی نەرم

[1] ڕەسـڵ جۆنز، گۆڕانی ئەفســانە لە ئیندۆنیسـیدا: وەرچەرخان بۆ ئیســلام"، تەحریری لە لایەن نەهێمــا لێفتزیۆن (نیویۆرک: هۆڵمز و مــایەر، ١٩٧٦)، لاپەڕە ١٢٩ - ١٥٨. بەهەرحاڵ، دەبێت ئەوە لەبیر نەکرێت کەوا ئەم ئەفســـانانە زۆر دواترن لەو ڕووداوەی کە ئیددیعای گۆڕان و وەرچەرخانیان دەکرێت.

[2] ج. دەبلیو. جەی. درەوەس، "کەرەســــتەیەکی خاوی جاوی لە ســــەدەی شانزەدا"، (لایدن: بریڵ، ١٩٥٤)؛ *هۆشدارییەکی سەح باری* (لاهای: نیهۆف، ١٩٦٩).

سـەبارەت بە بە پابەندیی شـەرعی وەک بە زۆری گریمانە دەکرێت. لە نێو کۆنترین ئەو دەسـنووسـانەی لە جاوا و سـۆمەترەدان، ئێمە ئەو دەقانەش دەبینین لەبارەی شـەریعەتی ئیسـلامییەوە (*فیقه*) و چەندین نووسـەری گەورەی سـۆفییە بەراییەکانیش کاریان لە سـەر فیقە کردووە و بەرهەمیان بەدەسـتەوە داوە. ڕاسـتییەکەی لە سـاڵی ١٦٣٨دا، حوکمڕانانی بانتێن نوێنەر و نێردەیان ڕەوانەی مەککە کردووە بە سێ ئامانج کە بریتی بوون لە دۆزینەوەی وەڵامگەلی جێمتمانە بۆ هەندێک پرسـیاری میتافیزیکیی پەیوەسـت بە زانسـتی گەردوونیی سـۆفیزمەوە (کۆزمۆلۆجی) و بۆ داواکردنی نازناوی سـوڵتان بۆ حوکمڕانی بانتێن و بانگهێشت کردنی زانایەکی شەرعیی پێشەنگ کە بێت و وەک قازی لە بانتێن نیشتەجێ ببێت[٣].

[٣] یەکەم نێردە لە سـاڵی ١٦٣٨دا ڕەوانە کرا و جەندین حوکمڕانی دواتر نێردەی هاوشێوەیان دەناردلە پاش چوونە سەر تەختیان. وا دیارە مەسەلە میتافیزیکییەکان ئاماژە بەو کارانە دەدەن کە لەلایەن حەمزە و نووسـەرانی نەناسـراوی ترەوە. نووسـراون تیدتیک پودجیاسـتوتی، "سـەجەرەی بانتێن: بڵاوکردنەوەی دەق و وەرگێڕانی هـاوپێچ لەگەڵ پێـداچوونەوەی دەق و نامەکان (تێزی دکتۆرا، زانکۆی ئیندۆنیسیا، دیپۆک ٢٠٠٠)، کانتۆ ٧،٣٧، ٤٢:٢٦.
هەروەها بڕوانە حوسـەین جادینینگرات، بایەخدان ڕەخنەیی بە سـەجەرەی بانتێن: بەشـداری لە نەخشـەسـازییەکی ورد بۆ مێژووی جاوا (هارلێم جۆ ئەنیشخەدە ۆن زونین، ١٩١٣)، ل ٥٠، ١٧٤ – ١٧٥.

گەلێ لە توێژەر و زانایانییەکی وایبۆچوون کە پەیوەندییەکی سەبەبی هەبووە لە نێوان گەشەکردنی تەریقەتە سۆفییەکان لە ناوچەرگەی خاکی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا. ئەنتۆنی جۆنز بەتایبەتی لە گەلێ وتاری بەراییدا وایبۆچووە کە لەوانەیە ئەو بانگەشەکارانەی هاوەڵێتیی بازرگانە موسڵمانەکانیان کردووە ڕۆڵێکی سەرەکییان بینیبێت لەم پرۆسەیەدا[٤]. پێدەچێت هەندێک ئەفسانەی وەرچەرخان لەگەل ئەم گریمانەیەدا یەکبگرنەوە، بەڵام بەڵگەی تری پاڵپشت کەمن. کات تا ڕادەیەک درەنگە لە سەدەی حەڤدەهەم و بەملاوە، کەوا تەریقەتە سۆفییەکان بە ڕوونی و ئاشکرا لە سەرچاوە ڕەسەنە ئیندۆنیسییەکاندا باس بکرێن و دوای ئەوە لە ژینگەیەکدا باس دەکرێن کە بەتەواوی موسڵمانە. نوورەدین ڕانیری پڕ بەرهەمی مالایی (مەلایۆ) نموونەیەکی گونجاوی باشترین بانگەشەکاری سۆفیگەریی بیانییە. بە بنەچە خەڵکی گوجاراتە و ڕەچەڵەکیشی دەچێتەوە سەر عەرەبی حەزرەمەوت و سەر بە تەریقەتی سۆفیگەریی ڕەفاعی بووە و لە ئاچێدا چالاک بووە وەک زانایەکی

[٤] ئەنتۆنی ئێچ. جۆنز، "ڕۆڵی سۆفیگەری لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە مەلایۆ و ئیندۆنیسیادا"، *گۆڤاری کۆمەڵەی مێژووی پاکستان* ٩ (١٩٦١)، ل١٤٣ – ١٦٠؛ ئەنتۆنی ئێچ. جۆنز،"سۆفیزم وەک کاتیگۆرییەک لە ئەدەب و مێژووی ئیندۆنیسیادا"، گۆڤاری مێژووی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ٢ (١٩٦١)١٠ – ٢٣.

پێشــەنگی موســڵمان لە دەرباری حوکمدا تا ئەو کاتەی ناکۆکی و ململانێیەک لە ســاڵی ١٦٤٤دا ناچاری کردووە ئەوێ بەجێبهێڵێت. بەهەرحاڵ، ئەو بەتایبەتی بە کەمپێنی مشتومڕەکانی ناسراوە دژ بە تەعالیمی ســـۆفیگەریی یەکلایەنە نووســـەرە خۆولاتییەکان حەمزە و شــەمســەدین، کەوا کار و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی ڕاســـتەقینەی زانیارییەکی پەرەســـەندووی گوتاری ئیســـلامی. نووسینەکانی ڕانیری و هەروەها ئەوانی حەمزە و شەمسەدینیش مـامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەن بە ئـاســـتێکی بەرچـاوی خوێندنی ئیســلامی. لێکۆڵینەوەی ئەم دواییە بە شــێوەیەکی قەناعەتبەخش ئارگومێنتی ئەوە دەکات کە حەمزە نیو ســـەدە زووتر لە ئێســـتا ڕابوونی بەرپاکردووە بە گریمانە و ساڵی ١٥٧٥ لە مەککە کۆچی دوایی کردووە[٥]. ئەمەش بەو واتـایە دێـت کە شـــێوەی تەواو پەرەسەندووی شیعری سۆفیگەری کە بە زمانی مالایی (مالیزی) نووسرابێت بە زیاتر لە سەدەیەک لە پێش بەراییترین دەرکەوتنی "تەریقەتە" ســـۆفیگەرییەکـان لە نـاوچەکەدا. وا دیـارە ئەم کرۆنۆلۆجیـایە گریمـانەی تەریقەتە ســـۆفییەکـان دەکـات وەک فـاکتەرێکی ســـەرەکیی بەئیســـلامکردنی نـاوچەکە بێ داکۆکی

---

[٥] کلۆد گیلۆ و لۆدڤیک کالوس، "میلی سەر گۆڕی حەمزە فەنسوری"، ئەرخەبیل ٦٠ (٢٠٠٠)، ل ٣ – ٢٤. کلۆد گیلۆ و لۆدڤیک کـالوس، "بەرپەرچ دانەوەی ڤلادیمیر ئی. بارگینسکی"، *گۆڤاری ئەرخەبیل*، ژ ٦٢ (٢٠٠١)، ل ٣٤ – ٣٨.

لێکردنی و بێجگە لەوەش ڕەنگە ئەوان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە ببینن لە قۆناخەکانی دواتردا[٦].

بەناوبانگترین زانا موسـڵمانەکانی سـەدەی حەڤدەهەمی باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا - نورەدین ڕانیری، عەبدولڕەحمان سـینگکێل و یوسـف ماکاسـار - بەئاشـکرا پابەندیی خۆیان بە *تەریقەتە* جۆراوجۆرەکانەوە ڕاگەیاندووە و هەروەها *سیلسـیلەی*

---

[٦] وا ئیددیعا دەکرێت، بە پێی چوارینەکانی حەمزە، کە تێیدا ڕایگەیاندووە کە متمانەی ڕاسـپاردەی باڵای وەرگرتووە (کە عیلمی خیلافەت عەلی یە) کە دەچێتەوە سـەر تەریقەتی تەسـەوفی عەبدولقادری گەیلانی و لە ڕاسـتیدا وەک *خەلیفەیەکی* جێگرەوە کە نوێنەرایەتیی شـێخ گەورە خۆی دەکـات. سـەید موحەممەد نەجیب ئەلعەتتاس، "تەسـەووفی حەمزە فەنسووری (کوالا لامپوور: کتێبخـانەی زانکۆی مـالایـا، ١٩٧٠)، ل ١٠ - ١١. ئەمە یەکێکە لە ئەگەری خوێندنەوە و ئیشـارەتی کەمێک زیاتر هەیە کەوا عەبدولقادر لە کارەکانی حەمزەدا ئیشـارەت بە هەسـتی ڕێزگرتنێکی تایبەتی دەدا بەرانبەر بەم پیاوچاکە بەغدادییە. بەهەرحاڵ، سـەرباری بوونی ئیشـارەتی بەردەوام بۆ هۆنراوەی حەمزە و میتـافیزیکـای سـۆفیگەری، نـاوی ئەو هەرگیز نەهێنراوە لە زنجیرەکـانی دواتری گواسـتنەوەی تەریقەتی قـادری لە ئیندۆنیسـیادا. لەبەر ئەم هۆیە و هۆکاری تریش، من باوەڕم وایە کەوا ڕێنماییەکانی لە ئاچێ ڕاسـپاردەی فەرمیی تەریقەتی لەخۆ نەگرتووە. بۆ زانیاریی زیاتر لە سـەر ئەم بابەتە، بڕوانە ئەو ئارگومێنتانەی لەلایەن مارتن ڤان بروونەسنەوە پێشکەش کراون، "شێخ عەبدولقادری گەیلانی و تەریقەتی قادری لە ئیندۆنیسـیادا"، گۆڤاری مێژووی سـۆفیزم، ١ - ٢ (٢٠٠٠)، ل ٣٦١ - ٣٩٥، بەتایبەتیش ل ٣٦٢ - ٣٦٤.

خۆیان دۆکۆمێنت کردووە (واتە زنجیرەی پشتاوپشت). پابەندیی سەرەکیی ڕانیری ڕەفاعی بوو، کە تێیدا لە سەر دەستی عومەر با شەیبان تەمەسوکی کردبوو، کە عەرەبێکی تری بە بنەچە حەزرەمیی دانیشتووی گوجارات بوو[7]. موحەممەد جیلانیی ڕانیریی مامی نورەدین، وەک مامۆستا و مورشیدێک پێش ئەم کەوتبوو لە ئاچیدا. (نورەدین دەگێڕێتەوە کە چۆن مامی، پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەرسی شەرع و یاسای ئیسلامیی وتووەتەوە لە ئاچێدا، گەشتی نیمچە دوورگەی عەرەبیی کردووە بۆ خوێندنی میتافیزیکی سۆفیگەری، چونکە خەڵکی ئاچێ داوای فێربوونی ئەمەیان کردووە و پاشان لێرە وەک مامۆستایەکی سۆفیگەری گەڕاوەتەوە بۆ ئاچێ). کاتێ کە ئەو بە ڕێگەوە بووە لە ماکاسارەوە بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبی، یوسف ماوەیەکی لە ئاچی بەسەرربردووە و لەوێ پابەدی تەریقەتی قادری بووە لەلایەن نورەدین یان مامیەوە (ناوەکان لە گێڕانەوەکەی یوسفدا

[7] بڕوانە *سیلسیلەی* ڕانیری وەک لە "*جواهر العلوم فی کشف المعلوم*" دا هاتووە، لە سەید نەجیب ئەلعەتتاس، "سەرنجێک لە سەر حوججەتول سیددیقی نوورەدین الرانیری (کوالا لامپوور: وەزارەتی کولتوور، مالیزیا، ١٩٨٦)، ل ١٤ – ١٥. لەبارەی مامۆستاکانی تری باشەیبان و ڕانیرییەوە، بڕوانە ئەزیومەردی ئەزرا، "بناغەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا: تۆڕی عولەماکانی مەلایۆ – ئیندۆنیسی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەکانی ١٧ و ١٨دا، (لایدن: چاپی KITLV، ٢٠٠٤)، ل ٥٤ – ٦٢.

تێکەڵکراوە)[٨]. یەکەم بەشی *سیلسیلەی* قادرییەی یوسف ناوی هەمان عومەر باشەیبان دێنێت و بۆ ماوەی چەندین پشت لە ڕووی کردارییەوە هاوشێوە دەبێت لەگەڵ زنجیرەی ڕەفاعیی ڕانیریدا. پێشینەکانی باشەیبان لەم زنجیرەیەدا دەچنەوە سەر بنەماڵەی ئەلعەیدارۆس، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە گوجارات نیشتەجێ بووبوون و وا دیارە تەدریس و ئیرشادی هەردوک ڕەفاعی و قادرییان کردووە وەک *تەریقەتی* بنەماڵەکەی خۆیان، کە عەیدارۆسییە بووە. بوونی ڕەفاعییە و قادرییە لە ئاچێدا لە دوا ساڵەکاندا و کاریگەرییان لە سەر ڕاهێنانەکانی ئاینیی میللی بەتەواوی سەلمێنراوە، بەڵام ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەمە بە هۆی کاریگەریی ڕانیرییەکانەوە بووە یان بە هۆی هاتنەناوەوەی دواتری هەمان *تەریقەتەوە* بووە.

عەبدولڕەئووف نزیکەی دوو دەیەی لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەسەربرد و لە سەردەستی زانا ناودارەکانی ئەو ڕۆژگارەدا دەیخوێند و بە شێوەیەکی تایبەتی نزیک بوو لە ئەحمەد ئەلقوشاشی (کە لە ساڵی ١٦٦١دا مردووە) و ئیبراهیم

---

[٨] یوسف باس لە سیلسیلە جۆراوجۆرەکانی تەریقەت دەکات لە کتێبە چاپ نەکراوەکەیدا "*سفینة النجاح*". *ئەم سیلسیلانە* جارێکیتر باسکراونەتەوە لە کتێبەکەی ئەبوحامیددا، "شێخ یوسف ماکاسار: عولەماکانی سیۆرانگ)، *sufi dan pejuang* واتە سۆفییان و جەنگاوەران (جاکارتا، یایەسان ئۆبە ئیندۆنیسیا، ١٩٩٤). ل ٣٥٦ – ٣٦٣

ئەلکورانیی جێگرەوەی (کە لە ساڵی ١٦٩٠دا مردووە) و هەردوک ئەم دوانە لە بەرفراواندا بە گەورە زانایانی مەدینە دادەنران. هەردوکیشیان ناوبانگیان وەک دوو زانای شارەزای حەدیس ڕۆیشتبوو و تەدریسی ژمارەیەکی بەربڵاوی زانستی ئیسلامییان دەکرد و لە نێویشیاندا چەندین *تەریقەت*. قوشاشی عەبدولڕەئووفی کردە خەلیفەی خۆی بۆ تەریقەتی شەتتاری، کە لە پاش گەڕانەوەی بۆ ئاچێ (وا دیارە لە ساڵی ١٦٦١دا) کەوتە تەدریس کردنی، هاوشان لەگەڵ ئەو ئایدیا میتافیزیکییانەی پێوە پەیوەست بوون. کاراکتەری قوشاشی و کورانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو *سیلسیلەی* دواتری شەتتاریدا دەبینرێن لە سۆمەترە و جاوادا. لە هەندێ حاڵەتدا، هێڵەکە بە عەبدولڕەئووف و یەکێک لە جێگرەکانیدا تێدەپەڕێت، لە حاڵەتەکانی تردا ئەم قوتابییە ئیندۆنیسییە پەیوەست دەبێت بە کوڕ یان کوڕەزا یان جێگرەوەیەکی دواتری کورانی لە مەدینەدا. (هەروەها لە *سیلسیلەی* نەقشبەندیشدا دەردەکەوێت و وا پیشان دەدات کە خەڵکی تری ئیندۆنیسیی هێناوەتە سەر ئەم تەریقەتە بێجگە لە شەتتاریش).

یوسف ماکاساریش، وەک عەبدولڕەئووف ساڵانێکی زۆری لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەسەربردووە و لە سەر دەستی کۆمەڵێک زانای کارامە و ناوداردا خوێندوویەتی هەر لە یەمەنەوە تا سووریا و هاوزەمان پابەندی چەندین *تەریقەتی* تر بووە. ئەو بێجگە لە تەریقەتی قادری سیلسیلەی خۆی پەیوەست دەکات بە

نەقشــبەندی و شــەتتاری و بەعلەوی و خەڵوەتیشــەوە. ڕابەر و مامۆســتای تەریقەتە شــەتتارییەکەی ئیبراهیم ئەلکورانی بووە و بەپێیە *ســیلســیلەکەی* بە کرداری هــاوشــێوە بووە لەگەڵ عەبدولڕەئوو فدا. ئەو بە شــێوەیەکی ســەرەکی وەک ڕابەری تەریقەتی خەڵوەتی ناسرا، کە لە سووریا پێوەی پابەند بوو بەڵام وا دیارە تەکنیک و ڕاهێنانی ئەم تەریقەتەی لەگەڵ ئەوانی تردا ئاوێتە کردووە و بەتایبەتی نەقشبەندی. پێدەچێت لە دەوروبەری ساڵانی ١٦٠٠کاندا گەڕابێتەوە بۆ ئیندۆنیسیا و لە ساڵی ١٦٧٢دا دەبینین کە لە بانتێن نیشــتەجێ بووە و هەر زوو کاریگەری و دەسەڵاتی لە دەرباری حوکمدا پەیداکرد و پێدەچێت تەنها کەسانی ناوداری ماکاساری سەر بە نەتەوەکەی خۆی پابەند کردبێت بەم تەریقەتەوە. ئەم تەریقەتە کە بە خەڵوەتییەی یوســف ناســرابوو (بۆ جیاکردنەوەی لە ڕێبازێکی تر کە بە خەڵوەتییەی ســەمان ناسرابوو و دواتر هاتبووە ئاراوە)، هەر لە سولاوێسی باشووردا مایەوە و تا ڕادەیەک هەر مۆرک و خاسییەتی ئەریستۆکراتیی پێوەیە[٩].

[٩] مارتن ڤان برووەنەســن، "تەریقەتی خەڵوەتی لە ســێلێبســی باشــوور"، تەحریری لە لایەن ئە. هاری "گەشتەکان لە سێلیبسدا"، (لایدن: قوتابخانەی پۆیزە و پیم، ١٩٩١)، ل ٢٥١ – ٢٦٩ .

مارتن ڤان برووەنەسن، "دادگای شەرع و تەریقەت و پێسانترێن: دامەزراوە ئاینییەکان لە ســەڵتەنەتی بانتێن"، گۆڤاری ئەرخەبیل، ژمارە ٥٠ (١٩٩٥)، ل ١٦٥ – ١٩٩، بەتایبەتی ل ١٨٠ – ١٨٢.

سـەرچاوەیەکی ئیندۆنیسـیی هەیە ئاماژە بە کاتێکی پێشـتری سـەدەی شـانزەهەم دەکات کەوا تەریقەتە سـۆفییەکانی تێدا هاتوون، ئەگرچی ئەم سەرچاوەیە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی درەنگ. مێژووی دەرباری حوکمی بانتێن *Sajarah Banten Ranté Ranté* - یان *حیکایەتی حەسـەنودین*، کە دەبێ لە دەوروبەری سـالانی ١٦٦٢ تا ١٧٢٥ کۆکرابیتەوە و نووسـرابێت و ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن دامەزرێنەری سـیسـتەمی حوکم لە بانتێن، مەولانا مەخدووم ئەلیاس سـونان گونونگ جاتی، چەندین دەیەی لە خویندن و دەرس وتنەوەدا بەسـەربردووە لە مەککە و مەدینە و لەوێش تەمەسـوکی بە چەنـدین تەریقەتەوە کردووە وەک: کوبرەوی، شازلی، شەتتاری و نەقشبەندی. ئەوەی کە زۆر جێی سـەرنجە، ئەم دەقە گرنگترین ناوەکانی سـیلسـیلەی دوو لقی جیاوازی تەریقەتی کوبرەوی لیستکردووە شانبەشانی ئەو قوتابی و موریدە هانیشـتمانییانەی سـونان گونونگ جاتی. دەقەکە ئەو نوێنەرانەی ئەم تەریقەتە لیسـت ناکات کە لە عەبوللەتیف جامیی بەملاوەن و لە ١٥٤٧ – ١٥٤٨دا سـەردانی مەککەی کردووە و هەروەها ئەحمەد شینناوی (لە ساڵی ١٦١٩دا مردووە) کە لە پێش قوشاشیدا بووە وەک زانایەکی پێشەنگ لە مەدینەدا. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەوا هەندێک لە بانتێنییەکان دەبێ ئاگایان لە تەریقەتی

کوبرەوی بووبێت و ئەگەریش هەیە لە مەککە و مەدینە پابەندی بووبێتن لە ویستگە جیاوازەکانی نێوان ١٥٤٧ و ١٦١٩دا[١٠].

## تەریقەتە سۆفییەکانی وڵاتانی ناوجەرگەی ئیسلام لە سەدەی حەڤدەهەمدا

ئەوەی کە هێشتا تێڕوانینێکی گشتیی سەرەکییە لەبارەی تەریقەتە سۆفییەکانەوە، جەی. سپێنسەر تریمینگهام نەخشەی پەرەسەندنی مێژووییان وەک هێڵێکی سادە بە درێژایی سێ قۆناخ بۆ زیادکردنی بە سیستەم کردنی تەکنیکە ڕۆحییەکان و زیادکردنی پلەی ڕێکخستن و ئاوێتەکردنی ژمارەیەکی زیادی مورید و شوێنکەوتووان. تریمینگهام یەکەم قۆناخ دەبەستێت بە

---

[١٠] مارتن ڤان بروونەسن،"نەجموددین ئەلکوبری، جومادیل کوبرا و جەمالوددین ئەلئەکبەر: شوێنکەوتنی کاریگەریی کوبرەوییە لە سەرەتای ئیسلامی ئیندۆنیسیدا"،

ژ ١٥٠ (١٩٩٤): ل ٣٠٥ – ٣٢٩، بەتایبەتی ل ٣٠٧ – ٣١٣، بە گەڕانەوە بۆ ئەو دەقانەی لە لایەن ئیدەلەوە دەرکراوە. هەروەها بڕوانە جەی. ئێدەل،"حیکایەتی حەسەنوددین"، (مەپەڵ: برینک، ١٩٣٨).

هەروەها باباد سێربۆن لە مێژووی دەرباری سێربۆندا باس لەوە دەکات کە سونان گونونگ جاتی کە شازلییە و کوبرەوییە و خەڵوەتییەی خوێندووە لە مەککە.

بڕوانە جەی. ل. ئە. براندس و د. ئە. ڕینکس "باباد سێربۆن" (باتاڤیا: ئەلبرێخت & کۆ. ، لاهای: م. نیهۆف، ١٩١١)، ل ٦٦ – ٦٧.

خانەقاوە یان شـــوێنی ســۆفی، کە ڕابەرێکی ســۆفیی تیدا ژیاوە لەگەڵ موریـدە نزیکەکـانیـدا؛ دووەم لەگەڵ تەریقەتـدا بە مـانـا قەدەغەکراوەکەی، وەک "تەدریســـــی بەردەوامی قوتـابخـانەکانی ســـــۆفیگەری" لە ڕێگەی "جۆری نوێی مێتۆدە بەکۆمەڵەکـانی بەرپاکردنی خۆشنوودی و حاڵ لێهاتن؛ قۆناخی سێهەمیش لەگەڵ دەرکەوتنی "تەریقەتە" گونجـاوەکـانـدا، کە ئەو زاراوەی تـایفە (گرووپ و کۆڕی) بۆ بەکاردێنێت[11].

دەکرێـت ئەم مۆدێلە تەواو ئـاســـــانکراوە بۆ ئـاڕاســـــتە ســــەرەکییەکان ســــوودبەخش بێت کاتێ لەوە دەگەین کەوا لە ڕاســــتیدا پەرەســـــەندنەکان نە یەکگرتوو بوون و نە یەک هێڵ. بەهەرحاڵ، دەکرێ بە شــێوەیەکی لۆجیکی تەماشــای هەر ســێ جۆرە ئـایـدیـاڵەکەی قۆنـاخەکـانی تریمینگهـام بکەین وەک کـایە

---

[11] جەی. ســـپێنســـەر تریمینگهام، "تەریقەتە ســـۆفییەکان لە ئیســـلامدا" (ئۆکســـفۆرد: چـاپی کلارینـدۆن، ١٩٧١)، ل ١٠٣، گفتوگۆی مێژوویی پێشـوەختە کورت دەکاتەوە. دواتر زاناکان کەوتنە ڕەخنەگرتن لە هەندێ لە شـــیکاری و ئیددیعاکانی تریمینگهام. دوو پێداچوونەوەی تری ســـەرەکی ئەمانەی خوارەوەن: ئەلێکسـاندەر پۆپۆڤیچ و گایڵ ڤێنشـتاین، "تەریقەتەکانی ســـۆفیگەری لە جیهانی ئیســـلامیدا لە بنەڕەتەوە تا ئەمڕۆ" (پاریس؛ فایارد، ١٩٩٦)؛ سەید حوسەین نەسر، "ڕۆحانییەتی ئیسلامی: دەرکەوتن و گوزارش" (نیویۆرک: کرۆســـڕۆد، ١٩٩١)، هەردوک ئەمانە دەوڵەمەندن لە زانیاریی تەریقەتە تاکەکاندا بەڵام هەوڵی سەرجەم پێکهاتە و تەریقەتەکان نادەن.

جیاوازەکانی هەر *تەریقەتێک* بە تاک تاک: دامەزراوە مادی یان فیزیکییەکان، زنجیرەی گواستنەوە و پاکێجی ستانداری تەکنیکە رۆحییەکان و رێکخستنی کۆمەڵایەتی. لۆج یان شوێنی تایبەتی سۆفی (کە ناویان *خانەقا، زاویە*، یان *تەکیە* لە دۆخ و سیاقی جیاوازدا) تا ئەم نزیکانە هەر بە دەزگا و دامەزراوەی گرنگ مابوونەوە، بەڵام هەمیشە جۆراوجۆرییەکی گەورە هەبوو لە ئەرک و فەرمانیاندا[١٢]. بە شێوەیەکی سەرەتایی، خانەقا و زاویە بە پلەی یەکەم بەسترابوون بە دامەزرێنەرانیانەوە (میرەکان، والی یان حاکمەکان، بازرگانە دەوڵەمەندەکان) یان ئەو شێخانەی رابەرییان دەکردن[١٣]. لە قۆناخەکانی دواتردا، ئەوان بەستران بە

[١٢] بوارە جۆراوجۆرەکانی شوینی خواپەرستیی سۆفی لەم کتێبەدا گفتوگۆی لە سەر کراوە، ئار. لیفچێز، "لۆج یان تەکیێ دەروێش: شێوازی بیناسازی، هونەر و سۆفیزم لە تورکیای عوسمانیدا" (بێرکلەی: چاپی زانکۆی کالیفۆرنیا، ١٩٩٢). بۆ وەسفکردنی جۆرە جیاوازەکانی لۆجەکاکان لە تەریقەتێکی سۆفیگەری لە میسری هاوچەرخدا و خەڵوەتییە ، بڕوانە ریچارد چی، "تەریقەتی سۆفیگەری چییە؟ پێداچوونەوەی چەمکەکە لە رێگەی لێکۆڵینەوەی حاڵەتیکەوە لەبارەی تەریقەتی خەلوەتییەوە لە میسری هاوجەرخدا"، لە "سۆفیزم و *"مۆدێرن" لە ئیسلامدا"*، کە لەلایەن مارتن ڤان بروونەسن و یولیا د. هۆیڵەوە بووسراوە (لەندەن: ئای. بی. تۆریس، ٢٠٠٧)، ل ٢١ – ٣٨.

[١٣] ئێریک جیۆفری لە لێکۆلینەوەیدا بۆ سۆفیزم لە میسر و سووریا لە سەردەمی مەملووکیدا، وایبۆدەچێت کە خانەقا دامەزراوەیەک بووە بە دامەزرێنەرە دەسەڵاتدار یان دەوڵەمەندەکەی پێناسە دەکرێت و زاوییەش

تەریقەتە سۆفییە تایبەتەکانەوە یان هێڵەکانی ئینتیماوە. دەکرێ وا ڕووبدات کە تەکێ یان خانەقای سەر تەریقەتێک (یان لەلایەن دەوڵەتەوە ڕادەستی تەریقەتێکی تر بکرێت)، بەڵام تەکێ و خانەقای سەربەخۆ لەڕاستیدا تا ڕادەیەک لە حوکمی نەبوودا دادەنرا.

قۆناخی دووەمی تریمینگهام قۆناخێکی یەکلاکەرەوە بوو کە تێیدا زنجیرەکانی پابەندبوون لەگەڵ دامەزرێنەرانی نەتیتە ڕۆحییە جیاکارەکان دەرکەوتن. لە واقیعدا هەموو تەریقەتەکان بە ناوی دامەزرێنەر یان ڕیفۆرمیستێکی ئەم نەریتەوە ناودەنرا و ڕابەران و موریدانی تەریقەت لە ڕێگەی *سیلسیلەوە* پەیوەستی یەکتر دەبوون، کە زنجیرەیەکی پەیوەستبوونی ڕابەر و موریدە، بەم دامەزرێنەرەوە و دواتر تا دەگاتە پێغەمبەر. هەرکام لەم ڕێباز یان تەریقەتە بریتییە لە کۆمەڵە تەکنیکێکی ڕۆحیی جیاکار، کە دەکرێ بە تاک یان بە کۆمەڵ، واتە خوێندنی ناوی خواوەند

---

وا زانراوە کە بۆ ئەو ڕابەری سۆفییە کە سەرکردایەتیی دەکات. ئێریک جیۆفری' تەسەوف لە میسر و سوریا لە سەردەمی مەملووکی و عوسمانییەکانی بەراییدا: ڕینماییە ڕۆحییەکان و مەسەلە کولتوورییەکان V2.indd 146 5/17/18 4:43 PM-Book-6817 ئینستیتیوتی فەرەنسی لە دیمەشق) 175. - Damascus: Institut français de Damas, 1995), pp. 116 پێدەچێت جیاکارییەنی جیۆفری بەرکار بووبێت بۆ ئەو سەردەمە بەڵام پێوانییە ئەقڵانی بێت بۆ شوێن و کاتەکانی تر.

(زیکر)، پـاڕانەوە (*ویرد، ڕاتیـب*)، دۆعـا و نزا و شـــیوازی جۆراوجۆری تێڕامان. سـیلسـیلە بە مەسـەلەیەکی سـەنتراڵ دادەنرێت لە چەمک و تێگەیشتنی هەر تەریقەتێکی سۆفیگەریدا و شـەرعییەتی ڕەچەڵەکی ڕابەر و ڕێنماییەکانی پێکدێنێت و دەیبەسـتێت بە پیاوچاکانی پیرۆزی پێش خۆیانەوە کەوا ناوبانگیان نەریتی ڕۆحیی ئەو *تەریقەتە* تایبەتە دیاری دەکات.

هەروەها *سـیلسـیلە* توخمێکی بنیادیی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی تەریقەتی سـۆفیگەریش پێکدێنێت. شـێخێکی کاریگەر کە چەندین خەلیفەی داناوە و ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان خەلیفەی خۆیانیان داناوە بۆ شـوێنەکانی تر لە ناوەڕاسـتی تۆڕێکی لۆکاڵی کۆڕی موریداندا، کە نوێنەرایەتییەکی ئەندازەییە بۆ ئەو *سیلسیلەیەی* کە لە خەلیفەکان پێکدێت. لە بنەڕەتدا گرووپە پێکەوە نەبەستراوەکانی موریـدان، لەوەش زیـاتر، ڕەنگە ببنە بەشـێک لە تۆڕەکە بە خۆناسـاندنیان بە شـێخ یان خەلیفەیەک و بەو پێیە سـەرلەنوێ *سـیلسـیلەکەیان* ڕێکبخەنەوە[١٤]. دوو ڕاهێنانی تر گرنگ بوون بۆ بواری ڕێکخراوەیی تەریقەت، کە بریتین لە بەیعە یان خۆ نەزر

---

[١٤]ئەم پرۆسـەیە بۆ حاڵەتی نەقشـبەندی شـیکراوەتەوە لە سـەردەمی بەرفراوانبوونی خێرا لە کوردسـتانی سـەدەی نۆزدەدا لە کتێبەکەی مارتن ڤان بروونەسن، "ئاغا و شێخ و دەوڵەت: پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان" (لەندەن، زەد بووکس، ١٩٩٢)، ل ٢٢٤ – ٢٢٨.

کردن بۆ ملکەچی، کە ســـــاتەوەختێکی فەرمییە بۆ چوونە نـاو تەریقەتەکەوە و *ئیجـازە* یـان مۆڵەتی ڕاهێنـانی تەکنیکەکـانی تەریقەتەکە. لە زۆربەی تەریقەتەکـانـدا، پلەی جیـاواز هەن بۆ ئەندامێتی (تریمینگهام باس لە 'شـــوێنکەوتوو' و 'مونتەســـیب' دەکـات) و هەروەهـا هەرەمییەتی *ئیجـازە* (بۆ ڕاهێنـان و ڕابەریکردنی ڕێوڕەســـمە بەکۆمەڵەکـان، بۆ هێنـانەنـاوەوەی ئەندامانی نوێ بۆ تەریقەتەکە).

بە هـاتنی ســـەدەی پـانزەهەم، گەلێ لە تەریقەتە ســـۆفییە سەرەکییەکان - قادری، خەڵوەتی، سوهرەوەردی و ڕەفاعی - لە تۆرە لۆکـاڵییەکـانی گرووپەکـانی پەیڕەوان کە بەســـەر خـاکی تەواوی جەقی ئیسلامدا بڵاوبووەتەوە، لە میسرەوە بۆ هندستان. پاشان کوبرەوی و نەقشبەندی هێشتا هەر تەریقەتی ناوەڕاستی ئاســـیا بوون، بەخێرایی بە باشـــوور و ڕۆژئاوای ئاســـیادا بڵاوبووەوە لە ســەدەی شـانزەدا و بەتایبەتی ئەمی دواییان (واتە نەقشـــبەندی) لێرە بەدواوە بوو بە کاریگەرترین و بەهێزترینی تەریقەتە سۆفیەرییەکانی تر[15]. تەریقەتەکانی چیستی و شەتتاری

---

[15] بۆ سـووریا و میسـر، بڕوانە جیۆفری، "سـۆفیزم لە میسـر و سـووریادا"، پێداچوونەوەیەکی ورد بە جۆرەکانی ڕاهێنانی سـۆفیگەری و دامەزراوەکان و فۆرمەکانی پابەندبوون لە ســـەدەکانی چواردە و پانزەدا. ســـەبارەت بە ئاسیای بچووک، تێڕوانین و دووربینییە گرنگەکان لە سروشتی گرووپەکانی سۆفی و دەروێشەوە لە هەمان سەردەم لەلایەن ئەحمەد ت. قەرەمستەفاوە

لە بنەڕەتدا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ســـــتەبەر کردبوو لە مەککە و مەدینەدا بە تەریقەتێک هندی مایەوە و شــــازلییش، کە تەریقەتێکی بــاکووری ئەفریقــا بوو، بوون و ئــامــادەگییەکی بەرچاویان دەســــتەبەر کردبوو کاتێ زاناکانی ئەو ناوچانە لەوێ وەک مامۆســــتا جێگیر بوون. پلەی ڕێکخراوەیی ئەم تەریقەتانە قورسە و ئاسان نییە لە سەرجاوەکانیانەوە پێوەریان بۆ دابنێین و هەندێکیان بێگومان زیاتر ئارەزووی تێکەڵبوون دەکەن لەوانیتر[16].

---

باس کراوە لە کتێبەکەیدا، "دۆستە لاسارەکانی خودا: گرووپەکانی دەروێش لە ســەردەمی ئیســلامیی ناوەڕاســتی درەنگدا، ١٢٠٠ - ١٥٥٠ (ســالْت لەیک سیتی: چاپی زانستگەی یوتا، ١٩٩٤)؛ هەروەها مستەفا قەرە، "لێکۆڵینەوەکانی مێژووی ســــۆفیگەریی تورکی: تەریقەتەکـان و تەکێکـان و شـــێخەکـان" (ئیســــتانبوڵ: دەرگاە، ٢٠٠٥). بۆ باشـــووری ئاســـیا بڕوانە ئەتهەر عەباس ڕیزڤی، "مێژووی ســـۆفیزم لە هندســـتان، بەرگی ١: ســـۆفیزمی بەرایی و مێژووەکەی لە هندسـتان تا سـاڵی ١٦٠٠" (نیودەلهی: مونشـیرام مانهۆرلال، ١٩٧٨). لەبارەی تەشەنەکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ڕۆژئاوا و باشــــوور، بڕوانە حامید ئالگەر، "تەریقەتی نەقشــــبەندی: ڕوو ماڵێکی ســــەرەتایی بۆ مێژووەکەی و بایەخی"، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئیســلامی *Studia Islamica*، ژ ٤٤ (١٩٧٦)، ل ١٢٣ - ١٥٢؛ دینا لێ گاڵ، "کولتووری ســۆفیگەری: نەقشــبەندییەکان لە جیهانی ئیســـلامیدا، ١٥٤٠ - ١٧٠٠ (ئەلبانی، چاپی زانکۆی ویلایەتی نیویۆرک، ٢٠٠٥)؛ ســــەید ئەتهەر عەبباس ڕەزەوی، "مێژووی ســۆفیزم لە هندســتان، بەرگی ٢: لە ســەدەی شانزەوە بۆ سەدەی نوێ (نیودەلهی: موشیرام مانۆهارلال، ١٩٨٣).

[16] تریمینگهـام بە هەق تێبینیی ئەوە دەکـات کەوا زاراوەی *"تـایفە"* بۆ دوو

شێوەکەی تری ڕێکخراو یان دەستە و تاقم بەکاردێت بە خاسییەتێکی ئاینییەوە کە دەبێ جیاواز بێت لە تەریەتی سۆفیگەری سەرەڕای بوونی شێوازی ڕێکخراوی هاوشێوەی وەک سەندیکای بازرگانی و کۆمەڵەی لاوان یان سوارچاکی. کازەروونییە، کە بە هۆی گەڕیدە ئیبن بەتتووتەی مەغریبیی سەرەتای سەدەی چواردەوە دەیناسین، ئەمیش پێکهاتەیەکی هاوشێوەی تر بوو. ڕەزەوی، "مێژووی سۆفیزم لە هندستاندا"، بەرگی یەکەم، ل ٤٠٩ – ٤١١، وەک شیوازێکی تایبەتی تەریقەتی سۆفیگەری باسی دەکات. تریمینگهام لە "تەریقەتە سۆفییەکان لە ئیسلامدا"، ل ٢١ بە "کۆمپانیای دڵنیایی سۆفیگەری" ناوی دێنێت. ئەو لە تۆڕێک شوێنی تەکێ و خانەقا ئاسا پێکهاتووە کە تەرخان بووە بۆ ئەبو ئیسحاقی کازەروونی سۆفیی سەدەی یانزەهەم، کە پیاوچاکی پیرۆز و پارێزەری دەریاوانان و بازرگانان بووە بە درێژایی ڕێگەی بازرگانیی نیوان کەنداوی فارس و باشووری چیندا. ئیبن بەتتووتە سەردانی مەزاری کازەروونی کردووە (لە باشووری ئێران) و *"خانەقا"* لە کامبای و کالیکوت لە هندستان، هەروەها ئەو مەزارەش کە لە دەرەوەی بەندەری زەیتوونە لە باشووری چین و تێبینیی ئەوەی کردووە کەوا بازرگانان بڕە پارەیەکیان بۆ ئەو پیاوە پیرۆزە بڕیوەتەوە لە بەرانبەر پارێزگاری لێکردنیاندا. ئەم بڕە پارانە لە لایەن زێوانی خانەقا جۆراوجۆرەکانەوە کۆدەکرانەوە (کە ناویان بووبووە پاشکۆی *ڕەچەڵە*کی کازەروونی و ئەمە وایدەگەیاند کە یان نەوەی پشتاوپشتی ئەبو ئیسحاق بوون یان *خەلیفەی* ڕێگەپێدراوی بوون) وەک بریکاری مەزاری ناوەندی و بە پێی سیستەمێکی ئاڵۆز دابەش دەکرایەوە کە ئیبن بەتتووتە باسی لێوە دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ باسێک لە لە ڕێوڕەسمی سۆفیگەری یان شوێنکەوتووانی ئەم *خەلیفانە* هەبێت. ئەمان وەک بریکاری دامەزراوەیەکی دارایی دەردەکەوتن وەک لەوەی مامۆستا و ڕابەری ڕۆحی

هەندێ لە تەریقەتەکان بەسـەنترالّ کرابوون و دەسـەڵاتی تەکێ یان خانەقای سـەنترالّ یان یان ڕابەری باڵا لەلایەن کۆمەڵگە یان کۆمیونیتییە لۆکاڵەکانی ترەوە ددانی پێدا دەنرا. ئەمە ئەو حاڵەتە بوو کە تێیدا دەوڵەتێک پشـتگیریی دەسـەڵاتی ناوەندیی تەریقەتی دەکرد. بەهەرحاڵ، تەریقەتە سـەرەکییەکان سـنووری دەوڵەتیان دەبەزاند و لە باشـترین حاڵەتدا نزیکە ناوەندی بوون. پیاوانی وەک شـیнناوی و قوشـاشـی و کوورانی لە مەدینەدا کە لە ڤێو بەناوبانگترین زانایانی سـەردەمی خۆیاندا بوون و خاوەنی *ئیجازەی* تەدریس و ڕابەری بوون بۆ ژمارەیەک تەریقەتی جۆراوجۆر، ملکەچ نەدەبوون بۆ دەسـەڵاتی هیچ ڕێبازێکی تری بالادەسـت. ئەوەش ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەوان بە ڕاسـتی سـەرۆکایەتیی زاویە یان تەکێیان کردووە و بە ڕێکوپێکی ڕێوڕەسـمی بەکۆمەڵیان بەجێهێناوە، چونکە ئەمە وا دیارە پەیوەندییەکی زیاتر تایبەت بێت بە تەنها تەریقەت یان ڕێبازێکەوە و پێدەچێت مەسەلەکە وانەبووبێت.

---

بن. (بڕوانە کورتەیەکی شـێوازی تەسـویقی "بەرەکەی" ئەبوئیسـحاق لە کتێبەکەی تریمینگهام *"تەریقەتە سۆفییەکان لە ئیسلامدا"*، ل ٢٣٦).

## چی تایبەتمەندیی تەریقەتێک جیادەکاتەوە لە ئیندۆنیسیای سەدەی حەڤدەدا؟

ئەوەی کە زاناکانی سەدەی حەڤدە، ڕانیری و عەبدولڕەئووف و یوسف دەینووسن لەبارەی تەریقەتەکانیانەوە بەندە بە *سیلسیلەکانیان* و چەند وەسفێکی گشتیی کەم سەبارەت بەجێهێنانی زیکر و سرووت و ڕێوڕەسمی دۆعا و پاڕانەوەکانی تر. یوسف وەسفی دۆعا و پاڕانەوەی جۆراوجۆر دەکات بۆ تازە دەستپێکردووان و پێشکەوتووان و ئەمیان بەدوای یەکدا بریتییە لە گۆکردنی ڕستەی "شەهادەتی باوەڕهێنان" (لا إله إلا الله) بۆ ألله، ألله و دواجاریش هو هو (واتە ئەو ئەو) و ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن بڕگەکانی زیکری یەکەم بە ناو جەستەدا ڕادەکێشرێت و دەبێتە هۆی ڕاکێشانی زنجیرەیەک "لا"ی نکوولّی کردن لە ناوکەوە بۆ مێشک و پاشان "إله" بەرەو شانی ڕاست، لەگەڵ تاوێک وەستاندا[١٧]. عەبدولڕەئووف وەسفی هاوشێوە بۆ زیکر دەدات بەڵام بە وردەکارییەکی زیاتر لە نامە و تێزەکانیدا، لەگەڵ ئیزافەکردنی ڕێنمایی زارەکی بۆ *مورشید* (واتە ڕابەری ڕۆحی)

[١٧] بروونەسن، "تەریقەتی خەڵوەتییە لە سێلیبسی باشووردا"، ل ٢٥٥ – ٢٥٦، لە پاش *"حبل الورید لسعادة المرید"* ی یوسف. بڕوانە ئەبو حامید، *"شێخ یوسف مەکاسار"*، ل ٢٠٦ – ٢١٠.

که پێویسته بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێوڕەسمی ڕاهێنان[18]. هەروەها وا باس لە *ویرد* دەکات کە دەبێت دوای هەر پێنج فەرزەی نوێژی ڕۆژانە بخوێنرێت و دۆعا و پاڕانەوەی ڕەتیبی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی دوای نوێژی شێواندا بخوێنرێت لە ڕۆژانی هەینی و سێشەمماندا[19].

ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی عەبدولڕەئووف بۆ خوێندنی *(ڕاتیب rātib)* تەنها ئاماژەیە کە ئەو پابەند بووە بە ڕێوڕەسمی سۆفیگەرییەوە (ڕێنماییەکان ئاشکران لەبارەی خوێندنی ئیمام و بەدوایدا وتنەوەی نوێژکەران). بەهەرحاڵ، هۆکاری بەجێ هەیە کە ئاخۆ ئەم ڕێوڕەسمی بەکۆمەڵە بەدیاریکراوی گرێدراوی تەریقەتە و لەلایەن تەنها مورید و شوێنکەوتووانی نوێوە بەجێدەهێنرێت. ڕەنگە عەبدولڕەئووف وای باسکردبێت کە ڕاهێنان و پەرستشێکی شایستەی ڕێز و شکۆ بێت بۆ تەواوی کۆمەڵگە. لە ساڵانی دواتردا *ڕاتیب*، لە بەرزترین حاڵەتی خۆشنوودی و *جەزبەدا* بەسترابێت بە *تەریقەتی* سەممانییەوە کە سەدەیەک دواتر گەیشتووەتە ئاچێ و دواجار بووە بە شێوەیەک

[18] د. ئە. ڕینکس، "عەبدولڕەئووف ڤان سینگکێل: بەشداری کردن لە زانینی تەسەوف لە سۆمەترە و جاوا" (نامەیکی دوورودرێژ، لەیدن، ١٩٠٩)، ل ٦٤ – ٧٥ لە پاش "عمدة المحتاجين" ی عەبدولڕەئووف)؛ عومان فەتحولڕەحمان، "تنبيه الماسی: مینوال وحدة الوجود: کاسوس عەبدولڕەئووف سینگکێل لە سەدەی ١٧دا لە ئاشێ (باندۆنگ: میزان، ١٩٩٩)، ل٦٦ – ٧٤ (لە پاش تنبيه الماشی).

[19] ڕینکس، "عەبدولڕەئووف ڤان سینگکێل"، ل ٧٤ – ٧٥.

له شـــێوەکانی نەریتی کات بەســـەربردنی میللی کەوا زۆرێک له دەلالەتی پەرســـتشـــی ســـۆفیگەرانەی خۆی لەدەســـتداوە[20]. له دوادوایی ســـەدەی نۆزدەد، وەک ســـنۆک هۆرگرۆنیه به ڕوونی سەرنجی دەداتێ، ئەم ئەداکردن و نمایشانه زۆر جیاواز بوون له پەرســـتش و پابەندییەکانی شـــەتتاری که کەمتر ڕوون بوون و بەعادەت به تاک ئەدا دەکرا نەک بەکۆمەڵ[21]. هەروەها ئەو تێبینیی شـــوێنکەوتوویەکی زۆر کەمی تەریقەتی شـــەتتاریی کردووە له ئاچێ، بەڵام ڕێوڕەســـمێکی پەرســـتشـــی زیندوو له ســـەر گۆڕی عەبدولڕەئووف چڕبووبووەوە[22].

عەبدولڕەئووف دوو جێگر (*خەلیفە*)ی ەسنیشان کردبوو، کەوا گۆڕەکانی ئەمانیش بووبوونه زیارەتگای ســـەرەکی له ئەرخەبیلی ئیندۆنیســـیدا: له مینانگکاباو زانا بورهانەدین ئولاکان له پاریامانی سۆمەترەی ڕۆژاوا و عەبدولموحیی جاوایی له پامیجاهانی جاوای

[20] بەجێهێنانی ڕێوڕەســـمی ڕاتیب له ئاســـێی کۆتایی ســـەدەی نۆزدەدا به وردەکارییەکی باشـــەوە له کتێبەکەی هۆرگرۆنیەی کریســـتیان باســـکراوە، *"ئاشێیەکان De Atjèhers"*، بەرگی ٢ (باتاڤیا: خانەی جاپی نیشتمانی، لایدن: بریڵ، ١٨٩٣)، ل ٢٢٠ – ٢٦٥.

[21] "سۆفیگەری له ڕێبازی شەتتاریدا خۆی ئاشکرا دەکات تەنها له چاودێری کردنی هەندێ خوێندنەوەی تایبەتی ســـادەی ناســـەرســـوڕهێن"، ســـنۆک هۆرگرۆنیه، *"ئاشێیەکان De Atjèhers"*، بەرگی ٢، ل ٢٢١.

[22] هەمان سەرچاوە، ل ١٦ – ٢٠.

ڕۆژاوا. هەر ســـێ گۆڕەکە زۆرێک لە ســـەردانیکەران بۆ خۆی ڕادەکێشـــێت، بەڵام کەم کەس لەمانە لەواقیعدا پابەندی ڕێبازی شـەتتارین[٢٣]. بەهەرحاڵ، لە سـۆمەترەی ڕۆژاوا و جاوای ڕۆژاوا و ناوەڕاســـت، ژمارەیەک لە کۆڕ و کۆمەڵی بچووکی مورید و شـوێنکەوتووانی شـەتتاری هەن کەوا شـوێن ڕەچەڵەکی خۆیان کەوتوون لە ڕێگەی یەکێک لەم دوو *خەلیفە* و عەبدولڕەئووفەوە بۆ قوشـــاشـــی. بە شـــێوەیەکی ڕێژەیی ژمـارەیەکی زۆری دەسنووسی شەرعی سیلسیلەیەکیان تێدایە و ناوی بورهانەدین یان عەبدولموحی دەهێنن ئاماژە بەوە دەکات کەوا هەردوکیان هێڵەکـانی بەخۆ بەردەوامیـدانی گواســـتنەوەی شـــەتتـاریی لەخۆگرتبوو. سـیلسـیلەی دیکەی شـەتتاری لە جاوا ڕەنگدانەوەی

---

[٢٣] ف. س. ڤـان ڕۆنکـڵ، "مەزاری ئۆیلەکـان"، *گۆڤـاری زمـانی دوورگە هندییەکان و خاک و ئیتنۆلۆجیا*، ژ ٥٦ (١٩١٤): ل ٢٨١ - ٣١٦. *Tijdschrift voor Indische Taal*؛

ئەزرا، *"بناغەی ڕیفۆرمر ئیسـلامییەکان"*، ل ٨٤ - ٨٦؛ ئەمان فەتحولڕەحمان، *"تەریقەتی شـــەتتارییە لە میناکاباو، دەق و ســـیاق"*، (Jakarta: Prenada Group/EFEO/PPIM/KITLV Jakarta, 2008), pp. 34 - 40; Media؛ ڕینکس، "عەبدولڕەئووف ڤـان ســـینگکێل"؛ تۆمی کریســـتۆمی، "نەریتی شـــەتتارییە لە جاوای ڕۆژاوا: حاڵەتی پامیجاهان"، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی *Studia Islamika* ، ٨ - ٢ (٢٠٠١): ل ٥٥ - ٨٢.

ئەزرا و فەتحولڕەحمان باس لە قوتابی و موریدەکانی تری عەبدولڕەئووف دەکەن، بەڵام ئەمە بەڵگە نییە کە ئەمانیش نوێنەرایەتی شەتتارییەیان کردبێت.

دوا پـابەنـدبوونن لە لایەن نەوە یـان جێگرەوەکـانی ئیبراهیم کوورانییەوە لە مەدینە[٢٤].

لە هەر یەک لە سـوّمەترە و جاوادا، ناوی شــەتتاری بە شــیوەیەکی تایبەتی بەسـتراوە بە دەق و بڵاوکراوە میللییەکانی تیۆریی فەیزی ئیلاهییەوە کە "حەوت پلەی 'بوونە' " (*مەرتەباتی* توەجوە) کەوا پەیوەسـتی بیر و ئایدیا خۆوڵاتییە ڕەسـەنەکەی گەردووناسـی بووە و بریتییە لە ئایدیا بنەڕەتییەکانی زۆرێک لە

---

[٢٤] ڕینکس، "عەبدولڕەئووف ڤان سینگکێل"، ل ٩٤ – ١٣٠؛ ئەلییفا م. سانتری، 'مەرتەبەت (عەلەم) حەوت: دەقێکی ئیسـلامیی سـوّفی لە گوندی کارانگ، پامیجاهان'

Aliefya M. Santrie, “Martabat (Alam) Tujuh: Suatu naskah mistik Islam dari desa Karang, Pamijahan,” in *Warisan* لە *intelektual Islam Indonesia: Telaah atas karya-karya klasik*, میراتی بیری ئیسـلامیی ئیندۆنیسـیدا: لێکۆڵینەوەی کارە کلاسـیکییەکان. تەحریری ئەحمەد ڕیفاعیی حەسـەن (باندۆنگ: میزان، ١٩٨٧)، ل ١٠٥ – ١٢٩؛ تۆمی کریستۆمی، "بەڵگە و دەلالەتەکانی وەلی: باس و گێڕانەوەی پێگە پیرۆزەکان لە پامیجاهان، جاوای ڕۆژاوا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی نیشـتمانیی ئوسـترالی، ٢٠٠٣[وەک کتێبێکی ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوە لە لایەن ئە. ن. یو پرێسـەوە لە سـاڵی ٢٠٠٨دا]، ل ٢٥ – ٣٧؛ فەتحولڕەحمان 'تەریقەتی شەتتارییە لە میناکاباو "، ل ٧٢ – ١٠٠.

ئەزرا و فەتحولڕەحمان باس لە قوتابی و موریدەکانی تری عەبدولڕەئووف دەکەن، بەڵام ئەمە بەڵگە نییە کە ئەمانیش نوێنەرایەتی شەتتارییەیان کردبێت.

بزووتنەوە باتینییەکانی دواتر و هەروەها پەرســـتش و ڕاهێنانە جادووییەکان. لەگەڵ ئەوەشـــدا، پابەندبوونی ڕاســـتەقینە بە تەریقەتی شـەتتارییەوە پێدەچێت هەر بە سنووورداری مابێتەوە و تەنها أمارەیەکی کەمی مورید و شـوێنکەوتووانی لەدەور بووبێت. لە جاوا، کۆڕ و کۆمەڵی ســـیرەبۆن وەک مەڵبەندی ســـەرەکیی ڕێنمـایی و تەدریســـی شـــەتتـارییە دەرکەوتووە. وا دیـارە پەیوەنـدییەکی ڕاســـەوخۆ هەبووە لە نێوان عەبـدولموحی و دەرباری حوکمی ســـیرەبۆندا و هەندێ نەریت و ترادیســـیۆنی زارەکی ئیـددیعـای ئەوە دەکەن کە شـــازادەی ســـیرەبۆنی مارەکردبێت و گەلێ سیلسیلە لە دەسنووسەکانی سیرەبۆندا وەک ســـەرچاوەی ســـەرەکیی شـــەتتارییە لە جاوادا ناویدێنن (بەڵام ئەوانیتر ئیددیعای پێشـــینەیەکی دواتر دەکەن کە ڕاســـتەوخۆ لە مەدینەوە بووە). تەریقەتەکەش دواتر - لە دوادوایی ســەدەی یان ســەرەتای ســەدەی نۆزدە - لەلایەن *پێسـانترێنی* ســەرەکییەوە تەدریســی تێدا کراوە (شــوێنی فێرکردنی ئیســلامی) لە هەرێمی ســیربیۆن بەڵام تا ئەو کاتە وا دیارە لەلایەن بازنەکانی دەرباری حوکمەوە قەدەگەی لە سەر بووە[25].

---

[25] شارۆن سیددیق، "شوێنەوارەکانی ڕابردوو، توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی سەڵتەنەتی سیریبۆن، جاوای ڕۆژاوا"، (تێزی دکتۆرا، زانکۆی بیلفیلد، ١٩٧٧)، ل ١٢٢ - ١٢٤؛ ئە. جی. موهەیمین، " نەریت و ترادیســـیۆنی ئیســـلامی لە

پێدەچێت هەمان شـــت بۆ تەریقەتەکانی تر لە ئیندۆنیســـیادا ڕاستبێت لە هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەدا. نورەدین ڕانیری و عەبدولڕەئووف زانای ئیســـلامیی پێشـــەنگ بوون لە دەرباری حوکمڕانیی ئاچێدا. یوســـف ماکاســـاریش هەمان ڕۆڵی گێڕا لە دەرباری بانتێندا و نامە و نووسراوی گۆڕیوەتەوە لەگەڵ میرێکی گۆوای هاونەتەوەی خۆیدا لە ســـەر مەســـەلەکانی ســـیاســـەت و ســـۆفیگەری. دەرکەوتووترین مامۆســـتا و ڕابەری تەریقەت لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی هەژدەدا عەبدوڵڵا بن عەبدولقەهار بوو، کە ئیجازەی ڕابەریکردنی هەردوو تەریقەتی شەتتاری و نەقشبەندی لە جێگرەوەی دووەم یان سێهەمی ئیبراهیم ئەلکورانی وەرگرتووە لە مەدینە و ئەو خۆیشـــی ئەندامێکی بازنەکانی دەرباری بانتێنی بوو. دەستەبژێرانی دەرباری سیرەبۆن *ئیجازەی* شەتتارییان لەو وەرگرتووە، بەڵام سێ خەلیفەی نەقشبەندیشی دەسنیشانکردووە بۆ هەرێمی بۆگۆر - سیانجور. ئەم سیانەی دوایی حاجی بوون

---

سیریبۆندا: عیبادەت و عادات لە ناو موسڵمانە جاوایيەکاندا"، (تێزی دکتۆرا، زانکۆی نیشتمانیی ئوسترالی، ١٩٩٥، [وەک کتێبێکی ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوە لە لایەن ئە. ن. یو پرێسەوە لە ساڵی ٢٠٠٦دا])، ل ٢٤٧ - ٢٥١.

چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ ڕابەرەکانی تەریقەتی شەتتاریدا لە سیریبۆن، ئەوانی ســـەر بە پێســـانترێن و دەربـاری حوکم بوون، ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازییەکی بەرچاو بووە لە پراکتیز و ڕاهێنانی نێوان هەردوو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەدا.

بەڵام ڕەنگە باری بژێوییان باس بووبێت هەرچەندە نەگەیشتبووە ئاستی ئەریستۆکراتەکانی دەربار[٢٦].

زیاتر پێدەچێت کە ئەم پیاوانە ڕابەری و تەدریسی خۆیان بۆ تەریقەت قۆرخ کردبوو بۆ ئەوانەی زانیارییەکی تەواویان بە باوەڕی ئیسلامی هەبووە و لە میتافیزیکای سۆفیگەری گەیشتبوون. ڕەنگە پیاوانی دەربار هۆکاری تریان هەبووبێت بۆ ئەوەی نەهێڵن ڕێنماییەکانی تەریقەت بگاتە جەماوەری خەڵک. وەک *حیکایەتەکانی حەسەنەدین و باباد سێربۆن* بەتوندی ئەوە دەگەیەنن کە *تەریقەتە* جۆراوجۆرەکان بە سەرچاوەی زانیاریی تەمومژ دادەنرێت (*ngèlmu*) کە بە شێوەی بانسروشت یارمەتیدەر بووە سەرەڕای پیدانی شەرعییەت بە کۆنترۆڵی حوکمڕان بۆ مەملەکەتەی و ڕەخساندنی پارێزگاری لە هەموو جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک. لە بازنەکانی بەرگری لەخۆکردن، هێشتا باوەڕ وایە کە ئەو تەکنیکەی لە تەریقەتەوە سەرچاوەی گرتووە سەبارەت بە چاندنی هێزی نائاسایی (*tenaga dalam*) و مەناعەی (*kekebalan*) بە تەواوی ئێرەییەوە پاس دەکران وەک قۆرخکردنێکی دەربار.

هەموو ئەم پیاوانە چالاکانە تەریقەتێک یان زیاتریان فێرکردووە بە دوای یەکدا. ئەوان تەنها ژمارەیەکی کەمی

---

[٢٦] بروونەسن، "شەریعەتی دەربار، تەریقەت و پێسانترێن"، ل ١٨٢.

*خەلیفەیان* دامەزراند و هانی ژمارەی زۆری خەڵکی تازە دەستپێکردوویان نەدەدا کە بچنە ناو تەریقەتەکەیانەوە. هیچ ئاماژەیەک نییە لە سەرچاوەکانماندا بۆ زاویە یان دەزگا هاوشێوەکانی و شتێکیش نییە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە تەریقەت جۆرێک بووبێت لە پەیوەندیکردن بەو ئەندامانەوە کەوا کۆنسێرتێک کۆیان بکاتەوە (بەڵام ناتوانین بگەینە ئەنجامێک کە بێدەنگیی سەرچاوەکانمان کەوا ڕێوڕەسمی بەکۆمەڵ یان هەر کارێکی تری کۆمەڵگەیی ڕوویندابێت). ئەگەر بەپێی ئەو نووسینانەی کە هەن حوکم بدەین، هەموو ئەو پیاوانەی خۆیان تەرخانکردووە بۆ کۆششی زیاتری ڕوونکردنەوەی ڕێبازە سۆفییەکان و گونجاندنیان لەگەڵ باوەڕی ئیسلامی وەک لە ڕاهێنانی پراکتیکیی *تەریقەت*. ئاشکرایە کەوا داواکاریی ناوخۆیی هەبوو بۆ دەستەبەر کردنی لێکدانەوەی جێمتمانە بۆ ئەم ڕێبازانە. وەک لە سەرەوە باسکراوە، یەک لەو ئەرکانەی ئەو نوێنەرایەتییەی دەرباری حوکمی بانتێن لە سەدەی حەڤدەدا ناردوویەتی بۆ مەککە بۆ بەدەستهێنانی ئەو لێکدانەوەیە بووە[٢٧]. چەند دەیەیەک دواتر، ئیبراهیم کورانی کتێبەکەی "*ئیتحاف ئەلذەکیی - إتحاف الذکی*" نووسیوە وەک وەڵامدانەوەیەکی ئەو مشتومڕانەی کە لە ئیندۆنیسیادا سەریانهەڵدا سەبارەت بە

[٢٧] بڕوانە تێبینی و پەراویزی ٣ لە سەرەوە.

لێکـدانەوەی کـارەکەی بورهـانپوور کە لە ئـاسـتێکی میللیی بەرفراواندا بەناوبانگ بوو لەبارەی *"وحدة الوجود"*ەوە[٢٨]. ئەم چەشنە نووسینە ئاراستەی دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر بوو، کە بە زۆری بنکەیان لە دەربارەکاندا بوو.

لە پـاش مەرگی ئەم نووسـەرە سـۆفییـانە، تـائیفە و شـوێنکەوتووان لە دەوری گۆڕەکـانیـان کۆدەبوونەوە و مەسـەلەیەکی بـاوبوو داوای شـەفـاعەتیـان و پـارێزگـاریی بانسـروشـتیان بکرێت. ئەم ڕاهێنانە میللییانە شـتێکی وا نەبوون بێجگە لە پەیوەندییەکی لاواز بەو تەریقەتەوە کە فێریبووبوون و ڕاهینانیان لە سـەر دەکرد. ڕەنگە ئەوە گرنگ بێت کەوا لە ئاچێی دوادوایی سـەدەی نۆزدەدا، نورەدین ڕانیری یاد نەدەکرایەوە لەو تەریقەتەدا کە خۆی ڕابەری و ڕێنمایی بۆ دەکرد، بەڵام ناوی ئەو

---

[٢٨] ئۆمان فەتحولڕەحمان، "ئیتحاف ئەلزەکی لە لایەن ئیبراهیم ئەلکورانییەوە: سـەرنجێک لە سـەر *وەحدەتول وجوود* بۆ جەماوەری جاوییەکان"، *گۆڤاری ئەرخەبیل* ژ. ٨١ (٢٠١١)، ل ١٧٧ – ١٩٨؛ ئەنتۆنی ئێج. جۆنز، "دۆسـتانی ڕەحمەت و بەزەیی: ئیبراهیم ئەلکورانی و عەبدولڕەئووف سـینگکێل"، لە کتێبی، *"سـپێکترەم: ئەو بابەتانەی پێشکەشـی سـوتان تەکدیر ئەلیسـهابانا کراوە"*، تەحریری س. ئودین (جاکارتا؛ دیان ڕاکیات، ١٩٧٨)، ل ٤٦٩ – ٤٨٥. لەبارەی *"التحفة المرسـلة إلی روح النبی"*، فەزلوڵلا بورهانپوور و وەرگێڕانە مـالیزییەکەی، بڕوانە ئەنتۆنی جۆنز، *"دیـاریی بۆ ڕۆحی پێغەمبەر"* (کـانبێرا: زانکۆی نیشتمانیی ئوسترالیا، ١٩٦٥).

له *ڕاتیبێکدا* دەخوێنرا کە پەیوەست بوو بە تەریقەتی سەممانییەوە، کە نوێنەرایەتیی قۆناخێکی دواتری دەکرد لە سۆفیزمی ئیندۆنیسیدا[29].

## بڕۆ ناو جەماوەرەوە

یەکەم ئاماژەکردنی خۆولاتی بۆ ئەوەی کە بەشـــداریيەکی جەماوەرییە لە چالاکیی تەریقەتدا لە دەقێکی مالاییدایە (مالیزیدا) لە پالێمبانگ *"شـــیعری جەنگی مێنتێنگ Syair Perang Menteng"*، کە باس لەو ڕووداوانە دەکات کەوا لە سـالّی ١٨١٩دا بەرپابوون، کاتێ هێزێکی سـەربازیی هۆڵەندی بە فەرماندەیی هێرمان وەرنەر مۆنتیغی (مێنتێنگ)، کە بەم دواییە کرابوو بە حاکم، خۆی ئامادە کردبوو بۆ هێرشکردن و داگیرکردنی سەڵتەنەتەکە. سێیەیر باس لەوە دەکات کە چۆن گرووپێکی گەورەی پیاوانی سـپیپۆش (واتە حـاجییەکـان بە پێی دەقەکە) چوونەتە دۆخێکی بووراوەییەوە بە خویندنی زیکر (واتە وشـــەکانی لا إله إلا الله دەخـاتە دڵیەوە) شـــێتییـان دەورووژێت بە دەنگی بەرز و هـاوارێکی ڕەتیب و بێترس هێرشیان کردە سەر هێزە هۆڵەندییە باڵادەستەکە لەڕووی سـەربازییەوە[30]. پێدەچێت "حاجییەکان" باوەڕیان بەوە بێت کەوا

[29] سنۆک هۆرگرۆنیە، *"ئاشێکان De Atjèhers"*، بەرگی ٢، لاپەرە ٢٦٢.

[30] دەقی تەواوی *سیەیر syair* لە کتێبەکەی م. ئۆ. وێلدەرس بڵاو کراوەتەوە، *"سەڵتەنەتی پالێمبانگ ١٨١١ – ١٨٢٥"* (لاهای: نیهۆف، ١٩٧٥)، ل ١٩٤ – ٢٢٢ (وەرگێڕانی هۆڵەندی لە لاپەرە ٣٨٥ – ٤١٣).

زیکر و *ڕاتیب* هاوڕێ لەگەڵ جوولە جەستەییە کێوییەکانیان هێزێکیبانسروشت و پارێزبەندییەکی ڕاستەقینەیان دەداتێ.

هەرکە هۆڵەندییەکان کۆنترۆڵی خۆیان بۆ ناوچەکانی ئەرخەبیل بەرفراوان کرد لە سەدەی نۆزدەدا و بەردەوام دژی هەمان بەرهەڵستیی "دڵگەرمانە"، کە تێیدا خەڵکەکان خۆیان ئامادەکردبوو بۆ شەڕکردن لەلایەن ڕێورەسمە بەکۆمەڵەکانی زیکر و ڕاتیبەوە. لە سالانی ١٨٦٠کاندا ڕاپەڕین لە باشووری بۆرنیۆ وەک باس دەکرێت بوو بە هەڕەشەیەکی جیددیی زیاتر کاتێ کەوا خەڵک بەکۆمەڵ ئەدای *بەیعەت* دەکەن بە ڕابەری *تەریقەتێک*، کە فێری *ڕاتیبی* کردوون و دۆعا و نووشتەی پارێزگاریی لێدەکردن. بۆ ماوەی چەندین دەیە، ئەم بزووتنەوەی بەراتیب بیماڵە *beratib beamal*، وەک لە ناوخۆدا ناسراوە، دەربڕینی سەرەکیی بەرهەڵستیی باوی خەڵک بووە بۆ پێشڕەوی کردنی هۆڵەندی[٣١].

---

[٣١] پ. جەی. ڤێت، "هێت بەراتیپ کاری باشی کردووە لە بێنجەرماسین Het beratip beamal in Bandjermasin"، *گۆڤاری دوورگەکانی هندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندی*، ٣ - ٢ (١٨٦٩ - ١٨٧٠): ١٩٧ - ٢٠٢؛ هیلیوس شەمسوددین، "ئیسلام و بەرگری لە باشوور و ناوەڕاستی کالیمانتان لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای بیستدا"، لە کتێبی " *ئیسلام لە دۆخی کۆمەلایەتیی ئیندۆنیسیادا*"، دەرکردنی لە لایەن م. س. ریکلێفس (کلەیتۆن: زانکۆی مەڵبەندی مۆناش بۆتوێژینەوەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ١٩٩١)، ل ٧ - ١٧.

هەرچەندە سەرچاوەکان باسیان لە هیچ تەریقەتێکی دیاریکراو نەکردووە لەم ڕووەوە، بەڵام تا ڕادەیەک دڵنیاین کەوا لە هەردوک پالێمبانگ و بۆرنیۆی باشوور پابەندن بە تەریقەتی سەممانییەوە، کە ڕێبازێکی "نوێیە" و بەوە ناسراوە کە *ڕاتیب و* زیکر بە ڕیتم و دەنگی بەرز و خۆشـــنوودی و حـاڵ لێهـاتنەوە ئەدا دەکەن[٣٢]. امەزرینەری ئەم تەریقەتە، موحەممەد بن عەبدولکەریم ئەلسەممان (کە ساڵی ١٧٧٥ مردووە)، یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی تەدریس

ئەو ڕاتیبەی لەوێدا باسکراوە ڕاتیبی ستانداردی سەممانی نییە بەڵکوو دەقە شـــێوێنراوەکانی لە شـــوێنانی تریشـــدا هاتوون. وا زانراوە کە تەریقەتی ســـەممانی لە لایەن نەفیس ئەلبەنجارییەوە هاتبێتە ناوچەکەوە، کە دانەری *"دورەر ئەلنەفیس" ی* کە دانەری نـامە و نووســـینە ســـۆفیگەرییە میللییە ناوخۆییەکان بووە و ئەگەریش هەیە لەلایەن گەڕاوەکانی تریشەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە نووسرابێت.

[٣٢] بۆ نـاونـانی ئەم ڕێبـازە دروســـتکراوانە بە "نویێ"، من ئیشـــارەت بە دەرکەوتنیـان دەکەم وەک پێکهـاتەی جیـاکـار و تـایبەت و مەبەســـتم ئـامـاژەکردن نییە بە "نیۆ - ســـۆفیزم"، کە زاراوەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ شتگەلێکی زۆر جیاواز و بەزۆری بووەتە مایەی سەرلێتێکدان وەک لەوەی ڕوونکردنەوە بێت (بڕوانە مشتومڕەکان لە مارتن ڤان بروونەسن، "ئیسلامی 'میللی' و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ نوێبوونەوە'، لە *"ئیســـلام و نوێبوونەوە: مەســـەلە ســـەرەکییەکان و مشـــتومڕەکان"*، نووســـینی موحەممەد خالید موســعوود، ئارماندۆ ســالڤاتۆر و مارتن ڤان بروونەســن [ئەدینبەرە: چاپی زانکۆی ، ٢٠٠٩ ئەدینبەرە]، ل ١٢٥ - ١٥٧.

و ئیرشـاد لە مەدینەدا کە پێکهاتەیەکی جۆراوجۆری ترادیسـیۆنی سـێـۆفیگەریی پەرەپێداوە. ڕێبازی سـەممانییەی ئەم پشـت بە خەڵوەتییە دەبەسـتێت، بە ئیزافە کردنی توخمی جۆراوجۆر کە لە ڕێبـاز یـان تەریقەتەکانی تر خواسـتراون، بەتـایبەتی قـادری و نەقشـبەندی. بەڵام ئەم هەندێ خاسـییەتی هەیە کە تایبەتن بە خۆی، چەشـنی زیکر کردن بە دەنگی بەرز و دەسـتپێکردن بە ناوەکانی خواوەندو پاشـان گواسـتنەوە بۆ دەربڕینی هەندێک دەنگ کە مانایەکی ئاشـکرا و ڕوونیان نییە[٣٣]. لە پاش مردنیشـی ناوبانگێکی وای بەدەسـتهێنابوو کە بە پلەی دووهەم دەهات لە پاش ناوبانگی عەبدولقادر گەیلانی.

تەریقەتی سـەممانی بەخێرایی لە گەلێ بەشـی باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیادا بڵاوبووەوە و قەرزاری ڕۆڵی نێوەندگیری عەبدولسـەمەد پالیمبانیی زانا بوو کە زادەی دەرباری حوکمی پـالیمبـانـگ کەوا زۆربەی ژیـانی لە نیمجە دوورگەی عەرەبیـدا بەسـەربردووە و تەدریس و ئیرشـادی کردووە و کتێبی مالایی (مـالیزی) دەنووسـێت بۆ ئەوەی وایلێبێت کە زۆر بە فراوانی دەقەکانی سـۆفیگەری لە باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیادا

---

[٣٣] لەبارەی نموونەیەکی وەک زیکرەوە، بڕوانە سـەید نەجیب ئەلعەتتاس، "هەندێک لە کایەکانی سـۆفیگەری وەک لێتێگەیشـتن و ڕاهێنان لە ناو مالیزییەکاندا (سینگاپورە: ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەی مالیزی، ١٩٣٥)، ل ٨٦.

بخوێنرێنەوە. کەســـــانێکی هێجگار زۆری خەڵکی باشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا وەختێکیان بەسـەردەبرد بۆ خوێندن لە نیمچە دوورگەی عەرەبی لە ماوەی نیوەی دووەمی ســـەدەی هەژدەدا، کە بە لای کەمەوە هەندێ دەقی *فیقە* و بنەماکانی تریان دەخوێند بە سـەرپەرشـتیی ئەو[٣٤]. هەروەها ئەو یەکێک بوو لە *خەلیفەکانی* سـەممان و بەو پێیە ئیرشـادی گەلێ کەسـی دەکرد لە زیکر و *ڕاتیبی* تەریقەتی سـەممانیدا یان بەرەوڕووی سـەممان دەکرانەوە و دواتریش بەرەوڕووی ســـدیق بن عومەر خـانی *خەلیفە* ســـەرەکییەکەی لە مەدینەدا. دەربـاری حوکمی پـالێمبـانـگ سەرپەرشتی و چاودێریی ڕێبازی سەممانیی دەکرد و ساڵێکیش دوای مردنی ســـەممان ســـوڵتانی پالێمبانگ *زاویە (تەکێ)* یەکی سـەممانیی لە جەدەدا دروسـتکرد بۆ سـوود و جزمەت گەیاندن بەو ڕەعییەتانەی خۆی کە ئەرکی حەجیان بەجێدەهێنا[٣٥]. بنیاتنانی

---

[٣٤] لەبارەی عەبدولسەمەد و تۆڕەکانیەوە، بڕوانە ئەزرا، *"بناغەکانی ڕیفۆرمی ئیســـلامی"*، ل ١١١ - ١١٧؛ مـارتن ڤـان بروونەســـن، "توێژینەوەکـانی ســـۆفیگەری لە دوادوایی ســـەدەی هەژدەدا: عەبدولســـەمەد ئەلفالیمبانی، نەفیس ئەلبانجاری، ڕەهبانییەتی تەریقەتی سەمانییە"، لە بروونەسن، *"کیتاب، کونینگ، پێســانترێن و تەریقەت: نەریتە ئیســـلامییەکان لە ئیندۆنیســـیادا"* (باندۆنگ: میزان، ١٩٩٥)، ل ٥٥ - ٨٧.

[٣٥] ئەحمەد پوروادەکســـی، *"ڕاتیب ســـەممان و حیکایەتی شـــێخ موحەممەد ســـەممان"*. چاپکردنی دەســـنووســـەکە و پێداچوونەوەی ناوەرۆکی دەقەکە"

ئەم زاویەیە لە هێنانە سەر زمانی مەلایۆی ژیاننامەی سەممان‌دا لە زمانی عەرەبییەوە باسکراوە و پێدەچێت لە پالێمبانگ نووسرابێت لە کاتێکدا کە ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕیوە بەسەرمەرگیدا و لە گەلێ شوێنی ئەرخەبیلدا لەبەریگیراوەتەوە. لە میانەی چەندین دەیەدا، تەریقەتی سەممانی نەک هەر لە پالێمبانگ ناسرابوو، بەڵکوو لە باتاڤیا و بانتێن و ئاشێ و پاتانی و بۆرنیۆی باشوور و سیلێبسی باشووریشدا (کە بە خەڵوەتی - سەممانی ناسرابوو)[٣٦].

تەریقەتی سەممانی *بەیعەی* تێدایە، بەڵام زیکر و *ڕاتیبەکەی* لە لایەن خەڵکێکی زۆرەوە دەخوێنرا کە ئینتیمای فەرمیشیان

---

(تێزی دکتۆرا، زانکۆی ئیندۆنیسیا، جاکارتا، ١٩٩٢)، ل ٣٣٥ - ٣٣٦.

[٣٦] بروونەسن، "تەریقەتی خالوەتی لە باشووری سیلێبس"، ل ٢٥٨ - ٢٦٢؛ بروونەسن، "توێژینەوەی تەسەوف لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا"؛ ج. درەوەس، "سەرنجێک لە سەر موحەممەد سەممان، نووسینەکانی و پەرستش و ڕاهێنانەکانی سەممانییە لە سەدەی نۆزدەدا و بە شێوەیەکی سەرەکی لە باتاڤیا، بەپێی داتای نووراو"، ئەرخەبیل ٤٣ (١٩٩٢): ٧٣ - ٨٧. هەندێک لە 'عولەما' زۆر ناسراوەکانی تر کە پابەندی تەریقەتی سەممانییە بوون لە نێویاندا م. ئەرشەد ئەلبەنجاری، نەفیس ئەلبەنجاری و داود ئەلفەتانی (پەتانی). لەپاڵ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، تەریقەتەکەکە تەشەنەی کردبوو بۆ سودان و لە ڕاستیدا شوێنانی تریش. لەبارەی پەرەسەندنی تەریقەتی سەممانییەوە لە سودان، بڕوانە عەلی ساڵح کەڕاڕ، *"برایەتی و ڕێکخراوی سۆفیگەری لە سودان"* (لەندەن: س. هێرست و کۆمپانی، ١٩٩٢)، ل ٤٣ - ٤٩).

نەبوو بۆ ڕێبازەکە، چونکە ئەندامێتی مەرجێکی توند نەبوو بۆ بەشداربوون. هەندێ لە مامۆستا ڕابەرە ئیندۆنیسییەکانی تەریقەتەکە *خەلیفەی* تایبەتی خۆیان دادەمەزراند و ئەمەش هەرەمێکی دیاریکراوی ڕێکخستنی لێکەوتبووەوە و ئەگەری کاری لێکدان و تێکەڵکردنیش. ڕۆڵی تەریقەتی سەممانی لە بەرگری کردنی دژە هۆڵەندیدا ڕوون و ئاشکرا دەکات، بەڵام لە زۆربەی شوێنەکاندا زیکر و *ڕاتیبی* بەکۆمەڵ گرێدراو نەبوون بە هیچ فۆرمێکی جۆشدان و جووڵاندنی سیاسی. *ڕاتیبی* ڕێبازی سەممانی لە هەندێک لە ناوچەکاندا پەرەیسەندووە بۆ فۆرمێک لە کەیف و خۆشیی میللی یان نمایشی میللی، لە شوێنانی تر لە لایەن گرووپە هونەرییەکانی بەرگری لەخۆکردن پەیڕەوی دەکرا وەک تەکنیکێکی خۆپارێزی، کە تێیدا شێخ سەممان و عەبدولقادر گەیلانی و ئەحمەد ڕەفاعی داوایان لێکراوە مورید و شوێنکەوتەکانیان بپارێزن کاریگەریی بڕینی ئاسن و سووتانی ئاگر و ژەهری کوشندە[٣٧]. بە بەراورد لەگەڵ تەریقەتەکانی

[٣٧] لەبارەی ڕاتیبەوە بڕوانە پورواداسکی، "*ڕاتیب سەممان و حیکایەتی شێخ موحەممەد سەممان*"؛ ئەلعەتتاس، "*هەندێک لە کایەکانی سۆفیزم*"، ل ٦٨ – ٨٨ ؛ سنۆک هۆرگرۆنیە، "*ئاشێکان De Atjèhers*"، بەرگی ٢، ل ٢٢٠ – ٢٦٥؛ ڤێت، "هێت بەراتیپ کاری باشی کردووە لە بێنجەرماسین Het beratip beamal in Bandjermasin"، *گۆڤاری دوورگەکانی هندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندی*، ٣ – ٢ (١٨٦٩ – ١٨٧٠).

ســـــەدەی حەڤـدەدا، تەریقەتی ســـــەممـانی پێـدەچێـت کەمتر ئەریســـــتۆکراتی و زیاتر چالاک بێت و تۆڕەکانی بە خێراییەکی زیاتر و بەربڵاوتر تەشـــــەنەی کردووە لە نێو دانیشـــــتوواندا بە شـــــێوەیەکی گشـــــتی و لە گەلێ شـــــوێنیش ســـــرووت و ڕێوڕەسمەکانیان تێکەڵ بە کولتووری میللی بوون.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، تەریقەتی سەممانی وردە وردە لە بەرانبەر تەریقەتی "ئەلقـادرییە وەلنەقشـــــبەنـدییە"دا کشـــایەوە، کە تەریقەتیکی "نوێی" هاوشـــێوەیە و لەلایەن ئەحمەد خەتیب سەمباسەوە دروستکراوە کە زانایەکی مەلایۆی نیشتەجێی مەککە بووە (ســـــاڵی ١٨٧٥ ردووە) و ســـــەرکەوتووانە لە جاوا بڵاوبووەتەوە لە لایەن سێ خەلیفەوە کەوا لە بانتێن و سیرەبۆن و مادورا نیشـــــتەجێ بوون. ئەمیش وەک ســـــەممانییە و (چەندین تەریقەتی "نوێی" تر لە سـەدەی سـەدەی نۆزدەدا سـەرهەڵدەدەن) و ئەم تەریقەتە ژمارەیەک لە نەریت و ترادیسیۆنە تایبەتمەندەکان لە پێکهـاتەیەکی نوێدا کۆدەکـاتەوە[٣٨]. زانـاکـانی پێشـــــتری وەک

---

[٣٨] لەم حاڵەتەدا ئەمانە، چەشـــــنی نامیلکەی پێشـــــتری تەریقەتەکە بە ناوی *"فەتحولعارفین"* باســـــی کردووە، نەقشـــــبەندی، قادری، تەریقەتول ئەنفاس، تەریقەتول جونەید و تەریقەتول موافەقە. هەمـان دەق ســـــەرنج و تێبینی چاوبەســـــتیی دەکرد کەوا لێکدانی تەریقەتەکە هاوشـــــێوە بوو (؟) لەگەل ســـەممانییەدا. تەریقەتیکی دروســـتکراوی تر کە پێدەچێت ئەحمەد خەتیب بە

قوشـاشـی و کورانیش تەدریس و ئیرشـادی ژمارەیەک *تەریقەتی* جیاوازیان کردووە، بەڵام ئەمانە هەر بە جیاکاری مانەوە و هەر یەکەیان *سیلسیلەی* خۆی هەبوو. هەندێک قوتابی فێری تەریقەتیک دەکران و هەندێکی تریش تەریقەتێکی جیاواز. سەممان و ئەحمەد خەتیب، بەپێچەوانەوە، تەدریسـی پاکێجێکی تەواوکەریان دەکرد کە نەدەکرا پێکهاتەکانیـان لێکتر جیـابکرێنەوە. خـاسـییەتیکی هاوبەشی تر ئەوەیە کەوا هەردوو دامەزرێنەرەکە زانای شەرع و تەسـەوف بوون و تەریقەتە نوێکانیان ڕاهێنانی سـۆفییانەی هەڵچوون و پابەندبوونی توندی شـەریعەتیان لێکگرێدەدا. دیسـان هەردوو ئەم تەریقەتانە لەکۆتاییدا شوێنکەوتەی سەرەکیی خۆیان لە دەرەوەی بـازنەکـانی دەربـار دەدۆزییەوە - لەکـاتێکـدا کە سـەممانییە لە سـەرەتاوە لەلایەن سـەڵتەنەتی پالێمبانگەوە چـاودێری دەکرا، بەڵام 'قـادرییە و نەقشـبەنـدییە' پـارێزەری شاهانەیان نەبوو. خەلیفە سەرەکییەکانی ئەحمەد خەتیب لە بانتێن و سـیریبۆن پێدەچێت سـەر بەو بنەماڵانە بووبێتن کە پەیوەندیی مێژوویـیان بە دەربـارەوە هەبوو، بەڵان لە دەرەوەی سـەنتەر پشـتیان بە *پێسـانترین* *pesantren* دەبەسـت بۆ بڵاوکردنەوەی

---

باشـی ئاگای لێبیت خەتمییە بوو، کە لە سـودانی بایەخی پەیداکرد و ناوی دەرکرد (بڕوانە کەڕاڕ، *برایەتیی یان یەکگرتوویی سۆفیگەری لە سـودانی*، ل ٦٤ - ٦٦، ٧٣ - ١٠٢).

تەریقەتەکە لە ناو دانیشــتووانی دێهاتدا لە ڕێگەی تۆڕێکی خەلیفە و جێگرانی ڕیزەکانی خوارەوەدا.

لە حـاڵەتی تەریقەتی ســــەممـانییەدا، زۆربەی زانیـاریی ئێمە لەبـارەی موریـد و شـــوێنکەوتووەکـانی ڕێبـازی "قـادرییە و نەقشـبەندییەدا" لەو ڕاسـتییەوە سـەرچاوە دەگرێت کە تێوەگلاوە لە ژمارەیک ڕاپەڕیندا دژ بە حوکمی هۆڵەندییەکان یان دژ بەو دەســـتەبژێرە خۆولاتییانەی هاوکار بوون لەگەڵ هۆڵەندییەکاندا). یاخیبوونە گەورەکەی بانتێن کە لە ســـاڵی ١٨٨٨دا بەرپابوو لە سـەر پاشـخانێکی داتەپینی ئابووری و بە باوەڕی کارتۆدیردیۆی مێژوونووسـیش بە هۆی ڕابوونێکی ئاینی بووە، کە تێیدا ڕێبازی 'قادرییە و نەقشــبەندییە' چوارچێوەیەکی دەســتووریی هێناوەتە پێشـەوە بۆ پەیوەندیکردن و یەکگرتوویی. ئەو پیاوەی کە بووبوو بە خەلیفەی ئەحمەد خەتیب لە بانتێن، واتە شـــێخ عەبدولکەریم، لەو کاتەدا نیشـتەجێی مەککە بوو، کە تێیدا جێگەی مامۆسـتاکەی گرتبووەوە وەک ســـەرۆکێکی فەخریی تەریقەتەکە. هەڵبەت نە ئەو و نە جێگرە ناوخۆییەکانی بەشــدار نەبوون لە ئامادەکاریدا بـۆ ڕاپەڕیـنەکە، بەڵام بە بـێـگـومـان زۆرێـک لە مـوریـد و شـوێنکەوتووانیان بەشـدار بووبوون تێیدا. زیکر کردن بە دەنگی بەرز و ئەو دۆعا و نووشتانەی لە لایەن خەلیفە یان پیاوانی تری ئاینەوە دەکرا بوێری و باوەڕی خەڵکیان بە خۆپارێزیی خۆیان زیاتر دەکرد. ئێمە تەریقەتەکەمان لە پاشـخانی چەندین شـۆڕشـی

تردا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەشدا دەبینییەوە[٣٩]. لە هەرێم و ناوچەکانی تردا، کە تێیاندا ئەم چەشنە ڕاپەڕینانە نەبەسترابوونەوە بە کایەکانی سۆفیزمەوە، بەڵام پێدەچوو ئامادەگیشیان هەبووبێت بێئەوەی کەس سەرنجی دابێت. لە سەدەی بیستەمدا تەریقەتی 'قادرییە و نەقشبەندییە' پەرەیسەندبوو بۆ سێ تۆڕی چاک ڕێکخراوی ناوەندی و پێکەوە تەواوی ئیندۆنیسیا و مالیزیایان گرتبووەوە، بە سەدان هەزار شوێنکەوتە و مورید و سەدان گرووپی ناوخۆییەوە کە بە ڕێکوپێکی کۆڕ و کۆبوونەوەی زیکر و سروود و ڕێوڕەسمی تریان دەبەست[٤٠].

---

[٣٩] سارتۆنۆ کارتۆدیردیۆ، "شۆڕشی جووتیارانی بانتێن لە ساڵی ١٨٨٨دا (گراڤێنهاگ: نیجیهۆف، ١٩٦٦)؛ سارتۆنۆ کارتۆدیردیۆ، بزووتنەوە نارەزاییەکان لە دێهاتی جاوادا (کوالا لامپوور: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٧٣)؛ کریستیان سنۆک هۆرگرۆنیە، "تەسەوف، جادووگەری، تەریقەتەکان" لە ئامۆژگاریی فەرمیی هۆرگرۆنیەدا، ١٨٨٩ – ١٩٣٦"، بەرگی ٢، بڵاوکردنەوەی ئی. گۆبی و س. ئادریانس (لاهای: نیهۆف، ١٩٥٩)، ل ١١٨٢ – ١٢٢١؛ بروونەسن، "شێخ عەبدولقادر"، ل ٣٧٨ – ٣٨١.

[٤٠] سری مولیاتی، *"ڕۆڵی پەروەردەیی تەریقەتی قادریی نەقشبەندی لەگەڵ مەرجەعی سەرەکیی سوریالایا"* (جاکارتا: کەنکانا، ٢٠١٠)؛ بروونەسن، "شێخ عەبدولقادر"، ل ٣٨٢ – ٣٨٦.

**لە گەڕان بەدوای ڕوونکردنەوەیەکدا: چ شتێک گۆڕاوە؟**

هەندێک جیاوازیی بەرچاو هەن لە نێوان ڕواڵەت و دەربڕینی تەریقەتەکانی شەتتاری و خەڵوەتی و نەقشبەندیدا لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا لەگەڵ تەریقەتەکانی سەممانی و 'قادرییە و نەقشبەندییە' ی سەدەی نۆزدەدا. ئەوەی کە زۆر بەرچاوە، وادیارە زیادەیەکی هەستپێکراو هەبوو لە پلەی ڕێکخستن و بەشداریی جەماوەریدا. لێرەدا مرۆ تەنها هەردوو قۆناخی دووەم و سێیەمی بیردەکەوێتەوە لە مۆدێلە سێ قۆناخییەکەی تریمینگهامی لەمەڕ پەرەسەندنی *تەریقەتە* سۆفییەکان. هەموو ئەم تەریقەتانە بریتی بوون لە "قوتابخانەی فێرکردن و ئیرشادی بەردەوامی تەسەوف کەوا مێتۆدی بەکۆمەڵی هاندانی جەزبە و خۆشنوودیی ڕەخساندووە (چەشنی قۆناخی دووەمی تریمینگهام)، بەڵام تەنها دوو قۆناخێ دوایی تا ڕادەیەک "بەکۆمەڵن" (لە قۆناخی سێهەمدا). لەگەڵ ئەوەشدا، لێکدانەوەیەکی قەناعەتبەخش بۆ وەرچەرخان و گۆڕانکارییە ئاشکرایانە بەئاسانی خۆیان دەرناخەن. ئێمە زانیاریی سۆسیۆلۆجیی کەممان هەیە لەبارەی قۆناخی پێشترەوە و وا دەردەکەوێت کە ڕێکخستن و بەشداریی جەماوەریی زیاتر هەبووە لەوەی کە لە سەرچاوەکانی ئێمەدا تۆمارکراوە لە سەردەمی پێشوودا. بەگریمانەی ئەوەی کەوا جیاوازییە درک پێکراوەکان ناتوانرێت بەتەواوی کەمبکرێتەوە بۆ کوالیتیی

ناتەواوی سەرچاوەکانمان، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە بەدوای لێکدانەوەی هەر گۆڕانکارییەکەوە بین لە *تەریقەتەکاندا* کە چۆن کاریانکردووە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا یان گۆڕانکارییان بەرپاکردووە لە کۆمەڵگەی ئیندۆنیسیدا کە وایان لە *تەریقەت* ڕۆڵی نوی ببینن. من ئاماژەم بە هەندێ جیاوازی کردووە لە نێوان *تەریقەتە* "نوێکان" و کۆنەکاندا، بەڵام مەسەلەیەکی قورسە کەو ببینین ئەوە چۆن بووە بە هۆیەکی سەرەکی جەماوەرێتیی گەورەی ئەوی پێشتر لە ئیندۆنیسیادا. لەگەڵ ئەوەشدا، تەریقەتی سەممانییە و 'قادرییە و نەقشبەندییە' ڕاهێنانی هەمان فراوانبوونی نەکردووە لە شوێنی تر لە جیهاندا (بە ڕیزپەڕێکی بەشبەشی سوودان لە حاڵەتی سەممانییەدا).

لەبەر ئەوە، پێویستە بە دوای پەرەسەندنە پەیوەندیدارەکان بگەڕێین لە کۆمەڵگەی ئیندۆنیسی و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بەگشتی و لەوانە فاکتەر و هۆکاربن. گۆڕانی ڕوون و ئاشکرا لە کۆمەڵگەی ئیندۆنیسیدا بەرفراوانبوونی کۆنترۆڵی هەرێمیی هێز و دەسەلاتی کۆلۆنیاڵی بوو[41]. کۆنترۆڵی کۆلۆنیاڵی

---

[41] ئەم تەشەنەکردن و بەرفراوانبوونە لە سەردەمێکی زۆر پێشترەوە دەستیپێکرد. هۆکاری ئەوەی کە یوسفی ماکاسار لە گۆوای زیدی خۆی جێگیر نەبوو لە کاتی گەڕانەوەیدا لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە و بەڵکوو ئەوەی هەڵبژارد کە لە بانتێن بژی لەبەر ئەوە بوو کەوا گۆوا لەلایەن بوگیی دەراوسیی بۆن و هۆلەندییەکانی کۆمپانیای دوورگەکانی هندی

بەدوای خۆیدا ژمارەیەک گۆڕانکاریی تری هێنا کە پێدەچێت زیاتر پەیوەندیدار بن بە ڕۆڵی بەرفراوانبوونی تەریقەتە سۆفییەکانەوە. سەڵتەنەتە جۆراوجۆرەکان، کە بووبوونە چاودێر و پاسەوانی سۆفی و زاناکان، لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا زۆرێک لە دەسەڵاتی پێشووی خۆیان لەدەستدا. لە ڕاستیشدا سەڵتەنەتی بانتێن لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە هەڵوەشایەوە. زۆرێکی تر دەرباز بوون بەڵام خرانە ژێر دەسەڵات و چاودێریی هۆڵەندییەکانەوە و دەسەڵاتیان بە سەر خاک و خەڵکدا بەردەوام لە داکشاندا بوو. لێرە گۆڕانکاریی گەورە لە بنیات و ژێرخانی ئەرخەبیلدا ڕوویدەدا و ڕێگەوبان دروستدەکران و پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە پێشتر دابڕاوەکان پەرەیدەسەند لەمیانەی سەدەی نۆزدەدا. ئەو زانا (ئاینییانەی) لە خوێندن دەگەڕانەوە لە مەککە ژمارەیەک *پێسانترێنی pesantren* (قوتابخانەی ناوخۆیی) سادەیان دامەزراند نەک لە دەرباری حوکمدا لە ناوچەکانی دێهاتدا و کارلێکیان دەکرد لەگەڵ دانیشتووانی تەواو جیاواز و جۆراوجۆردا. لە دوادوایی سەدەی هەژدەدا و تاوەکوو سەدەی

---

ڕۆژهەڵاتەوە داگیرکرابوو. کاتێ کە دواتر کۆمپانیا بانتێنیشی داگیرکرد و سوڵتان ئاگێنگ تیرتایاسای گۆڕی بە سوڵتان حاجیی کوڕی، بەڵام یوسف لایەنی ئەوەی پێشتری گرت و چوونە چیاکان. هێزەکانی کۆمپانیاش گرتیان و دوورخرایەوە بۆ سەیلان.

نۆزدە، ژمارەیەک پێســانترێن و قوتابییەکانیان پلە بە پلە زیادیان دەکرد[٤٢]. هەڵبەت *تەریقەت* و مامۆستا و ڕابەرەکانیان سەرچاوەی دەســەڵاتی ئەڵتەرناتیڤیان ڕەخســاندبوو، کە تا ڕادەیەک جێگەی ئەوانی دەرباریان گرتبووەوە. هەمیشـــە کەســـانێک و پێگە و مەقامی دەســەڵاتی ڕۆحیی هەبوون لە چواردەوردا و ســەربەخۆ بوون لە دەربارەکانی حوکم ، بەڵام پەرســەندنی *پێســانترێن* بە شــێوەیەکی بەرچاو زیادیکردبوو لە ژمارەیاندا و لە کاتی زیادبوونی فشــاری کۆلۆنیاڵی لە ســەر دەســەڵاتی دەربارەکانی ئەرخەبیل. پێســـانترێن خۆی بە شــێوەیەکی ســـەرەکی دامەزراوەیەکە کە تێیدا منداڵان فێری ئەوە دەکران کەوا *"کیتاب"* بخوێننەوە، واتە دەقە ئـاینییەکـان. هەروەهـا هەنـدێ لەو مامۆســتایانەش خزمەتی خۆیان بە کەســانی تەمەن گەورەش دەگەیەنن، لە فۆرمی ڕێوڕەسمی بەکۆمەڵدا کە خوێندنی دەقەکانی

---

[٤٢] مارتن ڤان بروونەسن، "پێسانترێن و کیتاب کونینگ: بەردەوامی و گۆڕان لە خوێندن و پەروەردەیەکی نەریتیی ئاینیدا"، لە *"دەقەکان لە دوورگەکانەوە: ترادیســیۆنە زارەکی و نووســراوەکانی ئیندۆنیســیا و جیهانی مەلایۆ"*، لە لایەن وۆلفگانگ مارشــاڵ (بێرن: ئینســتیتیوتی ئیتنۆلۆجیی زانکۆی بێرن، ١٩٩٤)، ل ١٢١ – ١٤٦؛ م. س. ڕیکلێفتس، *"جەمســەربەندیی کۆمەڵگەی جاوایی: ئیسلامی و تێڕوانینی تر، ١٨٣٠ – ١٩٣٠"* (ســینگاپورە: چاپی نوس، ٢٠٠٧)، ل ٤٩ – ٧٤.

پەرستش، دۆعا و نزا، *ڕاتیب* و *زیکری* لەخۆگرتووە[٤٣].

تۆڕی بەربڵاوی *پێسانترێن* لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە پەرەسەندنێکی ترەوە لە مەککە، کە ئەویش پەیدابوونی کۆمەڵگەیەکی گەورەی نیشتەجێبووانی "جاوا" یان ئاسیاییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتە و زۆرێکیشیان، نەک هەر هەموویان زانا بوون[٤٤]. وەک لە خوارەوە باسی دەکەم، هۆکارێک هەیە بۆ باوەڕهێنان بەوەی کە بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی تەدریس و فێرکردنی جاوا لە مەککەدا دیاردەیەکی تا ڕادەیەک نوێ بووە و ماوەیەکی کەم لە پێش سەدەی نۆزدەهەمدا پەیدابووە. ئەم زانایانە تەنانەت لە کاتی دەرس وتنەوەی دەقە عەرەبییەکاندا، ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیان بە زمانی مالیزی یان جاوایی دابێت. ئەمئامادەگی و بوونەیان لەوێ زەمینەیەکی ڕەخساندبوو بۆ ئەو پیاوانەی کە ئاشنایی سنوورداریان هەبوو بە زمانی عەرەبی بە خێرایی زانیاریی

---

[٤٣] گەلێ لەو *پێسانترێنانەی* سەردانم کردوون یادی ئەوە دەکەنەوە کە پێشتر لە سەر تەریقەتی *پێسانترێن* بوون و ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان فێری زانیاریی کتێب نەبوون بەڵکوو فێری تەکنیکە ڕۆحییەکان بوون و بە زۆری بۆ مەبەستە جادووییەکان بووە.

[٤٤] کۆمەڵگە یان کۆمیونیتیی جاوا وەک ناو و شۆرەتدار لە بەرگی دووەمی کتێبی "مەککەی" سنۆک هۆرگرۆنیەدا باسکراوە (لاهای: مارتینوس نیجیهۆف، ١٨٨٩).

شـــــكۆدار وەربگرن لە مەككەدا، لە ماوەی ســـــاڵێک یان دواندا. کەسانی وەک عەبدولڕەئووف سینگکێل و یوسف ماکاسار دەبوو چەندین دەیە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەســــەربەرن پێش ئەوەی وەک مامۆســـتا بگەڕینەوە بۆ ئیندۆنیســـیا. بوونی زانایانی جاوا (بە هەمان شێوەش وەک یاریدەدەرە جاواییەکانی زانایان و ســـــۆفییەکان لە بەرژەوەندیی قوتابییانی جاوادا) و ڕێگەیان کورتکردووەتەوە بۆ نەوەکانی دواتر. دواتر ژمارەی قوتابییانی جاوا زیادیان کرد و تێکڕا کاتێکی زۆر کەمتریان بەســــەربردووە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا.

ئاماژە ســــەرنجڕاکێشــــەکان لەبارەی دینامیکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەوە دەکرێـت بەدیبکرێن لە زنجیرەی گواســــتنەوەی (*ئیســـــناد*) ئەو کتێبانەوە بوو کە دەیانخوێندن. *ئیســـــناد* زۆر لە *سیلسیلەی تەریقەت* دەچێت و هەمان فەرمانی شـەرعیی هەیە. لە ژینگەی فێرکردنی نەریتیدا، پەیوەندییە ڕووبەڕووەکان پێویســــت بوون لە تەدریس و فێرکردنی دەقە نووسراوەکان. ئەو قوتابییەی (فەقێیەی) خوێندنی دەقێکی تایبەتی تەواو دەکرد ئیجازەیەکی ئەو دەقەی لە مامۆســـتاکەی وەردەگرت، کر بە شـــێوەیەکی ئاســـایی لەگەڵ ئیســـناددایە، واتە ئەو زنجیرەیەی مامۆســـتاکانی پێشـــووی پێوە هاوپێچ دەکرێت. هەڵبەت مەســــەلەیەکی ناباو نەبوو بۆ زاناکان ئەو ژیاننامە ڕۆشـنبیرییانە بنووسـنەوە کە بریتین لە تا ڕادەیەک *ئیســـــنادی* تەواو بۆ کتێبە ســــەرەکییەکانی کە خوێندوویانە و

*سیلسیلەی* ئەو *تەریقەتەی* کە پێوە پەیوەست بوون[٤٥]. ئەو پیاوەی کە بە زانایەکی ئیندۆنیسیی پێشەنگ و نەریتی دادەنرا لە مەککە لە دووادوایی سەدەی بیستەمدا، شێخ یاسین پادانگ بوو (کە ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە)، کۆکەرەوەیەکی گەورەی *ئیسناد* بوو و کتێبێکی زۆری بڵاوکردبووەوە کە ئیسنادەکانی خۆیی تێدابوو لە هەموو بوارەکانی *فیقە* و فەرموودە (*حەدیس*) و ڕاڤەکردن (*تەفسیر*) و دیسپلینەکانی تردا[٤٦]. شیکردنەوەیەکی سەرەتایی ئەم کۆمەڵە بابەتە هەندێ ئەنجامی سەرنجڕاکێشی لێ بەرهەمهاتووە کە پەیوەندییان بە مێژووی *تەریقەتی* ئیندۆنیسییەوە هەیە. شێخ یاسین لە سەر دەستی چەندین مامۆستای جیاجیادا خوێندوویەتی و تەنانەت ئەو کتێبانەی لە ژێر سەرپەرشتیی هەمان مامۆستادا خوێندوونی بەعادەت

[٤٥] دوو نموونەی بەناوبانگ ئەمانەن: ئەحمەد قوشاشی، "*ئەلسیمت ئەلمەجید*" و ئیبراهیم کورانی"ئەلئومام لیئیقاز ئەلهیمام"، کە هەردوکیان دواتر لە ١٩٠٩ – ١٩١٠دا لە حەیدەر ئاباد چاپکران.

[٤٦] شێخ یاسین بەڕێوەبەری کۆلێجی *دار العلوم الإسلامیة الإندونیسیة* بوو لە مەککە و بەلایکەمەوە دە کتێبی لەو چەشنەی نووسیوە، کە گرنگترینیان م. یاسین و م عیسا ئەلفەدانی، "*العقد الفرید من جواهر الأسانید*" (سورابایا: دار ئەلسەققاف، بێ. مێژوو) لەگەڵ ئیدەم، "*نیل الأمانی فی بعد أسانید الشیخ محمد یاسین بن محمد عیسا الفدانی*"، (جاکارتا: لیژنەی گواستنەوەی سەر بە شێخ موحەممەد یاسین عیسا ئەلفەدانی، ١٩٩٣).

*ئیســـنادی* تەواو جیاوازیان هەبوو، ئەمەش ئاماژەیە کە نەوەی پێشووی مامۆستایان بە دوای زانست و زانیاریدا گەڕاون لە ژێر سایەی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکاندا. بەهەرحاڵ، هەندێک لە هەمان ئەو نــاوانە لە گەلێ *ئیســـنـاددا* دووبــارە بوونەتەوە و ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمانە دەسەڵاتی پێشەنگی نەوەی خۆیان بوون. لە ماوەی تەواوی سەدەی نۆزدەدا، ناوەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاســیا لە نێو ئەم دەســەڵاتانەدا بە زەقی دەردەکەون لە ناو ئەم دەسەڵاتانەدا، لەگەڵ عەرەبی بەناوبانگی ئێرە و ئەوێ و ئینتیباعی کۆمەڵگەیەکی تانوپۆ توند و تۆکمە دەگەیەنن لە زانا جاواییەکان، کە بەزۆری لە سـەردەستی جاواییەکانی تر خوێندوویانە و تەنها ژمارەیەکی کەمیان ڕاســتەوخۆ لە ســەردەســتی زانا عەرەبەکان خوێندوویانە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، بۆ نموونە، ناوەندی نەواویی بانتێنی بەناوبانگ Nawāwī Banten خاڵێکی جیاکار بوو لە تۆڕە زانســتییەکانی جاوادا. ئەم کەســایەتییە تەدریســی گەلێ دەقی کردووە بۆ ژمـارەیەکی هێجگـار زۆری قوتـابییـان. بەڵام پێگە و مەقـامی ســــەرەکی لە تۆرەکـانـدا دەگەڕێتەوە بۆ عەبدولسەمەد پالیمبانیی سەرەتای سەدەی نۆزدە، کەوا کۆمەڵێکی بەرفراوان دەقی هەموو بنەما ئیســلامییەکانی گواســتووەتەوە لە زۆربەی مامۆســـتا عەرەبەکانەوە بۆ ژمارەیەکی هێجگار زۆری قوتابی و (فەقێ) جاواییەکان. وا دیارە ئەو لە پێشەنگی کۆمەڵگەی زانایانی جاوایی لە مەککەدا بەردەوامی بە خۆی بدات.

بە گەڕانەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم، پێدەچێت عەبدولڕەئووف سینگکێل و یوسف ماکاساریش وەک نێوەندگیری جاوایییەکانی تر کاریان کردبێت کە لە سەردەمی ئەماندا لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا خوێندوویانە. وا باسدەکرێت کەوا خەلیفەی سەرەکیی دواتری یوسف لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا لەگەڵیدا بووە، بۆ نموونە، هەروەها عەبدولڕەئووف پەیوەست بووە بە ئیبراهیم ئەلکورانییەوە لەبریی جاوایییەکانی تر. هەرچۆنێک بێت، چەند نەوەیەکی کەمی دواتر گەشتیان کردووە بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبی بۆ خوێندن لە سەردەستی جێگرەوە (غەیرە جاوایییەکانی) کورانی و هاوکارەکانیدا. بارودۆخ لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەتەواوی جیاواز بوو. خوێندنی دەقەکان ئاسانتر بوون، ژمارەی تەواوی مامۆستایان هەبوون بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە بە زمانی مالایی (مالیزی) و ڕاهێنانی پراکتیکیش لە تەکنیکەکانی تەریقەتدا دەستەبەر بوو بە زمانەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ئەوجا *زاوییەیەکی (تەکیّ)ی تەریقەتی* سەممانییە هەبوو لە جەددە کە گریمانە وابوو قسەکردن بە زمانی مالایی بووبێت تییدا و عاریفی دامەزرێنەری تەریقەتی 'قادرییە و نەقشبەندییە' خودی خۆی جاوایییەکی نیشتەجێی مەککە بوو، کە ئەویش ئەحمەد خەتیب سەمباس بوو، کەوا بە شێوەیەکی شەخسی "هەزاران حاجی و نیشتەجێبووانی، لە هەموو ناوچەکانی دوورگەکانی

هندی ڕۆژهەڵاتی" هێنابووە ناو ئەو تەریقەتەوە[٤٧].

بە زیادبوونی ژمارەی حاجییان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە، گەلێ لەوانەی کە بەهیوابوون *ئیجازەیەک* لە مەککە بەدەستبێنن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. بۆ نموونە، چەشنە داواکارییەک هەبوو بۆ هاتنە ناو تەریقەتەوە کەوا تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە تەنانەت هەندێ لە مامۆستا ناجاوابیەکان دەستپێشخەر بوون لە خۆتەرخانکردن بۆ ڕاهێنانی قوتابییە جاوابیەکان. هەڵبەت شێخە (تورک و داغستانییەکان)ی تەریقەتی نەقشبەندیی - خالیدی لە مەککە ستافێک لە یاریدەران و وەرگێڕانی مالیزی و جاوایی و سوندانیی تەریقەتەکە هەبووە بۆ ئەوەی جەندە بتوانێت خزمەتی موریدان و هەوادارانی بکات. سنۆک هۆرگرۆنیە، کە بەدواداچوونی بۆ هەواڵدەرەکانی کردووە، بە زاراوە و دەستەواژەی تەوس ئامێزەوە باس لە *زاویە (تەکێی)*

---

[٤٧] سنۆک هۆرگرۆنیە، *"مەککە"*، بەرگی ٢، ل ٣٧٢. سنۆک تێبینیی ئەوە دەکات کەوا هەردوک ئەحمەد خەتیب و عەبدولکەریم بانتێنی جێگرەوەکەی بەهرەمەند بوون لەوەی کە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕێزیان دەگرتن، تەنانەت لەنێویشیاندا زانا هەرە خوێندەوار و بەناوبانگەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی لە جاوا و هەروەها زاناکانی بنەچە ناوخۆییش. هەروەها سنۆک هەندێ تێبینیی بایەخداریشی لە سەر ڕابەری و ڕێنمایی عەبدولکەریم بۆ تەریقەت و پەیوەندییەکانی لە دەستە تاقمە جۆراوجۆرەکانی ناو تەریقەتدا؛ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٧٢ - ٣٧٩.

نەقشـــبەندی دەکات وەک دەزگا و دامەزراوەیەکی بازرگانی کە تێیدا جۆر بووبوو بە قوربانی چەند و ژمارە. بەهەرحاڵ، پێدەچێت ئەم حوکمدانەی کەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕاســـتییەی کەوا ئیسماعیل مینانگکاباویی یەکەم ڕابەر و مامۆستای دەرکەوتووی ئیندۆنیســـیی ســـەر بەم لقەی نەقشـــبەندی پیاوێکی تا ڕادەیەک "ڕۆشـــــنبیر بووبێـت بەڵام زۆر دەمـارگـرژ بـووە"، واتە بەرهەڵستکارێکی توندی حوکمی کافر بووە لە دوورگەکانی هندی ڕۆژهەلاتدا[48]. مەســـەلەکە هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت، ڕێبازی نەقشـــبەندیی خالیدیش ئەزموونی پەرەســـەندنێکی زۆر خێرای کردووە لە ئینـدۆنیســـیـادا و وا دیـارە بووە بە تەریقەتە زۆر ڕێکخراوەکان لەوێ.

[48] سنۆک هۆرگرۆنیە، "مەککە"، بەرگی ٢، ل ٢٨٥ – ٢٨٧، ٣٨٠ – ٣٨١ ، ٣٨٩ (لەبارەی شـــێخە نەقشـــبەندییەکانەوە)، ٣٥٥ (لەبارەی ئیســـماعیل مینانگکاباوییەوە).

## تەریقەت وەک دامەزراوەیەک: گوندی نەقشـــبەندی لە لانگکات، بابوسسەلام، باکووری سۆمەترە

لەم مێژووەی بنیات و ڕێکخســـتنی ڕوو لە زیادی *تەریقەتی* ئیندۆنیسـیدا، یەک لە کەسـایەتییە بنەڕەتییەکان شـێخ سـولەیمان ئەلزوهدی بوو کە سـەرپەرشـتیی *زاویەی* نەقشـبەندیی دەکرد لە سـەر شـاخی ئەبوقوبەیس لە مەککە لە ماوەی دوا چواریەکی سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەو یەکەم مامۆستا و ڕابەری ئەم تەریقەتە نەبوو کەوا ئەم کاریگەرییە بەدەستبێنێت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئـاسـیـادا، بەڵکووو زۆرترین بەرهەمیشـی هەبوو. ڕابەرە پێشـینەکانی خۆی، سـولەیمان ئەلقرمی و عەبدوڵڵا ئەلئەرزنجانی، بە هاوکاریی ئیسـماعیل مینانگکاباویی جێگریی مەلایۆ زمانیان ڕابەریی یەکەم بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی نەقشبەندیی خالیدیی کرد لە جاوا و سۆمەترە، بەڵام ئەوە بەتایبەتی ئەلزوهدی بوو کە بە شـێوەیەکی سـیسـتماتیکی خەلیفەی دانا بۆ تەواوی بەش و ناوچەکانی ئەرخەبیل[٤٩]. ڕاهێنانێکی کورت بە دوای بیسـت یان

[٤٩] مارتن ڤان بروونەسـن، "تەریقەتی نەقشـبەندی لە ئیندۆنیسـیا: ڕووماڵێکی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەلایەتی" (باندۆنگ: میزان، ١٩٩٢)، بەشەکانی ٧، ١٠ – ١٢. ماتن ڤان بروونەسـن، "لەپاش ڕۆژگاری ئەبوقوبەیس: گۆڕانکاری و وەرچەرخانی تەریقەتی نەقشـبەندیی خالیدیی ئیندۆنیسـی"، *گۆڤاری مێژووی سـۆفیزم*، ژ. ٥ (٢٠٠٨)، ٢٢٥ – ٢٢٨؛ وێرنەر کراوس، "هەندێک تێبینی لە سـەر چوونە ناوەوەی نەقشـبەندیی – خالیدی بۆ ئیندۆنیسـیا"، لە

چل ڕۆژێکی خەڵوەتکێشـــان یان ســـلووکدا) دەهات لە *زاوییە* *(تەکێ)دا* لە ژێر ســەرپەرشــتیی شــێخ یان یاریدەدەرانیدا کە وا دیاربوو ئەمە بەس بێت بۆ زەمانەتی وەرگرتنی *ئیجازەیەک.* ئەم بەرنامە کورتەی پابەندبوونە ئەوەی ســەلماندبوو کە فاکتەرێکی گرنگە لە بەرفراوانبوون و بەجەمــاوەری بوونی تەریقەتەکە لە دوادوایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا.

زۆربەی زۆری *خەلیفە* ئیندۆنیســییەکانی ســولەیمان زوهدی تەنها هەڵگری ئیجازەی ســەرەوکاریی زیکر و هاندانی تازە دەســتپێکردووانی تەریقەت بوون بەڵام نەیاندەتوانی خەلیفە و جێگرەوە بۆ خۆیــان دابنێن. ئەمەش وایــدەگەیــانــد کەوا هەر نەوەیەکی نوێ پێویســتی بە داواکردنی ئیجازە بوو لە مەککە و بەوەش وەک نــاوەنــدێکی دیفــاکتۆی تۆڕە نەقشــبەندییەکــانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا مایەوە. بەهەرحاڵ، ژمارەیەکی کەمی *خەلیفەی* بــاوەڕپێکراویش ئیجــازەی دامەزرانــدنی جێگرانی خۆیانیان پێدەدرا. یەکێک لەوانە مالاییەک (مالیزییەک) بوو لە ســۆمەترەی ناوەڕاســت و ئەویش عەبدولوەهاب ڕۆکان بوو، کە بەردەوام خــاوەن زۆرتــریــن کــاریــگەری بــوو وەک ڕابەر و

---

کتێبی *"نەقشبەندییەکان: گەشتەکان و دۆخی ئێستای تەریقەتی سۆفیگەریی ئیســـلامیی"*، لەلایەن مارک گابۆریۆ، ئەلێکســـادەر پۆپۆڤیچ و تێری زارکۆن بڵاوکراوەتەوە (ئیستانبووڵ و پاریس:Éditions Isi ، ١٩٩٠)، ل ٦٩١ – ٧٠٦.

مامۆســـتای *تەریقەتی* ئیندۆنیســـی. ئەو لە ســـەردەســـتی شـــێخ ســـــولەیمان ئەلزوهدی خوێندبووی، کە دەســـــەڵاتی دابوویە بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەپێـــدانی تەریقەتەکە لە تەواوی بـــاکوور و ڕۆژهەڵاتی ســـــۆمەترەدا، لە ئاچێوە تا پالیمبانگ و ئەویش هەر وایکرد. عەبدولوەهاب کەوتە گەشـــــتێکی چڕ بەم ناوچانەدا و لە هەموو شـــوێنێک پێشـــوازیی گەرمی لێدەکرا وەک پیاوێکی خاوەن بەهرەی تایبەت و هاوســـەرگیریی ســـتراتیجیی ئەنجامدەدا لەگەڵ ئافرەتانی بنەماڵە کاریگەر و دەســـــەڵاتدارەکان و کەســـــانی شایستەی بنەماڵەی دەستەبژێرە ناوخۆییەکانی سەر بە *تەریقەت*. ئەو لە نێوان گەڕانەوەی بۆ سۆمەترە لە ١٨٦٨ - ١٨٦٩ و مردنی لە ســـاڵی ١٩٢٦دا، لانیکەم بیســـت و حەوت ژنی هێناوە و چل و سێ منداڵی خستووەتەوە و نزیکەی ١٢٠ *خەلیفەی* دامەزراندووە لە ناوچەکەدا و لەوبەری تەنگی مەلایۆشـــــەوە[50]. عەبدولوەهاب مایەی پەســـــەندیی زۆرێک لە حوکمڕانە ناوخۆییەکان بوو لە سەرانسەری هەرێمەکەدا، لەنێویاندا سوڵتانەکانی لانگکات و دێلی کە دەرکەوتووترین دەســـــەڵاتەکانی خۆولاتی بوون لە کەناری

---

[50] ئەم *خەلیفانە* ناوجە بە ناوچە لیســـتکراون لە کتێبی ئێج. ئە. فوئاد ســـەید، *"شێخ عەبدولوەهاب: توان گورو بابوسسەلام"* (مێدان، پوستاکا بابوسسەلام، ١٩٨٣)، ل ١٣٦ - ١٣٩؛ سەبارەت بە ژن و نەوەکانی، بڕوانە ل ١٧٠ - ١٨٥. نووســـەری ئەم بایۆگرافییە مێژووییە یەکێکە لەو ٢٠٧ کوڕەزا و کچەزایەی عەبدولوەهاب.

ڕۆژهەڵاتی سـۆمەترەدا. سـولْتان مووسـای لانگکات، کەوا کەمەندکێشـی ژیانی ئاینی بوو و لە ڕێگەی کێڵگە و مەزراکانی بیبەریەوە دەوڵەمەند بووبوو و سـەرەکیترین سـوودمەند بوو. لە پـاش ژمـارەیەک لە لە سـەردانی کورت، کە تێیـانـدا شـێخ سەرپەرشتی و ڕێنمایی زیکر و (*خەڵوەت* یان *سلووکی*) دەکرد و سولْتان لە ساڵی ١٨٧٧دا بانگهێشتی کرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هەمیشـەیی نیشـتەجێ بێت لە دەرباری تانجونگ پورا و چەند سـاڵێکی کەمی دواتر پـارچە زەوییەکی گەورەی وەک *وەقف* پێبەخشراوە بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی *تەریقەتی* نەقشبەندی.

پاشـان شـێخ و ژن و منداڵەکانی هاتنە ئەوێ لەگەڵ نزیکەی ١٥٠ موریـد و شـوێنکەوتووی لە نـاوچە جۆراوجۆرەکـانی سـۆمەترەوە، کە زۆریان مەلایۆ و ماندەلینگ باتاک بوون. ئەمانە یەکەم نیشتەجێبووانی ئەو گوندە بوون کە لە سەر پارچە زەوییە وەقفەکە دروسـتکرا و شـێخ ناوی لێنا بابوسـەلام. ناوەندی گونـدەکە بوو بە *مەنـدەرسـەیەکی mandarsah* گەورە (واتە قوتابخانە و دیارە مەدرەسەیە و لەم زمانانەدا کەمێک گۆڕانکاریی بەسـەردا هاتووە - وەرگێڕ) و مزگەوتێکی لە خشـت دروسـتکراو و شـوێنیکی جیاش بۆ *زیکرکردن* بە سـەر هۆڵی نوێژکردنەوە. جیا لە مەدرەسـەکەش دوو شـوێن بۆ سـلووک و خەڵوەتکێشـان دروسـتکرابوو، لەگەڵ هۆڵی دارین گەورە گەورە و بە پەردەی قومـاش خـانە خـانەی بچووکیـان تێدا بڕدرابوو بۆ ئەو ژن و

پیاوانەی لە هەموو لایەکی کەناری ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن بۆ خەڵوەتکێشانی دە یان بیست یان چل ڕۆژ کە خاسییەتیکی تایبەت بوو بە ڕیبازی نەقشبەندیی خالیدی. ئەوجا لەگەڵ بەردەوام هاتنی مورید و شوێنکەوتووی زیاتری شێخ، گوندەکە گەشەی کرد و تا قەبارەیەک گەشەی کرد کەوا گەیشتە ئاستی خۆبژێویی ئابووری.

هەڵبەت بە ڕێنمایی و سەرپەرشتیی عەبدولوەهاب، نیشتەجێبووانی بابولسەلام (بابوسەلام) کەوتنە چاندنی بەروبوومە بازرگانییەکان لە زەویی وەقفەکەدا چەشنی - داری میوە، قاوە، بیبەر و کاوتچۆک (مەتات یان لاستیکی ڕووەکی - و) - و هەروەها بەخێوکردنی ئاژەڵ و هەر هەموو دەبوو کات و کۆششی خۆیان تەرخان بکەن بۆ پرۆژەی هاوبەش و ئابووریی گوندەکە بووژایەوە و گەشەی کرد. شێخ "دەستوورێکی" وردی (*peraturan - peraturan*) بۆ گوند نووسی و تێیدا هاتبوو کە تەنها مورید و شوێنکەوتووە چالاکەکانی ڕێبازی نەقشبەندی دەتوانن لەوێ جێگیر ببن و هیچ غەیرە موسڵمانێک بۆی نەبوو لەوێ نیشتەجێ ببێت. هەروەها دەبوو تەواوی دانیشتووانی گوندەکە مێزەری سپی لە سەر بکەن بۆ جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگەی دەوروپشتیان. نەخشەی کات و شوێن بە کاری خۆبەخشانە و خۆبەختکردووانە بکێشن، چونکە تەواوی گوندەکەیان بەشداریی ڕۆژانەی نوێژ و پاڕانەوە و زیکری دەکرد.

له بەرەبەیان و خۆرئاوابووندا له سـەر منارەی مزگەوتەکەوه بانگی نوێژ دەدرا و له پێشدا *موناجاتی* دوور و درێژ دەکرا (واته دۆعا و پاڕانەوه) و تییدا یادی هەموو پیاوچاکانی *سـیلسـیلەی* تەریقەتی نەقشبەندی دەکرایەوه[51].

وەک پرۆژەیەکی ئابووری، بابوسـەلام پشـتی بەخۆی دەبەسـت و هاوکاری گەشـەکردنی ئابووریی بوو له تێکڕا ناوچەکەدا، بەڵام دیسان بەشێکی دانەبڕاو بوو له تۆڕێکی مامەڵه و ئاڵوگۆڕی ئابووری که ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی هەرەمی بوو له نێوان ڕابەر و موریددا و بەو پێیەش سـترۆکتووری ناوەندیی تەریقەتی نەقشـبەندیی خالیدیی هێشـتبووەوه. عەبدولوەهاب کاتێ گەڕایەوه بۆ سـۆمەتره هەژار کەوت، بەڵام ناوبانگی ئەو وەک پیاوێک که خاسییەتی نائاسایی تێدابوو و دەسگرۆیی و چاودێری کردنی له لایەن دەوڵەمەندان و دەسـەڵاتدارانەوه بەزووی ژیان و گوزەرانی خۆشـکرد. ئەو پێشـتر گوندێکی تەواو هاکەزایی و پەرپووتی له کوباو دروسـتکردبوو له ناوچەی ڕیاو، که تێیدا دەسـتیکرد به ڕابەری و ڕێنماییکردن. لێرەوه ئیتر موریـد و

---

[51] وەسـفی ژیان له بابوسـەلامدا له پاش کتێبەکەی سـەید و چاوپێکەوتنەکانی من له گوندەکه له نۆڤەمبەری ١٩٩٣دا. هەروەها بڕوانه دێنیس لۆمبارد، "تەریقەت و دامەزراوەکانی له سـۆمەتره: نموونەی شـێخ حەبدولوەهاب ڕۆکان (دەوروبەری ١٨٣٠ – ١٩٢٦)"، له کتێبی "نەقشبەندییەکان" بڵاوکردنەوەی گابۆریۆ، پۆپۆڤیچ و زارکۆن، ل ٧٠٧ – ٧١٥.

زیارەتکەران بە گوێرەی توانای خۆیان دەســـت و دیارییان بۆ دەهێنا بە پارە و شـــمەک و هەر زوو وەک داهاتێکی بەرچاو کەڵەکە بوو. ئەمیش چەندی لەتوانادا بوو، ســالانە بڕێکی باشــی پارە و دیاریی دەنارد بۆ مامۆســتا و ڕابەرەکانی خۆی لە مەککە و بەتایبەتیش بۆ ســـولەیمان ئەلزوهدی[٥٢]. پاشـــان هەر کە لالێکردنەوە و چاودێریی سوڵتان مووسای دەوڵەمەندی لانگکاتی بەدەســـتهێنا قەناعەتی پێکرد کە ئەرکی حەج بەجێبێنێت و بە ســـولەیمان ئەلزوهدیی ناســـاند. ســـوڵتان لە پاڵ حەجکردندا بە ســـەرپەرشـــتیی ئەلزوهدیی خەڵوەتی کێشــا و پاشــان *ئیجازەی خەلیفایەتیشـــی* وەرگرت و ئەوجا مزگەوتێکیشـــی لە نزیک زاوییەکەی ئەلزوهدییەوە دروســتکرد و بەخشــییە ئەم شــێخەی خۆی، لەگەڵ چەند خانوویەک بۆ ڕابەر و مامۆســـتاکانی تری تۆڕەکەی عەبدولوەهاب[٥٣].

ڕوماه سلووکی *rumah suluk* (واتە خەڵوەتخانە - و) گەورە لە بابوسسەلام لێشاوێکی بەردەوامی زیارەتکەرانی بۆ خۆی ڕاکێشا کە دەهاتن بۆ خەڵوەتکێشان بە ڕابەری و ڕێنمایی شێخ و لەگەڵ

---

[٥٢] بە پێی ژیاننامەکە (بایۆگرافی)، عەبدولوەهاب ســالانە لای کەمەکەی ٤٠٠ ڕینگگیتی بۆ ئەلزوهدی دەنارد، کە دەکاتە یەک هەزار خڵدەری هۆڵەندی. بڕوانە سەید، *"شێخ عەبدولوەهاب"*، ل ٤٠.

[٥٣] سەید، *"شێخ عەبدولوەهاب"*، ل ٥٧ - ٥٨.

خۆیان چەندیان لەتوانادا بوایە دیارییان دەهێنا. بەتایبەتی لە ماوەی ئارامی و کشوماتیی دوای دروێنە و هێنانەناوی بەروبوومی ساڵ، گوندنشینان لە ناوچە دوورەکانەوە گەشتی بابوسەلامیان دەکرد بە مەبەستی دە یان بیست ڕۆژی خەڵوەتکێشان. سلووک یان خەڵوەت سرووت و ڕاهێنانێکن کە لە تەریقەتەکانی تریشدا ناسرابوون، بەڵام وەک یەکێک لە ڕاهێنان و پەیڕەوە ناوەندییەکانی موریدـ و شوێنکەوتووانی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی بوو لەلایەن مەولانا خالیدی ڕیفۆرمکارەوە[٥٤].

---

[٥٤] بڕوانە بوترس ئەبومەننە، "خەڵوەت و ڕابیتە لە بنتەریقەتی خالیدیدا"، لە کتێبی *"نەقشبەندییەکان"*، کە لە لایەن گابۆریۆ و پۆپۆڤیچ و زارکۆنەوە بڵاوکراوەتەوە، ل ٢٨٣ – ٣٠٢، سەبارەت بە جەختکردنی مەولانا خالید لە سەر *"خەڵوەت"* وەک خۆدابڕانی جەستەیی لە جیهان. ئەمە جیاوازە لە پرەنسیپی کلاسیکیی نەقشبەندی بۆ *"خەڵوەت دەر ئەنجومەن"*، واتە چاندنی هەڵوێستی خودایی یان بانسروشتی. لەبارەی تەریقەتەکانی ترەوە، زۆربەی لقەکانی خەڵوەتییە (کە ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەرستش و ڕاهێنانەکەی) و دەگوترێت کەوا خەلوەتی پەسەند کردووە، بەڵام بەڵگەیەکی ڕەها نییە کە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی هێنرابێتە ناو ئیندۆنیسیاوە. (هەڵبەت گێڕانەوەیەک لە ئارادایە کە جێی بایەخی نیکۆلاس گێرڤایزی مسیۆنێری فەرەنسییە لەبارەی ئەوەوە کە لە ساڵی ١٦٨٠دا خەڵوەت لە مزگەوتێکی ماکاساردا ئەنجامدراوە، بەڵام گێرڤایس خۆی لەوێ نەبووە و پیدەچێت وەسفەکەی تێکەڵ بە زانیارییە شەخسییەکەی کردبێت لەبارەی بوودایی تایلەندییەوە؛ بڕوانە کریستیان پیلڕاس، "وەسفی سەرەکیی سێلێبسی باشوور بە فەرەنسی و

ئەم خەڵوەتکێشانە سیستەمێکی دابڕان و تەریکبوون، ڕۆژوو و ڕۆژانێکی تەواوی زیکرکردن و نزا و پاڕانەوە لەخۆدەگرێت. لە کاتێکدا کە هەموو خەلیفەیەک بۆی هەبوو سەرپەرشتیی کۆڕ و کۆبوونەوەی *زیکری* بەکۆمەل بکات، بەڵام سەرپەرشتی کردنی سلووک یان خەڵوەت پێویستی بە ئاستێکی باڵاتری بەدەستهێنانی ڕۆحی بووە لە ڕێگەی جۆرێکی جیاوازی ئیجازەوە. تۆڕی ڕێوڕەسمی هۆڵەکان بۆ ئەم بۆنانەی (*ڕوماه سلووک*) هاوکار بوو لە هێشتنەوەی لقە ناوخۆییەکانی نەقشبەندی تا ڕادەیەک بە ناوەندی. بێجگە لەوەش، زنجیرەبەندی هەرەمیی ڕوماه سلووک و خەلیفە، وەک دەردەکەوێت لە مەسەلەی سەردانەکەی سوڵتان مووسادا بۆ مەککە. بۆ موریدە بەپەرۆش و مەراقدارەکان ئەم پێشکەوتنە ڕۆحییە لەگەڵ هەڵکشاندا یەکدەگرێتەوە بەدرێژایی ئەم ڕیزبەندە هەرەمییە، لە ڕاهێنانانەوە لەلایەن یەکێک یان زیاتر لە *خەلیفە* ناوخۆییەکانەوە بۆ ژمارەیەک لە خەڵوەتگەکان لە بابولسەلام و بەرەو سەرەوە تا دەگاتە خەڵوەتکێشان لە *زاوییەکەی* ئەبوقوبەیسی مەککە.

---

بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشی دوو کەس لە شازادە گەنجەکانی ماکاسار لە فەرەنسای لویشی جواردەدا"، گۆڤاری ئەرخەبیل، ژ ٥٤ (١٩٩٧)، ل ٦٣ - ٨٠ و بەتایبەتی ل ٦٧؛ مایکڵ ف. لافان، "*پێکهاتەی ئیسلامی ئیندۆنیسی: ڕۆژهەڵاتناسی و گێڕانەوەی ڕابوردووی سۆفی*" (چاپی زانکۆی پرینستۆن، ٢٠١١، ل ٢٠ -٢١).

پێکهاتەی ناوەندیی تەریقەتەکە زیاتر جەختی لە سەر کراوە و پارێزراوە لە لایەن ئەو تەکنیکەی تێڕامانی نەقشبەندییەوە کە پێیدەوترێت *ڕابیتە* یان *ڕابیتە بیلشەیخ*، کە تێیدا مورید چاوی دەنوقێنێت و خەیاڵی شێخە ڕابەرەکەی دەکات بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵ ڕابەر و لە ڕێگەی ئەویشەوە بۆ ڕابەرە بەرینەکان لە *سیلسیلەدا* تا دەگاتە پێغەمبەر. مەولانا خالید داوای لە گشت شاگرد و موریدانی و تەنانەت ئەوانی نەوەکانی دواتریش کە ڕاستەوخۆ ڕابیتە لەگەڵ خۆیدا بەجێبێنن (لەجیاتیی ئەوەی لەگەڵ یەکێک لە *خەلیفەکانی* ئەنجامی بدەن). سولەیمان ئەلزوهدی، کە خەلیفەیەکی نەوەی سێهەمی مەولانا خالید بوو، داوای لە مورید و خەلیفەکانی کردووە کە بە خەیاڵ مەولانا خالید بێننە بەرچاوی خۆیان. نامیلکەیەک کەوا لە لایەن حاجییەکی ئیندۆنیسییەوە هێنرابووەوە و ئەم حاجییە لە زاوییەکەی سولەیمان ئەلزوهدیدا پابەندی تەریقەت بووبوو، بێجگە لە چەند سەرنج و تێبینیی ترلەبارەی هونەر و تەکنیکەکانی نەقشبەندییەوە، وەسفێکی کورتی ڕوخساری مەولانا خالیدی وەک یارمەتیدانێک بۆ تێفکرین و تێڕامان لەبارەیەوە[٥٥]. تەواوی مورید و

[٥٥] سنۆک هۆرگرۆنیە، "سۆفیگەری و جادووگەری و تەریقەت"، ل ١١٨٢ – ١١٨٣. لەبارەی بایەخی ڕابیتەوە لە لقی خالیدیی نەقشبەندیدا، بڕوانە ئەبومەننە، "خەڵوەت و ڕابیتە لە لقی خالیدیی نەقشبەندیدا".

شـــوێنکەوتووانی عەبدولوەهاب ڕێنمایی دەکران کە بەخەیاڵ ڕوخسـاری مەولانا خالید بهێننە بەرچاوی خۆیان لە هەر کاتێکی ڕامـان و تێفکرینـدا و ئەوەش پەیوەنـدییەکی بەتین بوو لەگەڵ ناوەنددا دەهێڵێتەوە. ئەمە تەنها لە پاش ئەوە بوو کە پەیوەندی لەگەڵ مەککەدا بچڕا بە هۆی گرتنی دووەم جـاریەوە لە لایەن وەهابییەکانەوە و لێرە بەدواوە نەقشـبەندییە ئیندۆنیسـییەکان بە خەیاڵ کەوتنە وێناکردنی شێخ و ڕابەرە ئیندۆنیسییەکان لە *ڕابیتەدا*[٥٦].

## ڕێبازە ســۆفیگەرییەکان، تەریقەتی پێســانترێن و کۆمەڵگەکانی گوندی پوتیهان

بابوســـــەلام حاڵەتێکی تایبەتە بە هۆی ئاســـت و قەبارەی ســـەرکەوتنەکانی عەبدولوەهـاب لە بڵاوکردنەوەی تەریقەت و ڕێکخسـتنی بەروبوومی کشـتوکاڵیدا، بەڵام حاڵەتی تری شـێخ و ڕابەرانی *تەریقەت* هەیە کەوا کۆمەڵگەی گوندیان دامەزراندووە لە ســـەدەی بیســـتەمدا. چەشـــنی ئەم نموونانە بۆ پێدانی مۆرکی دامەزراوەیی بە تەریقەت تیشک دەخاتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە سایەی ڕێبازە سۆفیگەرییەکاندا بەڕێوەچوون لە ناو ئەرخەبیلی ئیندۆنیسی لە ماوەی هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا. سەدەیەک لە پێش عەبدولوەهابدا، ئەرشـــەد ئەلبەنجاری (ســـاڵی ١٨١٢

[٥٦] هەروەها بڕوانە: بروونەسن، "لە پاش ڕۆژگاری ئەبوقوبەیس".

مردووه) – کەوا چەندین ســــاڵی بە خوێندن لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەسەربردووە و پێدەچێت پابەندی تەریقەتی سەممانییە بووبێت – بە هەمان شــــێوە گوندێکی نوێی بنیاتناوە لە ســــەر پارچەیەک زەویی ڕووتەن کە لە لایەن سـولتانی بانجەماسـینەوە پێیبەخشــرابوو و پاشــان بوو بە ناوەندی ســـەرەکیی خوێندنی ئیسلامی لە بۆرنیۆی باشوور. ئەرشەد ئەلبەنجاری پێکەوە لەگەڵ خێزانەکەی و مورید و شــوێنکەوتووانیدا جۆگەی ئاودێرییان لێدا و زەوییان ئامادەکرد بۆ کشتوکاڵ و گوندەکەیان کردە مۆدێلێکی پەرەســـەندنی کشـــتوکـاڵ لە نـاوچەکەدا[٥٧]. لە ســـەردەمی عەبدولوەهابدا، خەلیفەکانی تری ســـولەیمان ئەلزوهدی گوندی نوێی خۆیان دروســتدەکرد و لە ناوچە دارســتانەکانی ناوەوەی جاوا و سۆمەترەددا و زۆرێکیشیان پابەندی ڕینمایی و پەرستشی نەقشبەندی دەبوون لەو مزگەوت و *پێسانترێنانەدا* (واتە مەدرەسە یـان حوجرە – و) کە هەبوون[٥٨]. گەلێ لەم خەلیفانەش جێگریـان بۆ خۆیان دادەنا و تۆڕی بەرفراوانیان دادەمەزراند لەو دەستە و تاقمانەی پابەندی نەقشـــبەندی بووبوون. دوو پشـــت یان نەوە

---

[٥٧] کارڵ ئە. ستینبرینک، "هەندێ لایەنی ئیسـلام لە ئیندۆنیسـیای سـەدەی نۆزدەهەمـدا" (جـاکـارتـا؛ بولان بینتـانـگ، ١٩٨٤)، ل ٩٤؛ ئەزرا، *"بنەماکانی ڕیفۆرمی ئیسلامی"*، ل ١١٩ – ١٢٠.

[٥٨] بروونەسن، *"تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیا"*، ل ١٢٥ – ١٢٨ (سۆمەترەی ڕۆژاوا)، ل ١٦٢ – ١٦٧ (گریکوسومۆ و سۆکارایا لە جاوا) و ل ١٦٢ – ١٧٢.

دواتر، دەبینین کەوا شێخە نەقبەندییەکان سەرەوکاریی ئەو گوندە سـۆفییانە دەکەن کە هاوشـێوەی بابولسـەلام بوون لە ئاچێی باشوور و مالیزیادا[٥٩].

بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشـبەندیی خالیدی تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕیفۆرمانەی کە مەولانا خالید (سـاڵی ١٨٢٧ کۆچی دوایی کردووە) هێناویەتیە ناو تەریقەتەوە و ژمارەیەکی زۆری *خەلیفەی* دامەزراندووە و ئیلهامی دەروونگەرمیی مسیۆنێریی پێداون. تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانیدا پێش بڵاوبوونەوەی کەوتبوو لە ئیندۆنیسیادا و بگرە خێراتر و دراماتیکیتر بووە. شێخ خالید زیاد لە شـەسـت *خەلیفەی* هەبووە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسـمانیدا، کەوا گەلێک لەوانە لای خۆیانەوە خەلیفەی زۆریان داناوە (هەرچەندە لەوانەیە هیچکامێکیان لەم ڕووەوە بەرهەم زۆر نەبوون وەک عەبدولوەهاب ڕۆکان). لە کاتێکدا کە لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا نەقشبەندیی خالیدی تەنها تەریقەت بوو کە ئەو چەشنە دینامیکەی پیشانداوە لە سەدەی نۆزدەدا، لە ئیندۆنیسیادا بڵاوبوونەوەی و چالاکییەکانی زۆرێک لە کۆلکەی هاوبەشـیان بووە لەگەڵ ئەو دوو تەریقەتەدا

---

[٥٩] هەمان سـەرچاوە، ل ١٤٣ – ١٤٦ (ئاسـێی باسـوور)، ل ١٥٨ – ١٦٠ (سێلانگۆر، مالیزیا).

کە دواتر گەیشتوون، وەک سەممانییە و 'قادرییە و نەقشبەندییە'، کە ئەمانیش ژمارەیەک تۆڕی هەرێمییان هەبووە لەگەڵ ڕیزبەندییەکی هەرەمیی ناوخۆیی لە ئیندۆنیسیا و دەسەڵاتێکی ناوەندی کە بنکە و بارەگای لە مەککە یان مەدینەدا بووە.

بەرفراوانبوونی ئەم تۆڕە ناوەندییانەی تەریقەت لە سەدەی نۆزدەدا بەشێک بوو لە پەرەسەندنێکی بەرفراوانتر و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵگە دێهاتییەکان و (هەندێ جاریش شارستانییەکان) کە ئاماژەن بۆ پابەندیی بەهێز و توندیان بە ئیسلامەوە لە ڕێگەی بەسەرەوە بەستنی مێزەری سپی و لەبەرکردنی پۆشاکی سپییەوە و بەو پێیە جیاکردنەوەی خۆیان لە خەلکنی دەوروبەریان. هەڵبەت ئەم چەشنە کۆمەڵگانە جۆراوجۆر بوون کە لە جاوا بە *پوتیهان* یان *پاموتیهان* دەناسرا (واتە سپییەکان). هەندێک لەمانە لەو خێزانانە پێکدەهاتن کەوا پاسەوانیی گۆڕە پیرۆزەکانیان دەکرد و شانازییان بە مێژوویەکی درێژیانەوە دەکرد، ئەوانیتریش زیاتر بەم دواییە دەرکەوتن لە چواردەوری ڕابەر یان مامۆستایەکی ئاینی یان کوێخای گوندێکی نموونەیی لە تەقوا و خواپەرستیدا. هەندێک لەم کۆمەڵگانە، نەک هەموویان، لە هەندێک باج و پابەندیی تر بەخشراون لە بەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییە ئاینییانە کەوا کردوویانە بۆ حوکمرانە ناوخۆییەکان. زۆرێک لەو پێسانترێنانە ڕەگوڕیشەی خۆیان لەم کۆمەڵگایانەی پوتیهاندا دەبیننەوە. زیادبوونی ژمارەی ئەم

کۆمەڵگـایـانە تـا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی ژمـارەی زۆری ئەو پیاوانەوە بووە کە لە خوێندن گەڕاونەتەوە لە مەککە و خۆیان وەک ڕابەر و مامۆستا لەقەڵەمدەدا[٦٠].

بەهەرحـاڵ، هەموو دامەزرێنەرانی *پێســـانترێن* و/ یـان کۆمەڵگەکانی پوتیهان پەیوەســـت نەبوون بە مەککەوە. یەکێک لە کۆنترین *پێسانترێن* کە لە جاوای ڕۆژاوادا بوو ئەوەی بونتێنتە لە ســیربیۆن و لە دوادوایی ســەدەی هەژدەدا دامەزراوە. ڕابەر و مامۆســتاکان و بنەماڵەکانیان و شـــوێنکەوتووان هاتوون بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی گەورەی *پوتیهان*. بەپێی نەریتی زارەکی

[٦٠] تێبینییە ورد و درکپێکراوەکـان لەبـارەی شـــیوە جۆراوجۆرەکـانی گوندەکانی *پوتیهانەوە* لە کتێبەکەی کریستیان سنۆک هۆرگرنیەدا دەبینرێن، "Vrije desa's گوندی ڤری"، لە ئامۆژگاریی فەرمیدا بە قەلەمی هۆرگرۆنیە، ١٨٨٩ – ١٩٣٦، بلاوکردندنەوەی لەلایەن ئی. گۆبی و س. ئەدریانس بەرگی ١(گراڤێنهاگ: نیجیهۆف، ١٩٥٧)، ل ٧٢٢ – ٧٣٥ (لە ســالی ١٨٩٥دا نووســراوە)، کە جێگەی تویژینەوە هۆڵەندییە کۆنەکانی گرتووەتەوە. نەوەکانی *پوتیهان* پشتاوپشت جاودێری و پاسەوانیی گۆڕ و مەزارە پیرۆزەکانیان کردووە لە هەرێمی سـوراکاتا و لەلایەن سـتێفن س. هێدلەی گفتوگۆی لە سـەر کراوە، "بە ئیسلامبوونی جاوای ناوەڕاست: ڕۆڵی نەوەکانی موسڵمانەکان لە کالیۆسۆ"، *گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئیســلامی*.82 – 55 :(1997) 4.2 *Studia Islamika*. ســـەبارەت بە گوندەکانی پوتیهان و پێســـانترێن، بڕوانە بروونەســـن، "پێســـانترێن و کیتاب کونینگ". لەبارەی حەج و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵگەکانی پوتیهان، بڕوانە ڕیکلێفس، "*جەمسەرگیریی کۆمەڵگەی جاوایی*"، ل ٤٩ – ٧٤.

و پێش ئەوەی ببێتە نـاوەنـدێکی فێرکردنی دەق، بونتێنـت *تەریقەتێکی پێسـانترێن* بوو، کەوا خەڵکانی گەورە دەهاتنە ئەوێ و بەدوای هێزێکی بانسـرووشـت دەگەڕان. ئەو تەریقەتەی کەوا لێرە پەرسـتش و ڕاهێنانی تێدا دەکرا شـەتتاری بوو، واتە هەمان ئەوەی دەرباری حوکمی سـیربیۆن بوو، بەڵام یەکەم مامۆسـتا و ڕابەری شـەتتاریی بونتێنت، کە بە کی بویوت کرییان دەناسـرا ئیجـازەی نە لە بـازنەکـانی دەربـاری حوکمـدا وەرگرتووە و نە ڕاستەوخۆ لە مەدینە، بەڵکوو لە ڕابەر و مامۆستایەکی جاوابیەوە بووە لە جاوای ناوەڕاستدا، کیای ئەشعەریی کالیونگۆ بوو (کە لە مەککە خوێندبووی بەڵام لە ناوخۆدا وەک ڕابەر و مامۆسـتایەکی تەریقەت نـاونەدەبران، بەڵکوو زیـاتر وەک نوێنەرێکی "مـاتەرام ئیسـلام" - کە پێکهاتەیەکی جاوایی - ئیسـلامییە[٦١]. بونتێنت، بە پێچەوانەوەی بـابولسـەلامەوە، تێکەڵ بە تۆڕێکی گەورەتری

[٦١] موهەیمین، "نەریتی ئیسـلامی لە سـیریبۆن"، ل ٢٤٩ - ٢٥٠، لەگەڵ چاوپێکەوتنی شەخسی لە بونتێت؛ ناوەکان لە سیلسیلەی موحەمەد سەعید مەدەنیدا وەک ڕابەری ئەشـعەری هـاتووە و لە ڕێگەی "تـاهیر مەدەنی"، "ئیبراهیم" و "تاهیرێکی" ترەوە بۆ ئیبراهیم ئەلکورانی (لێکدانی جۆراوجۆری هەمـان نـاو، هەندێ جـار وەک ئیبراهیم بن تـاهیر یـان تـاهیر بن ئیبراهیم دێتەپێشـەوە لە سـیلسـیلەی تری شـەتتاریی جاواییدا). یادەوەریی ناوخۆیی کیای ئەشـعەری لەم کتیبەی شـۆلەخاتول ئەمالیادا کۆدەبێتەوە، "ڕۆڵی کیای ئەشعەری لە وەعز و ڕینماییدا لە ناوچەکانی کالیونگو و کابوپاتین کێنداڵدا".

*تەریقەت* نەبووە، بەڵکوو وا دیـارە کۆمەڵگەکە بە شـــێوەیەکی بەکۆمەڵ پەیڕەوی پەرستشی ڕێبازی شەتتارییان کردووە. ئەوە کۆمەڵگەی پوتیهان بوو کەوا ڕاســـتەوخۆ پەیوەســـت نەبووە بە مەککەوە بەڵکوو لە ڕێنمـاییەکـانی ئەو تەریقەتەوە ئیلهـامی وەرگرتووە کە لە کولتوور و فەرهەنگی جاوابیەوە ســـەرچاوەی گرتووە. بەهەرحاڵ، لە ســەرەتای ســەدەی بیســتەمەوە ڕکابەری کەوتە نێوان 'قادرییە و نەقشـبەندییەی' *پێسانترێنەوە* لەو نزیکانە و بونتێنـت یەکەم بوو لە ئینـدۆنیســـیـادا بۆ پـابەنـدبوون و بڵاوکردنەوەی *تەریقەتی* تیجـانی، کە تێیـدا یەکێـک لە ڕابەر و مامۆسـتاکان بە ناوی کیای ئەنەس چووبووە سـەر ئەو تەریقەتە لە ماوەی مانەوەیدا لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا. ئەم پەرەسەندنە نوێیە *پێســـانترێنی* کردە ناوەندی تۆڕێکی ئەوپەڕی دینامیکی بۆ شــوێنکەوتووان و جووڵاندنی خەلکە دڵگەرمەکان بۆ ســـەلماندنی دەسەڵاتێکی بالا لە مەدینەدا[٦٢].

---

[٦٢] ج. ف. پیپەر، "هەڵکشانی تەریقەتی تیجانی لە جاوادا"، لە پیپەر، *پارچەکانی ئیسلام* *Fragmenta Islamica* (لایدن: بریڵ، ١٩٣٤)، ل ٩٧ - ١٢١؛ مارتن ڤـان برونەســـن، "مشـــتومڕ و چەنـدوچوون لەبـارەی ڕێبـازەکـانی سـۆفیگەرییەوە لە ئیندۆنیسـیای سـەدەی بیسـتەمدا"، لە کتێبی "تەسـەوفی ئیسلامی جێی مشتومڕە: سیانزە سەدە لە ململانێ و مشتومڕ"، نووسین و بڵاوکردنەوەی فرێدریک دی یۆنگ و بێرنارد ڕاتکە (لایدن: بریڵ، ١٩٩٩)، ل ٧٠٥ - ٧٢٢ و بەتایبەتی ٧٢٨.

کۆمەڵگەکانی *پوتیهان* و *پێسانترێن* کەوا پێگەیەکی دەرکەوتوویان بەدەستهێنا لە سەدەی نۆزدەدا لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هاوشێوەی تەریقەتدا، بەڵام لە گەلێ حاڵەتدا پابەندی تەریقەتێکی ئاسایی نەبوون و پەیوەستی سەرچاوەیەکی دەرەکیی دەسەڵاتی ئاینی بوون. زانیاریی وردەکاریی کەم لە سەر کۆمەڵگەکانی پوتیهان لەبەردەستدایە. ڕووماڵە کۆلۆنیاڵییەکانی گوندەکانی *پێردیکان* (واتە لە باج بەخشراوەکان) تا ڕادەیەک درەنگ کۆکرابوونەوە و بێجگە لەوەش ڕەنگە گوندە نوێکانی *پوتیهانیان* پەڕاندبێت کەوا ئیمتیازاتی کۆنی باجیان نەبووە. خوێندکارانی زانستی ئەدەب (*santri lelana* و بابەتی لەم *Serat Centhini* و *Serat Jatiswara* چەشنە) بەردەوام لەم چەشنە کۆمەڵگایانە دەدوێن بەڵام زانیاریی کەم دەستەبەر دەکەن و مێژووە ناوخۆییەکان ڕەنگە زانیاریی بەنرخ دەستەبەر بکەن بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو تەمومژە لە ڕیزبەندیی کاتدا (کرۆنۆلۆجیی). لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ بەڵگە هەن کە بە درێژایی ئەو "مەودا دوورەی" سەدەی نۆزدەهەم (لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە بەردەوام بوو تا سەدەی بیست) ژمارەی کۆمەڵگە پوتیهانەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیانکردووە و گۆڕانیکی بەرچاویش هەیە لە ئاراستەدا. هەرچەندە پێشتر زۆربەی ئەم کۆمەڵگەیانە بەستراببوون بە سەنتەرە ناوخۆییەکانی هێزی ڕۆحییەوە چەشنی گۆڕە پیرۆزەکان کە بە شێوەیەک بەرچاو پێوەی پەیوەست بوون، لە ڕێگەی

*سیلسیله* یان *ئیسنادەوە* لەگەڵ دەسەڵاتەکانی مەککە یان مەدینەدا.

هەردوک *تەریقەت و پێسانترێن* گرێدراوی کۆمەڵگەکانی *پوتیهان* بوون، بەڵام بەڵام پەیوەندییەکی سادە یان یەکگرتوو نەبوو لە نێوان ئەم دەستە و تاقمە کۆمەڵایەتییانەدا لە جاوای سەدەی نۆزدەدا. زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەی *پوتیهان* کە لە دەقە جاواییەکاندا ناویان هاتووە جۆری جیاوازی پەرستشی تاک و کۆ بەجێدێنن لەپاڵ بەجێهێنانی فەرزەکاندا بەڵام مەرج نییە پابەندبن بە هیچ *تەریقەتێکی* تایبەتەوە. بەپێچەوانەشەوە، مەرج نییە هەموو شوێنکەوتووانی *تەریقەت* سەر بە کۆمەڵگەکانی *پوتیهان* بن، تەنانەت ئەگەر زۆربەی ڕابەران و مامۆستایانیش وابووبێتن. لەم قۆناخەدا شەتتارییە ئامادەگیی خۆی سەلماندبوو کەوا کاریگەرییەکی بەربڵاوی هەیە. باوەڕە میللییەکان و پراکتیزە جادووییەکان لە ژێر کاریگەریی ئایدیا گەردوونی و میتافیزیکییەکاندا بوون کە سەردەمێک پەیوەست بوون بەم تەریقەتەوە. زۆربەی مامۆستا و ڕابەرەکانی شەتتاری لە دووریی چەند نەوەیەکی کەمەوە بوون لە دوا نوێنەرانی هێڵی مامۆستایان و ڕابەران لە مەدینەدا و پێدەچیت یەکگرتووییەکی کەم هەبووبێت لەوەی کە خوێندبوویان و فێریبووبوون. هەردوو ڕێبازی 'قادرییە و نەقشبەندییە' و نەقشبەندیی خالیدی و (دواتریش تیجانی) زیاتر تەریقەتی ناوەندی بووبێتن. لای ئەمان کۆڕ و کۆمەڵی مورید و شوێنکەوتوان پێکەوە لەگەڵ یەکتر گرێدراو بوون و بەتایبەتیش

لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندی لە مەککەدا. هەردوو تەریقەتەکە، لانی کەم لە تیۆریدا، پێویستیان بە پابەندبوونی توندی شەریعەت بوو و بەو پێیەش ئاستێکی دیاریکراوی زانیاریی دەق بوو.

سادەترین پێسانترێن تەنها فێرکردنی دەقی نووسینی عەرەبی و لەبەرکردنی هەندێ ئایەتی قورئان بوو، هەرچەندە ئوسوولّی فیقە و مەزهەبیان دەخویند، لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەقی سادەی کتیبەوە. لەگەل پێشکەوتنی سەدەی نۆزدەدا، ژمارەیەکی زیاتری پێسانترێن دەرکەوتن کە تێیاندا کتیبی فیقهیی پەرەسەندووتر و کتێبی تری عەرەبی دەخوێندرا. بەعادەت دامەزرێنەرانی ئەم دەزگایانە پیاوانیک بوون کە سالانێکیان لە مەککە بەسەربردبوو لە ناوەندەکانی خویندن و فێرکردنی توێژەر و زانایانی پایەبەرزدا، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا عولەما جاواییە نیشتەجێکان بوون کە ئەم کتێبانەیان لە ژێر سەرپەرشتیدا دەخوێنرا و لە کۆتاییشدا *ئیجازەیان* وەردەگرت بۆ پێخوێندن و فێرکردنی ئەم زانیارییانە. پەیوەندیی ئەم پیاوانە لەگەڵ ڕابەر و مامۆستا مەککییەکان کەمێک جیاوازە لەوەی کە خەلیفەی تەریقەتێکی ئیندۆنیسی لەگەڵ شێخەکەیدا. لە ڕاستیدا، هەرچەندە زانایەک چاوەڕێی هەمان ئاستی ملکەچی و تاعەت کە تەریقەتی شێخ داوای دەکرد کە پەیوەستبوون پێیەوە دەکرێ بەهێزتر بێت بە هۆی ئاوێتەبوونێکی دوور و درێژ و چڕەوە کە هاوەڵە لەگەڵ

لێکۆڵینەوەکانی دەقدا[٦٣]. ئیسناد پەیوەندییەکی هەمیشەیی دەسەڵات و شەرعییەت پێکدێنێت، چەشنی *سیلسیلە*، جیاوازیی سەرەکی ئەوەی کە زۆربەی ئەوانەی خوێندنی مەککەیان تەواوکردووە چەندین ئیسنادیان هەیە کە دەیانبەستێتەوە لەگەڵ زیاتر لە مامۆستا و ڕابەرێکی مەککیدا، چونکە خوێندن لە سەردەستی هەمان مامۆستایان لە مەککە پەیوەندیی دروستکردووە لە نێوان مامۆستا موسڵمانە جاوییەکاندا (*kyai*) کە هاوشێوەیە لە نێوان شوێنکەوتووانی هەمان *تەریقەتدا*. تێکڕا کۆمەڵگەی زانایانی جاوای نیشتەجێی مەککە و قوتابییەکانیان کە پێسانترێنیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دروستکردووە (یان تێیدا خوێندوویانە) جۆرێک لە برایەتییان پێکهێناوە، کە ئەندامێتی تێیدا

[٦٣] بەو پێیە عەبدولوەهاب ڕۆکان بە درێژایی تەمەنی ملکەچیی خۆی پاراست بۆ مامۆستا و ڕابەرە سەرەکییەکەی *"کیتاب"* لە مەککە، کە ها. میم. یونس باتو بارا بوو، چونکە ئەوە یونس بوو کە ئامۆژگاریی کرد خوێندنی تیۆریی سۆفیگەریی تەواو بکات لە ڕێگەی "ئیحیائی" غەزالییەوە هاوتەریب لەگەڵ ئەزموونی پراکتیکیی بە سەرپەرشتیی سولەیمان ئەلزوهدی. دواتر عەبدولوەهاب ساڵانە پارەی بە دیاری بۆ هەردوکیان دەنارد و کاتێ کە سوڵتانی لانگکاتی پارێزەرەکەی سەردانی مەککەی کرد بۆ حەجکردن، نەک هەر ڕێزی لە الزوهدی نا بەتەنها بەڵکوو هەمان ڕێزی یەکسانیشی لە یونس باتو بارا نا (سەید، سەردانی مەککەی کرد بۆ حەجکردن، نەک هەر ڕێزی لە الزوهدی نا بەتەنها بەڵکوو هەمان ڕێزی یەکسانیشی لە یونس باتو بارا نا (سەید، *"شێخ عەبدولوەهاب"*، ل ٢٨ - ٣٣، ٥٨).

پشـــــت بە *بەیعەتی* فەرمی نابەســـــتێت بەڵکووو بەو ئیجازەیە دەبەستیٚ کە سەرکەوتنی توانای دەسەلمێنێت بەسەر دەقەکاندا.

تا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدە، ئەم یەکێتییەی زانایانی *"کیتاب" و قوتابییانیان* پێدەچێت تەنها ڕێژەیەکی کەمی پێکهێنابێت ، بەڵام گەشەکردوو و بەشێک لە هەموو ئەوانە لە لایەن هۆڵەندییەکانەوە وا پۆلێن دەکرێن کە گیسـتێلیجیکەن *geestelijken* (واتە "پیاوانی ئاین" کە بژێویی خۆیان بە ئاین پەیدا دەکەن)[٦٤]. زۆرێک لەوان بە

---

[٦٤] بڕوانە شـیکاریی ئاماری گیسـتێلیجیکەن *geestelijken* و حاجییەکان و قوتابخانەکان و قوتابییەکان لە سـاڵانی ١٨٦٠کاندا، لە سـەرچاوە هۆڵەندییە جۆراوجۆرەکانەوە، لە کتێبی ڕیکلێفس، *"جەمسـەرگیریی کۆمەڵگەی جاوایی"*، ل ٦٣ - ٧٢. بە پێی بنەمـای دابەشـــکردنە جوگرافییە جۆراوجۆرەکـانی گیسـتێلیجیکەن و حاجییەکان، ڕیکلێفس زۆربەی ژمارەی حاجییەکانی پێشـووی کۆکردەوە، کە ژمارەیان لە حاجییەکانی هەموو شـوێنێک هەڵکشـاوتر بوو، بەڵام زیاتر بوون لە حاجییەکانی ناوچەکانی ناوەوەی جاوا، کە تێڕوانینی هـاوشــــێوەیـان هەبوو بۆ "پێکهـاتەی ســــۆفییـانەی" جـاوایيەکـان و چینە ئەریســـتۆکراتەکانی ئەویٚ باوەشـــیان بۆ کردبوونەوە، ئەم بۆچوون و تێڕوانینانە بەو بیر و ئایدیا نوێیانەیی کە لە مەککەوە دەهاتن بەرەنگارییان دەکرا. ئەو ئەم دوو جۆرەی لە ڕابەر و ســـەرکردە ئاینییەکان وادەبینی کە نوێنەرایەتیی "جیهانە جیاوازەکانی خواپەرسـتی و تەقوای ئیسـلامی دەکەن". بەڵام لێکدانەوەی تایبەتی من، کەمێک جیاوازە و ئەو جیاوازییەش لە ناو دەستە و تاقمی گیستێلیجیکەندا دروستبووە. بە تەنها ئەو حاجییانەش کە بە دوای خوێندنی جیددیدا وێڵبوون لە مەککەدا و پاش گەڕانەوەیان بوون بە مامۆستا و ڕابەرانێک کەوا کاریگەریی گەورەیان هەبوو.

ســانایی خزمەتگوزاریی ئاینی پێشــکەش دەکەن وەک بەرنوێژی کردن یان هەر پەرســـتش و ڕاهێنانێکی ئاینی، ڕێورەســـمی ئامادەکردنی مردوو بۆ ناشـتن و پرســە، پاسـەوانی کردنی گۆڕە پیرۆزەکان و سـەرپەرشـتی کردنی سـەردانی گۆرەکان و دۆعا و نـزا خـوێنـدن لەبـری زیـارەتـکەران و نـووشـــــتەکـردن و چارەسەرکردن. هەروەها زۆرێکیشیان زیکر و ویرد و شێوەکانی تریش فێر دەکرێن بۆ ئەوەی بە مەبەستە جادووییەکان بخوێنرێن. لە واقیعدا وشەی *تەریقەت* بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرا بۆ ئاماژەکردن بە ڕاهێنانە جادووییەکان تەنانەت ئەگەر پابەند نەبوونیش نەبێت بە *تەریقەتێکی* تایبەتی. گرنگترین وەرچەرخان کە لە ســـەدەی نۆزدەدا ڕوویدا ئەوەیە کە هەردوو جۆرەکەی تەریقەت کە لە مەککەدا جێگیر بوون و تەریقەتە سـۆفییە نوێیەکە و زانـایـانی برایەتیی "*کیتـاب*"، وردە وردە کـاریگەرییەکـانیـان باڵادەست بووبوون لە ناو دەستەی پسپۆڕانی ئاینیدا.

دەکرێت لە ســـێ لایەنەوە تەریقەتێک پێناســـە بکرێت و هەر لایەنە یەکەم ڕەچەڵەک یان *ســیلســیلەیەکی* ڕۆحیی تایبەتمەندی هەیە، دووەم کۆمەڵێک تەکنیک و ڕاهینانی پەرسـتشـی هەیە کەوا "ڕێبـازی" تـایبەتی خۆی پێکـدێنێـت. بێجگە لەوەش، دەکرێـت بیانبەستیت بە شێوازێکی دیاریکراوی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە لەوانەیە دام و دەزگـاکـانی بە شـــێوەیەکی جۆراوجۆر پێکبێت. ســـەبارەت بە بوار یان لایەنی ســـێهەم، لەوانەیە یەک تەریقەت

جۆراوجۆرییەکی گەورە بنوێنێت بە پێی کات و شوێن.

هونەر و تەکنیکە ڕۆحییەکانی تەریقەتە سۆفییە جۆراوجۆرەکانی چەسپاو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تەدریس و ڕێنمایی دەکرێت و بە ئەگەرێکی تەواوەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمەوە. بیر و ڕاهێنانی سۆفیگەری لە سەرەتادا و لە پلەی یەکەمدا بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناو دەستەبژێری ئەریستۆکراتیی سەڵتەنەتە خۆولاتی یان خۆجێییەکاندا بڵاوبووەوە. گرنگییەکی زیندوو لە میتافیزیکی سۆفیگەری و مشتومڕ لە سەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی باوەڕی *"وحدة الوجود"* وا دیارە پێش وەرگرتنی تەریقەت کەوتووە وەک ڕێگەیەکی ستانداردی بەدەستهێنانی ڕاهێنانی سۆفیگەری. پابەندبوونی کرداری بە تەریقەتەوە ماوەیەکی دوور و درێژ بە کۆتوبەندکراوی مابووەوە ، بەڵام بەلایکەمەوە لە هەندێ ناوچەدا ڕاهێنانە دیاریکراوەکانی خوێندنی (*زیکر و ویرد و ڕاتیب*) بوو بە بەشێک ڕاهێنان و پەرستشی میللی. ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی تەریقەتیش بە پڕ چاوبەستیترین بوار مایەوە. سەرچاوە بەردەستەکان وایبۆدەچن کە ڕابەر و مامۆستاکانی *تەریقەت* ژمارەیەکی کەمی *خەلیفەیان* بووە و ئەو ژمارەیەی کە لە *تەریقەتدا* ناونووس کراوە هەر بە کۆتوبەندکراوی ماوەتەوە.

هەڵبەت تەنها لە سەدەی نۆزدە بەملاوە ئێمە ئەو ڕاپۆرتانە دەبینین لەبارەی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکەوە کە بەئاشکرا بەشدار

دەبن لە سـروووت و ڕێوڕەسـمە بەکۆمەڵەکانی *تەریقەتدا*. لەپاڵ نیگەرانییەکی بەرپرس و کاربەدەستە هۆڵەندییە کۆلۆنیاڵەکاندا کە بایەخیان دەدا بە ڕاپۆرتدان لە سـەر ئەم ئەم چالاکییانە، ئەمە پێدەچێت ڕەنگدانەوەی دوو گۆڕانکاریی گرنگ بێت لە پەیوەندیی نێوان موسـڵمانانی باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا و ناوەندی سـیمبۆڵیی جیهانی ئیسـلامدا، کە شـارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینەن. ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا چەندین ساڵیان بە خوێندن دەدا لەم شارە پیرۆزانەدا، کەوا ئاسـانتر بووبوو چونکە ژمارەی زانا "جاوابیە" نیشـتەجێکانی ئەوێ زیادی کردبوو کەوا پیشـەی مامۆسـتاییان دەکرد بۆ ژمارەی هەڵکشاوی ئەو قوتابییانەی کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیاوە دەهاتن. بێجگە لەوەش تەریقەتی تری نوێ پەیدابوون و چالاکانە حاجی و قوتابییە جاوابییەکانیان دەهێنایە سـەر ڕێبازی خۆیـان و زمـانی مەلایۆیـان وەک ئـامراز بەکـاردەهێنـا. ئەو تەریقەتـانەش سـەممـانی لە سـەدەی هەژدەدا و 'قـادرییە و نەقشبەندییە' و نەقشبەندی - خالیدی لە سەدەی نۆزدەدا بوون. خەلیفەکـانی ئەم تەریقەتـانەی ئێرە بەخێرایی تۆڕی خۆیـان بڵاوکردەوە لە نـاو موریـد و شـوێنکەوتووانی نـاوخۆدا و تەریقەتەکانیان گۆڕییە بزووتنەوەی جەماوەری پەیوەندیدار بە کولتووری دەستەبژێری دەرباری حوکمەوە.

لە میانەی هەمان ئەم ماوەیەدا، تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی

ئەو قوتابخانانەی کە دەقە ئیسلامییەکانیان تێدا دەخوێنرا (*کیتاب*) دیاردەیەکی بەرچاو بوو، ئەگەرچی بە خاوی دەڕۆیشـــت. زانا ڕاهێنراوەکانی مەککە، کەوا کۆک بوون لە ســـەر دڵســـۆزیی هاوبەش بۆ ئەو مامۆســـتایانەی *ئیجازەیان* پێدابوون، جۆرێک لە یەکگرتوویی و برایەتییـان پێکهێنـابوو کە لە نـاو چینە ئـاینییە پرفێشناڵەکەدا پەیدا بووبوو و لە سەرەتای سەدەی بیستەوە بوو بە مەسـەلەیەکی باڵادەست لە نێوانیاندا. زاناکان و پێسانترێن کە وانەی *'کیتـابیـان'* دەوتەوە تۆڕی هـاوتەریـب و پێـدەچێـت تێهەڵکێشـیشـیان پێکهێنابێت کە لە ڕووی بونیاد و ستراکتۆرەوە هاوشیوەی ئەو ڕێبازە سۆفیگەرانە بوون - کە لە دۆکیومێنتەکانی هێڵە ئاینییەکاندا دەبینرێن هاوتەریبی فۆرمەکانی *ســـیلســـیلە* و *ئیســـناد*. بۆ هەردوکیـان، مەککە نـاوەنـدێکی نموونەیی بوو کە دەســـەڵاتی کۆتایی دەگرتە خۆی و هەموو نەوەیەکی نوێ تێیدا بەدوای تەواوکـاریی ڕۆحی و زانســـتیـدا دەگەڕا. هەروەهـا هەردوکیشـیان ناوەندی سانەوییان هەبوو لە بەشـە جیاوازەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا کە تێیدا تەشەکردن و بەرفراوانیی زیاتر چێبووبوو. داگیرکردنی مەککە لە ســـاڵی ١٩٢٤دا لە لایەن ســـعوودیەوە جارێکیتر گۆڕانکاریی ئەم تۆڕانەی لێکەوتەوە و بە شـێوەیەکی تایبەت و بەرچاویش بە ئیندۆنیسـی کردنی تۆڕەکانی *تەریقەت*، بەڵام ئەو پەرەسەندنانە بەدەرن لە بواری ئەم باسە.